# یەکگرتن

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە

ژمارە 12 1990

# یەکگرتن

YEKGIRTIN

کۆڤارێکی رۆشنبیری تیۆرییە

١٢

هاوینی ١٩٩٠

سەرنووسەر

هەڵکەوت عەبدوڵا

بەرپرسیاری ئەدەب و هونەر

فەرهاد پیربال

دەستەی بەڕێوەبردن

ا.ی توانا

رزگار ئاوارە

ئەنجام محەمەد

بنکەی رۆشنبیری یەکگرتن بلاوی دەکاتەوە

هەواڵنامەی کتێب

# ناواخن


* سەرنووسەر :
نوێکردنەوە یاخود ....؟! ٧

* یەکگرتن :
داواکارییەك لە کەسایەتیە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات ١٥

* نەجمەددین کەریم :
گۆڕانکاری ـ بەڵێ ، بەڵام چۆن و بەرەو کوێ؟ ٣١

* کاکە رەش :
بیری نوێ یاخود بیری باوەخوێکردنەوە ؟ ٤١

* فازیل کەریم ئەحمەد :
شۆڕشێکی مێژووکرد یا هەڵەیەکی مێژوویی؟ ٧٠

* یەکگرتن :
دیدارێك لە ئەڵمانیا ٨٧

* ئازاد حەمە :
خوێندنەوەی تێکست ١١١

* گۆران :
بەڵێ بۆ ئاخافتنی دیموکراتی ١٢١

* پێشەوا تالەبانی :
دوو بەڵگەنامەی مێژوویی ١٢٨

* ساسان شایستە :
سەلمانی روشدی ، گۆڕانکارییەك لە ناسیۆنالیزمەوە
بەرەو کۆزمۆپۆلیتی . ١٣٤

* یەکگرتن :
گفتوگۆیەك لەگەڵ : Ebbe Kløverdal Reich ١٥٠


نەخشەکێشانی بەرگی ئەم ژمارەیە : رزگار عەبدوڵا .

هەوالنامەی کتێب

# یەکگرتن


ئەدەب و هونەر :

باگەواز ١٦٧

* ڕێبوار سیوەیلی :

" ئارمانی و چنگال "... ١٦٩

* فەرهاد پیرباڵ :

لێکۆڵینەوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان لەبارەی گەلی کورد ١٨٣

* ڕەمزا حەمە فەرەج :

کتێب سووتاندن ١٨٩

* ئەحمەدی مەلا :

هەنگاو بەرەو جووڵە، هەنگاو بەرەو مەرگ (شیعر) ٢٠٠

* گۆران بابە عەلی :

ئاوانێك ( چیرۆك ) ٢٠٦

* غسان کنفانی :

وانەیەك لەغەززەوە ( چیرۆك ) ٢٠٩

* لیو لیۆنی :

هوشیار ( چیرۆك ) ٢١٤

* ئاسۆس قادر :

مندالی کورد و فەرهەنگی کورد ( کتێب ) ٢١٨

* زەمینەبی شەمزینی :

گۆڤاری " Orient Moderno " ٢٢٠

* هەڵکەوت عبدولا :

مالقە : هونەرمەندێکی کورد و ناوێکی هونەری جیهان ٢٢٣

* ئاوات هەورامی :

گفتوگۆیەك لەگەڵ هونەرمەند قاری زادە ٢٤٠


بابەتەکانی بلاودەکرێنەوە دەربڕی بیروڕای نووسەرەکانیانن و مەرج نیە لەگەڵ ڕێبازی گۆڤار و بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن‌دا جووت بن

هەواڵنامەی کتێب

# بۆ نووسەر و ڕۆشنبیرەکانی کوردستان

* "یەکگرتن" گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سێیە، دامەزراوە بۆ هاندانی لێکۆڵینەوەی ڕاستی دەربارەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی کێشەکانی کوردەواری و ناساندنی فکری هاوچەرخی جیهانی بە ڕۆشنبیرەکانی گەلەکەمان.

* "یەکگرتن" بەشداری لە سەرجەمی هەموو نووسەر و ڕۆشنبیرێک دەکات و زیاتر بایەخ بەو بابەتانە دەدات کەلە مەسەلە ناسەرەکییەکانی ناسەت یەکێتییەکەی کوردەواری دەکۆڵنەوە.

* "یەکگرتن" جگە لەو بابەتانەی بەناوی خۆیەوە بڵاویان دەکاتەوە، بەرپرسیار نییە بەرامبەر هیچ وبیار و بابەتێکی تر، بڵاوبوونەوەی هەموو بابەتێک گرێدراوە بە ناوەڕۆکی بابەتەکە و سوودی مەرجەکانی بڵاوکردنەوەوە.

* "یەکگرتن" ئاواتەخوازە لەکاتی ناردنی بابەتدا ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێ:

• ژمارەی وبیار (٢٤٠٠ - ٤٠٠٠) وشە بێت و قەبارەی لێکۆڵینەوەش (٤٥٠٠ - ٧٠٠٠) وشەبێ.

• سەرچاوە و پەراوێزەکان بەشێوەیەکی زانستی و ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە دیاری بکرێن و لەکۆتایی بابەتەکەدا و سەربەخۆ بنووسرێنەوە:
ناوی نووسەر، ناونیشانی سەرچاوە، شوێنی چاپکردن، شوێن و کاتی چاپکردن، لاپەڕە.

• لەکاتی ناردنی بابەتێکی وەرگێڕدراودا وێنەیەکی دەقەکە ڕەوانە بکرێت لەگەڵیدا. لەڕووەوە بایەخی زیاتر بەو بابەتانە دەدرێ کە لەزمانی یەکەمەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی.

• ئەبێ بابەتەکە بەدەستنووسێکی ڕوون و ئاشکرا بنووسرێت و ماوەی نێوان دێڕەکان زۆر بێ بۆ تێبینییەکانی چاپکردن و مۆنتاژ.

• لەماوەی دوو مانگدا ئەبێ گەیشتنی بابەتەکە وەڵامی نووسەر دەدرێتەوە و لەکاتی بڵاونەبوونەوەیدا بابەتەکە ناگێڕدرێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

* "یەکگرتن" ئاواتەخوازە لەڕێگەی یەکێک لەم دوو ناونیشانەوە پەیوەندی بکەن و نرخی ژمارەکانیش بەشێک یان ناوەی سەحاف ڕەوانە بکرێت:

YEKGIRTI
P.O BOX ( 227 )
1502 Kobh. V
DANMARK

YEKGIRTIN
P.A 1080 Wien
Postfach ( 68 )
AUSTRIA

نرخی (٣٠) کرۆنە جگە لەباری پۆست

هەواڵنامەی کتێب

# سەرنووسەر

## نوێکردنەوە یاخود ...؟!

هەموو سەردەمێکی مێژووی مرۆڤایەتی ، ڕۆژگاری بەرەنگاربوونەوە و گۆڕانکاری نوێیە . ئەمە ڕاستییەکە کە مرۆڤ هیچ کاتێك ناتوانێ لێی هەڵبێ ، هەرچەند خوازیاری ئارامگرتنی بەردەوام بێت . چونکە ئێمە لەسەر گۆی زەوییەك ژیان بەسەر دەبەین کە خێرایی گۆڕانکارییەکان : گۆڕانی مرۆڤ ، کۆمەڵ ، بیر ... لەبەروەسەندن دایە . ئەو گۆڕانکاریانەی ناکرێ خۆیان لێ گێلبکرێ یاخود ڕوویان لێ وەربگێڕدرێ و ڕێگەیان لێ بگیردرێ ، بەڵکو دەبێ وزە و توانای زۆر و تێڕوانینی هەمەلایەن بۆ دیاریکردنی سروشت و ڕێڕەو و ئاسۆیان بەدەست بهێنرێت و لە خزمەتی پێداویستییە بنچینەییەکانی مرۆڤایەتیدا بخرێنەگەر . ئەمەش پێویستی بەوەیە بایەخ بە توانا بەدەستەوەکان بدرێ ، مشتومڕی زانستی ڕێك بخرێ ، شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی قووڵ و جیدی لەبری تیۆریزەکردنی ڕواڵەتیانەی باو و دۆگماتیستانە دابنرێ .

ئەمڕۆ جیهان بەسەردەمی گۆڕانکارییەکی گەورەدا تێپەردەبێ ، کە گرانە پێش وەخت دەستنیشانی تەواوەتی سروشت و ئاسۆکەی بکرێ ، بەڵام دەشێ بگوترێ گۆڕانکارییەکی بنەماییانەی هەمەلایەتی بەپەلەیە . پیرۆیسترویکا ( سەرلەنوێ ئاڤاکردنەوە ) کەی گۆرباتچۆف و کاریگەریی لەسەر باری ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت و " سیستەمی سۆسیالیستی " و دەرئەنجامەکانی : دەرکەوتنی ڕاستییەکانی نێو یەکێتی سۆڤیەت و ووردوخاش بوونی یەکەری ناوەندی بزووتنەوەی " کۆمۆنیستی " جیهان کە دەمێکە شوێن پێی هەڵگیردرێ

و نموونەکەی دووبارە بکرێتەوە ، دارمانی رژێمە " دیموکراتیە گەلیەکان "ی ئەورووپای خۆرهەلات و سەنگەری پێشەوەی " سیستەمی سۆسیالیستی " بەرامبەر سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و هاتنەسەرکاری رژێمی سەرمایەداری لەزۆربەیان‌دا ، سەرهەلدانی تێزی " پێکەوە ژیانی سیستەمی کۆمەلایەتی جیاواز لەسەر (باپۆری) جیهان و رێگەگرتن لە جەنگی ئەتۆمی و نقومبوونی هەموو لایەك " ، گۆرانی تەرازووی هێزەکان و تەوەرە سیاسی و ئابووری و سەربازی‌یەکان لەسەر ئاستی جیهان ... هەموو دنیایان هەژاند و گێژاوێکی قوولیان لەسەر رووی زەوی‌خستۆتەوە و کۆمەلێك گۆرانکاری هەمە جۆریان لەبوارە جیاوازەکان‌دا و لەبەر ئاستی ناوچەیی و هەرێمایەتی و جیهانی هێناوەتە ئاراوە. لە ئەنجامی ئەوەش کۆمەلێك چەمك و تێزی جۆراوجۆری " نوێ " سەریان هەلداوە و خۆیان بەسەر زۆربەی کۆمەلاکانی جیهان‌دا سەپاندووە ، لەوانە : " مایەپووچ بوونی سۆسیالیزم پیربوون یان مردنی مارکسیزم " ، " سەرلەنوێ ئاقاکردنەوەی ئابووری " ، "بیاچوونەوە و نوێکردنەوەی مارکسیزم و بزووتنەوەی شۆرشگێری " ، " خاوکردنەوەی ناوچە گرژەکانی دنیا و پاراستنی مافی مرۆڤ و پتەوکردنی دەسەلاتی دەزگا نێونەتەوەییەکان " ، " دێرینی سەرمایەداری و حەتمیەتی بالادەستی وەك سیستەمێك لەجیهان‌دا " ...هتد .

کوردستان شوێنێکی دوورە دەست و دوورگەیەکی ئارام و لەجیهان دابراو نی‌یە ، هەموو ئەو گۆرانکارییانەی سەرەوە کار لەویش دەکەن .ئەو پرسیارانەی ئەمرۆ دەربارەی سروشتەکانی سەردەم و داهاتووی مرۆڤایەتی دەردەبردرێن ، رووبەرووی کوردیش بوونەتەوە و پێویستە ئەویش بیرورایان لەسەر دەربرێت . هەروەها ئەو چەمك و تێزە جۆراوجۆرانەی سەریان هەلداوە ، کاریگەرییان لەسەر ئەویش هەیە و گرنگە لەئاستیان‌دا هەلوەستەیکات.

بەم پێیە ، ئەمرۆ مشتومری زانستی و هەمەلایەن و بەکۆمەل لەسەر ئەو مەسەلانە ، ئەرکێکی مەزن و پێداویستی‌یەکی گرنگە ، بەلام بەداخەوە ، لەبەر نەبوونی ئەتمۆسفیری دیموکراتیانە و نەریت یان فۆرم بۆ دەربرینی بیر و هەلوێست و نەبوونی ویستی‌تێگەیشتن لەوی دی و گفتوگۆکردن لەگەلی‌دا ، لەبەر خۆبەستنەوە بەتێروانینی پێش وەخت یاخود بروایەکی بالادەستەوە کە راستی - هەموو راستی - لەلای خۆی دەبینی ، هێشتا ئەو مشتومرە بەرپانەکراوە . ئەوەی هەتا ئەمرۆ لەرێگەی چەند ووتارێکەوە و لەسەنگەری جیاوازەوە دەربردراون ، چەند تێروانینێکی یەکلابینانەیە لە گۆشەنیگای ئایدیۆلۆژیای باو و باوەری بەسەرچووەوە خراونەتە روو ، بۆ زیندە بەچالکردنی راستی‌یەکان یان بەهانە هێنانەوە بۆ هەلە و تاوانەکان یاخود نقومکردنی واقیع لەدەریای برگماتیزم‌دا .ئەوەی شایانی باسە ، پێویستە لەکاتی بەرپابوونی ئەو مشتومرەدا ، رەچاوی ئەوە بکرێ کە مشتومر - هەر مشتومرێك - دەبێ خاوەنی ئامانجێکی دیاریکراو بێ ، لەنێوان چەند

لابەنێك دا بێ کە خاوەنی بیر و چالاکی خۆیانن ، لەسەر بنچینەی ئازادی و یەکسانی و بەرابەری بچێتە ڕێوە ، دەربارەی ئەو پرسیارە بنچینەییانە بێت کە وست و داخوازییە سەرەکییەکانی قۆناخ دەردەبڕن . چونکە ئەگەر وا نەبێ ، ئەوا مشتومڕکە ( لەباشترین باردا ) لە کەمەیەکی فیکری و گفتوگۆیەکی نەزۆك زیاتر هیچی تر نابێ و ، باری شڵەژانی باو ئاڵۆزتر دەکات و لەوانەیشە ببێتە هۆی زاڵکردنی ئەو پرسیارە جەوت و ساختانەی بارودۆخی سەرلێشێواوی بەسەر بیر و واقیعی کورددا زاڵ دەکەن .

مەبەستمان لەم ووتارە ئەوەنی‌یە بیروڕا لەسەر هەموو ئەو گۆڕانکاری‌یە مەزنانە و حەمك و تیژە جۆراوجۆرانە دەربڕین کە لەوەوبەر هێمامان بۆ کردن ، هەروەها گەرکەمان نی‌یە لەگەڵ ئەو ووتارانەدا بکەوینە گفتوگۆوە کە لەهەندێ گۆڤار و ڕۆژنامەی دوورەوڵاتی‌دا دەرهەق بەو مەسەلانە دەربڕدراون . چونکە ئەوە لەتوانای ووتارێکی وا کورتدا نی‌یە و لێکۆڵینەوەی فراوان و هەمەلایەنی پێویستە . ئەوەی لێرەدا خوازیارین ئەوەیە ڕۆشنایی بخەینەسەر هەندێ‌لەو چەمك و تیژانەی ئەمڕۆ بەسەر بیر و هۆشی کورددا - وەك تاك و ڕێکخراو - زاڵن . لێرەش دا سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە ئێمە گەرەکمان نی‌یە چارەسەر بدەینە دەستەوە و لەو بڕوایەشدا نین هەموو مەسەلەکانمان بەچاکی نکاێ .

• • • •

پیرۆیسترویکا یەکێکە لەو دیاردانەی تاودانەوەی جۆراوجۆری ناکۆکی لەسەر ئاستی جیهان هەبووە و هەژانێکی وەهای دروستکردووە کە کەسێك نی‌یە لەبواری بیر وسیاسەندا کاری‌کردبێ ، پشتگوێی خستبێ و ئاوڕی لێ نەدابێتەوە . هەندێك وای بۆ دەچن ، پیرۆیسترویکا گەڕانەوەیە بۆ ئەو دەستورانەی لینینیزم کە لەسایەی ستالینیزمەوە شێوێنراون و پشتگوێخراون ، وە گەشەپێدانی سۆسیالیزم و چەسپاندنی دیموکراتیەت و تێکشکاندنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەیە کە ڕێگەی بەرەوپێشەوەچوونیان لێ‌گرتووە . هەندێکی تر لەو بڕوایەدان ، پیرۆیسترویکا پاشەکشەکردنە لە هەندێ لەپرنسیپەکانی سۆسیالیزم و ملکەچکردنە بۆهەندێ پرنسیپی سەرمایەداری . هەندێکی تریش پیرۆیسترویکا بە گەڕانەوەی هەنگاو بەهەنگاو و شێبەی بۆ سەرمایەداری لەقەڵەم دەدەن .

ئەم تێڕوانینانە کاریگەریی خۆیان لەسەر ڕۆشنبیر و سیاسی‌یەکانی کوردیش بەجێ هێشتووە . بۆیە دەبینین هەندێك لەوانە ، لەڕوانگەیەکی دۆگماتیستانەوە دەڕواننە پیرۆیسترویکا و بێ قەید و شەرت و تێ‌گەیشتنی قووڵ لەدیاردەکە و هۆ و ئەنجامەکانی ، تووتی ئاسا - وەك پیشەی هەمیشەییان - گووتەکانی گۆرباتچۆف و لایەنگرانی دووبات دەکەنەوە و قۆڵیان لێ‌هەڵماڵیوە بۆ بەرباکردنی پیرۆیسترویکایەکی‌تایبەتی و ریسواکردنی ستالینیزم و " نوێکردنەوە " لەهەموو بوارەکاندا . هەندێکی دی ، لەڕوانگەی بیری‌باوی

هەواڵنامەی کتێب

دژ بە مارکسیزمەوە ، هەوڵدەدەن پیرۆیستروێکا بکەنە ئامرازێك بۆ سەلماندنی " نەزۆکی " کۆمۆنیزم و " مایەپووچی " مارکسیزم و هێنانەوەئارای تێڕوانینە بەسەرچووەکانی خۆیان و لەو رێگەیەوە و لەژێر سێبەری بارودۆخی بێهیوایی و رەش بینیدا دەرفەت بەدەست بهێنن بۆ راپێچکردنی ژمارەیەکی زۆر لەگەڵ خۆیاندا . هەندێکی تریش ، کە خۆیان لە سەنگەری چەپدا دەبیننەوە ، پیرۆیستروێکا بەدەرخەری راستیی یەکێتی سۆڤیەت و " سیستەمی سۆسیالیستی " و سەلمێنەری لادانیان لەمارکسیزم دادەنێن و بەنیشانەی گرانەوەی ئاسۆی خەباتی راستەقینە و شێلگیرانەی کۆمۆنیستەکان و مایەپووچی ریفۆرمیزم لەقەڵەم دەدەن .

بەبڕوای ئێمە ، پیرۆیستروێکا گەشەپێدانێکی چۆنایەتی نییە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی چەندایەتی نێو کۆمەڵگای " سۆسیالیستی " هاتبێتەئاراوە ـ وەك هەندێ بانگاشەی بۆ دەکەن ـ ، بەڵکو بەری تەنگوچەڵەمەیەکی بنەماییانەی هەمەلایەنی ئابووری ، سیاسی ، فەرهەنگی ، نەریتییە کە لەنێو کۆمەڵگای سۆڤیەت دا هەبووە . واتە پیرۆیستروێکا داهێنان نییە ، بەڵکو چارەسەرێکە بۆ دەربازبوون لە کوێرە رێگە . هەروەها پیرۆیستروێکا نوێکردنەوەی مارکسیزم نییە ، چونکە نوێکردنەوە مانای موتوربەکردنی مارکسیزم نییە بە شێوازی هوشیاری لەخۆی دواکەوتووتر ، مانای ئەوەنییە بنچینەکانی بیری مارکس و ئەنگلز و کۆمۆنیزم لەژێر دروشمی " پێداویستییەکان "ی سەردەم و " پاراستن "ی مافی مرۆڤ و داهاتووی جیهاندا بشێوێنرێ و رەت بکرێتەوە ، بەڵکو مانای گێڕانەوەی بایەخە بۆ میتۆدەکەی و رزگارکردنیەتی لەدۆگماتیزم لەرێگەی گێڕانەوەی پەیوەندی نێوان لۆژیکی و مێژوویی ، ئەبستراکت و دیاریکراو، گشتی و تایبەتییەوە ، مانای وازهێنانە لەفۆرمە رەقهەڵاتووەکان و گوێزانەوەی میکانیکیانە و شێواز و رێگای کۆن و بەسەرچووی بیر و هەوڵدانە بۆ کارپێکردنی دیالێکتیکی شۆڕشگێڕانە لەبواری خوێندنەوەی دەق و هەڵسەنگاندنی رووداو و شیکردنەوەی واقیعدا . جگە لەوە ، پیرۆیستروێکا زیندووکردنەوەو چەسپاندنی دیموکراتیەتی سۆسیالیستانە نییە ، چونکە ئەو زیندوکردنەوە و چەسپاندنە بە گەڕانەوە بۆ نێزەکانی بۆرژوازیەت و لاسایی‌کردنەوەی هەنگاوەکانی سەرمایەداری و دەست بەرداربوونی ململانێی چینایەتی مەیسەر ناکرێ ، هەروەها بەهێرش بردنە سەر ستالینیزم بەتەنیا و خۆگێل‌کردن لەئاست مێژووی دوورودرێژی رابوردوودا نایەتەدی .بەڵکو بەپێڕەویکردنی داهێنەرانەی مارکسیزم و دۆزینەوەی شێوازی نوێی رەنگەری باو و واقیعی سەرمایەداری و " سۆسیالیزمی باو " و گێڕانەوەی رۆڵی مێژوویی چینی کرێکار و رزگاربوونی لەهوشیاریی ساختە بەرقەرار دەبێ .

• • • •

"مایەپووچ بوونی سۆسیالیزم و پیربوون یان مردنی مارکسیزم" یەکێکە لەو تێزانەی پاش سەرهەڵدانی پیرۆیسترۆیکا و دەرکەوتنی ئەنجامەکانی لەنێو یەکێتی سۆڤیەت و "سیستەمی سۆسیالیستی"دا هاتۆتە ئاراوە و خۆی بەسەر بیر و هۆشی کەسانێکی زۆری گەلانی دنیادا ( لەوانە کوردیش ) سەپاندووە . هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پێکەوە گرێدانی نموونەکانی "سۆسیالیزمی باو و ئاڤاکراو" و چارەنووسیان لەگەڵ بیری مارکسیزمدا.

بێگومان تاقیکردنەوە نێگەتیڤەکانی ڕوویان داوە و نموونە شێواوەکانی سۆسیالیزم کە خۆیان دەرخستووە ، کاریگەریی خۆیان لەسەر دروستکردنی گومان بەرامبەر چارەنووسی سۆسیالیزم و مارکسیزم هەبووە ، بەڵام پێکەوە بەستنی میکانیکیانە و ساکارانەی ئەو تاقیکردنەوە و نموونانە و تیۆری مارکسیزم ، شێوازێکی پەلاپیتانەی نازانستی مەبەستدارە بۆ شیکردنەوەی دیاردەکان و تێگەیشتنی واقیعی بەرچاو . چونکە ئەگەرچی "سۆسیالیزمی باو و ئاڤاکراو" ، ئەو سۆسیالیزمەی لە ئەنجامی بەڕێوەکردنی هەڵەی کوشندە لە سواری بیر و تیۆریزەکردن و بەکارهێنانی دۆگماتیستانەی میتۆدی مارکس بۆ شیکردنەوەی دیاردە و ڕووداوەکان و دۆزینەوەی یاسا بابەتییەکان و دیاریکردنی فرمانەکان و لە ئەنجامی مامەڵەکردنی خودیی ئیرادەگەرانە لەگەڵ ماتریالیزمی مێژوویی‌دا بنیات نراوە ، مایەپووچ بووە و ئەمڕۆ لەگیانەڵادایە ، بەڵام سۆسیالیزم مایەپووچ نەبووە و تاقە ڕێگەیەکە بۆ لەناوبردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە و ئاڤاکردنی کۆمەڵگایەکی مرۆڤ پەروەرانەی ڕاستەقینە ، نە شکستخواردنی نموونەکانی "سۆسیالیزمی باو" و نەمانی بەرەی لەنێو خەڵکدا و نەهێزیی سەرمایەداری و بەدەستهێنانەوەی دەرفەت لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەتوانایاندا نی‌یە ڕێگە لەڕێڕەوی داهاتووی و بەرقەراربوونی بگرن . هەروەها ئەگەرچی "مارکسیزمی باو" ، ئەو مارکسیزمەی لەڕێگەی لێکۆڵینەوە و دیراسە و بەرنامە و پلانی سیاسی و پراکتیکی هێزە "کۆمۆنیستەکان"ی دنیاوە پێمان گەیشتووە ، لە تەنگوچەڵەمەدایە ، بەڵام مارکسیزم خۆی ئەو ئاسۆ تیۆرییەیە کە ناکرێ لەم ڕۆژگارەدا پشت گوێ بخرێ و زیندەبەچاڵ بکرێ ، ئەو سەرچاوە تیۆری‌یە بنچینەییەیە کە بێ ئەو هیچ کێشەیەکی تیۆری ـ سیاسی خوازیاری ڕزگاری مرۆڤ لەم سەردەمەدا دەرنابڕدرێ و لێک نادرێتەوە ، ئەو بناغە فکرییەیە کە بێ ئەو بیری ئەلتەرناتیڤی ڕەنگەری باو و خولقێنەری نوێ ئاڤانابێ ، ئەو تێڕوانینەیە کە داهێنەرانەترین و جوانترین بەرهەمی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە ، هەر لە بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگلز و لینینەوە بگرە تا دەگاتە ئەوانەی پلیخانۆف ، گرامشی ، لۆکاش ، بلۆخ ، هنری لوفێفر ، ئالتوسێر ، پولانتزاس و ئەوانی دی کە لەسایەی ڕێڕەوی داخراو و سکۆلاستیکی‌یەوە بە ڕیڤیزیۆنیست وئۆپۆرتۆنیست تاوانبار دەکران .

ئەمە بەو مانایە نی‌یە کاملّی و ڕەهایی مارکسیزم بسەلمێنین ، چونکە مارکسیزم باوەڕێکی تەواو و ئەنجامدراو نی‌یە و شان بەشانی گەشەکردنی واقیع و زانستە جۆربەجۆرەکان گەشەدەکات و دەوڵەمەند دەبێت و گۆڕانی بەسەردا دێت . چەمکی کاملّی و ڕەهاش بەمارکسیزم نامۆن و لەڕێگەی ڕێبازی دۆگماتیستی‌یەوە بەسەر مارکسیزمدا سەپێنراون .

• • • •

• پیاچوونەوە و نوێکردنەوەی مارکسیزم " یش تێزێکی ترە کە باش هاتنەئاراوەی پیرۆیسترویکا و دەرکەوتنی ئەنجامەکانی سەری‌هەڵداوەتەوە و لەسەنگەری جۆربەجۆرەوە دەردەبڕدرێ بۆ گەشەپێدانی مارکسیزم یاخود شێواندن و دەستەمۆکردنی گیانە شۆڕشگێڕی‌یەکی . بۆیە بەپێویستی دەزانین ئەم چەند تێبینی‌یەی لەسەر دەربڕین :

• نوێکردنەوەی مارکسیزم لەدایکبووی دەستی پیرۆیسترویکا نی‌یە ، بەڵکو سروشتێکی تایبەتی مارکسیزم خۆیەتی و لەدوو بنچینەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ : یەکەم/ هەموو بیرێك ڕەنگدانەوەی واقیعێکی دیاریکراوە و بیناییەکی فکری نی‌یە لەسەر بۆشایی وەستابێ و ڕەگەکانی لەناخی ئەو واقیعەدایە کە تیایدا دەڕوێ . دووەم/ واقیع لەگۆڕانی هەمیشەیی‌دایە و گۆڕانکاری یاسای ژیانە لەجیهانی سروشت و مرۆڤ دا . بەپێی ئەم دوو بنچینەیە ، یەکێك لە سروشتە تایبەتیەکانی مارکسیزم بریتی‌یە لە پێداویستی پیاچوونەوە و گۆڕانکاری و گەشەپێدان . ڕەتکردنەوەی ئەم ڕاستی‌یە مانای ئەوەیە گۆڕانکاری واقیع فەرامۆش بکرێ یاخو کاملّی و تەواوی تیۆرێك بسەپێنرێ .

• گرنگترین شت کە مارکسیزم ـ وەك فەلسەفەیەك ـ جیاکارە دەکات ئەوەیە کەتیۆرێکی هەمەلایەنی گەشەکردووە ، پرۆژەیەکی گشتی‌یە کە هێزەکانی گۆڕینی بنەڕەتی لەسەر ئاستی جیهان لەباوەش دەگرێ ، بە ئامانجی گەیشتن بە داهاتوویەکی چاکتر بۆ مرۆڤایەتی . بەو جۆرە هەر بیرێك کێشەکانی لەئارادابوون پشتگوێ خستبێ یان بێ‌توانابووبێ لەئاست شیکردنەوەی واقیع و پێشکەشکردنی چارەسەری گونجاودا ، پەیوەندی بە مارکسیزمەوە نی‌یە . هەروەها ئەو بیرەی تەنیا خۆی بەدەقە ووشکەکانی مارکسیزمەوە بەستۆتەوە وهەوڵی نوێکردنەوە و دەوڵەمەندکردن و سوود وەرگرتن لەدەستکەوتە زانستی‌یەکانی سەردەم و گۆڕانکاری‌یە بنەمایی‌یە خێراکانی نەدابێ ، زیانی بە مارکسیزم گەیاندووە و زیاتر ئامراز بووە بۆ هێشتنەوەی باو نەك هێنانەئاراوەی نوێ .

• پێویستی‌ی نوێکردنەوە و گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردنی مارکسیزم تەنیا لەسەر ئەوە نی‌یە کە ناتەبایی و نامۆیی لەنێوان پراکتیك و تافکردنەوەکان‌دا هەبوون ، بەڵکو لەسەر

هەواڵنامەی کتێب

سروشتی زمان و ئەو مەسەلە نوێیانەیە کە دێنەئاراوە . لێرەشدا نوێکردنەوە نەبـــا ڕەتکردنەوەی بیر و فۆرم و سەرەنجامە بەسەرچووەکان نییە ، بەڵکو هێنانەکایـــەوەی ئەڵتەرناتیفی نوێیە . هەروەها نوێکردنەوە مانای تووڕدانی بنچینە گشتییەکانی مارکسیزم و تێکەڵکردنی بیری نامۆتیپیاتی نییە ، بەڵکو گێڕانەوەی ڕۆحی زیندوو و دیالێکتیکـــی شۆڕشگێڕانەیە .

* نوێکردنەوەی مارکسیزم لەگۆشەنیگای بۆرژوازیەتەوە و بە ئامرازی " مارکسیزمی باو " و ستوارەکانی ڕابوردوو و مێشکی کۆن : مێشکێ کە لەژێر کاریگەری کوێیکردن و گوێڕانەوەو نەقلی بیرکردنەوە و چاوەڕوانی ئەوی دی و تەلیسمی ئایدیالیزمدا بووە، ئەنجام نادرێو پێویستی بە داهێنانە ، ئەو داهێنانەی لە گۆشەنیگای چینی کرێکارەوەیە و بـــەری ئەندێشەیەکی ئازادانە و مێشکێکی کراوە و ویستێکی شۆڕشگێڕانەی ڕەتکەرە .

* نوێکردنەوە کاتێک جێی خۆی دەگرێ ، کە مارکسیزم لەڕەگە مێژووییەکەی قوتـــار نەکرێت ، واتە تایبەتێتی جێبەجێکردنی هەبێ . چونکە پیڕەوی نەکردنی ئەم پرنسیپـــە وای کردووە مارکسیزم ببێتە بیرێکی هاوردەو ( مستورد ) نەك بەرهەمهێنراو، گوێـــزراوە نەك هەڵهێنجراو .

* * * *

* نوێکردنەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی " تیۆرێکی ترە کە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بیـــری پێرۆستڕۆیکادا خۆی دەرخستووە و سەرنجی ژمارەیەکی زۆر ڕۆشنبیر و سیاسیی گەلانـــی دنیای ( بەتایبەتی گەلانی " جیهانی سێیەم " ) بۆلای خۆی ڕاکێشاوە . بۆیـــە دەبینین لێرە و لەوێ بانگەوازی نوێکردنەوەی تیۆری شۆڕشگێڕی و هێنانەئاراوەی "تیۆرێکی شۆڕشگێڕی نوێی تێکهاتوو لەسەری هەموو لایەنەکان" و نوێکردنەوەی زمانی ڕێکخراوەیی تـــا ڕادەی ناو گۆڕین و دەستکاریکردنی دەستوور و ڕەتکردنەوەی ئەم یان ئەو پرنسیـــپ و نوێکردنەوەی شێوەی خەبات و ئامرازەکانی تێکۆشان بەرزبۆتـــەوە . هەروەها دەبینیـــن داخوازی خۆنوێکردنەوە لەلایەن چەپ و ڕاست ، نوێخواز و کۆنپارێز ، مەتریالیســـت و ئایدیالیست و بەجۆرێك کە هەندێ جار سنوورە جیاکەرەوەکانیش تیادەچن ، دەردەبڕدرێ بۆ دەربازبوون لە تەنگوچەڵەمە و خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەمدا .

ئەم تێزە کاریگەریی لەسەر هێزەکانی کوردستانیش هەبووە و داواکاری نوێکردنـەوە لە نێو ئەندام و لایەنگرەکانیاندا بەرزبۆتەوە و بانگەوازی پێداچوونەوە لەنێو خەڵکـــدا بڵاوبۆتەوە . هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دیاردەی دابڕانی هێزەکان و بنچینـــە فکرییەکانیان لەلایەك و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لەلایەکی ترەوە ، گەیشتۆتە دوا پلەی خۆی. واتە کۆمەڵێك چەمك و بیر کە بزووتنەوەی سیاســی دەریبڕیبوون لەگەڵ ئەو ڕۆڵـــەی هێزەکان بۆ خۆیان دیاریکردبوو ، کەوتووەتە دەرەوەی سنووری ململانێی واقیعیـــەوە و

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژگار جێی‌هێشتوون ، لەئەنجامی ئەوەش هێزەکان گۆشەگیر و پەراوێزگیر بوون و جەماوەر باوەڕی پێیان نەماوە .

تەنگوچەڵەمە سیاسەی جیاکارەی بارودۆخی کۆمەڵگای کوردە ، ئەو تەنگوچەڵەمەیەی هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، ڕۆشنبیریی ، ڕۆحی گرتۆتەوە . ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بۆرژوازیەت بەهەموو توێژەکانی‌یەوە و لەبەر هۆی بابەتی و خۆیی بێتوانابووە لەئاست ڕابەرایەتیکردنی بزووتنەوەکەدا و ئەڵتەرناتیڤیش لەبەر هۆی تایبەتی نەهاتۆتەئاراوە بۆ دەربازکردنی بزووتنەوەکە لەتەنگوچەڵەمە . ئەوەی شایانی باسە، ئەمڕۆ چارەسەرکردنی ئەو تەنگوچەڵەمە بنەمایی‌یە پێویستی بەبڕینی شۆڕشگێڕانەی واقیع هەیە ، ئەو بڕینەش بە لەدایکبوونی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی نوێ ، بزووتنەوەیەك کە ئامانجی تەنیا گۆڕینی دام و دەزگای سیاسی و ئایدیۆلۆژی کۆن نی‌یە و خوازیاری گۆڕینی مرۆڤی کوردیشە لەمووڵایی‌دا ، مەیسەر دەبی ، نەك بە خستنەڕووی چەمکی نوێ و بەرزکردنەوەی دروشمی نوێخوازی و گۆڕینی ناوی هێزەکان و دەستکاریکردنی بەرنامە و سەروژوورکردنی شێوەکانی خەبات و ڕەخنەگرتنی شەرمنانە . هەروەها بە ڕابەرایەتیەك دابین دەبێ کە خاوەنی بەرنامە و شێوەی بیکردنەوە و تێکۆشانی نوێ‌یە ، نەك هەمان سەرکردایەتی کە لەگەڵ سروشت و ناوەڕۆکی بزووتنەوەکەدا ناکۆك و ناتەبایە و خولقێنەری تەنگوچەڵەمەکەیە .

بێگومان کەس ناتوانێ پێش وەخت بزانێ ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕیە نوێیە چۆن دەبێ ، بەڵام ئاشکرایە کە لەسەر بۆشایی ڕاناوەستێ و سوود لەتاقیکردنەوەکانی پێشوو و سەرەنجام و دەستکەوت و زیانەکانیان وەردەگرێ و بەهوشیاری‌یەکی ڕەخنەگرانەوە ، کە ئامانجی شیتەڵکردنەوەی چەمك و تێڕوانین و نەریت و پراکتیکەکانی ناو کۆمەڵە بەپێی لێکدانەوەی زانستی ، مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و لەئاستیاندا هەڵوەستە دەکات بۆ دیاریکردنی‌ئەوەی پێویستە وەربگیردرێ و ئەوەی دەبێ ڕەت بکرێتەوە و تووڕبدرێ . لێرەشدا نابێ هیچ قۆناخ و لایەن و کەسێك فەرامۆش بکرێ ، چونکە مەبەستی ئەو کارە بریندارکردن یان تاوانبارکردن نی‌یە ، بەڵکو دۆزینەوەی فاکتەری بزوێنەر و گەشەپێدەری ماددی و بیرە .

ئەم کارە مەزنە ، پێویستی بە مشتومڕێکی هەمەلایەن و بەکۆمەڵی هەموو لایەك هەیە ، بەتایبەتی ئەوانەی چاوەڕوانی ڕۆڵی کاریگەریان لێدەکرێ لەو بزووتنەوەیەدا . پێویستی بە ڕۆشنبیرێك هەیە کە بازرگانی بەووشەوە نەکات و زانیاری کەڵەکە نەکات و باو نەچەسپێنێ و لە بورجی عاجی‌دا دانەنیشێ و سەرچل بێ و باو بەهەزێنێ و لەگەڵیدا بکەوێتە زۆرانبازی و ململانێ‌وە و تێکەڵ بەبزووتنەوەی خۆبەخۆی جەماوەر بێ و ڕۆڵی تێدا ببینێ . پێویستی بەدژە نووسین هەیە ، ئەو نووسینەی قەدەغەکراو دەردەبڕێ و قفڵی زیندانەکان دەشکێنێ و ڕاستگۆیی و قووڵی لەناخی‌دا دەبزوێ ، واتە نووسینی بنەڕەتی و گۆڕان هێنەر .

# داواکارییەک

# لە کەسایەتییە کوردییەکانی

# دەرەوەی وڵات

ژمارە (١٢)ی گۆڤاری* "بەگژڕن" کاتێک بڵاودەبێتەوە ، کەهێشتا سێ مانگ بەسەر کێشەی ناوچەی کەنداودا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تێپەڕیەبووە . گومانی تێدا نیە ئەم کێشەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە چارەنووسی خەباتی گەلی کوردەوە هەیە و کاریگەرێتی خۆی لەسەری دەبێت .

لەلایەکی دیکەشەوە ، ئامادەبوونی هێزە گەورەکانی جیهان و ڕاوەستانیان لە بەرامبەر بزووتنەوەی ئاینی و ناسیۆنالیستی عەرەب و ناوچەکە ، کە ئەمڕۆ دیکتاتۆری عیراق دەیەوێ بە تەعبیرکردن لێی ، ڕووخساری فاشیستانەی خۆی بشارێتەوە . هەروەها ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەو ناوچەیە و جیهاندا لە ئەنجامی ئەو کێشەیە چاوەڕوانیان دەکرێ ، جێگەی دەربڕینی چەندین پرسیار و گفتوگۆ لەسەرکردنیانە .. لەم بوارەدا ، گۆڤاری "بەگژڕن" خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت را و سەرنجی ئێوە لەسەر ئەو کێشەیە و ئەنجامەکانی بڵاوبکاتەوە . کەماوەیەکی زۆر بەسەر بەخشینەوەکەدا تێپەڕ نەبووە .

دەمێ ئەوەش بگوترێ کە ئەم داواکارییە بۆ ژمارەیەکی زۆری نووسەر و کەسایەتییە کوردییەکانی دوورەوڵاتی ڕەوانەکراوە ، بۆ ئەوەی بەشداریکردنی هەموولایەک لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و شیکردنەوەی کێشەکاندا هەبێ .

ئەوە دەقی ئەو نامەیەیە کە لەگەڵ چەند تێبینییەکی تردا بۆ ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و کەسایەتییە کوردییەکانی دوورەوڵاتی ڕەوانەکراوە . ئەوانەی لای خوارەوە ئەو وەڵامانەن کەتا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم ژمارەیە بەدەستمان گەیشتوون . ئەوەی شایانی باسە هەندێ نووسەر داوای لێبوردنیان کردووە بۆ نەناردنی وەڵامی ئەو نامەیە .

* ڕیزکردنی ناوەکانی ئەم داواکارییە لەسەر بنچینەی گەیشتنی وەڵامەکانە .

# جەنگی گێژاوی ئابووری و کێشەی کورد

پشکۆ

هێشتا ئاگربەسی پڕکارەسات ترین جەنگی ئەم چەرخە " پاش هەردوو جەنگە جیهانییەکە " ، دوو ساڵی پڕنەکردبوویەوە ، جارێکی دیش جیهان لەدەنگی تەپڵ د شەیپوری لەشکری فاشیەکانی عیراق ڕاچەنی و لەناست هەواڵی باوەڕنەکردەنی پەلامار د هەڵمەقووت کردنی کوێت ، ئەبڵەق بوو !

جەنگی هەشت ساڵ خاپەنی عیراق ـ ئێران و ئاکامەکەی ، گێژاو " کریس " یکی ئابووری ، سیاسی ، کۆمەلایەتی قوڵ و دژواری وەهای بۆ ڕژێمی عیراق هێنابە پێشێ ، ڕژێم لەماوەی نزیکەی دوو ساڵی سیاسەتی نەجەنگ؛ نە ئاشتی دا ، نەك هەر نەیتوانی لە گەوەی ئاستەنگی ئەم تەنگوچەڵەمیە تەکان بخوات و دەرووبەکی ئابووری ـ سیاسی لە خۆی بکاتەوە ، بگرە تەواوی نەخشە و پلانە ئابووری و سیاسی یەکانی ناوەوە و دەرەوەسی لەمەڕ چارەسەرکردنی ئەم کێشە چارەنووس سازە ، شکستی هێنا ... زنجیری تەنگ؛ و چەڵەمەکەشی لە گەردنی سەرانی ڕژێم و داو و دەزگاکانی دا ، تەسك و تەسك تر بوویەوە و مۆتەکە ئاسا سواری کۆڵی تەختەکەیان بووە .

ئەگەر چەمکە تەقلیدییەکەی جەنگ؛ ، درێژەپێدانی سیاسەت بێت بە شێوازی زەبر و زەنگ؛ و خوێناوی ... ئامرازی بەلاداخستنی ئەو ناکۆکی و گرفت و کێشانە بێت کە بە گفتوگۆ و دیبلۆماسیەتی سیاسی نابڕێنەوە ، ئەوا جەنگی عیراق ـ ئێران و عیراق ـ هەموو جیهان ، نوێنەرەوەی حەقیقەتی چەڵەمەکانی ڕژێمێکی فاشیە لەووڵاتێکی سەرمایەداری دواکەوتوو و وابەستەدا و لەسەردەمی پێشکەوتنی لەرادەبەدەری دەبۆی چەك و کەرەستەی جەنگیی جیهانی دا .

جەنگ،و جەنگ؛ خواری دیاردەیەکی دانەبڕاوی ڕژێمە فاشیەکانی جیهان بووە ، ئەمە وێڕای داگیر و تالأنکردنی ووڵاتانی دیکە ئەوا کورزی مەیاندن و پەکاوتنی کێشە و گرفتە ناوەکیەکانیشیانە . هەروا جەنگ؛ بەدرێژایی مێژووی فاشیزم ، دەستاڕی هاڕینی زۆربەی زۆری ڕژێمە فاشیەکانی جیهان بووە .

فاکتەری ئاژووانی بەعس بۆ داگیرکردنی کوێت و شەنەك دانی لەچوارچێوەی سنووری بەئاگر و ئاسن پارێزراوی عیراق دا ، دەکرێ وەها کورت بکرێنەوە :

- قساری بەهێزی کریسە ئابوورییەکە ، مەترسی تەقینەوەی ناکۆکیەکانی نێـــوان
جەماوەر و ڕژێم و هەستانەوەی بزووتنەوەی سۆرسکێری خۆبەخۆی خەڵك کـــە
ڕاستەوخۆ هەڕەشە لەچارەنووسی ڕژێم دەکات .
- مەترسی هەڵتەبردنی تەلاری سیستەمەکە لەنێو خۆیدا .
- هەوڵدان بۆ بەجیهانیکردنی تەنگوچەڵەمەکە و دۆزینەوەی چارەسەرێکی جیهانی .
- حاوکردنەوە و مەیاندنی جاڕی و بێزاری جەماوەری لەژێر باری ئابـــووری
سەرێودا هەراسان ، بەبیانوی دژایەتیکردنی ئەمریکا و پاراستنی وولات .
ئەمە و .... سروشت و ماخ و ئەقلیەتی فاشیانەی شەخسی " سەدام " کە خەون
بە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی عەرەبی زلهێزەوە دەبینێ ، ئیمپراتۆریەتێك لـــە ڕووی
زلهێزەکانی جیهاندا بوەستێت ، سەنگ و هێزی بەرچاوی هەبێت ، نەك هەر حیسابی
لەسەر بکرێت ، بەڵکو حیسابیشی بۆ بکرێت .

ڕوودانی وەها ڕووداوێك لەسەرچاوەی ئاوی ڕەشی گێڕانی ئاشی سەرمایـــەداریی
جیهاندا ، نەك هەر کارکردی نێگێتیڤانە لەسەر ڕەوتی ئابووری جیهان دادەنێـــت ،
بگرە چارەنووسی سیاسی تەواوی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی کەنداو و ئیسرائیلیش وەبـــەر
مەترسی دەنی و تەرازووی هێزەکانی ناوچەکەش دەلەنگێنێ . " ساتێ دەڵێم ڕژێمـــە
کۆنەپەرستەکانی کەنداو ، ئەمە بەو مانایە نیە کە بەعس پێچەوانەکەی وەرگرێت و ڕژێمێکـــی
دژە سەرمایەداری و ئیمپریالیستی بێت . هەڵوێستی تووند و لێبڕاوانەی زلهێزەکانیـــش
دژ بە بەعس ، هەرگیز ناشێ لەوەها ڕوانگەیەکەوە لێی بڕوانرێ . بەڵکو مەسەلەی جـــێ
گۆڕکێی سەرانی ڕژێمەکانی کەنداو ، کێشانی سنوورەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی فراوان و
بەهێز و یەکگرتوو ، لەگەڵ بەرژەوەندی ئێستای ئەواندا ڕێك نایەتەوە " .

## کێشەی کورد و کریسەکە

مەسەلەی کورد ، وەکو بزووتنەوەی میللەتێکی دابەش و داگیرکراوی بێدەوڵەت و
پلیساوەی ژێر بەرداشی ستەمی نەتەوایەتی ، لەمێژووی پڕ هەوراز و نشێوی خۆیـــدا ،
هەمیشە لەنێو بارەی ناکۆکیە ناوچەیی و جیهانیەکاندا گرێ خواردووە و کەم و زۆریـــش
حیسابی بۆ کراوە ، کەمتر کاری لێکردوون و زێتر کارکردی کانی پۆزەتیڤ و چارەنووسازی
نێگێتیڤانەیان لەسەر داناوە .

تەمینەوە و گرگرتنی قەیرانە ئابووری و سیاسیەکانی جیهان و شێوازی بەلادا خستن و
خامۆشکردنیان ، ڕاستەوخۆ چارەنووسی بزووتنەوەکەیان دیاریکردووە . لەمێژەوە تـــا

هەنوکەس ، ئاماری ئەو چارەنووسە دژ بەخواست و ئامانجی بزووتنەوەکە بووە و لەگەڵ بەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکەر و ئیمپریالیزمدا ، جووت هاتووەتەوە .

لەسەرەمای سەرهەڵدانی ئەم کێشەیەی کەداوەوە هەتاکو ئێستا ، خۆش بەختانە بەڵگەیەکی ئاشکرا وەدەرنەکەوتووە کە زلهێزەکان مەیلی وازیکردنی کارتی بزووتنەوەی چەکداری کوردستانیان ، وەك فشار و باڵەپەستۆیەك بۆ سەر رژێمی عیراق ، هەبێت! ئەمەش لەخۆیدا پەیوەندی بەمەوارەی کێشەکە و سیاسەتی نوێی دەوڵەتان و مەترسی باشەرۆژی بزووتنەوەکە بۆ سەر بەرژەوەندی وولاتانی داگیرکەر و ئیمپریالیزمەوە هەیە . هەروەها کریسەکە هاوزای بارودۆخی دژوار و ئاستەنگی بزووتنەوەی کوردە ، واتە سەردەمی نسکۆی بزووتنەوەی چەکداری و نەبزووتنی جوڵانەوەی شۆرشگێڕانەی خۆبەخۆی جەماوەرەوە . ئەمەش بەمانای ئەوە نیە کە سەرئەنجامی بەلاداکەوتنی تەنگوچەڵەمەکە کارکردی خۆی بەهەردوو باردا لەسەر کێشەی کورد دانەنێت . دیارە ئەمیش لەسەر شێوازی چارەسەری کێشەکە و دەرئەنجامەکانی دەوەستێت .

عیراق ، وولاتێکی دەستەمۆ و شۆڵ نیە ، دەوڵەتێکی میلیتاریستی بەهێز حوکمی دەکات ، هەربۆیە رووخاندنی ئەو رژێمە و هەتا گوێبادان و کۆنترۆڵکردنیشی کارێکی سەرپێی و ئاسان نیە ، پەلاماری سەربازی جارێ پلەی یەکەمی ئیحتمالەکانی وەرنەگرتووە ، مانۆڕی دیبلۆماسیانە و تەقەلای چارەسەری ئاشتیانە لەگۆڕێدا هەن . بۆیە بەگشتی دەشێ بگوترێ :

- پەلاماری سەربازی و داگیرکردنی عیراق لەلایەن هێزی سەربازی هاوپەیمانی سەرمایەداریی جیهانیەوە ، تەلاری بەئێسك و پروسك رۆنراوی فاشیەکان دەرمێنێ و کۆتایی بەدەسەلاتی خوێناویان دێنێ .

بەرپابوونی وەها جەنگێکی ترسناك ، سەرووی ئارەزوو و ویستی کۆمەلانی خەڵکی عیراقە و ئاوەزووی خواست و بەرژەوەندییەکانیانە . ئەمە جەنگی چارەسەری کێشەی ئابووری سەرمایەدارییە و ناکرێت چاوەنۆڕی بەرئەنجامی ئیجابی لێبکرێت . ئەم شێوارەی چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکە دەکرێ تەنیا گۆڕانێکی میکانیکیانە بەسەر وەزعی لەنارابووی بزووتنەوەی کورددا بێنێ ، وەلی زۆر گەوجی‌یە گەر پێشبینی هەڵشێلانەوەی سنوورەکان لەم هەل و مەرجە جیهانیەی ئێستادا بکرێت و نوقلانەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە عیراقدا لێبدرێت !. من پێم وایە ئەم جۆرە رووخاندنە ، رووخانێکی نێگێتیڤانەیە و ئاسۆیەکی رووی بۆ بزووتنەوەی کورد تێدا بەدی ناکرێ .

- بەردەوامبوونی ئاش و ماشی سیاسی و گوشینی ئابووری ، دوور نیە ببێتە مایەی تەقینەوەی گڕکانی رك و کینەی جەماوەر و راپەڕینی شۆرشگێڕانەی خەڵك . سانێکیس

هەماوەر کێشەی خۆی لەگەڵ ڕژێمدا یەکلایی بکاتەوە . ئەوەی ئەمە دەمێنێ شۆڕشگێڕیی سنووری ڕووخانی ڕژێم و کارکردی بۆرژوازی لەسەر هەمان ئەوە و هەڵکشانی بزووتنەوەی خەڵکی کورد ، ڕووەو لووتکە دادەمێنێ .

- دۆزینەوەی چارەسەری ماهاوەندی " بەبێ بەبوونی و بەکتاب " . . . لەم حاڵەدا ، ڕژێم بۆ سێو هەماوی گەیوی کێشە ئابووری و سیاسیەکانی دەگەڕێتەوە . . . ، لەگەڵ ئازارانی و بێزاری خەڵك و هەل و مەرجی سەختی گوزەرانیان ڕووبەڕووە ، بێ ڕێبازێکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرچاوی بێ ئەنجام نادرێ .

ئەم چارەسەرە ، کارکردی خێرا لەسەر بزووتنەوەی کورد دادەنێت و چارەنووسی بزووتنەوەکە بەچارەنووسی خەباتی خەڵکی عێراقەوە بۆ ڕووخاندنی ڕژێم ، بەند دەمێنێ . دواجاریش دەبێ بگوترێ کە سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان لە گرەوی گەشەکردنی باری ئابووری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی خودی سلەی کورددایە و بەوەزم و گۆڕینی بەرەوپێشچوونی هەر لەوێدا وەردەگیرێ . لووت زەمەنی ئیمپریالیزم لەناوچەکەدا و جێگۆڕکێی ڕژێمە بۆرژواکانی عەرەب لەعێراق دا . ئەم ئەنجامەی ئێستای بۆ بزووتنەوەکە بەدەستەوەداوە و بۆ داهاتووی لەمە چاکتری بێ ڕەوا نابینن !.

سێپتەمبەری ١٩٩٠

سوێد

## داهاتووی کێشەی کورد پاش گێژاوی خەلیج

### کوردە کەچەڵ

چەند هۆیەکی بنەڕەتی هەن ، کە بەشداری دەکەن ، لەگۆڕانی کێشەیەکی ناوچەیی - وەکو داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە - بۆ کێشەیەکی جیهانی ژمارە یەك ، کە ڕۆژەی ڕوودا و گرنگەکانی بری ئەم دوسایە لەسێ بەپ و ئۆربا بڕوێت . ئەگەر کوێت وڵاتێکی لات و باتی ، ئەسترالیچی ، دابڕاو بووایە - وەکو جیبۆتی - هیچ دەوڵەتێك ئامادە نەدەبوو ، سەری خۆی پێوە بێشێنێ . ئەگەر عێراق مەترسی ئەوەی لێ بکرایە ، باس داگیرکردنی کوێت ، سعودیە و بەحرین و میرنشینەکانی خەلیج ئەمانتەوە و ئەوکەی ٥٠٪ ، بیرۆلی جیهان بەکەوتنە ژێر دەستییەوە و بەمە ئەبێتە هێزێکی ئابووری و سەربازی و سیاسی گەورە ، کە ئەرارووی هێزی جیهانی سەروەن بگۆڕێ . ئەوە هەموو لایەك

گوێی خۆی لێ کەڕ دەکرد و کەس دەنگی نارەزایی دژی ئەو داگیرکردنە هەڵنەدەبڕی . ئەمریکاش جگە لەوەی ناتوانێ ڕێگە بەسەرهەڵدانی هێزێکی نوێ جیهانی بدات ، باس کەمارکەوتنی یەکێتی سۆڤێت . ناتوانێ دەست لە بەرژەوەندیە ئابووری و ستراتیجییە بنەڕەتییەکانی خۆی لەناوچەی خەلیج دا هەڵگرێ . هەروەها دەبێ حیساب بۆ ئەوەش بکرێ کە ئەمریکا لەناوەوە تووشی گێژاوێکی قووڵ هاتووە ، بودجەی ساڵانەی پێویستی بە پڕکردنەوە و ڕاست کردنەوە هەیە . بۆیە ئەم گێژاوەی خەلیج لەچەند ڕووبەکەوە سوودی بۆی هەیە ، بۆ بووژاندنەوەی ژیانی ئابووری و دەربازبوون لە کۆسپ و کەندەلانی ئابووری و سیاسی ئەمجارە . .

گەلی کورد پێویستە هەمیشە ئەم گێژاوەی لەبەر چاو بێت و پەند و ئەزموونی لێ دەربهێنێت . چونکە کوردستان گرنگی جیهانی خۆی هەیە ، بەهۆی بیری پترۆڵ و جێگەی ستراتیجییەوە . . کوردستان بەشێکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، ئەو ناوچەیەی کە نارەزایی سیاسی نەوەی دادەنێ ، ئەگەر شەڕی جیهانی سێیەم هەڵگیرسێ ، لەم ناوچەیەوە دەسەنێوە . پاش دووەم جەنگی جیهانیش لە ئەورووپا ، هیچ شەڕێک هەڵنەگیرساوە و هەمووی بۆ " جیهانی سێیەم " پاڵ نراوە . لەوێ پتر لە ( ١٧٠ ) جەنگ بەرپابووە و نزیکەی سێیەکی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووی داوە .

هێزی سیاسی کورد ئەمڕۆ هیچ بایەخێکی نیە ، هەرچەند خاوەن کێشەیەکی سیاسی زۆر گرنگە و پەیوەندی بە ناوچەیەکی یەکجار بایەخدارەوە هەیە . ئەم هێزانە لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە زۆر لاواز و پەرپووتن . بیرکردنەوەیان لەم جیهانە پڕ گۆڕان و نوێکردنەوەیەدا ، هێشتا لەناوەڕاستی پەنجاکان‌دا ڕاوەستاوە و ناتوانێ هیچ سەفلێکی گۆڕان ڕەچاو بکات و لەگەڵ ئەم سەردەمەوە نزیک بێتەوە . ئەمە سەرەڕای ناکۆکی و پەرتەوازەیی و برا نەبوون و نەمانی کۆمەڵانی خەڵک بەم ڕێکخراوانە . ئەم هەل و مەرجە هێزە چەپەکانیش گرتۆتەوە . زۆربەی زۆری ئەوانەی چەپن لە ئیش وکاری حیزبییەوە دوورن و ناتوانن دەنگیان یەک بخەن . ئەو هەوڵانەی کە دەدرێ بۆ یەکگرتنی هێزە چەپەکان تا ئێستا بەرێکی نەبیراوی بووە و هەنگاوی هەست پێ کراو بەرەو ئاسۆی نوێ نەنراوە .

کەوانە هێزە سیاسییەکانی کوردستان چی بکەن باشە ، بۆ ئەوەی ئەم جارەش وەکو جاری جاران پەگورکان خواردوو نەچن و کارەساتی گەورەتریش بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ڕەش و ڕووت سەرلەنوێ نەهێنە ئاراوە ؟

پێش هەموو شتێ پێویستە لە ئەزموونەکانی پێشووی خۆیان پەندێکی ئاسان و پڕ سوود وەرگرن و خۆیان نەکەنە کەوا سووری بەر لەشکر . کەوا سووری ئەوان بۆ بەری ئەم جۆرە

لەشکرەی ئێستا دەست نادات . لەم ڕووەوە هەر هەڵوێستێك وەرگرن ، وەکو جاری جاران سەرەڕەری خۆیان و خەڵکەکە تەواو دەبێت . هەر هێزێك سەوێ لەسەر ناستی سیاسی ئوناخی داهاتوودا ، دەور و سەنگ و فورساسی هەبێت ، دەبێت لەپلەی یەکەمدا بست نەکاری سیاسی ببەستێت و بەرنامەی ڕوون و ئاشکرای خۆی بخاتە ڕوو .

دەبێ ئەو هێزانە ئەو ڕاستیە ڕەچاوبکەن ، کە هێزە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکان ، بەهەر نرخێك بێت ، ڕێگەی ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام دەگرنە بەر بۆ ئەوەی پاکێنکی ناوچەیی ، کۆنەپەرستی ، بەکرێگیراوی پتەو لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێنە دی . بۆیە هەر ڕژێمێکی تر پاش ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام بێتە سەر حوکم ، ڕێگەی نادرێ سۆسیالیستی ، دیموکرات ، پێشکەوتنخواز بێت . ئەو حوکمە حوکمێکی دەسکردی ڕۆژاوایی دەبێ . چونکە بەحەبابات و ڕەنجی خۆی سەددامی لانەبردووە ، بەڵکوو سەددامی بۆ لابراوە و " دیموکراتی " و " سەربەخۆیی " و " ئازادی " بێ بەخشراوە . بۆیە دەبێ ملکەچی ئەوانە بێت ، کە دروستیان کردووە و هێڵی سیاسی و ئابووریان بۆ کێشاوە . ئەم جۆرە ڕژێمە لەناوەوەش ، دەرگای ئازادی و پێشکەوتنخوازی و دیموکراسی بەگوێرەی دڵی خەڵکی ڕەش و ڕووت و چەوساوە ناخاتە سەرپشت . لە پلەی یەکەمدا بست بەهێزە کۆنەپەرستەکان و پاشماوەی ڕژێمی سەددام دەبەستێت ، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بە تەواوی بسەپێنێ . وانە ڕژێمی سەددام وەکو خۆی دەمێنێتەوە و تەنیا لەڕووی دەرەوەوە بە زەرد و سوور بۆیاخ دەکرێ . پاشا فاشیەکان بەتاڵ ناکرێنەوە ، داو و دەرگای داپڵۆسین و سەرکوت کردن هەڵناوەشێنەوە . . هتد ، یا زۆر خوسەی " شۆڕشگێران "ی دژی ڕژێمی فاشیی بدرێ .

هێزە فاشیەکانیش هەروا بەئاسانی دەست لە هێز و توانا و دەسەڵاتی خۆیان هەڵناگرن و ملی خۆیان دەبن چەمۆی هێزە چەپ و شۆڕشگێڕەکان ناهاون . بیست و دوو ساڵە فاشیزم لەعێراندا ڕەگ و ڕیشە دادەکوتێ و هەروا بەئاسانی لەبن دەرنایەت . بەتایبەت ئەگەر ڕژێمێکی نوێ دیموکرات و پێشکەوتنخواز بە " ڕێکەوت " حوکم بگرێتەدەست و ئاڵای لەشۆڕشدنی دوا سەنگەری فاشیەکان بەرزکاتەوە ، ئەوا ئەوان هەروا خێرا خۆیان بەدەستەوە نادەن ، هەر زوو دەبنە دڵسۆزی ڕژێمی نوێ و لەنێو حیزب و ڕێکخراوی جیاجیادا خۆیان دەشارنەوە و هەوڵ دەدەن سەرلەنوێ حوکم بگرنە دەست . ئەم جارەیان بەبێ سەددام .

بەڵام هەندێ لایەنی دڵخۆشکەریش هەیە ، وەکو داماڵخاسکردنی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی و ئەتۆمی عێراق ، سوپای یەك ملیۆنی بە بیر و ڕەوشتی فاشیانە پەروەردەکراو هەڵدەوەشێنەوە ، دەرگاکانی حیزبی بەعس و ئەمن و موخابەرات . . هتد لەسەر یەك

دەترازێ . . ئەمەش بەشێوەیەکی کاتی هەل و مەرجێکی لەبار بۆ هێزە پێشکەوتنخوازەکان دەهێنێتە پێشەوە بۆ درێژەپێدانی خەبات دژی چەوسێنەر و کۆنەپەرست و فاشستەکان . گەلی کوردیش تا رادەیەك مەترسی نوانەوە و لەناوچوونی لەسەر نامێنێ و دەتوانێ برینەکانی خۆی سارێژکاتەوە .

ئەم قۆناخە نابێ بەقۆناخی سەرکەوتنی تەواو ، پشت لێکردنەوە ، خۆخلافاندن دابرێ . بەهەندێ ریفۆرم و دروشمی چاوبەس ، کۆمەلانی خەلك رازی ببن و دەستە وەستان دابنیشن . ئەرکی هێزە شۆرشگێرەکان ئەوەیە ، دوا ئامراز و شێوازی فاشی لە بنەوە هەلتەکێنن . دەستووری هەمیشەیی ( الدستور الدائم ) پێشیل نەکرێ . داو و دەزگای دیموکراسی لەلایەن خەلکەوە بۆ ماوەی دیاریکراو هەلبژێرێت . ئازادی تەواوی رۆژنامەگەری و سەربەستی دەربرین و بیروباوەر . لابردنی قانونی ئیعدامکردن و ئازاردانی مرۆڤ بەهەر هۆیەك بێت . رێگە نەدان بەدروستکردنەوەی دەزگای ئەمن و ئیستخبارات و . . .هتد نەدرێ .

پێویستە شێوەی حوکم لەعێراقدا ئیتر مەرکەزی نەبێ و کونفدرالی و دیموکراسی بێت . دروشمی " دیموکراسی بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان " هەر زۆر لە خوارەوەی داواکاری کۆمەلانی خەلکە و پشت گوێ خستنی مافی گەلی کوردی تێدایە ، بەبێ رەچاوکردنی دیموکراسی بۆ عێراق . ئەم کونفدرالیەش دەبێ دیموکرات و ئازاد و سەربەست بێت و ببێتە یەکەیەکی شۆرشگێرانە بۆ ئازادی و یەکێتی هەموو گەلانی رۆژهەلاتی ناوەراست ، دژی ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپەرستەکان .

## پێوانەیەك بۆ هەلسەنگاندن

رەشاد میران

کێشەی کەنداو ، بەرای من ، لە دوو سەرەوە پەیوەندیی بە کێشەی کوردەوە هەیە . یەکەم / پەیوەندی مێژوویی ، ئەوەش نەك لەبەر ئەوەی بەشێکی کوردستان کەوتۆتە ناو سنووری دەولەتێکەوە کە دەمێکە چاوی بریوەتە کوێت ، بەلکو بەم بۆنەیەشەوە کە بزووتنەوەی کوردی هۆیەکی گرنگی هەلگیرسانی جەنگی عێراق و ئێران بوو و چارەنووسی ئێستەی کوێتیش ئەنجامێکی راستەوخۆی ئەم جەنگەیە . دووەم/ پەیوەندیی بابەتی ، بەهۆی ئەوەی هەردووکیان ، کوێت و بزووتنەوەی کوردی ، شەهیدی دەستی رژێمی بەعدان .

بەلاّم لەگەلّ ئەو پەیوەندییە ، ناڕادەیەك ، بەهێزەوەدا هەموو هەولدانێك بـــۆ نزیك بوونەوە لە کوێتی و بزووتنەوەکەیان بۆ ئەوەی لەدوو لاوە ، لەخوارووو و لەباکوور ، پەسەری بارزانی عیراق گەمارۆ بدەن ، نەك هەر ساکارییە ، بەڵکو تاوانێکی ترسـ دەست بەرامبەر بە کورد .

بەڕای من ، چارەسەرکردنی کێشەی کەنداو ، بەهەر جۆرێك بێت ، بۆ کـورد هیچی وای پیا نابێت و رەنگێ ، لەباشترین حالّدا ، وەی ڕاستەقینە بخرێتە سـەر ئەو ئۆتۆنۆمییەی ئێستە هەیە . ئەوەش نەك هەر لەبەر ئەوەی ولاّتانی زلهێز نایانـەوێ تورکیای ملکەچیان تێکدران بێ ، یان ئێرانی پاخیبوو ووتر بکەنەوە کە خواخوایانــە خۆی لە مەسەلەکە وەربدا ، بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە سەرانی بزووتنەوەی کورد خۆشیان ، جگە لە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە ، پرۆژەیەکی تریان بەدەستەوە نییە . ئەگینا ، ئەگەر سنێکی تر لەئارادا بووایە ، پێش هەموو شتێك دەبوایە لەگەلّ هێزەکانی تری بەرهەڵستکـاری عیراقی گفتوگۆی لەسەر بکەن و پێیان بسەلمێنن . یان هەرنەبێ پرۆژەی ئەم هێزانـــە تێبگەنەوە و هەلّ بسەنگێنن کە ئەوا بەشێتیی خۆیان بۆ فەرمانڕەوایەتی عیراقـی دوای سەددام ئامادە دەکەن * . لەهەمان کاتیشدا ، دەنگ و باسی ئەوە هەیە کە نوێنەرانی بزووتنەوەی کوردی بەولاّتاندا دەگەڕێن و لەگەلّ سەرۆك و لێپرسراوانی ئەم ولاّتانـــەدا گفتوگۆ دەکەن : لەبارەی چییەوە ؟ ڕوون نییە . ئاشکرایە کە هیچ دەولەتێك ، نـــە ئەمەریکا و نەئەوروپاییەکان و نەبانەت لێ‌ئەوماوانی کەنداویش ، ئامادە نییە ســـەبارەت بە ئۆتۆنۆمی قسەبکات ، هەر نەبێ لەبەر ئەوەی ئەمە مەسەلەیەکی ناوەوەی عیراقە و لـــە باشترین حالّدا دلّنیایان دەکەن کە کاتێك ڕژێم گۆڕا ، ئۆتۆنۆمییەکەش دەبێتە ڕاستەقینە . لێرەدا پرسی ئەوە هەیە کە بەتایبەت بۆ ئەم " ئامانجە "ش سەرانی بزووتنەوەی کـوردی بەدەم ئەم ولاّتانەوە بچن و پارەنی و چالاکی پێشکەش بکەن تا فورسایی خۆیان لـــە مەیدانەکەدا بنوێنن ، بەمەشەوە ڕەمیە بۆ کارەساتێکی لە هەڵەبجە گەورەتر بڕەخسێنن .

---

* مەبەستم ئەو پرۆژەیەیە کە دیموکراتەکانی عیراق دەرباکردووە بۆ گفتوگۆ لەسـەر کردن بلاّویان کردۆتەوە " مشروع الوثیقة البرنامجیة للتجمع الدیمقراطي العراقي " . تیایدا تەنیا بەدوو دێر باسی چارەنووسی نەتەوەی کوردیان کردووە . بۆ سیاسەتـــی عەرەبی نو لابەریان برکردۆتەوە و لەتادینیان نەچوویە جەختی ئەوە بکەن کە حەمـات دەکەن " لەپێناو بەکێشی نەتەوەی عەرەبدا و هەروەها بۆ زامنکردنی بەشداریەکـــی چالاکانەی عیراق لەحەماتی نەتەوەی عەرەبدا دژی ... " . تاکو ئێستە نەهاتووە حیزبێکی کوردی ئەمەی هەڵبەکاندێت و گفتوگۆی لەسەر بکات .

ئەوەش جگە لە بەشداریکردنێکی ماڵ وێرانکەرانە شتێکی تر نابێت ، چونکە ، وەکو ئاشکرایە ، یەکێك لە هۆیەگرنگەکانی ئەوەی دەوڵەتان بایەخ بەمەسەلەی کورد نەدەن ـ خودی بزووتنەوەکە خۆیەتی : ئامانجی چییە ، کێن نوێنەرانی ، چۆن بەرەو ئامانجەکەی دەچێت . سەبارەت بەبزووتنەوە و کەم و کورییەکانی ، بێگومان دەوڵەتان شتی وردتر و زۆرتریش دەزانن ، هەر ئەوەندە دەڵێم کە میللەتەکەی خۆی لە ماوەی بیست ساڵدا بە دوو هەرەس و هەڵەبجەیەکدا تێپەڕاندووە . کارەساتەکەش بەمە گەورەتر دەبێت ، ئەگەر سەرنجی ئەوە بدەین کە لەم ماوەیەدا ( ۲۰ ساڵ لەکوتایی سەدەی بیستەمدا )هەمان سەرکردایەتی هەمان ئامانج و هەمان شێوازی خەباتی هەبووە ، هەر ئەوەندەش بەس دەبێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەکە بچێتە ریزی مردووان ـ ئەگینا ، دەکرا لەدوای هەرەسی یەکەم بیر لەشێوازێکی تری خەبات بکرێتەوە ، یان هەر نەبێ دەتوانرا ، بەسوود وەرگرتن لە جەنگی عیراق و ئێران و فورسایی بزووتنەوەی کوردی لەمەیدانەکەدا ، پەرە بە ئامانجەکان بدرێ و بەسەر هێزەکانی بەرهەڵستکاری عیراقیدا بسەپێنرێ ، تاکو ئێستەش بەرەپێدانەکە دەبوو بە واقیعێك ، ئەنجامەکەشی لەخراپترین حاڵدا هەر هەندێ هەڵەبجە گران دەکەوت . بەڵام ئەمە دەبوو بە تریسکەی هیوایەك بۆ نەتەوەکە و هەستی بە زیندوویەتی بزووتنەوەکەی دەکرد .

وا بزانم باشترین پێوانە بۆ چۆنیەتی رەفتاری سەرانی بزووتنەوەی کوردی ئەم بەراوردکردنە دەبێت : کەسانێك نەیانتوانیبێ جەنگی عیراق و ئێران بۆ ئامانجی بزووتنەوەکە بەکاربێنن ، هەرگیز لەئاستی ئەوەدا نابن سوود لەکێشەیەکی جیهانیی ، گەورەتر و ترسناکتر ، وەرگرن .

من لەکاتێکدا باوەڕم بە گۆڕان و گەشەکردن و وەرچەرخان و تەنانەت بە بازهەڵدانیش هەیە ، بەڵام وەکو هەموومان ، ئەوەش دەزانم کە رێباز و شێوە ژیانێکی دیاریکراو و دوور و درێژ قاڵبی جۆرە ئەخلاق و مەراڵ و دەروون و رەفتار و هەڵس و کەوتێکی دیاریکراو دادەرێژێ و لادان لێی ( واتە مردوو زیندووبوونەوە ) گەلێ سەختە .

۱۹۹۰/۱۰/۷

سوێد

## کێشەی کوێت و چەند تێبینییەك

شیروان

دیاریکردنی هۆ و هۆکارەکانی کێشەی کوێت و قووڵبوونەوە بۆ ئاستی قەیرانەکە و

باسی سەرهەڵدانی وەک قەیرانێکی جیهانی ، ڕەوتی مێژوویی و سیاسی- ئابووری کێشەکە و دەرئەنجامەکەی دەخەملێنین . بۆیە لەسەرەتاوە هۆ هۆکارەکان و پەیوەندی نێوانیان دیاری دەکەین :

١- هەرچەندە کێشەی کوێت سەربەخۆییەکی ڕێژەیی لەسەرجەمی کێشەکانی تری ناوچەکە هەیە ، بەڵام ئەو بارودۆخە مێژووییەی دەوڵەتی کوێتی لەفۆرمێکی تایبەتی ڕەوتی مێژوویی ئەو ناوچەیەدا خوڵقاندووە ، ئەنجامی ئەو دابەشکردنە ئیمپریالیستانەیە بوو کە جەنگی جیهانی یەکەم لەگەڵ خۆیدا هێنابوویە ئاراوە ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی قەوارەی سیاسی نەتەوەکانی ناوچەکە و لەپێناو لاوازکردن و تێکشکاندنی سروشتی ڕەوتی مێژوویی گەشەکردن و کامڵبوونی نەتەوەکانی ناوچەکە دا بوو .

٢- دابەشکردنی هێزی ئابووری ئەو نەتەوانە و گەمارۆدانیان لەشێوەی وڵاتانی ناوچەیی و خێڵەکی و چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسی ئەو چین و توێژانەی مێژوو توانای نوێکردنەوەی لێ سەندووەتەوە . بۆیە پێویست دەبێت باسکۆی سیستەمی شێوە بەرهەمهێنانی جیهانی ئەمڕۆ بن . هەروەها هێنانە ئاراوەی باری وابەستەی بەرخۆری لە ئەنجامی موتوربەکردنی شێوە بەرهەمهێنانی فیودالی ئاسیاوی بەشێوە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ، کە سەرمایەی بێگانە ڕۆڵێکی گەورەی تێدا بینیووە ، سروشتی ڕەوتی گەشەکردنی ئابووری ئەو نەتەوانەی تێکشکاند و سەرمایەداریی وابەستەی لەو وڵاتانەدا بەرجەستەکرد .

٣- بە لەبەرچاوگرتنی خاڵی یەکەم و دووەم ، سەرجەم بەگوێرەی ئەگوچەڵەکانی ژێرخان هەمیشە و بەردەوام لەقەیراندا بووە . بۆیە ڕەمزی ناشەرعی لەئاستی ناوخۆدا و جەنگ لەئاستی دەرەوەدا هەمیشە دوو ئامرازبوون بەدەستی ڕژێمەکانی ناوچەکەوە لەپێناو نوێکردنەوەی قەیرانەکانیاندا .

٤- زیاتر قووڵبوونەوەی کریزەکانی ڕژێمی عیراق لەئەنجامی جەنگی عیراق و ئێران و پاشەکشەکردنی هاوپەیمانەکانی لە یارمەتیدانی .

٥- بیری نەتەوەیی عەرەبی پارتی بەعس و ئایدیۆلۆژییە سێکوچکەییەکەی ، کەپێکهاتووە لە : أ) تۆخمە فاشیەکانی بیری نەتەوەیی ئەوروپا و لایەنی وابەستەیی بیری نەتەوەیی بەعس دیاری دەکات . ب) بیری ئایینی ئیسلام ، بەڵام لەڕوانگە نەتەوەییەکەیەوە ، کە لایەنی کۆنەپەرستی بیری بەعس دیاری دەکات . ج) لەسەر بناغەی خوێن و گیانی عەرەبی ، کە لایەنە ڕاسیەکەی بیری بەعس دیاری دەکات . ئەمانەش ڕۆڵێکی گەورەیان لە جەنگی عیراق - ئێراندا بینی .

٦- کەسایەتی خودی سەددام ، کە بەرجەستەکراوی چڕبوونەوەی دەسەڵاتی ( حیزب

و دەوڵەت و دەزگا سەرکوتکەرەکانیتی ) ،وەك کەسایەتیەکی خولقێنەری مێژوو خـــــۆی دەبینێت .

٧- کەڵەکەبوونی چەکێکی زۆر و پێشکەوتوو لای رژێمی عیراقی . لۆجیکی ئەم هێــزە سیاسی و سەربازییە نوێیە ، هێزەکەی پێش خۆی رەت دەکاتەوە ، ئەگینا بەهانە بـــۆ هەبوونی ناهێنرێتەوە . لەم بارودۆخەشدا ، تووڵبوونەوەی کێشەکان بۆ قەیران دەبـــێ لە پێشچاو بگیردرێت .

٨- لە سایکۆلۆژیای تاکی گەلانی عیراقدا ، کوێت بەبەشێکی دانەبراو و مێژوویـــی عیراق دەژمێرێت . ئەمەش باشترین زەمینەیە بۆ مۆبێلکردنی جەماوەر بۆ جەنگ؛

٩- رژێمی کوێت بەگوێرەی هەڵوێستە سیاسی و نەتەوەییەکانی لەسەر ئاستی نیشتمانی عەرەب ، لەجەماوەر دابڕبووە . بۆیە ناڕەزاییەکی ئەوتۆ بەر گوێمان ناکەوێت .ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە لاوازی رژێمی کوێت لەئاستی سەربازیدا .

سەرجەمی ئەم خالانە ، ئەو راستیەمان پێدەڵێن ، کە بەپشتیوانیکردنی هــەرچ لایەنێك لەو دوولایەنە نەیارانەی بەکرێ ، کۆتایی بە قەیرانەکە نایەت ، بەڵکو لەوانەیـــە ئاکامێکی ترسناکتر لەگەڵ خۆی بخولقێنێت .

هەبوونی هێزە ئیمپریالیستیەکان لەو ناوچەیە ، دەشێ لەم سێ خاڵەدا دیــاری بکــەین :

١- پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان ، بەتایبەتی مسۆگەرکردنی سەرچاوەی نەوت وبەکڕا چوونەوەی هەرچ هێزێك ، ج ئەمڕۆ یاخود لەپاشە ڕۆژدا ، هەڕەشە لەبوونی دەسەلاتیان بکات . ئەمە وەکو خالی هاوبەش .

٢- هەبوونی هێزی ئەمریکی بەو چڕی و پڕییە ، ئەیەوێت لەژێر چوارچێـــــوەی قەیرانەکەدا ، ناوچەکە بخاتە ژێر دەسەلاتی ڕاستەوخۆی خۆیەوە ،تا لەم رێگەیـــــەوە بتوانێت گەمە بەهێزی ئابووری وولاتانی ئەورووپی و یابان بکات .

٣- لە ئەنجامی خالی دووەم ، وولاتانی ئەورووپی و یابان دەیانەوێت ، بـــە هەبوونیان لەو ناوچەیە وەك هێزی سەربازی ئەو هەلە بە ئەمریکا نەدەن .

ئاشکرایە ، هەردوو لایەنی قەیرانەکە دەیانەوێت سوود لەو هێزە سیاسیانەی ناوچەکە وەرگرن کە لەئاستی جەماوەردا کاردەکەن . ئەمڕۆ بزووتنەوەی سیاسی ناسیۆنالیستی عەرەبی و ئیسلامی ، دوو هێزی زاڵن کە خۆیان لەخۆیاندا بەگوێرەی بەرژەوەندی وپێکهاتنـــی چینایەتیان و تایبەتمەندی ناوچەکە ، لەچەند بەرەی هەڵوێستی جیاوازدا خۆیـــان دەبیننەوە . لەم بوارەدا سەددام دەتوانێت ئاسانتر و کارامەتر بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیای بەعس سوود لەم دوولایەنە وەربگرێت و وەك دوو ئامراز بەکاریان بهێنێت ; جــاری

وا هەیە هەردووکیان بەدوو هێڵی تەریب ( وەکو ئەمڕۆ بەکاریان دێنێ ) ، هەندێ جاریش ئاوێتەیەك لەهەردووکیان دروست دەکات ، بەمەرجێك لایەنێکیان زاڵتر بێت ( وەکو بڕوباگەندەکانی لەکاتی جەنگی عیراق ـ ئێران‌دا ).

هەرچی هێزە نەیارەکانی سەددامیشە دەمانەوێت لەرێگەی سەرانی بەکرێگیراوی عەرەبەوە ، کە دژی دەسەڵاتی سەددامن ، سوود لەم دوو ئامرازە ( هێزە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکان ) وەرگرن ، لەسیناو باساوداسی هەمووشیاندا ، بەلاّم لەوە دەچێت ، کە ڕەوتی مەسەلەکە لەبارانجیان نەبێت . ئەمان لەئاستێکی نزدا کاری بۆ دەکەن ، ئەوێس بڕوباگەندەکردنە بۆ پشتیوانی‌کردن لەئاسی و پاراستنی سەرئەنجامی ئەو وولاّتانەی کە بەگوێرەی مێژوو سەرئەمبان نییە و ئەمان سەرئەمنیان پێداون .

بەگوێرەی ڕۆڵی مەبراتەکە ، دەتوانین سێ ڕێگەی چارەسەر بۆ مەبراتەکە دیاری‌کەین:

١- لەناوبردنی سەددام و داروودەستەکەی لەرێگەی سوپاوەوە و دروستکردنی ئەوەرێك ( پاکتێك ) لەنێوان عیراق و ڕژێمە بەکرێگیراوەکانی ناوچەکەدا بۆ بەرهەڵستی‌کردن لە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە ڕووداوانە ، بێ گۆڕانکاری لەناوچەکەدا .

٢- بەستنەوەی دیپلۆماسیانە ماڵیلە لەگەڵ هەندێ لەداواکارییەکانی سەددام و لەئاستێکی دیاریکراودا دەکەن ، لەپێناو گەمارۆدانی مەبراتەکە ، تا ئاوڕدانەوەی لەبار بۆ تێکشکاندنی ڕژێمی بەعس لەناو خودی عیراقەوە دێتە ئاراوە .

٣- جەنگە دوا ئیحتیماله ، چونکە لەوانەیە جەنگ ببێتە هۆی : أ ) کاولکردنی چاڵە نەوتەکانی ناوچەکە . ب ) گۆڕینی ڕەوتی جەنگەکە بۆ جەنگی عەرەب ـ ئیسرائیل ، کە ئەمان خواستی سەددامە . ج ) حستەوەی گرێی ئابووری لەئاستی جیهان‌دا و سەرهەڵدانی ناڕەزایی سیاسی لەناو خودی وولاّتە ئیمپریالیستییەکان‌دا . د ) گوشارێکی زۆر و تێکشکاندنی دروشمە سێ کوچکەکەی ئیمپریالیزم : ( ئاشتی جیهان ، مافی مرۆڤ ، دیموکراسیەت ) . هـ ) تێکشکاندنی حەاڵبلاّوی نەمانی جەنگی سارد و دۆزینەوەی چارەسەری لۆجیکانە و گونجاو بۆ کێشە ناوچەییەکان .

لەبەر ئەوەی بیری سۆزبکێزانەی سەرتاسەری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و سیراسێزێنگی ئاشکرا لەئاستی جیهانی ناوچەکەدا ، ناوچەگەرێتی و پارچەپارچەیی باڵی بەسەر جووڵانەوەکەدا کێشاوە . هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەهۆی بەمای‌جیاوازیان و ناسەقامگیری کۆمەڵگەی کوردستان ، ناتوانن وەك یەکەیەکی ئۆرگانی بەیەکەوە گرێدراو لە ئاستە سیاسییەکەدا کاربکەن . ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە ، وەك جووڵانەوەیەکی تێکشکاو ناتوانێت لەرەوتی مێژوویی خۆیدا لەبارێکی پاسیڤدایە و بەستنەوەیەکی پاشکۆیەتی بۆ ڕووداوەکان دەبەوێت درێژە بەهەبوونی خۆی بدات . بۆیە لەدەرئەنجامی ئەم مەبراتە ،

هەواڵنامەی کتێب

هەرچ مافێکی کەلتووری و سیاسی دیاریکراو بەکورد بدرێت ، دەربڕینە لەتوانای هێزە سیاسیەکانی کوردستان ، بەڵکو شێوەیەکی تایبەتی‌یە لەماکینێک بۆ گەمارۆدانی خەباتی رزگاریخوازەی کوردستان .

فرانکفۆرت

١٩٩٠/١٠/١

## بانگەوازێکی دڵپاکانە بۆ هەموو کوردێکی بەتەنگەوەهاتوو*

جەمال نەبەز

بەڕێـــزان

ئەم بانگەوازە لە کاتێکدا پێشکێشی ئێوەی بەتەنگەوەهاتوو دەکرێ کە هەلومەرجێکی یەکجار تایبەتی و دەگمەن لە ئەنجامی کشانی لەشکری عێراق بەسەر کوێت دا هاتووەتە کایەوە . بەڵام پێشەکی دەمەوێ ئەوە بەئێوەی بەڕێز رابگەیەنم کە ئامانجی ئەم بانگەوازە ئەوە نی‌یە لە کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌ی کوێت بکۆڵێتەوە . چونکە مێژووی داواکردنی کوێت لەلایەن رژێمە جۆربەجۆرەکانی عێراقەوە بابەتێکی نوێ نی‌یە . هەروەها نیازیش لەم بانگەوازە ئەوە نی‌یە کە بگوترێ عێراق مافی ئەوەی هەیە خاکی کوێت بنوسێنێ بەخۆیەوە یان نا . چونکە مەسەلەی " کێ هەقێتی و کێ هەقی نی‌یە " ئەوە هەویرێکە ئاوێکی زۆر دەکێشێ و جێی ئێرە نی‌یە . بێجگە لەمەش مەبەستم ئەوە نی‌یە ئەو برینە ناسۆرەی کە پێوەندی‌ی رژێمی کوێت و رژێمی عێراق لەکاتی جەنگی عێراق و ئێراندا کردی‌یە هەست و گیانی کوردەوە جارێکی دی لێرەدا بهێنمەوە سوێ و بەمە دەماری کۆنە قینی کورد بگرم، نا . مەبەستم ئەوە نی‌یە . چونکە سیاسەت وەك شەرە گەڕەك نی‌یە و بەکۆنە قین‌ناکرێ . کورت و کرمانجی مەبەستم لەم چەند دێڕە ئەوەیە کە بەراشکاوی ئەو راستینەیە بخەمە بەرچاو کە ئەم هەنگاوەی رژێمی عیراق هەلومەرجێکی نوێچەیی و نێونەتەوەیی وای لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و تەواوی جیهاندا هێناوەتە کایە کە ئەگەر بێتو هوشیارانە و

---

* لەوەڵامی ئەو نامەیەی بۆ مانۆسنا (جەمال نەبەز) نێردرابوو ، ئەم بانگەوازە لەسەر رەزامەندی خۆی بڵاودەکەینەوە ، چونکە خۆی وێنەی ئەم بانگەوازە بۆخستنەی نێرواسیی ئەوە بەرامبەر کێشەی کوێت .

بەرپرسیارانە باوەڕ بگێڕنەوە بۆی لەوانەیە کورد بتوانێ سوود وەربگرێ لێی . بۆیە دەمەوێ وەك مرۆڤ دۆستێکی بەتەنگەوە هاتوو ڕووکەمە هەموو کوردێك ، بێ گوێدانە جیاوازیی بیروباوەڕ و بۆچوونی سیاسیی و داوابکەم لێی هەوڵی پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی کوردانەی گشتگیر بدات کە لەوێدا باسێکی بابەتانەی زانستانەی ئەو ستەمانە ( احتمالات ) و ڕێگارانە ( اسالیب ) بکرێ کە دەستێ چاوەڕوانیی سوود بکرێ لێیان . جا وا لێرەدا چەند سەرنجێك دەخەمە بەر چاو وەك بیروڕای تایبەتیی خۆم و هیچی دی :

1) بەر لە کۆبوونەوەکە و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا ، وا بە بەر لەوەی بڕیارێکی گشتی دەدرێ ، نابێ هیچ کوردێك یان هیچ دەستە و کۆمەڵەیەك بەرەسمی لایەنگیریی هیچ لایەك بکات ، نە ڕژێمی عیراق و نە ناحەزەکانی . چونکە جارێ هیچ کەس و هیچ لایەك بە تەواوی نازانێ ئەم گوریس کێشەکێیە چی لێ دەردەچێ . شایانی باسە کە گەلێك لایەن بەتەمان دەستکەوتێکیان دەستگیر ببێ و لەو بارە ئاڵۆزەدا پارچەیەکی نێچیرەکەیان بێ بڕێ . ئێران بەتەمای ئەوەیە ئەوەی پاش شەڕی هەشت ساڵە و ئەو هەموو قوربانییەی لەدەستی چووە یان دەستی نەکەوتووە ، بەخشکەیی و ئەمجارە بە دەستی ئەوەی پێی ناوە " شەیتانی مەزن " ( ئەمریکا ) بۆی بکات . تورکیا بەتەمایە بە گرێمەوەی شوراو و سیاوێکی دیموکراتیانە و هەڵوێستی هەلپەرستانە،خۆی لە ئەورووپای ڕۆژئاوا نزیکتر بکاتەوە ، بەهیوای ئەوەی بیخەنە " کۆمەڵی ئەورووپا " وە ، چونکە دەمێکە چاوەڕوانی ئەوەیە ، بەڵام دەوڵەتەکانی ئەورووپا بەبیانووی ئەوە کە " مافی مرۆڤ " لە تورکیا " پێشێل " کراوە ، تا ئێستە ڕێیان نەداوە ببێتە ئەندام . هەروەها چاوەڕوانی ئەوەشە کە ئەگەر هاتوو ڕژێمی سەددام کەوت ، ئەوا ئەویش بە " ڕەزامەندی "ی زلهێزەکان و دەوڵەتانی ئەورووپا " ویلایەتی مووسڵ " ( کوردستانی بەشی عێراق ) بێ هەرا و ڕەشا بخاتە سەر تورکیا . سووریاش بە تەمایە بەم هۆیەوە لەگەڵ ئینگلیز و ئەمریکا و بەرەی ڕۆژئاوا ، کە بەڕژێمێکی تیرۆریستی دادەنێن ، ئاشت ببێتەوە و کوورێکی لە " سووری " بەکە بێبڕێ . ئەردەنیش کەساڵانێ پشتی ڕژێمی سەددامی گرت، عەباکەی بانکردووەتەوە ، کێ " خێرەومەندە " ئەوا بارەی تێبکات . یەکێتی سۆڤێتیش ، هەرچەندە بەسەرڕاری پشتگیریی بڕیاری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات لە دژی عێراق ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەورێکی هەلپەرستانە دەنوێنێ و دەیەوێ کارێك بکات بەلکو بتوانێ سەددام ڕزگار بکات . ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا هەرچەندە کەڵەکۆمەیان لەعێراق کردووە ، بەڵام لەژێرەوە لە نێو خۆیاندا یەك نین و هێندێکیان لە ئەمریکا کەوتوونەتە منجەمنج ، سەرەڕای هەروا هاسان نییە لەوولاتێکی گەرمی

دووردەستدا ، مانەوەشیان بە چاوەڕوانی‌یەوە لە خلیجدا دەسەلاتێکی مالـــی زۆری دەوێ . دەمێنێتەوە سەر ئیسرائیل کە لە هەموولایەك پتر لەمەترسی‌دایە ؛ بۆیە لـــە هەلێکی وا دەگەڕێ کە بە جەزرەبەیەکی کارا مەسەلەی عێراق و ناسیۆنالیزمی عەرەب بـــە جارێ جێ‌بەجێ بکات ، بەلام ئیسرائیل تەنیایە و ناوێرێ دەستێك بوەشێنێ کە پەشیمانی و مالوێرانی لەدووابێ .

٢ ) ئەم شەڕەی عێراق لەدژی ئەمریکا و بەرەی ڕۆژاوا و دەوڵەتە عەرەبی‌یـــە هاوپەیمانەکانیان شەڕی کورد نی‌یە . وەك چۆن شەڕی عێراق و ئێران شەڕی کـــورد نەبوو ، بەلام بەداخەوە و بەناڕەوا کرا بە شەڕی کورد و کوردیش لەهەردوو لایەنەکە پتـر زیانی لێ‌کەوت . تکایە بەرێزینە ، بەتایبەتی سەرکردەی حیزب و کۆمەڵەکان ، دەستـم داوێننتان ، با ئاگری ئەم شەڕەش هەر چروچاوی کورد نەگرێتەوە . ئەوەتە وەك خۆتـــان دەیزانن ئەو دەوڵەتانەی ئەوڕۆ گەلەکۆمە لەڕژێمی عێراق دەکەن ، هەر ئەو دەوڵەتانەن کـە بوونە هۆی ئەوەی سەددام ببێتە ئەو پیاوەی کە مارگرێت تاچەر پێی بێژێ " ملهـوڕ " و " زۆردار " و " دەبێ لەسنووری خۆی‌دا بوەستێنرێ " . ئەم دەوڵەتانە هەر ئـــەو دەوڵەتانەش بوون کە پاش کارەساتی هەتاوبڕی هەڵەبجە ، هەرچەند خۆیان هێنا و برد ، ئێستەش سزایەکی عێراقیان نەدا ، بەڵکو پاش ئەوە بە چەند ڕۆژێکی کەم بەسەدان ملوێـن دۆلار و مارك و فرەنك و ڕۆبل کرێدیتیان دا بە ڕژێمی عێراق . لەگەڵ ئەوەشدا وەك گوتم سیاسەت کۆنە قین و تۆڵەسەندنەوەی کورتبینانەی ناکات نی‌یە ، بەڵکو هەولدانە بـۆ گەیشتنە ئامانج . بەلام سیاسەتیش ئەوە نی‌یە سەرکردەکانی کورد بچنە لای ئەم دەوڵـەت و ئەو دەوڵەتی کە تادوێنێ بوو بە " ئیمپریالیست " و " زیۆنیست " و " سەرمایەدار " و " خوێنمژ " دایان دەنان و ئەوڕۆ دەستیان لێ پان‌بکەنەوە و هەریەکە خزمەتی خۆی و چەند هەزار چەکدارێك پێشکێش بکات بەرامبەر " یارمەتی " . ئەوانیش بێزیان نەیـــەت وەرام بدەنەوە ، ئەمەش دووای ئەوەی کە هێندێکیان چەندان کەسی وەك هاقڵ‌وماقڵیـان کردبێ بە تکاکار تا سەددام ڕازی ببێ بەقسەکردن لەگەڵیان . بەراستی بەرێزینە ئەمـــە سیاسەت نی‌یە و پێویستە لە بەرژەوەندی‌ی کوردەوە بۆ مەسەلەکان بچن و گوێ نەدەنـــە ئەوەی هەلوێستی ئەم ڕژێم و ئەو ڕژێمی دابەشکەری کوردستان چی دەبێ . پێویستـــە داو و دەزگە و حیزبە کوردی‌یەکان سەربەخۆیی‌ی خۆیان لەهەموو شتێك گرنگتر بێ لـــە لایان و کارێك بکەن لەم هەلەدا ، ئەگەر کرا مەسەلەی کورد وەك یەکێك لە مەسەلـــە چارەنەکراوەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بچێتە بەردەمی کۆمەلی نەتەوە یەکگرتووەکان .

١٩٩٠/٨/٢٠
ئەلمانیا

بەرەو هەولدان بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی فراوان

نەجمەددین کەریم

# گۆڕانکاری ـ بەڵێ ، بەڵام چۆن و بەرەو کوێ ؟

هەواڵنامەی ...

- ١ -

لە مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ، گەلێك ڕووداو و گۆڕانکاری مەزن ڕوویان داوە و هەر یەکەیشیان لە دەم و کاتی خۆیدا ڕۆڵی دیاریکراو و کاریگەری تایبەتی خۆی هەبووە ؛ هەندێکیشیان ئاوها هەر بەزیندوویی و لە مێشك و ئەزموونەکانی مرۆڤدا دەزرنگێنەوە و بە بەردەوامیش بەنموونە دەهێنرێنەوە و دەرس و پەندیان لێوەردەگیرێت . هەندێ لەو گۆڕانکاری و ڕووداوانەیش کاریگەری زۆر گەورەیان لەخێراکردن و خاوکردنەوەی جوولانەوەی پێشکەوتن و مێژووی شارستانێتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بینیووە . ڕووداو و گۆڕانکارییە ڕادیکاڵییەکانیش چەندین گۆڕانکاری گەورەی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی و فیکرییان بەدوای خۆیاندا هێناوە و لە سەردەمەکانی خۆشیاندا گەلێك کەلە پیاوی ناودار و ناسراویان پێشکەش بە مێژووی گەلانی دونیا کردووە ، نموونەی ئەمانەیش زۆرن .

بەم شێوەیە ، ئەگەر بێت و بەشێوەیەکی خێرایش سووکە ئاوڕێك لە مێژووی هاوچەرخ و نوێی نیوەی یەکەم و دووەمی ئەم سەدەیەش بدەینەوە ، دەبینین کە ڕەوڕەوەی پرۆسەی جوولانەوە و گۆڕانکارییەکان هەر بەرەو پێشەوە چووە و لەگەڵ خۆشیا چەندین ڕووداو و گۆڕانکاری مێژوویی مەزنی زریا ناوی هەڵگرتووە و بەمەیش سیما و جەوهەرێکی نوێیان بە سەردەمەکە بەخشیووە .

یەکێك لەگەورەترین و کاریگەرترین ڕووداوەکانی سەردەم خۆی لە سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەری سۆسیالیستی ساڵی ١٩١٧ دا دەبینێتەوە . لەراستیدا سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ، وەرچەرخانێکی گرنگ و مەزن بوو لەمێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا . ئەوە بوو دوابەدوای ئەو شۆڕشە لە جیهانی هاوچەرخماندا ،

کۆمەڵێ گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە و سوود بەخش بۆ بەرژەوەندییەکان و پێشکەوتنی مرۆڤ و شارستانیەت سەریان هەڵدا و گەلان و مرۆڤی چەوساوەیش کەوتنە سەر ڕێگای ڕاستی خەبات و هەوڵەکانیشیان لەپێناو سەربەخۆیی و ئازادی دا ، ئاڕادەیەك ، توانی دەستکەوتی پڕەمیفانە و بەرهەمدار وەدەست بهێنێت و چەند مۆمێکیش لەسەر ڕێگای ئازادی وکەرامەت داگیرسێنێت ؛ بەلام بەداخەوە ، هەوڵدانەکان نەیانتوانی سنووری فراوانی خۆیان ببڕن و بۆ هەتاهەتایی ڕەگ و ڕیشەی زۆرداری و چەوساندنەوە بن بڕ بکەن . هەربۆیە هەوڵدانەکان لەچوارچێوەی هەوڵداندا مانەوە و لەئاکامیشدا بەربانی خۆیان و فارانجی بەرەی دوژمن تەواوبوون .

لێرەدا دەمانەوێت ، یاخو هەوڵدەدەین ، قسە لەسەر بنەما و سنوور و تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵە گۆڕانکارییە خێرا و زریاناوییانەی ئەو دواییەی ئاخروئۆخری سەدەکەمان بکەین ، ئەوانەی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ کاریگەریی فراوانی خۆیان کردە ( یاخود دەکەنە ) سەر پرۆسەی ناوەڕۆکی پەرەسەندی ئابووری ـ کۆمەلایەتی و سیاسی و سەر بیرکردنەوە و شێوازەکانی بیرکردنەوە ، بە شێوەیەکی کۆنکرێتتر دیاردەی پێرێسترۆیکا ، هۆکانی ، میتۆدەکەی ، پێوەندییەکانی بەسیستەمی ئابووری ـ کۆمەلایەتی و ئاسۆی پەرەسەندنی داهاتووبەوە .

- ٢ -

بەر لە هەموو شتێك ، دەمانەوێ پەنجە بۆ ئەوە درێژ بکەین ، کە مەبەستمان لە نووسینی ئەم کورتە هەوڵدانە شیکردنەوەیەکی فراوانی هەمەلایەنیی دیاردەکە نییە ؛ تەنیا ئەوەی لێرەدا پتر مەبەستمانە ، دەرگای گفتوگۆ و مشتومڕ دەربارەی هەندێ لایەنی میتۆدۆلۆجی دیاردەکە و هەڵوێستی لایەنەکانی دەرەوە بەرامبەر مەلبەندی پرۆسەی دیاردەکە بخەینە سەر گازی پشت . کەواتە لێرەدا ، دەتوانین بگەینە ئەو سەرەنجامەی، ئایا پێوەندی لایەنەکان بەرامبەر بە ناوەندی خودی مەسەلەکە چ جۆرە پێوەندییەکە : پێوەندییەکی پاسکۆیەتی و میکانیزمی یە ، یاخود پێوەندییەکی سەربەخۆیی و دیالەکتیکی یە؟

کەم تا زۆر ، قسە لەسەر گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ئەورووپای خۆرهەلات کراوە و بەچەندین شێوە و لەچەندین ڕوانگەیشەوە لەسەریان نووسراوە و پرۆسەی لێکدانەوە و کێشە میکرییەکانیش دەربارەی گۆڕانکارییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە ، کە نووسەر یاخود مرۆڤ بەگشتی ، پێویستە خۆ یەکالا بکاتەوە و بزانێت ڕووداوەکان بەتای کام تەرازو و بەچ شێواز و میتۆدێك هەڵدەسەنگێنێت : بە شێواز و میتۆدی لیبرالیی بۆرژوازیانە ، یاخود بە شێواز و میتۆدی مارکسیستانە ؟ چونکە هەر لێکدانەوە و هەڵوێست

وەرگرتنێکی خێرا و نامێتۆدۆلۆجی و بنیاکردن و گۆڕینی ئایدیۆلۆژییەت لەسەر بنەمـــای گۆڕانکارییە سیاسییەکان ، ڕەنگە بە زیانێکی گەورە و ترسناک بکەوێتەوە .

من پێم وایە ، تاکو ئێستا لایەنەکەی دووەمیش نەیتوانیووە بەشێوەیەکی ڕاســـت و دروست حەقی تەواو بە مەسەلەکە بدات و هەوڵی دەرس و پەند وەرگرتن لەڕابوردووی خۆی و ترووسەوەکە بەگشتی بدات و بێسینی تیۆری ڕاستیانەیش بۆ دەرچوون لەتەنگوچەڵەمەکە بکات . گومان لەوەدا نییە ، کە هەڵسان بە وەها کارێك و قسەکردن لەم بارەیـــەوە کارێکی ئاسان نییە ، لەبەر :

١- ڕزیاناوی و ئاڵۆزی گۆڕانکارییەکان و ڕوون نەبوونەوەی لەگەلێ لایەنەوە .

٢- ڕزگارنەبوون لە سنووری پێوەندییەکانی پاشکۆیەتی و سام لێنیشتن و تووشـــی صەددەمبوون .

٣- هەمەلایەنیی تەنگوچەڵەمەکە و دەرچوون لەسنووری تاقە وڵاتێك و بوون بـــە تەنگوچەڵەمەیەکی نێونەتەوەیی لەسەرانسەری بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکەدا .

- ٣ -

تۆرکی گشتی لێکۆڵینەوە تیۆری و نووسراوە سیاسییە ڕەخنەییەکان دەربارەی پرنسیپی گۆڕانکارییەکانی ئەورووپای خۆرهەڵات و هۆکانی دەرکەوتنی دیاردەی پێرسترۆیکا ، بـــۆ دەستنیشانکردنی چەند خاڵێکی هاوبەشی بچینەیی دەگەڕێتەوە ، با ئەوانیش لێرە و لەوێدا لێك تریك و دووربکەونەوە : مەبەستیشمان لەو نووسراوانەیە ، ئەوانەی کە لـــە چوارچێوەی بنەمایەکی فیکری هاوبەشەوە هەنگاو بۆ مەسەلەکە هەڵدەگرن . ئەم تۆرکـــە نەبەگۆڕدراو و دژبەیەکەیش سیمای تۆردوگای هەموو ئایدیۆلۆژیەتێکە و لەشێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاری هەر بەشێك لەگشتێکدا ڕەنگ دەداتەوە .

دەرکەوتنی دیاردەی پێرسترۆیکا لە یەکێتی سۆڤیەت و ڕەنگدانەوە و کاریگەرێتی لـــە وڵاتە سۆسیالیستییەکانی تری ئەورووپای خۆرهەڵات و پاشانیش لەبیر و ڕەفتاری پارتـــە کۆمۆنیست و کرێکارییەکانی سەرجەمی دونیا ، لەدایکبووی کۆمەڵێك فاکتەری ئابووری و نائابووری ، ناوەکی و دەرەکی ، خۆیی و بابەتی ناو چوارچێوەی پرۆسەیەکی ئاڵـــۆز و دژبەیەکی درێژ بوو . هێندێ لەو فاکتەرانە بەندن بەرێباز و ناوەرۆکەکانی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و ، پێوەندییە چینایەتی و سیاسییەکانەوە ، بە پلـــەی پەرەسەندنی ئەو وڵاتانەی کە هێزی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی تیایاندا سەرکەوت و دەسەڵاتی گرتە دەست . هێندەکەی تر بەندە بە مێژوو و ڕێباز و ناوەڕۆکەکانی پەرەسەنــــدنی جووڵانەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریی جیهانی و پێوەندی بەسۆسیال ـ دیموکراتەکانەوە و

ڕۆڵیان لە ململانێ و دژایەتییەکانیان لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و کاریگەرییان لەسەر ڕووداوە ناوخۆییەکان و گۆڕانکارییە قووڵ و خێراوبەردەوامەکانی جیهانی هاوچەرخ .

هەموو ئەمانە و چەندانی تر بوون بە هۆ و فاکتەری سەرهەڵدانی دیاردەکە و نەقینەوە کتوپڕ و گۆڕانکارییە قووڵەکانی ئەو دواییەی ئەورووپای خۆرهەڵات ؛ کە هەوڵدان بۆ بەربەستکردن و نەتەقینەوەیان کارێکی بێسوود و مەحاڵ بوو . هەربۆیە ، وەك پێویستێکی بابەتی و مێژووکرد دەبوو وەها دیاردەیەك لەهەناوی سیستەمی ئابووری ـ کۆمەلاّیەتی و پلەی هوشیاری و فیکری کەسان و گەلانی ئەو ولاّتانە سەرهەڵبدات ....

بەلاّم چۆن و بەچ شێواز و کام ڕەوت ؛ لەڕاستیدا ، ئەمەشیان هەمدیسان بۆ پلەی گەورەیی و قووڵی تەنگوچەڵەمە ئابووری ـ کۆمەلاّیەتییەکان و پلەی هوشیاری خەڵکەکە و کاریگەرێتی و ڕۆڵی پارتە دەسەلاّتدارەکان و دەست تێوەردانەکانی دەرەوە دەگەڕێتەوە .

هەربۆیە ، ئەمڕۆکە دەبینین ڕووداوەکان لە ولاّتێکەوە بۆ ولاّتێکی تر ، سیما و ناوەڕۆکی تر وەردەگرێت : لەهەندێ ولاّتدا پڕۆسەکە بەشێوەیەکی هێمن و ئاشتییانە بەرەو پێشەوە دەچێت ، لە هەندێ شوێنی تر بە ڕووداو و کارەساتی تراژیدییانە تەواو دەبێت .

من وای نێدەگەم ، سەرەڕای پلەی جیاوازی بەرزی و نزمی ڕووداو و کێشەکان ، ئەگەر مرۆڤ بەووردی سەرنجیان بدات و لەبواری پراکتیکیشەوە تێبینییەکەی فراوانتر بکات ، ئەوا سەرەنجام بەو جێگایە دەگات ، کە بتوانێت لێیەوە خاڵی هاوبەشی پڕۆسەکە دەستنیشان بکات . کەواتە با ئێستا بزانین ئەو خاڵە هاوبەشییە چییە :

١- پێداگرتن لەسەر جۆری شێوازی بیرکردنەوەی کۆن و جۆری شێوازی ڕەفتاری کۆن ، کە ئەمڕۆکە بەباڵی کۆنخواز ( کۆنزەرڤاتیزم ) نێو دەبرێ .

٢- هەوڵدان بۆ دەرچوون لە تەنگوچەڵەمەکە و ڕیفۆرمکردن و بیناکردنەوەیسۆسیالیزم ، وەك سیستەمێکی ئابووری ـ کۆمەلاّیەتی ، لەسەر بنچینەی پرنسیپەکانی مارکسیزم ـ لینینیزم . ئەم باڵەیش ، کە شانسی زۆر کەمترە لەپڕۆسەکەدا ، بەباڵیڕیفۆرمیست نێودەبرێت .

٣- بێبڕوایی و لادان و هەڵگەڕانەوە لەسۆسیالیزم ، وەك سیستەمێکی ئابووری ـ کۆمەلاّیەتی ، وە باوەڕهێنان بە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وەك جێگرێك بۆ ئەوەی یەکەم . ئەمەیش جا پەڕینەوەی ڕاستەوخۆ بێت بو سەرمایەداری ، یاخود پەڕینەوە بێت لەڕێگای زیندووکردنەوەی تێزکانی سۆسیال دیموکراتەکانەوە . بەم باڵەیش دەگوترێ ڕیفۆرمیستە ڕادیکاڵییەکان . لەڕاستیدا شانسی هەرە زۆر بۆ ئەم لایەنەیە .

ئەگەر بێین و بەووردی لەخودی پڕۆسەی گۆڕانکارییەکان ووردبینەوە و بەتای تەرازووی

یەکێک لە خاڵەکانی سەرەوە ڕووداوەکان هەڵسەنگێنین ، ئەوا دەبینین ، بەداخەوە ، کە گرانییەکە پتر بەلای خاڵی سێیەمدا کەوتۆتەوە . بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە کە فراوانکردنی دەستکەوتە دیموکراسییەکان و گۆڕانکارییە پۆزەتیڤەکانی تر بەگرانییەوە لەبەرچاو نەگرین .

- ٢ -

ئەلف با و بەهای ڕاستی و سەرکەوتنی هەر بیر و پرنسیپێک خۆی لە پێوەری سەرکەوتنێکی ڕاستەوخۆ و ناوەڕۆکە بابەتییەکەی و پراکتیکیدا دەبینێتەوە، چەمک و بیر و یاسا لۆژیکەکانیش تەنێ ڕەنگدانەوەی واقیعن ، لە هەمان کاتیشدا یاریدەدەرن بۆ تێگەیشتن لەخودی پرۆسە ڕامیارییەکان . مادام ڕاستی جەوهەری شت و دیاردەکان ناوهان وەک ئەوەی کە هەن ، نەک وەک ئەوەی کە دەمانەوێت یاخود وەک ئەوەی لە مێشکماندان ، کەواتە ڕەنگدانەوەی هەر گۆڕانکاری و دیاردەیەکی نوێ ، لەبەرچاوگرتنی یاسا تایبەتەکان و جڵەو شۆڕکردنەوە بۆ لایەنی سۆبژێکتیڤیزم . کارەکە لەوەدا نییە ، کە لەپرۆسەی بیرکردنەوەی مرۆڤدا پلورالیزمی شێوازی لێکدانەوە و بیرکردنەوە و حوکمدان هەبێت ، لێ مەسەلە بنچینەییەکە بۆ سەرەنجامی حوکمدانە لۆژیکییەکە دەگەڕێتەوە .

لە پێوەندی لەگەڵ ئەمەدا ، لێرەدا پێویستی دەزانین باسەکە بەرەو خاڵێکی گرنگ و تایبەت بەخۆمان شۆڕبکەینەوە ؛ واتە پارت و ڕێکخراوە چەپڕەو و شۆڕشگێڕەکانی ناوچەکە و کوردستان ، ئایا چۆن و بەچ شێوەیەک و لەسەر بنچینەی کام بنەما لە گۆڕان و گەشەکردنەکانی ئەم دوایانەی ئەورووپای خۆرهەڵات دەگەن و کۆنکرێتتر لە چەمکی پێرێسترۆیکا و هاوگۆڕێی بیروڕای نوێ و نوێکردنەوە دەکەن ، وە تاچ ئەندازەیەک هەوڵی دەستەخۆشکردن و تەختکردنی ڕێگای بەرینەوە بەرەو قۆناغێکی نوێی لەچۆنیەتی شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانیان دەدەن لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیدا ؟؟

لەڕاستیدا ، ئەمانە کۆمەڵێ پرسیاری هەنووکەیی و ژیانین ، کە وەڵامی لێکۆڵینەوەی تیۆری و پراکتیکیان گەرەکە ، واقیعیش ڕاستی و دروستییان دوپات دەکاتەوە . هەڵسان بە وەها ئەرکێکی گرنگی مێژوویی بەر لەهەموو شتێک لەپرۆسەی بەخۆداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەی ڕادیکالانە بەرامبەر ستراتیژ و تاکتیک و پێوەندییە ناوەکی و دەرەکییەکان و شێوازەکانی بری خەباتی هێزەکانەوە دەست پێدەکات . بێگومان ، کارکردنیش بەرەو وەها ئاسۆیەک پتر گرنگی بەرنامە و گێڕانەوەی متمانەی جەماوەر و ڕاستگۆیەتی هێزە سیاسییەکە دوپات دەکاتەوە .

بە زەرورەتیشەوە دەڵێم ، با خودی پرۆسەی لێکۆڵینەوە فیکرییە هاوچەرخەکانیشمان

هەواڵنامەی کتێب

لە پەیوەندی لەگەڵ دیاردە و گۆڕانکارییە نوێیەکانی سەردەم و لە هەڵوێستێکی ڕەخنەییەوە دەست پێبکات و بەردەوامیش هەوڵی ڕووخاندنی دیواری مۆنۆپۆلکردنی ڕاستییەکان بدات، بەلام ئەم هەڵوێستە با بەتەواوی شتی تر نەبێت .

لە ئاکامی گفتوگۆ و مشتومڕە تیۆری و سیاسییەکانی سەر لاپەڕەی زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی لایەنە ناوبراوەکانی سەرەوە ، دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆری سەرەکی شێوازی بیرکردنەوە و هەڵوێست بەرجەستە بکەین ( لێرەدا بەپێویستمان نەزانی وەك بەڵگە و فاکت یەك بە یەك نووسراوی لایەنەکانی قسەیان لەسەر دەکرێت ، دووبارە تومار بکەینەوە . دەکرێت ئەمە بۆ چەند بابەتێکی تر هەڵبگیرێت ) . گومانیش لەوەدا نییە، کە هەر لایەنێکی سیاسی لە ئاست واقیعی پلەی هوشیاری و هێزی ماددی ومەعنەوی خۆیەوە هەنگاو بۆ مەسەلەکە هەڵدەگرێت .

هەر وەك لەسەرەوە گوتمان ، من وای تێدەگەم کە مرۆکی گشتی تێگەیشتن لەپرۆسەی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان بە هەموو جیاوازی و لێك نزیکییەکانیانەوە لەسنووری ئەم سێ ڕێبازە سەرەکییە دوورناکەوێتەوە ، جا ئەم لەبواری جیهانییەوە بێت ، یاخود لەبواری ناوچەییەوە . ئەمەش بەو مانایە نایەت ، کە زێدەڕۆیی لە مەسەلەکان بکەین و دەرگا لە ڕووی ئەقل و داهێنان و دەستکەوتە زانستییەکانی مرۆڤ دابخەین . لەلایەکی تریشەوە، پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێین ، کە ئەوڕۆکە زۆر گرنگە لەوە تێبگەین کە تەنگوچەڵەمە و دژایەتی و کەلەبەرەکان بێ هیچ گومانێك هەن و دەبێت زۆر بەڕوونیش لەبەرچاومان بن و هەوڵ بدەین ڕێگەی چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە .

## لەژێر سەردێڕی بەرگریکردن و پاراستنی جەوهەری سۆسیالیستی و " سۆسیالیزمی واقیع " دا ...

گەلێ لەنوێنەرانی فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم ( وجودیەت ) پێیان وایە و ئەوە دووپات دەکەنەوە ، کە بیناکردنی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم هیچ شتێك بە مرۆڤ نابەخشن ، چونکە لە توانایاندا نییە بڕیاری " گیروگرفتە نەمرەکان "ی بدات ، ئەمە لەلایەك ، بەلام لەلایەکی ترەوە ئەمەش مانای ئەوە نییە ، کە وەها کۆمەڵگایەك ئیدی لەهەموو جۆرە ململانێ و کەموکوڕی و ناتەواویەك بەدوورە و دووچاری گیروگرفت و تەنانەت تەنگوچەڵەمەیش نابێت .

لەڕاستی دوورناکەومەوە ئەگەر بڵێم ، تا دوێنێ زۆربەمان لەسنووری ئەو بیر و ڕا و بۆچوونانەدا دەسووڕاینەوە و بیروڕای تیۆریشمان بە چەشنێکی مەترسیدار وەپاش کەوتبوو و لەم ساڵانەی دواییشدا تارادەیەکی زۆر بیر و ڕا و تێگەیشتنمان لەسۆسیالیزم وشك و

ڕەنجەڵاتوو بیوو . بە چەشنێکی خواسنکارانە دەمارزوانییە ست و دیاردەکان و ڕاسنییەکانیش " ڕەها ـ مطلق " بوون و نەدەبوو گفتوگۆیان لەسەر بکرێ ، بەڵکو تەنیا ڕێگەی لەسەرکوتنیان دەدرا . بێگومان ، ئەمەیش لەئەنجامدا بەرخێکی زۆر گەورە لەسەرمان کەوتەوە .

دیارە ئەمڕۆ بارە گشتییەکە زۆر لەوی جاران جیاوازترە و ئومێدی بەرەو ئاسۆیەکی پرشنگداری لێبەدیدەکرێت ؛ کەچی سەرەڕای ئەمەیش لەبزووتنەوەکمان‌دا هێشتا بەرەفی هەست بەبوونی وەها ڕێبازێك دەکرێت و لەژێر سەردێڕی بەرگریکردن و پاراستنی جەوهەری سۆسیالیزمی زانستی و " سۆسیالیزمی واقیع " دا هەنگاو لەخەباتی خۆیدا هەڵدەگرێت .

لەژێر سەردێڕی ـ نوێکردنەوە و بیرکردنەوەی نوێی سیاسی و چەمکی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دا . . .

ئێمە بیمان وایە ، لۆژیکی پێوەندییەکانی دبوی ناوەوەی واقیعی بارودۆخی ئاڵۆزاوی و پاسەکسەکردن و تێکشکان لە جیهانی هەردیاردەیەکی کۆمەڵایەتی‌دا ، کۆمەڵێك دیاردەی نێگەتیفانە و پۆزەتیفانە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و تێگەیشتنیش لە ماهیەتی دیاردەکان و لێك جیاکردنەوەیان ، وا هەست دەکەم ، کارێکی ئاسان نییە . یەکێك لە دیاردە نێگەتیفەکانی واقیعی وەها بارودۆخێك خۆ لە دیاردەی ڕێبازی نائومێدی و بێباوەڕی و پاسکەزبوونەوەدا دەبینێتەوە ، لەهەمان کاتیشدا هەوڵی دۆزینەوەی هەموو جۆرە بەهانە و خۆبەدەستەوەدان و زیندووکردنەوەیەکی بۆچوون و تێزە کۆنە بەسەرچوو و مردووەکان دەدات .

لەو باوەڕەدام ، کە ئەورۆکە هێندێ لایەنی سیاسی ناو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی لای خۆمان ، کە کەمنیین ، بەشێوەیەکی خێرا و تەموژاوی لەژێر سەردێڕی نوێکردنەوە و چەمکەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤدا ، هەوڵی زەمینەخۆشکردن و فراوانکردنی ئاماری لیدوان و مشت ومڕەکان دەدەن ، بەمەبەستی سەرخستنی ئەو چەمکانەی کە لەمەو بێشدا لەدیاردە نێگەتیفەکاندا باسمان لێوەکردووە . قسەکردنیش لەمەسەلەی چەمکەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ ، بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە مێژوویی و فەلسەفی‌و فیکرییەکان ، ڕووکەش حوکمدان و پووچەڵی لیدوانەکان دەگەیەنێت . هەربۆیەشە دەبینین کە سروشتی ئەورۆی زۆربەی شیکردنەوەکان ، پتر بریتی‌یە لەتێڕوانینی پراگماتیزمانە و ئەنگلۆسەکسۆنی ، کە لیدوان لەدیموکراسی لەچەند ماف و ڕەفتارێکی لەبەرچاودا سنووردار دەکات. هەربۆیە

گومان لەوەدانییە ، کەواقیع ئەڵقەکانی زنجیرەی ئەم جۆرە تیرِوانینانە لێك دەترازێنێ و داوای شۆرِبوونەوە بەرەو جەوهەری مەسەلەکانیان لێدەکات .

## سۆسیالیزمی زانستی و پێداویستییەکانی سەردەم و هەوڵدان بۆ دەرچوون لەتەنگوچەڵەمە گشتییەکە . . .

لە لاپەرەکانی پێشوودا ، کورتە هەوڵێکی گشتیمان دا خۆ لەقەرەی دوولایەنیگرنگی دیاردەکە بدەین و پاشانیش بێینە سەر سروشتی سێهەمین تیرِوانین و دواخاڵی باسەکەمان ؛ بەهیواین بابەتەکەمان لە چوارچێوەی تێگەیشتنی خۆیییەوە بەندنەکردبێ و تا رادەیەکیش لەجەوهەری تێگەیشتنی بابەتییەوە نزیك بووبێتەوە . ئامانجیشمان لەوەها کارێك ، مۆنۆپۆڵنەکردنی راستییەکان و کردنەوەی دەرگایەکە بەرِووی لێدوان و مشت و مرکردن دا لەسەر کۆمەڵێ مەسەلەی گرنگی گۆرِانکارییەکانی ئەم چەند تێهەڵکێشە و پێکەوە بەستراوەمان . رەتکردنەوە و خۆبەدەستەوەنەدان و جەسووری لەناو بزووتنەوەکەدا و هەوڵدان بۆ پاراستنی پرنسیپەکانی سۆسیالیزمی زانستی و هەبوونی پلەی بەرزی مۆرالی شۆرِشگێرانە و راوەستان لەهەمبەر ئۆردوی دوژمندا ؛ بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەوشی جوولانەوەکە و دەوروبەر و یاسا بابەتیەکانی سەردەم ، لەراستیدا ، خۆدانە دەست بای هات و نەهاتە و دووپاتکردنەوەی ئازادییەکی بێمەرج و پچراندنیەتی لەتێگەیشتنی بابەتی و واقیعییەوە . رەچاوکردن و خۆبەستنەوەیش بەیاسا بابەتیەکانی کۆمەڵگە و سەردەمەوە ، مانای خۆبەدەستەوەدان و ملکەچکردنێکی کوێرانەی ئەمری واقیع نییە . کەواتە ، با سەرچاوەی تێگەیشتنمان بۆ میتۆدی دیالەکتیکی لەهوشیارییەوە بەرەو دیالەکتیکی بابەتی و ئینجا هوشیاری شۆرِببێتەوە . بەپێچەوانەیشەوە ، جلەوشۆرکردنە بۆ خواستەکانمان و سۆسیالیزمیش وەك تیۆرێك لە زانستەوە بەرەو خەیاڵ و تیۆلۆگیا دەگۆرِین .

ئاڵوگۆرِەکانی ئەو دواییەی ئەوروپای خۆرهەڵات و قووڵبوونەوە و پتر دەرکەوتنی تەنگوچەڵەمەکەی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری جیهان ؛ کۆمەڵێ پرسیار وناونیشانی گەورمیان هێنایە پێشەوە ، کەلەراستیدا ، لەرِووی تیۆری و پراکتیکیەوە پێویستیان بە وەرامدانەوەیەکی لۆژیکی و واقیعیانە هەیە و ، جۆرێ شێوازی بیرکردنەوەی کۆن و رەفتاری کۆنیش لەگەڵ سەردەمەکەی خۆیدا بەسەردەچێت و سەردەمی نوێ و هاوچەرخیش لەگۆرِانی هوشیاری و جۆری بیرکردنەوە و رەفتاردا تەواودەبێت و ، چەمکە باو و کلاسیکییەکانیش ئیدی گۆرِانیان بەسەردا دێت ، یاخود بەتەواوەتی رەواجیان نامێنێت .

بۆ ئەوەی پێداگرتنمان لەسەر راستی و دروستی بیروباوەرەکەمان ، هاوچەرخانە و داهێنەرانە و زانستیانە بێت ؛ پێویستە لەم خاڵانەی خوارەوە دەست پێبکەین :

١- هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنی بابەتی و سەربەخۆیانە دەرهەق بەگۆڕانکارییەکانی سەردەم .

٢- بەخۆداچوونەوەیەکی گشتی‌ی مێژووی بزووتنەوەکە و مێژووی هەرلایەنێك بەتایبەتی .

٣- پێداچوونەوە و شیکردنەوەی سەرلەنوێی چەمکە فەلسەفی و فیکری وسیاسییەکان .

٤- قسەکردن لە سۆسیالیزم و گریمانەکانی و توانای هێنانەسەر زەوی واقیع .

٥- رەتکردنەوەی مۆنۆپۆڵکردنی ڕاستییەکان و دەرگاکردنەوە لەبەردەم گفتوگـــۆ و مسئومری بابەتیانە و دان‌پیانانی بلۆرالیزمی شێوازەکانی بیرکردنەوە و رەفتار .

٦- قسەکردن لەچەمکی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و دیموکراسـیەت و سۆسیالیزم بەتایبەتی ....هتد .

بەوجۆرە ئەورۆکە هەست بەململانێیەکی فراوان لەنێوان سیاسەتمەداران و رۆشنبیران و بەتایبەت خەڵکی ئاساییشدا دەکرێت ، ئەنجام و ئاسۆی داهاتووی ئەو ململانێیەش هێشتا بەتەواوەتی روون نەبۆتەوە و گرێدراون بەململانێیەکە و سەرەنجامەکانی‌یەوە لەلایەکەوە و توانای ئامادە جۆراوجۆرەکانی بۆ پێشکەشکردنی وەڵامی زانستی و پڕ بەپێستی گیروگرفتەکان لەلایەکی ترەوە .

- ٥ -

پێم وایە بەهەڵەدا ناچم ، ئەگەر بڵێم کەم چرکەساتی مێژوویی وا هەبووە کەهێندەی ئەمڕۆکە ئاوا بەشێوەیەکی ئاشکرا و دوژمنکارانە هێرش ببرێتە سەر چەمکی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و داهێنەر و دامەزرێنەرەکانیان ! بێگومان ئەمەیش هەروا لەبۆشاییەوە نەهاتووە و لەوەیش دەگەین کە لەوەها قۆناغێك و لەهەناوی ململانێی کێشە کۆمەلایەتی و فیکری و سیاسییەکاندا ، ئەم جۆرە بیرکردنەوە و رەفتارانە پتەوتر دەبن و هەرچی تێزە کۆنــــە بەسەرچووەکانیش هەن زیندووبکرێنەوە ...

لەوەها پێوەندییەکیشدا ، لەهەموو کات زیاتر بەرپرسیارێتی بەرانبەر بەمێژوو و گەیاندنی نامەی بیروباوەڕ پتەوتر دەبێت و زەرورەتیش داوای بەخۆداچوونەوەیەکی گشتی ڕەخنەگرانە دەکات و پێویستە زیاتریش بەلایەنە تیۆرییەکان چەکداربین و خۆ بە ئەزموونــی گۆڕانکارییە دەوڵەمەندەکانی ژیان دەوڵەمەندتر بکەین و لەپرۆسەی ئاڵۆزی دیالەکتیکــــی سەردەم دەرنەچین و بەبەردەوامیش لەڕوانگە و مێتۆدە زانستییەکانەوە لە هۆ و ئاکامــــی دیاردە سروشتی و کۆمەلایەتیەکان بکۆڵینەوە ـ کە بریتین لە پێکهاتووە فەلسەفیەکانــــی مەتریالیزمی مێژوویی و دیالەکتیکی .

لەلاپەرەکانی پێشوودا ، پەنجەمان بۆ ئەوە درێژکرد کە تەنگوچەڵەمەکە خۆلــــە تەنگوچەڵەمەیەکی هەمەلایەنی و جیهانی‌دا دەبینێتەوە ، کەواتە بۆ ئەوەی بتوانرێت کـاری

سوود بەخش و بەرهەمدار ئەنجامبدرێت ، پێویست بەوە دەکات کە بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ مشتومڕی بابەتیانە لەسەر مەسەلە بنەڕەتیەکان سازبکرێت و پێویست بەوەش ناکات پەلە لەمەسەلەکاندا بکرێت و ڕەخنەکانیش لە چوارچێوەی ئێکلێکتیزمی و زێدەڕۆییدا بگیرسێنەوە.

١٩٩٠/٧/٢٠
سۆفیا

# سەرچاوەکان


١- گۆڤاری " الفكر الديمقراطي " - قبرص ، ژمارە ١١ی ١٩٩٠ ، ل ٢١-٢٦ .
٢- گۆڤاری " پەکگرتن " ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٩٠ ، ل ٦ و ل ٣٥ .
٣- گۆڤاری " ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم " - لەبڵاوکراوەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق ، ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٨٧ ، ل ٦١ .


هەولنامەی کتێب

## کاکە ڕەش

# بیری نوێ

# یاخود

# بیری باوە خونکردنەوە ؟

لەدوای کارەساتەکەی هەڵەبجە چەندان ووتار و سەرگوزشتە و ئەدەبیاتی جۆراوجۆر بڵاوکرانەوە ، کە هەڵەبجە تیایاندا خاڵی سەرەتا و کۆتایی بوو . . . واتە هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ هەڵەبجە وەك خود ( دات ) بوو نەك وەك بابەت ( موضوع ) ، ئەمەش تاوەکو ئەمڕۆ کەلێنێکی گەورە بووە لە میتۆدی لێکۆڵینەوە دەربارەی بنەمای کۆمەڵگەی کورد و بزووتنەوە نیشتمانی‌یە ڕزگاریخوازانەکەی . هەروەها " دیاردەی" هەڵەبجە تەوژمێکی ئایدیۆلۆژیای نوێشی لەدووی خۆی هێنا ، کە بەڕای ئێمە ترسناکی‌یەکەی لەڕووی مێژوویی‌یەوە ، لەترسناکی هەڵەبجە کەمتر نی‌یە ، ئەویش بریتی‌یە لە خۆ نوێکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای قەیراناوی ( أزموي ) بۆرژوای کورد .

ئەوەی یەکەمین جار - هێندەی ئێمە ئاگاداری ئەو بابەتە بین - پەلاماری " دیاردەی " هەڵەبجەی داوە و دووری‌یە مێژوویی و سیاسی‌یەکەی بەشێوەیەکی گەلێ تەم و مژاوی خستۆتەڕوو ، کە بەڕای ئێمە ئەمە ( اغتصاب ) کردنێکی ئایدیۆلۆژییانەی هەڵەبجە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لەخۆ گرتووە ، ووتارەکەی ( کەمال میراودەلی ) یە کە لە " پەیڤ "ی ژمارە -٩-ی ساڵی ١٩٨٩ و لەژێر ناونیشانی " دوای هەڵەبجە مێژوویەکی سەرلەبەر نوێ " دا بڵاوکراوەتەوە و ئەوە دەربڕدراوە کەگوایە ئەو بابەتە دەقی ووتارێکە لەکۆتایی کۆنفرانسی یەکگرتنی شەش ڕێکخراوی خوێندکاری کوردستانی لە ئەورووپادا ، لەشاری بەرلینی خۆرئاوا لەئێوارەی ڕۆژی ٢١/٨/١٩٨٩دا پێشکەش بە بەشدارانی کۆنفرانسەکە کراوە .

ئێمە لێرەدا کارێکمان بەسەر ئەو کۆنفرانسەوە نی‌یە - ئەڵبەتە ئەوە بەتەنێ بابەتی باسێکی ترە - بەڵکو هەوڵ دەدەین ووتارەکەی کەمال لەدیدێکی ڕەخنەگرانەوە بخوێنینەوە و

یەکە ( وحدة ) لۆژیکی‌یە لەخۆگرتووەکەی شیتەڵ بکەینەوە و بزانین ئەو لەگۆشەنیگای چ ئایدیۆلۆژیایەکی چینایەتی‌یەوە سەیری کۆمەڵگەی کورد و قەیرانی بزووتنەوە نیشتمانی‌یە ڕزگاریخوازی‌یەکەی کردووە .

ئیمە بە پێویستمان نەزانی ـ تەنانەت لە توانای ئەم لێکۆڵینەوە ڕەخنەیی‌یەبچکۆلەیەدا نی‌یە ـ ئەو هەموو کەلێن و کەلەبەرەی ووتارەکەی کەمال لەخۆی گرتووە ، بخەینەڕوو ، لەبەر ئەوە بەپێی توانا و پێویست ، بە هۆشمەندی و مەبەستەوە ، هەوڵی چڕکردنەوەی سنووری ئەم بابەتە ئالۆزمان داوە ، بۆ ئەوەی ئەم نووسینە لەچوارچێوەی شیکردنەوەی بنەمای بیری کەمال و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە میتۆدە نازانستی- نامێژوویی‌یەکەی ، لەبواری لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی و لەچوارچێوەی گۆڤاریکدا بمێنێتەوە ، چونکە وەکی دی بەڕاستی جێگای کتێبی لەخۆ دەگرت . . . لەبەر ئەوە تکا لەخوێنەران دەکەین ، بە دیدێکی ڕەخنەییانەوە ووتارەکەی کەمال میراودەلی و لێکۆڵینەوە ڕەخنەییە سنووردارەکەی ئێمە بخوێننەوە ، بەهیوای خستنەوەی ململانێ‌یەکی بیری لەنێوان ڕێبازە بیری‌یە جیاوازەکانی ناو بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کورد لەم قۆناغە مێژوویی‌یەدا ، کە نەك لەسەر ئاستی تاکەکان بمێنێتەوە ، بەڵکو لەخزمەتی بابەتێتی بابەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لەکوردستان‌دا بکەوێتەوە . . . دەمانەوێ لێرەدا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشین کە هەموو ئەو نموونانەی ووتەکانی (کەمال میراودەلی )مان لەو بابەتەوە وەرگرتووە کە لەوەوپێش هێمامان بۆ کردوە ، بۆیە بەپێویستی نازانین هەمیشە ناوی ئەو سەرچاوەیە دووبارە بکەینەوە و خوێنەران خۆیان دەتوانن لەکاتی پێویست دا بوێ بگەڕێنەوە .

## سەرەتایەك دەربارەی میتۆدی بیری کەمال و<br>کەرەسەکانی خوێندنەوەی بۆ مێژوو

ئەوەی لە یەکەمین چاوپێخشاندنی ووتارەکەی کەمال دا جێی سەرنج ڕاکیشانە بریتی‌یە لەوەی ئەو تابلۆ بیرییەی ئەو وێنەی کۆمەڵگەی کوردی تیادا کێشاوە، تابلۆیەکە، کە لەگۆشەنیگای ئایدیۆلۆژیای باوەوە سەیری گیروگرفت و قەیرانەکانی کۆمەڵگەی کورد و بزووتنەوە نیشتمانی‌یە ڕزگاریخوازەکەی کردووە، کە کەمال تیایدا هەڵەبجەی کردووە بە دەستکەلای ئایدیۆلۆژیای خۆی بۆ ئەوەی لە دووتوێ‌یەوە ئایدیۆلۆژیا نوێ ـ کۆنەکەی بۆرژوازی،کە ئەمڕۆ لە قەیراندایە، جارێکی دی و بە ئاوازێکی نوێ بەرهەم ،هێنێتەوە . بێگومان هەج ڕەخنەیەك لەبابەت ، گەر لەگۆشەنیگای ئایدیۆلۆژیای باوەوە ، لەخودی چینی دەسەڵاتدارەوە بەرهەم هێنرا بێت ، کەخۆی بەرهەم هێنەری بابەتی ڕەخنەلێ‌گرتنە، ڕەخنەیەکی پووچە .

ئەوەی شایانی باسە ، کاتێك کەمال دەیەوێت لەپەیوەندی کۆلۆنیالیستی لە کوردستان بچێتە دەرێ ، مەبەستی تێکشکاندنی خودی ئەو پەیوەندی‌یە نی‌یە ، بەڵکو مەبەستی نوێکردنەوەی بەرهەمهێنانێتی ، لە چوارچێوەی نوێترین دابەشکردنی کاری جیهانی لەسیستەمی ئابووری ئەمڕۆی دنیادا چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە .لێرەشدا دەمانەوێت فۆرمی بابەتی پێشنیارکراو لەلایەن کەمالەوە بەم شێوەیەی خوارەوە بەرجەستە بکەین : " هەڵەبجە مێژوویەکی سەرلەبەرنوێیە ، چونکی بە خەستی و سەختی بۆی سەلماندین کە ئێمەی فەلسەفە ـ ئابووری ساخاوی لەسەردەمی " ڕۆحی سەردەم "دا دەژین کە تیایدا " بیری نوێ " ، " پرۆیسترۆیکا " ، " گلاسنۆست " ، تاکە هیوامانە بۆ گەیشتن بە ئامانج ".

ئێمە هەوڵ دەدەین شێوەیەکی میتۆدۆلۆژی بەم هاوکێشەیە بدەین ، بۆ ئەوەی ڕێچکەیەکی زانستی‌یانە بە ڕێڕەوی ڕەخنەکەمان بدەین . بە زمانێکی دی،کەمال دەیەوێت بڵێت : ئەو قەیرانەی تاکو ئێستا مرۆڤی کورد و شۆڕشی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە کوردستان تیایدا گیریان خواردووە ، بریتی‌یە لە قەیرانی شارستانێتی کۆمەڵگەی کورد ، واتە دواکەوتوویی سەما و بیری کۆمەڵگەی کورد ، کە بۆتە ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتن دا ـ پێشکەوتن بە واتاکەی تری ، واتەی گۆڕان لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی ـ . بە ڕای کەمال ، ئەوەی ئەم ڕاستی‌یە تاڵەی لا سەلماندین کە مرۆڤی کورد بەشێوەیەکی زۆر ترازیدیانە تیایدا تێپەڕ بووە و بەخەستی و سەختی لای ئێمە بەرجەستەی کردووە ، بریتی بوو لە " هەڵەبجە ".

لێرەدا بە پێویستی دەزانین چەند پرسیارێك پێشنیار بکەین : ئایا دواکەوتن چی‌یە ؟ چی برووتنەوەی گۆڕان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی دیاری دەکات و چۆن و لە چ چوارچێوەیەك دا ؟

لەوانەیە خوێنەر ـ یاخود کەمال خۆی ـ بلێت ئەم ئاڵۆزییەی بۆچی‌یە : خۆ کەمال هیچی تری نەگووتووە لەو ڕاستی‌یە زیاتر کە هەڵەبجە ئەوەی بۆ سەلماندین ئێمە بە تەق و تۆق نەك ئەوە چەندەها ساڵە هیچمان پێ‌نەکراوە و ناکرێت ، بەڵکو ئەو تەق و تۆقە بوونی میللەتی کوردیشی خستۆتە مەترسی‌یەوە ! ئێمە داوا لە خوێنەر دەکەین بە شێنەیی و وورد ی‌یەوە لەگەڵماندا بێت بۆ ئەوەی پێکرا لەڕێڕەوی شیکردنەوە ڕەخنەییەکەماندا بگەینە دەرئەنجامێك ، هەرچەندە ئەوە گەلێ ئاڵۆزیشە ...

ئێمە لەو بڕوایەداین گیروگرفتەکە نە سەربازی‌یە و نە تەکنیکیشە ، بەڵکو بنەمایی‌یە ، لەسەر ئاستی بنەمای ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ئابووری ـ کۆمەلایەتی ،کە خەست بووەوەی جیهانیی‌یەکی چینایەتی دیاریکراوە ، ئەمڕۆ نەك هەر لە کوردستان ، بەڵکو لە

سەرانسەری جیهان‌دا لە قەیراندایە ، ئەگەرچی تاوەکو ئەمڕۆ توانیویەتی هەمیشە خۆی بەرهەم بهێنێتەوە ، ئەم دووبارە خۆ بەرهەمهێنانەوەیەش هۆکاری بابەتی - مێژوویی خۆی هەیە ، کە بابەتی باسەکەمان نی‌یە *.

وەك گوتمان ، کەمال قەیرانەکە بە قەیرانی شارستانی ، فەلسەفی ، ئابووری شاخاوی دواکەوتووی کۆمەڵگەی کورد دادەنێت . بەو جۆرە گرفتەکە شارستانی ، فەلسەفی ، عەقڵی‌یە . شارستانێتی ئەمڕۆ ، شارستانێتی تەکنۆلۆژیایە ، ئابووری و فەلسەفەی ئەمڕۆش ، ئابووری و فەلسەفەی تەکنۆلۆژیایە ، واتە جیهانی خۆرئاوا ، جیهانی سەرمایەداری ، کە کەمال نێوی " ڕۆحی سەردەم " ی لێ دەنێت . کەواتە گرفتەکە خۆی لە " گۆڕان " دا دەبینێتەوە ، گۆڕانی کۆمەڵگەی کورد بۆ قۆناغی گەیشتن بە پێداویستی‌یەکانی " ڕۆحی سەردەم " ، واتە شارستانێتی سەردەم ، کە بەڕای کەمال تاوەکو ئەمڕۆ کورد لەقۆناغی پێش شارستانێتی‌دا بووە . ئەوەیشی ئەو ڕاستی‌یەی بۆ سەلماندین ، کارەسانەکەی هەڵەبجە بوو ، کە دیاردەی قۆناغی کوردی پێش هەڵەبجە و کوردی پاش هەڵەبجەی هێنایە کایەوە . کەمال دەڵێت : " هەڵەبجە تەنیا قۆناغێکی مێژوویی نوێ لە ژیانی نەتەوەکەماندا تومار ناکات . . . بەڵکو سەرەتای مێژوویەکی نوێ و کۆتایی‌هاتنی مێژوویەکی کۆن - لەسەردەمی دەست پێکردنی مێژووی گەلەکەمانەوە - تا ئەمڕۆ تۆمار دەکات . لە ئەمرو بەدواوە کە باسی مێژووی کورد دەکەین ، دەبێ باسی مێژووی پێش هەڵەبجە و مێژووی دوای هەڵەبجە بکەین ، دەبێ باسی خەباتی پێش هەڵەبجە و خەباتی دوای هەڵەبجە بکەین ، دەبێ باسی کوردی پێش هەڵەبجە و کوردی پاش هەڵەبجە بکەین " . بەم پێ‌یە و لەجیهانبینی کەمالەوە ، مێژووی کورد لەدوو قۆناغدا بەرجەستە دەبێت : قۆناغی پێش شارستانێتی کە کورد پێش هەڵەبجە تیایدا دەژیا ، قۆناغی شارستانێتی‌کە هەڵەبجە پێ‌ی ناساندین و هێشتا کورد پێ‌ی نەگەیشتووە .

ئێمە وای دەبینین بابەت ، بابەتی نییەت پاکی نی‌یە بۆ کورد ، کە کەمال هەوڵی دۆزینەوەی کورتە ڕێگای دابێت بۆ گەیشتن بە ئامانج ، بەڵکو بە تەنێ مەلاس دانی ئایدیۆلۆژیای نوێ‌ی لەدایکبووی ئەورووپی‌یانەی ڕۆشنبیری کوردە بۆ تێگەیشتن لەشۆڕشی ڕزگاریخوازی نیشتمانی ، کە ئەمڕۆ لە قەیراندایە و هەمیشە تیایدا خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە ( بەپێویست قەیرانی ئەلتەرناتیفەکەشێتی ) ! . ئەم ئایدیۆلۆژیایە هەمیشە لە هەوڵی تەم و مژاوی‌کردنی مەسەلەی بنەڕەتی شۆڕشی ڕزگاریخوازی نیشتمانی‌دایە ، لە

---

* داوای بەخشین لەخوێنەر دەکەین ئەگەر تاوەناو بەرەو بابەتی دی بڕۆین ، کە کەم تا زۆر لەچوارچێوەی گشتی بابەتەکەدا خۆی دەبینێتەوە و هەندێ جار دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە بابەتە ڕاستەقینەکە . . .



هەواڵنامەی کتێب

کاتێکدا کە شیکردنەوەی چینایەتی بزووتنەوەی مێژوو دەخاتەوە لاوە و جێگۆرکێ بەزاراوەی گشتی دەکات ، لە کاتێکدا بزووتنەوەی مێژوو بەشێوەیەکی ئەبستراکت ( مجرد )دەخاتە روو ، هەروەکو ئەوەی مەسەلەیەکی قەدەری - غەیبی یاخود تاکی - خودی بێت . لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە شیکردنەوەی ماددییانە نەك هەر میتۆدەکەی کەمال نی یە ، بەڵکو دوژمنیشێتی . .

لۆژیکی نازانستی کەمال ، کە زاڵە بەسەر ووتارەکەی‌دا ، لەوەدایە قەیرانی‌کۆمەڵگەی کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی لە پەیوەندی نێوان کۆن و نوێ‌دا دەبینێ . بەو جۆرەش هەڵەبجە دەبێتە خاڵی جوێ‌کەرەوە . لێرەشەوە قەیرانی گۆڕانی رابردوو بۆ ئێستا ، دواکەوتن بۆ پێشکەوتن ، شاخ بۆ تەکنۆلۆژیا ، مرۆڤی کورد بۆ ئەورووپی دێتە گۆڕێ‌وە و مێژوویش چی‌دی نی‌یە جگە لە سەلمێنەری ئەو گۆڕانە ، ئەڵبەتە بە یارمەتی ئایدیۆلۆژیا کۆنە - نوێ‌کەی گۆرباتچۆف . روون کردنەوەی ئەم پەیوەندی خود بەخودی‌یە، ئەم پەیوەندی بزووتنەوەی بیر لەسەر ئاستی بیرە، ساکار نی‌یە ، چونکە بزووتنەوەی پەیوەندی خودە بە خودێکی دیەوە ، کە لەگۆڕانی بۆ جەوهەرێکی دی ، لە پەیوەندی کاتی و شوێنی - یەکەی/بەکانی بیری لێکچوواوی کەمال دا لەسەر ئاستی بنەماکان خۆی بەرجەستە دەکات .

ناکرێ هەڵەبجە وەك خاڵی وەرچەرخاندنی مێژوویی بە مانای " قۆناغ " لە مێژووی گەلی کورددا سەیر بکرێت . هەڵەبجە تەنیا لەدیدی قەیراناوی بۆرژوای کوردەوە دەکرێت بە خاڵی وەرچەرخاندن لەمێژووی خەباتی رزگاریخوازی نیشتمانی‌دا سەیر بکرێت . هەڵەبجە رووداوێکی چاوەڕوان‌نەکراو ( مفاجأة ) نەبوو لەمێژووی کورددا ، بەڵکو دەرئەنجامێکی لۆژیکی‌یانەی ئایدیۆلۆژیای زەبروزەنگی بەعس بوو ، کە لەرێگای زەبروزەنگی ئایدیۆلۆژیاوە هەڵەبجەی ئەنك ( اغتصاب )کرد - ئەمە سەرباری هەڵەی نەزۆکی مێژوویانەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی - سەربازی نوێنەرانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی‌نیشتمانی لە کوردستان ! ) . چونکە بەعس هەمیشە کوردستانی بە کۆلۆنی‌یەکی ئەزەلی خۆی زانیوە و زەبروزەنگی چینایەتی - نەتەوایەتی خۆی لەرێگای سیاسەتی کۆلۆنیالیستی - فاشی‌یانەوە لە کوردستان‌دا پیادەکردووە .

ئەگەر لە زاراوەی " بیر " لای کەمال ووردبینەوە ، تەنیا دەرئەنجامێکمان دەست دەکەوێت : بەپێویست و بەحەق دەبێت بیری ئەو بخەینە بەر رەخنەی دیالێکتیکی مێژوو ، دیالێکتیکی بزووتنەوەی بیر . کەمال خۆماندووبوونێکی " ئەدەبیانە "ی کردووە بۆ دیاریکردنی رۆڵی بیر لەرێکخستنی هۆشمەندییانەی پەیوەندی نێوان ئامانج و پێ‌گەیشتنی. ئەو میتۆدەش کە گرتوویەتی‌یە بەر بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێکی " زانستی‌یانە " ، لۆژیکێك

هەواڵنامەی کتێب

لە بیرکردنەوە دەگرێتە خۆی کە بە هۆشمەندی‌یەوە یاخود بێ‌هوشمەندی‌یەوە خستوویەتی‌یە بەرەیەکی فەلسەفی‌یەوە لەلێکۆڵینەوە کە ئایدیۆلۆژیای بۆرژوای ئەمڕۆ فەرزاربارێتی ، ئەویش بیری پۆزەتیڤیزمە .

کەمال بیر بەڕێکخەرێکی سەرووی کۆمەڵگە و چینەکان دادەنێت ، نەک لە بنەما بابەتی‌یە ـ مەتریالی‌یەکەیەوە بەرهەم هێنرابێت کە یاسای بەڕێوەچوونێتی ، بەڵکو " بیر " وەکو " بیر " دەبینێت لەسەر ئاستی بزووتنەوە بەرمراوانی‌یەکەی " بیر " . عەقلانی‌یەتی مێژووش لە دەستکردی ئەو " بیر " مە کە شارستانێتی مرۆڤایەتی ئەمڕۆ پێی‌گەیشتووە و کەمال نێوی دەبات " ڕۆحی سەردەم " ـ ئەو عەقلەش کە حوکمی جیهانی ئەمڕۆ دەکات، عەقڵێکی پۆزەتیڤە و هەر تێ‌نەگەیشتنێك لێ‌ی مانای بێ توانایی ئەو " بیر "ـەیە لەئاست تێگەیشتن لە بزووتنەوەی مێژوودا . ئەم چەشنە دیدەش ، بە پێویست ، جڵەوی دەرئەنجامێکمان دەداتە دەست ، ئەویش ئەوەیە : هەر بیرێ نەتوانێت ئەمڕۆ خۆی لەگەڵ عەقلی سەردەمدا بگونجێنێ ، یاخود (بەزمانی ئایدیۆلۆژی) نەتوانێ مێژوو بخوێنێتەوە ، بیرێکی دواکەوتووە . ئەڵبەتە بیری دواکەوتووش ناتوانێت حوکم بکات ، بەڵکو حوکم پێکراوە .

لەم لۆژیکەدا ، ڕەتکردنەوەیەکی سەرسەختانەی عەقلانی‌یەتی زانستی بەدەر دەکەوێت، کە حوکمی عەقلی کەمال دەکات ، بۆ ؟ ئەگەر بزووتنەوەی مێژوو دابڕاو بێت لە بابەتێتی بوونی بنەما کۆمەلایەتی‌یەکان و ململانێ و دژایەتی نێوانیان و نێویان . . دەبێت لە دوا شیکردنەوەدا بیر ـ هوشمەندی ڕەزیل بکەین و دای‌بەزێنینە سەر ئاستی ئەو شتانەی کە چاو دەیان بینێ و گوێ دەیان بیستێ ، ئەویش هیچی دی نی‌یە جگە لە هەوڵدانێك لەلایەن ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی‌یەوە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵ و جیهان و مێژوو لە بنە زەبروزەنگاوی‌یەکەی خۆی‌دا و کۆتایی‌هێنان بە مێژووی ململانێ و دان نان بە واقیعی باودا .

خاڵێکی گرنگی تری شیکردنەوە ، کە ئەمجۆرە جیهانبینی‌یە لەخۆی دەگرێت، بریتی‌یە لە بیری لێکچووناوی ( لێکچوون = تماثل ) کەمال ، ئەو بیرەی هەوڵی دروست کردنی پەیوەندی‌یەکی لێکچووانە دەدات لەنێوان بنەما کۆمەلایەتی‌یەکاندا . واتە لۆژیکی ناوەکی شیکردنەوەی کەمال ململانێ و دژایەتی نێوان بنەما کۆمەلایەتی‌یەکان نی‌یە ، کە ئەمڕۆ لەنوێترین شێوەی دابەشکراوی کاری نێونەتەوایەتی‌دا خۆی دەبینێتەوە ـ ئەڵبەتە مەبەستمان پاش سەرهەڵدانی دیاردەی گۆرباتچۆفە ـ ، بەڵکو لەبیری بەراوردکاری‌یانەی‌دایە لەسەر ئاستی بیر ، لە لۆژیکی لێکچوون لەسەر ئاستی بنەماکان ، گەواهیشی بۆ ئەم تێزە دووفاقەی هەڵەبجە ـ گۆرباتچۆفە ، کە هەر لەسەرەتای بابەتەکەیەوە دەیهێنێ و دەیبا ،

ناوێ بە نۆێیکی سۆراوی ، ناوێ بەزمانێکی ڕەخناوی ، ناوێکی دیش بەدیدێکی فەیراناوی . ئەم هەموو هێبان و بردنەش بۆ سەلماندنی ئەزێکە : جیهانی ئەمڕۆ پێویستی بـــە برۆیسترۆیکا هەیە ، کەوانە کوردیش بە پێویست بێبەری نی‌یە لەم پێداویستی‌یـــــە سەردەمی‌یەی لە جەوهەری پرۆیسترۆیکادا بەرجەستەبووە . کەمال ئەم دەرئەنجامبەندیەشی لەباس کارەساتەکەی هەڵەبجە هەڵهێنجاندووە ، کە لەڕاستی‌دا دەیتوانی هەر لەسەرەتای بابەتەکەیەوە کۆتایی بەباسەکەی بهێنێ .

پاش ئەم سەرەتایە ، تێدەکۆشین لەکۆێ لێکۆڵینەوەکەماندا ، ئەو دوو خاڵـــــە سەرەبی‌بە ستێل بکەینەوە ، وانە دواکەوتوویی و برۆیسترۆیکای کورد . . .

## هەڵەبجە و " برین " لەمێژوو و
## لە پەیوەندی نێوان بیر و بزووتنەوەی مێژوودا

هەروەکو لەسەرەتای چوونە نێو بابەتەکەوە هەوڵی ڕوونکردنەوەیمان دا ، لای کەمال ، ئەو سەی کە کۆمەڵ لە دیاردە جوێ جوێکانی‌دا ڕێک دەخات ، " بیری ڕێکخەر " ە ، وانە ئەو بیرەی بنەما ڕێک دەخات . بەمانایەکی دی ، بزووتنەوەی بیر لەمێژوودا پابەند نی‌یە بە بنەما کۆمەڵایەتی‌یەکەی کە یاسای تایبەتی خۆی هەیە و نەتانەت حوکمی ڕێژەیـــی بەرتوەچوونیسی دەکات ، بەڵکو لەبزووتنەوەی هۆشمەندی‌دا خۆی دەبینێتەوە کە بیـــر ڕۆڵی " برین " دەبینێ .

کەوانە مێژوو لە جیهانبینی کەمالەوە و لەدوا شیکردنەوەدا لەمێژووی بزووتنەوەی بیـــر زیاتر شتێکی دی نی‌یە . ئەو بیرەشی نەتوانێت لە عەقلانی‌یەتی " ڕۆحی سەردەم" بکات ، بیرێکی ناعەقلانی و دواکەوتووە . ئەوسا دەبێت ئێمەش لێرەدا بڵێین ، هەڵەبجە بۆیـــە ( سەردەمێکی سەرلەبەر نوێیە ) ، چونکە بیرێکی وەك بیری کەمالی بەرهەمهێنا .

بۆ هەڵەبجە سەردەمێکی سەلەبەرنوێ نی‌یە ؟ ئایا هەڵەبجە " برین " ی مێژووە لـە قۆناغێکی مێژوویی‌یەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی دی ؟ .

کەمال هەڵەبجەی کردووە بە خاڵی " برین " ێکی گشتی‌یانە : کۆمەڵایەتی ، سیاسیە ئابووری ، ژیاری . . . ، لەمێژووی کورددا ، ئەمەش بۆ هاوتایی‌کردنی بیرە نوێ کـــەی لەگەڵ " بیری نوێ " ی گۆرباتچۆف دا ، کە بەڕای ئەو لەرێگایەوە دەتوانین خۆمـــــان لەگەڵ " ڕۆحی سەردەم "ەکەماندا بگونجێنین و لەو فەرهەنگە مرۆڤایەتی‌یەوە وەڵامـــــی پێویست بۆ قۆناغی دوای هەڵەبجەش بدۆزینەوە .

ئێمە " برین " وەکی بازدانی ( قفزە ) کۆمەڵ لە پێکهاتوویەکی کۆمەڵایەتی‌یەوە بۆ پێکهاتوویەکی دی دەبینین - لەو بڕوایەشدایین کەمال هەمان دیدی بۆ برین هەیـــە -

باشە ! لێرەدا پرسیارێکی زانستی ( بەمانا ئابووری - کۆمەڵایەتی‌یەکەی ) ڕووبەڕووی کەمال دەکەینەوە : ئایا هەڵەبجە کۆمەڵگەی کوردی لە چ پێکهاتوویەکی ئابووری - کۆمەڵایەتی‌یەوە گوێزایەوە یاخود گۆڕی بۆ بنەمایەکی کۆمەڵایەتی دی ؟! بەواتایەکی دی دەبێت چ زاراوەیەکی ئابووری - سیاسی قۆناغی پێش هەڵەبجە و دوای هەڵەبجە لە فەرهەنگی ئایدیۆلۆژی کەمال دا هەبێت ؟.

کەمال گەلێک چاپووکانە وەلامێکی تیۆری بۆ ئەم پرسیارە ئاڵۆزە مێژوویی‌یەی لەبازاری زانستی کۆمەڵایەتی ، ئابووری ، فەلسەفی بۆرژوادا دۆزیوەتەوە و دەڵێت : " مێژووی کورد بەر لە هەڵەبجە : مێژووی شاخە ، شارستانێتی شاخە ، شارستانێتیمان ، شێوەی خەباتمان ، شێوەی خەباتی شاخە ، ستراتیژیەت و تەکتیکمان، ستراتیژیەت و تەکتیکی شاخە " .

بەبڕوای ئێمە ، ئەم زاراوانەی لەم ڕستەیەدا ڕیزکراون ، هەروا ملی بێ‌ناوانی راناکێشن ، واتە هەر زاراوەیەك مەبەستێکی ئایدیۆلۆژی دیاریکراو لەدووی خۆی رادەکێشێ و جیهانبینی‌یەکی تایبەتیش لەپێش خۆی دەستنیشان دەکات . ڕاستە زاراوە بوختکراوە و هاوسانگەری تێڕوانینێکە دەربارەی گرێی دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان ، کە یارمەتی‌یەکی میتۆدیمان دەدات بۆ تێگەیشتنی مەسەلە تیۆری‌یەکان . ئاشکرا و ڕوونیشە ، هەموو زاراوەیەك هەڵگری کاراکتەری جۆرێکی تایبەتی‌یە لە جیهانبینی‌یەکی کۆمەڵایەتی ، کە مەبەستێکی سیاسی و زانیاری‌یەکی دیاریکراوی هەیە . هەڵس و کەوت کردنیش لەگەڵ زاراوەدا ، لە هەموو کارێکی زانستی‌دا ، دەبێت ڕەخنەییانە بێت . میتۆدی زانستی ڕەخنەییش هەوڵ دەدات ڕەگە ئایدیۆلۆژی‌یەکانی زاراوە و ئەرکە کۆمەڵایەتی‌یەکەشی لە پراکتیزی سیاسی‌دا دەربخات .

ئەوسا بابزانین کەمال دەیەوێت چیمان پێ‌بڵێت : مێژووی کورد ، مێژووی شاخە، چونکە شارستانێتیمان ، شارستانێتی شاخە ، ئەمەش پابەندی فەلسەفەی شاخاویانە، کە جۆرێکی تایبەت لە شێوەی خەباتی بۆ دیاری کردووین ، ئەویش شێوەی خەباتی شاخە ، تاکتیك و ستراتیژیشیمان ، زادەی ئەو شێوە خەباتەیە . . .

ئەمە کۆی بیری کەماڵە ، کە لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێزە ، قەیرانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی نیشتمانیمان لە کوردستان بۆ دیاری دەکات . . . گەواهیش : ئەڵبەتە هەڵەبجەیە !

کەمال درێژەی پێدەدات و کرۆکی بیری خۆی بەشێوەیەکی بێ‌فازانە دەخاتە بەردەستمان و دەڵێت : " بەکورتی دەڵێم : هەڵەبجە بە سەختی و بەخەستی ئەو ڕاستی‌یەی بۆ سەلماندین کە ئەمڕۆ سەردەمی مرۆڤ نی‌یە ، سەردەمی ئالەیە. ئەمڕۆ

ئالەت بەسەر مرۆڤدا زاڵە . ئەمرۆ ئالەت ژیانی مرۆڤ و مێژووی مرۆڤ دیاری دەکات ، ئەمرۆ ئالەت مان و نەمانی گەلان و کۆمەڵان بڕیاردەدات ، مەبەستم لە ئالەت تەکنەلۆژیایە "* . ئەم قەیرانەش بەڕای کەمال سەرچاوە لە نامۆیی عەقڵیەتی کوردەوە بەرامبەر بە " ڕۆحی سەردەم "ەکەی خۆی هەڵدەگرێت ، ئەوجا لەبەر ڕۆشنایی ئەم " ڕاستی " یەدا داوامان لێدەکات لە " یاسای ڕۆژگارەکەمان " ، ئەوەی" فەیلەسوفەکان ناویان لێناوە ڕۆحی سەردەم " تێبگەین .

لەکۆتایی ئەم سەرەتایەدا ، پرسیارە قووتبووەکان بریتین لە :

ئایا ڕۆحی سەردەمەکەمان چییە ؟

ئایا هەڵەبجە چیمان دەربارەی ڕۆحی سەردەمەکەمان بۆ دەردەبڕێ .

دژە پرسیاری ئێمەش ئەوەیە : ئایا کەمال دەیەوێت چیمان پێ بڵێت ، چ " ڕاستییەکی نوێ " ی خستۆتە بەر دەستمان تاوەکو کوردی دوای هەڵەبجە لەگەڵیدا بکەونە مست و مڕی مێژوویی‌یەوە ؟

---

* لەڕاستیدا ئەم بابەتەی لێرەدا کەمال بەلامارىداوە سەربەستێتی لێکۆڵینەوەی خۆی دەوێت . بەڵام لێرەدا و لەپەراوێزی بابەتەکانمدا مەبەستمانە ئەوە ڕوون بکەینەوە ، کە ئێمە ئەم دیدە نەك هەر ڕەت دەکەینەوە و بەدوژمنی سەربەخۆیی زانستی و بەرهەمی مرۆڤایەتی دادەنێین . لەکاتێکدا کە کەمال ڕۆڵی مرۆڤی لەپرۆسە مێژوویییەکەی ڕووت کردۆتەوە و لەلایەك تەکنیکی کردووە بە بەڕێوەبەری ویستی " مرۆڤ " و لەلایەکی دیکەوە بە تێکشکێنەری خواستی مێژوویی - بەڵکو ترسناکییەکی زلی لە هەناوخۆیەوە داویشتە تێدا دەمێنێ کە ئەمرۆ بەرهەمێکی شاکارانەی ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازییە ، ئەویش بیری پۆزەتیڤیزمە ( وضعية ) بەرامبەر بە جیهان . کرۆکی ئەو فەلسەفەیەش ، ملکەچ کردنە بۆ پێداویستی ناعەقڵانییەتی ئەمرۆی جیهانی تەکنۆلۆژیای سەرمایەداری . کاتێك کەمالیش کە تەکنۆلۆژیا لەمڕۆوە دەکات بە هۆکار ، لەخودەوە دەکات بەجەوهەر ، لەڕووتکردنەوەیەکی ڕووتی ( مجرد ) ڕەهەندی ( بُعد ) وێرانکاری جەوهەری چینی باڵادەست و بەشت کردنی ( تشيء ) زەبر ( اكراه ) ی چینایەتییان زیاتر هیچی دی نییە . کەواتە مەبەست لێرەدا بەپێویست شێواندنی جەوهەری پەیوەندییەکانە ، کاتێك کە ( تاوانەکە ) لە چۆنایەتی پێکهاتووی ئەو سیستەمە نەبێت ، بەڵکو کەمال گوتەنی لەو کەرەسانەیە کە بەدەستیانەوەیە - کاتێ خۆی کرێکارانیش لەئەوروپا وایان دەزانی تاوان لە کەرەسەی بەرهەمهێنانە بۆیە هەڵدەستان بە تێکشکاندنیان - ئەمەش لەپاساودانێکی ( تبرير ) ئایدیۆلۆژییانەی ناوەڕۆکی وێرانکاری بەربەریی سیستەمی سەرمایەداری زیاتر هیچی دی نییە !.

قەیرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لەکوردستان ـ لەلۆژیکی کەمالەوە ـ قەیرانی عەقڵی کوردی‌یە ، عەقڵی کوردیش ، عەقڵێکی دواکەوتووە ، بەڕێژەی دواکەوتنی بەرامبەر بە عەقڵی تەکنۆلۆژیا : " ڕۆحی سەردەم " یا " ڕۆحی تەکنۆلۆژیا " یا " عەقڵی سەردەم " ، نەزۆکی ئەم عەقڵەش لەدواکەوتوویی بنەما پێکهاتووەکانێتی لەڕێژەی نەبوونی " دەسەڵات " ی لە چوارچێوەی توانای عەقڵی سەردەمەدا . *

دان نان بە عەقڵانی‌یەتی تەکنۆلۆژیادا بە تەنێ ، وەڵامێکی دۆگماتیکی‌یە بۆ " ناعەقڵانی‌یەتی سەردەمی تەکنۆلۆژیا " ، کە کەمال بەئاشکرا نوێنەرایەتی ئەو ڕێبازە دەکات . ڕێبازی ناعەقڵانی ئەویش لە داواکردنی‌دایە بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە واقیعی باوی ( نا ) عەقڵانی‌یەتی تەکنۆلۆژیا ، کە هەر بەخودی خۆی بەرهەمهێنەری بیری ناعەقڵانی‌یە لەلایەك و لەلایەکی دیشەوە یەکێکە لە بەرهەمهێنەرەکانی ناتەبایی پێشکەوتن بەهێشتنەوەی " دواکەوتن " لە وڵاتانی تەوەردا ** ، کە کەمال خۆی سەر بە یەکێك لەو وڵاتە بەدواکەوتوویی هێشتراوانەیە ، کە عەقڵیان بەرامبەر عەقڵی " ڕۆحی سەردەم " بە عەقڵێکی دواکەوتوو دەزانێت ! " . هەڵەکردنیش لە پێکاندن لای کەمال لەوەدایە ، لەبری ڕەتکردنەوەی بنەمای باو و بیری باو ، بانگداشتی خۆ بەلایەنزانی‌ی دەکات و " نابووری شاخ " و " فەلسەفەی شاخ " و " مێژوو و شارستانێتی و شێوەی خەباتی شاخ " ڕەت دەکاتەوە ! .

بەکورتی لەدیدی کەمالەوە ، بناغەی ئەو قەیرانە لە نامۆیێتی بنەمای عەقڵی کوردەوە هاتووە بەڕێژە وەرگرتن لەگەڵ " ڕۆحی سەردەم " کە " عەقڵانی‌یەتی تەکنۆلۆژیا " دەگەیەنێت ، نەك لە تایبەتێتی مێژووییانەی واقیعی کۆلۆنی کوردستانەوە کە جیهانی کۆلۆنیالیستی لە ڕووی مێژوویی‌یەوە هۆکاری دروستکردنێتی ، لەم سەردەمەشدا " سەرمایەداری مۆنۆپۆل " نوێترین دابەشکردنی کاری جیهانی دروستکردووە ، کە لەدوو جیهانی ئیمپریالیزم بە " تەکنۆلۆژیا " کەیەوە و جیهانی کۆلۆنی بە " دواکەوتوویی " یەکەیەوە پێك دێت .

کەمال لەبری گەڕان بۆ وەڵامی پرسیارەکان لە هەناوی کۆمەڵگەی کورد و شێوەی بەرهەمهێنانی کۆلۆنیالیستی لەکوردستان ، کە بەرهەمهێنەری دواکەوتنە و شوێنەواری لە چوارچێوەی دابەشکردنی کاری جیهانی‌دا هاتووە ، لە قەیرانی " بیر " دا بۆی

---

* ئەم تێزەش " نیتشە " فەیلەسوفمان دەهێنێتەوە یاد ـ کە نوێنەری سەرسەختی فەلسەفەی ناعەقڵانی ئەورووپی‌یە ـ لەپەیوەندی بەبابەتی " توانا و دەسەڵات " دا .

** ئێمە زاراوەی تەوەر ( محیط ) لەبری " جیهانی سێیەم " بەکاردەهێنین ، کە بەرامبەر بە ناوەند ( مرکز ) کە وڵاتە ئیمپریالیزمی‌یەکانە .

دەگەڕێت ، لەسەر ئاستی لێکچوونی بنەمایی ، ئەوەی هەر هەموو لۆژیکی کەمالی فانگداوە ، لەو ڕوانگەیەسەوە دواکەوتنی شیکردونەوە و دەڵێت : ئێمە لەڕۆحی سەردەم نامۆین . بەم بێبەس " ناوانەکە " دەخاتە ئەستۆی مرۆڤی کورد ، چونکە بێتوانایە لەئاست خۆگونجاندن دا لەگەڵ " ڕۆحی سەردەم " . لەژێر تیشکی ئەم ڕوشنایی یەشدا ، پەیامی خۆگونجاندن و لاسایی کردنەوەی جیهانی پێشکەوتووی بۆ هێناوین . لێرەدا بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕێتری لۆژیکی کەمال ، ئەم هاوکێشەیە دەخەینە ڕوو :

* بیری ئێمە ، بیری سەردەم نی یە . . . خرایە !
* خەباتی ئێمە لە خۆگونجاندنی عەقڵماندایە لەگەڵ عەقلانی یەتی " ڕۆحی سەردەم " دا . . . . باشە !

قەیرانی بیر بە تەنیا قەیرانی بیر نی یە ، بەڵکو دیاردەی قەیرانی بنەمایە ، کە ئەو بیرە قەیراناوییەی بەرهەمهێناوە . دیدی نامێژوویی کەمالیش لەنێکەڵاوکردنی هۆ و هۆکاردایە ، کە زاڵە بەسەر لۆژیکی شیکردنەوەکەیدا ، وە بریتی یە لەوەی : دواکەوتوویی ئێمە بەرهەمهێنەری واقیعی دواکەوتنە لە کوردستان ، واتە لەبەر ئەوەی ئێمە بیرمان دواکەوتووە ، بۆیە دواکەوتووین .

لەبەر ڕۆشنایی ئەو شیکردنەوەیەی سەرێ و بۆ پتر تێگەیشتن لە بیری کەمال ، بە پێویستی دەزانین ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی دیاردەی " دواکەوتن " بدەین بەدەستەوە ، داوا لە خوێنەرانیش دەکەین ئێستێکی تیۆرییمان لەگەڵدا بکەن بۆ ئەو مەبەستە . هەرچەندە لێرەدا مۆڵەتی لێدوانێکی تێروتەسەلمان دەربارەی ئەو بابەتە ئاڵۆزە نی یە ، بەڵام بۆ ئەوەی پەردە لەڕووی ئەو ڕاستی یە هەڵماڵین کە کەمال نەك هیچ ستێکی سوێی نەهێناوەتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی " زانستی " یەوە ، بەڵکو بیری ئەو ڕادێکی " نەوەربیانەی " ئایدیۆلۆژیا ڕۆژئاوایی یە ئیمپریالیزمی یەکەیە ، بەپێویستی دەزانین خۆمانی لێ بدەین .

ڕابوردوو ، ڕابوردووە . لەلایەکی دی یەوە لای مرۆڤی کورد ئێستایە . ئەمە ژانە ! گەر ڕابوردووین لەئێستادا بژی ، ئەوا لەخودی خۆی نامۆیە ! ئەمەش لەبارچووەکەیە - کە هەلەفجەی هێنایە بەرهەم - ! . ئەمە لۆژیکی " ڕۆحی سەردەم " ە ، کە کەمال لەلای مرۆڤی کورد بە قەیرانی سەرەکی دادەنێت ، لەهەمان کاتیشدا هۆکاری دواکەوتنە . دواکەوتنیش لە لۆژیکی کەمالەوە ( نەخوازەڵڵا ) ئەوە نی یە کە عەقلی کورد لەبناغەوە دواکەوتوو بێت ، بەڵکو ئەو دواکەوتنە لەنامۆبوونی یەتی لە " سەردەم " ، واتە مرۆڤی کورد " عەقڵی سەردەم " ی نی یە ، عەقڵی ناسەردەمیش لەسەردەمی پێشکەوتن : تەکنۆلۆژیادا ، بەپێویست عەقڵێکی دواکەوتووە ، نامۆیە ، نەزۆکە ، بێ هێزە ، لەکۆتاییشدا تێکشکاوە .

بە واتایەکی دی ، کەمال دەیەوێت پێمان بڵێت : ئێمە دواکەوتووین ، چونکە بیرمان بیرێکی دواکەوتووە ، دواکەوتوویی بیریش ، واتە نەژین لەڕۆژگاری " ڕۆحی سەردەم - تەکنۆلۆژیا " یە . دووبارە هەڵبەجە مۆری ڕاستێنی نێزەکەی کەمالە !

ناعەقلانی‌یەتی بیری سەردەمی عەقلانی تەکنۆلۆژیا بریتی‌یە لەوەی کە جۆرە لێکدانەوەیەکی ( تفسیر ) مێژوویی بەشێوەی پەیوەندی بیر بۆ بیر لەسەر ئاستی‌پەیوەندی لێکچوونانەی بنەماکان دەهێنێتە بەرهەم . لەسەر ئاستی بەراوردکردنی پێکهاتووە عەقڵی‌یەکانی دوو بنەما کەلە یەکەیەکی پەیوەندی وابەستەیی‌دا پێکەوە دەژین ، تیایدا ئەم دروستکەری ئەوی دی‌یە و ئەوی دیش وابەستەی ئەمە ، واتە لەپەیوەندی‌یەکی هۆکاری‌دان . کۆمەڵناس و مرۆڤناس و ئابووری‌ناس و . . . ەکانی " کۆمەڵگەی خۆش گوزەر " ( مرفه ) ، هەر لەسەرەتای سەردەمی پەل‌هاویشتنەوە - بە شێوە کلاسیکی‌یەکەی : کۆلۆنیالیزم ، تاوەکو ئەمڕۆ - بەشێوە نوێکەی : ئیمپریالیزم ، لەهەوڵدان‌دابوون " دیاردەی " دواکەوتن وەکو پەیوەندی بێتوانایی بیر لە چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا دیاری بکەن ، لەهەمان کاتیشدا خۆشی بە نموونەی مێژوویی دەهێننەوە بۆ چارەسەرکردن و دەربازبوون لەو " بازنە ئەهریمەنی‌یەی " پێی دەگوترێت دواکەوتن . منالەکانی ئەم "پیاوە پیرە" ( لێرەدا مەبەست زاراوەکەی هیگڵە کە کۆمەڵگەی سەرمایەداری و شارستانێتی کریست بە " پیر " لەقەڵەم دەدات لەرووی پێگەییوی عەقلانی‌یەوە )و دەلالە ئایدیولوژی‌یەکانی " کۆمەڵگەی کالا " (مەبەست کۆمەڵگەی سەرمایەداری‌یە ) کاتێک لە دواکەوتن دەکۆڵنەوە ، بیر یاخود هوشمەندی مرۆڤ بە فاکتۆری بنەڕەتی بۆ پێشکەوتن دادەنێن و پێشکەوتن و گەشەسەندن لەدووتوێی عەقڵی مرۆڤەوە دیاری‌دەکەن .

دۆگمایی ئەم تیۆرە بۆ دیاریکردنی ڕەهەندی (بعد ) مێژوویی دواکەوتن، تەنیا بریتی نی‌یە لەوەی کە لەبیرێکی ئایدیالیستی‌یانەی ئەورویی - کریستی‌یەوە لەو دیاردە مێژوویی‌یە دەکۆڵێنەوە ، بەڵکو ترسناکی‌یەکیشی لەدووی خۆی ڕاکێشاوە و ڕادەکێشێ ،کە ئەویش خۆی لە بە ئایدیۆلۆژی‌کردنی ئەو بیرەدا دەبینێتەوە ، لەکاتێکدا بیر یاخود هوشمەندی بە فاکتوری بنەڕەتی " پێشکەوتن " دادەنێت . واتە پرۆسەی پێشکەوتن دەبەستێتەوە بەتوانای ئەو بیرە لەخودی خۆی‌دا ، ئەمەش بەپێویست دیاردەیەکی ئیمپریالیزمی - لەرووە ئایدیۆلۆژی‌یەکەوە - خستۆتەوە کە پێی دەگوترێت : ڕاسیزم .

شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی ئەم میتۆدە ئایدیالیستی‌یەدا ، سەرچاوە تیۆری‌یەکەی لەوەوە هەڵدەگرێت کە پرۆسەی پێشکەوتن لەپلەی یەکەمدا لەبازدان-

---

* زاراوەی مارکۆزەیە بۆ دەست نیشانکردنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە نێوەند .

گۆڕینی ـ جوانایەتی عەقڵی مرۆڤدا دەبینێ و دیاری دەکات ، کە بێگومان لەگۆشەنیگای بیری ئەوانەوە لەسیستەمی سەرمایەداریدا ، دەقە عەقلانی یەکەی خۆی وەردەگرێت . ئەڵبەتە خۆراکی ئایدیۆلۆژی ئەم جیهانبینییەش ، " زانست " ە ـ " تەکنۆلۆژیا " یە .

کەمالیس هەوڵ دەدات بە زمانێکی (نا) عەقلانی سەردەمییانە ڕەخنە لە " فەلسەفەی شاخ " و " ئابووری شاخ " بگرێت ، بەڵام لەبری ئەوەی بەدوای هۆکارە مادییە مێژووییەکاندا ـ کە ئەڵبەتە لەبنەمای کۆلۆنی کوردستاندا خۆی بەرجەستە دەکا ـ بگەڕێت و دواکەوتن شی بکاتەوە و لەسەر ئەو بناغەیەش ستراتیژ و تاکتیکی زانستی ڕەخنەیی دابنێت ، هاتووە نەک هەر بەهەمان کەرەسەی ئایدیۆلۆژی بۆرژوای نێوەند دواکەوتنی شیکردۆتەوە ، بەڵکو بڕێک دابەزیوە و بە کەرەسەی ئایدیۆلۆژی کۆلۆنیالیستەکانی تەوەر ( مەبەست وڵاتە کۆلۆنیالیستییەکانی کوردستانە ) لەگرتنە مێژوویی وکۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیارییەکانی کۆمەڵگەی کورد دواوە . هەروەکو ئەوان کە کورد لە تورکیا بە تورکە " شاخاوییەکان " و لەئێران بە فارسە " شاخاوییەکان " و لەوڵاتە عەرەبییەکاندا بە عەرەبە " ساخاوییەکان " لەقەڵەم دەدرێت ، ئاواش کوردێک خۆی بانگەوازی ساخاوییەتی کوردی بڵاوکردۆتەوە ، ئەوجا چ خزمەتێک لەوە چاکتر دەبێت !

دواکەوتن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بۆماوەیی نییە کە ئێمە لەکۆنەوە وەرمان گرتبێ و ئێستاش کۆن بێت ، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ـ ئابوورییە و پابەندی بنەمای ئەو کۆمەڵگایانەیە کە پێیان دەگوترێت کۆمەڵگەی دواکەوتوو . دواکەوتوویی ئەم کۆمەڵگایانەش پابەندی وابەستەیی بنەماییانە ئیمپریالیزمە ، کە لەلایەک پەیوەندی بەرهەم هێنانی لەسەر حیسابی بەدواکەوتوویی هێشتنەوەی ئەو وڵاتانە ، لەنوێکردنەوەدایە ، لەلایەکی دیسەوە مەبرانەکانی خۆی لەوێ بەتاڵ دەکاتەوە . ئەمەش واتە تەوەر ـ نێوەند ، هەژار ـ دەوڵەمەند ، دواکەوتوو ـ پێشکەوتووە . لەبەر ئەوە دواکەوتن پێشکەوتنێکی ناتەواو نییە ، بەڵکو پێشکەوتنێکی چەواسەکراوە ، کە بەڕوونی خۆی لەهەمیشە بەهەژارکردنی کۆمەڵانی خەڵك لەجیهانی تەوەردا دەبینێتەوە ، ئەمە سەرباری دەوڵەمەندی سامانی ئەو وڵاتانە .

ڕزگاربوون لە دۆخی کۆلۆنی ، کە بەخودی خۆی دواکەوتن وەکو پێکهاتوویەکی بنەمایی دروست دەکات ، پرۆسەیەکی مێژوویی بە و پێویستی بەدژەبیر هەیە ، دژە بیرێ کە لەهەناوی ئەو پێکهاتووە مێژووییەوە هەڵقوڵابێت ، نەک لەسەر ئاستی بیر ڕەتی (رەش) بیرێ بکرێتەوە ولە چوارچێوەی بیری تاکێتی بمێنێتەوە . بۆ ڕزگاربوون پێویستە دژە پراکتیکی ڕەخنەییانەی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای باو پێڕەوی بکرێت ، واتە شیکردنەوەی لۆژیکی بنەما و سیستەمی پەیوەندییەکانی . ئەم کارەش لەکوردستاندا ، تەنیا لە

تێگەیشتن و دیراسەی ڕەخنەیی بنەمای ئەو واقیعە بابەتی‌یە مێژوویی‌یە جوێ‌یەدا خۆی دەبینێتەوە کە پێی دەگوترێت : کۆلۆنی . هەموو ڕەخنەیەکیش گەر لەبەرەی دژە بنەمایی‌یەکەوە دروست نەبێ و هەڵتەکاندنی ئەو بنەما کۆلۆنی‌یە چەکی ڕەخنەی نەبێت ، مانای پوچێتی‌یەتی ، چونکە بەپێویست لەبەرەی بیری باودا خۆی دەبینێتەوە ، کە جگە لەدووبارە بەرهەمهێنانەوەی بیری قەیراناوی بۆرژوا و بەهەمیشەیی‌کردنی پەیوەندی بەرهەمهێنانی کۆلۆنیالیستی ، هیچی دی بەرهەم ناهێنێ .

کۆن ئەوەیە کە بووە و تاکو ئێستا لەژین‌دایە ، نوێش ئەوەیە کەدێت و لە گەشەسەندن‌دایە ، بزووتنەوەی گەشەسەندنی مێژوویش ، بزووتنەوەی گەشەسەندنی بەردەوامێتی کۆن بۆ نوێ‌یە ...

کەمال دەڵێت : " پێویستیمان بەپێداچوونەوە و داڕشتنەوەیەکی تەواوی مێژووی ڕابردووشمان هەیە ، تا بتوانین لەجیاتی پچڕان و دابڕان ، پێکەوەلکان و گرێدان و هاوهێزی لەنێوان دوێنێ و ئەمڕودا دروست بکەین ، بناغەیەکی پتەوی کار و خەبات بۆ سبەینێمان فەراهەم بکەین "

کەمال داوای گۆڕانی بیر دەکات لەسەر ئاستی بیر ، لەسەر ئاستی شمولی‌یەتی - بەرفراوانێتی بیر ، دیالۆگی بیر ، کە جێگەی بیری کۆن بگرێتەوە ، بێ ئەوەی هیچ دژایەتی‌یەك لەنێوانیان‌دا ببینێ لەڕووی بنەمایی‌یەوە ، خۆ ئەگەر بیشی‌بینێ ئەوە لەسەر ئاستە زەمەنی‌یەکەی سەیری دەکات . ئەو گۆڕانەی کەمالیش داخوازێتی،بەتەنێ لە پەیوەندی‌گەشەسەندنی‌بیردا خۆی دەبینێتەوە ، کە پەیوەندی نێوان کۆن و نوێ ، ڕابوردوو و ئێستا - داهاتوو ، دواکەوتن و پێشکەوتن ، دیاری دەکات . بۆیە بەڕای کەمال " ئەم ڕەوتە مێژوویی‌یە : ڕەوتی پێداچوونەوەی ڕابردوو و داڕشتنەوەی ئەمڕۆ و دروست کردنی بناغە و هەلومەرجی نوێ بۆ بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی سبەینێ : سەدەی بیست و یەکەم" پێداویستی‌یەکە کە لە " زۆربەی وولاتانی دنیادا ، چ سەرمایەداری چ سۆسیالیستی ، بۆ مەبەست و ئامانجی جۆراوجۆر ، بەڕێگا و بۆچوونی جۆراوجۆر ، خۆی سەپاندووە و چەسپاندوە . "

کەمال پەیوەندی لەنێوان ڕابوردوو و ئێستا ، کۆن و نوێ ، لەکۆتایی‌دا دواکەوتن و پێشکەوتن ، لەبیری مرۆڤی کورددا و لەجیهانبینی‌یەکی نامێژوویانەوە دەردەخات . هەڵهێنجاندنی ئێمە بۆ ئەوەی ئەو دەیەوێت بیڵێت ، بەم شێوەیە :

گرفتی کورد لەدواکەوتوویی‌یەتی ، لەتێڕوانینی نامێژوویانەیەتی بۆ ڕابوردوو و ئێستا ، چونکە هۆی ئەو دواکەوتنە - تێکشکانە ، لەسەربەستێتی هێزی ڕابوردوو لە ئێستادایە . کەواتە بەپێویست ڕابوردوو دەبێتە هێزێکی سەربەست لە ئێستا . ئەو هێزەش، هێزێکی

هەواڵنامەی کتێب

ڕێگرە . بیری کۆنی کورد لەئێستادا زیاویش ، نامۆیە (مغترب) بەئێستا: " ڕۆحی سەردەم " . بەم پێیە لەدیدی کەماڵەوە ، فەیرابی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیش هەر لێرەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت .

پەیوەندی نێوان کۆن و نوێ ، ڕابوردوو و ئێستا ، دواکەوتن و پێشکەوتن ، لە پەیوەندییەکی خود بە خوددا خۆی نابینێتەوە ، وە یا لەپەیوەندییەکی زەمانیدا ، واتە کە ئێستا جەوهەر بێت و ڕابوردووش خود بێت ، یاخود لە پەیوەندییەکی سوێنی ( مكاني ) دا ببینرێت ، کە ئەویش لەپەیوەندی نێوان ئەوان ، واتە ئیستا ، واتە ئێرەی پێشکەوتوو ، لە دەرئەنجامدا واتە جەوهەری ئاکتیف و ئیمە ، واتە ڕابوردوو، واتە ئەوێی دواکەوتو ، لەدەرئەنجامدا واتە جەوهەری پاسیف .

بۆ هەڵسەنگاندنێکی تێر و تەسەلتری بیری کەمال و تێگەیشتن لە بنەما لۆژیکییەکەی بەپێویستی دەزانین لەم بوارەدا ئێستێکی فەلسەفی کورت بکەین بۆ خستنە بەردەستی سەرمایەکی کورت و خێرا دەربارەی پێشکەوتنی " عەقڵ " لای ( هیگڵ ) .

بەڕێوەبەری پرنسیپی مێژووی جیهان لای هیگڵ ، بریتییە لە عەقڵ ، ئەو عەقڵەی کە لەسێ قۆناغ دا خۆی بەرەو کامڵ بوون گەیاندووە . واتە مێژوو لای هیگڵ بریتییە لە بەردەوامێتییەك لەبەرەو باشتربوونی دۆخی جیهان . هیگڵ ئەم کۆنسێپتەی لە سێ کوچکەی بیرە فەلسەفییەکەیدا دەربارەی فەلسەفەی مێژووی جیهان دەربڕیووە و مێژووی جیهان بەم شێوەیەی خوارەوە شی دەکاتەوە :

١- سەردەمی یەکەم : کاتێك چاو لەعەقڵی ئەم سەردەمە بکەین و لێی ووردبینەوە، ئەوا دەتوانین لەگەڵ عەقڵی " منال "دا بەراوردی بکەین . لەم سەردەمەدا ، ئەوەی پێی دەوترێت یەکێتی عەقڵ لەگەڵ سروشت دا ، کە بە بەرجەستەکراوی لە جیهانی خۆرهەڵاتدا دەیبینین ، بالآدەستە .

٢- سەردەمی دووەم : پەیوەندی دووەمی عەقڵ بریتییە لە جیابوونەوە ، واتە ڕەنگدانەوەی عەقڵ بۆ نێو خۆی Der Reflexion des Geistes in sich . هێگڵ ئەم پەیوەندییە دەکات بەدوو بەشەوە : یەکەمیان بریتییە لەسەردەمی گەنجێتی عەقڵ کە لەجیهانی یۆنانیدا خۆی بەرجەستە دەکات . دووەمیان بریتی بەلەسەردەمی ( پیاو )ێتی عەقڵ کە خۆی لەجیهانی ڕۆمییەکاندا بەرجەستەدەکات .

٣- سەردەمی گێرمانییەکان ، واتە جیهانی کریست . گەر مرۆڤ بیتوانیبایە لێرەدا عەقڵ لەگەڵ تاك دا بەراورد بکات ، دەبایە ئەم سەردەمەی بەنێوی تەمەنی پیرێتی عەقڵ ناوبنابایە . ئەم بیرییەش ( کامڵبوونەش ) واتە پێگەیشتنی عەقڵ

لە مێژوو ، کە لە بەخوابیکردنی دەوڵەتی پرویسییەکاندا لای هیگڵ دەگاتە لووتکە .

ئەو میتۆدەی بیری کەمالی لەهەناوی خۆ گرتووە ، بریتییە لە میتۆدێکی هیگڵییانە. کاتێک هیگڵ " کۆمەڵگەی خۆرهەڵات " بە کۆمەڵگەی منداڵ لەئاستی پرۆسیسی پێگەیشتنی عەقڵدا لەقەڵەم بدات ، تەنانەت بەتەنێ بە " سروشتێکی ڕووت " ی ببینێ ، چونکە هێشتا عەقڵ لەوێندەر سەربەستێتی خۆی وەرنەگرتووە ؟! ئەوا کەمالیش هەمان دیتنی مێژوویی یانەی بە فۆرمێکی دی دووبارە کردۆتەوە ، بەڵام بە زمانە " ڕەسەنە " خۆرهەڵاتییەکە، کاتێک دەڵێت : " شارستانی کورد ، شارستانی شاخە ". ئێمە لە پاشاندا بەشێوەیەکی چڕتر لەم خاڵە دەدوێن ، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ڕوونیبکەینەوە، ئەو عەقڵە ئاکتیڤەیە کە شارستانی کریست ـ کەپیتالیزم پێی گەیشتووە و کەمالی خستۆتە بەرمەیەکی بیریی ئەوتۆوە ، کە تەنانەت بوختان بەناوی مارکسیسەوە بکات و بڵێت : " هەروەکو مارکس ڕوونیکردۆتەوە ، شێوەی سەرمایەداری لەڕووی بەرهەم هێنانەوە خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕی هەیە کە هەمیشە لەخۆ نویکردنەوەدایە " . ئەمە کاتێک ڕاستە کە لەشوێنی خۆیدا بەکاربهێنرێت ، نەک بۆ پینەکردن . لەبەر تەسکی بوار ئێمە دەتوانین هێندە بڵێین : کاتێک سەرمایەداری چووە قۆناغی کۆلۆنیالیزمەوە ، خەسڵەتە شۆڕشگێڕییەکەی خۆی دایە دەست بەربەرییەتی مێژوو ، کەپێی نایە قۆناغی ئیمپریالیزمیشەوە بووە دوژمنی بزووتنەوەی مێژوو .

ئەمڕۆکە سیستەمی سەرمایەداری لە نێوەند لە دینامیزمی خۆ نویکردنەوەدایە، یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی بریتییە لەجیهانی تەوەر ، کە تاکو ئەمڕۆ توانیویەتی قەیرانەکانی خۆی لەوێندەر ( لە تەوەر ) بەتاڵ بکاتەوە . . . . ئەم پەیوەندییە ناتەبایی یەی پێشکەوتن لەنێوان تەوەر و نێوەنددا ، یەک دەرئەنجامی هەبوو ، ئەویش پێشکەوتنی نێوەند لەپرۆسەی خۆنویکردنەوەدا لەسەر حیسابی پێشکەوتن-ڕاستتر دواکەوتن-لەتەوەردا بووە ، ئەوەتا کەمال خۆیشی نەیتوانیوە لەو ڕاستییە خۆی بدزێتەوە و پەنجەی بۆ قەرزە کەڵەکانی جیهانی تەوەر ڕاکیشاوە ، کە یەکێکە لەدەرئەنجامەکانی . . .

بەپێویستی دەزانین دووبارە بگەڕێینەوە بۆ هاوکێشەکەی پێشووی کەمال . ئێمە گوتمان کەمال ئەوان بە ئێستا دادەنێت ، ئەمەش واتە ئێرەی پێشکەوتوو،لەکۆتاییدا واتە جەوهەری ئاکتیڤ : ڕۆحی سەردەم . ئێمەش بە ڕابوردوو دادەنێت ، واتە ئەوەی دواکەوتو،لە دوائەنجامدا واتە جەوهەری پاسیڤ .

پەیوەندی پێشکەوتنانەی خود بریتی نییە لەگۆڕانی شوێنی ( موقعیەتی ) خود لە خودی خۆیەوە بۆ جەوهەرێکی دی ، کە لەبناغەدا دروست کەری ئەو خودەیە کەمال ئەمڕۆ

ڕەنی دەکاتەوە و دەچێت بۆ جەوهەر . ئەو جەوهەرەیش ، جەوهەری خودێکە کە زینی خۆی لە پەیوەندی زەمانی و شوێنی خۆی و لێکنەچوونی زەمانی و شوێنی ئەوانی دیدا دەبینێتەوە و هەوڵ دەدات ئەو ماوە (مسافة) زەمەنی یە هەمیشە گەورەتر بکات لەسەر ئاستی مێژوویی و ماوەی شوێنیش تەنیا لەبەرژەوەندی پێشکەوتنی خودی خۆیدا کەمکاتەوە.

لۆژیکی ئایدیالیستی کەمال ، بزووتنەوەی جەوهەری مێژوو لە ململانێی نێوان بنەماکاندا، لەشێوە جیاکانی پەیوەندی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی دا نابینێ ، کەزەمەنێکی دیاریکراو لەمێژوو دیاری دەکات و پێی دەگوترێت قۆناغ و لەم سەردەمەی تیایدا دەژین جۆرێکی تایبەتی لە دابەشکردنی کاری جیهانی هێناوەتەوە بەرهەم ، کەپێی دەگوترێت سێوەند و تەوەر . هەروەها بیری هیگلییانەی کەمال تەمومژێکی لۆژیکی لە بێتوانایی دەست نیشانکردنی پەیوەندی نێوان هۆ و هۆکاردا دروست کردوە . گرفتی لۆژیکی ئەو لەوەدایە بزووتنەوەی مێژوو وەکو بازدانی چۆنایەتی ـ کە جۆرێکی تایبەت لە شێوەی بەرهەم هێنان لەدژەکەی جیادەکاتەوە ـ نابینێ ، بەڵکو دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێ کە بزووتنەوەی مێژوو ، بزووتنەوەیەکی بەردەوامی یە لەڕابوردووەوە بۆ ئێستا تا دواڕۆژ . ئەو بەردەوامێتی یەش ئەوەیە کە ڕابوردووی بە ئێستا گەیاندووە !

ئایدیۆلۆژیای بۆرژوا کاتێك لە گرفتە کۆمەڵایەتی یەکان دەکۆڵێتەوە ، یا لەلێکچوونی ڕابوردوو بە ئێستادا دەیبینێ ، یاخود لە لێکچوونی بنەماکاندا بە یەکدی دەیبینێتەوە کە خۆی دروست کەری ناتەبایی یەکەیەتی . ئەمەش چەکی زەبروزەنگی ئایدیۆلۆژی و تەم و مژاوی بۆرژوایە بۆ مێژوو و لێڵکردنی دید و تەمومژاویکردنی ڕێگای تێگەیشتنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتی یەکان . کەمالیش هەمان میتۆدەی گرتوتەبەر بۆ لێکۆڵینەوە لەمێژوو ، کاتێك مێژوو لەبڕینی قۆناغیدا نابینێ ، بەڵکو لەبەردەوامێتی یەکدا دەیبینێ ( لەبڕینی بیر لەسەر ئاستی بیر ) لەدیدیکی لێکچوونانەوە لەسەر ئاستی پەیوەندی بنەما کۆمەڵایەتی یەکان.

کەواتە دەبێت بڵێین ، لەبەر ڕۆشنایی میتۆدە ئایدیالیستی یەکەی کەمال ، بڕین لە بەردەوامێتی مێژوودایە بۆ باشتربوونی جیهان ( ئەوسا لە پێغەمبەرەوە تاکو گۆرباتچۆف ، دەتوانین ڕۆڵی تاك ـ بیر بژمێرین ) ، نەك لەبڕینی چۆنایەتی مێژووییدا ، واتە لە شێوەی بەرهەم هێنانێکەوە بۆ شێوەیەکی بەرهەم هێنانی دی . لەبەر ئەوەش ، وەکو ڕوونمان کردەوە ، لای کەمالیش وەك لای هیگڵ ، سەرمایەداری ـ شارستانی کریست پلەی ( پیرێتی ) عەقلە لە پرۆسەی کامڵبوونی خۆیدا ، ئەرەی دەتوانریت بکرێت بریتی یە لە چاك کردنی جیهان ، حونکە سەرمایەداری بالادەستێتی ئابووری خۆی بەسەر ئەوەی پێی دەڵێن ـ سۆسیالیزم ـ دا سەلماند . ... جیهانبینی یەش دیدێکی ئیرادەگەرێتی تاکی یانەی (فردي) لای کەمال دروست کردووە ، چونکە لای ئەو بابەت ،

بابەتی جەوهەرە ، هێزی جەوهەریش لە ئاکتیف کردنی خودی خۆیدایە . لێرەوە کەمال دەرگایەکی پەیوەندی لێکچوونانەمان بۆ دەخاتە سەر گازی پشت بۆ ئەوەی لەپاسیڤێتی‌یەوە، کۆنەوە،ڕابووردووەوە ، دواکەوتنەوە ، شاخەوە ، لاعەقلانی‌یەتی بیرێکی میتۆلۆژی‌یەوە بۆ بیرێکی ئاکتیڤی ، ئێستایی ، نوێی ، ڕۆحی سەردەمیانەی ، عەقلانی‌یە تەکنۆلۆژیاوە هەنگاو بنێین !

کەمال مێژووی کوردی لەساتێکی مێژوویی دیاریکراوی قەیرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی‌دا ، لە هەموو مێژووی کورد دابڕیوە و بانگداشتی ئەوە دەکات کە ئەو بڕینە ـ خۆجیاکردنەوەیە، دەرچوونە لەو دواکەوتوویی‌یە و دەتوانرێت لەسەر ئاستی بیر ببڕرێت ( تجاوزبکرێت ) و بیری کوردی میتۆلۆژی ـ شاخاوی لەو تەپ وتۆزاوی‌یە ڕزگار بکات !

دەتوانین ئەوەی نێومان لێ‌نا لۆژیکی لێکچوونانەی سەرچاوە هەڵگرتوو لە فەلسەفەی هیگڵ لەلای کەمال لەم نموونەیەدا یەکالا بکەینەوە : " سلطان عوسمان دەیتوانی ببێتە " پاپ " ، چونکە مرۆڤ بوو ،لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوو،دەیتوانی بچێتە سەر ئایینی مەسیحی " . ئەگەر ئەم نموونەیە وەرگێڕینە سەر زمانی ئایدیۆلۆژی‌یە لێکۆڵەرەوەکەی کەمال بۆ سەردەمی ئیستا ، دەتوانین بڵێین : ئێمەی کوردیش دەتوانین بیری خۆمان بگۆڕین، چونکە مرۆڤین ، گۆڕینی بیری خۆشمان واتە دەرچوونە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دی ، لە جەوهەرێکەوە بۆ جەوهەرێکی دی ، لە بنەمایەکی کۆمەڵایەتی‌یەوە بۆ بنەمایەکی‌کۆمەڵایەتی دی ، لە پاسیڤەوە بۆ ئاکتیڤ ، لە دواکەوتنەوە بۆ پێشکەوتن .

لەکوتایی‌دا هەوڵ دەدەین لەچەند دێڕێکدا کۆی سیستەمی بیری کەمال کۆبکەینەوە، بۆ ئەوەی لۆژیکە ناوەکی‌یە لەخۆگرتووەکەی بە بەرجەستەکراوی بخەینە بەر دەستی‌خوێنەران :

قەیرانی دواکەوتوویی لە کوردستان ، لەپێکدادانێکی ژیاری‌دا بۆ مرۆڤی کورد بەرجەستە بوو ، کاتێك ململانێ‌کە کەوتە نێوان " شارستانێتی شاخ و تەکنۆلۆژیا" وە، بە شێوەیەکی زۆر " سەخت و جەرگ‌بڕ ، حەقیقەتی ڕۆحی ئەم سەردەمەی بۆ سەلماندین" . بەلام لەبەر ئەوەی " مێژوومان ، مێژووی شاخە " ، کەواتە پێکهاتووە ناعەقلانی‌یەکەی مرۆڤی کورد بەرامبەر بە عەقلانی‌یەتی " ڕۆحی سەردەم " لەڕێژەی نەبوونی دەسەلاتی،لە چوارچێوەی توانا و هێزی عەقلی سەردەمدا ، لەناموبوونێکی مێژوویی‌دایە . کەواتە قەیرانەکە لە (خود )دایە ، نەك لە خودی قەیرانەکە خوی‌دا ، چونکە " فەلسەفەمان ، فەلسەفەی شاخە " . لەم خودە مێژوویی‌یە ـ شاخاوی‌یەشدا ، ڕەسەنایەتی‌یەك هەیە ( کە بریتی‌یە لە خۆڕاگرتن و بەردەوامێتی خەبات ـ هەر لە مەرگەوە تا دەگاتە هەڵەبجە !ـ ) ، بەلام دواکەوتوویی لە هەناوی خوی‌دا هەلکرتووە ، حونکە " ڕەسەنە"، لەبەر ئەوەی " شارستانیمان ، شارستانیتی شاخە " . ئەم یەکە گشتی‌یە ئابووری ـ

کۆمەلایەتی ـ ژیاری‌یەمی ، لەچوارچێوەی پێکهاتووە مێژوویی‌یەکەی‌دا ، جۆرێکی تایبەت لە هۆسمەندی دروست کردووە کە زاڵە بەسەر ستراتێژی‌یەتی خەباتی ڕزگاری‌خواز لە کوردستان‌دا ، کە ستوە تاکتیکێکی شاخاوییانەی بەرهەمهێناوە و لەدەرئەنجامدا تووشی ئەو نسکۆکانە ژیاری‌یەی کرد و چۆکی بۆ " ڕۆحی سەردەم " پێ‌دادا .

چارەسەری پێشنیارکراو چی‌یە ؟!

## نەزۆکێتی هەوڵی لێکچوواندنی چینایەتی

هەژاری بیری بۆرژوای کورد لە هەنگاوەکانی بۆ خۆلێکچوواندنی چینایەتی لەگەڵ بۆرژوای ئیمپریالیزمی‌دا ، شتێکی نوێ نی‌یە ، نەك بەتەنیا لەمێژووی پێشکەوتنی بیری بۆرژوای کورددا ، بەڵکو هی عەرەبی و فارسی و تورکیش دا ، بەلام پەیوەندی ناتەبایی پێشکەوتن لە هێستەوەی دواکەوتن هیچ گۆڕانکاری‌یەکی چونایەتی لەڕاستی بابەتێتی مێژووی ئیمپریالیزم لە نەوەردا ، کە پەیوەندی‌یەکە لەسەر ئاستی وابەستەیی بنەمایی‌دا خۆی دەنوێنێ ،نەگۆڕبوە و بۆرژوای نەوەر زادێکی بابەتی پێشکەوتنی سروشتی‌سەرمایەداری نی‌یە ، بەڵکو لەڕێگەی زەبروزەنگی بنەمایی نێوەندەوە : ئیمپریالیزمەوە ، دروست بووە.ئەم پەیوەندی‌یەش بۆرژوای نەوەری خستۆتە شوێنێکی ( موقعیەتی ) مێژوویی ـ کۆمەلایەتی واوە ، کە لەپەیوەندی‌یەکی وابەستەیی ئایدیۆلۆژی‌دا بەرامبەر بەنێوەند بژی و هەموو هەنگاوێکیشی بۆ " دەرچوون " لەم پەیوەندی‌یە نەزۆك بێت . ئەم خەیاڵپلاوی‌یە ( وهم ) چینایەتی‌یەش بۆ خۆ لێکچوواندن بە بۆرژوای نێوەند ، یاخود هەوڵدان بۆ گەیشتن بەو ئاستە ، بە ڕەهی لە ئایدیۆلۆژیای کۆلۆنیالیزمی نەوەری فارسی و تورکی و عەرەبی‌دا بینراوە و دەبینرێت ، ئەوەی هیچی لەواقیعی پەیوەندی وابەستەیی بنەمایی نەگۆڕیوە و ناگۆڕێت ، بەڵکو پتر مانای چوونە نێو پەیوەندی زەبروزەنگی بنەمایی ئیمپریالیزمەوە بووە و دەبێت .

سەبارەت بەبیری بۆرژوای کورد ، بەحوکمی ئەوەی نەوەری نەوەرە ، ئەو کات بەپێی لۆژیکی پەیوەندی ئابووری ـ کومەلایەتی کوردستان ، دەبێت بە نەوەری نێوەندێ کە لەسەر ئاستی پەیوەندی دابەشکردنی کاری جیهانی‌دا خۆی بەخودی خۆی نەوەری نێوەندە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ، مووڵبوونەوە نی‌یە لەم پەیوەندی‌یە ئابووری ـ سیاسی‌یە، بەڵکو دەست نیشان‌کردنی دیاردەی لێکچوواندنە . بۆرژوای کورد ، بەتایبەت لەپاش دابەشکردنی کوردستانەوە ، هەمیشە لەهەوڵی خۆلێکچوواندن‌دا بووە لەگەڵ بۆرژوای کۆلۆنیالیستی وولاتە کۆلۆنیالیستەکانی‌کوردستان‌دا . نەزۆکێتی ئەم هەوڵدانەش ، سەرچاوە لە پەیوەندی کۆلۆنیالیستی کوردستانەوە هەڵدەگرێت ، کە لەسەر بناغەی پرۆسەی ناتەبایی پێشکەوتن لەنێوان کوردستان و وولاتە کۆلۆنیالیستەکانی‌دا بەرجەستە دەبێت. ئەم

پەیوەندی‌یە کۆلۆنیالیستی‌یە ، کە بەرهەمهێنەری ناتەبایی پێشکەوتنە ، لەهێشتنەوەی تەوەرێتی کوردستان‌دا بەرجەستە دەبێت ، بەرێژە بەرامبەر بەنێوەندێتی وولاتە کۆلۆنیالیستەکانی . دەرئەنجامی ئەم پەیوەندی‌یە " کۆلۆنیالیستی‌یەش " دواکەوتن "ە .

ڕاستی‌یەکە ئەوەیە ، ئەم حالەتە کۆلۆنی‌یەش پێکهاتوویەکی کۆمەلایەتی - چینایەتی لە کوردستان‌دا دروست کردووە ، یەکێك لەداواکاری‌یە سیاسی‌یەکانی بریتی‌یە لە چارەسەرکردنی " ئاشتی‌خوازانە " لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندی‌یە کۆلۆنی‌یەدا ، کە هەمیشە نەزۆکێتی دەرئەنجامە لۆژیکی‌یەکەی بووە . چونکە لەچوارچێوەی واقیعی کۆلۆنیالیستی‌دا ، پەیوەندی نێوان وولاتانی کۆلۆنیال‌کراو و وولاتانی کۆلۆنیالیست ، پەیوەندی‌یەکی لێکچوونانە نی‌یە ، بەلکو پەیوەندی‌یەکی دژایەتی‌یانەیە . بەرێکەوت نی‌یە ، هەولی بۆرژوای کوردیش بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتی‌خوازانەی مەسەلەی نیشتمانی لە چوارچێوەی پەیوەندی کۆلۆنیالیستی‌دا ، هەمیشە هەنگاوێکی نەزۆکانە بووە بۆ خۆلێکچوواندنی چینایەتی‌یانەی لەگەل چینی دەسەلاتداردا .

ئاستی دووەم بریتی‌یە لە دەرچوون لەسیاسەتی بەناوخۆیی‌کردنی مەسەلەی نیشتمانی و بەخشینی ئاستێکی نێونەتەوایەتی پێی . ئەم ستراتیژیەش لەبێ‌توانایی بۆرژوای کورد بۆ سەرکەوتن‌لە هەولی‌دا بۆ خۆلێکچوواندنی بە بۆرژوای کۆلۆنیالیستی وولاتە کۆلۆنیالیستەکانی‌یەوە سەرچاوە هەلدەگرێت . " ئەلتەرناتیڤ " بۆ ئەم نەزۆکی‌یە، بریتی بووە لە هەولدان بۆ چوونە نێو پەیوەندی‌یە مەزنەکەوە ، واتە تەوەری تەوەر بۆ نێوەندی دایك ( سەرمایەداری وولاتانی دایك ) ، لەژێر موتوری چارەسەرکردنی نێونەتەوایەتی‌یانەی مەسەلەی کورددا . سەرباری ئەوەی ئەم جۆرە هەولە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان‌دا نوێ نی‌یە ، بەلام ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئەو بزووتنەوەیە - کەم تا زۆر - لەژێر سێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی‌دا پێگەیشتووە! دەتوانین کۆنسێپتی ئەم " چارەسەرە " و ڕەگە مێژوویی‌کەشی بەکورتی و پوختی لەم هاوکێشەیەدا بەرجەستە بکەین : وولاتانی ئیمپریالیزم کوردستانیان دابەش و ژێردەستە کرد ، ئاوهاش هەر ئەوان دەتوانن ، گەر ڕزگاریشی نەکەن ، یارمەتی ڕزگاربوونی‌بدەن ، ئەلبەتە لەرێگای خەباتی دیبلۆماسی‌یەوە .

نووچدان لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لەکوردستان ، هەمیشە لەسەر ئاستی سیاسی ( چاکتر وایە بووترێت بۆشایی- فراغ - سیاسی ) ، وەلامی ئامادەکراوی بۆ هەبووە ، جا چ لەپاساودانی ( تبریر ) جیۆ - سیاسی‌یانەوە بگرە ، تاوەکو دەکاتە نابەرابەری هێز ، جاری واش هەبووە زۆرتر ڕۆیشتوون و جەماوەریان تاوانبارکردووە . . . ئەم هەولەی کەمالیش لە نوێکردنەوەی نامۆبوونی عەقلی‌یەتی سیاسی کورددا ( تۆڕی‌گواستنەوەی



هەوراز نامەی کتێب

مێژووی پێش هەڵەبجە بۆ مێژووی پاش هەڵەبجە ) ، سنێکی نوێ بێ بە لەمێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی نیشتمانی دا لەکوردستان ، بەلاّم ئەمڕۆ ئەو هاتووە ، بە مۆرێکی دی و بەزمانێکی ئایدیۆلۆژی دی ئەو بابەتەی پێشنیارکردووە ، کە لەگەڵ " رۆحی سەردەم " و " بیری نوێ " ، واتە پێرویسترۆیکا دا ، هەوڵی هاوئاهەنگکردنی داوە و هەنگاوی رەوایەتی (شرعیة) پێبەخشینی بۆ ناوە . کەمال دەڵێت : " هەوڵی ئێمە بەویەری ریرەکی و وریایی و ئازایەتی و خۆماندووکردن و دەرفەت وەرگرتنەوە ، کەڵك لەم مەناخە سیاسی‌یە تازەیە وەربگرێن کە لەجیهاندا هەیە و ، کە خەریکە هەرچەندە ناتەواو و نیوەناچڵیش بێ ، چارەسەری سیاسی و ئاشتیانە بۆ زۆر مەسەلەی بەربەرەکانی نەتەوەیی و ناوچەیی دەدۆزێتەوە : وەك ئەفغانستان ، ئەنگۆلا ، کەمبۆدیا ، نامیبیا ، مۆزامبیق ، مەسەلەی فەلەستین ، دەبێت کەڵك لەم مەناخە و لەرۆحی پێرویسترۆیکا و گلاسنوست وەربگرین ، تا ئیمەش وەك هێزێکی سیاسی و کاریگەر بەنایبەتی لەدووروەڵاتـدا دەربکەوین " .

ئێمە وای دەبینین کە بۆرژوای کورد هەمیشە لەسەر ئاستی بڕینی قەیرانەکانی و بۆ خۆنوێکردنەوە ، هەر لەکاتی سەرهەڵدانی‌یەوە تاوەکو ئەمڕۆ ، ئەو بیرە پەروەردەدەکات. بۆرژوای کورد ، رێنیسانس ( نهضة ) لە لێکچوواندنی خۆی بە بۆرژوای نێوەنـــددا دەبینێ ، بەرۆکیشی لە بێتوانایی‌دایە بۆ سەرخستنی ئەو هەنگاوە ، چونکە لــــە پەیوەندی‌یەکی وابەستەیی‌دا دەژی ، پەیوەندی وابەستەییش رێگا لەسەربەخۆبوونی پێشکەوتن دەگرێت . ئەو قەیرانە ئایدیۆلۆژی ـ سیاسی‌یەی بۆرژوای کوردیشی تیادا دەژی ، رەنگدانەوەی پێکهاتووە چینایەتی‌یەکەیەتی کە لەقەیراندا لەدایکبووە ، پێشکەوتنی قەیراناویش بەدووی خۆی‌دا راکێشاوە و رادەکێشێ ، کە لەڕووی مێژوویی‌یەوە سەرچاوە لەپێکهاتـــووی بنەمایی ئەو چینەوە هەڵدەگرێت لەپرۆسەی مێژوویی دروست بوونی چینایەتی‌دا . . .

لە کۆتایی‌دا ، هەروەکو روونمان‌کردەوە ، کەمال دەیەوێت لەم دۆخە ( جوێیە ) سوودێکی کاریگەرانە وەربگرێت بۆ ئەو " قەیرانی شاخە " ی بزووتنەوەی رزگاریخـــوازی نیشتمانی تیایدا دەژی . واتە ئەمڕۆ ئەو ئەتمۆسفیرە (مناخ) سیاسی‌یە لەبارە ، ئەمەیــش بەهۆی بیرە نوێکەی گۆربی‌یەوە ، کە لەدوونوێ‌ی‌دا چارەسەری گیروگرفتەکانی جیهانـــی بەومەری تێدا جێ‌کراوەتەوە و کەمالیش دەیەوێت لەو کۆنسێپتەدا بەشی کوردیش بکاتەوە .

ئێمە هیچ دژایەتی و رەخنەیەکمان بەرامبەر بەو تێزە نی‌یە کە لەلایەن کەمالــــەوە پێشنیارکراوە و دەڵێت : " سیاسەت زانستە " ، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە لێی بدوێین ، بوختکردنێکی ئەو تێزەیە . راستە سیاسەت زانستە ، بەلاّم نەك زانستی کۆلۆنیالیستەکان و هێزە ئیمپریالیستەکان ، بەڵکو سیاسەت کاتێك لە دیالێکتیکی مێژوودا دەبێتە زانست ،

کە زانستی دژیان بێت ، پرۆسێسی ئەم دژایەتی‌یەش بەشێوە پراکتیکی‌یەکەی خۆی لە شۆڕش دا بەرجەستە دەکات . شۆڕش بریتی‌یە لە " رەخنەی چەك " ، بەڵام رەخنەی‌چەك بەبێ " چەکی رەخنە " هەمیشە لە فەیراندایە . ئەمەش واتای هاسانێتی تێکشکاندنی ئەو چەکە دەگەیەنێت ، ئەگەر بە چەکی رەخنە ، واتە بەتیۆری‌یەکی شۆڕشگێرانە ، پڕ چەك نەبێت .

کەمالیش لەبری ئەوەی بابەتی فەیرانی چەکی رەخنە بکات بەبناغەی بابەتەکەی ، هاتووە کردوویەتی بەقوربانی ئەو چەکەی ئەمڕۆ ئایدیۆلۆژیای بۆرژوا بەرهەمی‌هێناوە . بە واتایەکی دی ، کەمال لەجیاتی ئەوەی لەفەیرانە بنەماییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لەکوردستان بدوێن ، هاتووە بەزمانی ئایدیۆلۆژیای باو زمانی پڕاندووە و شتەکان لەدەرئەنجامەکانی‌دا دەبینێت ، نەك لەپەیوەندی‌یە هۆکاری‌یەکانیاندا ، کە ئەو جۆرە دەرئەنجامانەمان بۆ دەردەخاتەوە .

مەبەست لێرەدا پراکسێس‌کردنی سیاسەتە . بلۆخ ووتەنیش " پراکسێسی ڕاستەقینە ناتوانێت هیچ هەنگاوێك بنێت بێ ئەوەی لەڕووی ئابووری و فەلسەفی‌یەوە خۆی لای‌تیۆری نەناساندبێت " . واتە سیاسەتی شۆڕشگێرانە بەتەنیا ناتوانێت لەڕووی پراکسێسەوە هیچ هەنگاوێك بنێت ، ئەگەر شیکردنەوەیەکی ئابووری و فەلسەفی بۆ قۆناغە مێژوویی‌یەکەی خۆی لەچوارچێوەی کۆنسێپتی تیۆری‌یەکدا نەبێت . ئالێرەشەوە دەتوانین لەتاکتیکی سیاسی بدوێین ، کە بەپێویست لەخزمەتی کۆی بابەتێتی بزووتنەوەکەدا بێت .

بەڕای ئێمە تێگەیشتن لەواقیعی کۆلۆنی کوردستان ، خاڵی سەرەتای لەدایکبوونی تیۆری‌یەکی زانستی رەخنەگرانەی نوێیە ( نوێ نەك بەرێژە بەرامبەر بەواقیعی مێژوویی کوردستان ، بەڵکو بەرامبەر بەئاستی تیۆری بزووتنەوەکە ) . تەنیا لەوێشەوە دەتوانرێت بە کۆنسێپتێکی رەخنەییانەی زانستی‌یانەوە مێژووی کۆمەڵگەی کورد و پرۆسەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانی‌یەکەی بخوێنرێتەوە . ئەوەی شایانی باسە ، ئەگەرچی مەسەلەی ئەوەی کە کوردستان وولاتێکی دابەشکراوی دابەشکردنێکی ئیمپریالیزمانەی بەمیرات بۆ ماوەی چوار وولاتی عیراق و ئێران و تورکیا و سوریایە ، ڕاستی‌یەکی مێژوویی رەت نەکراوەیە ، کەچی تاوەکو ئەمڕۆ نەتوانراوە یا نەویستراوە یاخود نەوێردراوە تیشکی لێکۆڵینەوەی زانستی بخرێتە سەری ، " لەئاستێکی تەسك دا نەبێت " ، کە بەتەنێ شیکردنەوەیەکی وەصفی‌یانەی مێژوویی‌یە و لەوانەیە وەکو سەرەتایەکی تیۆری ، رێگەمان بۆ خۆش بکات لەواقیعی کۆلۆنی کوردستان بکەین .

نەبوونی کۆنسێپتێکی تیۆری ـ بەڕای ئێمە ـ خاڵی سەرەکی ( نەك بنەرەتی ) لاوازی تاوەکو ئێستا لەفەیران ژیاوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی‌یە لە کوردستان ، لە

هەمان کاتیشدا دیوی پشتەوەی قەیرانی خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانی دەگەیەنێت، واتە لەسەر ئاستی ئەڵتەرناتیفەکەی . . . لێرەشدا دەبێ بگوترێ ، بەتەنێ بانگداشت کردنی مارکسیزم ـ لینینیزم ، دەروازە نی یە بۆ بوونی شۆڕشێکی شۆڕشگێڕانە ! بەڵکو ئێمە لەو بڕوایەداین کە مارکسیزم هیچ ڕەوایەتی یەکی (شرعية) ڕاستی نامێنێ ، کاتێک لە پراکتیس بەیار بکرێت ، هیچ داهێنەرێتی یەکی نامێنێ ، کاتێک ماتریالیزمانە مێژووی بێ بەخوێندرێتەوە ، لەکۆتاییشدا ناتوانێت ڕۆڵی مێژوویی شۆڕشگێڕانەی خۆشی بگێڕێت ، کاتێک لە دیالێکتیک ڕووت بکرێتەوە .

ئەوەی لێرەدا جێگای ماک بەتوندی لەسەر دانانە ئەوەیە ، کە ئێمە بانگەوازی ئەوە ناکەین و خۆشمان بەلایەنگیری ئەو ڕێبازەش دانانێین کە دەڵێ : گوایە قەیرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لەکوردستان بەتەنێ لەنەبوونی ستراتیژی ڕووندایە . . . بەڵکو ئێمە قەیرانەکە بە قەیرانێکی بەمایی ـ چینایەتی دادەنێین ، کە کۆستیپێە ئایدیۆلۆژی یەکەی لەدروشمە سیاسی یەکانیدا خەست دەبێتەوە و دەستی لەئەنجامی خەست بوونەوەی قەیرانەکانی بەهاسانیش دروشمە سیاسی یەکانی بەتەنێ بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خۆی بگۆڕێت . ئەم پرۆسەی خۆبەرهەمهێنانەوەیەش واتە قەیران ،چونکە هەر دۆخی قەیراناوی یە کە خۆبەرهەمهێنانەوەی ئایدیۆلۆژیایەک دەهێنێتەئاراوە ، خۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەش بەپێویست بەرهەمی قەیرانی ئەڵتەرناتیفە .

بێش ئەوەی دەست بکەین بەشیکردنەوەی پەیوەندی نێوان کەمال و گۆرباتچۆف ، بە پێویستی دەزانین زۆر بەکورتی پەیامەکەی گۆرباتچۆف ، کە کەمال خۆی بە سەردا سکاندۆتەوە ، بخەینە بەردەستی خوێنەران ، چونکە ـ هەرچەندە جێی داخە ـ تاوەکو ئەمڕۆ هێشتا شتێکی ئەوتۆ لەو بارەیەوە ، مەبەست بابەتەکانی " بیری نوێ "ی گۆرباتچۆفە ، وەرنەگێردراوەتەوە سەر زمانی کوردی .

لێرەدا بەپێویستی دەزانین تێبینی یەکی پێویست بخەینەڕوو : ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە لێکۆڵینەوەی دباردەی " بیری نوێ " نی یە ، لەو بڕوایەشداین کەس دژایەتیمان ناکات ئەگەر بڵێین ئەو بابەتە خۆی بەتەنێ جێی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیە . . .ئەڵبەتە دەکرا لەدووتوێی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانەی " بیری نوێ " شەوە ، بیری کەمال بخوێنرێتەوە ، بەڵام ئەو بابەتانەی ئەو لەووتارەکەیدا پەلاماری داون تەنیا لە پەیوەندی یەکی تاک لایەنانەی دەرەکی نێوان " بیری نوێ "ی گۆرباتچۆف و کەمال دا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو پتر پەیوەندی بە بنەمای جیهانبینی یەکی دیاریکراوەوە هەیە ، ئەمە لەلایەک ، لەلایەکی دی یەوە بە قەیرانی ڕۆشنبیری کوردەوە لە ئەورووپا . ئەوسا بۆ شیکردنەوەی ئەو پەیوەندی یە ، بەپێویستی دەزانین سەرەتایەک لە کۆڵەکەی " بیری نوێ " ڕوون بکەینەوە .

## بیری نوێ لەنێوان چارەسەری گیروگرفتەکان و خەباتی چینایەتیدا..
## یاخود کاتێك ململانێماڵئاوایی لەمێژوو دەکات

خاڵی دەست پێکەری بنەرەتی " بیری نوێ " بریتی‌یە لەهاوکاری نێوان هەردوو سیستەمی جیهانی و چارەسەرکردنی گیروگرفتە گێتی‌یەکان . وەڵامی پرسیاری سەرەکیش ، کە دۆخی جیهانی ئەمڕۆ خستوویەتی‌یەوە ، خۆی لە هاوکاریکردنی هەردوو سیستەمی جیهانی و هەموو دەوڵەتانی دی‌دا دەبینێتەوە ، بۆ نەهێشتنی بەرابەرێتی (مواجهة) . ئەو گیروگرفتانەش ، کە ئەو چارەسەرە پێکەوەیی‌یە جیهانی‌یە بەپێویست دەیخاتەوە ، بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە ئاشتی ، دەورووبەر ، دواکەوتن .

ئەوسا جیهانی ئەمڕۆ ، لەدیدی " بیری نوێ " وە ، پێکهاتووە لە جیهانێکی پێکەوە بەستراو ، کە یەکەیەکی گشتی‌یانەی دروست کردووە . ئا لەبەر ئەوەش بابەتێتی پێکڕایی گیروگرفتەکان و چارەسەری پێکڕایی بابەتییانەشیان دەخاتەوە . لێرەوە " بیری نوێ " لەسنووری سۆڤیتی‌یەوە دەچێتە دەرێ و بەرگی بیرێکی مرۆڤایەتی‌یانەی گێتی‌یانە لەبەر دەکات . بەم شێوەیە ئاشتی ، وەکو گیروگرفتی پلە یەك ، دەتوانرێت لەرێگەی چەك داماڵینەوە بێتەکایەوە ، چونکە هیچ لایەك لەرێگای سەربازی‌یەوە ناتوانێت مەبەستەکانی خۆی بەسەر لایەکەی دی‌دا بسەپێنێ . ئەڵبەتە لێرەدا مەبەست لە جەنگی ئەتۆمی ، بیۆلۆژی ، کیمیاوی یە . کەواتە گیروگرفتەکە ، کۆی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە و مرۆڤایەتی ئەمڕۆ دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی بەرامبەر خستنەوەی پرسیاری مان و نەمانی توخمی مرۆڤ .

دەورووبەر ، مەبەست لەکۆی سروشتە ، ئەو گیروگرفتە سروشتی‌یە مرۆڤایەتی‌یەیە کە ئەمڕۆ سروشت بەگشتی ، واتە : هەوا . زەریا و رووبار ، دارستان ... هتد ، کەوتۆتە ژێر ترسناکی بەزەهراوی بوون و لەناوچوون و تێکدانەوە . ئەمەش خۆی لە خۆیدا گیروگرفتێکی مرۆڤایەتی‌یە و ناتوانرێت چارەسەریشی لەسەر ئاستی یەك یان دوو دەوڵەت بۆ بدۆزرێتەوە ، بەڵکو سنوورە نەتەوایەتی‌یەکان دەبڕێت و وەکو خودی گیروگرفتەکە خۆی دەچێتە چوارچێوە نێونەتەوایەتی‌یەکەیەوە .

خاڵی گرنگی سێهەمیش بریتی‌یە لە ... ی " دواکەوتن " . ئەگەر جیهانی ئەمڕۆ پێك هاتبێت لە وڵاتانێك کە پێشکەوتوو و دەوڵەمەندن لەگەڵ وڵاتانێکی دی کە دواکەوتوو و هەژارن ، ئەوا دەبێت پێکڕا هەموو هەوڵی جیدی بدەین بۆ ئەوەی ئەم گیروگرفتە ، کە بەشە زۆرەکەی جیهان پێوەی دەتلێتەوە ، چارەسەر بکەین . لەخودی ئەم گیروگرفتەشدا چارەسەری دیپلۆماسی‌یانەی گرفتە نەتەوایەتی و کەمایەتی و ڕەگەزایەتیەکانیش بەرجەستەدەبێ .

بەم شێوەیە گۆرباچۆف هەوڵ دەدات ، لەڕێگەی چارەسەرکردنێکی گشتی یانەی گیروگرفتە مرۆڤایەتی یەکانەوە ، بمانگەیەنێتە خاڵێك کە جەوهەری بیری " گۆڕبی " لەخۆ دەگرێت ، ئەویش بریتی یە لەوەی : ئەمڕۆ لە بەرژەوەندی هێشتنەوەی توخمی مرۆڤە ، بەرژەوەندی یە گشتی یە مرۆڤایەتی یەکان لەپێش بەرژەوەندی یەکانی دی یەوەن ، بەزمانێکی دی لەپێش بەرژەوەندی یە چینایەتی یەکانەوە . گۆرباچۆف دەڵێت : " ئێمە ، هەموو مرۆڤایەتی ، لەنێو یەك بەلەمداین ، یان هەموو پێکرا نقوم دەبین ، یاخود پێکرا مەلە دەکەین " .

چاکە ! گۆڕبی لێرەدا دەیەوێت ببێتە " کاپتن " و مرۆڤایەتی لەدەستی شەڕ ( شر ) ڕزگار بکات ، ناکە مێتۆدی چارەسەریش بۆ ئەم ڕزگارکردنە ، تەنیا لەڕێگای گفتوگۆی جیدی یەوە دەکرێ بێتەکایەوە ، گفتوگۆیەك کە لەسەر پرنسیپی بڕوابی‌بوون ( ثقة ) پابەند بێت . لەبەر ئەوەشە گفتوگۆی چەكداماڵین لەم ڕوانگەیەوە گەمەتی یە ، کە لایەك بتوانێت بیبانەوە و لایەکەی تریش سەری تیا بچێت ، بەڵکو " دەبێت یا هەموو بی‌ببینەوە یاخود هەموو بیّ سیّ و دوو دەدۆڕێین " . واتە پەیامەکەی گۆڕبی ، پەیامێکە سنوورە سەەوابەتی یەکانی بڕیوە و بەتەنێ لەپێناو مانەوەی ژینی مرۆڤایەتی دایە ! لۆژیکی ئەم بیرەش بواری پێکەوە ژیانی ئاسایشمان بۆ سازدەکات ، لۆژیکی بیری پێکەوە ژیانی ئاسایسانەش بریتی یە لە بڕینی سنووری خەباتی چینایەتی و سازکردنی سنوورێکی سێوبەنەوایەتی ، کە تیایدا مرۆڤ بەتەنێ سەرقاڵی گیروگرفتە مرۆڤایەتی یەکانی بێت .

ئەگەر یەکەی ناوەکی ئەم لۆژیکە وەرگێڕینە سەر زمانە ئابووری- سیاسی یەکەی ، واتە : سەردەمی بازدانی چۆنایەتی لە مێژوودا چی‌دی هەبوونی نی یە ، سەردەمی ناکۆکی دوژمنکارانە ( التناقض التناحري ) بەسەرچووە ، سەردەمی گۆڕانی کاپیتالیزم بۆ سۆسیالیزم دەبێت لەیاد بکرێت ( واتە چی‌دی جێگای مشتومڕی مێژووی نی یە ) ، سەردەمی گۆڕانی پێداویستی بۆ ئازادی چی‌دی لەمێژوودا بابەتی خەبات نی یە ، بەڵکو لەسەردەمی خەباتکردن بۆ حزمەتی پێداویستی یە بابەتی یەکاندا دەژین . ئەم لۆژیکەش بڕواپێهێنانێکی ناوەکی یانەی سەرمایەداری یە ، وەکو سیستەمێکی ئابووری - سیاسی ، وە بڕواپێهێنیانە بە توانای دەوڵەتە سەرمایەداری یەکان بۆ گۆڕان لەپێناو بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و حزمەتکردنی پێداویستی یەکانی مرۆڤ دا ، بۆ سازدانی ئاشتی جیهانی ؛ واتە دان نان بەهاوکاری دۆستانەیان لە دابین‌کردنی ئاشتی جیهاندا . ئەوسا چی دی کۆتری ئاشتی لەسەر سنوورەکان تەقەی لێ‌ناکرێت ، ئەگەر ئەم " کۆنسێپتە مرۆڤایەتی یە " بەلێپرسراوێتی یەوە پیادەبکرێ .

دەبێت ئەوەش بڵێین ، لەدیدی گۆڕبی یەوە هاوکاری بریتی یە لەنزیك بوونەوە ، " ئەوەتی پرنسیپی نزیك بوونەوەی هەبێت ، درۆ ناکات " . ئەم کۆنسێپتە نوێ یەش، واتە

ڕەتکردنەوەی سیاسەتی جەنگی سارد و پیادەکردنی سیاسەتی خاوکردنەوەی گرژبوونەوە . چونکە بەبڕوای گۆربی " ئەوەی یەکەم کەس تەمە بکات ، دووەم کەسە کە دەمرێت " .

ئەوەی دەمانەوێت لە بەرئەنجامی ئەم کورتە ڕوونکردنەوەیە بە خەستی بیگەیەنین ئەوەیە کە پرسیاری خەبات بۆ " ژیانی چاك " ،کە ئەریستۆتالیس یەکەم کەس بوو خستیە ڕوو ، ئەمڕۆ لای گۆرباتچۆف لە " بیری نوێ " بۆ ژیانی چاك و نوێدا نیی‌یە ، بەڵکو بەتەنێ " خەباتە بۆ ژیان " لەترسی مردن . پەندێکی پێشینیانی ڕووسی دەڵێت : " ترس لە کەوتنە سەر ساجی عەلی ، گەورەترە لە ترسی کۆن : لەمردن " .

سەیرکردنی مێژوو ، لەڕوانگەی قەیرانی بنەمایی دابەشکردنی کاری نێونەتەوایەتی ئەمڕۆی سیستەمی ئابووری جیهانی‌یەوە ، دیدێکی قەیراناوی‌یە . بیری قەیراناوی لە خودی خۆی‌دا ، بیرێکی نەزۆکە ، بیرێکی پۆزەتیڤیزتە ( وضعی ) ، واتە لەچوارچێوەی بیری باودا نەبێت بێ‌ژینە ، ژیانیشی تەنیا لە بەرهەمهێنانەوەی خۆی‌دا لە هەناوی ئەو قەیرانەدا دەبینێتەوە کە تیایدا دەژی . بەمانەیەکی دی،بوونی بیری قەیراناوی پابەندە بە بنەما قەیراناوی‌یەکەیەوە ، بەردەوامێتیشی لەبووندا ، وابەستەیە بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خۆی لە چوارچێوەی پێکەوتنە قەیراناوی‌یەکەی‌دا .

ئاکە کەرەسەیەکی ئایدیۆلۆژی بۆ لەژێن ڕاگرتنی بەرهەمهێنانەوەی بیری باو بریتی‌یە لە ریفۆرم . ریفۆرم زمانی ئایدیۆلۆژی بیری باوی قەیراناوی‌یە ، نەك بۆ دەرچوون لە قەیرانە بنەماییەکە ـ بەمانای چارەسەرکردنی و لەناوبردنی ـ ، بەڵکو بۆ ڕەوایەتی‌بەخشینی دەسەڵاتە بە خۆی ، کە لەڕێگایەوە خۆی دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوە بۆ بەهەمیشەیی کردنی دەسەڵاتی لەشێوەی پەیوەندی بەرهەمهێنانی باودا . کەمالیش ، پشت ئەستوور بە پێرویسترۆیکا و گلاسنۆست ، داوای شۆڕشێکی ریفۆرمیستی لە عەقڵی‌یەتی سیاسی کورددا دەکات . لێرەشدا ئەگەر گۆرباتچۆف بناغەیەکی چاکی بەدەستەوە بێت بۆ ئەوەی دان بە سەرمایەداری‌دا ، وەك سیستەمێکی بەتوانا و لێهاتوو بۆ ئاشتی ، بنێ کە دەرئەنجامی باڵادەستێتی سەرمایەداری‌یە وەك سیستەمێکی ئابووری کە ئابووری‌یە تێکشکاوەکەی سۆڤیەت پێویستی بەتەکنیکەکەیەتی ، ئاوەهاش کەمال بناغەیەکی چاکی بەدەستەوەیە ، ئەویش تێکشکاندنی خەباتی چەکداری‌یە لەڕێگای تەکنیکەوە . لەبەر ئەوە لە خۆڕاش نیی‌یە کەمال لەبەردەم دووڕیاندا ڕای گرتووین : " ١- یا ئەوەتا چەکێك ، بابەتێکی خۆپاراستن دژی چەکی کیمیاوی پەیدا بکەین . . . کە دیارە ئەمە مەسەلەیەکی تەکنۆلۆژی و جیهانی گەورەیە و دەرەقەتی نایەین . ٢- یا دەرفەت وەرگرتنە و کەڵك وەرگرتنە لەم مەناخە سیاسی‌یە تازەیە . . . کە لەجیهاندا هەیە " و ڕۆحی پێروسترۆیکا و گلاسنوست دروستیان‌کردووە .

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر بیرە نوێ ـ کۆنەکەی گۆربی بەرهەمی فشاری لاوازی ئابووری سۆڤێتی بێت ،کە لە بە جیهانی‌کردنی قەیرانەکانی ئاکە ڕێی دووبارە بەرهەم‌هێنانەوەی قەیرانە بنەماییەکان بێت ، کە لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژی ئەم جۆرە بیرانە بەرهەم بهێنێ ( یەکێك لە دیاردەکانی بەکەسێتی‌کردنی سیاسەتە ـ زیمبۆلی گۆرباتچۆف ـ ) ، ئەوا دەبێت بیری کەمالیس دیوی ئەودیوی ئەم هاوکێشەیە بێت ، واتە : قەیرانی ئایدیۆلۆژی بۆرژوا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نیشتمانی لە کوردستان ، کە لەژێر فشاری قەیرانە بنەماییەکانی‌دا ، پەلاماری بەجیهانی‌کردنی مەسەلەکەی دەدات ، نەك لەسەر ئاستی پێداویستی بزووتنەوەکە لەخودی خۆی‌دا ، بەڵکو لەسەر ئاستی پەلەقاژێی خۆ نوێ‌کردنی بیری بۆرژوای بالادەست ، کە هەوڵ دەدات لەرێگای بەبەرهەم‌هێنانی ئایدیۆلۆژیای بەجیهانی کردن و بەدامەزراوساری‌کردنی ( موٴسساتی ) مەسەلەی کوردەوە لە چوارچێوەی دابەشکردنی کاری جیهانی‌دا ، قەیرانە بنەماییەکانی سارێژ بکات و دووبارە خۆی بەرهەم بهێنێتەوە .

پەیوەندی لەنێوان کەمال و گۆربی‌دا ، پەیوەندی‌یەکی مێژوویی نی‌یە ، هەروەکو کەمال ئاشکراستی دەکات ، بەڵکو پەیوەندی‌یەکی قەیراناوی‌یە لەنێوان دوو ئایدیۆلۆژیادا ، کە رادەی قەیرانی بنەمایی دوو بنەمای جیاوازن و لەیەکەیەکی جیهانی ناکۆکدا خۆیان دەبیننەوە ، ئەویش قەیرانی سیستەمی ئەمڕۆی دابەشکردنی کاری جیهانی‌یە . ئەگەر ئایدیۆلۆژیای گۆربی دەرئەنجامێکی لۆژیکی قەیرانی ئابووری کۆمەڵگەی سۆڤێتی بێت لەژێر دەسەڵاتی ( کۆمۆنیزمی سۆڤێتی )دا ، ئەوا ئایدیۆلۆژیای کەمال دەرئەنجامێکی ئەو قەیرانە سیاسی ـ ئایدیۆلۆژی‌یەیە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە کوردستان لەم سانە مێژوویی‌یەدا تیایدا دەژی . یەکەی ئەو دوو ئایدیۆلۆژیایە لەبنەرەتدا قەیرانی بنەمایی‌یە نەك نزیکایەتی " بیری مرۆڤایەتی " ، کە هەردووکیشیان لەبۆتەی پرۆسەی قەیرانی بنەمایی‌دا دروست بوون : یەکێکیان دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و لەململانێ‌دایە بۆ نوێ‌کردنەوەی خۆی لەرێگەی ئایدیۆلۆژیا نوێ‌کەی گۆرباتچۆفەوە ، دەتوانرێت سوود لە تەکنیکی سەرمایەداری وەربگیردرێت . ئەوی دیشیان ( واتە کوردی‌یەکە ) لەپەلەقاژێی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی خۆیەتی لەپرۆسەی پێشکەوتنی قەیراناوی دەسەڵاتی لەشۆڕش دا ، نەك لەرێگەی تەکنیکەوە ( چونکە ئەمە لەتواناى ئێمەدا نی‌یە ! ) ، بەڵکو لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژی‌یە دیپلۆماسی‌یەکەی .

سیاسەتی " بیری نوێ " لە خاوکردنەوەی کرژبوون‌دا ، سیاسەتێکی خاوکەرەوەی خۆ بەدەستەوەدەرە ، سیاسەتی باوەخونکەرە ، سیاسەتێکە کە ئەمرۆ لەدژایەتی‌یەکی سەختدایە لەگەڵ بابەتێتی ( موضوعیة ) خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللەتانی کۆلۆنیال‌کراودا ،

سیاسەتێکە لەخزمەتی پتر لۆژیکی گەشەسەندن دایە " بەمانا ئیمپریالیزمی یەکەی " ، سیاسەتی پشت کردنە حەتمی یەتی ململانێی نێوان میللەتانی کۆلۆنیال کراو و کۆلۆنیالیستە ، سیاسەتی ماکیاج کردنی دەم و چاوی سەرمایەداری یە ، کە ئەمڕۆ ناشیرینترین ڕوخساری مرۆڤایەتی بەخۆوە گرتووە ، دەرئەنجامەکەشی لە چەوساندنەوە و کوشتن و تێکشکاندن و دواکەوتن زیاتر هیچی دی بەرچاوی بۆ میللەتانی جیهانی تەوەر نەهێناوە و ناهێنێ .

ڕاستە " کۆمەڵگەی سەرمایەداری دەوڵەمەندترین و بالاترین ( پێشکەوتووترین ) کۆمەڵگەی تەکنیکی یە لەمێژوودا . دەبایە گەورەترین و واقیعی ترین بواری بۆ تێرکردن و ئازادکردنی پێداویستی یە مرۆڤایەتی یەکانی پێشکەش بکردبایە و برەخساندبایە. لەهەمان کاتیشدا کۆمەڵگەیەکە ، کەتیایدا ئەو بوارانە ـ تێرکردن و ئازادکردن ـ بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر دەچەوسێنەوە . ئەم چەوساندنەوەیەش باڵی کێشاوە بەسەر سەرانسەری کۆمەڵگەدا ، وەکی گست . لێرەوە ئەم چەوساندنەوەیە دەتوانرێت تەنیا لەڕێگەی گۆڕانکاری یەکی ئێژرەوانەی ڕادیکالانەی بنەمایی کۆمەڵگەوە لا ببرێت "*

سەرمایەداری لەم قۆناغەدا " نەك هەر خەسڵەتی شۆڕشگێڕێتی پێوە نەماوە " و لە پێشکەوتنی بەرهەمهێنان و کولتوور و سیاسەت دا ، چیدی مرۆڤانە نی یە ، بەڵکو ڕێگای هێزی بەرهەمهێنانی گرتووە و کەرەسەی بەرهەمهێنان بۆ بەرهەمهێنانی مردن بەکار دەهێنێ ، بۆ پتر بەهەژارکردن و دواکەوتن ، کە بە بەرجەستەکراوی لەجیهانی تەوەردا دەبینرێت و لەکوردستانیش بەشێوە هەرە بەربەری یەکەی بینرا . **

سیاسەتی ئیمپریالیزم ، سیاسەتێکی (نیرۆن )ی یە لەکاتێکدا ڕۆم دەسووتێنێ و لە هەمان کاتیشدا فرمێسکی تیمساحی بۆ دەڕێژێ ، سیاسەتێکی دووفاقی یە لە نێوان دیموکراسیەتی بۆرژوای و بەرژەوەندی یە ئابووری یەکانی دا . کەمال دەیەوێت وەکو ئەو باڵندەیەی نێو دەمی تیمساح خۆی لەگەڵ سیاسەتی ئەمڕۆی نێونەتەوایەتی دا بگونجێنێ ، بەڵام ئەوەی لەیادکردووە کە هەڵوێستی دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان نەك تەنیا دەمکردنەوەیان نی یە بۆ پاك کردنەوەی کاکیلەی ئەژدەهاکی پڕ و پەنگ لەگۆشت و خوێنی مرۆڤی جیهانی تەوەر ، بەڵکو لەکاتی پێویست دا قووت دانیشێتی ، ئەگەرچی کاتژمێرەکەشی لەسەر کانزمێرەکەی گۆرباتچۆفیش کۆك بکات !

---

* هێربەرت مارکۆزە
** ئێمە لێرەدا بێگومان ناتوانین لەم بوارە بکۆڵینەوە و ئامار(احصائیة) هەڵڕێژین ، تەنیا هێندە دەڵێین ، کە نوێ نی یە بۆ زۆربەی کورد . سۆڤیەت بەپێروستڕۆیکاکەنی یەوە

# سەرچاوەکان

1- Helmut Seiffert , Einführung in die Wissenschaftstheorie, München , 1977 .

2- M. Gorbatschow , Prestroika , München , 1987.

3- Dieter Senghaas Imperialismus und Strukturelle Gewalt.

٤- مهدی عامل : ازمة الحضارة ام ازمة البرجوازيات العربية ، دار الفارابي- بيروت، الطبعة الثالثة - ١٩٨١ .

— — —

هەواڵنامەی کتێب

ئەم لێکۆڵینەوە رەخنەییە لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٩دا نووسراوە ، بەلام لەبەر چەند هۆیەکی خودی و بابەتی بلاوکردنەوەی دواکەوتووە .

---

هەشت ساڵ خەریکی بازرگانی جەنگی عیراق - ئێران بوو ( لەگەڵ هـــــاوڕێ سەرمایەدارەکانی دا ) . پیرۆسترۆیکا (٢٠) پرۆفیسۆری تەکنیکی و فیزیکی و کیمیــاوی بوو لە " کارگەی کیمیاوی سامەرا " ، پیرۆسترۆیکا و سەرمایەداری خوێنی (٢٢٠) هەزار کوردە کە لەڕێگای گاز و کوشتنەوە قەلاچۆکران .

فازیل کەریم ئەحمەد

# شۆرشێکی مێژووکرد یا هەڵەیەکی مێژوویی

برای هێژا کاک ڕەشاد میران لەگۆڤاری " یەکگرتن " دا ، لەبن ناوی ( مێژوو چییە و مێژووکرد چۆن دەبێ ؟ )(١) وتارێکی بڵاوکردۆتەوە و ڕەخنەی لەهەندێ لایەنی نووسینەکەی من گرتووە لەمەڕ " خەباتی چەکدار "(٢) . من لەلایەکەوە هەست بە بەختەوەری دەکەم ، کە برای نووسەر لەو ڕوانگەیەوە ڕەخنەی گرتووە کە لەگەڵ زۆربەی ڕا و بۆچوونەکانمە و پشتگیریان لێ دەکات ، نەک لە هەڵوێستی ڕق هەڵسان و تۆڵەسەندنەوەوە، لەلایەکی ترەوە هەست بە لێپرسینەوە ، هانم دەدات ، لەسەر ئەو خاڵانەی یەکناگرینەوە، بیروڕای خۆم دەربڕم . من نەک لەبەر ئەوەی ڕەخنەلێگیراوم ، ئیدی خۆم بەخاوەن مافی وەڵامدانەوەش دەزانم ، بەڵکوو وەکو هەر خوێنەرێکی دی ئەو مافە بەخۆم و خەڵکی تریش دەدەم ، لەسەر هەندێ کێشەی فیکری گرنگ وەدەنگ بێن و بەراست و ڕەوانی بیروڕای خۆیان دەربڕن ، بەئومێدی ئەوەی قازانجی بۆ خەباتی گەلەکەمان هەبێ . منیش وەکو ئەو هیوادارم ، بەدڵێکی فراوانەوە ، سەرنج و تێبینیەکانم وەرگرێ .

## ڕەخنەگرتن لە ڕەخنە

پێش ئەوەی بێمە سەر نووسینەکەی کاک ڕەشاد ، بەپێویستی دەزانم ڕەخنەیەک لە شێوەی ڕەخنەگرتنی باوی ئەمڕۆ بگرم . چونکە کارەکە قاڵبێکی یەکجار دزێوی وەرگرتووە و لەئاکام دەرچووە . حەزم دەکرد بەووتارێکی سەربەخۆ لەو دیاردەیە بدوێم ، بەڵام حەزم نەکرد قورەکە خەستترکەمەوە . بۆیە ئەم نووسینەم بەهەل زانی ، نارەزایی خۆم بەرامبەر ئەم شێوازە چەواشەیە دەربڕم . هەرچەند ئەم سەرنجانەم ، بەراستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ، پەیوەندییان بە نووسینەکەی کاک ڕەشادەوە نیە .

١- جێگای داخ و کەسەرە ، زۆربەی ئەوانەی ڕەخنەدەگرن ، لەشارێی بابەتەکە خۆی دەترازێن و بەخاڵێکەوە دەگیرسێنەوە ، مەگەر هەر تەنیا خۆیان بزانن ، بۆ وەکو نووسەك بەو خاڵەوە نووساون ، کە بەتەقەی تەعنگیش لەکرۆکی بابەتەکەوە نزیك نیە. زۆر جار خۆشیان نازانن بۆ وا دوور هەڵنیشتوون . ئەم شێوازەش تایبەت نیە تەنیا بە چەند نووسەرێکی تازەهەڵکەوتووەوە . بەڵکوو بەشێك لەوانە بە کەڵە نووسەر ناسراون و لەماو نووسەران‌دا کێش و قورسی خۆیان هەیە . ئەمانە شتی ئەوتۆ دەنووسن ، مرۆڤ زۆر لەدووریشەوە هەست بە تەریقی و شەرمەزاری دەکات . هەر لەیەکەم دێڕەوە خۆ هەڵکێشان و خۆبەست زانین و بەرامبەر بەهیچ نەزانین دەست پێ‌دەکات تا دوا دێڕ. پاشان ج پێویست بە هەڵچوون و دۆ و دۆشاو تێکەڵاوکردن دەکات . دڵنیام ئەگەر یەکێك توانای بەکارهێنانی لۆجیکی هەبێ ، قەت پەنا نابانە بەر هەڵچوون و بەلەبوون . پێویستیش ناکات نموونە بهێنمەوە ، چونکە نموونەهێنانەوە بۆ سەلماندنی شتێکی دەگمەن و بێ نەزانراو دەبێت ، نەك بۆ شێوازێك کە لەزۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی‌ناوەوەو دەرەوەی وولات دا دەبارە و سەدبارە بۆتەوە و دەبێتەوە .

ئەم " دیاردە ڕۆشنبیری " یە گەر نیشانەیەك بێت ، پێش هەموو شتێ نیشانەی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی‌یە . گرنگ ئەوە نیە ئەوانە خۆیان بەچی دادەنێن ، گرنگ شێوە و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیانە .

٢- شێوەی دەربڕین و دارشتنی ڕستەکانیش بڕدەکرێ لەتیر و توانج ، بە مەبەستی بریندارکردن و شکاندن و بەهیچ دانانی بەرامبەر ، ئەمە لەبری ڕێزگرتنی هەستی‌خەڵکی تر . دڵنیام ئەوەی لای ئێمە لەخانەی ڕەخنەدا دادەنرێ ، لەڕاستیشدا هیچ پەیوەندی‌یەکی ئەوتۆی بەڕەخنە و هەڵسەنگاندنەوە نیە ، ئەگەر لەوڵاتێکی تردا بێت ، کە دەستوور و یاسا و مافی مرۆڤ ڕێزی خۆی هەبێ ، ڕەخنەلێ‌گیراو ، لەڕووی قانونی‌یەوە ، مافی ئەوەی دەبێ دادگا لە ڕەخنەگر بگرێ و تووشی سزادانی بکات . هەر کەسێك دەتوانێ لەخەیاڵی خۆی‌دا دادگایەکی دادپەروەر دانێ و لاپەرەی زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەڵداتەوە و کاکی ڕەخنەگر و ڕەخنەلێ‌گیراو بەرامبەر یەك دانێ ، ئینجا ڕاستی و ناڕاستی قسەکانی منیش دەردەکەوێ .

مرۆڤ گەر ئاستی ئەمڕۆی ڕەخنە بکاتە پێوانە ، ڕەنگە قەت نەوێرێ سەیری کولتوور و ئەدەبی کلاسیکیمان بکات . ڕەنگە نەشارەزایەك وا بزانێ لەم بوارەدا ئەمڕۆمان لە دوێنێمان پێشکەوتووتر بێت . بەڵام ڕاستی پێچەوانەمان پیشان دەدات . ئەگەر مەولەوی بەنموونە بهێنینەوە ، کاتێك ( بولبول )ی شاعیر لێی دڵگران دەبێت ، کە دوو هۆنراوەی پڕ لەتووك و قسەی ڕەقی بۆ ڕەوانە دەکات ، بەڵام گەورەیی مەولەوی ڕێگەی

پێنادات لێی بچێته سەنگەرەوە ، بەتیر وولامی تیر بداتەوە ، بە " بەرق " وولامی " بەرد " بداتەوە (٣) . ئەگەر کەسێك نموونەی شێخ ڕەزای تالەبانی بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکەی من بهێنێتەوە ، دەڵێم : با ئەوان لەرەوانبێژی و هێزی دەربڕین و قسەسواری بگەنە یەك لەدەی شێخ ڕەزا ، ئەوە هەزارجار گەردنیان ئازا بێت و هەزار جاران دەستیان خۆش بێت . ئەگەر یەکێك نەزانێ جوێن بدات و نەزانێ کەی و لەکوێ ، ئاراستەی کێی بکات ، ئەوە بێدەنگ بوون گەلێك لە " سەنعەت ڕەزیل کردن " چاکترە .

٣- هەر " ڕەخنەیەك " لەئاستی زانستی و ئەدەبی و هەست بەلێپرسینەوەکردن نەبێت ، شایانی ئەوە نیە لاپەرەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پێ ڕەشکرێتەوە . هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکیش ڕێزی خۆی بگرێ و لەئاستی گیانی سەردەم دا بێت ، نابێ بەناوی سەربەستی و دیموکراسیەوە، زەرەر بەم دوو پرنسیپە بگەیێنێ .

## پێناسەی مێژووکرد چییە ؟

کاك ڕەشاد پاش ئەوەی بە چەند دێڕێك لەسەر سەرخانی کۆمەڵ دەدوێ ، بڕوای خۆی بەم شێوەیە دەردەبڕێ : " **کەواتە هەموو بڕیار و هەڵسوکەوتێك لە مانەوە بێت ، بۆ نموونە - وەکو بڕیاری بەرپاکردنی شۆڕشی چەکدار لە ئەیلوولی ١٩٦١دا ، مێژوویی و مێژووکرد دەبێت . بێگومان هەموو بڕیار و هەڵسوکەوتێکیشیان ، هەروەکو هی هەموو کەسێك و لە هەموو ئاستێکدا ، لەئاستی ڕادەی پێشکەوتنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی خۆیاندا دەبێت** " . بەگوێرەی ئەم پێناسەیە بێت " مێژوویی " هەموو شتێکە و هیچیش نیە. ئەمەش لەگەڵ ئەو پێناسە گشتی‌یە یەك ناگرێتەوە ، کە تەنیا ڕووداوە گرنگە " حەتمی " یەکان لەبەرچاو دەگرێ کە بارودۆخی بابەتی دەیهێنێتە پێشەوە : هەر بۆ نموونە دەتوانرێ شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ یا شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بەمێژووکرد ناوببرێن ، چونکە بەبڕیاری یەك کەس و دووکەس و یەك دوو ڕێکخراویش نەبوو ، بەڵکوو هەل و مەرجی مێژووکرد ڕێگەی بۆ ئەو گۆڕانە خۆشکردووە .

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ، کە ئایا " شۆڕش "ی ئەیلوول مێژووکرد بووە یا بڕیارێکی پەلە و سەرپێ‌یی بووە ؟ پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەیەکی مەوزوعی ئەو قۆناخە هەیە، پێش و پاش ١٩٦١ . واتە بەشێوەیەکی ئیمپیری ( Empirie ) بە پشت بەستن بە ئەژماری ورد و دۆکۆمێنتی باوەڕپێکراو و بیرەوەری تۆمارکردن ، بتوانرێ لە وێنەی واقیعی ئەو زەمانە نزیك بێتەوە و بەدرۆخستنەوەی هەروا ئاسان نەبێت . ئەم لەواقیع نزیك بوونەوەیەش نابێ یەکلایەن و پچڕپچڕ بێت ، بەڵکوو هەموو باری ئابووری و سیاسی و

کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریش بکرێتەوە . بەداخەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ لەم ڕووەوە هیچ هەوڵێکی دیار و ڕچەشکێن لەم بوارەدا نەدراوە (٤) . ئەوەی بڵاوکراوەتەوە ، لەپلەی یەکەمدا ، شیکردنەوەی بەشێک لەڕووداوە سیاسیەکان و هەڵوێستی ڕێکخراوەکان و بەشێک لەمێژووی خەبات دژی ڕژێمی عیراق ، لەماوەی جیاجیادا بووە . ئەم یەک دوو خاڵەش ، بەشێکی یەکجار چکۆلەن لەسەرجەمی قۆناخەکەدا .

نەبوونی ئەم لێکۆڵینەوەیەش کەلێنێکی گەورەیە لەمێژووی نوێی گەلی کورد و هەلی سوود وەرگرتنی لەو ئەزموونە دەوڵەمەند و فرەلایەنەی لەباربردووە . ڕێکخراوە سیاسیەکان و سەرکردە سیاسی و نووسەرە سیاسیەکانیش بەرپرسیارن لەنەنووسینی ئەم پڕۆژەیە . ڕێکخراوە سیاسیەکان تا بۆیان بکرێ لە هەڵسەنگاندنی مێژووی ئەم قۆناخە و دەوری تایبەتی خۆیان لەڕووداوەکاندا ، خۆیان دەدزنەوە . هەموو هیوا و ئومێدێکیان ئەوەیە ئەم مێژووە لە بیربچێتەوە و بەچڕی پووش بەسەر بکرێ . چونکە زۆر لەڕاستی دەترسن و دەیانەوێ "هێڵی سیاسی " کۆن بەترخی نوێ بفرۆشنەوە . هیچ سەرکردەیەکیش ئەوەندە بوێر نەبووە ، بەڕاستگۆییەوە بیرەوەریەکانی خۆی بنووسێ و ڕاستی بخاتەڕوو . ئەمانەش دەیانەوێ ئەو بلەی پێیان دراوە و نالێم بەڕەنج و خەبات و دڵسۆزی وەریان گرتووە ، لەدەستیان دەرنەچێ و کەس نەکەنە دوژمن و ناحەزی خۆیان . هەر بەو هیوایەشەوە دەژین ، بەهۆی سیاسەتەوە بژین و نووسی سەرئێشە نەبن . یا هێشتا هەست بەقۆناخ و مێژوو ناکەن و هەر لەسەریەبیری ڕێکخراوەکانیانەوە سەیری جیهان دەکەن و هەر تەنیا ئەو ڕێکخراوانەش بە جیهان دەزانن و لەو بەدەر ، بەخەیاڵ و ئەفسانە و جادوو دەزانن . زۆربەی زۆری نووسەرەکانیش ، ئەگەر بێلایەنیش بن ، بەڵام هەر لەگێژەڵووکی ڕێکخراوەسیاسیەکاندا دەسووڕێنەوە . یا ئەوانیش بەپێویستی نازانن سەرئێشە بۆ خۆیان دروست کەن .

نەبوونی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆتە هۆی چەسپاندنی زۆر بیر و باوەڕ و هەڵوێستی پڕ لە هەڵە و چەوت . بۆتە هۆی چەواشەبوونی زۆربەیزۆری ڕووناکبیران و سڵکردنەوە لە گەڕان بەدوای ڕاستیدا . ڕاستیش وەکو لاستیکی لێهاتووە بەدەست ئەوانەی لەبازاڕی ئیدیۆلۆجیدا کالایان برەوی هەیە و قسەیان فەرمانڕەوایە . ئەم گێژاوەش بۆتە هۆی سەرلێشێوان و پشێوی و پارمەتیدانی مانەوەی هێزە سیاسیە کلاسیکیەکان و ئاوا نەبوونیان لەسەر شانۆ و بەردەوامبوونی تێزە سوواوەکانیان و ڕێگەنەدان بە سەرهەڵدانی چرۆی نیوۆری نوێ . هێزی ئەم چەواشەکردن و سەرلێشێواندنە ئەوەندە گەورە وبەرفراوانە ، تازە بە هەڵەی سێ ساڵ لەمەوبەر دەگوترێ : " مێژووکرد "! تازە خەڵك بڕوای سی ساڵ لەمەوبەر دەگۆڕێ و بڕوا بە هەڵەیەکیتر دەهێنێ (٥) .

دەمەوێ ئەوەش بڵێم ، هەرچەند پێناسەی گشتی هەیە بۆ مێژووکرد و مێژوونەکرد ،

کە ڕەنگە زۆر خەڵکی جیاجیا لەسەری ڕێکەون ، لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەگەرچی "شـۆڕش " ی ئەیلوول و پێناسە گشتی‌یەکەش هاوجووت نەبن ، بەلاّم خەلك بۆی هەیە بەمێژووکردی‌بزانێ.

ئەوانە کێن کەسوورن لەسەر ئەوەی " شۆڕش "ی ئەیلوول مێژووکردە ؟

لێرەدا پێویستە ئەو ڕاستی‌یە بخرێتەڕوو ، کە ئێستا لەدونیا ، بەشێوەیەکی گشتـی دوو ڕوانگە ، جیهانبینی ، لێکدانەوەی جیاواز هەن بۆ هەڵسەنگاندن و تێگەیشـتنـی مێژوو . ئەم دوو ڕێبازەش هەر یەکەیان پرنسیپ و میتۆدو ئامرازی خۆیان هەیە و هـەر یەکەش لایەنگر و خوێنەری خۆیان هەیە .

یەکەمیان : ڕووداوەکان بەگوێرەی بەرژەوەندی و خواستی چین و توێژەکانی سەرەوەی کۆمەڵ دەهونرێتەوە . مێژوونووس لەپلەی یەکەمدا ، بایەخ بەدەوری سەرکردە و مەلیك و پیاوە گەورەکان و چینی سەرەوەی کۆمەڵ دەدات ، لەناو ڕووداوە سیاسیەکان‌دا . خەڵکی ڕەش و ڕووت و چەوساوە پشت گوێ دەخرێت . مێژوو بریتی‌یە لەخەبات و جەنگ‌و قسە و باسی ئەو کەسانە . ئەم ڕێبازەش ئەگەر بە (کلاسیکی) ناوببرێت ، پربەپێستی خۆیەتی و ئەم ناولێنانەش یارمەتی خوێنەر دەدات ، بەئاسانی ڕێبازەکان لێك جیاکاتەوە .

دووەم : ڕووداوەکان بەگوێرەی بەرژەوەندی و خواستی چین و توێژەکانی خـوارەوەی کۆمەڵ دەهونێتەوە . مێژوونووس لەپلەی یەکەمدا ، بایەخ بەدەوری کۆمەلاّنی خەڵکی ڕەش و ڕووت و چەوساوە دەدات . گرنگی بەشێوەی ژیانیان دەدات و ڕووناکی دەخاتە سـەر لایەنی کۆمەلاّیەتی ڕووداوەکان . دەسەلاّتدارەکانیش وەکو خۆیان دەخرێنە بەرچاو ، وەکو چەوسێنەر ، بکوژ ، خوێنڕێژ ، نەك وەکو قارەمان و پاڵەوان و ...هتد . ئەم ڕێبـازە بە ( ئەڵتەرناتیڤ ) ناو دەبرێت یا شێوازی " دژ مێژوو -Anti-Geschichte "(٦) بەهۆی ئەم ڕێبازەوە دەتوانرێ زنجیرەی ڕووداوەکان پێکەوە گرێ‌بدرێن و ئەمڕۆ لەئاوێنـەی دوێنێ‌دا بدۆزرێتەوە .

کە من " شۆڕش "ی ئەیلوولم بەمێژووکرد دانەناوە ، کۆمەڵێك ڕاستیم لەبەرچاو بووە ، بۆیە نەمتوانیوە هەروا بە سەرپێ‌یی‌یەوە سیفەتی مێژووکردی بەسەردا بدەم . ئەم قسەیـەی من ڕەنگە تۆزێك لەبەر گوێی هەندێ کەس نامۆ بێت و لەبەر دڵیان گران بێت . چونکـە تا ئێستا هەر یەکێك هاتووە ، هەر ئەوەی دووبارەکردۆتەوە ، کە " شۆڕش "ی ئەیلـوول مێژووکرد بووە و زروفی مەوزوعی و زاتی خولقاندوویەتی ، بۆیە ئەگەر یەکێك بوێرێ خـۆی لەم " یەکگرتن " ە لەسەر " مێژووکرد " بترازێنێ و ڕوو لە هەڵوێستی باو وەرگێڕێ ، ئـەوە ڕەنگە لای خەڵکی کەش بەڕیزپەڕ دانرێت .

کاك ڕەشاد لە ڕەخنەکانیا دەنگی تایبەتی خۆی دەرنەبڕیوە و شتێکی نوێـــی نەخستۆتە سەر خەرمانی ئەو نووسینانەی تا ئێستا لەسەر شەستەکان نووسراون . جێگـەی

داخیسە کە هەوڵی داوە ، بەشێوازی لێکۆڵینەوەی مۆدێرن ، شتێک پسەلمێنێ کە ڕێبازی کلاسیکی نەبڕاوە وەکو ئەم بەراست و ڕەوان بیخاتە ڕوو . ئەوەش مەسەلەی سروشتی چینایەتی و کۆمەلایەتیی " شۆڕش "ی ئەیلوولە . کاک ڕەشاد دەڵێ : " ڕەخنە و گلەیی نووسەری وتاری ناوبراو لەسەر ئەوەیە کە بۆچی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئەیلوول شێوازی خەباتی چەکداری گرتەبەر؟ وەلامی ئەم پرسیارەش هەر لەشیکردنەوەیەکی مێژوویی و کۆمەلایەتی کۆمەلگای کوردیدا ڕوون دەبێتەوە . لەسەرەتای شەستەکانی ئەم سەدەیەدا ، هەروەکو باسمکرد ، لەکوردستاندا یاسا و پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی و خێڵەتی هێشتا هەر زاڵبوون و ئاغا و سەرکردەی خێڵەکان توخمێکی گرنگی بینای سەرەوەی کۆمەلگا بوون و بنکەی جەماوەری بەرفراوانیان هەبوو کە پەروەردەی داب و نەریتی باوک سالاری ( پاتریاریزم )ی ئەم قۆناغە مێژوویی و کۆمەلایەتیە بوون ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆش و لۆژیک و بارێکی دەروونی وا بۆ ئەندامانی میللەتەکە ، بەهەموو چین و توێژاڵێکیەوە ، دروست دەکات کە لە چارەسەرکردنی گیروگرفتدا جگە لە بەکارهێنانی هێز و چەک بیر لەشتێکی تر نەکەنەوە".

ئەگەر بۆ ماوەی بیست ساڵ لەمەوپێش ئەم لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەی سەرەوە ڕاست بێت ، ئەی دەبێ چۆن وەسفی سەدەی ١٨ و ١٩ بکەین ؟ دەبێ لەماوەی سەدەیەک یا دوو سەدەدا هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر کۆمەڵی کوردا نەهاتبێ ؟ دڵنیام کەسێک نە بتوانێ پێچەوانەی ئەو ڕاستی‌یە بسەلمێنێ ، کە گۆڕانێکی قووڵ و فراوان بەسەر کۆمەڵدا هاتووە و تائێستا نەهیچ نووسەرێکی کورد و نە بیانی کێشەکەی وەکو کاک ڕەشاد نەخستوتە ڕوو . هەر هەموشیان لەوەوە دەستیان پێکردووە کە مێژووی ئەو بزووتنەوە گەورەیە تۆمارکەن . ئەگەر ئەو باسی پاشماوەی پەیوەندی و بیرکردنەوەی خێڵەکی ، وەکو فاکتەرێکی کۆمەلایەتی و سیاسی گرنگ بکردایە ، لەپاڵ فاکتەری ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی تر ، ڕەنگە مشت ومڕێکی زۆری لەسەر نەکرایە . بەلام ئەگەر بێت و ئەم پەیوەندیە دەرەبەگایەتی و خێڵەکی‌یە وەکو " زاڵ " و بالادەست سەیربکرێ ، پێویستە بە ئەژمار سەنگ و قورسایی ئەو هێزە هەڵبسەنگێنرێت ، لەچاو شار و لادێ . ئەم هەڵسەنگاندنەش لەنووسینێکی وا کورت دا جێگەی نابێتەوە . بۆیە تەنیا ژمارەی خەڵکی کۆچەر لەچاو خەڵکی شار و لادێ لەم خشتە سادەیە پیشان دەدەم ، چونکە وێنەیەکی سادە دەخاتە بەر دەستی خوێنەری ئازیز .

### پێکهاتنی دانیشتوانی کوردستانی عیراق ( بەهەزار )(٧)

| سالّ | کۆچەری | ٪لەهەموو | لادێی | ٪لەهەموو | شاری | ٪لەهەموو | هەموو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٨٦٧ | ٧٠ | ٣٦ | ١٤٠ | ٥٣ | ٥٥ | ٢٣ | ٢٦٥ |
| ١٩٥٧ | ٣٩ر٣ | ٣ | ١ر١٠٦ر١ | ٦٤ | ٥٧٦ر٨ | ٣٤ | ١ر٧٢٢ر١ |

لەم خشتە سادەیە ، ئەوە دەردەکەوێ ، ڕێژەی کۆچەر لەساڵی ١٩٥٧ دا تەنیا ٣٪ ی دانیشتوانی کوردستان بووە . لەم ماوەیەدا ڕێژەی لادێی بەرزتربۆتەوە ٦٤٪. شارییش دوانگزە جار ئەوەندەی ژمارەی کۆچەر بووە . ئەگەر کەسێکیش پێ لەسەر ئەوە داگرێ کە هەر هەموو لادێکانی کوردستان لەسەر ئەو ناوچانە بژمێرێ کە پەیوەندی دەرەبەگی و خێڵەکی تێدا زالە ، ئەوە ڕاستی باری ژیانی کۆمەڵایەتی وێنەیەکی ترمان پیشان دەدەن . واتە دەبێ بۆ بەڵگەی تر بگەڕێین کە یارمەتیمان بدات بۆ سەلماندنی شێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتیمان لەو سەردەمەدا . چونکە ئەژمار بەتەنیا بەس نیە بۆ سەلماندنی شێوەی بیرکردنەوە و هەڵوێست بەرامبەر هەندێ پەیوەندی کۆمەڵایەتیوسیاسی و ڕۆشنبیری ، بەتایبەتی ئەم ئەژمارانە بۆ ئەو مەبەستانە ڕێك نەخراون و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان پێیانەوە نیە . بەڵام ئاماژەی زۆر گرنگ هەیە ، کە بەهیچ شێوەیەك قسەکانی کاك ڕەشاد ناسەلمێنن . وەکو پەرەسەندنی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نێو شارەکان و پرۆسێسی داڕووخانی پەیوەندی خێڵەکی ، بەهێزتربوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی ، توند و تیژبوونی خەباتی چینایەتی لە لادێکان لەشێوەی ڕاپەڕینی جووتیاران‌دا . بێگومان شتێکی هەروا ئاسان نیە هەموو لایەنەکانی ئەم پرۆسێسە ، لەنووسینێکی سەرپێی وادا ، بخرێتە بەرچاو . بۆیە لێرەدا ڕووناکی تەنیا دەخرێتە سەر گرنگی ڕاپەڕینی جووتیاران و تێشکدانەوەی ناڕاستەوخۆی لەپرۆژەی " شۆڕش "ی ئەیلوول‌دا .

## ڕاپەڕینی جووتیاران

یەکێك لەو کەم و کووڕییە گەورانەی نووسراوەکانی " ڕێبازی کلاسیکی " کەدەربارەی " شۆڕش "ی ئەیلوول نووسراون ، ئەوەیە ، ئەم جووڵانەوەیە وەکو دیاردەیەکی سەربەخۆی لەپڕ هەڵتۆقیزاو ، سەیر دەکرێ . ڕەگ و ڕیشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری ، بە بەردەوامی لەلایەن ئەو نووسەرانەوە پشت گوێ دەخرێ .

هەروەکو چۆن قۆناغەکانی مێژوو ، لێك دابڕاو نین و هەر قۆناغێك گەرای لە

هەماوی قۆناخەکەی تردا هەیە و بەبێ دۆزینەوەی ئەو پەیوەندی‌یە ، تێگەیستنی هەر قۆناخێکیس بەتەنیا دژوار دەبێت . شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ و شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ناتوانرێ لەقۆناخی پێشتر جیابکرێنەوە . تەنانەت هەڵگەڕانەوەش بەبێ ئەم دەستوورە نابێ . بۆ تێگەیستن لە هاتنەسەرحوکمی نازیەکان لەئەڵمانیادا ١٩٣٣ دەبێ مێژووی کۆماری فایمار و گێرەوکێشەکانی ئەو سەردەمە لەبەرچاو بگیرێ ...هتد .

لای نووسەرانی " ڕێبازی کلاسیکی " قۆناخەکان پێکەوە گرێنادرێن ، " مێژوو " ش لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ وە دەست پێ‌دەکات . ئەم لەبیرچوونەوەیە ، ڕاستر بڵێم ئەم لەبیربردنەوەیە ، ڕێکەوت نیە ، نەزانین و بێ‌ئاگاییش نیە . ڕێبازێکە و ئیدیۆلۆجستە ناسیۆنالستەکان دایانهێناوە و لەسەری ڕێکەوتوون و نووسەرە " پێشکەوتنخواز "ەکانیش ڕەدووبان کەوتوون . ئەمەش بریتی بووە لە تیشک خستنە سەر تەنیا یەک لایەنی ڕووداوەکان و تەنیا لەماوەیەکی کورت دا . واتە توندونیژبوونەوەی ناکۆکی لەنێوان سەرکردایەتی پ.د.ك و ڕژێمی ئەوسای عیراق و چاوسووواندن لەلایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکانی تر ( وەکو جووڵانەوەی چەکدارانەی هێزە عەشایەری‌یە کۆنەپەرستەکان ، کە پێش ئەیلوول ١٩٦١ گوێیان فووتکرد بووەوە )(٨) .

بۆ تێگەیستن لەدەوری ئەم هێزە کۆنەپەرستانە و شێوەی پێکهاتن و جووڵانەوە و کارتێکردنیان لەسەرجەمی ڕووداوەکانی قۆناخی شەستەکان و حەفتاکان ، پێویستە پێشتر ئاوڕێك لە جووڵانەوەیەکی ڕەسەن و پێشکەوتنخواز بدەینەوە ، کە ڕاپەڕینی جووتیارانە لە کۆتایی چلەکان و بەدرێژایی پەنجاکان و سروشتی چینایەتی دەستنیشان بکەین . ئەم ڕاپەڕینە ، جووڵانەوەیەکی بچووك و لاواز و کەمخایەن نەبووە ، کەوا هەر بەسووك وباریك دەورونەئسیری ، لەسنوورێکی زۆر تەسك دا مەنیس کردبێ و لە ڕووداوەکانی دواتریش دا ڕەنگی نەدابیتەوە ، تا هەروا بە ئاسانی لەلایەن نووسەرانی " ڕێبازی کلاسیکی " یەوە ، شایانی ڕەچاوکردن و سەرنجدان نەبوویێت . ئەم جووڵانەوەیە لەکۆتایی چلەکانەوە تەقیەوە و تا ساڵی ١٩٦١ هەر بەردەوام بوو . هەر لەناوچەی هۆرین و شیخانەوە تا دەشتی دزەیی تەنیبووەوە . ئەم جووڵانەوەیە توانیبووی بەشێکی گەورەی ئامانجەکانی خۆی وەدیبهێنێ و لە هەموو نەبەردەکاندا ، بەرامبەر هێزە کۆنەپەرستەکان ، سەرکەوتن وەدەست بهێنێ . ئەگەر ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی لەگەڵ ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی "شۆڕش"ی ئەیلوول بەراورد بکەین ، دەبینین جووڵانەوەی جووتیاران هەر زۆر پێشکەوتووتر و ڕەواتر بوو ، وەکو ( زەوی بۆ ئەو کەسەی دەیکێڵێ ، کۆتایی‌هێنان بە چەندین شێوەی زوڵم و زۆر و چەوسانەوەی چینایەتی ، پێکهێنانی یەکێتی جوتیاران ، هەوڵدان بۆ چاکردنی شێوەی ژیانی خەڵکی ڕەش و ڕووت ...هتد )(٩) .

پاش کۆدەتای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ زۆربەی زۆری ئاغا و دەرەبەگەکان دەربەڕێنران و بەگشتی بەرەو ئێران ڕاونران . ڕووداوەکانی ئەو کاتە ، بەتایبەتی یاسای چاککردنی کشت و کاڵ ، بەهەموو کەموکوورییەکانیە ، کەلێنێکی لە سیستیمی دەرەبەگایەتی دروست کرد . هەرچەند ئەم سیستیمە لەڕاستیدا ، لەلایەن ئینگلیزە داگیرکەرەکان و ڕژێمی مەلەکی دەسکردی ئەوانەوە ، بەتۆبزی سەپێنرابوو . سیستیمی داڕووخاوی دەرەبەگایەتی ، دەبوایە هەر لە چلەکانەوە کۆتایی پێبهاتایە ، چونکە بنکەی ئابووری لەدەست دا بوو . بەڵام کۆدەتای ١٤ی تەمووز و ئەو ڕژێمەی هاتە سەرکار ، نەیدەتوانی ئەڵتەرناتیفێکی شۆڕشگێڕ پێشکەش بکات و تەنانەت لەبڕیارەکانی خۆیشی پاشگەز دەبووەوە . ئەم هەل و مەرجە سەرلەنوێ خوێنیکردەوە بەگیانی پەیوەندی خێڵەکیدا و ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی جموجۆڵی چەکدارانەی هێزە کۆنەپەرستەکان خۆشکرد . ئەم جووڵانەوەیەش دەورێکی خراپی لەئاڵۆزکردنی بارودۆخی سیاسیدا گێڕا و تەفینەوەی " شۆڕش "ی ئەیلوولی خێراترکرد .

دەبێ ئەوەش باش ڕەچاوبکرێ کە پ.د.ك وەکو هەموو حیزبێکی نەتەوەیی تر،خەباتی چینایەتی و ناکۆکی کۆمەڵایەتی بەرزێر لێوەوەکرد و هیچ دەورێکی ئەوتۆی لەکۆتایی چلەکان و تا کۆتایی پەنجاکان نەگێڕا ، بۆ خۆشکردنی ئاوری ڕاپەڕینی جووتیاران و قووڵکردنەوەی ئامانجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی . لەشەستەکانیشدا ، کاتێ خەباتی چەکدار پەرەیسەند و دەسەڵاتی " شۆڕش " لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا ، پتەو بوو، نەك هەر جووڵانەوە و مافی کۆمەڵایەتی جووتیاران و خەڵکی چەوساوە و زەحمەتکێشی تر پێشێلکرا ، بەڵکوو دەسەڵاتی دەرەبەگە کۆنەکان و " تازەکان " یش ، پتەو و بەهێزترکرا و بەبۆیەی ئیدیۆلۆجی و سیاسی ڕەنگاوڕەنگیش بۆیەکرا و شەرعیەتی " شۆڕشگێڕانە " شی وەرگرت . دەرەبەگەکان بوونە کۆماندۆی " شۆڕش " و باج و سەرانەی ئەوتۆیان داهێنا کە لەزەمانی میرنشینی سۆران و بابان و ئەردەڵانیش وێنەیان نەبوو .ڕژێمیش لەلایەن خۆیەوە هەنگاوی بەرەو بووژاندنەوەی سیستیمی دەرەبەگایەتی نا . چەك و پارە و دەسەڵاتی بەسەر ئەو دەرەبەگانەدا داباراند . سنووری دەسەت و زوڵموزۆری ئەمانیش دە ئەوەندەی جاران پەرەی سەند .

ئەگەر بێت و کەسێك بۆی بلوێ ناوی هەر هەموو دەرەبەگ و ئاغاکان تۆماربکات ، کە لەئەنجامی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی جوتیاران دەسەڵاتیان کزبووەوە ، یا مەترسی تێکشکان و تیاچوونیان لێنیشتووە. پاشان ئەگەر بتوانێ بەوردی شوێنپێیان هەڵگری و شێوەی هەڵوێستی سیاسییان ، یەك بە یەك بخاتە بەرچاو ، ڕەنگە ئەو کاتە تابلۆیەکی ڕێك و پێکمان لەبەردەست بێ و بەئاسانی هەڵس و کەوتی چینێك دیاریبکرێ . من خۆم ناوی

بەشێك لەو دەرەبەگانەی ناوچەی خانەقی و شارەزوور دەزانم ، کە چۆن لەسەردەمی ڕژێمی مەلەکیدا دەستیان دەڕۆیشت ـ نایبی مەجلیسی نەعیان ـ پاش هەڵگیرسانی " شۆڕش " ئەم کەسانە خۆیان یا کەس و کاری زۆرنزیکیان ، بوونە لێپرسراوی گرنگی " شۆڕش " یا لێپرسراوەکان لەقسەیان دەرنەدەچوون .

## گیانی عەشیرەتگەری نوێ

کاك ڕەساد جیاوازی لەنێوان دوو دیاردە نەکردووە ، کە یەکێکیان سروشتی و ئاسایی و مێژووکردە و ئەوی تریشیان ناسروشتی و نائاسایی و دەسکردە. یەکێکیان گۆڕانی کۆمەڵایەتی هێناویەتەکایەوە و ئەوی تریشیان هەلومەرجی سیاسی لەپلەی یەکەمدا ، دەوری لەبووژانەوە و سەرهەڵدانەوەی بینیوە . عەشیرەتگەری پێش جەنگی جیهانی یەکەمو عەشیرەتگەری شەستەکانی ئەم سەدەیە ، یەك نین و جیاوازیان ئاسمان و ریسمانە. پێش یەکەم جەنگی جیهانی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بابەتی بووە . لە شەستەکاندا ، باس داڕووخان ، کە لەبەر نێکەوتن بەهۆی پەرەسەندنی کێش و فورسایی شار لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە ، نەفینەوە خەباتی چیایەتی لەلادێکانی کوردستاندا . .هتد ، ناتوانین ئیتر بڵێین : " یاسا و پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی و خێڵەتی هێشتا هەر زاڵبوون " . چونکە ئەگەر بەهۆی ئەو هەلومەرجە سیاسیەوە نەبوایە ، لەلایەکەوە ڕژێم بەهەموو توانایەکیەوە پشتگیری ئاغا و دەرەبەگەکانی دەکرد ، لەم لاشەوە " شۆڕش " دەیەویست سوود لە پاشماوەی گیانی عەشیرەتگەری وەربگرێت ، بۆ پەرەپێدانی خەباتی چەکدار دژی ڕژێمی عیراق ، ئیدی ئەم پەیوەندیەش هەروا بەزاڵی نەدەمایەوە .

دیاردەی عەشیرەتگەری لەشەستەکاندا ناوی لێ نراوە " عەشیرەتگەری نوێ " Neo - triblism ئەمەش لەو کاتەدا ، نەك هەر تەنیا کوردستان ، بەڵکوو سەرتاپای عیراقیشی تەنیبووەوە (١٠). ئەم دیاردەیەش لەهەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ عەشیرەتگەری ئاساییدا جیاوازە و نابێ هەردووکیان بەیەك چاو سەیربکرێن .

## مێژووکرد یا هەڵەی مێژوویی

من بەش بەحاڵی خۆم ، ناتوانم بەم جووڵانەوە چەکدارە بڵێم " شۆڕش " و ناتوانم سەقەتی مێژووکردیشی بەسەردا بدەم . ئەو بەڵگانەی زۆر جار دەهێنرێنەوە بۆ پشتگیریکردنی ئەو بۆچوونەی کە لەسەر " مێژووکرد " سوورە ، ناتوانێ خۆی لەبەردەم بەڵگەی پێچەوانەدا ڕاگرێ . دەمەوێ بەڕاشکاوی ئەوە بڵێم کە گەلی کورد ناچار نەبوو ، ڕێگەی خەباتی چەکدار بگرێتە بەر . سەرکردایەتی پارتی دەیتوانی ڕێگەی تر و شێوەی تر

بگرێتەبەر بۆ درێژەپێدانی خەباتی ئاشتیانەی جەماوەری ، بۆ ناچارکردنی ڕژێم دان بە داواکاریەکانیا بنێ .

ئەگەر پێداویستی هەڵگیرساندنی " شۆڕش "ی مێژووکرد ئەوەبێ کە لەو " مذکرة "یە نووسراوە و ١٩٦١/٧/٣٠ ئاراستەی سەرەك وەزیران عبدالكريم قاسم کراوە (١١) ، بەڕای من ئەو داواکاریانە بایی ئەو هەموو ماڵوێرانی و خوێن ڕشتنە نەبوو . پاشان دەردی کاکی شاعیر دەڵێ : " چیمان کۆڕی ...؟"

لەوە ناچێ هەر هەموو سەرکردایەتی پارتیش ، بەگوێرەی قسەکانی نوری شاوەیس و ڕاپۆرتی سیاسی پ.د.ك (ق.م) ئابی ١٩٧٦ ، لەسەر شەڕهەڵگیرساندن سووربووبن . بڕیارەکەش - ئەگەر مەسەلەکە بەبڕیاردان کرابێ - پتر لەنێوەکلان دەچێ تا پلان‌دانان و نەخشەکێشان بۆ شۆڕش . ئەوەش سەیرە کە تائێستا کەس باسی چۆنێتی نێوەکلانەکەی نەکردووە ، چونکە ئەم خەباتی چەکدار ناڕادەیەك بەرهەمی چاکی - بەشێوەیەکی کاتی - هەبوو ، بۆیە داڕشتنی ڕووداوەکان جوارچێوەیەکی ئەفسانەیی ( Mythos ) وەرگرت و ڕەنگی " پیرۆز "ی پێبەخشرا و کەس نەیدەوێرا نیشانەی پرسیار بخاتە سەر ڕووداوەکان . دەبوو خەڵك کوێرانە بڕوا بە " مێژووکرد "ی ڕووداوەکان بهێنن و بەهیچ شێوەیەك بیری لێ نەکەنەوە .

یەکێك لە سەرکردە گرنگ و قسەڕۆیشتووەکانی پ.د.ك ، کە دەورێکی سەرەکی لە ڕووداوەکان‌دا هەبوو ، پاش تێپەڕبوونی نزیکەی دە ساڵ بەسەر " شۆڕش "ی ئەیلوول‌دا دەڵێ : " **گرنگترین دەستکەوتەکانی پارتی ، بەشداریکردنی بەهاداری بوو لەگۆڕینی کۆمەڵە چەکداری کوردستانی ساڵی ١٩٦١ بۆ شۆڕشێکی نیشتمانی دیموکراتی کوردی** ...هتد "(١٢) هەر چەند لێرەدا ئەوە ڕوون نیە ئەم " کۆمەڵە چەکدار "ە چ شەقڵێکی هەبووە ، دیارە ئەوە بەجوان نەزانراوە بنووسرێ " کۆمەڵە عەشیرەتگەری چەکدار " ئەگینا ڕوونە " جووتیاری " یا " کرێکاری " نەبووە . ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکی زەق و ڕۆپە بۆ درێژەکێشانی ڕێبازی نەگۆڕی پارتی ، هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە تا کارەساتی ١٩٧٥ . پاش هەرەسی (٧٥)یش و دەست پێکردنەوەی "شۆڕشی نوێ" و " ڕێبازی نوێ " و " سەرکردایەتی نوێ " هەمان ڕێباز لەچوارچێوەی تر و دروشمی تردا سەری‌هەڵدایەوە ، واتە سووربوون لەسەر " هاوپەیمانێتی نەگۆڕ "ی هێزی دەرەبەگ و بورجوازی کوردی و خەباتی هاوبەشیان بۆ وەدیهێنانی ئامانجی هاوبەش . ئەمەش شەقڵێکی تایبەتی بۆرجوازی کوردی‌یە هەر لەسەرەتای شێوەگرتنی سیاسی‌یەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ (١٣) .

## خەباتی چەکدار لەبەهەشتەوە بۆ کورد هاتووە !

کاک ڕەشاد سەبارەت گرنگی و بایەخی چەك و هێزی چەکدار لای عەشایەر و خێڵە کوردەکان بۆچوونێکی ڕاستی هەیە . من بێ چەندوچوون بۆی دەسەلمێنم ، چونکە هێز و دەسەلاتی عەشایەر بەچەك و ژمارەی چەکدار پێناسەدەکرێ ، بەلام ئەو ئەنجامەی دەیگاتێ ئارادەیەك کات ڕەچاونەکردنی تێدایە ، بۆیە نەیتوانیوە ئەنجامی ڕاست بپێکێ . ئەگەر بەزمانی مێژوونووسانیش بیلێم ئەناکرۆنزمە Anachronism واتە کات گۆڕکێ یا مێژووگۆڕکێ لەشێوەی دارشتن دا ڕووی داوە (١٤) ، بەتایبەتی لەم دێڕەدا ".. **مافی ئەوەمان نیە ، لەو هەل و مەرجی ئەوساکە ، داوای شێوازێکی خەباتی تازمیان لێ بکەین کە سیما و خەسلەتی قۆناغێکی مێژوویی پێشکەوتووتر بێت ، وەکو بزووتنەوەی گاندی یا ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ئێران لە ١٩٧٩ دا - ئەوانەی برای نووسەر ئاماژەیان بۆ دەکات.**" پێش هەموو شتێ من داوام نەکردووە ، دەست لەکام ڕێگا هەلبگیرێت و کام ڕێگا بگیرێتەبەر ، بەلکوو نووسینەکەی من سەرنج ڕاکێشانێکی گشتیە ، بۆ بوونی ڕێگا و شێواز و ئامرازی تری خەبات . سەرنج ڕاکێشانە بۆ وەرچەرخان و لاکردنەوە ، لەگرتنەبەری ملی کوێرەڕێیەکی ئالۆشکێن و پڕ لەهەلدێر .. دیارە جیاوازیەکی ئاشکراش لە نێوان " داواکردن " و " سەرنج ڕاکێشان " یشدا هەیە .

ئەگەر من تەنیا باسی ڕاپەڕینی کۆمەلانی خەلکی ئێرانی سالی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ و بزووتنەوەی بێ زەبروزەنگی گاندی و ڕاپەڕینی ئێستای خوێندکارانی کۆریام کردبێ ، بەبێ سەرنج دانی مێژووی گەلی کورد خۆی ، برای نووسەر هەقی خۆی بوو لەم ڕووەوە ڕەخنە بگرێ و نووسینەکەی من بە کات گۆڕکێ دانی . بەلام لەوێش من نووسیومە : " **ئەگەر مرۆڤ بیەوێ سوود لەمێژووی خۆی وەربگرێ ، هەق وایە هەر لەبزووتنەوەکەی شێخ مەحموودەوە دەست پێ بکات** ل ٢٤ ". هەر لەو لاپەڕەیەدا ئاماژەم بۆ ڕاپەڕینی شەشی ئەیلوولی ڕەشی ١٩٣٠ و بزووتنەوەی هەقەکان ١٩٢٤ و ڕاپەڕینی جووتیاران کردووە ، بەلام لەبەر ئەوەی هەر ویستوویەتی داکۆکی لە ئیدیۆلۆجیای " شۆڕش "ی ئەیلوول بکات و بیانوو بۆ تێزە کۆنەکانی ڕێکخراوە سیاسی یەکان بدۆزێتەوە ، بۆیە تەنیا بڕگەیەکی لە نووسینەکەی من خستۆتە بەرچاو و ئەو بەشەی کە لەقازانجی بەلگەهێنانەوەکەی نەبووە ، هەروا بەئاسانی پشت گوێ ی خستوون . پاشان دەمەوێ ئەو پرسیارەش بکەم ، بۆ ڕێبازێکی ئایینی /عەشایەری لەسالی ١٩٢٤دا ویستویەتی سوود لە بزووتنەوەکەی گاندی وەربگرێت - پێش ئەوەی ئەم جوولانەوەیە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ - و لەشەستەکاندا ، ڕێکخراوێکی سیاسی نەتوانێ سوود لەهەمان ئاقیکردنەوە وەربگرێت ؟

لە٦ی ئەیلوولی ١٩٦١ دا ، واتە تەنیا پێنج ڕۆژ پێش تەقینەوەی خەباتی چەکدار ، سەرکردایەتی پ.د.ك بانگەوازی مانگرتنی دەرکرد و کۆمەڵانی خەڵکی شارەکانی کوردستان بەدەنگیەوە چوون و مانگرتنەکە لەهەموو شوێنێك سەرکەوتوو بوو . ئایا نەدەتوانرا لەنێوان هەردوو شەشی ئەیلوولی ٣٠-٦١ دا چەند شەشی ئەیلوولی تریش هەبێ ؟ بۆ سەرکردایەتی ڕێکخراوە سیاسی‌یە کوردەکان هەر چاویان بڕیوەتە خەباتی چەکدار ، وەکو تاقە ڕێگایەکی خەبات ، لەبەر ئەوەی ڕێگەی تر نەبووە یا پێکهاتنی ئەم سەرکردایەتی لەڕووی سیاسی و ئیدیۆلۆجی و چینایەتیەوە ، بەچەشنێك بووە کە وایان زانیوە خەباتی چەکدار لە بەهەشتەوە بۆیان هاتووە ؟

## ڕێگەی تایبەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد

لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ، ئەو ڕاستیەمان بەڕوونی بۆ دەردەخات ، کە چینی بورجوازی کورد هەر لەسەرەتاوە نەیتوانیوە وەکو هێزێکی سیاسی سەربەخۆ بێتە سەر شانۆ . تەنانەت ئالاّی بیری نەتەوەییش یەکەمین جار لەلایەن ئەوە بەرزنەکراوەتەوە . چین و توێژەکانی سەرەوەی کۆمەڵ ( میر ، دەرەبەگ، شێخە مەزنەکان ) هەڵگری ئەم ئالایەبوون و شەقڵێکی تایبەتیان بەڕەوتی گەشەکردنی ئەم بزووتنەوەیەوە نا . یەکێك لەتایبەتیەکانی ئەم بارە ، بڕوا نەبوونە بە خستنەگەڕی هێز و توانای کۆمەلانی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی کوردستان . هەر لەو ڕۆژەوە کە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی کوردی دامەزراوە ( کرد تعاون و ترقی جمعیتی ) تا ئەمڕۆ ، سیاسەت بەکاری پیاو ماقووڵ و خانەدان‌و وجاخزادە دانراوە ، نەك هەژار وبەڵەنگاز.

لاوازی و نەگیرسانەوەی بۆرجوازی کوردی ، وەکو هێزێکی سیاسی سەربەخۆ ، ڕێگەی خۆشکرد پاشماوەی هێزی دەرەبەگ بەباشترین دۆست و هاوپەیمانی خۆیان دانێن.بۆیە بۆرجوازی کورد هەر جارێك بەتەمای هەنگاوێکی سیاسی گرنگ بووبێت ، بەبێ ڕەزامەندی و یارمەتی هێزی عەشایەر نەیکردووە . تەنانەت بۆ دروست کردنی پ.د.ك ، سەرلەنوێ ئەم پڕۆژەیە هێنراوەتە پێشەوە . هەرچەند بەشێك لەسەرکردەکان بەتوندی دژی سەپاندنی ئەم هێڵە سیاسیە ناڕاستەبوون و خۆیان لەکاری سیاسی کێشایەوە .

لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێ ، بۆ نوێنەرەکانی بۆرجوازی کوردی نەیانتوانیوە دەست لە " بایەخ و گرنگی هێزی عەشایەر " هەڵگرن ، هەرچەند بواری چالاکی ئابووری و کۆمەلاّیەتی ئەوان شاربووە . لەپڕۆژەی کاری سیاسیشدا ، سەنگ و قورسایی هێزی عەشایەر ، بەپێویست تر دانراوە تا خستنەگەڕی کۆمەڵانی خەڵکی شار و لادێ . هێزە عەشایەری‌یەکانیش بۆ درێژەپێدانی دەسەڵات و بەرژەوەندی خۆیان ، بەباشیان زانیوە لەو

بڕۆژەمەدا ھەرامۆش نەکرێن و ئەسکوێیان لەدێزەدا بگەرێ . شێوەی خەباتی عەشایەریش ، حۆبیساندان و مانگرتن و کاری سیاسی نەبووە ، بەڵکوو ھەر شێوەی تەقلیدی شەڕی عەشایەری بووە ( لەشێوە و ناوەڕۆکیش دا ) .

## بەکارھێنانی زاراوەی زانستی

کاك رەشاد ھەندێ زاراوەی زانستی بەوردی بەکارنەھێناوە . من نامەوێ ئەو زاراوانە یەك‌بەیەك‌و بەوردی لەگەڵ پێناسە ناوەکانیان‌دا بەراوردبکەم و تەنیا سەرنجی خوێنەری ئاریز بۆ دارشتنەکانی برای نووسەر رادەکێشم .

١- بینای سەرەوەی کۆمەڵ : مرۆڤ بە بەشێك لەسەرخان دانراوە " بینای‌سەرەوەی کوردەواری ، لەرۆژگاری مەبەستی ئێمەدا ، شێوەیەکی تایبەتی و ئاڵۆزی وەرگرت وئەوساکە لەم توخمە سەرەکیانەوە پێکھاتبوو : سەرکردەی خێڵ و ھۆزەکان ، پیاوی ئایینی ، رۆشنبیران ...ھتد " . خوێنەر دەتوانێ ئەم دارشتنە لەگەڵ ئەو پیناسەیە بەراورد بکات کە لەرۆربەی لێکسیکۆنەکان‌دا ھەیە ، یا راستەوخۆ سەرەتای " ئیدیۆلۆجیای ئەڵمانی " (١٧) بخوێنێتەوە .

٢- ھۆشی کۆمەڵایەتی و ھوشیاری نەتەوەیی : من نازانم ھۆشی کۆمەڵایەتی‌چییە؟ بۆ ھوشیاری نەتەوەیی رەنگدانەوەی ئەم ھۆشە کۆمەڵایەتیە بێت ؟

٣- مێژوو : " مێژوو ، وەکو ھەمووومان دەمیزانین ، بریتی‌یە لە پرۆسێسی بەرەوپێش‌چوون و گەشەسەندنی کۆمەڵگا " . د.کەمال مەزھەر ئەحمەد بەم شێوەیە مێژوو پێناسە دەکات : " تۆماری ھەموو ئاڵ و گۆرێکی سروشت و کۆمەڵ " . واتە بە"پرۆسە"ی تۆمارکردن و نووسین و گێرانەوە دادەنرێ ، نەك خۆی لەخۆی‌دا پرۆسێس بێ .

٤- کۆمەڵ یا کۆمەڵگا : کاك رەشاد ، وەکو زۆربەی نووسەرانی کورد ، دەنووسێ کۆمەڵگا . ئەوەی پێشوو کۆمەڵی بەکارھێناوە و من کۆمەڵم پێ راستترە . نازانم ئەم "گا"یە بۆ بە کۆمەڵەوە لکاوە ؟ لەئەڵمانی Gesellschaft و لە ئینگلیزی Society بۆ رێکخراو " کومەلە " و بۆ " کۆمەڵ " یش بەکاردێت و کەسیش بەشوورەیی نازانێ . دیارە ئەو نووسەرە کوردانە بەھۆی " المجتمع " ی عەرەبی‌یەوە ، کە بەھەڵە وەریان گێڕاوە ، خۆیان تووشی ئەم " گا "یە کردووە و وایان زانیوە دەبێ " گا " یەك بدۆزنەوە ئەگینا کارەکە جووت نابێ (١٩) .ئەی بۆ کابرایەکی سۆسیۆلۆگ Soziologe بگوترێ کۆمەڵگاناس جوانترە یا کۆمەڵناس ؟

٥- کوردەواری : لەلاپەرەی (١٧)دا دووجار نووسراوە " بینای سەرەوەی‌کوردەواری"



ھەواڵنامەی کتێب

بەبێ ئەوەی هیچ هێڵێك لەنێوان كۆمەڵی كورد و كوردەواری رابكێشرێ . تەوفیق وەهبی لە فەرهەنگەكەی دا(٢٠) بەرامبەر كوردەواری نووسیویەتی :

The Kurdish world , something typically Kurdish .

ئەم پێناسەیە لەگەڵ ( كۆمەڵی كورد ) دا یەك ناگرێتەوە . علاءالدین سجادیش لە "كوردەواری "دا(٢١) باسی هەڵس و كەوت و خووڕەوشتی كردووە كە لەكوردستان‌دا باون ، وەك ( زەماوەن ، شین ، كابی ژنان ، یاری ، ...هتد ) . واتە پتر لایەنی ئێتنۆلۆجی دەگرێتەوە نەك كۆمەڵایەتی ، كەخۆی بەشێكە لە سەرخانی كۆمەڵ ، نەك خۆی " بینای سەرەوەی " هەبێ .

# پەراوێزەكان

١- رەشاد میران : شێوو چییە و شێووكرد چۆن دەبێ ؟ گۆڤاری " یەكگرتن " . كۆپنهاگن ، ژمارە (١١) ، سالی ١٩٩٠ ، ل ٥-٢٢ .

٢- ئازاد كەریم ئەحمەد : خەباتی چەكدار لەنێوان تەنسات و راستی‌دا ، گۆڤاری " یەكگرتن " - كۆپنهاگن ، ژمارە (٩) ، سالی ١٩٨٩ ، ل ١٢-٦٢ .

٣- مەلا عبدالكریم مدرس : دیوانی مەولەوی ، بغدا ، ١٩٦١ ، ل١٧٢-١٧٨ .

٤- دوو نووسین ئارادەیەك لەدەرەوەی بازنەی ئەم حوكمەی . دەڵێم ئارادەیەك ، چونكە هەر یەكەیان تەنیا لەلایەنێكی سیاسی كێشەی كورد كۆڵیبێتەوە و نەك تەنیا دەربارەی ئەستەكان .

1- Ibrahim,Ferhad : Die Kurdische Nationalbewegung im Irak . Berlin , 1983 .

2- Rasoul,Fadil: Großmachtpolitik und Freiheitskampf. Kurdistan und die sowjetische Nahost - Politik . Junius, Wien 1988 .

٥- پاش تێپەڕبوونی نزیكەی ٣٠ ساڵ بەسەر دەست پێكردنی خەباتی چەكدار ماموستا بەهادین نوری هەڵوێستی حیزبی شیوعی عیراقی بەسەردەكاتەوە و دەنووسێ : " لە سەردەمی رژێمی قاسمەوە ، بەتایبەتی لە ١٩٦١ وە پەیوەندی ح.ش لەگەڵ جەماوەری كورد كەوتە لاوازبوون . تەرازووی هێزی سیاسی لە كوردستاندا كەوتە گۆڕان دژ بە بەرژەوەندی كۆمۆنیستەكان . لێرەوە یەكەم هەڵەی كوشندەی ح.ش.ع لە كوردستانی عیراقدا دەستی پێكرد . ئەم هەڵەیە بریتی بوو لەوەی كە ح.ش.ع . دژی خەباتی چەكدار لە كوردستاندا راوەستا " . رەخنەكەی ماموستا بەهادین لەوە نیە كە بۆچی ح.ش هەڵوێستی سەربەخۆی نەبووە ، بەڵكوو بۆ نەبوتە پاشكۆی خەباتی چەكدار . بەرای من دەبوو برای نووسەر شێوە و ناوەڕۆكی ئەمجووڵانەوەیەی لەبەرچاو بگرتایە ، پێش ئەوەی بیروڕای خۆی لەسەر جووڵانەوەكە بگۆڕێ . ئەم

ڕەخنانەش دووبارەکردنەوەی ڕەخنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە دژی ح.ش.ع. بەدرێژایی شەستەکان و تا کارەساتی ١٩٧٥ .
بەهادین نوری : هەڵەی ڕێکخراوە سیاسیەکان سەبارەت بەمەسەلەی کـــورد . ڕۆژنامەی " سەردەمی نوێ " ، ژ ٥ " ٥٢ " جۆزەردانی ١٩٩٠ ، ل ٩ .

6- Engelmann , Bernt : Wir Untertanen . Fischer . Munchen 1974 .

ئەم کتێبەی ئێنگلمەن ( ئێمەی ڕەعیەت ) باسێکی مێژووی نوێی ئەڵمانیایە لەڕوانگەی خەڵکی ڕەش و ڕووتەوە و زۆر ڕاستیی شاراوەی سەرسوورهێنەر تۆماردەکات .

٧- الدكتور محمد سلمان حسن : التطور الاقتصادي في العراق . المكتبةالعصرية - صيدا - بيروت ، ١٩٦٥ ، ص ٥٣ .

نووسەر باسی ( المنطقة الشمالية )ی کردووە و ئەمەش پێناسەیەکی ورد نیە. لەبەر ئەوەی سەرچاوەیەکی ترم لەبەردەستا نەبوو ، کە لەزانیاری و ئەژمارەکانی دکتـــور محمد سلمان حسن ڕاستیتر بێ ، بۆیە منیش ناچاربووم وەکو زۆر نووسەری کــــە پشت بەم سەرچاوەیە ببەستم .

٨- زۆرجار ئەم ڕووداوە لە ئەدەبیاتی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی عیراق ، بەشێوەی جیاجیا ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦١ تۆمارکراون . بەڵام لەناوەرۆک دا یەک دەگرنەوە ( ارتفعت المشاعر المعادية للسلطة في الاوساط الكورديـــــــة و ازدادت الاصطدامات العشائرية في منطقة بارزان حيث كان انتقل اليها الملا مصطفى ، وفي هذه الاثناء ارتأت العناصر الاقطاعية و العشائرية المعادية لقانون الاصلاح الزراعي و قانون ضريبة الارض " الجديد " و القريب الى حد بعيد استغــــلال الفرصة فقامت تجمعات و تجمهرات في مضائق دوكان و دربندخان و بازيـــان و قد اختلطت المشاعر القومية الخالصة مع مصالح هؤلاء الرجعيين المشبوهين . ويمكن القول ان موقف الحزب الديمقراطي الكوردستاني لم يكن حاسما من هـــذه التجمعات الخليطة الا انه ارسل من يدعو الى تفريقها ، ولو ان معظمالمرسلين انجرفوا مع التيار و لم يلتزموا بتوجيهات المكتب السياسي و رئيس الحزب " .
بڕوانە : طريق الحركة التحررية الكوردية . التقرير السياسي للقيادة المؤقتـــة للحزب الديمقراطي الكوردستاني و المصادق عليه من قبل كونفرانس الحزب المنعقد من ١١ الى ١٥ آب ١٩٧٦ ، ص ٢ .

٩- مەلا ئەحمەد بانیخێلانی : ڕاپەڕینی جووتیارانی " هۆزێن " و " شێخان " ، گۆڤاری " ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم " ، ژ١٢ ، ساڵی سێیەم ، تەمووزی ١٩٨٨ ، لاپەڕە ٦٤ - ٧٨ .
مەلا ئەحمەد بانیخێلانی : ڕاپەڕینی جووتیارانی " وارماوا " ( هێشتا بــــــڵاو نەکراوەتـەوە ) .
جێگای داخە کە تا ئێستا زۆر بەکەمی لەسەر ئەم مەوزوعە نووسراوە . بڵاوکردنـــەوەی بیرەوەری ئەو کەسانەی بەشداریان لەم ڕاپەڕینانە کردووە ، هەر زۆر گرنگە و دەبێتــە بەردی بناغە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی . دەتوانم بڵێم هێشتا لێکۆڵینەوەی زانستـــی

لەسەر نەنووسراوە .. لەوە دەچێ مێژوونووس و ئیدیۆلۆجیستە سەرەستەکانی ئەمسانەی " خەباتی چەکدار " تەنیا تەق و تۆق و شەڕوشۆڕ بەمێژووکرد " دەزانن ، نەک خەباتی چینایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ڕەش و ڕووت و چەوساوە .

10- Ibrahim , Ferhad : Die Kurische Nationalbewegung im Irak . Berlin 1983 .

کاک فەرهادیش ئاوڕی لەجیولانەوەی جووتیاران نەداوەتەوە .

١١- جلال الطالباني : كردستان و الحركة القومية الكردية . الطبعة الثانية .دار الطليعة - بيروت ، ١٩٧١ ، ص ٢٨٨-٢٩٦ ( جاری نووسراوە ٧/٢٠ و جاری ٧/٣٠ .

١٢- جلال الطالباني : المصدر السابق ، ص ٢٧٦ .

سەیر ئەوەیە جەلال تاڵەبانی لەکاتێک دا ئەم دێڕانەی نووسیوە ، نەک هەر خۆی بە مارکسی - لینینی داناوە - لەسەرتاپای ئەم کتێبە و ( الجبهة الوطنية المتحدة ) - بەڵکوو دەوری سەرەکی لەپێکهێنانی ڕێکخراوێکی ( م.ل ) هەبووە ، کەچی شاناری بەوەوە کردووە کە بارێی نواسوەتی کۆمەڵێکی چەکداری " عەشایەر " ، بکۆڕێ ، بۆ شۆڕشێکی نیشتمانی دیموکراسی . ڕەنگە ئەو زەمانە کەس ئەو پرسیارەی لە خۆی نەکردبێ کەچۆن جوولانەوەیەکی عەشایەری دەکرێتە " شۆڕش " و زۆر ڕووناکبیر شاناری بەو سەرکردانەوە کردبێت کە کاری وا مەزنیان لەدەست دێت . لەمە سەیرتریش ئەوەیە لەساڵی ١٩٧٧ بەدواوە هەوڵ دەدرا ، لەهەمان ئەزموون سوود وەربگیرێت و جوولانەوەی عەشایەری چەکدار بکرێت . جیاوازییەکە ئەوە بوو " هێزی عەشایەری نیشتمانی و پێشکەوتنخواز " و " ئاغای شۆڕشگێڕ " و بەزۆرەملێ لەگەڵ تیۆری زانستی دەگونجێنرا و ڕەنگ و بۆیەی لێدەدرا .. هتد .

13- Bruinessen , M.M.Van : Agha , Scheich und staat.Berlin. BIVS 1989 . S . 395 ff .

١٤- مەبەست لە ئەناکرۆنزم ئەوەیە ، ڕووداوەکانی مێژوو ، بەشێوەیەکی ئەوتۆ دانرێن ،کە لەڕووی کاتەوە نەگونجێن . هەروەکو ئەوەی بڵێین : شەرەفخانی بەدلیسی بە کۆمپیوتەر شەرەفنامەی نووسیوە و بە تەلیفۆن لەگەڵ میرەکان دا قسەی کردووە . بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە .
دەمێکە لەزمانی کوردیدا (جێگۆڕکێ ) بەکاردێ ، بۆیە منیش ناچاربووم لەسەر هەمان کێش ( کات گۆڕکێ ) و ( مێژوو گۆڕکێ ) بەکاربهێنم بۆ ڕوونکردنەوەی ئەناکرۆنزم .

15- Bruinessen , M.M.Van. Ibid . S. 397.

١٦- دەتوانری هەندێ هێڵی هاوبەش لەنێوان گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ئەڵمان و دەوری شێوەی پێکهاتنی چینایەتیان بدۆزرێتەوە ..

Vgl. Kuhnl , Reinhard : Formen burgerlicher Herrschaft . Row, Hamburg . 1984 . S.64 .

# دیدارێک لە ئەڵمانیا

هەڵکەوت : زۆر پێخۆشحاڵین لەبوارێکی وەهادا پێکەوە کۆبینەوە و لەسەر کۆمەڵێک مەسەلەی گرنگ و پێویست گفتوگۆ و قسەوباس بکەین . ئێمە زۆر لەمێژە خوازیاری ئەوەین کە بتوانین بەدیدەنی زۆربەی ڕۆشنبیر و کوردە ئاوارەکانی ئەوروپا شادبین و لەگەڵیان بکەوینە مشتومڕەوە ، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بکارین خاڵبەندیی گیروگرفت و کێشەکانمان بکەین و ڕۆشنایی بخەینە سەر چۆنیەتی چارەسەرکردنیان و ڕێگای بەرەوپێشەوەچوونی کار و تێکۆشانەکانمان .

بێگومان بابەت زۆرن بۆ گفتوگۆ لەسەر کردن و ناکرێ لەدیدارێکی وەهادا لە هەمووبان بکۆڵینەوە . بۆیە بەچاکی دەزانین قسە لەسەر لایەنێک بکەین کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە لێرە ، ئەویش ئاوارەیی و گیروگرفتەکانیەتی . بەو هیوایەی لەدیدارەکانی داهاتوودا ، بتوانین قسە لەسەر بابەتی تریش بکەین . لێرەدا ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەینە تەوەری گفتوگۆکانمان :

یەکەم : بارودۆخی ژیانی کوردە ئاوارەکانی ئەوروپا و گیروگرفتەکانیان .

دووەم: کاریگەریی پاشەکشەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و تێکشکاندنی بزووتنەوە چەکدارییەکەی لەسەر کوردە ئاوارەکان و تێڕوانینی ئەوان بۆ هۆکارەکانی ئەو پاشەکشە و تێکشکاندنانە .

سێیەم: بارودۆخی دامەزراوە کوردییەکانی دوورەوڵاتی و چۆنیەتی پێکەوە کارکردنی کوردە ئاوارەکان .

چوارەم: بزووتنەوەی کەلتووریی کورد لە ئاوارەیی .

پێنجەم: ئەو کارانەی دەشێ لەدوورەوڵاتی ئەنجامبدرێن و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان.

## بارودۆخی ژیانی کوردە ئاوارەکانی ئەوروپا و گیروگرفتەکانیان

**هەڵکەوت :** ئاشکرایە ئاوارەبوونی مرۆڤی کورد ، هەڵهاتن بووە لەزوڵم و زۆرداری ، خۆ قوتارکردن بووە لەنابەرابەری و تیاچوون و چەندین هۆی تایبەتی دەربەڕێنەر و ڕاکێشەر ڕۆڵیان تێدا بینیوە. هەروەها ئەوە ڕوونە کە ئاوارەیی دیاردەیەکی دژوار و سەختە و مێژوویەکی دوور و درێژی لەژیانی کورددا هەیە ، لەم ساڵانەی دواییشدا قەبارەیەکی گەورەتری بەخۆوەگرتووە . لە ئەنجامی ئەوە کۆمەڵگایەکی کوردی بچووک لە دوورەوڵاتیدا دروست بووە ، شان بەشانی ئەمەش گیروگرفت و کێشەی جۆراوجۆر هاتوونەتە ئاراوە . بۆیە پێویستە گفتوگۆی فراوان و هەمەلایەن لەسەر دیاردەی ئاوارەیی و ڕەهەندەکانی و تەنگوچەڵەمەکانی ئەو کۆمەڵگا بچووکە بکرێت و هێما بۆ کاریگەریی دوورەوڵاتی لەسەر هەمووماں بکرێت .

**یادگار :** بەڕای من ، بەر لەوەی دەربارەی بارودۆخی ژیانی کوردە ئاوارەکان بدوێین و لە گیروگرفتەکانیان بکۆڵینەوە ، پێویستە ئاورێك لەدواوە بدرێتەوە و ئەم پرسیارە لەخۆمان بکەین : بۆچی کوردە ئاوارەکان لێرەن وچۆن گەیشتوونەتە ئێرە ؟ ئاشکرایە جەنگی عیراق - ئێران ڕۆڵێکی سەرەکی لەو مەسەلەیەدا بینیووە . شان بەشانی ئەمە ، برەوسەندنی قەلاچۆکردنی گەلی کورد ، هۆکارێکی گرنگی دیکەبووە .من لەو بڕوایەدام زۆربەی کوردەکان بەپلەی یەکەم لەپێناو مانەوەی خۆیاندا هاتوونەتە دەرەوە و بەشێکی کەمیان بەئامانجی خوێندن ، کارکردن ، یاخود شتیتر هاتوونەتە دەرەوە. هەر لەبەر ئەمەیش بووە ، کاتێك خۆیان گەیاندۆتە ناوچە ڕزگارکراوەکان و بۆیان دەرکەوتووە ناتوانن مانی خۆیان ، یاخود بەگشتی چۆنیەتی ژیانیان ، مسۆگەربکەن ، بەرەو ئێران و شوێنی تر کۆچیانکردووە و لەوێشەوە بەرەو ئەوروپا و جێگەی دی سەریخۆیان هەڵگرتووە.

کاتێك کوردەکان دەگەنە ئەوروپا ، ئەگەرچی لە گەلێ مەترسی و تەنگوچەڵەمە ڕزگاریان دەبێت ، بەڵام ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی ئابووری و ئاڵۆزی باری دەروونی دەبنەوە . هەروەها دووچاری گیروگرفتەکانی نێو کوردە ئاوارەکان دەبن ، کە کاری نێگەتیڤانە دەکاتە سەریان . واتە کوردەکان لەئەوروپا ڕووبەڕووی واقیعێکی تازە دەبنەوە ، لووتیان دەبێ بەلووتی ئەو ڕژێمانەوە ، کە بەدیموکراسی و سۆسیالیستی و شتی تر ناودەبرێن . شان بە شانی ئەوانە ڕووبەڕووی ئەو کوردە سیاسیانە دەبنەوە ، کە بە دیموکراسیەت ئاشنا نەبوون و ڕێز بۆ کەسایەتی مرۆڤ دانانێن . بۆ نموونە ، کاتێك کوردستانم جێهێشت و خۆم گەیاندە ئەوروپا ، یەکەمین پرسیارێك کە ئاراستەکرا و

دووبارەکردنەوەی هەمان پرسیاری ناوچە ڕزگارکراوەکان بوو ، ئەوە بوو : سەر بە چ ڕێکخراوێکی و لایەنگیری کێ‌ی ؟!

بەهەرحال ، گرفتی سەرەکی ناوەوە و دەرەوەش لەوەدا دەبینمەوە کە خەڵکی‌متمانەیان لێ دزراوە . یەکەمین هەنگاویش بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە ، پەیداکردنەوەی ئەو متمانەیە لەنێو خۆمان‌دا .

**کاروان** : من لەو بڕوایەدام ، چەند خاڵێکی گرنگ هەن بۆ دەست نیشان‌کردنی کەسایەتی مرۆڤی کورد و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی بۆ واقیعی ئاوارەیی ، ئەو واقیعەی لەڕووی ئاستی گەشەکردنی تەکنیکی و ڕۆشنبیرییەوە ، جیاوازی لەگەڵ ئەو واقیعەدا هەیە کە مرۆڤی کوردی لێوە هاتووە . مرۆڤی کورد ، وەك مرۆڤێکی " جیهانی سێیەم " ، لە کۆمەڵگایەکی تەنگوچەڵەماوییەوە ، بەڵکو شکستەخواردووش لەڕووی مێژووییەوە ، هاتووە بۆ ئەوروپا . ئەمە کەسایەتیەکی وای تێدا دروستکردووە ، کە هەمیشە ئەوروپا ـ بۆ وەك شارستانیەت یاخود وەك مرۆڤ ـ لەخۆی بەهێزتر ببینێ . جگە لەوە مرۆڤی کورد تایبەتمەندییەکی تری هەیە ، کە لەڕێگەی بزووتنەوە سیاسییەکەیەوە ، واتە بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی هەمیشە لە تەنگوچەڵەمەدا بووە ، وەریگرتووە و کەسایەتیەکی تری بۆ خوڵقاندووە ، ئەمەش دوو فۆرم وەردەگرێ : یەکەم/ مرۆڤی کورد لەبەرامبەر شارستانێتی ئەوروپا ، دووەم/ مرۆڤی کورد لەبەرامبەر شارستانێتی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە . لەم بارەدا و ئەنجامی ئەو دوو فۆرمە ، مرۆڤی کورد ئەو کەسایەتیەی تێدا دروست نەبووە ، کە بتوانێ وەك مرۆڤێکی سەرکەش بەرەنگاری ئەو واقیعانە ببێتەوە ، کە ڕووبەڕووی دەبنەوە .

خاڵێکی تر ، دابڕینی مرۆڤی کورد بووە لەبزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەی . چونکە زۆربەی کوردەکان بەهۆی جەنگی عیراق ـ ئێران و بۆ پاراستنی بوونی خۆیان هاتوونەتە دەرەوە ، نەك لەئەنجامی بارودۆخێکی شۆڕشگێڕانە ، واتە بەدابڕاوی هاتوونەتە ئێرە و لەپێناو درێژەپێدانی بوون و ژیانی خۆیان‌دا .بۆیە دەبینین بیریان لە نێوەندێك بۆ کۆبوونەوە نەکردۆتەوە ، تابتوانن لەڕێگەی جوولانەوەیەکی جەماوەرییەوە ، هەم بەرەنگاری ئەو واقیعە نوێیە ببنەوە ، هەم جۆرێك لەپەیوەندی لەگەڵ ناوەوەی وڵات دروست بکەن . لە ئەنجامی ئەوەیش دابڕان لەدوو بواردا دروست بووە : دابڕینێك لەگەڵ ئەو واقیعەی هەمیشە لەبەرچاویان گەورەتر بووە و ڕێگەی پێ‌نەداون بەئاسانی بچنە نێوییەوە ، دابڕینێ لەگەڵ ناوەوەی وڵات دا . ئەم دابڕینانەش وایان لەو مرۆڤانەی دوورەوڵاتی‌کردووە کە هەمیشە لەترسدا ژیان بەرنە سەر . لەم بوارەدا ، دەربازبوون لەو بارودۆخە بەتاکەکەس ئەنجامنادرێ و پێویستی بە نێوەندێك ـ نێوەندێکی ڕۆشنبیریی بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە

هەیە ، بۆ گرێدانەوەی ئەو مرۆڤانە بەناوەوە و یارمەتیدانیان بۆ دۆزینەوەی شوێنەوار و کەسایەتی خۆیان لەم کۆمەڵگا نوێ و جیاوازانەدا .

کاکە رەش : من لەم بوارەدا ، حەزدەکەم باسێکی فەلسەفیانەی کات و شوێن و پەیوەندییان بە ناکەوە بکەم و ئەوە دەربخەم کە تا چ رادەیەك مرۆڤی کورد رەفتاری لەگەڵ ئەو دوو لایەنە کردووە . من وای دەبینم ، کە مەسەلەی کات و شوێن لای مرۆڤی کورد بەتایبەتی و مرۆڤی " جیهانی سێیەم " بەگشتی لەوەدایە : ئەو کەسەی نرخ بۆ کات دادەنێ و نرخ بۆ شوێن دانانێ ، هەمان کەسە کە نرخ بۆ شوێن دادەنێ و نرخ بۆ کات دانانێ . یاخود بە پێچەوانەوە ، ئەو کەسەی نرخ بۆ شوێن دادەنێ و نرخ بۆ کات دانانێ ، هەمان کەسە کە نرخ بۆ شوێن دانانێ . ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی دەخاتەوە ، بریتی‌یە لەوەی : ئایا مرۆڤ چۆن دەتوانێت پەیوەندی‌یەکی دیالێکتیکیانە لەنێوان کات و شوێن دا دروست بکات بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنێ ؟ ئەگەر ئەم بارە بخەینە قاڵبە پراکتیکیەکەیەوە ، ئەوە بەدی‌دەکەین کە گرفتی مرۆڤی کورد لەم کێشە فەلسەفیەدا بریتی‌یە لە بوون . گرفتی ئەو شوێنەکەیە ، کاتەکەیە ، لەنێوان شوێن و کاتەکەشدا ئەو پرسیارە زەق دەبێتەوە کەپێی دەڵێن بوون . ئەوجا ئەو مرۆڤە چۆن دەتوانێ داکۆکیەکی هەمیشەیی لەو بوونە بکات ؟ ئەو داکۆکیکردنە هەمیشەییە بە حوکمی ئەو پرۆسە مێژووییەی مرۆڤی کورد پیایدا تێپەربووە ، هەر لەکاتی دابەشکردنی کوردستانەوە تا دەگاتە کۆلۆنیالیزەکردنی و پاشان سەردەمی تێکشکاندنە بەردەوامەکانی بزووتنەوەکان - وەك کاروان هێمای بۆ کرد و ناوی نان بزووتنەوەی تەنگوچەڵەماوی - ئەو پرسیارەی لا زەقکردۆتەوە ، کەپێی دەڵێن گومان‌کردن لەبوون . هاورێیەکم لە نامەیەکی‌دا ئەم مەسەلەیەی بەچاکی پێکاوە و نووسیویەتی : " سروودی نەتەوایەتی کورد ( ئەی رەقیب ) نیشانەی گومانی کوردە بەرامبەر بوونی خۆی . چونکە کاتێ دەڵێ ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان ، ئەو (هەر) ە نیشانەی ئەوەیە کورد بەرامبەر بوونی خۆی بە گومانە " . ئیتجا ئەم گومانە مانای ئەوەیە بەرەنگاربوونەوە خۆی لەخۆیدا داکۆکی‌کردنە لەو بوونە ، بۆیە بەردەوامبوونی بوون تەنیا لەمەسەلەی خەباتکردندا دەبینرێتەوە .

لێرەوە دەمەوێ بچمە سەر دیاردەی ئاوارەیی و رەنگدانەوەی لەسەر مەسەلەی‌بوونەکە . من وای بۆ دەچم کە ئەو داکوکی‌کردن لەبوونە ، واتە مەسەلەی پێ‌کوڵکردن بەرامبەر ئەو واقیعە مێژووییەی مرۆڤی کوردی تیادەژی ، درێژبوونەوەیەکی هەیە ، لەوێوە بۆ ئێرە ، بەڵام درێژبوونەوەکە جیاوازی کەم تا زۆری خۆی هەیە ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لەژیارێکەوە بۆ ژیارێکی دی دەچێ . کاتێ دەڵێم درێژبوونەوەی مەسەلەی بوونەکەیە ، مەبەستم‌ئەوەیە

کاتێ مرۆڤی کورد دێتە ئێرە ، ئەگەر مەسەلەی خەباتیش دووبارەبێتەوە ، ئەوا درێژبونەوەی ئەو خەباتە دەبێت کە لە شەستەکانەوە لەئارادابووە و بریتی بووە لەناساندنی کورد بە دەرەوەی وڵات ، واتە سەلماندنی بوونی کورد و باسکردنی چەوساندنەوەکەی و نەبوونی دوست و پشتیوان . بەبڕوای من پاش کارەساتەکەی هەڵەبجە ئەو گومانە لەبوون ریانر رەق بووەوە ، پاش تێکشکاندنی خەباتی چەکداریش تێڕوانینی تراجیدیانە لەنێو کوردە ئاوارەکاندا برەوی سەند . ئەمەش دەربڕی ئەو واقیعەیە ، کە نوێژەکەی دەرەوەی وڵات ربار نوێژی ئاوەڕاستە و بەحوکمی بوونە جیناتیەکەی ، تاکو ئێستا هەر لەو نەبوونی چارەسەری تەنگوچەڵەمەیەدا دەژی . ئەو تێڕوانینە تراجیدیانەش نیشانەی بێهێزی و لاوازی چیبایەتی و بیریی ئەوە لەئاست وەڵامدانەوەی ئەو تەنگوچەڵەمەیەی تێ‌ی‌کەوتووە .

شۆڕش : من دەمەوێ پەنجە بۆ شتێکی تر رابکێشم ، هەندێ لەبرادەران باسی مرۆڤی کوردیان‌کرد ، ئەوە خۆی لەخۆیدا ناوەڕۆکی ئەو تەنگوچەڵەمەیە پێك دێنێت کە مرۆڤی کورد لە ئەوروپا تیایدا دەژی . هەندێ مرۆڤی کورد کە لەوڵات دەردەچێ و دێتە ئاوارەیی ، زۆر لە نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لەگەڵ خۆیان دەهێنن بۆ ئەو کۆمەڵگا نوێیانەی تیایاندا نیشتەجێ دەبن . ئەمەش دیوارێك لەنێوان ئەوان و ئەو کۆمەڵگایانەدا دروست دەکات . بەداخەوە زۆر کەس هەن لەئەوروپا بەهەمان شێوەی وڵات سەردەکەنەوە و بەهەمان جۆری ناوەوە رەفتار دەنوێنن ، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە بەو کارەیان کۆسپ دەخەنە پێش خۆیان و خۆیان گۆشەگیر دەکەن ، لەئەنجامی ئەوەیش تووشی چەندین تەنگوچەڵەمە دێن . من لەو بڕوایەدام ، بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد بتوانێ لە مرۆڤی ئەو وڵاتانە تێ‌بگات کەلێ‌یان نیشتەجێ دەبێ و لەگەڵ ئێش و ئازارەکانیان ئاشنابێ ، پێویستە هەوڵ‌بدات بەجۆرێك بیرکردنەوەی تر لەو کۆمەڵگایانە بڕوانێ و لە تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتەکانیان بگات و بزانێ چۆن و بەچ رێگەیەك گەیشتوونەتە ئەو ئاستی گەشەکردنەی ئەمڕۆ و بەهای ئەوەش چەند بووە .

کاروان : خاڵێکی گرنگی تر هەیە کە دەبێ دەست نیشان بکرێ: ئایا هاتنە دەرەوەی مرۆڤی کورد وەك هاتنە دەرەوەی مرۆڤێکی پۆرتوگالی یان ئیسپانی بووە یاخود هاتنەدەرەوەیەکی کاتی بووە ؟

ئەگەر سەرنج بدەین ، ئەوە بەدی‌دەکەین کە کورد هەتا ئێستا وەکو میللەتانی‌دیکە نەبۆتە ( جالیة ) ، چونکە هاتنە دەرەوە بەلای ئەوەوە کاتی بووە ، هەتا ئەو کاتە بووە کە باروڕۆخێکی گونجاو بێتە ئاراوە و بگەڕێتەوە بۆ کوردستان . لەبەر ئەوەیش بووە هەمیشە لێرەبووە ، بەڵام هەست و بیر و هۆشی لەوێ بووە . بەو جۆرە دابڕاوبووە لەو کۆمەڵگایانەی تیایاندا نیشتەجێ‌بووە و نەیتوانیوە ئەو تێڕوانینە لەخۆی‌دا دروست بکات ،

کە بۆ ماوەیەکی درێژخایانتر بمێنێتەوە و سوودیان لێوەرگرێت . بەو پێیەش هەنگاوی نەناوە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەلتووری ئەو کۆمەڵگایانەدا ، ئەگەر جاروباریش بەو کارە هەڵسابێ ، ئەوا زۆر ڕواڵەتی و سنووردار بووە و بۆ مەبەستی تایبەتی بووە ، نەك گشتی .

هەروەها دەمەوێ باسی ئەو ململانێیە بکەم کە مرۆڤی کورد لێرە تووشی دەبێ و گرێی بدەمەوە بەو واقیعەی مرۆڤی کوردەوە ، وەکو نیشتمان و ئەو جێیەی لێی پەروەردە بووە . ئەگەر تەماشای واقیعی کوردستان بکەین ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە کۆمەڵگای کورد هەمیشە دابڕاوبووە لەکۆمەڵگاکانی ئەورووپا ، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکیترەوە ، بەحوکمی کاریگەرێتی بیری ئەورووپی ، واتە وابەستەیی مرۆڤی کورد بەو بیرانەوە ، هەمیشە ئەورووپا لای ئەوان بەو شێوەیە بووە کە نزیکبووە لە خەیاڵ و خەیاڵپلاوی (وهم)ەوە . لەو کاتەشدا کە بارودۆخی نالەبار و نائاسایی هاتۆتەئاراوە و شەپۆلی هاتەدەرەوە دەستی پێکردووە و ئەو مرۆڤە کەوتۆتە ململانێیەوە لەگەڵ واقیعی ئەورووپا ، جیاوازییەکی گەورە لە نێوان واقیعی ئەورووپا و تێڕوانین بۆ ئەورووپادا بەدیدەکات . ئەمەش تووشی سەدمەی ( صدمة ) دەکات و وای لێدەکات ، ئەگەر کەفوکوڵێکیشی تێدابێ ، لەژێر فشاری سەختیی بارودۆخی ئەو واقیعەدا وردەوردە دامرکێتەوە .

**کاکە ڕەش :** بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی وتەکانی پێشووم ، بەچاکی دەزانم هەندێ قسەیتر بکەم . مرۆڤی کورد بەحوکمی ئەو تەنگوچەڵەمەیەی تیایدا دەژی ( واتەی تەنگوچەڵەمەی بوون ) ، کاتێك دێتە ئەورووپا ، قووڵایی تەنگوچەڵەمەکە لەهۆشمەندیدا زیاتر دەبێ . ئەمە چۆن چۆنی دەبێ ؟

بەدرێژایی مێژووی کۆلۆنیالیزم لەوڵاتانی لای خۆمان ، هەمیشە پرسیارێك لای مرۆڤی ئێمە دروست بووە ، ئەویش ئەوەیە : من کێم ؟ ئەوجا وەڵامی ئەم پرسیارە هەتاکو ئێستا بەشێوەیەك بووە ، کە مرۆڤی لای خۆمان هەوڵ بدات لەئاستی خۆچواندن ( تماثل ) بەمرۆڤی ئەورووپیدا خۆی ببینێتەوە . لەڕاستیدا ئەو ئاستە دژایەتیە زیاتر لەوەی چواندن بێ ، بەڵام بەحوکمی ئەو ناتەباییە لەئاستی بووندا ، هێزدا ، هۆشمەندیدا قورساییەکەی هێندە لەسەر ئاستی مرۆڤی لای ئێمە کەوتۆتەوە ، کە هەوڵبدا شتەکان لەئاستی لێکچووندا ، واتە " گەیشتن بەوان " ! ، ببینێ .

کاتێك مەسەلەی ڕاکردن دێتە پێشەوە ، کە بەلای مرۆڤی کوردەوە ململانێیە لەپێناو بووندا ، بەهۆی ئەو هۆکارە مێژوویانەی بەدرێژایی ڕۆژگار لەنێو نائاگایی مرۆڤی کورددا ماوەنەتەوە و دەمێننەوە ، قورساییەکەی بەبەراوردکردن لەگەڵ مرۆڤێکی تری " جیهانی سێیەم " دا زیاترە . ئەوەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ، کە کوردستان کۆلۆنی

ئەوەرێکە نەك ئیمپریالیزم بەراستەوخۆیانە . لێرەدا مرۆڤی کورد تەنیا بەرامبەر ئەورووپییـــەك لەنامۆبوون دا نیە ، بەڵکو بەرامبەر عەرەب و فارس و تورکیش . ئەم نامۆبوونە قوڵاییەکـــەی ریانر کەسایەتی مرۆڤی کورد دەخاتە تەنگوچەڵەمەی ترەوە ، کە لەئاستێکی دی دا خـــۆی دەبینێتەوە لەچاو کەسایەتی مرۆڤی " جیهانی سێیەم " دا . بۆیە دەڵێم بارەکـــە گیروگرفتاوییە ، چونکە هەمیشە ئەو مرۆڤە لەو تەنگوچەڵەمەیەدا دەژی ، کەچۆن بتوانـــێ لێرەش ئەو ململانێیە لەگەڵ بوونی خۆیدا بکات . لەولاَت ئەو مرۆڤە بواری ئەوەی نەبووە بتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنێ ، بەلاَم لەدەرەوە ـ کەم تا زۆر ـ ئەو بوارەی هەیە بتوانێ بەرگری لەو بوونە بکات ، یان هیچ نەبێ دەری برێ . ئەم دەربڕینەش رووبەرووی داخو دەرگاکانی ولاَتە ئەورووپییەکان و بەرژەوەندییەکانیان دەبێتەوە ، ئەو ولاَتانەی هیچ کاتێـــك لەگەڵ مەسەلەی کورددا تەبانەبوون ، ئەگەر جاروباریش باسی لێوە بکەن ، ئەوا لەژێـــر رەبری چەندین مەرجی تایبەتیدایە ، مەبەست بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری ئەوانە .

بەکورتی مەبەستم ئەوەیە ، لەم کۆمەڵگایانەدا ، کە بەکۆمەڵگای ئاسوودەیی ناودەبرێ ، هیچ ئاسوودەییەك بۆ مرۆڤی ئێمە بەدەست ناکەوێت ، خۆ ئەگەر بەدەستیش بکەوێ ئـــەوا بەنیا لە کەناری ئەو کۆمەڵگایانەدا دەبێ . ئەوجا ململانێی مرۆڤی کورد لەناو ئـــەم کۆمەڵگایانەدا لەوەدایە چۆن بتوانێ لەگەڵ ئەو پێکدادانە ژیارییەدا بێ‌کوژمرێنێ کەدەشێ لەمووسەیەك دا پوخت بکرێتەوە : لەو ماوەیەدا ، لەکتێبێکدا ، ئەدەبیاتی نووسەرەکانـــی لە ئەڵمانیا لەدایکبوون بلاَوکرایەوە ، یەکێك لەوانە تورك بوو ، کەلە چیرۆکێکی بچووکـــدا باسی ئەوە دەکات گرفتی ئەو لەگەڵ کات و شوێن‌دا چۆن جۆنیە . نووسەری ناوبـــراو دەڵێ : " من هەستدەکەم وەك دارێك وام کە گەلاَ و بەرم هەیە ، بەلاَم بێ رەنگـــم " . ئەڵێنە ئەم دارە کە بێ رەنگە ، گیروگرفتەکەی لەوەدایە کە بتوانێ رەنگ بۆ خۆی دروست بکات ، ئەمەش بەبڕوای من شتێکی مەحاڵە ، چونکە رەنگ دروستکردن مانای سڕینـــەوەی کەسایەتیە لەچوارچێوەی پێداویستی‌یەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی ئەگەر بەدروستکردنی هەڵســـن ئەوا لەبەر خۆیانە نەك نەتەوەی نووسەرەکە یاخود ئەو واقیعەی لێوەی هەڵهاتووە . بـــە بڕوای من ، مەسەلەکە بۆ کورد ، کەم تا زۆر ، پێچەوانەیە . مرۆڤی کورد قوڵاییەکـــی گەورەی لەمێژووی خۆیدا هەیە و وەك دارێکی رەنگ‌داکوتاوە لەمێژووی خۆیدا ، بـــەلاَم هەتاکو ئێستا گەلاَی دەرنەکردووە . واتە بەحوکمی ئەو واقیعە کۆلۆنیالیستی‌یەی تیایـــدا دەژی ، رێگەی ئەوەی لێ‌بەستراوە بتوانێ بەداهێنەرانە کار لەکەلتووری خۆی ( کەلتـــوور لەسەر ئاستە گشتی‌یەکەی ) بکات . ئەوجا کاتێك مرۆڤی کورد دێتە ئێرە و لە رەنـــگ هەڵدەکێشرێ ، ئەوا وەك دارێکی بێ رەنگ و بێ گەلاَی لێ‌دێت . لێرەدا ململانێکـــە لای مرۆڤی کورد قورسترە تاکو لای مرۆڤانی تری " جیهانی سێیەم " ، چونکە ململانێکە

لەنێوان شوێن و کات دا قوڵتر دەبێتەوە ، بۆ ئەوەی بتوانێ کەسایەتی خۆی بەرجەستە بکات ، ئەو بەرجەستەکردنەش لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتە ئەوروپیەکان و وڵاتە کۆلۆنیالیستەکانی وابەستەن پێیانەوە لەململانێدایە .

یادگار: حەزدەکەم پەنجە بۆ چەند لایەنێکی دی باسەکە ڕابکێشم . بەبڕوای من گیروگرفتی کوردە ئاوارەکان لەدەرەوەی وڵات وەك یەك نین و لەشوێنێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێن . بۆ نموونە : لە وڵاتە ئەسکەندەنافیەکانی وەك سوێد ، دانمارك، نەرویج، کوردەکان لەڕووی ئابووری و گوزەرانەوە لەوانەی ئەڵمانیا و فەرەنسا و نەمسا و وڵاتەکانی‌تر چاکترن . ئەمەش پەیوەندی هەیە بەباری ئابووری وڵاتەکە و جۆری نیشتەجێبوونی‌کوردەوە لەناوچەکانی ئەو وڵاتانەدا . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوردە ئاوارەکان بەگشتی خاوەنی خاڵێکی هاوبەشن ، ئەویش ئەوەیە کە ئەوانە لە مەدارەکەی خۆیان پەڕیون . بێگومان هەریەکێکیش لەمەدارەکەی خۆی پەڕی ، زەحمەتە بتوانێ کارێکی ئەوتۆ بکات بەراوردبکرێ بەوەی لەوڵاتی خۆی دەیکات.

لایەنێکی تر ، کە بەگیروگرفتی ناوەوە و دەرەوەیشی دەزانم ، نەبوونی پەیوەنەی پتەوە لەنێوان کوردی پارچەکانی کوردستان‌دا . وەك بەدی دەکرێ ، پەیوەندییەکی سەرکەوتووانە لەنێوان کوردی پارچەکاندا نیە، تەنانەت کاتێك بەیەکیش دەگەن بە ئەڵمانی یاخود زمانی بێگانە لەگەڵ یەکتر قسەدەکەن و هەوڵ نادەن بەدیالێکتە جۆراوجۆرەکانی زمانی خۆمان لەیەك بگەن . خۆئەگەر سەیری ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانی کوردیش بکەین ، ئەوا هەست دەکەین تا ج رادەیەك لاوازی پەیوەندی بەربلاوە . ئەمەش زۆر زیان‌بەخشەو هۆیەکەشی بێگومان زیاتر سیاسی‌یە .

دوا تێبینیم لەم بوارەدا ، پەیوەندی بە گیروگرفتی فێربوونی زمانی ئەو وڵاتانەوە هەیە کە کوردە ئاوارەکانیان تیادا نیشتەجێ‌بووە . چونکە ئەگەربێت و بڕوانینە واقیعی کوردی ئاوارەیی ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە فێربوونی زمان گرفتی زۆربەمانە و بەشێکی زۆر کەم توانیویانە بەسەر زمانی ئەو وڵاتانەدا بشکێنەوە ولەخزمەتی گشتی کەلتووری کورددا بەکاری بهێنن . بێگومان ئەگەر ئێمە نەتوانین فێری زمانی ئەو وڵاتانە بین ، ئەوا نە دەتوانین لەو کۆمەڵگایانە بگەین و سوود لەکەلتوورەکانیان وەرگرین ، نەدەتوانین خزمەتی مەسەلە و کەلتوورەکەی خۆشمان بکەین . لێرەدا دەبێ ئەوە بگوترێ ، ئەگەرچی ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بەسەختی ژیانی ئاوارەیی و گیروگرفتی ئابووری و ئاڵۆزی باری دەروونی و فشاری ئەو کۆمەڵگایانەوە هەیە ، بەڵام پەیوەندیشی بە کەمتەرخەمی‌وبێ‌موبالاتی خۆشمانەوە هەیە .

**شۆڕش** : منیش دەمەوێ بەکورتی دەست نیشانی هەندێ گیروگرفتی تر بکەم کە لە

ئاوارەیی‌دا بەدی دەکرێن . یەکێك لەوانە گیروگرفتی فێربوونی زمانی کوردی‌یە لەلایەن ئەوە ئاوارەکانی گەلەکەمانەوە . چونکە ئەگەرچی لەهەندێ وڵاتی وەك سوێددا فوتابخانەی فێربوونی زمانی کوردی مەیسەرکراوە ، بەڵام فشاری ژیانی ڕۆژانەی ئەم کۆمەڵگایانەو کەمی ـ نەمانەت نەبوونی لەوڵاتێکی وەك ئەڵماندا ـ و بەگرنگی نەگرتنی ئەو مەسەلەیە لەلایەنی خێزانە ئاوارەکانەوە ، مەترسییەکی گەورەیان بۆ داهاتووی نەتەوەیی نەوەکانمان دروستکردوە. گیروگرفتێکی دی کە لەهەندێ وڵاتی وەك ئەڵماندا بەدی دەکرێ ، نەبوونی کاری‌پێکەوەیی سەرتاسەری‌یە ، واتە نەبوونی مەڵبەندێك بۆ پێکەوەکارکردنی کوردە ئاوارەکانی ئەم وڵاتە، ئەمەش پەرش و بڵاویەکی دروستکردووە و بۆتە کۆسپی سەر ڕێگەی پەرەپێدانی‌چالاکیەکان .

**کاروان** : بەچاکی دەزانم سەرنجێك بۆ لای چۆنیەتی ڕەفتارکردنی ئەم‌کۆمەڵگایانە لەگەڵ ئێمەی " بێگانە " دا رابکێشم . ئەوەی ڕاستی بێ ڕەفتاری ئەم کۆمەڵگایانە لەگەڵ مرۆڤی " جیهانی سێیەم " دا و تێڕوانینیان بۆ کێشەکانی لای ئێمە و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان ، خۆی لەخۆی‌دا کێشەیەکی وای خولقاندووە کە مرۆڤی کورد ئەو تێڕوانینەی لا دروست بێ ، کە ئەوروپیەکان ، جا چەپ بن یاخود ڕاست ، بە عەقڵێتێکی ئەوروپیانە سەیرمان دەکەن و بەپێی گۆرانکارییەکانی ئێرە لە بابەتەکانی لای ئێمە ورد دەبنەوە . ئەمەش دابڕینێکی تر لەنێوان ئێمەی کورد و ئەوانی ئەوروپی دا دروست دەکات . ئەمە وەك لایەنە سیاسی‌یەکەی ، وەکو لایەنە ئابوورییەکەش ، مرۆڤی " جیهانی سێیەم " ـ لەوانەش کورد ـ کە دێتە ئێرە ، بە حوکمی ئەوەی لەبوارێکی تایبەتی‌دا شارەزا نیە ( واتە کرێکاری بەهرەوەر نیە ) ، بۆیە هەمیشە ئەو کارانەی پێ دەسپێردرێ کە کەسایەتی مرۆڤی تێدا دەشکێ .

**کاکە رەش** : بەڵێ! ئەوروپیەکان مرۆڤی " جیهانی سێیەم " بە مرۆڤانێك دەبینن کە لە ئاستی هۆشمەندی‌دا نزمترن . ئەمەش خۆی لە چەند ئاستێکدا دەبینێتەوە کە پەیوەندی لەلای ئەوروپیەك لەنێوان چەوسێنەر بۆ چەوساوەدایە ، بەڵام لای ئێمە بە پێچەوانەوەیە و لەنێوان چەوساوە بۆ چەوسێنەردایە . کاتێ مرۆڤی کورد دێتە ئێرە ، ئەوروپیەکان لەهەمان ڕەهەندەوە ( بُعد ) سەیری کەسایەتیەکەی دەکەن . ئەمەش بۆ مرۆڤی کورد ھورساییەکەی زیاترە ، چونکە ئەو مرۆڤە لەگەڵ خودی خۆیدا لەگرژدایە . ئەو پەیوەندییە ، بە حوکمی ئەو بنەمایەی ئەمڕۆ لەم وڵاتانەدا هەیە ، بریتی‌یە لەوەی ئەوان خوای سەردەمیان بەرخۆرییە ( استهلاك ) . ئەوجا بەرخۆریش تەنیا لەئاستی کالادا نیە ، بەڵکو ئاستی هۆشمەندی و نەریتە مرۆڤایەتیەکانیشی تەنیوەتەوە . مەسەلەی کوردیش بەشێکی دانەبڕاوی ئەو پەیوەندییەیە ، چونکە کاتێك کابرایەکی سەرمایەدار دەڵێ " بازار لە پێش ئاکارەوە " ، ئەوە مانای ئەوەیە بۆ ئەو فرۆشتنی گازی کیمیاوی بەر لە

مافی چارەنووسی کوردە ، دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان‌دا پێش یارمەتیدانی کوردە . جا کاتێ مرۆڤی کورد لەم ململانێ‌یەدا دەژی ، گرنگە لەوەدایە ئەگەر لەسەر ئاستی هوشمەندی باو سەیری مەسەلەکە بکەین ، ئەوا بەو جۆرەیە کە وتمان ، ئەگەر لەسەر ئاستی هێزە رەخنەگرەکانی ناو کۆمەڵگاش ( مەبەست کۆمەڵگاکانی ئێرەیە ) سەیری بکەین ، کە لەتەنگوچەڵەمەیەکی مێژوویی‌دان ، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ ئەوانە نەیانتوانیوە کاریگەری بخەنە سەر هیچ بزووتنەوەیەکی " جیهانی سێیەم " ، بۆیە ناتوانن پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لەنێوان خۆیان و خەڵکی ئاوارەی ئەو جیهانەدا دروست بکەن ، ئەگەر دروستیشی بکەن ، ئەوا لەسەر ئاستە ئەوروپیەکە خۆی دەبینێتەوە ، ئەمەش بریتی‌یە لەوەی : پێش ئەوەی بێن لە واقیعە مێژووییەکەی ئێمەوە سەیری مێژوو و کەسایەتیمان بکەن ، دێن لە واقیعە مێژووییەکەی خۆیانەوە دەروانە مێژوو و کەسایەتیمان. ئینجا لەم ئاستەدا ، لەیەکتری گەیشتن و پێکەوە کارکردن قورساییەکی مەزن دەخاتەوە و پەیوەندی وەك پێویست دروست نابێ ، ئەگەر دروستیش بێ تەنیا لە ئاستە دیپلۆماسیەکەی‌دا دەبێ .

## کاریگەری پاشەکشەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و تێکشکاندنی بزووتنەوە چەکداریەکەی لەسەر کوردە ئاوارەکان و تێڕوانینی ئەوان بۆ هۆکارەکانی ئەو پاشەکشە و تێکشکاندنانە

**هەڵکەوت** : لای هەموو لایەك روونە ، کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و بارودۆخی ناو وڵات ، کاریگەری خۆیان لەسەر ئاوارەکان و جۆری چالاکی و تێڕوانینەکانیان هەیە . دوابەدوای راوەستانی جەنگی عیراق - ئێران و پاشەکشەی بزووتنەوەکە و تێکشکاندنی بزووتنەوە چەکدارییەکەی ، بارودۆخێکی ئاڵۆز و جیاکارە هاتەئاراوە ، ئەو بارودۆخەی تەنیا کاریگەریی لەسەر گۆڕینی جۆری خەبات و بۆچوونی کورد لە ناوەوە ، بەڵکو کارێکی گەورەشی کردە سەر رەوتی کار و چالاکیەکانی ئاوارەیی و ئاوارەکان خۆشیان . لێرەدا بەچاکی دەزانین رۆشنایی‌یەکیش بخرێتە سەر ئەم لایەنە ، شان بەشانی ئەوە ئەگەر بشێ تێڕوانینی خۆتان دەربارەی هۆکارەکانی ئەو پاشەکشە و تێکشکاندنانەی ئەوێ دەربڕن .

**شۆڕش** : بێگومان بارودۆخی سیاسی کوردستان وئەو ئەزموونەی بەسەر بزووتنەوەکەدا هات ، کارێکی زۆری کردە سەر ژیانی کوردە ئاوارەکانی دوورەوڵاتی ، لە ئەنجامی‌ئەوەش چەند ئاقارێك لەنێویاندا هاتۆتە ئاراوە : بەشێك لەوان لەبەر بێ‌هیوای و رەشبینی رویانکردۆتە ژیانی تایبەتی خۆیان ، واتە کارکردن و پارە پەیداکردن و پێکهێنانی‌ژیانی

ئاسوودەبی . بەشێکی دی ، کە گەشبین‌ترن ، کەوتوونەتە هەوڵدان بۆ هێنانە ئاراوەی گۆڕانکارییەك ، تاکو کەسایەتی مرۆڤی کورد لە ئەوروپا وون نەبێ .

دەربارەی تێڕوانینی خۆم بۆ هۆکارەکانی ئەو ئەزموونە ، دەشێ ئەم چەند خاڵە دەربرم : ١ ) پاشکەوتوویی بزووتنەوەی کورد و لێڵی تێڕوانینی ڕێکخراوە سیاسیەکانی ، ٢ ) گرێدانەوەی چارەنووسی ئەو بزووتنەوەیە بەدوا ڕۆژی جەنگی عیراق ـ ئێرانەوە ، ٣ ) دەست دانە چەك و هەوڵدان بۆ ڕوخاندنی ڕژێم بێ ئەوەی بزانین دەتوانین لەسەر خەباتی چەکدار بەردەوام بین و بۆمان دەکرێ ڕژێم بڕوخێنین ، ٤ ) بەشداری نەکردنی بەکردەوەی جەماوەر لەبزووتنەوەکەدا و لەهەموو ئاستەکاندا .

کاکە ڕەش : من وای دەبینم گۆڕانکارییەکانی دوای هەڵەبجە ، ئەگەر وەك خاڵی " وەرچەرخان " لەمێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا سەیر بکرێ ، چەند دیاردەیەکیان خستە ڕوو ، کە تەنیا پەیوەندیان بە کوردەوە نیە ( واتە تەنیا پەیوەندییان بەسیاسەتەوە لەسەر ئاستی کوردان نیە ) ، بەڵکو کەم تا زۆر پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان لەگەڵ سیاسەتی سەرتاسەری ئەمڕۆی جیهاندا هەیە . مەبەستم ئەوەیە تێکشکاندنی خەباتی چەکدار بەپێویست ئەو دیاردەیەی خستەوە کە پەنابردنە بۆ خەباتی دیپلۆماسی ، خەباتی دیپلۆماسیش ئەمڕۆ خۆی لەخۆیدا پەیوەندی لەگەڵ گۆڕانکارییە تازەکانی وەك " پێرۆسترۆیکا " دا هەیە . واتە کاریگەری " پیرۆسترۆیکا " لەسەر سەرجەم خەباتی ڕزگاریخوازی " جیهانی سێیەم " هەیە ، کە خەباتی ڕزگاریخوازی کوردیش لێی بێبەری نیە .

ئەگەر سەبری دەرەوەی وڵات بکەین ، دەبینین چەند هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ ئەو گۆڕانکارییە نراوە ، کە دەربڕی ئەو پاسایەی ئەوڕۆکەیە ، کە کەم تا زۆر ، بەرامبەر شارستانێتی چەك و شارستانێتی هێز دروست بووە و لەکوردستاندا بەزەقترین شێوە بینیمان و هەموو لێی بەرپرسیارین . دوو نموونەی سەرەکی بۆ ئەو گۆڕانکارییەش لەبەر دەستدایە : کۆنفرانسی پاریس و کۆنفرانسی لۆزان . ئەم دوو کۆنفرانسە هەوڵدانێکن کە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد هەر لەسەرەتای دابەشبوونی کوردستانەوە ، بەتایبەتی پاش جەنگی جیهانی دووەم ، لەو هەوڵەدابووە بۆ ئینتەرناسیونالیزەکردنی مەسەلەی‌کورد و هەتا ئەمڕۆ نەزۆکی خۆی سەلماندووە لە نەدۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو مەسەلەیە . ئینجا ئەگەر ئیمڕۆ ئەوە بەدی‌بکەین کە ڕێگە بۆ ئەو مەسەلەیە خۆشدەکرێ ، ئەوا هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە و لێرەدا بواری باسکردنیان نیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێ پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشم کە کۆنسێپتی ئەو جۆرە هەوڵانە بریتی‌یە لەوەی کە دابەشکردنی کوردستان بەدەرە لە ویست و خواستی خەڵکی کوردستان ، کەچی ئەمڕۆ هەمان کۆنسێپت دووبارە

دەکرێتەوە بۆ چارەسەرکردن ، واتە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لەدەرەوەی ویستی ئەو خەڵکە و لەدەرەوەی کوردستان !

دەربارەی هۆکارەکانی ئەو پاشەکشە و تێکشکاندنانە ، حەزدەکەم باسێك لەو تەنگوچەڵەمەیە بکەم کە لەئارادایە . لێرەدا پرسیارێك لەبەردەماندا قووت دەبێتەوە : ئایا ئەو تەنگوچەڵەمەیەی لەئارادایە ، تەنگوچەڵەمەی شۆڕشە یاخود هی بیرە ؟ من ئەو تەنگوچەڵەمەیە لە تەنگوچەڵەمەی شۆڕشدا نابینمەوە ، چونکە ناوەڕۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز لە کوردستان بەپێویست شۆڕشگێڕانەیە ، واتە دژی واقیعی کۆلۆنیالیستی و پەیوەندی وابەستەییە . کاتێك دەڵێم تەنگوچەڵەمەکە هی بیرە ، ئەوا بەو مانایە نیە کە تەنیا لەسەر ئاستی بیرە ، واتە لەجیاتی بیرێك بیرێکی تر دابنێین ، بەڵکو تەنگوچەڵەمەکە ، بە حوکمی ئەوەی بیر لەبواری ماددی خۆیدا دروست دەبێ ، بەرهەمی واقیعێکی ماددییە و لەوێ دروست دەبێ .

کە دەڵێم تەنگوچەڵەمەکە لەئاستی بیردا دەبینمەوە ، مەبەست ئەوەیە بەرهەمی بنەمایەکی چینایەتی دیاریکراوە ، کە ڕابەرایەتی بزووتنەوەکەی کردووە ، بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێ لەوە بکۆڵرێتەوە ، هۆکارە مێژووییەکانی لەکوێوە هاتوون و چ پەیوەندییەکیان لەگەڵ واقیعی کۆلۆنیالیستی و پێکهاتنی چینایەتی کوردستان و ئەو چینانەدا هەیە کە ڕابەرایەتی بزووتنەوەکەیان کردووە . بە کورتیەکەی ، سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەگەڵ ناوەڕۆکی بزووتنەوەکەدا لەناکۆکیدا بووە . ئەم ناکۆکیەش هەتاکو ئێستا بەشێوەیەکی تەنگوچەڵەماوی لەگەڵ خۆی هێناویەتی . ئەمیش پارێزگاری بنەمای کۆمەڵگای کورد دەکات ، کە کۆلۆنیالیستیە ، واتە شێواو و تێکشکێنراوە ، هەروەها پارێزگاری پەیوەندی وابەستەیی دەکات . لێرەدا ، هەتا چارەسەری بزووتنەوەکە لەهەناوی پەیوەندی وابەستەییدا خۆی ببینێتەوە ، ئەوا تێکشکێنراوە . تەنیا چارەسەر بریتییە لە تێکشکانی ئەو پەیوەندییەی پێی دەوترێ بنەمای کۆلۆنی کوردستان . چونکە هەتا ئەو پەیوەندییە بنەماییە تێك نەشکێنرێ ، چارەسەر بۆ ئەو چرکەساتەی ئەمڕۆ نیە کە لەکوردستاندایە .

**کاروان** : لەو بڕوایەدام ، پاش ڕاوەستاندنی شەڕ و ڕووداوە دڵتەزێنەکانی کوردستان ، کوردە ئاوارەکان لەو خەوە قووڵە بێداربوونەوە کە تیایدا دەژیان و ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ ( دەبێ کوڕی سەردەمی خۆی بێ ) . بەر لەوە ، بەشێکی زۆری کوردە ئاوارەکان چاوەڕوانی گەڕانەوەبوون ، واتە چاوەڕوانی ئەوە بوون کارەکەیان بۆ سازبکرێ و بچنەوە سەر حازری ،بەڵام پاش ئەو ڕووداوانە تێندێنسێك هاتەئاراوە کە بەدوو جۆر بوو : بەشێکیان لەڕوانگەی ئەنجامگیری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە ، واتە پاش تێکشکاندنی ، گەیشتنە ئەو باوەڕەی ۱۰۰٪

هەموو شێوەکانی خەباتی سیاسی و فیکری کوردستان ڕەت بکەنەوە . بەشێکی تر کە لە پرۆسەی بزووتنەوەکەدا بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری بزووتنەوەکەی دەکرد و تێڕوانینی تایبەتی بۆ بەرەو پێشەوەچوونی بزووتنەوەکە هەبوو . ئەمرۆ لەدەرەوەی وڵات جووڵانەوە لەو دوو ئاستەدا بەدی دەکرێ . ئەگەرچی جووڵانەوەکان هێشتا لەئاستی فیکری و پراکتیکیدا گەڵاڵە نەبوون ، بەڵام دەشێ بووترێ ، هەوڵدان بۆ ئەو مەسەلەیە لەئارادایە و ئەمەش پرۆسەیەکی پێویستە هەتا بتوانین ڕواڵەتەکانی دەست نیشان بکەین .

دەربارەی هۆکارەکانی تێکشکاندنی بزووتنەوەی کورد ، دەبێ گرێیان بدەینەوە بە سروشتی چینایەتی نێو کۆمەڵگای کورد و ئاستی هوشیارییەکەی و ئاستی سیاسی هێزە سیاسییەکانی ناو بزووتنەوەکەوە . هەتا ئەمرۆ دوو هێڵ لەنێو بزووتنەوەی کورددا زاڵن ، یەکێکیان بەناوی کوردستانی و ئەوی تریان بەناوی عیراقی‌یەوە . ئەم دوو هێڵە لە ناوەڕۆکدا لەیەک خاڵدا یەك دەگرنەوە ، ئەویش بریتی‌یە لە : ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتیەت بۆ عیراق . بەو جۆرە ئەو دوو هێڵە لە سروشتی مێژوویی بزووتنەوەی کورد لایان داوە کە لە بنچینەدا خۆی لە تێکشکاندنی وابەستەیی و کۆتایی‌هێنان بەو بارودۆخە تراجیدییەی بەسەر گەلی کورد هاتووە ، دەبینێتەوە . بەو پێیەش مەسەلەی کوردیان گۆڕیوە بۆ کێشەیەکی ناوخۆیی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە ومەسەلەی سروشتی مێژوویی بزووتنەوەکەیان لەبادکردووە .

خاڵێکی‌تریەیوەندی بەتێڕوانینی جیهانیەوە هەیە سەبارەت مەسەلەی کورد . ئەگەر تەماشای ئاستی جیهانی بکەین ، دوو لایەمان دێتە بەرچاو : ١) ئەو دەوڵەتانەی ئیمپریالستین و بەرژەوەندییان لەگەڵ بزووتنەوەکەدا لەوەدایە کە تێڕوانینەکانی خۆیانی تیادا بەرجەستە بکەن و لەخزمەتی ستراتیجیەتی خۆیاندا بەکاری بهێنن ، کاتێکیش مەترسی بۆ ئەو ستراتیجیەتە دروستکرد ، دەستبەرداری بن . لەم کۆمەڵگایانەدا، کە بەرژەوەندی ئابووری لەسەروو هەموو نەریتێکی بەرزی مرۆڤایەتیەوەیە ، بزووتنەوەکە دەستەوەستاوە بەرامبەر کارکردن ، جا لەئاستی ڕاگەیاندندا بێ ، یاخود ڕێکخراوەیی و ڕاکێشانی ڕای‌گشتی‌دا بێ . ٢) بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ئینتەرناسیۆنالیستی . لەم بوارەدا ، لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا سۆڤیەت وەك ناوەندی ئەو بزووتنەوەیە سەیرکراوە و تێڕوانین دەربارەی بزووتنەوەی کورد لەڕوانگەی ستراتیجیەتی ئەوەوە بووە ، بۆیە هەمیشە بزووتنەوەی کورد بۆتە قوربانی بەرژەوەندییە ستراتیجیەکانی ئەو ناوەندە . بەو پێیەش، بزووتنەوە ئینتەرناسیۆنالیستی‌یەکە نەیتوانیوە کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی کورد هەبێ و بزووتنەوەی کورد ، یا ئەوەتا لێی یاخی‌بووە ، یا ئەوەتا ملکەچ بووە بۆ بارودۆخەکە .

خاڵێکی دی ، مەسەلەی ناوخۆیی و دابڕانی جەماوەر و ئەو دەسەڵاتە باوکسالارییەی

نێو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردە ، کەبواری ئەوەی نەداوە جەماوەر ڕاستەوخۆ بەشداری لەو بڕیارانەدا بکات کە حیزبەکان دەیدەن . بەمەش جەماوەر لەو بڕیارانە دوورخراوەتەوە کە چارەنووسی پێیانەوە بەستراوە . شان بە شانی ئەوە ڕەخنەگرتن لەناو بزووتنەوەکەدا مامەڵەی زانستی لەگەڵ نەدەکرا و زیاتر ببووە ئامرازێك بۆ بەهانەهێنانەوە بۆ هەڵەکان و دامرکاندنەوەی ڕق و کینەی جەماوەر لەو کاتانەدا کە هێزەکان کەوتبنە هەڵەوە .

دوا خاڵیش ، شێواری خەباتکردنە لە کوردستاندا . ئەنجامی ناکۆکی نێوان ستراتیجیەتی بزووتنەوەکە و ئەرکە مێژووییەکەی ، واتە ئەرکی مێژوویی بزووتنەوەی کورد بریتی‌یە لەتێکشکاندنی وابەستەیی کۆلۆنیالیستانە ، بەڵام بزووتنەوەکەی هەیە ، ئەرکی خۆی لەگۆڕانکاری نێو ناوەندی ئەو وڵاتانەدا دەبینێتەوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە . ئەمەش وای‌کردووە ، بەحوکمی بارودۆخی جوگرافی کوردستان ، زەمینەی خەباتی چەکدار ( پارتیزان ) هەبێ . دروشمی حیزبەکانیش ئەوەندە لاسنیکی‌یە کە هەموو ڕێکخراوێکی سیاسی دژبە ڕژێمی ناوەندی لافی پێوە لێدەن و بەرزی بکەنەوەو لە ئەنجامی ئەوەش کوردستان بکرێتە ناوەند بۆ گۆڕانکاری ، بێ ئەوەی ئاورێك لە ئەرکە مێژووییەکەی خۆیان بدەنەوە . ئەمەش وا دەکات کە ئاسانتر بێ بۆ ئەو ڕژێمانە بزووتنەوەکە لەو ناوچانەدا ئابلۆقە بدەن ، جا بەشێوەی ئابووری بێ ، سەربازی بێ ، سیاسی بێ ، یاخود پڕوپاگەندەیی ، وە بزووتنەوەکە لە بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەو وڵاتانە دابڕن .

## بارودۆخی دامەزراوە کوردییەکانی دوورەوڵاتی و چۆنیەتی پێکەوە کارکردنی کوردە ئاوارەکان

**هەڵکەوت** : ئەگەر لەمێژووی چەندین ساڵەی ئاوارەیی کورد وردبینەوە ، ئەوە بەدی دەکەین کە چەندین دامەزراوی جۆربەجۆر لەماوە جیاجیاکاندا دروستکراون ،هەندێ لەوانە پاش ماوەیەك پارچەپارچەبوون و چەندین ڕێکخراوی بچووکتریان لێ‌بەرهەم هاتووە ، هەندێکی دی بەرەو لاوازبوون و پووکانەوە چوون . هەروەها ئەگەر بڕوانینە هەمان مێژوو ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە خواستی پێکەوە کارکردنی کوردە ئاوارەکان سروشتی جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە لە قۆناغە جیاجیاکاندا و هەمیشە ئامانجێکی مەزن بووە بۆ برەوپێدانی چالاکییەکانی دوورەوڵاتی . لەم بوارەدا حەز دەکەین ڕۆشنایی بخرێتە سەر چەند خاڵێکی گرنگ : هۆی پارچەپارچەبوون یان لاوازبوون و پووکانەوەی ئەو ڕێکخراوو دامەزراوانە چین ؟ ئەو داواکارییانەی لەم ڕۆژگارەدا دەردەبڕدرێ بۆ پێکهێنانی ئەڵتەرناتیف بۆ ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانە چۆن دەبینن و خاڵە زامنکارەکانی

دووبارەبوونەوەی رووداوەکانی رابوردوو کامانەن ؟ بانگەوازی لایەنە سیاسییەکان بۆ پێکەوە کارکردن لەگەڵ خەڵکی سەربەخۆدا چۆن هەڵدەسەنگێن ، لەکاتێکدا هەمان ئەو لایەنانە لەرابوردوودا بانگەوازی پێکەوە کارکردنی خەڵکی سەربەخۆیان رەت دەکردەوە ؟

یادگار : مەسەلەی ئەو پاشەگەردانییەی لەدامەزراوە کوردییەکاندا هەیە،دەگەرێتەوە بۆ هۆی دروست بوونیان ، بەر لەهاتنی ئێمە . پێش هاتنی ئێمە ، ئەو دامەزراوانە ـ کەم تا زور ـ هەبوون ، رێکخراوە سیاسیەکانی کوردیش ئەندام و نوێنەری خۆیان لە ئەوروپا هەبووە ، بەڵام شان بەشانی ئەوە ئەندامی خۆیان ناردۆنە نێو ئەو دامەزراوانەوە و هەرکاتێکیش دامەزراوی نوێ دروست بووبێ ، خێرا چەند کەسێکیان ناردۆنە نێویەوە . بەو جۆرە ململانێ لەسەر کۆنترۆلکردنی ئەو دامەزراوانە لە نێو رێکخراوە سیاسییەکاندا سەری هەڵداوە و هەریەکەیان کەوتۆنە تێکۆشان بۆ ئەوەی ئەو دامەزراوانە بخانە ژێر رکێفی خۆیەوە و لەخزمەتی پرۆگرامی خۆیدا بیانخانە گەر ، ئەگەر ئەوەشی بۆ نەلوابێ ئەوا لەگەڵ چەند رێکخراویکی تردا رێك کەوتوون لەپێناو ئەو مەسەلەیەدا . مەسەلەکە هەتا ئەمرۆ هەر بەو جۆرەیە ، بۆیە پارچەپارچەیی بەرەوی سەندووە و بووکانەوەی دامەزراوەکانیش زوو لەلووتەکەیە .

دەربارەی ئەوهەوڵدانانەی لەم چەند ساڵەی دواییدا بۆ پێکەوەکارکردن هاتوونەتە ئاراوە ، هۆکانی دەگەرێنەوە بۆ : یەکەم/ خەباتی چەند ساڵەی خەڵك ئەو دەرفەتەی رەخساندووە ئەو کارە دەرببردرێ و شتێك بێتەئاراوە .دووەم/گۆرانکاری واقیعیکوردستان هێزەکانی ناچارکردووە گۆران لەنێو خۆیاندا بکەن و بتوانین بۆ ئەو کارە بگۆرێن . سێیەم/ هاندەرەوەی خەڵکی بەنوانا لەم چەند ساڵەی دواییدا کە دەستێ بینە بزوێنەری ئەو کارە . سەبارەت بەدروستکردنی ئەلتەرناتیڤی نازەش ، من لەو بروایەدام کە هەمیسە هەوڵدان بۆ ئەو مەبەستە لەئارادا بووە ، بەڵام پاش دامەزراندن دووچاری هەمان گیروگرفتی ئەوانی تر بووە . واتە یان ئەوەتا لەلایەن کۆمەڵێك کەسەوە دەستگیراوە بەسەریدا ، جا سیاسی بن یاخود سەربەخۆ ، یاخود بێ توانابووە لەئاست پێشکەش کردنی شتی تازەدا ، یان بۆتە جێی نیشانەی تیری رێکخراوە سیاسییەکان و پروپاگەندە سەرکوتکەرەکانیان . زامنکەرەکانی دووبارە نەبوونەوەی تامیکردنەوەکانی رابردوو بریتییە لە:

**" پەیداکردنەوەی متمانە لەنێو خۆماندا و باوەرکردن بەوەی بێهەوڵ و تێکۆشان هیچ نایەتەدی و کەمتەرخەمینەکردن لەبواری کارکردندا " .**

شۆرش : ئەو دامەزراوانەی دەرەوەی وڵات پەیوەندییان بە بزووتنەوەکەی ناو وڵاتەوە هەبووە . لەساڵانی رابوردوودا ، هەتا ئەو کاتەی هێزە سیاسیەکان دەست رۆیشتوو بوون و هێزی چەکداریان هەبوو ، ئامادەنەبوون بەهیچ شێوەیەك رێگە بەو

کەسانە بدەن لەو دامەزراوانەدا کاربکەن ، بێئەوەی بچنەژێر ڕکێفی ئەوانەوە . ئەو هێزانە دەیانویست هەموو توانەیەک بۆ سەرجەمی بەرژەوەندی حیزبایەتی خۆیان بخەنە گەڕ، ئەنجامی ئەوەش ئەوەبوو زۆرکەس ئامادەنەبوون ئەو شتە قبوڵ بکەن . نموونە بۆ ئەوە زۆرە ، لەوانە شەڕوشۆڕی هێزەکان لەو دامەزراوانەدا بۆ بەدەستهێنانی باڵادەستی،کە بووە هۆی نەکینەوەی خەڵکێکی زۆر لەو دامەزراوانە و ئامادەنەبوونیان بۆ کارکردن لەخزمەتی هێزێک یان چەند هێزێکی دیاریکراودا .

لێرەدا پرسیارێک خۆی دەردەبڕێ : بۆچی ئەو هێزانە ئەمڕۆ هەوڵدەدەن بۆ پێکەوە کارکردن لەگەڵ جەماوەردا ؟ بەبڕوای من ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی کە هێزەکان ئەمڕۆ وەک جاران باڵادەست نین و بنکەی جەماوەرییان تەسک بۆتەوە و بەتەنیا هیچیان پێ ئەنجامنادرێ و وەک جاران لەوزەیاندا نەماوە خۆیان بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن . لەم بوارەدا دەبێ بەرامبەر ئەو هەوڵانەی هێزەکان وریابین و ڕێگەیان پێ نەدەین بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاری بهێنن و ڕەنجمان بەبادەن . لێرەدا من وەکو مرۆڤێکی حیزبی کاری حیزبایەتی لەوەدا نابینم هەوڵبدات ڕێکخراوێکی جەماوەری یاخود دامەزراوێکی کەلتووری داگیربکات و لەخزمەتی خۆیدا بەکاریانبهێنێ ، بەڵکو لەوەدا دەیبینمەوە کە پشتگیری بزووتنەوەی جەماوەر بکات و ڕێزی لێبگرێ و پشتگیرییان بکات . هەروەها دەبێ بەرامبەر ڕەوتێکیدی وریابین کە لەکاری جەماوەری ئەو جۆرە دامەزراوانەدا ڕێگە لەکارکردنی مرۆڤانی حیزبی دەگرێ ، ئەو مرۆڤانەی بەدڵسۆزی کار بۆ تێکەڵ نەکردنی کاری حیزبی و کاری ئەو دامەزراوانە دەکەن ، چونکە ئەوەجگە لەوەی دیموکراتیانە نیە ، ڕێگریشە لەخستەگەڕی وزەی بەکۆمەڵی کوردە ئاوارەکان .

دەربارەی پووکانەوەی دامەزراوەکانیش ، من لەو بڕوایەدام هەرکاتێک دامەزراوێک شکستەی خواردبێ ، ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان لەئاوارەیی هەوڵیانداوە شتی تازە دروست بکەن و بەردەوام بن . ئەمڕۆش هەنگاو بۆ ئەو مەسەلەیە هەیە و پێویستە بەرپرسیارانە ئەرکەکانی سەرشانمان بەرامبەری جێبەجێبکەین و ئەو باوەڕەمان لا چەسپاو بێ کە دوورەپەرێزی لەو بزووتنەوەیە و ئەو هەنگاوە تازانەی هەن زیانێکی زۆری دەبێ بۆ سەر چالاکییەکانی داهاتوومان .

**کاروان :** بەبڕوای من دەبێ لەوە قووڵبینەوە ، بۆ ئەو دامەزراوانە دەپووکێنەوە و بەرووەخت چەند خاڵێک دەربارەی دیاریکردنی پووکانەوەکەیان بدەین بەدەستەوە . بەهەر حاڵ ، ئەگەر ئەو پووکانەوانە وەکو گەڕانەوە بۆ دواوە شیبکرێتەوە ، ئەوا بێگومان هەموو پووکانەوەیەک جووڵانەوەیەکی نوێ لەهەناوی خۆیدا حەشار دەدات . ئەمڕۆ ئەو جووڵانەوە نوێیەی لەئارادایە و هەنگاوی سەرەتایی هەڵدەنێ ، هێشتا دیارنیە داخۆ دەتوانێ

دابڕینێك لەگەڵ ئەوەی ڕابوردوو دروست بكات یاخود نە؟ . خۆ ئەگەر ئەو جووڵانەوەیە نەی توانی ئەو دابڕینە دروست بكات ، ئەوا دەتوانێ كۆمەڵێك چەمكی تازە بخاتە نێو خەڵكەوە ، كە ئەمە خۆی لەخۆیدا هەنگاوێكە بۆ پێشەوە . ئەمەش گرێدراوە بەشێلگیربوونی ئەوانەی بەشداری تێدا دەكەن .

پێش لەسەر ئەو باوەڕەم كە دەبێ پرسیار دەربارەی هۆی داواكاری حیزبەكان بۆ پێكەوەكاركردن بكرێت و ئەوە ڕوون بێتەوە كە بۆ ئەوان ئەو داواكاریە ئاڕاستەی جەماوەر دەكەن . بەڕای من داواكارییەكە كاتێك جێی خۆی دەگرێت كە لایەنەكان ڕابوردووی خۆیان هەڵسەنگاندبێ و گۆڕانكاری جەوهەرییان لەخۆیاندا كردبێ ، تا بتوانن كار لەگەڵ خەڵكی سەربەخۆدا بكەن . ئەمەش دەكەوێتە سەر شێلگیربوونی سەربەخۆكان لەسەر ئەو مەسەلەیە و تا چ ڕادەیەك دەتوانن لەم كاتەدا ببنە هۆكارێكی جەوهەری بۆ ئەو گۆڕانكارییە . بێگومان ئەمە پێویستی بەوەیە سەربەخۆكان بەدیدێكی ڕەخنەگرانەی زانستی و دابەبڕاو لەواقیعی كوردستان و واقیعی ئەمڕۆی شێوەی جووڵانەوە لە ئەورووپا ، هەنگاو بۆ دروستكردنی ئەو كارە هاوبەشە هەڵبێنن كە لەسەرەتادایە و بێ هەڵە و كەم و كوری نابێ .

لێرەدا دەبێ سەرنج بۆ ئەوە ڕابكێشم ، كە زەمینەی ماددی بۆ مانەوەی ئەو دامەزراوە بیرۆكرانیە بالادەستانە لەئاردایە و لەئاییندا دەبێ . بۆیە نابێ ئەمە وا لە مرۆڤی كوردی ئاوارە بكات دەست بەرداری هەنگاوی تازە بێت . حەزیش دەكەم ئەوە ڕوون بكەمەوە كە جووڵانەوەی تازە بەلای منەوە دروستكردنی دامەزراوێكی وەها نیە كە لەڕواڵەت دا لەوەی پێشوو نوێ تر ە ، بەڵكو مەبەستم جووڵانەوەیە لە بواری بیر ،ئەدەب مۆسیقا ، وێنەكێشان و... هتددا ، واتە جووڵانەوەیەكی نوێی هەمەلایەن . ئەمیش ئەركی تاكەكەس یاخود سەڵتەدامەزراوێك نیە ، بەڵكو ئەركی جەماوەرە . بۆ ئەو مەبەستەیش دەبێ بوار بە جەماوەر بدرێ تعبیر لەخۆی بكات و بكەوێتە جولانەوە . شان بەشانی ئەوەش مشتومڕ و گفتوگۆ بێتەئاراوە بۆ دروستكردنی چەمكی تازە .

كاكە ڕەش : من لەم بوارەدا دەڵێم ، ڕاستی ئەوەیە كە پەیوەندی نێوان ڕێكخراوەكان و ئەندامەكانیان ، هەمیشە بریتی بووە لەپەیوەندی سەرۆك ـ ئەندام یا سەرۆك ـ رەعیەت . ئەوجا ئەو ڕوانگەیە لەكاتی كاركردنیشدا لەگەڵ خەڵكی ڕەنگی داوەتەوە و كاركردنیان بەمەبەستی دیاریكراو بووە . بۆ مەسەلەی پێكەوە كاركردنیش ئەو پرسیارە دێتەئاراوە : ئایا ئەوان تاچ ڕادەیەك ئامادەی گۆڕانكاری ڕەخنەگرانەن ؟

ئەوەی شایانی باسە ، خەڵكی سەربەخۆ ئەمڕۆ و لەڕابوردووشدا ئامادەی ئەوە بوون لەگەڵ حیزبەكاندا كاری هاوبەش ئەنجام بدەن ، بەڵام گرفتەكە لەوەدایە تا چ

رادەیەك ئەو پێكەوە كاركردنە لە یەكێتییەكی ناكۆكداردا رابگیردرێ و نەگاتە ناكۆكییەكی دوژمنكارانە . لێرەشدا دەبێ وریابین و تەنیا لەگەڵ دروستكردنی شتی بەرواڵەت تازە و ناوەرۆك كۆندا نەبین .

دەربارەی دامەزراوە كوردییەكانی ئەمڕۆ هەن ، بەبڕوای من ئەو رایەی دەڵێ ئەو دامەزراوانە هەیبەتی خۆیان لەدەست داوە ، لەناو كوردانادا راستە و ئەوە بەدی دەكرێ كە خەڵكێكی زۆر ئامادە نین لەگەڵیاندا كاربكەن ، بەڵام لەهەمان كاتدا ئەوە بەدی دەكرێ كە ئەم دامەزراوانە بەحوكمی ئەوەی مەسەلەی كورد لەدەرەوەی وڵات هەنگاو بەرەو ئەوە دەنێ مۆركێكی نێونەتەوەیی بدرێتێ ، واتە دامەزراوسازی بكرێ ، بۆیە زەمینەی زیاتر هێشتنەوەی ئەو دامەزراوانەش لەژیاندا دەخەملێنێتەوە . واتە ئەو دامەزراوانە هەیبەتی خۆیان لەئاستی دیبلۆماسیەتدا نافەوتێنن ، بەڵكو دەیپارێزن و كەم تا زۆر و بەدەر لەویستی خەڵكی بەردەوام دەبن .

## بزووتنەوەی كەلتووریی كورد لەئاوارەیی

هەڵكەوت : لەم بوارەدا شتێكی چاكە ڕۆشنایی بخرێتە سەر بارودۆخی بزووتنەوەی كەلتووریی كوردی ئاوارەیی و باسی كاریگەری ئاوارەیی لەسەر بەشە جۆربەجۆرەكانی ئەو كەلتوورە بكرێ و بەرهەمە هەمەچەشنەكان هەڵبسەنگێنرێن .

كاكە رەش : من ئەم مەسەلەیە لەسەر چەند ئاستێك دەبینمەوە و بەحوكمی جیاوازی ئاستەكان دەشێ بەم شێوەیە دابڕێژرێ : ئاستێكی وەها دەبینم ، بەتایبەتی دوای تێكشكاندنی خەباتی چەكدار لەكوردستان ، كە رەنگدانەوەیەكی دیاریكراوی هەبوو لە تێڕوانینی كوردە ئاوارەكاندا و تێروانینێكی تراجیدیانەی بۆ جیهان دروستكردووە ، كە لەئاستە ڕۆشنبیرییەكاندا : هونەر ، ئەدەب ، نووسینی تیۆری ، رەنگی داوەتەوە . لە ئاستە هونەرییەكەیدا ، پەیوەندی خود لەگەڵ مێژوودا و توانای هونەرمەند بۆ دەربڕینی بەو شێوەیە كەوتۆتەوە كە هەمیشە هونەرمەند پەیوەندییەكەی خۆی لەگەڵ مێژووەكەیدا و بەحوكمی ئەو قورساییەی لەدەروونیدا دروست بووە ، لەدوو ئاستدا دەربڕێ : تراجیدیانە و تورەیی . واتە ژیان لەقولایی ئەو كارەساتانەی لە كوردستان روویاندا ، توورەیی بەرامبەر داگیركەران و بگرە هەموو جیهان لەدەروونی ئەواندا دروستكردوە . ئەوجا ئەو تورەبوونە لەئەدەبی ئەوروپییدا دەمێكە هەیە ، بەڵام لەئەدەبی كوردیدا لەئاستێكی تردا رەنگیداوەتەوە ، ئەویش بریتییە لەوەی بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە كورد ژەهراوی دەكرێ و كوردستان كاول دەكرێ ، كەچی جیهان بەرامبەری بێدەنگە و لەسەری نایەتە دەنگ . ئەمە قورسایی خۆی هەبوو لەسەر نووسەر و ئەدیب و

هونەرمەندەکانی کورد و وای لێکردن زیاتر بەتوڕەیی خۆیان بنوێنن ، واتە هەوڵدان بۆ تێکشکاندنی ئەو نەریتەی جیهانی ئەمڕۆ دروستیکردووە ، جا بەڕێگای گلەیی بێ ، یا ڕەخنەگرتن ، یاخود جنێودان . هەروەها ئاستێکی تر بەدی دەکرێ ، کەبریتییە لە هەوڵدانی نوێ بۆ خوێندنەوەی واقیعی کوردستان و کۆی گشتی ئەو پەیوەندییەی لەسەر ئاستە جیهانییەکە ڕەنگی داوەتەوە و کاریگەری لەسەر کوردستان . بەبڕوای من ئەمە لە هەموویان گرنگترە و پەیوەندی بەپرسیاری چیبکرێ ؟ وە هەیە . دەبێ ئەرکی داهاتوو مامەڵەکردنی ڕەخنەگرانەبێ لەگەڵ مێژووی خۆمان‌دا ، خوێندنەوەیەکی داهێنەرانە بێ بۆ داهاتووی خۆمان .

دەربارەی بارودۆخی کەلتووری ، من وای دەبینم لەسەر ئاستە گشتی‌یەکەی‌پەیوەندی ڕۆشنبیر لەگەڵ کوردستان و مێژووی کورددا ، پەیوەندی تاك بووە لەگەڵ ڕابوردوودا ، نەك پەیوەندی تاك بۆ داهاتوو . ئەمە بۆ وایە ؟ لەبەر ئەوەی نووسەر بەحوکمی ئەو واقیعەی تیایدا دەژی و بەرهەمی بیریشی تیا دەهێنێتە ئاراوە ، مامەڵەکردنەکەی‌لەگەڵ ئەو واقیعەدا بووە کە تیایدا ژیاوە و ئەمڕۆش ڕەنگدانەوەی لەبەرهەمەکەی‌دا بە زەقی دەبینرێ و ئەوە بەدی دەکرێ کە چۆن ڕابوردوو دەلاوێنێتەوە ، جا بەشێوەی ڕەخنە بێ یاخود سکاڵاکردن . لێرەدا ئەم پەیوەندییەی نێوان تاك و ڕابوردوو خۆی لە خۆیدا ڕەخنەگرتنە لەمێژوو وەك خودی مێژوو ، لەهەمان کاتدا دروستکردنی خودە ، واتە هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندی خودێ کە خۆی ڕەت کردبێ ، بۆ ئەوەی تەعبیر لەکۆی کۆمەڵگا بکات . لێرەدا ـ لەبواری کورددا ـ لەبزووتنەوەکەدا خۆی بینیوەتەوە ، بەڵام لەسەر ئاستی بیر هەنگاو هەیە و هێشتا لەچرۆکردندایە .

کاروان : بەڕای من بارودۆخی کەلتووری لە ئاوارەیی‌دا ، تەنگوچەڵەمەکانی نێو کۆمەڵگای کورد ، ناموێی مرۆڤی کورد لەم واقیعەی ئەمڕۆدا ، سلبیاتەکانی ناو کۆمەڵگای کورد ، تەنگوچەڵەمەی بزووتنەوەی کورد ، لەخۆیدا دەبینێتەوە . هەڵوێستی ڕۆشنبیرانی کورد لە دەرەوەی وڵات بەرامبەر وڵات و بزووتنەوەکە زیاتر لەسەر ئاستی ئەنجامی ڕووداوەکانە . بۆ نموونە : پێش کارەساتی هەڵەبجە ، کەس نەبوو هاواری لێ‌هەڵسێ و بڵێ ئێمە لەبەردەمی کۆستێکی گەورەداین ، بەڵام پاش کارەساتەکە هەر هەموو هاواریان‌لێ هەڵسا و دەنگیان بەرزکردەوە . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆشنبیر یا هونەرمەند یاخود ئەدیب تەنیا لەژینگەکەدا دەژین ، لەکاتێکدا دەبوایە لەوە قووڵتربوونایە و تەنیا لە ژینگەدا نەژیابان ، بەڵکو ژینگەکە بچوبایەتە قوڵایی دەروونیانەوە . بۆ ئەوەی نەك هەر بتوانن واقیعەکە دەربڕن ، بەڵکو پێش هەنگاو بن بۆ ئەوەی بتوانن ڕوویەکی تری پێ‌کۆڵکەری ئەو واقیعە بن ، لەو ڕێگەیەشەوە ئەو واقیعە ڕەت بکرێ و تەنیا بەرجەستەکەری

واقیع نەبن . لەو ڕوانگەیەوە و بەحوكمی تازەیی توانای ڕۆشنبیرەكانی ئاوارەیی ،ڕۆشنبیریی كوردی دوورەوڵاتی لاوازییەكی دیاریكراوی پێوەدیارە . لەم بوارەشدا ، ئەگەر ئەدیب و نووسەر و ڕۆژنامە و گۆڤارەكان ، واقیع بەو شێوە مێژووییەی باسمانكرد ، دەرنەبڕن ، ناتوانن خوێنەر لەخۆیان كۆبكەنەوە و خوێنەریان نابێ .

شۆڕش : لەدەستپێكی هەشتاكانەوە ، چەندین كەس هاتنە ئەوروپا كە ویستیان بە شێوەیەكی ئازادانە بنووسن ، بەڵام بەداخەوە دووچاری گیروگرفتی زۆر بوون . چونكە زۆر لایەن هەوڵیان دەدا ئەو كەسانە بخەنە ژێر ڕكێفی خۆیانەوە ،خۆ ئەگەر نەیانتوانیبا ، ئەوا دژایەتیان دەكردن . ئەمە ئاڵۆزییەكی زۆری لەبواری كەلتووریی ئاوارەیی‌دا دروست كرد . شان بە شانی ئەوە ، من لەو بڕوایەدام بۆ پێشخستنی كەلتووری خۆمان ، تەنیا ئەوە بەس نیە لەچواردەوری خۆمان بخولێینەوە و گۆشەگیر بین ، بەڵكو دەبێ سوود لە كەلتووری ئەو كۆمەڵگایانە وەربگرین كە تیایاندا نیشتەجێبووین . ئەمەش پێویستی بە فێربوونی زمانی ئەو میللەتانە هەیە كە لەگەڵیان دەژین . لێرەدا من كەلەبەرێكی گەورە بەدی دەكەم ، بەداخەوە زۆر كەسمان هەن ، زمانی ئەم میللەتانە بەو شێوەیە فێر نەبوون كە بتوانن بەهۆیەوە كەلتووری كورد دەوڵەمەندتر بكەن . بێگومان نەبوونی یەكێتیی نووسەرانی كوردی سەرتاسەری ، یاخود نێوەندێكی بڵاوكردنەوەی گشتی ڕێگرە لەسوود وەرگرتن لە كەلتووری ئەو كۆمەڵگایانە و هۆیەكە بۆ بەئاڵۆزی مانەوەی باری كەلتووریی ئاوارەیی .

یادگار : هەر لەسەرەتای هەشتاكانەوە كوردەكان بەئامانجی جۆربەجۆر هاتنە ئەوروپا و ژمارەیەكی زۆریان وویستوویانە سوود لەبارودۆخی ئەم وڵاتانە وەربگرن و بەرهەمی خۆیان بهێننەئاراوە . هەوڵدانەكانی ئەوانە یان تاكەكەسی بوون یاخود بەكۆمەڵ بوون . هەروەها لەو چەند ساڵەدا چەندین كۆمەڵە و دامەزراوی كەلتووری دامەزراون و بەشی خۆیان چالاكیان كردووە ، بەڵام ئەگەر بەگشتی سەیریان بكەین ، ئەوە بەدی دەكەین كە ئەوانە شتێكی نوێیان نەهێناوەتە ئاراوە و نەیانتوانیوە دابڕین لەگەڵ ڕابووردوو-لە بواری كەلتووریی‌دا-دروست بكەن . هەروەها من جۆرێك لەتەمەڵی ڕۆشنبیریی لەنێو كوردە ئاوارەكاندا بەدی دەكەم . چونكە دەبینین هەموو دەیانەوێ بێ خۆماندووكردن هەموو شتێك بزانن و لە گشت شتێكدا شارەزابن .منیش لەو بڕوایەدام كە بۆ سوود وەرگرتن لەكەلتووری ئەم كۆمەڵگایانە ، پێویستیمان بەوە هەیە زمانی ئەم میللەتانە فێربین و شان بە شانی ئەوەش مامەڵەیەكی زانستیانە لەگەڵ مێژوویاندا بكەین .

هەروەها دەمەوێ سەرنج بۆ ئەوە ڕابكێشم ، كە ئەگەرچی تەنگوچەڵەمەی بارودۆخی كەلتووریی كورد لەئاوارەیی گرێدراوە بە هەلومەرجی ئاوارەیی و واقیعی كۆمەڵگای

کوردەوە ، بەڵام نووسەر و ڕۆژنامە و گۆڤار و هونەرمەندەکانیش ڕۆڵی تایبەتی خۆیان تێدا گێڕاوە . چونکە دەبینین نووسەرەکانمان لەبری ئەوەی لەمەسەلە گرنگ و زیندووەکان بدوێن ، کەوتووەتە شەڕە دەنووک و یەکلاکردنەوەی ناکۆکی دەیان ساڵەی خۆیان ،یان ڕوویان کردۆتە دەربڕینی ئەو بابەتانەی خزمەتێکی ئەوتۆ بە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کورد ناکەن . لەم بوارەدا دەمێ بڵێم ، گۆڤاری " یەکگرتن " یش هەندێ بابەتی چەند نووسەرێکی بڵاوکردۆتەوە ، کە کەم تا زۆر ، کاریگەرییان لەسەر ئەو تەنگوچەڵەمەیە هەبووە ، جگە لەوەیش ڕۆڵیان هەبووە لەهێنانە ئاراوەی دژایەتیکردن و ناوانبارکردنی گۆڤارەکە لەلایەن هەندێ هێزی کوردییەوە .

**کاروان** : لەم بوارەی دواییدا ، بەلای منەوە دیموکراتییەت لەگۆڤاردا ، مانای ئەوە نییە هەموو بابەتێك بواری بڵاوبوونەوەی بدرێتێ ، بەڵکو دەبێ برانرێ گۆڤارەکە لەپێناو چ مەبەستێکدا هاتۆتەئاراوە ، هەروەها دەبێ هەلومەرجی بابەتیش لەبەرچاو بگیردرێ . منیش لەو بڕوایەدام هەندێ بابەت کە لە گۆڤاری " یەکگرتن " دا بڵاو بووەتەوە ، ئەگەرچی ستوەی ڕەخنەیان پێوە دیارە ، بەڵام لەهەمان کاتدا لێدانیشیان تێدایە ، لەپێناو هەندێ مەبەستی تایبەتی دا و بەهانە هێنانەوە بۆ چەند مەسەلەیەك و کوتانی هەندێ کەس و لایەنی تر .

**هەڵکەوت** : لەم بوارەدا حەزدەکەین ڕۆشنایی بخەینە سەر چەند مەسەلەیەکی گرنگ . مەسەلەی کاك ( یادگار و کاروان ) دوولایەن دەگرنەخۆیان : یەکێکیان کە پەیوەندی بەو بابەتانەوە هەیە " یەکگرتن " دەریبڕیون و لێیان بەرپرسیارە ، ئەوی تریان کە لەلایەن نووسەری ترەوە نووسراون . سەبارەت بەوەی یەکەمیان دەمێ بڵێین : هەموو گۆڤارێك پەیامی دیاریکراوی هەیە کە دەیەوێ بیگەیەنێ . بێگومان دەمێ لە گەیاندنی ئەو پەیامەدا کەم و کوڕی و هەڵە هەبن ، ئەمانەش ئەو ئیمپرێشنە دروستکەن ، کە مەبەست لەو پەیامە لێدانی ئەم یان ئەو کەس و لایەنە .

ئێمە وەکو گۆڤارێك ، کە خاوەنی پەیامێکی دیاریکراوین و سروشت و ڕووخسارەکانی لە ژمارە جۆربەجۆرەکاندا بەرجەستەکراون ، لەڕووی کارەکانمانەوە،کەم و کوڕی و هەڵەمان هەبووە لەبواری گەیاندنی پەیامەکەی خۆماندا . ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك : کەم ئەجروبەییمان لەبواری ڕۆژنامەگەریدا و کەمی کادیری ڕۆژنامەگەریی شارەزا بە دەوری گۆڤارەکەوە ، کاریگەریی جۆری بیرکردنەوە و مامەڵەکردنی سیاسیانە بەسەر نێروانینمانەوە ، دژایەتیکردنی هەندێ هێز بۆ گۆڤارەکە ، لەبەر ئەوەی کەسانێك کاری تێدا دەکەن ، کە لەڕابووردوودا لەریزەکانیاندا بوون و بەرچەکرداری ئێمە بۆ ئەو دژایەتیکردنە. بێگومان ئەگەر بڕواننە ئەم چەند ژمارەیەی دوایی " یەکگرتن " ، هەست بەوە دەکەن تاج

رادەیەك توانیومانە لەکاریگەری نێگەتیڤانەی ئەو هۆیانەی سەرەوە ڕزگارمان بێ و تا ڕادەیەکیش لەڕووی گەیاندنی پەیامەوە چووینەتە پێشەوە .

سەبارەت بەخاڵی دووەمیش ، واتە بابەتی نووسەرانی تر ، دەشێ بڵێین وەکو گەیاندنی پەیامەکەی خۆمان کەم و کوڕی و هەڵەی تێدابووە ، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئێمە باوەڕمان بە سانسۆردانان لەسەر هیچ بابەتێك نیە و خوازیاری ئەوەین هەموو نووسەرێك دەربڕی خۆی بێ و بەو ئامراز و شێوازەی بەچاکی دەزانێ . هەروەها دەبێ ئەوە دەربڕین کە ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر گۆڤارەکەدا هاتوون ، کۆمەڵێك پرنسیپی تایبەتیان هێناوەتە ئاراوە بۆ ڕزگاربوون لە کەم و کوڕی و هەڵەکان ، ئەو پرنسیپیانەیش زیاتر ئەکادیمین نەك ئایدیۆلۆژی ، واتە ڕێزی جیاوازی بیروڕا دەگرن و ڕەوتی نووسینی شیاو و ڕاستەقینەش دەچەسپێنن .

## کارەکانی لەدووروەڵاتی ئەنجام دەدرێن و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان

هەڵکەوت : لەکۆتایی ئەم دیدەنیەدا ، بەچاکی دەزانین پرسیارێك دەربڕین و وەڵامیشی بدەینەوە : ئێمە لەئاوارەیی‌دا چیمان پێدەکرێ و چۆن ؟

شۆڕش : لێرەدا دەمەوێ بڵێم ، ئەو چالاکیانەی هەتا ئەمڕۆکە لە ئەورووپا ئەنجام‌دراون ، هەڵەی زۆریان تیدابووە و هەمووشمان گەیشتووینەتە ئەو باوەڕی ئیتر شێوەی کاری ڕابوردوو بەرەوی نەماوە . بۆ نموونە : یەکێك لەو جۆرە چالاکیانەی‌زاڵبوون ، خۆپیشاندان و مانگرتن بووە . هەر کاتێك کارەساتێك یاخود ڕووداوێك لە کوردستان هاتبێتە پێش ، یەکسەر هەموو خۆپیشاندان و مانگرتنمان سازکردووە ، بێ‌ئەوەی لە ئەنجامی ئەوە بتوانین هیچ بەدەست بهێنین و بێ ئەوەی بیریش لەوە بکەینەوە ، کە ئەوە تاقە ڕێگە نیە بۆ گەیاندنی دەنگی خۆمان و داکۆکی‌کردن لەمافەکانمان . ئێمە ئەوەندەی بیرمان لەمجۆرە چالاکییە و سازکردنی ئاهەنگ‌کردۆتەوە ، ئەوەندە بیرمان لەوە نەکردۆتەوە بە جۆرێکی دی کەلتووری خۆمان و مەسەلەکەمان بەم کۆمەڵگایانە بناسێنین و کەلتووری ئەمانیش بەکوردە ئاوارەکان ئاشنابکەین . هۆی سەرەکی ئەوەش کاریگەریی هێزەکان و پرش و بڵاوی کوردەکان و نەبوونی ناوەندێکی کەلتوورییە بۆ ئەنجامدانی کاری هاوبەش .

یادگار : لەم بوارەدا دەمەوێ بڵێم ، بەر لەوەی بیر لەوە بکەینەوە چ ئەنجام بدەین ، بەخۆماندا بچینەوە و خۆمان بدۆزینەوە ، چونکە ئەوە تاقە ڕێگایە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو کارانەی دەبێ بە چۆنایەتی جیاواز بن . تەنیا چارەسەریش بۆ ئەم مەسەلەیە ، پێکەوە مشت و مڕکردن و پێکەوە کارکردنە .

نیس و کاری ئێمە نە لێرە و نە لەهیچ شوێنێکی دی بریتی نیە لە بەباکردنی کای کۆن و دژایەتیکردنی یەکتر ، بەهۆی خۆیی‌یەوە و لەسەر حیسابی کەلتوور و رۆشنبیریی کورد ، بەڵکو بریتی‌یە لەوەی پێکەوە و لەم کات و شوێنەدا ئەو رۆڵە ببینین کە(سەردەم) داوامان لێ‌دەکات . ئەویش جگە لەبەخۆداچوونەوە و خۆدۆزینەوە و گەرانەوە بەرەو خود ، خۆپێگەیاندن و خۆ دەوڵەمەندکردنی کەلتووری و رۆشنبیرییە ( بەواتا فەلسەفیەکەی نەك واتا بازرگانیەکەی ) ، خۆقاڵکردن و قوڵکردنەوەیە لە کەلتووری میللەتانی جیهان‌دا بە بەراوردکردنی ئەو کەلتوورانە لەگەڵ کەلتوورەکەی خۆماندا و ناساندنی کەلتووری خۆمان بە ئەو کۆمەڵگایانەی ئێرە و هی ئەوانیش بە خۆمان . شان بەشانی ئەمانە گەیاندنی هاوارو دەنگی ( حەق ) ی نەتەوەکەمان بەگوێی هەموو مرۆڤانی سەر ئەم ئەستێرە ژەهراوی و خوێناوی و بڕ لەنایەکسانیە و . . . هتد .

**کاروان** : من وای بۆ دەچم ، چەند خاڵێك هەن کەدەبێ بکرێن : یەکەم/ مەسەلەی مێژووە، میللەتی کورد هەتا ئێستا بەمێژووەکەی خۆی نامۆیە ، واتە مێژووەکەی بۆ نووسراوەتەوە ، نەك نووسیویەتیەوە . بۆیە پێویستە بەمێژووی میللەتەکەمان و بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەی‌دا بچینەوە ، بۆ ئەوەی بتوانین سەرجەمی ئەو پرۆسە مێژووییانە شی بکەینەوە کە میللەتی کورد و بزووتنەوەکەی پیادا رۆیشتوون ، بەپێی قۆناغە جیاوازەکان و ئاستە کۆمەڵایەتیەکان . دووەم/ گۆرانکاری‌یە لە شێوەی کارکردنی دوورەوڵاتی‌دا ، پێویستە بۆ ئەم مەبەستەش شێوەی کاری تازە بدۆزرێتەوە ، چ لەئاستی رۆشنبیری‌دا ، یاخود لەئاستی پراکتیکی‌دا ، بۆ زیاتر نزیکبوونەوەی رۆشنبیرانی کورد و گفتوگۆ و مشتومڕکردنیان و دروستکردنی چەمکی نوێ ، هەتا لەو رێگایەوە بتوانین کاریگەریمان لەسەر ناوەوە هەبێ و لەرێگەی ئەو نێوەندانەوە بەگوێرەی ئەو چەمکە تازانە ، مەسەلەی کورد لەکۆمەڵگا ئەوروپیەکاندا دەربڕینەوە .

**کاکە رەش** : دەمەوێ لێرەدا پەنجە بۆ چەند خاڵێك رابکێشم و لەدووتوێشیانەوە پرسیارێك بوورووژێنم : پەیوەندی کەسی کورد لەگەڵ ئەم شوێن و کاتەی تیایدا دەژی لە چ ئاستێکدایە ؟ من وای دەبینم ، پەیوەندی باو ،لە دوو ئاست دا خۆی دەبینێتەوە یەکەمیان پەیوەندی ئاکە بە رابوردووی‌یەوە . ئالێرەدا پارچە شیعرێکی مەحمود دەرویش م دێنەوە یاد کە دەڵێت : " **کاتێك کەزەمەن لەگەڵ یادگارییەکاندا سەرجێ ( مضاجعة ) دەکات ، بەنابەر لەدایك دەبێت** " . ئەمە مامەڵەکردنێکی رۆحی‌یانەی خودە لەگەڵ مێژوودا لەڤوولایی نامۆبوونی زەمەنی‌دا . دووەم / پەیوەندی ئاکە بە ئێستاوە ، کە دەتوانم لە شیعرێکی مەحمەد ماغوت دا بەرجەستەی بکەم ، کاتێك دەڵێ " هیچ شتێ بەم خاکەوە نام بەستێت ، تەنیا پێڵاوەکانم نەبێت " .

من لەو بڕوایەدام تاكو كورد لەئاوارەییدا لەململانێیەكی تەنگوچەڵەماوی نێوان ڕۆح و عەقڵدا دەژی . من نالێم ڕۆشنبیری كورد هەر خەریكی سەرجێكردنە لەگەڵ یادگاری زەمەنی ئاوارەییدا یاخود قۆنەرەكەشی داناكەنێت ، لەترسی ئەوەی نەك شێوەیەك لـــە شێوەكانی پەیوەندی لەگەڵ ئەم شوێنەدا دروست بكات . بەڵكو دەڵێم ، پابەندییەكەی بە حوكمی ئەو چركەساتە مێژووییەی تیایدا دەژی ، بەپێویست مامەڵەكردنێكی عەقڵانیانە لەگەڵ ڕابوردووی خۆیدا دەخاتەوە . ئەو واقیعەی بابەتیەی تیادەژی ، وەكو مەسەلەی بوون ، ئێرەیە ، بەلام وەك مامەڵەكردن لەگەڵیدا خۆی لەئاستێكیدیدا دەبینێتەوە .

بۆ وەلامی پرسیاری چیمان پێدەكرێ ، بەبڕوای من ئەو كارە خوێندنەوەیەكـــــی ڕەخنەگرانەی مێژووی خۆمانە ، لەرێگەی ئەویشەوە دەستنیشانكردنی هۆكار و كارمەندەكان بۆ ئەو شتانەی ئێمەیان گەیاندۆتە ئەم چركەساتە مێژووییەی تیایدا دەژین ، لەوێشەوە تا چ ڕادەیەك دەتوانرێ هەلهێنجانێك بۆ ئەو واقیعەی ئەمڕۆ لەكوردستان دا خــــۆی دەبینێتەوە . هەروەها من وای دەبینم ، كە كاریگەرییەكەی دەرەوە بۆ ناوەوە زیاتـــــر لەسەر ئاستی بیر دەبێت و ئەوەی لەسەر ئاستە ماددییەكان خۆی دەبینێتەوە ، سنووردار و دیاریكراوە و ناكرێ لەسەر ئاستێكی فراوان كاری بۆ بكرێ ، تاكو نێوەندێك یاخــود ناوكۆیەك نەبێ . مەبەستم ئەوەیە چۆن بتوانرێ لەنێوان ڕۆشنبیرانی كوردی ئاوارەیــی دا مشت و مڕێكی زانستی ڕێك بخــرێ كە لەئەنجامیدا لێكۆڵینەوەیەكی نوێی بەكردەوە ، شیكردنەوەیەكی نوێ و توێژینەوەیەكی تازە بۆ بزووتنەوەكە بدۆزرێتەوە . وەكو خودیــش لەم ڕۆژگارەی تیایدا دەژین ، دەبێ فەرامۆشی پەیوەندییە جیهانیەكانیش لەگەڵ كورددا نەكەین ، بەڵكو پەیوەندییە دیالەكتیكیەكەی نێوانیان دەستنیشان بكرێت .

## تێبینی یەك

* ئەم دیدارە لەمانگی تەمووزی ئەمساڵدا ، لە ئەڵمانیا و لەگەڵ چەند كوردێكـــی ڕۆشنبیری كوردستانی خواروودا ڕێكخراوە . ئەوەی شایانی باسە بەشداربووەكانی ئـــەم دیدارە تەنیا لەسەر ئەو تەوەرانە قسەیان كردووە كە لەلایەن ( هەڵكەوت عەبدوڵا ) ەوە دەست نیشانكراون و هەوڵیان نەداوە بكەونە گفتوگۆ و وەلامدانەوەی ئەوانیتر، بەكورتییەوە.

ئازاد حەمە

# خوێندنەوەی تێکست

ووناری رەخنەیی لەم سالانەی دواییدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە ، ئەویش بەپێی ئەو ئاراستانەی کە ڕێڕەوی رەخنەیی لە ئەورووپا وەریان گرتووە و توانیویانە ئاسۆی نووسین و خوێندنەوە فراوانتر بکەن .. ئاشکرایە کە زۆربەی ئەو ڕێڕەوانەی لە بواری ئاراستەی خوێندنەوەی تازەدا زاڵن ، بریتین لە ستروکتورالیزم و ئەودیوی ستروکتورالیزمی ، کە هەر یەکێکیان توێکاری (التشریحیة) و هەڵوەشاندنەوەیی (التفکیکیة) دەگرێتەخۆی ، هەر یەکەش لەم ئاراستانە بایەخ و ڕێڕەوی تایبەتی خۆی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تێکست و خوێندنەوە هەیە . هەرچەندە دەزانین کە ئاراستە جیاوازەکانی رەخنەی خوێندنەوە پێش ستروکتورالیزم و ئەودیوی ستروکتورالیزمی بریتیبوون لەئاراستەی تەقلیدی لەبواری خوێندنەوەی وەکو ستروکتورالیزمی ، یاخود مێژوویی ، یان سایکۆلۆژی و ...هتد دا ، کە نەیانتوانیوە هەموو لایەنێکی تێکست روون بکەنەوە ، بەلام لەسەر دەستی ستروکتورالیزمەکان و ئەوانەی ئەودیوی ستروکتورالیزمی ئاسۆی خوێندنەوەی تێکست فراوانتربوە و جیهانی مانا لەتێکستێکی دیاریکراودا بە فراوانتر دەبینرێت ، سەرباری ئەوەی کە ستروکتورالیزمەکان لەقۆناغی یەکەمیاندا بایەخێکی سەرەکی دەدەنە تێکست و سولتەی تێکستیان لا زاڵە بەسەر سولتەی خوێنەردا . واتە تێکست خوێندنەوە دیاری دەکات ، کەچی لەلای ئەودیوی ستروکتورالیزمەکان هەولی کوشتنی نووسەر دەدرێ و بایەخێکی سەرەکی دەدرێتە خوێنەر لە دیاریکردن وهەڵبژاردنی چاکترین تێکست دا بەڕێگای خوێندنەوە .

(جاك دریدا) لەلێدوانێکدا ئەوە روون دەکاتەوە کە "تێکست دەبێت لەمیانەی خۆیدا بکرێتەوە و بخوێنرێتەوە ، بۆ ئەوەی ستروکتورە بێهاوتاکەی هەمیەتی دیاریبکرێت و

بدۆزرێتەوە "(١). لێرەدا درێدا بە تەواوەتی دژی لێکدانەوەی سترۆکتۆرالیزمەکان دەوەستێ سەبارەت بە سترۆکتۆری یەکگرتووی ناوەوەی تێکست. هەروەها درێدا بەهیچ جۆرە خوێندنەوەیەك ڕازی نیە و تەنانەت وایلێدێت کە ڕەخنە لەهەمووجۆرە خوێندنەوەیەك بگرێت و گومانی لێبکات، تاوەکو ئەو رادەیەی کە دەڵێت ئەم خوێندنەوەیەی "من" یش شایانی خوێندنەوەی ترە.

لێرەدا بۆ زێتر روونکردنەوەی سیمیۆلۆژیای خوێندنەوە و تێکست بەجووتە، بەچاکی دەزانین ناونیشانی ئەم سەرووتارە شیتەڵبکەینەوە بۆ: ئاراستە جیاوازەکانی خوێندنەوە، ڕێڕەوبەتی خوێندنەوە، بوونیەتی ـ کینونة ـ تێکست.

## ئاستە جیاوازەکانی خوێندنەوە ( المستويات المختلفة للقراءة )

ئاشکرایە چەمکی خوێندنەوە لەووتاری ڕەخنەی ئەدەبیدا بایەخ و کێشی ( وزن ) تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە پێویستە جیاوازی لەنێوان خوێندنەوە و خوێنەردا بکرێت و ئەمجار جیاوازی لەنێو چەند جۆرە خوێندنەوەیەکدا بکرێت بۆ تێکستێکی دیاریکراو، لەبەر ئەوەی خوێندنەوە چالاکیەکی (نشاط) زهنی و زمانەوانیە تێیدا خوێنەر هەندێ ئاکام لە شتی خوێنراو بەدەست دێنێت. کەواتە توانای ڕێڕەوی و ئەبستمیەتی خوێنەر ڕۆڵێکی زۆر دەبینێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تێکستی خوێنراودا. بەم پێیە دەبێ دان بنرێت بەو شێوازە ـ جۆرە ـ کاریبەی کە " خوێندنەوە " وەریگرتووە " چونکە هەر ئەو شێوازەکاریەش نەك هەر لەخوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی‌تر جیاوازە، بەڵکو لەلای هەمان خوێنەر بۆ هەمان تێکست دەگۆڕێتەوە. بۆ نموونە، ڕەنگە هەمان تێکست بەچەند خوێندنەوەیەکدا بڕوات لەلای هەمان خوێنەر، هەر جارەش و لەخوێندنەوەیەکەوە بۆ خوێندنەوەیەکی تر کۆمەڵێ شتی نوێ و جیاواز بەرچاوبکەوێت، کە ڕەنگە لەقۆناخی یەکەمی خوێندنەوەی‌هەمان تێکست دا هەستی پێ‌نەکرابێت.

لێرەدا دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستیەی کە بڵێین، خوێنەر بەندە بە کۆمەڵێ هۆکارەوە کە ڕۆڵی خۆیان دەبینن لەسەر کاری خوێندنەوە، وەکو باروودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و زەمەنی و دەروونی خوێنەر، سەرووی ئەوانیش تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و باری بایۆلۆژی و...هتد. هەرچەندە هەندێ جار جۆرە خوێندنەوەیەك بە ئاکام دادەنرێت سەبارەت بەتێکستێکی نووسراو، ئەویش لەبەرئەوەی کە خوێنەر بەوە دەچێت بەچاوێکی بێلایەنەوە نەڕوانێتە ئەو تێکستەی دەیگرێتە دەست، ئەمەیان زێتر لەبەر ئەوەیە کە هەموو تێکستێك بۆ مەبەست و پرسیارێکی دیاریکراو دەنووسرێت.

بەوجۆرە دەتوانرێت بووترێت، هەموو تێکستێك خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە و

ئەویش پێویستی بەئاستێکی ڕێڕەوی و ئەبستمی هەیە ، هەر ئەو ئاستەش ئەو جیاوازییە لەخوێندنەوە و تێگەیشتن‌دا دروست دەکات ، نەوەکو تەنیا لەخوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر ، بەڵکو لەلای هەمان خوێنەریش .

کەواتە پەیوەندی نێوان خوێنەر و تێکست ، پەیوەندییەکی بەتینە و وەك ڕۆلان بارت دەڵێ : "خوێنەر دەیەوێت لەتێکست دا " شەهوەت "ێك بدۆزێتەوە "(٢) . جا هەر ئەو پەیوەندییە " شەهوەت "یەشە پاڵ بەخوێنەرەوە دەنێت بۆ هەڵبژاردنی تێکست بۆ خوێندنەوە . واتە خوێنەر بەقسەی "بارت" بەدوای چێژدا دەگەڕێت لەخوێندنەوەدا و زێتریش ئەو تێکستانە هەڵدەبژێرێت کەتێیدا هەست بە وونبوونی خۆی دەکات .

بێگومان سیمیۆلۆژیای خوێندنەوە لەلای بارت توانیویەتی ڕۆڵێکی گەورە ببینێت لە دیاریکردنی جیهانی خوێندنەوە و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی نووسەر و ئاشکراکردنی مەدلولاتی تێکست دا . کەواتە پێویستە سوود لەو ئاڕاستە ڕەخنەییە خوێندنەوەییانەی وەربگرین کەهەن و بەکاریان بهێنین بۆ خوێندنەوەی ووتاری ئەدەبی. لەکاتێکدا کە ووتاری تێکستی ( الخطاب النصي ) توانیویەتی خۆی لەبەردەم کۆمەڵە خوێندنەوەیەکی ڕێڕەوی‌دا ببینێت و ڕێگا لەبەردەم زانستی لێکدانەوەیی‌دا ( علم التأويل ) فراوانتر بکات .

## ڕێڕەویەتی خوێندنەوە ( منهجية القراءة )

خوێندنەوەی داهێنانی ئەدەبێ شتێکی تازە نیە ، بەڵکو بەچەند قۆناغێکی جیاوازا تێپەڕیوە و دوایین قۆناغیش بریتی‌یە لەو گۆڕانکاریانەی لە بواری (حقل) ڕەخنەی ئەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی شی‌کردنەوە زمانەوانی و ئەبستمۆلۆژی و دەروونیەکانەوە لەبواری زانستە مرۆڤایەتیەکاندا ڕووی‌داوە . سەرتاپای ئەو گۆڕانکاریانەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خوێندنەوە ڕێڕەویەتێکی خۆی هەیە و ئەو ڕێڕەویەتەش بەندە بەئێستای ئەو قۆناغەی ووتاری ئەدەبی تێدایە . کەواتە دەبێ تێکستی ئەدەبی بخرێتە بەر ئەو ڕێڕەوانەی کە ووتاری ئەدەبی بەرپێوەدەبەن . بۆ نموونە ،ڕۆڵی ڕێڕەوی سترۆکتۆرالیزمی لەبواری ووتاری ئەدەبی‌دا تەنیا بریتی دەبێت لەکردنەوەی سترۆکتۆری تێکست ، بێ بایەخدان بەهۆکاری دەرەکی ، کە ڕۆڵێکی گەورە لەدەرەوەی تێکست دەبینن . واتە لێرەدا خوێندنەوە تەنیا خوێندنەوەیەکی تێکستی دەبێ بۆ تێگەیشتن لە ئەنساقی ناوەوەی تێکست ، کەچی دەبینین بەپێی ڕێڕەوی هەڵوەشاندنەوەیی ئەمجا شیکردنەوەی - ڕێڕەویەتی خوێندنەوە ڕێگایەکی تر دەگرێتەبەر بۆ کردنەوەی تێکست ، ئەویش ئەوەیە کە هەڵوەشاندنەوەییەکان (التفكيكيون ) دان بەچەند جۆرە خوێندنەوەیەکدا دەنێن بۆ تێکستێکی دیاریکراو . هەروەها ئەو ئەنساقە ناوەییەی سترۆکتۆرالیزمەکان باسی‌لێوەدەکەن ، کە هەموو تێکستێك سترۆکتۆری

تایبەتی زمانەوانی خۆی هەیە و ئەو سیستەمە ناوەوەییەش پێکەوە بەستراو و هاوتـــان ، دەبینین لەسەر دەستی هەڵوەشێنەرەوەییەکان دەکرێتەوە ، هەروەها دان‌دەنێن بەوەدا کە هەموو تێکستێك لەسەر بناغەیەکی بێ‌هاوتا و ناکۆك دروست دەبێ .

هەر لەبەر ئەوەیشە (جاك دریدا) ، کە بەسەرکردەی رێرەوی هەڵوەشاندنەوەیـــی دادەنرێت ، (٣) لە لێدوانێکی‌دا دان بەوەدا دەنێت کە هەموو تێکستێك ئاساییــە بخرێتە بەردەم کۆمەڵێك خوێندنەوە و شی‌کردنەوەوە ، تەنانەت ئەو هەڵوەشاندنەوەیـــەی " من " یش دەیکەم بـــۆ تێکستێك بەدوایین دانانرێت بۆ ئەو تێکستە . ئەویـــش لەبەر ئەوەی ئەو پەیوەندییە ناهاوتا و ناکۆکی‌یەی کە تێکست دەجولێنێ ، رێگا لەبـــەردەم ئەو جۆرەکارییە خوێندنەوەییەدا خۆش دەکات . بۆ روونکردنەوەی ئەو جۆرەکارییەی کە لــە خوێندنەوەدا دروست دەبێ ، دەتوانین باسی ئەو تێکستە فەلسەفیانە بکەین کە تـــا ئێستا هەر یەکە بەجۆرێك لێك دەدرێتەوە ، ئەو جیاوازیەش بەندە بەو بارودۆخـــە مێژوویی و ئایدیۆلۆژییەوە کە ئەو تێکستانەی بەرهەم‌هێناوە .

کەواتە دەتوانین بڵێین ، هەموو تێکستێکی ئەدەبی یاخود فەلسەفی یا ئابـــووری لە هەر سەردەمێکدا ، ئەبستمیەتێکی خوێندنەوە و لێکدانەوەی خۆی هەیە ، بەڵام دەبێ هەموو کاتێ رۆشنایی سوور لەسەر ئەو جۆرە خوێندنەوە میکانیکیانە دابنرێت کە تەگـــەرە دەخەنە بەر دەلالەتی تێکست و جیهانی مانا . .

جارێکی تر دەگەرێینەوە سەر خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەیی دریدا ، کە بریتی‌یـــە لە رزگارکردنی تێکست و ئەوجا رێگاخۆشکردن لەبەردەم خوێندنەوە و هەڵکۆڵین لەناوەوەی تێکست دا ، بۆ زانین و ئاگاداربوونەوە لەو لایەنانەی تێکست نەی ووتون وشاردونەتیەوە . بەم پێ‌یە لەگەڵ رێرەوی شیکردنەوەیی ، رێرەوێکی تر دێتەکایەوە بۆ زێتر تێگەیشتن لـــە تێکستی بەرهەمهێنراو ، ئەویش رێرەوی گومان‌کردنە ( الشكية ) . دریدا ئەم رێـــرەوە بەکاردێنێ بۆ گومان‌کردن لەهەندێ تێکستی ئەسڵی (أصلي) و هەوڵدان بۆ کردنـــەوەی ئەو تێکستانە و شکاندنی ئەو قوودسیەتەی هەندێ تێکستی کلاسیکی بە خۆیانەوە بینیوە . جا ئەوەی لێرەدا ئاشکرا بێت ئەوەیە کە لێکدانەوەی ئایدیۆلۆژی تێکەڵ بە رێـــرەوی " گومان‌کردن "(الشكية) دەبێ . دریدا لەپاشاندا گومان لەهەندێ تێکستی‌فەلسەفـی ئەورووپایی دەکات و بەوە تاوانباریان دەکات کە ئایدیۆلۆژی بوونە ، یاخود بوونە بـــە ئایدیۆلۆژیا .

لێرەدا (جەدەل)ی دریدا لەگەڵ رۆشنبیرانی ئەڵمانیا سەبارەت بە هەردوو تێکستی نیتشە و هایدگەر دەست پێ‌دەکات ، چونکە رۆشنبیرانی ئەڵمانیای خۆرئاوا بایەخ بـــە نیتشە و هایدگەر نادەن ، لەبەر ئەوەی ئەو تێکستانە توانیویانە رێگا لـــە بەردەم

سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیای نازیزمدا خۆش بکەن . . . بۆیە ئەمڕۆ ووتاری نیتشە و هایدگەر ئەو بایەخەی خۆیانیان نیە لای ڕۆشنبیرانی ئەڵمانیای خۆرئاوا ، وەك ئەوەی کە لەلای ڕۆشنبیرانی فەرەنسا هەیانە . لێرەدا دەتوانین بڵێین ، ڕێڕەوی هەڵوەشاندنەوەیی بەبەراورد لەگەڵ دەستکەوتی تیۆری ستروکتورالیزم توانیویەتی تێکستی ئەدەبی زۆرتر بێنێتە کایەوە بۆ تێگەیشتن لەهەموو دەوروبەشتێکی داهێنانی ئەدەبی.

سەرباری ڕێڕەوی هەڵوەشاندنەوەیی ، دەتوانین دەست نیشانی ئاراستەیەکی ڕەخنەیی‌تر بکەین بۆ خوێندنەوەی تێکست ، ئەویش بریتی‌یە لە ڕێڕەوی " هرمۆنتیك "(التأويل) ، کە ڕاستەوخۆ پشت بەو دراسانە سیمیۆلۆژییانە دەبەستێت کە زێتر لەسەر دەستی ( مایکل رڤاتیری ) کە " توانیویەتی بناغەی سیمیۆلۆژی بۆ خوێندنەوەی هیرمۆنتیکی شیعر دابنێت "(٤)، پەرەی سەندوە .

لەریزی ڕێڕەوە خوێندنەوەییەکاندا ، دەبێ بایەخی تایبەتی بدرێتە خوێندنەوەی هیرمۆنتیکی ، کە بەیەکێ لە ئاکامەکانی شۆڕشی سیمیۆلۆژی دادەنرێت . هەرچەندە ئێستا جۆرە خوێندنەوەیەکی تر سەری هەڵداوە ، ئەویش بریتی‌یە لە " ئیستاتیکەتی خوێندنەوە " ( جمالية القراءة ) بەسوود وەرگرتن لەهیرمۆنتیقیای فەلسەفی‌و سیمیۆلۆژیا ، کە لە ئەڵمانیای فیدرالی و لەزانکۆی ( کونستانس ) لەسەردەستی ( هانز ڕوبرت جاوس (Hans Robert Jauss ) سەری‌هەڵداوە (٥).

سەرباری ئەو ڕێڕەوانەی باسمان‌کردن ، ڕێڕەوێکی تری خوێندنەوە هەیە کە بەڕێڕەوی فینۆمۆلۆژی ( الظاهراتية ) دەناسرێت ، ئەویش بەسوود وەرگرتن لەنووسراوەکانی سارتەر و هۆسرل . کەوانە لێرەدا ڕێبازی ئەگزیستانسیالیزم بایەخی خۆی دەبێت لەگەڵ ئەم ڕێڕەوەدا ، بەتایبەتی کە تێکست لەسەردەستی فینۆمۆلۆژییەکان سەربەستی خۆی لە خوێندنەوەدا هەیە ، هەروەك ئەو سەربەستییەی ئەگزیستانسیالیزمەکان بەخودی دەدەن . دیالێکتیکیەتی ئەو سەربەستییەش ، دیالێکتیکیەتی سەربەستی نووسەر و خوێنەر دروست دەکات . هەرچەندە ئەمەیان بەئاشکرا لە بەرهەمە تیۆرییەکانی سارتەر دا ، وەکو " ئەدەب چی‌یە؟ " و " تیۆری شۆڕش " و " ڕەخنەی عەقڵی دیالێکتیکی " . بەڵام ڕووداوەکانی شەستەکانی ئەوروپا ، توانیان گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ بێننە سەر ئەو هۆکارانەی بیووبە هۆی دروست بوونی ڕێبازی ئەگزیستانسیالیزم ، کە دەبوو لەو ماوەیەدا ڕێڕەوی ستروکتورالیزمی بتوانێ ئاستێك بۆ تێکستی سارتەری ، کە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری لە ئەوروپا بەگشتی و فەرەنسا بەتایبەتی گرتبووەوە ، دانێت . تەنانەت لەو کاتەدا ئەو مشت و مڕەی لەنێو ستروکتورالیزمەکان و ئەگزیستانسیالیزمەکان دروست ببوو زێتر و بە ئاشکرایی لەسەر دەستی سارتەر و شتراوس هەستی پێدەکرێت ، بەتایبەت (شتراوس) ی

ئەنترۆپۆلۆژ لە پەرتووکی " بیری دڕندایەتی "(الفکر المتوحش ) دا ، توانیویەتی ئاستێك بۆ لێکدانەوەکانی سارتەر سەبارەت بە " مێژوو " دانێت .

## بوونیەتی تێکست ( کینونة النص )

چەمکی تێکست * بایەخێکی فەلسەفی و زمانەوانی و ڕەخنەیی هەیە . بۆیە دیراسەتکردنی تێکستی ئەمڕۆ گرنگی تایبەتی خۆی لە نێو زانستە مرۆڤایەتیەکاندا هەیە و یەکێك لە سیفەتەکانی تێکست ئەوەیە کە خاوەنی فرە دەلالیی خۆیەتی ، هەر ئەمەیشە تا ڕادەیەك کاری خوێندنەوەی قورسترکردووە . . .

بۆ زێتر ناسینەوەی چەمکی تێکست و ئاگاداربوونەوە لە سیستەمی ناوەوەی ئەم چەمکە ، دەگەڕێینەوە ئامێزی پەیوەندی نێوان خوێندنەوە و تێکست ، " یاخود خوێنەر و نووسەر " ، کە زێتر لەبواری تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخدا دەردەکەوێت. دوای ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا ئاوردانەوەیەکی زۆر دراوەتە خوێندنەوە ـ هەرچەندە ئەمەیان لەگەڵ ئەودیوی ستروکتورالیزمدا هاتەکایەوە ، دوای ئەوەی ستروکتورالیزم هیچ بایەخێکی بۆ نووسەر دانەنابوو لەوەی کە تێکست ستروکتورێکی زمانەوانی داخراو دوورە لە هەموو هۆکارێکی دەرەکییەوە ـ کەواتە هەردوو چەمکی خوێندنەوە و خوێنەر زێتر دەسەلاتی خۆیانیان لەدوای ئەو ڕێڕەوانە وەرگرتووە کە لەپاش ستروکتورالیزم سەریان هەلداوە و هەر ئەوانیش ڕێگایان لەبەردەم تێکستدا فراوانترکردووە بۆ تێگەیشتن. چونکە تێکست لێرەدا بایەخی خۆی لەناوەوە بەرەو دەرەوە وەردەگرێت و دەبێ ئەو خوێندنەوەیەی بۆی دەکرێت قوڵ و جیدی بێت بۆ تێگەیشتن لەهەموو هێما ( رمز ) و زناکەکانی ( علاقة ) لەتێکستی دیاریکراودا هەن .

لەگەڵ ئەوەیشدا ، تەنیا ناسینەوەی " زناك " و جیهانیمانا لەگەڵ دیاریکردنی ستروکتوری زمانەوانی هەموو تێکستێك بەس نیە بۆ ئاگاداربوون لە هەموو ئەو بارودۆخە جیاوازانەی تێکست بەرهەمدێنن . چونکە ڕا لەسەر ئەوەیە کە " ناتوانرێ دیراسەتێکی ڕێڕەوی بۆ تێکست بکرێت ، ئەگەر بێت و ئەو دیراسەتە سەبارەت بەهەموو بوارە زانستیەکانی تر : زمانەوانی ، ئەدەبی ، سایکۆلۆژی ، سۆسیۆلۆژی ، ئەنترۆپۆلۆژی ، مێژوو و . . .هتد نەبێت "(٦)

---

* کاتێ کە دەگەڕێینەوە سەر سەرچاوە لاتینیەکەی ووشەی تێکست لەزمانە ئەوروپیەکانا Texte , Text دەبینین کە دارێژراوە لە Textus ، واتە ڕیشاڵ ـ نسیج . ئەم پەراوێزەم لە پەراوێزی سەرووتاری ( ڕۆلان بارت )ەوە وەرگرتووە ، کە لە گۆڤاری " العرب و الفکر العلمي " دا ، ژمارە (٣) ، بلاوکراوەتەوە .

کەواتە هەموو تێکستێک بەپێی دیراسەتەکانی سیمیۆلۆژی کۆمەڵێ نیشانە(اشارة) و زناک (علاقة) ، کە شایانی کردنەوە و لێکدانەوەن ، لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت. بۆیە بەپێی زۆربوونی ڕێڕەوی ئەدەبی و کێشەی تیۆری نێو ئەو ڕێڕەوانە وایانکردووە کەتێکستی ئەدەبی بەو مانا تەقلیدییە نەبینرێت و تێکستیش لەناخیدا بنەمایەکی ئاڵۆز لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت . دەبێ خوێنەر سەبارەت بە تێکستێکی ئەوتۆ " **جۆرە پشکنینێکی تێدا بکات ، هەروەکو ئەوەی پزیشک سەبارەت بە نەخۆش دەیکات** "(٢).

هەرچەندە نووسینی ڕەخنەگرانەی وەکو ئەوانەی ( ڕۆلان بارت ) و ( ترڤیتان تۆدۆرۆڤ ) و ( جاك دریدا ) و ( لوسیان گۆڵدمان ) و...هتد دەربارەی پەیوەندی خوێنەر و تێکست ، بە چاکترین ئاکام دادەنرێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییە ، لەکاتێکدا ئەو گۆڕانکارییەی لەنووسینی سترۆکتۆرالیزمەکان بە دوو قۆناخدا تێپەڕبوە ، ئەویش بەوەی کە هەندێکیان لەسەرەتادا بایەخێکی زۆریان داوەتە تێکست و هیچ بایەخێکی ئەوتۆیان لەنووسینەکانیدا نەداوەتە خوێنەر. بەڵام زۆری پێنەچوو کە سترۆکتۆرالیزمە نوێیەکان دەستیانکرد بەوەی دان بەڕۆڵی خوێنەر و کاری خوێندنەوەدا بنێن . بۆیە ڕەخنەگر و سیمیۆلۆژی ئیتالی ( ئەمبرتۆ ئیکۆ ) دەڵێت : " **خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی تێکستێکی دیاریکراودا ، جارێکی تر ئەو تێکستە دادەڕێژێتەوە** " .

پیاچوونەوەش لەتوێی سترۆکتۆرالیزمەکاندا سەبارەت بەخوێندنەوەی تێکست شتێکی ئاسان نەبوو ، بەڵکو بەرئەنجامی ئەو ڕەخنانە بوو کە بەردەوام ئاراستەی ئەوان دەکرا ، سەبارەت بەبایەخدانیان بەنووسەر و دان نەنانیان بەخوێنەر و هۆکاری دەرەکیدا بۆ کارکردنە سەر تێکستی نووسراو . کەواتە ئەو ڕێڕەوە تازانەی سیمیۆلۆژیا و زمانەوانی و ئەودیوی سترۆکتۆرالیزمی توانیان ئەو لایەنە گومڕا و نادیارانە لەتێکستدا ڕوونکەنەوە ، کە کەمتر ئاشکران و کەمتر هەستیان پێدەکرێ . چونکە هەموو تێکستێک جۆرێك " جەدەل " لەمیانەی خوێندنەوە و لەنێو تێکست و خوێنەردا دروست دەکات ، ئەویش زۆرجار بەپێی ئەو شاراوانەی لەخوێندنەوەدا دەردەکەون . . جا دەبێت یەکێك لە سیفەتەکانی ئەو ئەو خوێندنەوەیە ئەوەبێت کە هەوڵبدرێت دەسەڵاتی نووسەر بەسەر تێکستەوە کەمبکرێتەوە و ئینجا هەوڵی ڕەواکردنی پەیوەندی نێوان تێکست و خوێنەر بدرێت ، بۆ زێتر تێگەیشتن لە بنەماکانی تێکست . . چونکە هەموو تێکستێك بریتییە لە پرسیارێك ، واتە هەموو تێکستێك پرسیاری تایبەتی خۆی هەیە و کاتێك خوێنەر تێکستێك دەگرێتە دەست ، بەدوای پرسیاری دیاریکراو لەو تێکستەدا دەگەرێت و ڕەنگیشە نەگاتە ئەو وەڵامەی مەبەستیەتی .

بێگومان پێش دیراسەتە سیمیۆلۆژی و فیلۆلۆژییەکانی ( فقه اللغة ) فەرەنسا ،

دیراسەتە زمانەوانیەکانی فۆرمالیستەکانی ڕووس بەپلەی یەکەم و بازنەی پراگ (ر. جاکۆبسۆن ، ب . تۆماشفسکی ، بۆکاریڤ ) بەپلەی دووەم ، بەبەردی بناغە دادەنرێن لەمەڕ تێکستەزانیدا ( علم النص ) ، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئەو دیراسەتانە توانیویانە شیفر (شفرة)ی تێکست و ئاستە جیاوازەکانی تێکست و سەرووی ئەوانەش ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکیەی لەنێو تێکست و تێکستێکی دیدا هەیە ، دیاری بکەن . ئەوەش بەئاشکرا لەدیراسەتە زمانەوانیەکانی زانای سۆڤیەتی ( میخائیل باختنین ) دا ، کە توانیویەتی ئەوە دیاری بکات " **لەپشتی هەموو تێکستێکەوە سیستەمێکی زمانەوانی هەیە و تێکستیش بریتی‌یە لە تێکستێکی مەنتوق (بێژراو )-(منطوق ) و بوونێکی تاك و تەنیای هەیە کە ناتوانرێت دووبارە بەرهەم بهێنرێتەوە** "(٨) هەستی پێدەکرێ .

بەلاّم دەبینین ( پۆل ریکۆر ) لەپێناسەی تێکست دا دەڵێت : " **تێکست ووشەیەکە دەدرێتە پاڵ هەموو ووتارێکی بەهۆی نووسینەوە جێگیرکراوە** "(٩) . هەرچەندە ریکۆر لێرەدا بەرەو زانینی پەیوەندی تێکست بە ئاخاوتن ( کلام ) ەوە دەڕوات ، ئەویش لەبەر ئەوەی : " **ئایا نووسین بوونی بەکردەوەی خۆی لە ئاخاوتن دا هەیە یاخود نە ؟ ..** "(١٠) . لێرەدا ریکۆر بۆ پشتگیریکردنی ڕای خۆی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تێکست و ئاخاوتن ، دەگەڕێتەوە سەر پێناسەی سۆسێر سەبارەت بە " ئاخاوتن " : " **کە داهێنانێکی ووتاری تاکی‌یە - سەبارەت بەکەسی قسەکەری تاکەوە ..** "(١١) .

سەبارەت بەو ڕایە چاکتر وایە لێرەدا ڕۆشنایی بخرێتە سەر خاڵی جیاوازیی نێوان تێکست و ناتێکست ... واتە دەبێت بزانرێت چ ئاخاوتنێك بە تێکست دادەنرێ و چی‌تر بەتێکست دانانرێ .. هەرچەندە ئێمە لەرێگای فۆرمالیستەکانی ڕووسەوە زانیمان کە تێکست هەموو شتێکی نووسراو و زاری ( شفوي ) دەگرێتەوە . کەواتە ئەوەی کە تێکست لەناتێکست (اللانص ) جیادەکاتەوە ، تەنیا بوونە زمانەوانیەکەیە . هەرچەندە ڕەخنەگر و سیمیۆلۆژیای بولگاری بەناوبانگ ( ترڤیتان تۆدۆرۆڤ )* وای دادەنێت کە " هەموو

* ترڤیتان تۆدۆرۆڤ لەساڵی ١٩٢٩ لە بولگاریا لەدایکبووە و هەڵگری ناسنامەی فەرەنسی‌یە ، ئێستاکە دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٢ وە کۆچی‌کردۆتە فەرەنسا ،توانیویەتی دکتۆراکەی لەبابەتی " ئەدەب و دەلالەت " بەسەرپەرشتی ( ڕۆلان بارت ) بنووسێت . . تۆدۆرۆڤ توانیویەتی لە پەرتووکە بەناوبانگەکانی : " سەرەتایەك بۆ ئەدەبی فانتازی "-٩٧٠ " سیمۆلۆلیزم و هرمۆنیك "-٩٧٣ ، " تیۆرەکانی هێما "-٩٧٧ ، " ڕەخنەی ڕەخنە "- ٩٨٦ ، بەپێی ڕێڕەوە ڕەخنەییەکانی ئەوروپا ، کە دوای ئەگزیستانسیالیزم سەریان‌هەڵداوە ، وەکو سترۆکتۆرالیزم و ئەودیوی سترۆکتۆرالیزمی ، بیاچووە بکات بە کۆمەڵێ تێکستی‌ئەسڵی‌و سترۆکتوری ناوەوەی ئەو تێکستانە دیاری‌بکات .

تێکستێك ، دوای ئەوەی گشت سنوورێکی خۆی ڕەت دەکات ، دەبێتە ووتار "(١٢).

سەرباری ئەوەش ، ئەو کودەتا ڕێڕەوییەی دیراسەتە زمانەوانی و سیمیۆلۆژییەکان لەم ساڵانەدا کردوویانە ، توانیویانە ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە کە ووتار چی‌یە و ئەو بارودۆخانە چین کە ووتار بەرهەمدێنن . لەکاتێکدا دەربارەی ووتار دەدوێین ، دەبێ لەتێکست جیای بکەینەوە ، چونکە لەکۆتاییدا ووتار بریتی‌یە لەتێکست کە دەبێ بکرێتەوە و ڕۆشنایی بخرێتە سەر ئەو پێکهاتووە ناوەوەییەی کە دەیجووڵێنێ . لێرەدا مەبەستمان لە پێکهاتووی ناوەوەی تێکست ئەو پەیوەندییەیە ، کە هەموو ووتارێکی تێکستی ( الخطاب النصی ) بەووتارێکی تێکستی ترەوە دەبەستێتەوە . لێرەوە بایەخ و گرنگێتی دیراسەتەکانی ( جبرار جیبات ) مان سەبارە بە تەناسیەت*( التناصیة ) بۆ دەردەکەوێ ، کە هەموو تێکستێك لە ئامێزی تێکستێکی تردا دەنووسرێت ، یاخود هەموو تێکستێك تێکستێکی تر لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت .

کەوانە دەتوانین بڵێین ، ئەو ڕێڕەوە تازانەی هەن ، توانیویانە کۆمەڵێ چەمك و زاراوە لەگەڵ خۆیاندا بێننە کایەوە ، کە نەوەکو تەنیا کاری نووسین بەڵکە کاری خوێندنەوەشیان ئاڵۆزکردووە . هەر بۆ نموونە ، " تێکستەزانی " (علم النص)توانیویەتی بە پێی چەمك و زاراوەی زمانەوانی و سیمیۆلۆژی ، کۆمەڵێك ڕاستی و نهێنی سەبارەت بەهەموو تێکستێك بێنێتەئاراوە و وامان لێبکات بەچاوێکی بێ‌لایەن و سادەوە نەڕوانینە هیچ جۆرە ووتارێکی تێکستی . هەرچەندە دیراسەتە سیمیۆلۆژیەکانی ( ئەمبرتۆ ئیکۆ) و

---

* زاراوەی تەناسیەت ( التناصیة ) بۆ یەکەمجار لە نێزەکانی ( جۆلیا کریستیڤا ) لەنێوان ساڵەکانی ١٩٦٠ - ١٩٦٧دا دەرکەوتوو و لەگۆڤاری " تیل - کیل " ( Tel - Quel ) و کریتیك ( Critique ) و هەروەها لە پەرتووکی سیمیۆتیك ( Semeiotike ) و تێکستی ڕۆمان و لەو پێشەکیەی بۆ پەرتووکی باختین ، دەربارەی دیستۆفسکی ، نووسیویەتی ، هاتووە . بەڵام ئەم زاراوەیە زێتر لەئیتالیا لەسەردەستی ( ئەمبرتۆ ئیکۆ ) و لەفەرەنسا لەسەردەستی ( جیرار جینات ) پەرەی سەندووە .

زۆربەی ئەو دیراسەتانەی ئەوە ڕوون‌دەکەنەوە کە هەموو تێکستێك ، تێکستێکی تر لەئامێز دەگرێت ، یاخود هەموو تێکستێك لەبەر ڕۆشنایی تێکستێکی دیدا دەنووسرێت . ئەم ڕایەش لەم ساڵانەی دواییدا لە ئەوروپا ، بەتایبەتی لە فەرەنسا ، زۆرتر تەشەنەی‌کردوە و بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ تێکست ، یاخود ئاشکراکردنی ئەو ئاخنراو( مقموع) و شاراوانە بەکاردەهێنرێ ، کە هەندێ تێکست بەخۆیانەوە هەڵی دەگرن و ڕەنگە پەناسانی هەستی پێ‌نەکرێت .

( جولیا کریستیڤان ) لەم بوارەدا توانیویانە ئاستێک بۆ شیکردنەوە سۆسیۆلۆژیەکانی ( جۆرج لۆکاش ) و ( لۆسیان گۆلدمان ) دابنێن ، کە تا ماوەیەکی زۆر ڕۆڵی خۆیان بان سەبارەت بەتێکستی ئەدەبی دەبینی . سەرووی ئەوەی کە ئەو ئاراستە ڕەخنەییە خوێندنەوەییانەی ئەمڕۆ زیتر زاڵن ، هەموو مەرجێکی ئایدیۆلۆژی و مێژوویی.. هتد بەتێبینی وەردەگرن بۆ تێکستێکی دیاریکراو .

جا بە بەراوورد لەگەڵ ئەو ڕێڕەوە ڕەخنەییانەی ئەمڕۆ سەبارەت بە پرۆژەی ڕۆشنبیری خۆرئاوایی هەن و زاڵن ، ڕێڕەوی ڕەخنەی کوردی تاوەکو ئێستا لەئاستێکی نزمدایە ،ئەوجا زۆربەی ئەو ڕێڕەوە ڕەخنەییە خوێندنەوەییانەی کە تائێستا هەن بەو قەبارەیە وەرناگیرێت و بەکارنایەنرێت بۆ خوێندنەوە و پیاچوونەوەی تێکستی ئەدەبیمان ، ئەویش لەبەر ئەوەی کاری ڕەخنەی لای ئێمە تاوەکو ئێستا لەپەراوێزی ڕۆشنبیریماندایە .

سەرەتای ۱۹۹۰

هەواڵنامەی کتێب

# پەراوێزەکان

۱- بڕوانە ئەو لێدوانەی لە گۆڤاری " الكرمل " ی ساڵی ۱۹۸۵دا ، ژمارە ۱۷ ، ل ۵۹ ، بلاوکراوەتەوە .
۲- بڕوانە ژمارە (۴۸-۴۹)ی گۆڤاری " الفكر العربي المعاصر " ، ساڵی ۱۹۸۸ ، لاپەڕە ۱۹ .
۳- بڕوانە هەمان سەرچاوەی ژمارە (۱) ، ل ۵۸ .
٤- بڕوانە هەمان سەرچاوەی ژمارە (۲) ل ۹۲ .
٥- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ۲۰ .
٦- بڕوانە گۆڤاری " العرب و الفكر العالمي " ، ژمارە ٥ ، ساڵی ۱۹۸۹ ، ل ٦۳ .
۷- بڕوانە گۆڤاری " فصول "ی قاهیری ، ژمارە ۳ ، ساڵی ۱۹۸٥ ، ل ٤٥ .
۸- بڕوانە گۆڤاری " الفكر العربي المعاصر " ، ژمارە ۳٦ ، ساڵی ۱۹۸٥ ، ل ٤۱ .
۹- بڕوانە گۆڤاری " العرب و الفكر العالمي " ، ژمارە ۳ ، ساڵی ۱۹۸۸ ، ل ۳۷ .
۱۰- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ۳۲ .
۱۱- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ۳۷ .
۱۲- بڕوانە گۆڤاری " الفكر العربي المعاصر " ، ژمارە (٥٤-٥٥) ، ساڵی ۹۸۲ ، ل ۱۸ .

گۆران

# بەلێ
# بۆ ئاخاوتنی دیموکراتی

لە ژمارە (١١)ی بەهاری ١٩٩٠ ی گۆڤاری "یەکگرتن" دا ، کاک کەمال میراودەلی "پڕۆژەیەکی"سەبارەت بە ئاخاوتنی دیموکراتی بلاوکردۆتەوە . بەهۆی گرنگی ی ئەم بابەتە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ، بەپێویستمان زانی چەند قسەیەك لەبارەی ئەم مەسەلەیە و بۆچوونەکانی کاک کەمالەوە بکەین.

وەك ئاشکرایە ئەمڕۆ شەپۆلی دیموکراتی لەجیهاندا زیاتر لەجاران باڵی خۆی بەسەر بیر و هۆشی مرۆڤایەتی‌دا دەکێشێ و وەك هێزێکی ماددی خۆی دەخزێنێتە نێو زوورە تاریك و چوارچێوە داخراوەکانەوە . ئەم شەپۆلەش کۆمەلگەی کوردستانیشی گرتۆتەوە و وەك پێداویستی‌یەکی بابەتی سەری هەڵداوە و وەك مەسەلەیەك هاتۆتە پێشەوە . بۆ ئەوەی ئێمەش لەم کاروانە مەزنەی مرۆڤایەتی دوانەکەوین ، دەبێ هەر لە سەرەتاوە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین و خۆمان بۆ ئەم کارە ڕابهێنین و پراوەی لەسەر بکەین . ئەمەش بەها و ئاکار و دیاردە ئاشکرا و ڕوونەکانی ئەم سەردەمەن .

دیارە کاک ( کەمال ) یش تەواو هەستی بەم شتە و بەو ڕاستی‌یە کردووە، بۆیە ( پڕۆژە ) یەکی لەم چەشنەی خستۆتەڕوو . ئەم کار و دەستپێشخەریەی ئەو و چەند برادەرێکی تر لێرە و لەوێ ، خۆی لە خۆیدا جێگای ڕێزلێ‌نان و لەو بڕوایەدا این بێ بەرهەم نابێ . لێرەدا دەبێ بگووترێ ، لەبەر گرنگی ئەم بابەتە و ساوایی ئێمە لەم بوارەدا ، هەر پڕۆژەیەکی لەم چەشنە چەند سادە دەبێ ، ئەوا دەبێ ئەوەندەیش لە ڕووی ناوەڕۆك و فیکری‌یەوە دەوڵەمەند بێ . هەروەها دەبێ لە هەموو خولیایەکی تووندڕەوانە و خۆویستی یاخود ڕەتکردنەوەی ڕابوردوو ، بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و ووردبینانە و بەبێ هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە و پڕ بەڵگەی لۆژیکی ، بەدووربێ. چوونکە

هەر ڕەتکردنەوەیەك بەبێ هەڵهێنجانەکان لەهەموو لایەنێکەوە ، واتەی ڕەتکردنەوەی ڕابوردوو بە باش و خراپییەوە دەگەیەنێ . ئەمەش لەگەڵ چەمکی مێژوویی و پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگە یەك ناگرێتەوە . بۆیە ، بەر لەوەی بێمە سەر هۆکارە خۆییەکە و چۆنیەتی ئیش کردن و خۆ گونجاندن ، بەباشمانزانی لە بنچینە فیکرییەکەیەوە بۆ ئەم مەسەلەیە بچین وچەند سەرنجێکی خۆمان لەم بارەیەوە تۆمار بکەین .

دیارە کاك کەمال پێویستی ئەم ( کۆمەڵە و گرووپە ) دیموکراتیانە بەوە لێك دەداتەوە : یەکەم / پێی وایە ( ئەمڕۆ سەردەمێکە کە شێوە ڕێکخستنە کلاسیکیەکان وەك حیزب و ڕێکخراوی تر ، ناتوانن کاریگەر بن و ئایدیۆلۆژیا بە کۆمەڵییەکانیش کەپاکانەی نوێنەرایەتی ئەو ڕێکخراوانە بۆ گەلێك ـ کۆمەڵێك ـ چینێك دەکەن هەلومەرجی بابەتیان لەدەست داوە و باویان نەماوە ـ یەکگرتن ل ١٤٢ ) . دووەم/ ئەمەش دەبەستێتەوە بە شۆڕشی تەکنۆلۆجییەوە ـ کە بۆتە هۆی بەدەستهێنانی هوشیاری تاکەکەسی تەواو نیمچە گەردوونی ـ یەکگرتن ل ١٤٢ .

لەڕاستیدا ، نکۆڵی لەوە ناکرێ کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێی ناوەتە قۆناغێکی مێژوویی تازەی پەرەسەندنەوە ، ئەویش قۆناغی شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆژییە ، واتە قۆناغی شارستانی پیشەسازی . ئەمەش بۆتە هۆی گۆڕانی بنەما و بناغە ماددییەکانی کۆمەڵگە و مردنی چەندین تیۆر و ئایدیۆلۆژیای لەگەڵ خۆی هێناوە . لەهەمان کاتدا بۆتە هۆی دۆزینەوە و هاتنەکایەوەی چەندین تیۆر و ئایدیۆلۆژیای گەردوونی تازە سەبارەت بەئێستا و ئایندەی مرۆڤایەتی و سروشت . ئەمەش پەیوەندیەکی دیالێکتیکانەی بە بناغەی ماددی و ڕوحیەکەی کۆمەڵگە و میکانیزمی هێزە بزوێنەرەکانی پرۆسەی پەرەسەندنی مرۆڤایەتییەوە هەیە . بەهۆی ئەوەی مێژووی مرۆڤایەتی زنجیرەیەکی دوور و درێژی پێکەوە بەستراوە ، بۆیە پێم وا نیە ئەو کۆمەڵگەیەی شارستانیەکەی هەزاران ساڵە لەپرۆسەیەکی دوور و درێژی مێژوویی دا دروست بووە ، ئەوەندە بە ئاسانی لەت بکرێ و لەماوەی چەند ساڵێکدا ببێتە دوو قۆناغ یان چەند قۆناغێکی تەواو لەیەکتر جیاواز. نابێ هەندێ هەژان و بومەلەرزە وامان لێبکەن تووشی هەندێ هەڵهێنجانی ڕووکەشانە یا بڕیاری پێش وەختانە ببین ، چوونکە ئەگەر هاتوو مەزندەمان بۆ ئەوە چوو کە دەبێ تەواوی دام و دەزگا کۆنەکان بەتەواوی هەڵبتەکێندرێن ، ئەوا دەبێ ئەوەش بزانین کە ئاییندە بەهەمان شێوە توندوتیژییەکەی خۆی ئەم دام و دەزگایانەی ئێستا هەڵدەتەکێنێ . خۆ ئەگەر تایبەتیەکانی ئێرە و ئەوێی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیشمان وەرگرت ، وەکو دیارە جیاوازییەکی زۆر لەئاستی پەرەسەندنیاندا هەیە و وڵاتان هەن هێشتا لەسەدەکانی نێوەڕاست دا دەژین . ئەمە بە ئاسانی دارماڵی ناکرێ و جیاوازی و خاسیەتە

تایبەتیەکانی هەر کۆمەڵگەیەکیش ناتوانرێ بێ زەمینەیەکی ماددی و ڕۆحی لەبۆنەی جیهانەکەدا بتوێندرێتەوە . مرۆڤایەتی نەك هەر ئەم قۆناغەی نەبڕیوە ، بەڵکو هێشتا لەسەرەتاکەیدایە . بەهەمان شێوەش بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی . پێویستە پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان لە بناغە ماددیەکانەوە بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە . چوونکە کۆمەڵگە لەسەر بۆشایی دروست نابێ .

ئەگەر باری کوردستان لەم ڕووەوە وەربگرین ، ئاشکرایە نەك هەر شۆڕشی تەکنۆلـۆژی ، بەڵکو کارلێکردنەکانیشی هێشتا تەواو نە گەیشتۆتە کوردستان و هێشتا چەندین شێوەی بەرهەمهێنان لەکوردستان‌دا هەیە . جا ئەمە لەکوێ و ( مکنة و اتمتة ) هەمە لایەنەکەی ولاتە پیشەسازییەکان لەکوێ ! ئەگەر سەیری لایەنە ڕۆحیەکەی کۆمەڵگەی کوردستانیش بکەین ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هێشتا نەتەوەی کورد لەگەرمەی پرۆسەی پێکهێناندایە ـ هەرچەندە ئەم پرۆسەیە لەم سەردەمەدا زۆر لەجاران خێراتر بەرەوپێشەوە و بەرەو کامڵ‌بوون دەچێ . بۆیە بەبڕوای من بەکسەر گواستنەوەی ئەو واقیعەی ئەورووپا بۆ کوردستان ، وانەی هەڵاتن بۆ پێشەوە دەگەیەنێ .

من ناتوانم لەگەڵ کاك ( کمال )دا لەسەر ئەوە ڕێکبکەوم کە ( پارتەکان و ئایدیۆلۆژییە کۆمەڵیەکان لەم سەردەمەدا هەلومەرجە بابەتیەکەی لەدەست داوە و باوییان نەماوە . . . ) ، چونکە ئەم مەسەلەیە نەك لەکوردستان ، بەڵکو لەولاتە هەرە پەرەسەندووەکانیش نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە کاك کمال باسی دەکات . لێرەدا بۆ نموونە فەرەنسا دەهێنمەوە کە ئەمساڵ ( ٢٠٠ )ساڵ بەسەر شۆڕشە دیموکراتیە بۆرژوازییەکەیدا تێ‌بەڕێ ، کەچی تا ئێستا بنچینەی سیستەمەکەی ئەوێ لەسەر بناغەی حیزبایەتی دامەزراوە . لەساڵی ١٩٨٨دا ٦٦٪ ی خەڵکی فەرەنسا بەشداری‌هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانیان کرد ـ واتە هێشتا لەنیوەی زیاتری کۆمەڵگەکە ـ بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی ئەندامەکانی پارتە ڕاستڕەو و چەپڕەوەکان و بگرە کۆمۆنیستەکانیش بەرەو کەمبوونەوە دەچن‌و ، ئەوەی لەهەڵسان و پەرەسەندن‌دایە ( بەرەی نەوەیی‌یە ) ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی حیزبەکان لەبەر کەمی ئەندامان و لاوازی و بێ‌هێزی خۆیان ئاشبەتاڵی لێ‌بکەن ، بەڵکو دەیانەوێ سەرلەنوێ خۆیان دابمەزرێننەوە و لەگەڵ ئەم واقیعەدا کەوتوونەتە کێشمەکێ گەرمەوە . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێشتا بناغە فیکرییەکانی خۆیان لەدەست نەداوە . . . . بۆیە دەپرسم : ئەگەر بۆ ولاتێکی وەکو فەرەنسا وابێ . . دەبێ بۆ کوردستان چۆن بێ ! ! ؟ ؟

لەوانەیە یەکێك لەو هۆیانەی کاك کمال ی هاندابێ بگاتە ئەو هەڵێنجانە ، ئەو خەڵکە ( کوردە ) زۆرەی دەرەوە بێ کە لەبەر هۆی جیاواز وازیان لەحیزبەکانی لای

خۆمان هێناوە ... ئەمە ڕاستییەکە و ئێمەش هەڵوەستەیەکی لەئاستدا دەکەین. بەهۆی هەڵە و کەموکورتی و سیاسەتی چەوت و سەردەرنەچوون لە ناتەباییە سەرەکییەکان و زۆرە ناتەباییەکان و قوربانیدانی زۆری بێدەستکەوت و فیکری شێواو و پراکتیکی چەوت وشەڕی براکوژی و... دەیان و سەدان هۆی تر ، خەڵکێکی زۆر بەتاك و بەکۆمەڵ حیزبەکانیان بەجێهێشتووە . لەگەڵ ئەوانەشدا وەکو دەبینین حیزبەکان ماون و کاری سیاسیخۆیان دەکەن . بەکورتی ، نە ئەو واقیعەی خۆمان و نە ئەو بەراوردکردنەی کۆمەڵگەیکوردستان لەگەڵ ئەوروپای خۆرئاوا هی ئەوە نیە بگەینە ئەو هەڵێنجانەی کاك کەمال دەستی لەسەر داناوە . لەگەڵ ئەوانەیشدا ، من پێم ڕاست نیە شتەکان بەم شێوەیە تێکەڵاوی یەکتر بکرێن ... بۆیە من وای بۆ دەچم کە کاك کەمال لە واقیعەکە دوورکەوتۆتەوە . ئەم دوورکەوتنەوەیەش - بەبڕوای من - ڕاستەوخۆ زیان بەو شتە دەگەیەنێ کە کاك کەمال مەبەستیەتی . چونکە کاتێ دەگووترێ حیزبەکان باویان نەماوە ، ئەمە وا لێکدەدرێتەوە کە جێگری ئەوانە دروست ببێ . هەرچەندە من لەگەڵ دروستکردنی هیچ شتێکی دەستکرد نیم ، بەڵکو ئەم شتە دەبێ بەسروشتی لەدایك ببێ . بۆ ئەمڕۆش ، ئەگەر کۆمەڵگەی کوردستان شتێکی وای لەهەناودایە ، ئەوا پێویستە هەوڵی ئەوە بدرێ بەساغ و سلامەتی و ڕێك و پێکی لەدایك ببێ . لێرەدا هەوڵدان بۆ ڕەخساندنی زەمینەیەکی فیکریبەهێز و ئامرازێکی هوشیار و کاریگەر بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە(ئەم لەدایکبوونە) کارێکی پڕ بەها و پیرۆزە و ئەرکێکی مێژووییە .. بەڵام کارەساتەکە لەوەوە سەرهەڵدەدات کە هێشتا لەدایك نەبووە تا تاجی پادشایی بکرێتە سەری !

من ئەو مەسەلەیە چۆن دەبینم : هەر وەکو دیارە و نکۆڵی لێناکرێ ، ژمارەی ئەندامەکانی گشت حیزبەکان بەبەراورد لەگەڵ ئەو خەڵکە زۆرەی لەدەرەوەیە یەکجار کەمە . سەرباری ئەوەش ، ئەندامەکانیان بەرەو خەوکی و خاوبوونەوە و بێموبالاتی دەچن (خوابکا ئەم قسەیەمان هاندەرێك بێ بۆ چالاکی و ئیشکردنیان )و لەئەنجامی ئەو شتانەی لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کردن ، خەڵکەکە بڕوای کەم بۆتەوە بەم حیزبانە و جارێکی تر بەئاسانی ناچنەوە بن باڵیان . بۆیە وەك ئەرکێکی نیشتمانی پیرۆز و دەرککردن بەو سەرمایە مەزن و گەورەیەی کورد لەدەرەوەی وڵات ، کە تووشی لەبیرچوون و بێموبالاتیو زۆر بەرێکردن و دابڕان و پچڕانی ڕۆحی لەکۆمەڵگەی خۆیان نەبن ، مەسەلەیگۆیزانەوە لە خودەوە بۆ خودی بەکۆمەڵ ( من الذات الى الذات الجماعي ) پێوەری بوون و ژیانی ئایندەی ئێمەیە . بۆیە پێم وایە ئەم بانگەوازە دەنگێکی نامۆ نیە و لەئایندەشدا جێگای خۆی وەك هێزێکی ماددی لە گۆڕەپانەکەدا دەکاتەوە ... لەوەو پێشیش ئەوەم گووت کە من لەگەڵ ڕەتکردنەوەی تەواوی ڕابوردوودا نیم ، بۆیە ئەو قسەیە دوویات

دەکەمەوە کە حیزبەکان هێشتا هەلومەرجی بابەتیانەی خۆیان لەدەست نەداوە . لەبەرئەوە من پێم ڕاست نیە ئەم هەنگاوە لەسەر حسیبی ڕەتکردنەوەی حیزبەکان بێ . ( ئــــەم مەسەلەیە بۆ دوا ڕۆژ بەجێ بهێڵین ، بزانین ئەو کاتە چۆن حوکمی دەدات ) .

من وای بۆ دەچم ـ ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم ـ کاک کەمال ئایدیۆلۆژیا و چیــن و ... شتی لەو بابەتە وەك چەمکێکی مێژوویی و گوتەیەکی فەلسەفی لەسەردەمی ئەمڕۆماندا ڕەت دەکاتەوە . من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم ، بەلاّم بۆ مەسەلەی پارتێك یا ڕێکخراوێك یان پێکهێنانی کۆمەڵ و گروپی جیاجیا ، مەرج نیە تەنیا بناغەی چینایەتی ڕەچاوبکرێ ، چونکە چەندین حیزب هەن کە لەسەر بنچینەی ئامانجە سیاسی‌یەکان دروست بوون ،بـۆ نموونــە ئەمڕۆ چەندین پارتی بۆ پاراستنی سروشت بەنێوی جۆراوجۆرەوە دروست بوون . بۆیە پێکهێنانی گروپ و کۆمەڵەی دیموکراتی و ئامانجدار مەسەلەیەك نیە تۆز و گــەردی لەسەر بێ یا شتێکی بەدمەر لە لۆژیکی ژیان بێ یاخود دیاردەیەکی ناسروشتی بێ لــە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا . بەلاّم ئەم شتە لەکۆمەڵگەی کوردستاندا جیاوازییەکی زۆری هەیــە لەگەڵ ئەوەی وڵاتانی ئەوروپادا ، چوونکە نائەباییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان لــەوانەی وڵاتێکی وەکو سوێددا جیاوازە . لێرەشدا ڕاستە نائەبایی سەرەکی جیهانی هاوبــەش هەن ، بەلاّم ئەوان وڵاتیان داگیر نەکراوە . کەواتە ئەو ڕێکخراوە دیموکراتیانە یان ئەو گروپ و کۆمەڵە دیموکراتیانەی ئێمەش دەمانەوێ وەکو ئەوانەی ئەوروپا نابێ .

ئەمڕۆ گەلی کوردستان لەحاڵەتێکی شۆڕشگێڕیدا دەژی ، ئەرکی سەرەکی هەر کەس و گروپ و کۆمەڵ و ڕێکخراوێك هەر ئەوە نیە پشتگیری ئەم حاڵەتە شۆڕشگێڕی‌یە بکات ، بەڵکو دەبێ خۆی بخزێنێتە نێو جەرگەیەوە . ئەمەش مەرج نیە لەیەك (قەناعەتەوە) بێ ... بۆیە حەزدەکەم پرسیارێك لەکاك کەمال بکەم ، کاتێ دەبێژی حیزبەکان باویان نەماوەو ئەم کارە دیموکراتیەش پێویستی بەڕێکخراو نیە ! ، دەبێ ئێمە کۆمەڵگەیەکی ئەوەنــــدە تایبەتی بین کە نە لەکەس بچین و نەکەسیش لەئێمە بچێ ؟ ئەوە وا دێتە بەرچاوم کــە هەمووومان وەکو دەروێشی یەك تەریقەت وابین و لەهۆڵێکدا زیکر و یاهۆ یاهۆ بکەین . ئەمەش بێ‌شێلکردنی یاسا بابەتیەکانی کۆمەڵگە دەگەیەنی .بەبڕوای من بیرکردنەوەی بــەو جۆرە لە ئەندێشەیەکی ئەبستراکت زیاتر هیچی تر ناگەیەنێ . کەواتە با بەڕاشکاوی لەگەڵ خۆمان و یەکتر بدوێین و سەر لەیەکدی نەشێوێنین ـ بەبڕوای من ، ئەگەر لەسەرەتــادا هەر یەکێك شۆڕش لەخودی خۆی و دەروونی خۆیدا بکات ، ئەوا لەهەڵس و کــەوت و قسەکردندا پێویستیمان بەو هەموو پێچ و پەنایە و نیمچە دەربڕینە نابێ ...

وەك دەردەکەوێ ، ئەمڕۆ هێزێکی گەورە و بەرش و بلاّوی کورد لەدەرەوەیە ، وزەیەکی گەورەیە کە وەك پێویست نەخراوەتە گەڕ . ئەرکی گەورە و کاری سەختمان لەبەردەمدایە ،

تەنیا یەك ڕێگەیشمان لەپێشە ، ئەویش ئەوەیە دەبێ یەك بگرین . یا قۆناغی لاواندنەوە بەس بێ . سالێك دەبێ منیش لە فەراغی ئەوروپا سەیری ئەملا و ئەولا دەکەم، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆیش گوێم لە قسەی چەندین کوردی دەرەوە بووە کە هەمە جۆرن . . . هەیە ئامادەی ئیشکردنە ، بەلام ئامادە نیە بچێتە بن باڵی ئەو حیزبانەوە . . . باشە مەچۆ ، بەلام چیت پێ‌باشە : شتی تازە ، شێوەی تازەی ئیشکردن یان ؟ هەشن لەشوێنی خۆیان ئەوەی لەدەستیان بێ دریغی ناکەن ـ ئەم هەستە جێی دلخۆشیە ، بەلام جێی داخە خەلکێکی تر هەن خۆزیاندنیان کردۆتە دروشم ، یاخود دروشمێکیان بەرزکردۆتەوە کە دەڵێ :" مادام هیچمان پێ‌نەکراوە و ناکرێ و هیچمان پێ‌ناگۆرێ ، واز لەهەموو شتێك دەهێنین " . بەبڕوای من ، ئەمەش جۆرە هەلاتنێکە ، ئەگەرچی ئەمانە ژمارەشیان کەم بێ ، بەلام جێی داخە ئەم وزەیە بەفیڕۆبچێ . تکام وایە ئەو کوردانە ئەم قسەیەم لە گۆشەی ئاخاوتنی دیموکراتیەوە لێ وەربگرن . چوونکە پێم وایە ئەم جۆرە کوردانە بەلگە بۆ کارنەکردن لەگەڵ ئەم گروپ و کۆمەلە دیموکراتیانەشدا دەهێننەوە ـ من نالێم ئەمانە زۆریان لەئەنجامی تاقیکردنەوەی تاڵیان لەگەڵ ئەم حیزبانە تووشی ئەم بارە نەهاتوون ( ماران گاز لەخشەی گوریسیش دەترسێ ) . هەشن لەبەر هەندێ هۆی تایبەت بەخۆیان بۆ هەموو شتێك بیانوو دەگرن و ( ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە )یان کردۆتە دروشم .

سەرباری ئەو شتانەی لەپێشەوە باسمکردن ، شتێك لەسەرووی هەموو شتەکانەوە ، لەسەرووی دەروەستی (التزام) حیزبی و ئایدیۆلۆژیەوە دەبینم ، ئەویش دەروەستی‌یە بە ئامانجەکانی کورد و خەباتکردنە لەپێناویاندا ، هەر ئەمەیش دەبێ کۆمان بکاتەوە و دەبێ هەر یەکەشمان لە ماهیەتی خۆیدا ئەوەی هەلگرتبێ . بۆیە دەلێم : کات بە فیڕۆدان و دوورکەوتنەوە ـ لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ـ تاوانێکی گەورەیە و نابێ تێکشکاندن و تاقیکردنەوە تاڵەکان چۆکمان پێ‌دابدەن ، بەلکو پێویستە فێرگەیەکی مەزنی وانەکانی تێکۆشان و ولاتپەروەریی و دەرس و پەند وەرگرتن بن . ئەوەی جێگای دلخۆشی‌یەو ئاسۆیەکی ڕووناکی تێدا بەدی دەکرێ ئەوەیە ، وا خەریکە ئەم هەوڵ و تەقەلایانە کە بەگەرمیەوە کاریان بۆ دەکرێ سەربگرێ و وەك هێزێکی ماددی بێتەکایەوە .

لێرەدا بەپێویستی دەزانم دوو قسەش لەگەڵ ڕۆشنبیرەکانی کورددا بکەم . لێرە و لەوێی ولاتانی ئەوروپا ، چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەردەچن . هەرچەندە هەوڵ و تەقەلاکان و تواناکان‌نەخراونەتە پاڵ یەکتری و یەکگرتنی نووسەرەکانمان ، بەلام هەر جێگەی دلخۆشیەکی زۆر مەزنە و ڕەچاوی ئایندەیەکی گەشاوە و ڕووناکی لێ‌دەکرێ . . ئەوەی جێگەی داخە ، ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە کەم دەفرۆشرێن و جاری وا هەیە لەبەر بێ

هەواڵنامەی کتێب

پارەیی دوا دەکەون یا دەرناچن ، ئەمەش پەیوەندی بەهەموو کوردێکەوە هەیە لە دەرەوەی ولاَت ـ دەبێ بزانێ بۆ ؟؟ لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ شت ڕاستەوخۆ بۆ نووسەرەکان دەگەڕێتەوە ، چوونکە جاری وا هەبووە لەجیاتی گفتوگۆی زانستیانە ، بازاڕی سەرە جوێنیان گەرم کردووە ، یاخود ئەگەر بابەتێك لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆیانـدا نەگونجابێ بلاَویان نەکردۆتەوە ، لەکاتێدا دەبایە ڕۆشنبیرە ( نووسەرەکانمان ) دەمێك بوایە ئەو ڕێچکەیەیان بشکاندبایە . لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیری نەتەوە هەر ئەو کەسانە نین کە خەڵکەکە هوشیاردەکەنەوە( ئەگەر خۆیان هوشیاربن ) ، بەڵکو ئەوانەن کە کۆمەڵگەش بە دوای خۆیاندا دەهێنن . بەلاَم جێی داخە ، هێشتا ڕۆشنبیرەکانمان لەم بارە ناسروستی و نەنگوچەڵەمەیە دەرباز نەبوون . لێرەدا من ئەو قسەیەی کاك کەمال دووپات دەکەمەوە کە دەڵێ : ( هەر مرۆڤێکی کورد لەهەر شوێنێك و ، هەر ولاَتێك بێ ، مرۆڤێکی سەرکەوتووبێ ، لەڕووی ئیش و کار و ژیندەمنی و پلەی زانستی و سنعەتی و کۆمەلاَیەتی و ڕۆسنبیریەوە ، ئەرکی نوێی مێژوویی نوێی خەباتی گەلەکەمانە ) و دەڵێم با هەموو داوای ئەوە بکەین وا بێ و بەکردەوەش بیسەلمێنین و لەسایکۆلۆجیەتمانـدا ڕەنگ بدانەوە .

سۆفیا

٩٩٠/١٠/٢٧

## پاشماوەی پەراوێزەکانی لاپەڕە (٨٦) :

17- Marx - Engels : Werke.Band3. Berlin. 1983. S.18 ff.

١٨- دکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد : مێژوو ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٨ .

19- Wahby , Taufiq & C.J.Edmonds : Kurdish-English Dictionary . Oxford . 1966. P.78 .

ئەوفیق وەهبیش هەر " کۆمەڵ "ی بەکارهێناوە بۆ کۆمەڵێ خەڵك ، کۆمەڵەیەك و " مجتمع " یش .

20- Ibid . P. 80 .

٢١- علاءالدین سجادی : کوردەواری . چاپخانەی معارف ، بەغدا ، ١٩٧٤ .

# پێشەوا تاڵەبانی

## دوو بەڵگەنامەی مێژوویی

ئەم دوو بەڵگەنامەیە لەناو فایلەکانی ( ئەدمۆنس )دا هەڵگیراون ، کە لەکۆلیجی ( سێنت ئەنتونی ) لەشاری ئۆکسفۆرد پارێزراون . یەکەم بەڵگەنامە ، لەشێوەی جارێکدا نووسراوە : لەکاتی ڕاپەڕینی ـ شێخ مەحمود ـ دا بڵاوکراوەتەوە .

ناوەڕۆکی جارەکە بەدەری دەخات ، چۆن داگیرکەرانی کوردستان هەوڵیان داوە بە هەڕەشە و گوڕەشە خەڵکی کوردستان ناچار بکەن هاوکاریان لەگەڵدا بکەن و دژی نیشتمانپەروەرانی وولاتەکەیان بوەستن . بەڵگە نامەی دووەم . . . دوو نامەیە لەکاتی ڕاپەڕینی ( ڕەشید عالی گەیلانی و هەڵاتنی شێخ مەحمودی نەمردا ـ لە بەغدا لە نێوان شێخ مەحمود و ئەدمۆنسدا ، لەڕێگەی شێخ مستەفا قەرەداغیەوە،گۆڕاونەتەوە .

لەبەڵگە نامەی یەکەمدا بەدەردەکەوێت کە کاولکردن و تێکدانی ماڵی کورد و هەڕەشە لێکردنی بەسزادان ؛ سیاسەتێکی بەردەوامی داگیرکەرانی کوردستانە و هەڵقەیەکی گرنگ؛ و ترسناکی مێژووی کورد پێکدەهێنێ ، کە هەر لەکۆنەوە لەگەڵیدا ژیاوە و دلێرانە بەرامبەری وەستاوە و تا ئەمڕۆش ئەو سیاسەتە هەر بەردەوامە ؛ بەڵام دیارە بەشێوەیەکی چڕوپڕ و توندوتیژتر .

لە بەڵگەنامەی دووەمدا . . . لەو دوو نامە ئاڵوگۆڕکراوانەدا ؛ ئەوەی زۆر بەئاشکرا سەرنجمان ڕادەکێشێ ، سیاسەتی هێنانەخوارەوەی ئاستی داواکاریە نیشتمانیەکانە و لە پایە داگرتنیانە ، ئەو سیاسەتەی داگیرکەرانی کوردستان بە بەردەوامی پێڕەویان کردووە. هەروەك لەنامەکەی ئەدمۆنسدا دەردەکەوێ ، بەهیچ جۆرێ خۆی نادا لە قەرەی داخوازیەکانی گەلی کورد و تەنیا قازانجە تایبەتیەکانی شێخی نەمر باس دەکات .

بەڵام شێخ مەحمود زۆر بەزیرەکانە خۆی لەو بازنەیە ڕزگارکردوە؛ کە ئەدمۆنس

دەیەوێ بیکێشێ . . وە جگە لەسلاو و رێز دەربڕینی سەردەم ، توخنی هیچ جـــۆرە کاروبارێکی تایبەتی خودی خۆی نەکەوتووە و تەنیا داخوازیەکانی گەلە ستەمدیدەکـــەی خستۆتەڕوو . وە زیاتر هەولێ ئەوەی داوە کە ئەدمۆنس بەرەو بازنەکەی خۆی رابکێشـــێ . پێم وایە ئەمەش خالێکە ، کە دەبێت لەگەڵ شانازیەکانی تریدا ، لەمێژووی نوێـــــی گەلەکەماندا بۆ شێخ مەحمودی نەمر تومار بکرێت .

ئەمە دەقی بەڵگەنامەی یەکەمە ، کە لەشێوەی ئاگاداریدایە :

لەم کاتەدا دەستەیەکی تێکدەر هاتوونەتە کوردستانەوە و ئاژاوە و جولانەوەیــــان بەرپاکردووە . لەلایەن بەرێز فەرمانداری گشتیەوە ، فەرماندرا کە فرۆکەوانەکان هێـــرش بکەنە سەر ئەم تێکدەرانە و لەم وولاتە دەریان بکەن ـ وئەم تێکدەرانە سزا دەدرێـــن . لەبەر ئەمە هەرکەس کە فرۆکەوان لەنزیك هەر شوێنێکدا بێتەخوارێ دەست بەجـــێ بچنە خزمەتیان بەهەموو کومەکێ بێزیان بیگەیەننەوە بەمەلبەندی میری لەکۆیسنجاق یـان کەرکوك ، یان هەولێر ، یان سلێمانی . ئاگاداری بەزەبی میری بن هەرکاتێ خـــوا نەخواستە ئەو فرۆکەوانانە دووچاری ئازار و زیان ببن . . خاوەنی ئەم تاوانە بە تەواوی توند و گرانی لەلایەن فەرماندەی گشتیەوە سزا دەدرێن و دەبنە نیشانگەی بۆمباباران و خانووەکانیان تێك دەدرێن .

دەقـی بەڵگەنامەی دووەم :

بـۆ شـێخ مەحمود :

هیوادارم باش بیت و لەوپەڕی ساغ و سەلامەتـــــیدا بەسەربەری . ئەگەر تـۆ لەهەوالێ من دەپرسی ، لەسایەی خواوە من زۆر باشم و سەرقالێ ئیش و کارەکانم لە وەزارەتی ناوخۆدا .

هەروەکو ئاگادارن لەدوای شەڕی رەشید عالی و خائینەکانی تر ، خاوەنشـــکۆ ـ وەسی ـ دامەزراندنی کابینەتی سپارد بە فەخامەتی جەمیل مەدفەعی . حکومەتـــــی بەریتانیای مەزن ، لەگەڵ ئەم کابینەتە نوێیە هاوکاری دەکات بۆ پاراستنی وولات دژی پەلاماری هێزەکانی میحوەر ، لەو رووەوە دەرچوونی ئێوە لەبەغدا و راپەڕینتـــان دژی کارکێڕی ناباسایی رەشید عالی ؛ زۆر بەرێزەوە سەیرکراو بەنیشانەی دلسۆزیتان بـــۆ خاوەن شکۆ ـ وەسی ـ و دەستوور لەقەلەم درا . هەروەها بە پشتی یەزدان ئەنجامەکەی باش دەبێت بۆتان .

لەبەر ئەوە من وام بێباشە کە کارێ نەکەن یاسا و ئاسایش لەسلێمانی تێك بدات ، یان گومان سەبارەت بە نیازەکانت پەیدابکات و ببێتە هۆی تێکدانی کاریگەریە باشەکەی ئیشی پێشووت .

هاورێی بەرێز شیخ مستەفا قەرەداغی بەرەو لای ئێوە دێت ؛ بەهەلم زانی لە رێگەی ئەوەوە ئەم نامەیە بنێرم . ئەو مەسەلەکانت بەتەواوی بۆ روون دەکاتەوە . لەبەر ئەوە زۆر باشە ! ئەگەر بەووردی گوێ بدەیتە قسەکانی .

نامەکە : کۆتایی دێ بەسلاو و رێزی سەردەم

ئەدمۆنس

١١-٦-٤١

ئەمەش دەقی وەلامەکەی شێخ مەحمودی نەمرە :

دوای سلاوی بێپایانم ، هیوام سەرکەوتنە بۆ بەریتانیای مەزن و خۆت و ئومێدی ژیانی بەختەوەریتان بۆ دەخوازم . هەروەها راسپاردەکەت گەیشتە دەستم و لەمەبەستەکەی گەیشتم ؛ سوپاسی مەرحەمەت و لوتفتان دەکەم و هیوادارم مەیلتان بەرامبەرم هەر لەزیادبووندا بێت . من لەرێگەی شێخ مستەفاوە داواکاریە نیشتمانیەکانمان کە داخوازی هەموو کوردێکن بۆ خاوەنی فەخامەتی سەرەکی وەزیران نارد ؛ هیوادارم ئەوەی لە دەستت دێ بیکەیت ، بۆ ئەوەی داواکاریەکانی ئەم گەلە هەژارە بەرێتە پێشەوە کە هەمیشە خۆشەویستی و وەفاداری هەیە بۆ بەریتانیای مەزن .

لەگەڵ رێزما

حەفیدزادە مەحمود

دەقی بەڵگەنامەی یەکەم بە کوردی و فارسی :

## اعلان

لەم وقتە طائفێکی مفسد بە کردستانەدات فتنەوتحریکات واغتشاشیان کرد. لطرف حضرة قوماندان کل امر صادر بو کە ضابط طیارە بەسرام مفسدانە هجوم بکەولم مملکتە دریان بکە ـ وام مفسدانە تعقیب دکری لبرامە هەرکس کە ضابط طیارەیە لە نزیك هەر جییث بروخوار بیتن جی بجی بچینە خدمتیان بەهمو مساعدیك سالماً بە مرکز حکومت کوی‌سنجاق یا کرکوك یاهولیریا سلیمانی بگێنن. معلوم مرحمت حکومت بیتن هەروقتی خوانەخواستە صدمە ویاضرر بوضابطانە بکاتن مرتکب ام صدمەیە بکمال شدت وسختی لطرف قوماندان کلەوا تعقیب وهدف بومبا دیبتن. وخانیان تخریب دکری.

دراین وقت‌که دسته مفسدین بەکردستان آمده بنای فتنه وتحریکات واغتشاش در این مملکت بودی مقاصد فاسد خودشان نموده اند از طرف حضرت قوماندان کل امر وحکم صادر شدکه ضابط طیارەبەهمان مفسدین در هرجای کەباشند هجوم واز این مملکت اخراج نمایند ـ اما بااهالی سالم کردکاری ندارند فقط ان کسان را کە مرتکب مخالفت حکومت شده اند تعقیب میکنند لهذا اگر کسی از ضابط طیاره درنزدیکی خانه‌های شما پایین بیاید لازم است کە فوراً بخدمتشان رفته همه نوع کمك ومساعدت باایشان بنمایند وانهارا سالماً بەمرکز حکومت یعنی بەکویسنجاق یا کرکوك یااربیل یاسلیمانی رسانیده موورد لطف ومرحمت حکومت بشوید ـ هرگاه خدای نخواسته صدمه ویاضرر بآنها وارد بشود مرتکبین با کمال شدت وسختی از طرف جناب قوماندان کل تعقیب وهدف بومبا ومکان آنها تخریب خواهد

To Shaikh Mahmud. دەقی بەڵگەنامەی دووەم بە ئینگلیزی :

I trust that you are well and enjoying the best of health. If you kindly ask after me thank God I am well and busy with my duties in the Ministry of the Interior.

As you are aware, after the flight of Rashid Ali and the other known traitors H.H. the Regent entrusted H.E. Saiyid Jamil al Madfai with the formation of the Cabinet, and the Government of Great Britain is cooperating with the new Cabinet in the defence of the country against the aggression of the Axis powers. In this connexion, your departure from Baghdad and your rising against the illegal administration of Rashid Ali is highly appreciated and is considered a proof of your sincerety to H.H. the Regent and the Constitution, and inshallah the result will be very good for you. I therefore strongly advise you not to act in a way that may cause disturbance of law and order in Sulaimani, or cause any doubts regarding your intentions, and so spoil the good effect of your former action.

Our respected friend Shaikh Mustafa Qaradaghi is proceeding to your side and I take the opportunity of sending this letter through him. He will expelin matters fully to you and you should listen to his statements with the closest attention.

Usual complimentary ending.

Intld/ C.J.E.

11.6.41.

دەقی وەڵامەکەی شێخ مەحمودی نەمر بە ئینگلیزی :

Translation of letter from Shaikh Mahmood to Major Edmonds.

-----

After offering my esteem respects and wishes for the success Great Britain, yourself and your living in prosperity etc.

I received your message and learned its content. I thank your favour and good intentions. I hope that your attention towards me will increase continually. I submitted through Shaikh Mustapha al Qaradaghi (A.D.C.) our National Demands which are the aspirations of every Kurd to H.E. the Prime Minister. I hope that you will do all to push the demands of this poor nation who bear love and loyalty to your Great Government.

Respects .......

Hafid Zada - MAHMUD.




## ساسان شایستە

وەرگێڕانی لەفارسی یەوە
ڕێبوار سیوەیلی


# سەلمانی ڕوشدی، گۆڕانکاری یەک لە ناسیۆنالیزمەوە بەرەو کۆزمۆپۆلیتی*

" ... تا بەو جۆرە ئەهریمەن و فریشتە ، ڕووبەڕووی یەکدی وەستان ، لەئاست یەکدا زاریان داپچڕی و وەك یەك هاتنە دەنگ ، بەلاّم هەرکامیان بەهۆی ڕێژنەی قاقاوە شتێکی جیاواز لەوی دیکەی دەردەبڕی .. و ئەهریمەن دەمڕوانی‌یە فریشتەی دەم بەخەندە و پتر کەیفی دەهاتێ . بەگوڕتر دەیدایە قاقا ، چاکتر و قووڵتر دەخەنی ، چونکە فریشتەی دەم بەخەندە زۆر مەسخەراوی دەهێلکایەوە ".

میلاند کوندێرا ـ فریشتەکان .

ساڵێك زیاتر بەسەر بلاّوبوونەوەی ڕۆمانی " ئایەتە ئەهریمەنیەکان "ی سەلمانی‌ڕوشدیدا تێپەردەبێت . هەرچی تا ئێستا لەمەڕ ئەم بەرهەمە و نووسەرەکەیەوە نووسراوە ، لەکاریگەری پڕ هاژ و هووژی سیاسەتی نێوخۆیی و نێو دەوڵەتان بەدوور نەبووە . کەم نووسەر ، سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووس هەبوون لەپاش خوێندنەوەی ئەو کتێبە باس و ڕەخنەیان نەنووسیبی . زۆربەی ئەوانە لە پەرێزی ڕوشدی یەوە دواون و ژمارەیەکی زۆریشیان لەمەڕ ئازادی‌یەکانی تاك و ، ئازادی دەربڕینەوە ئاخاڤتوون . لەوانە ، برێکیان ناوەرۆکی بەرهەمەکەی ڕوشدی‌یان بە مشتێ " درۆ و دەلەسە " و بوختانکردن بەپیرۆزی‌یەکانی نەتەوەیەك ناوبردووە و هەندێکیشیان پەنایان بۆ نێوی کتێبەکە و لێکۆلینەوەی مێژوویی بردووە ، تاوەکو بیسەلمێنن ، کە ڕۆمانی ناوبراو لێوان لێو لە " حەقیقەت "ە . ئەمە لەکاتێکدا ڕۆمانەکەی ڕوشدی هەروەك چۆن حەقیقەتی ڕەها نیە ئاوهایش درۆ و دەلەسە نیە .

لەپاش کتێب سووتاندنەکەی شاری برۆدفۆردی ئینگلستان ، خۆپیشاندانە خوێناوی‌یەکەی پاکستان ، فتوای مەولانا کەوسەر نیازی (کوثر نیازی) یەکێك لەپێشەوایانی

---

* گۆڤاری " کنکاش " ـ دەفتەری شەشەم ، بەهاری ۱۹۹۰ ، ل۲۱۵-۲۲۹ .

ئیسلامی پاکستان ، فتوای خومەینی ، بانگهێشتن بۆ جیهاد لەدژی مۆدێرنیزمی ئەدەبی لەلایەن عەرەبستانی سعودی یەوە ، هەروەها لەدوای وتاری جیمی کارتەر و جێمز بیکر و رەفتاری دەوڵەتی ئینگلیز ، رۆشدیش وەکو کەسایەتیەکی نێو دەنگ و باسی رادیۆ و تەلەفزیۆن دەرکەوت . باسکردنی ژیانی ئەم نووسەرە و دەنگ و باسی شوێنە نهێنی یەکەی لەباژێری لەندەن ، هیچی ئەوتۆی لەشیکردنەوەی ژیانی ئەو هەواڵ دز(جاسوس)انە کەمتر نەبوو کە لەسەردەمی شەڕی ساردا ، دڵی هەردوولایان راگرت ! بێگومان لەمەدا هەواڵنامە و دەزگاکانی بلاوکردنەوە رۆڵێکی باشیان نەگێرا . راپۆرتی یەك بەدوای یەك لەسەر فتوای خومەینی و گفتوگۆ لەگەڵ سیاسەتمەداران لەمەر پەیوەندی ئێران و خۆرئاوا و کتێبەکەی رۆشدی یەوە ، ئەو بیرەیان زیاتر جێگیرکرد کە دەیگوت ، ئایەتە ئەهریمەنیەکان لەرووی سیاسی یەوە سەر بە گۆبەندە و لەرووی هونەریشەوە کەمبایە .

بەلام لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵە چاك و خراپانەیشدا کە سەبارەت بەنووسەر و ناوەرۆکی بەرهەمەکانی لەبرێ رۆژنامە و گۆڤاری ئەدەبی و هەواڵنامەی سیاسیدا چاپکران ، کەم نووسین چنگ؟ دەکەون - بەتایبەتی لەبلاوکراوە فارسی ( کوردی - و -)یەکاندا ، کە وەك بەرهەمێکی ئەدەبی و کارێکی هونەری رواننیبێتیانە ئەو بەرهەمە و سیاسی بوون و سەر بە گۆبەندبوونی بەپێی هەست و نەست و رووداوی نێو تەرحی داستانەکەیان هەڵسەنگاندبێت . وێرای ئەوانەیش ، وا ئێستێ کەف و کوڵ و چاو لێسوورکردنەوەکان کەمێك ئارام بوونەتەوە و فتوای خومەینیش وەك شەپازللەیەك کەرایەوە بۆ لاچاوی خۆمان و هیچی لێ سەوز نەبوو ، جێی خۆیەتی بە حەوسەڵەیەکی دیکەوە ، لەم بەرهەمە و نووسەرەکەی ورد ببینەوە ، کە شوێنی دیاریان لەئەدەبی هاوچەرخی جیهانیدا گرتووە . ئەم نووسینە کورتەیش هەوڵێکە بەو مەبەستە .

رۆمانی ئایەتە ئەهریمەنیەکان بە گۆرانی یەکی جوبرەئیلی فریشتە ، کە خۆی پاڵەوانێکی بەرهەمەکەیە ، یاخود راستتر بگوترێ : دژە پاڵەوانێکە ، بەم جۆرە دەست پێدەکات : **" بۆ دووبارە زیندووبوونەوە ، پێویستە یەکەمجار بمری ،بۆ لەنگەر بەستن لەسەر زەوی پێویستە لەشەقای بالدەی "(١)** . بێگومان ئەم شێوە دەربرینە لەسەرەتای رۆمانێکدا ، دەتوانێت وەکو نیشانەی رۆچوونێك بەرەو قووڵایی وجودی مرۆڤ خۆی بنوێنێ و لەپێناو جۆرێك رزگاریدا ، هەرچی هەیە و نیە ژێرە و ژووری بکات . لەلایەکی ترەوە لە هەردوو نیوەدێری سەرەوەدا ، شوێن پێی تێروانینێکی تراژیدی و بیرێکی هیوابەخش دیارە . بەلای نووسەرەوە ، زەمینە خۆشکردن بۆ گەیشتن بەداهاتوویەکی ئومێدەوارانە ، جگە لەرووداني تراژیدیایەك چی دی نیە . ئەم تێروانینەیش لەگەڵ

ئەزموونی عیرفان‌دا تەواو لێکدی جودان . دووبارە زیندووبوونەوە و لەنگەربەستن لەسەر زەوی ، دۆنا دۆن و ڕەسەنایەتی دونیابی‌مان دێنێتەوە بیر ، لەکاتێکدا ئەزموونی عیرفانی چەند جەخد لەسەر دلبڕین لەجیهان دەکات و بڕوای وایە مرۆڤی خاکی ، جگە لە مەرگ ( تراژیدیای عیرفانی ) لەپێناوی گەیشتن بە نەفسێکی بەرزتر ، واتە بیری ( من نیم ، تۆ هەی ) لەو جیهانەی تردا ، هیچ ڕێگایەکی دی لەبەردەمدا نیە . بەگوتەی ئەندرێ مارلۆ " پیشەی عارف خۆ بەدەستەوەدانە ، ڕێی مرۆڤی تراژیدیش تێکۆشان " .

ئەوەی لەپاش ئەو گۆرانێیەی جوبرەئیل دەبێتە هۆی بەرجەستەبوونی ڕۆمانی ئایەتە ئەهریمەنیەکان ، بریتی‌یە لەجیهانێکی پڕ ئیستیعارە و ئیماژ(وێنە)ی هونەری کەتێکۆشانی مرۆڤی تراژیدیایی‌یە لە پێناوی دووبارە زیندوو بوونەوەدا . ئەوەیش کە زێتر ئەم وێنەسازی‌یە سەرنج ڕاکێشتر دەکات ، سەرگەرمی و قالبوونی نووسەرە کە وەك ڕۆشنبیرێکی " جیهانی سێیەم " ی لە خۆرئاوا سەقامگیربووە .

لە بەرهەمەکانی ڕوشدیدا و بەتایبەتیش لەم بەرهەمەدا ، بەئاشکرا دیارە چەند پرسیارێکی بنەڕەتی زەینی نووسەر ئازاردەدەن . ڕوشدی بیر لەمرۆڤی وەکی خۆی ، واتە ئەوانەی لە مەنفان و بەرەو خۆرئاوا پەرتەوازە بوون دەکاتەوە ، کە لەنێوان دژایەتی و بوحرانە فەرهەنگی‌یەکانی خۆرهەلات و خۆرئاوادا گیریان خواردووە . بیر لەو کەسانە دەکاتەوە کە نە خەلکی " جیهانی سێیەم " ن و نە خەلکی جیهانی " یەکەم " و تەنیا بیر لەیەك جیهان دەکەنەوە . لەخۆی دەپرسێ : کام ( تێهەلکێش و تەبایی ) یەی ئەم دوو لایەنە فیکری و فەرهەنگی‌یە ناتەبایە ، دەتوانێت وەلامدەرەوەی تەنگوچەلەمە بنەمایی‌یەکانی دونیای مۆدێرن بێت ؟

لەلایەکی دیکەوە ، بیر لەو کەسانە دەکاتەوە کە لە هیندستان ، پاکستان و ئێراندان و بەگوتەی ئۆکتاڤیوپاز : ( لەهەمدەر خۆرئاوا و داوێنی مێژوو)دا دەژین . بیر لەو کەسانەی بەخەیالی خۆیان دێر زەمانێکە لە چنکی داگیرکەران ڕزگاریان بووە ، بەلام تا ئێستاش پەرستگای داگیرکاران دەپەرستن .. یاخود بە پێچەوانەوە ، لەپێناوی دژایەتی و ململانێ لەگەل داگیرکەرانی سیاسی و فەرهەنگی‌دا خۆیان خزاندۆتە لاکی خورافیات و بیروبڕوای ئایینی‌یەوە و ئەمەیشیان ناوناوە " گەرانەوە سەرخۆ "* بەتاو لە هەولی ئەوەدان فەرهەنگی تایبەت بە خۆ و سەربەخۆیان پێکەوە بنێن . ڕوشدی لەخۆی دەپرسێ : چۆن نوێکردنەوە و تازەکاری بەرەو ژیانی ئەو خەلکانە ڕەخنە دەکات وجێگیر

* هێماکردنە بۆ کتێبەکەی دکتور علی شریعتی ، نووسەری شیعەئابنزای ئێران.

دەبێت ؟ هەروەها بیر لە فەرهەنگی خۆرئاوا ، لەو شوێنەی خۆی نیشتەجێیەتی دەکاتەوە. بیر لەدوو ڕووبی سیاسی‌یەکان ، لە هاووڵاتیەکان ، ڕەگەزپەرستی و بێلایەنی، تاوان و ملیاك و حەشیشە ، بیر لە کەوتنی سکۆلاریزم لەئاست مەزهەب و کولتی تازە پێگرتوو دەکاتەوە ، کە بەفسەی خۆرئاوایی‌یەکان ، بریتی‌یە لەمانەوە لە چوارچێوەی ( جیهانی یەکەم )دا و، دەپرسێ : ئایا دەبێ ئێستاکەش ڕێگەکان هەر بە خۆرئاوا کۆتایی‌یان پێ بێت ؟.

نووسەر بۆ وەڕووخستنی پرسیارەکانی ناتوانێت سوود لەیاسا فەلسەفی و شێوازی رانسنە کۆمەلایەتیەکان و ئایین وەربگرێت . هەر بۆیەشە پەنا بۆ ڕۆمان دەبات ، تا لەم ڕێگەیەوە ، بەهۆی خولقاندنی هەست و تالی پەیوەندی و بیرەوەری مێژوویی‌یەوە و پاشان ڕیرکردنیان لە تەنیشت یەکەوە بەو جۆرەی خۆی کەرەکیەتی ، بەئاکامی فەلسەفی و دەروونناس بگات . داستان بێژی ڕوشدی لێکچوونێکی نزیکی لەگەڵ کارەکانی ( گابریل گارسیا مارکیز ) و ( گونتەر گراس )دا هەیە . ئەو شێوازەی بە( ڕیالیزمی جادوویی ) ناسراوە . بەڵام جیاوازی ڕوشدی و ئەوان لەوەدایە ، کە ئەو بۆ نەخشاندنی کەسایەتیەکانی پەنا بۆ مرۆڤە مەلحەمی و ئەفسانەیی‌یەکان نابات و مۆدێلی کەسایەتیە مێژوویی و ( مێژوو - پەڕ )ەکانی خۆی لەناو واقیعی جیهانی ئەمڕۆوە هەڵدەبژێرێت . ئەم کەسایەتیانەش بریتین لە یەکێکی وەکو ئایەتوڵلا خومەینی ( پێشەوای ڕیشدار و عەمامە بەسەری ساری کینیسنگتۆن ) و مارگرێت تاتشەر ( Maggi torture ) و بێنەزیر بۆتۆ ( ئافرەتە نەسەدراوە شەرواڵ ئاسن لەپێ و پەچە بەسەرەکە ) و ئەندیرا گاندی و گشت ئەو داگیرکار و داگیرکراو و بورجی عاج نیشین و ، ئەوانەیش لەداوێنی مێژوو دا دەژیـن .

ڕوشدی ، بەتایبەتی لە ڕۆمانی ناوبراودا ، هەوڵی ئەوە دەدا کە ناوی‌ڕاستەقینەی پاڵەوانەکانی ببات ، بۆ ئەوەی بتوانێت فەزای داستان و ڕەوشت و بیرکردنەوەیشیان لەزەینیەتی ( زەینی ) خوێنەردا بەرجەستە بکات . بۆ ئەم مەبەستەش نەك هەر تەنیا سوود لە شێوە دیالۆژی ئەدەبی دێرینەی ئینگلیزی وەردەگرێت ، بەڵکو لەسەر شێوازی ڕۆژنامەنووس و گەڕیدە و شۆخی‌باز و داستان نووسەکان ، دێت وێنەیەکی ئەوتۆی هەڵبەز و دابەزی دەروونی و دڵەڕاوکێی فیکری پاڵەوانەکانی دەنەخشێنێ ، بەجۆرێك خوێنەر بە بەردەوامی لەجیهانی واقیعەوە بەرەو خەیاڵ لەسەفەردا بێت . یاخود بە دەربڕینێکی دی ، دێت سوود لە ناوەڕۆکی ئیستیعارەیی واقیع ( Metaphorical content of Reality ) وەردەگرێت .

ڕیزکردن و کۆکردنەوەی کۆمەڵێك ئیستیعارە و جیناس و دەستەواژەی فرەمانا و چەند زمانی ، لە دروستکردنی و خوڵقاندنی فەزای فیکری و فەرهەنگی جیهانە تایبەتیەکەیدا دووری (بُعد)ی ئاسایی ( شوێن و کات ) تێکەڵ دەکات . بە هەمان شێوەیش ، پێکەوە بەستنی ڕووداوەکان و ڕەگەزە دەروونی‌یەکان یارمەتی نووسەر دەدەن ، بتوانێت مەبەستەکانی بەبێ دڵخاوکردنەوەی خوێنەر بگەیەنێت . ئەمەیش ڕێگای گفتوگۆیەك لە فەزایەکی خەیاڵی و ( دەرە - کاتی )دا ، لەسەر بیروڕا جیاوازەکانی نێوان خۆیی و دژەکانیدا تەخت دەکات . ڕوشدی بڕوای وایە ، " شەڕکردن لەسەر ڕۆمانی ئایەتە ئەهریمەنیەکان ، بریتی‌یە لە شێوەیەکی ڕووبەڕوو بوونەوەی بیروبڕواکان ، یاخود بەشێوەیەکی وردتر ، بریتی‌یە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی زمانەکان . هەروەك چۆن کەسایەتیەکی ئەفسانەیی منی سەلمان ( سەلمانی فارسی ) لەسەر پێغەمبەرە ئەفسانەیی‌یەکەمەوە ماهوند (محمد) ، دەڵێت : ئەمە گوفتاری ئەوە لە بەرامبەر گوفتارمدا ".

خوڵقاندنی ئەم بواری گفتوگۆیە ، لەبری مۆنۆلۆژ و ( تەنیا دوان )ی باوی ناو ڕۆمان نووسی سەردەم ، هەروەها سوود وەرگرتن لەزمانێکی گونجاو بە پشتیوانی‌بینینێکی فەلسەفی کارێکی وای کردووە ، نووسەر بتوانێت شێوە یاسای فیکری و کۆمەلایەتی هاوچەرخ لە چوارچێوەیەکی گشتی مێژوویی‌دا بهێنێتە ژێر پرسیار و مشت و مڕەوە . ئەو چوارچێوە گشتی‌یە مێژوویی‌یەی ماوەیەکی زۆرە نووسەرە هاوچەرخ و مودێرنەکانمان لە ژێر ناوی ( نەخۆرهەلاتی ، نەخۆرئاوایی ) و ( گەڕانەوە سەرخۆ )دا بانگاشەی بۆ دەکەن.

بو ئەوەی زیاتر مەبەستەکانم ڕوون بکەمەوە ، بەچاکی دەزانم ئاماژەی چەند نموونەیەك لەو مەسەلانەی گرنگی تایبەتیان لای ڕوشدی هەیە بکەم ، کە لە بۆتەی ئایەتە ئەهریمەنیەکاندا ئاشکرای کردوون .

## خوڵقاندنی دژە پاڵەوان :

هەروەك لەپێشاندا گوتمان ، ڕۆمانەکە بەدووبارە زیندووبوونەوە و دۆنادۆن (تناسخ) دەست پێدەکات . نووسەر کەرەکیەتی پاڵەوانەکانی بەپێی ئەو شێوە و ڕۆحیەتە بناسێنێ ، کە خۆی دەیهەوێ . بەپێی ئەم بڕوایەش ، سپیدەی ڕۆژێکی زستان لەدەوروبەری ساڵی تازەی عیسایی‌دا ، فڕۆکەیەکی ( جیمبوجێت )ی ژمارە (٧٤٧)ی بوستان ، لەلایەن دەستەیەکی خراپکاری ( سیك - Sikh ) ـەوە لەئاسمانی کەناڵی ( مانش ) دەتەقێنرێتەوە . گشت ئەوانەی لەفڕۆکەکەدا دەبن وەکو توتنی جغارەیەکی هەڵوەشاو بە هەوادا دەپەترێن و دەگوژرێن . وەلی لەناویاندا ، دوو کەس بەشێوەیەکی تەلیسماوی گیان دەردەکەن یاخود دووبارە زیندوو دەبنەوە . ئەم دوو کەسەیش کە لە ئەنجامی

ئەفینەوەکە و گۆڕانکاری‌یەکی شێوە میتافیزیکی بونەتە ئەهریمەن و فریشتە ، هەردووکیان هیندین .

یەکەمیان سەلاحالدین چەمچای هونەرمەندی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئینگلستان و لاساکەرەوەیەکی بەتوانایە ، کە لە لەندەن دادەنیشێ و لەئاکامی ئەفینەوەکەدا ( شاخ و سم و کلك )ی لێ‌ڕواوە . ئەوی دیکەیشیان جوبرەئیلی فریشتەیە . واتە هونەرمەندی بەناوبانگی نێو فیلمە هیندی‌یەکان و دانیشتووی هیندستانە کە بازنەیەك نووری بە سەرەوەیە ( ! )

سەلاحالدین نەوەی جەنگیز و نەسرین چەمچاوالاّیی‌یە . هەر لە منالّیرا حەزی دەکرد لەشاری لەندەن بژی و بەچاوی نزمیش لەداب و نەریتی ئایینی خێزانەکەی دەڕوانی . ئەو دەمەی لە لەندەن خەریکی خوێندن دەبێت ، بە تەواوی بیروبڕوا ئایینی‌یەکانی لەبیر خۆی دەباتەوە و کەسایەتیەکی سکۆلاری پێکەوە دەنێت و ئافرەتێکی ڕادیکالّ دەکاتە هاوسەری خۆی . لەم سەریشەوە ، نیشتەجی‌بوونی ئەم لەباژێڕی‌لەندەن و بەتایبەتیش کارکردنی لەڕادیۆ و تەلەفزیۆندا ، بەلای خیزانەکەیەوە ، کارێکی ئابلّێی ناشایستە و بێ‌جی‌یە و بابی ئەمەی پێ‌هەوت ناچێ ! ئەگەرچی سەلاحالدین گوێ بۆ ئەمە ناگرێت و گەرەکیەتی لەهەموو ئەو شتانەوە دووربێت کە بە ڕابوردوووەوە دەیبەستنەوە . ئیدی بەو جۆرە وەکو ئینگلیزێکی پارێزکار لە لەندەن ژیان بەسەر دەبات ، واتە ئەوە دەکات کە باوکی بەکاری ئیبلیسی دەزانێ !

جوبرەئیلی فریشتە ، سیمای نەتەوەیی سینەمای هیندی ، پیاوێکی پڕکار و خۆ پێگەیەنەرە کە هەر لەمنداڵیەوە بەهۆی ڕووداوێکەوە باوانی لەدەست دەدات و لە لای کابرایەکی وەك ( بابا ساحیب ) کەکاتی خۆی شاگرد و جێ‌متمانەی بابی بووە، گەورە دەبێت . بابا ساحیب ، پرسیار و مەزەندە سەرسووڕهێنەرەکانی زرەفرزەندەکەی ، لەمەڕ خودێ و ئەهریمەن و دووبارە زیندووبوونەوەوە ، بەهۆی خورافیات و ئەجندەبانگ‌کردن و ڕۆح هێنانە دوان ، وەلاّم دەداتەوە . ئەم منداڵە بێ‌گوناهە هێندەی گوێ لەدەرسی فەلسەفی و ئادابی ڕەوشت و ئایینی بابا ساحیب دەبێ ، نەك هەر تەنیا بڕوا بە خودێ و ئەهریمەن و فریشتەکان دەهێنێ ، بەڵکو وا هەست دەکات ئەوانە گشتیان بووی واقیعین . ئەو دەمەش هێشتا دایکی لەژیانا بوو ، گەلێك جار حەقایەت و چیرۆکی لەسەر پێغەمبەری ئیسلام بۆ دەگێڕایەوە و ئەمیش دەکەوتە سەر ئەو بڕوایەی ژیانی خۆیی و پێغەمبەر بەراورد بکات . لەخەونیدا بێوەژنێکی دەوڵەمەندی (خەجێ) ناوی دەهێنا و دەبووە بازرگانێکی سەرکەوتوو . تا ئەوە بوو جوبرەئیل فریشتە ڕۆژێکیان لە

تەمەنی بیست و یەك بەهاریدا ، بەهۆی بابا ساحیبەوە کەئەو مامەی پێدەگوت ( لێکچوونێك لەنێوان پێغەمبەر و مامیدا ) ، ئاغای (ڕاما) دەناسێ . ئەم ئاغای ڕامایە ، خاوەنی مەزنترین ستۆدیۆی فیلمسازی هیندستانە . ئیدی لەو کاتەوە جوبرەئیل بەهۆی دەور بینین لەفیلمە ئایینییەکاندا وەك ئەکتەرێکی ڕۆمانی لەسەراپای هیندستاندا ناوبانگ دەردەکات و خەڵکیش نازناوی فریشتەی پێدەبەخشن .

ئەهریمەن و فریشتە ، دوو مرۆڤی تراژیدیایی خولقاو ، وەکو دوو کۆچەری چارە ڕەش لەسەر زەوییەکی سپی و قەشەنگی نزیك باژێڕی لەندەنی ( پێتەختی ویلایەت ) دێنەخوارەوە . ئەم دوو کەسە ، لەگەڵ ڕۆحییەتی تێك شکاوی هێندەی جیهانێك ، بیرەوەری شپرزەبوویان ، کەسایەتی گۆڕاویان ، هەستکردنیان بەدوورکەوتنەوە لەزمانی دایك و، سووکایەتیپێکردن و تانە و جوێنی تەرجەمەنەکراوی پۆلیسان و عەشقی ونبویان ، لە دووتوێی کەوشی ژاپۆنی و پانتۆڵی ئینگلیزی و کڵاوی قرمزی ڕوسی و " دڵ و دەروونی هیندی " دا ، بەرەو شانۆی ژیانی وڵاتی نامۆیی توورهەڵدەدرێن .

لەدوای ئەم تراژیدیایە ، نووسەر دێت بیرەوەری نەتەوەیی و خەیاڵ و دەروونی جەنجاڵی کەسایەتیەکانی تێکەڵ بە کەسێتی خۆی دەکات و لەشێوەی زیندەخەون‌دا دەمیان خاتەوە ڕوو . سەلاحالدین وجودی دوو لەت بووی خۆی ، نیوەی لە لەندەن ونیوەکەی تریشی لە بۆمبای ، داوە بەکۆڵدا و دەوروبەرێکی پڕ لە پەستی و پووچی و بێ

ئەوەی لەبیرەوەری سەلاحالدین و خەونەکانی جوبرەئیلەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ ، لەگەڵ ئەوەی نووسەر بیری لێدەکاتەوە ، هێندە لێکدی‌یەوە نزیکن ، بەجۆرێك ڕۆڵی فریشتەیی و ئەهریمەنی ، بەردەوام لەجێگۆڕکێدان . فریشتە و ئەهریمەن ، دوو نموونەی ئەو مەسخ بوونە باوەی ئەمڕۆکەن ، کە لەئەنجامی گوشادی و تەقینەوەی فڕۆکەی (بوستان)ەوە ، لە عەدەمەوە دروست بوون . دەرکەوتنی ئەمان لەگەل سەرەتای جیهاندا( Bigbang )یە و، کاتی سفری هاتنەخوارەوەیشیان بۆ سەر گۆی زەوی بەهۆی گۆڕانکارییەکی مێژووییەوە کە بریتییە لە فڕین بەبۆشایی ئاسمان‌دا ، دەست پێدەکات . بەلای نووسەرەوە ، ئەم بۆشایییە جگە لە (شوێنێکی لێوان لێو لەبێ‌هەستی کەپاش چەند سەدە خولقاوە و مانا بە تێپەڕبوونی سەدەکان دەبەخشێت ) چیدی نیە . لەو ڕوانگەیەشەوە کە ئەم شوێنە بەهۆی جوڵە و جەنگ و بۆشایی و هێز و چکۆلەیی گۆی زەوییەوە پێناسەدەکرێ ، دیارە وەکو شوێنێکی تەمەن کورت ، پڕ گوناه و تاوان ، ترسناك و نائارام و شێوێنەر و دابڕاویش خۆی دەنوێنێ و ڕووخسارێکی تراژیدی بەگۆڕانی مێژوویی ئەوەی ئادەمیزاد دەبەخشێ .

ناسنامەیان پێ دەناسێنێ . جوبرەئیلیش بەیاریدەی خەونەکانی ، مێژووی هاوچەرخ و رابووردووی نەی دەکات و بەهۆی زیندووکردنەوەی بووە ئەفسانەیی یەکانەوە ، دەستنیشانی بێ سەرەو بەرەیی دەرگای بیرکردنەوەی مرۆڤی ولاتی خۆی دەکات و لێیان دەکۆڵێتەوە: .( Neurosis )

ئەم دوو کەسایەتیە ، دووڕووی ئەو جیهانە شێوێنەرە دەخەنە ڕوو ، کە تیایدا هەموو ست هەستی پێدەکرێ و دەبینرێ ، بەڵام هەر بەنەناسراوی و لە تەم و مژدا حەشار دەدرێت . ئەرکی هەردووکیان لەئاست ڕەواندنەوەی تەم ومژەکەدا ، تەواوکەری یەکدین و لێك نابچڕێن . بۆیە کەسایەتی و دەروونی پتەوی هەردووکیان لەگەڵ هەموو بڕوا کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئایینی یەکاندا دەکەونە جەنگەوە . جا بەو بۆنەیەوە کە هەر خۆسیان بکەری ئەم کارەن و لەجیاتی پاڵەوانەکانی دی چالاکی دەنوێنن ، پەنجەدەنێن بە دوگمەی دژایەتیەکانیشدا و لەپووچەڵکردنەویاندا دەست پێشخەری دەکەن ، بۆیە دەبینین وا لەگەڵ خۆسیاندا کەوتوونەتە دژایەتیەوە و لە بەها و نرخی وجودبی خۆیانیش دەکەونە گومان و دوودڵیەوە . بەمجۆرەیش هەردووکیان لە بنەماوە دەبنە دژە پاڵەوان .

جوبرەئیل فریشتە ، هەر لەسەردەمی منداڵیەوە ، بەهۆی فەلسەفە و پەروەردە ئایینی یەکەی بابا ساحیبەوە ڕەنگی دەروونی لەئاست گشت مەسەلەیەکی میتافیزیکیدا کۆکردۆتەوە . لەڕووی ڕەمینی سەوە گرفتاری کەسایەتی جوبرەئیل و محمد هاتووە و توانای پووڵکردنی ئەو خەونە پەرش و بڵاوانەی نیە ، کە بەردەوام دەیگێڕنەوە بۆ سەردەم و کاتی پێغەمبەر . دروستکردنەوەی سروشتی ژیانی محمد ، واتە ڕەمزیترین کەسایەتی مێژووی مرۆڤ ، لەجیهانی خەونەکانی جوبرەئیلی فریشتەدا زۆر تەم و مژاویە ، هەروەکو چۆن دەسبێتە هۆی سەرسوورمانی خوێنەری بەرهەمەکەش .

ڕوسدی بەرمانێکی گاڵتەجارانەی نزیك لە حەدیس (حديث) و حیکایەتە ئایینی یەکان و لەو گلاورۆژنەیە کە خەونەکانی جوبرەئیل فریشتە بۆی دەخەنە سەرپشت ، بەهانەی ئەوەی دەست دەکەوێت کە هێرش بکاتە سەر هەموو ئەو تابۆ و قەدەغانەی دەوری کەسایەتی محمدیان دابوو . بەهۆی سوود وەرگرتن لە جوبرەئیلی خۆشەویستترین فریشتەی ئایینی ئیسلام و خولقاندنی جوبرەئیلی فریشتەوە ، واتە خۆشەویستترین هونەرمەندی میللی دنیای هیندستان ، بەرەی میتافیزیکی لەژێر پێی گشت مسوڵمانان و بنەماگەرانی ئیسلام دەردەهێنێ . واتە کارێکی وا دەکات ، کە بیرکردنەوە و هەستی خوێنەر بەجارێك تێکەڵ و پێکەڵ ببێت . مسوڵمانی بەدین لەناوەراستدا کتێبەکە دادەخات و توانای هەدادانی ئەو بیرورا (کافرانە)یەی نامێنێ . بەڵام خوێنەرێکی دی ، کەرەنگە ساڵەهای ساڵ چاوەڕێی ئەو چاوەترسی یەی لەئاست بیری خورافی و پاڵەوانسازی و بیرتەسکی و

بیروشکیدا کردبێ ، لەبەرامبەر توانای خەیاڵی ڕوشدیدا سەرسام دەبێ، دڵی ئاو دەخواتەوە و ڕەنگە تامێزی هەبێ هاواریش بکات .

جوبرەئیلی فریشتە چاوەڕێی شتێکی دیکەش لەم خەونانە دەکات . گەرەکیەتی ئەو پەیوەندی و بەردەوامی‌یەی لەسەردەمی دەوربینینی خواوەندانی هیندی ناو فیلمەکاندا ، دەیگێڕا و هەیبوو ، لەگەڵ ئەوەدا کە بەنێوی ئایین و فەرهەنگی " ناکە خودا " یی و " یەکتاپەرستی "یەوە ، خستویانەتە مێشکی‌یەوە ئاشت بکاتەوە و بیخولقێنێتەوە . بەلام بە هەرحاڵ ، ، لەپاشاندا دژایەتی‌نێوان ژیانی"چەند خودایی"وزەینی"یەکتاپەرستی" یەکەی ئەوەندە بەسەریا زاڵ دەبێت کە بەناچاری هەردەم پەنا بۆ خەونەکانی ببات ، جا ئەوەندەش خەون دەبینێ ، کە ئیدی خەون بینین هەموو وجودی داگیردەکات ناشێت و هار دەبێ ، پاشانیش گوللەیەك بەدەمی خۆیدا دەگرێ و کۆتایی بەژیانی‌دەهێنێ .

هاوتا دژە پاڵەوانەکەی جوبرەئیل ، سەلاحالدینە . سەلاحالدین ناسنامەیەکی‌ترمان بۆ وەڕوودەخات . ئەم کەسایەتیە بەهۆی دژایەتی لەنێوان ئینگلیزی بوون و هیندی‌بووندا ، وەکو بزنە کێوی ( شاخ و سم و کلك )ی لێ ڕوواوە و دەوری ئەهریمەنێکی بێگانە و بێگانەیەکی یاسایی لە لەندەن دەگێڕێت . کاتێکیش پێدەخاتە سەر زەوی ، بەو هۆیەوە دوای لەدایك بوون پاسپۆرتەکەی گومکردووە ، یەکسەر لەلایەن پۆلیس و لێپرسراوانی دایەرەی پەنابەرانەوە بالبەست دەکرێت و پاش سووکایەتی‌کردن بەشێوەی زمان و ڕووخساری پەشوکاوی ، ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەکەن . لە نەخۆشخانە حالی دەبێ ، کە هەموو نەخوشەکان " ئەو جیهانی سێیەمیانەن کۆچیان‌کردووە و لەوێ بوونەتە ئاژەڵی ئەفسانەیی " .

دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە هەڵدێ و دەگەڕێتەوە ماڵ ، بۆی ئاشکرا دەبێت وا خێزانەکەی لەگەڵ نزیکترین هاوڕێی‌دا چۆتە جێگاوە . بەلام بەو حالەش تا ماوەیەك لە ماڵ دەمێنێتەوە وسەرو کەللەوکلك وشاخی موولی‌دەرهاتوویی و بێ‌توانایی جنسی ، دەبنە هۆی گاڵتەپێکردنی لەلایەن ئەوانەوە . پاش ئاوارەیی و خۆشاردنەوە لەچێشتخانەی ( شاندەر ) پەنا بۆ کلوپی (گاریك) دەبات کە شوێنی هیندی‌یە کۆچکردووەکانی وەك خوێنی . لەم ماوەیەدا بۆی دەردەکەوێت کە لایەنگری‌کردنی خۆرئاوا و خۆ بە ئینگلیز زانیەکەی ڕووەوپووچی بردوویانە . لەوێ ئاگایی لەسەر ڕق و کینەی هەردەم زیادکردووی کۆمەڵگای ئینگلستان و ڕەگەزپەرستی و دەمارگرژی فەرهەنگی و بێ‌موبالاتی خەڵك لەئاست یەکدا و بێ ڕیشەیی ، پەیدا دەکات و ئەمەش تەکانێکی گەورەی وای پێدەدات کە حالی ببێت پاش سالانێکی زۆر ئینگلیزبوون ، هێشتاکەیش نەبۆتە ئەندامێکی ئەو کۆمەڵە و

تەنیا هەر هیندی‌یەکانی کلوپی (گاریك) ، گاڵتە بە سیما (بزن)ی‌یەکەی ناکەن . ئەم هیندیانە ، دانیشتوانی ئەو (بازێڕە بینراوە نادیارە)ی گەڕەکی ئاسیایی‌خۆرهەڵاتی لەندەنن ( Asian East Enders ) کە ماوەیەکی زۆر بوو سەڵاحەدین خۆی لێ بەدوور دەگرتن .

لێرەدا سەڵاحەدین قسەی ( زینەت وەکیل )ی کچەهاوڕێی دێنەوە یاد کەدەیگوت، بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕەسەن بێت ، پێویستە لەچوارچێوە فۆلکلۆری‌یە داخراوەکان بێتەدەرێ و چەپکێ ڕەفتار و ڕەوشتی مێژوویی دەستەچن بکات ، چونکە فەرهەنگی میللی ئەم ڕۆژگارە جگە لەڕواڵەتی فەرهەنگی ئاریایی و مەغۆلی و ئینگلیزی و... چیدی نیە و تەنیا ئەو فەرهەنگانەیش دەردان تیمار دەکەن ، کەواتە باشترین شت گوڵبژێرکە و ئەوی دی توورهەڵدە ( Take the best & Leave the rest ). دوای بیرهاتنەوەی ئەم قسانە ، سەڵاحەدین بەرەو هیندستان دەگەڕێتەوە . ڕووخساری ئەهریمەنیانەی دەگۆڕێت و جارێکی دی لەشێوەی مرۆڤدا، ژیانێکی نوێ دەست پێدەکاتەوە .

بەم جۆرە ، فریشتە ڕێگەی لێ ون دەبێ و ئەنجامێکی ئەوتۆی نایەتەدەست. بەڵام ئەهریمەن لەگەڵ گشت سەرسووڕمان و بێهوودەیی و سەرلێشێواوی و دوولەتی‌کەسایەتیشی دا ( کە ئەمانە بەری زیانی بوون لەجیهانی سوپەر مودێرن ی خۆرئاوا )دا، ڕێگەی ئومێدبەخش ، لەپێناوی زیندووبوونەوەدا بەدی‌دەکات و درێژە بەژیان دەدات . ئەم ڕێگەیەش نەپشتی بەهەناسەی قووڵ‌هەڵکێشان بۆ گوزەشتە و ئالوودەبوون بەنۆستالیژی بەستووە ، نە کاریگەری بیروڕا هاوچەرخەکانیشی بەسەرەوەیە .

ڕوشدی پێشنیاری خولقاندنی دژەپاڵەوان و بیری ڕەخنەگرانەی سوودبەخش و ئومێدەوار لەدژی ئایین و نەتەوە و دەوڵەت و فەرهەنگ و ئەفسانەپەرستی دەکات. ڕۆمانی ئایەتە ئەهریمەنیەکان لە نوبەشدا نموونەیەکی ئەم پێشنیارەی ڕوشدی‌یە کەلەژێر ئەم ناونیشانانەدا دەیخاتە ڕوو : ( جوبرەئیلی فریشتە ، ماهوند ، ئیلوین دیوین ، ئایشێ ، بازێڕە بینراوە نادیارەکە ، گەڕانەوە بۆ جاهیلیە ، ئیزرائیلی فریشتە ، دوو شەق‌بوونی دەریای عەرەبی ، چرای سەرسامکەر ) .

## ناسیۆنالیزم و مەنفا :

لە ڕوانگەی جوان‌ناسی‌یەوە ، ناسیۆنالیزم و مەنفا دوو لوتکەی ناکۆکی هەستێکن کەلە دوو شێوە سیستەمی هونەری دژ بەیەکدا ڕەنگ دەدەنەوە : بت شکاندنی هونەری ( ICONOCLASM ) ، لەبەرامبەر غروری میللی‌دا ، یاخود بیرکردنەوەی تاکەکەس لە

ئاست حەقیقەتی کۆمەڵیدا . لێکدانەوەی ئەم دوو هەستکردنەیش پێویستی بەدوو فەرهەنگی جیاواز هەیـە .

چەمکی مەنفا ، پێویستە بەهۆی وشە مودێرن و سیاسی‌یەکانەوە ڕوون بکرێتەوە ، لـە کاتێکدا بۆ ڕوونکردنەوەی هەستی ناسیۆنالیستی پێویستە بگەڕێینەوە بۆ فەرهەنـــگ و واژەنامە ئەدەبی‌یە کۆنەکان . ئەم دابەشکردنە ، نەك هەر تەنیا دوو شێوەی بینینـــی وەکو تاك پەرستی و کۆمەڵپەرستی پیشان دەدات ، بەڵکو لەحاڵەتی ( یاخی‌بـــوون و خاوبوونەوە ، بردنەوە و دوڕاندن ، هاندان و کشانەوە ، تایبەت و گشتی ، تەنیایی‌و قەرەباڵغی )شدا ڕەنگ دەداتەوە .

تەنینەوەی ئەم چەمکانە لەزەین و ڕۆحیەت و هەستی کەسانێکی وەکو سەلاحالدیـــن چەمچاو جوبرەئیل‌فریشتەشدا ، بەڕوونی دیارن . نووسەر بەخستنەڕووی ئەم دوو جـۆرە کەسایەتیە،لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەی تازەدایە بۆ ئاشکراکردنی ئەو ڕێگرەی لە شـێوە دیالۆژێکی نەتەوەیی‌یەوە ( National Discourse ) سەر هەڵدەدات و دەبێتـــە هۆی ئیمکانی وەدی‌هاتنی (داگیرکەری نوێ) .

چەمچا ڕووخسارێکی ئەم دیالۆژە ئاشکرادەکات . (چەمچا ) گوتەیەکی شیرینی ســەر زاری ڕوشدی‌یە ، کە لەزمانی ئۆردوودا بە مانای (کەوچك ) دێت و لەزمانی ئاخاوتنـــی ڕۆژانەیشدا ناوە بۆ مرۆڤی زمان‌لووس و کاسەلێس . لەسەراپای ڕۆمانەکەدا ، جوبرەئیــــل فریشتە و زینەت وەکیل بە کەوچـــــك (Spoono) بانگی دەکەن . لەڕاستیشـــدا ، سەلاحالدین چەمچا مرۆڤێکی فەرهەنگی خۆفرۆشە کە خۆرئاوا و داگیرکەری نوێ لەسەر ئـەو دەژین . ئەم کەوچکە ئەدەبیانە، یاخود ئەم (چەمچا )یانە لەڕۆمانەکانی دی ڕوشدیشـدا بەرچاو دەکەون :

لەڕۆمانی " منداڵانی نیوە شەو "دا ، ئادەم عەزیز ، مرۆڤێکی بێگانەی بێ‌بڕوایە کە پاش خوێندنی دکتۆرا لەهەندەران ، دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی (هیندستان ) .بەڵام لەوێ دەبێتە جێگەی گومان و بێ‌متمانەیی‌هەموو هاونیشتمانیەکانی و بەخۆفرۆشی دەدەنـــە قەڵەم . عومەر خەیامی پاڵەوانی ڕۆمانی " شەرم " ، زۆڵێکی ئینگلیزپەرستە کە چیرۆکـــی ژیانی " کەوچك ئاسا "ی بریتی‌یە لە مێژووی سازشکاری‌یەکەی لەگەڵ " داگیرکەری‌نوێ"دا .
ا بۆ ئەوەی ڕوشدی خوێ[illegible] نە[illegible]یەکێك لەو (کەوچك)انە ، یاخود بۆ ئەوەی خـــۆی ـەرزەنشت بکا ، دێت لەگشت ڕۆمانەکانیدا ئەوە دەردەخات کە ئەو ڕقی لە(کەوچك )ـە . کەسانێکی وەکو خۆیشی بە کۆچەر ، یان دوورخراوە ناو دەبات .

لایەنیکی دی ئەم دیالۆژی نەتەوەیی‌یە ، واتە ناسیۆنالیزم ،بریتی‌یە لە کەسایەتـــی

جوبرەئیل فریشتە . ئەم کەسێتی‌یە بەیارمەتی کاراکتەری فرەناسنامەیی و خەونە سەرسووڕهێنەرەکانی ، ناسیۆنالیزمی هیندیمان بۆ ئاشکرا دەکات و خاڵی بە یەك گەیشتنی ڕابوردووو و ئێستای غروری میللی نومایش دەدات .

جوبرەئیلی فریشتە ، بەوێنەی هونەرمەندی بەناوبانگی سینەمای هیندی ( ئامیتان بخان ) کە لە کوتایی شەستەکانەوە تا سەرەتای هەشتاکان وەك سووسبوولی رەسەنایەتی میللەتی هیندستان حسیبی بو دەکرا ، خوشەویست و جیکەی ریزی خەلك بوو . ( ئامێتان بخان ) هاوری‌ی قوتابخانەیی ( سانجا گاندی ) و خزمی بنەماڵەی‌نەهرۆی سەرۆك وەزیر بوو ، کە پاشان لە ئەنجومەنی میللی‌دا بووە نوێنەری شاری اللەئاباد .

هەروەکو ڕوشدی لەڕومانەکەدا باسی دەکات ، ئەو دەمەی ( بخان ) لەکاتی تۆمارکردنی فیلمێکدا بەهۆی ڕووداوێکەوە بریندار دەبێ ، سەراپای خەڵکی هیندستان ، لەحەسرەتی لەدەست دانی غروری میللی‌یان ، ماتەم دایان دەگرێ و، تەنانەت ئەندیرا گاندی گشت سەفەر و بەرنامە سیاسی‌یەکانی ڕادەگرێ بۆ ئەوەی بچێتە دیدەنی (بخان )ی ناسیۆنالیست کە ئەو دەم لە نەخۆشخانەیێ بۆمبای کەوتبوو .

ئەم دیالۆژی نەتەوەیی‌یە بەهەردوو شێوەکەی ، ڕوشدی ڕۆشنبیر دەخاتە عەزابەوە . ئەو بۆ خەباتکردن لەدژی ناسیۆنالیزمی هیندی و هەڕەشە فەرهەنگی‌یەکانی داگیرکەری‌نوێ ، بڕوای بەیارمەتی وەرگرتن لە سوننەت و ڕابوردوو نیە . بەبڕوای ئەو، سەردەمی بیری ( غەرب زەدەگی ) و ( خزمەت و خیانەتی ڕۆشنبیران )* بەسەر چووە . بۆیە ئەو ڕێگایە پێشنیار دەکات کە لەگەڵ هەل و مەرجی دوورخراوەیی خۆیشیدا زیاتر ڕێك‌دەکەوێ. هەڵبەتە پێشنیارەکەی ڕوشدی هێندە تازە نیە ، ئەگەر تازەیش بێت ئەوە لەبەر ئەوەیە کە خراوەتە بەردەم خەڵکی ئەو دێڤەرەی زەوی کە ( خۆرهەڵاتی )ی ناوە .

بەر لە ڕوشدی زۆر نووسەری ئەمەریکای لاتینی وەك گابریل گارسیا مارکیز، ماریۆ وارگاس روسا ، ئیزابیل ئالندە ، ئالخۆ کارپنتێر و چەندین نووسەری دیکەی وەکو ، باراتی موکرجێ ، گونتێر گراس ، ئەی، ئیل دیکترۆڤ ، مێلان کوندێرا و نەدیم گۆردیمەریش بەشێوەی جۆراوجۆر ئەو بیروڕایەی ڕوشدی‌یان لەبەرهەم و نووسینەکانیاندا بە چەند شێوە خستوتەتە ڕوو.

هەموو ئەو نووسەرانە ویستویانە بە ئاوێتەکردنی زمان و فەرهەنگەکان، ئەو جیهانە بخولقێنن کە تێیدا جێگەی " جیهانی یەکەم ، جیهانی دووەم و جیهانی‌سێیەم" نابێتەوە.

---

* دیارە لێرەدا نووسەر هێما بۆ هەردوو کتێبەکەی نووسەری ئێرانی ( جلال آل احمد ) دەکات . ئێمە ناوی کتێبی یەکەمان وەکو خۆی و بە ئەلف وبێ‌ی‌باو نووسیوە.
- وەرگێڕ -

هەواڵنامەی کتێب

ئەمان بۆ لێدانی پرۆژەکانی داگیرکەری نوێ و پەیداکردنی جێگیرەوەی فەرهەنگــــی نەتەوەیی ، پێشنیاری جۆرە ئەخلاقیەت و بەیناوبەینی فەرهەنگی ،( ئاوێتەیی فەرهەنگەکان ) in-Betweenness دەکەن .

ئەوەتا باراتی موکرجێ ، نووسەری هیندی ڕەگەزی نیویۆرك نشین ، لەسەر هونەری بەیناوبەینی‌یەوە ( Art of in – between ) ، کە یەکێکە لە تایبەتمەندی‌یەکانــی نووسەری ( کۆزمۆپۆلیت ) ، دەڵێت :

( ئەز بەو هێزە خەیاڵی‌یە گەیشتووم ، کە بەهۆی فەرهەنگی نیمچە تەبام لەگــەڵ خۆرهەلاّت و ، هەستی پەیوەندیم بەو سەرزەوی‌یە دوورە دەستەی کە نامەوێت بۆ هەمیشـە بۆی بگەڕێمەوە ، دەکەوێتە گەڕ و جووڵە دەکات . من دووبارەبوونەوەی داســـتانـــی " دوورخراوەییم " لەزۆربەی شارەکانی ئەمریکاشدا دەبینمەوە ، بۆیە لەبری ئەوەی وەکـو ناسنامەیەکی هەلّوەشاو تەماشای هیندی‌بوونم بکەم ، دێم بە پێچەوانەوە لەهەر جــۆرە کوێربوونەوە و لەبارچوون و گۆڕانێکی شێوەیی دەیپارێزم و شانازی پێوە دەکەم . بــەلای منەوە ، هیندی‌بوون ئیستیعارەیەکە ، کە دەتوانم بەهۆیەوە لەبەشێکی واقیعی جیهانــی ئەمرۆ تی‌بگەم ) .

تیۆرەکانی موکرجێ و نووسەرانی دی ، بەهیچ شێوەیەك بەلّگەی ئەوە نین کە ئــەو نووسەرانە سەر بەخێزانی یەك شێوازی ئەدەبین . بەلّکو هەریەکەیان بەشێوازی خۆی و بە پێی ئەو تێگەیشتن و بەهایەی بۆ فەرهەنگی سادەی بوومی دادەنێن ، هاتوون بەرهەمی خەیالّی و ریالیستی‌یان لەسەر ژیانی ئەو مرۆڤانە خولّقاندووە کە بەرەو کۆمەلّگای خۆرئــاوا دوورخراونەتەوە . ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەنجامی سێ سەدە فەرهەنگ پێکەوەنانــی خۆرئاواییەکان ، بە سی سالّ ڕۆمان نووسی ئەو نووسەرانە گۆڕانی بەسەردا بێت و جۆرێك لە فرەزمانی و فرەفرەهەنگی بێتەئاراوە .

جگە لەوەیش ، کۆزمۆپۆلیت بوونی ئەم نووسەرانە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان توانای سەفەرکردنیان بۆ لەندەن و پاریس و نیویۆرك هەیە و، بەهۆی ئادابی هاتووچــــۆوە ( Rite of Passag ) توانیویانە ببنە شارستانی ، تاکو لەبەرزی بورجی‌عاجــەوە ، داوەری لەسەر فەرهەنگی میللی خۆیان بکەن ؛ بەلّکو مەسەلەی بنەڕەتی ئەوان لەوێــــدا دەردەکەوێ ، ئەگەرچی رەوتی ( میللەتسازی ) لەئەورووپای سەردەمی جەنگی یەکـەم و دواتردا هاتەدی ، بەلاّم ئێستا سیاسی و تەکنۆکرات و رۆشنبیرانی " جیهانی‌سێیەم"ن ، بۆ بــەدی هێنانی ئەو بیرە خەویان لەخۆیان بزرکاندووە . ئەگەرچی‌ئێرەوئەویش برناکات ! لەروانگەی نووسەرێکی وەکو ( ماریۆس فارگاس )ی پیرۆیی‌یەوە * ، دەتوانرێــــت

* پیرۆ ، یەکێکە لەولاّتانی خۆرئاوای ئەمریکای لاتین .

تایبەتمەندی‌یەکانی میللەتسازی ، ئەویش لە جۆری جیهانی سێیەم ، لەو شۆڕشە ئایینی‌یە پڕ کینە و ڕقانەدا ببینرێت ، کە دروشمی داوێن پاکی ( Purity ) لە ئاست ( بەرەللایی ) خۆرئاوایان تیادا بەرز دەکرێتەوە . هەروەها ئەم تایبەتمەندی‌یانە، لە خیانەتکاری چینی دەسەلاتدار و ، بێ‌توانایی‌یان لەئاست خۆ هەلقووڕتاندنی سەربازی خۆرئاوایی‌یەکان و ، ناسیۆنالیزمی دەرۆزنانەی نێو دامودەزگای پڕوپاگەندە و، بۆیەکردنی شەری پارتیزانی بە سۆسیالیزمی گرێدراو و ، خۆهەلواسینی ڕوالەتی و دەرۆزنانەی گەریدە ئەوروپایی‌یەکان دا ، بەڕوونی دەبینرێن . بۆ بەشداری‌کردن لەڕەوتی میللەتسازی‌دا ، پێویستە چیرۆکی لە ئەفسانە ئاخنراو بنووسرێت و ئەمەش ناچارمان دەکات پەنا بۆ واژەنامە کۆنەکانی ئەدەب ببەین . دیارە نووسەرانی کۆزمۆپۆلیت خۆیان لەم کارە نادەن و سەلمانی ڕوشدیش لەو جۆرە میللەتسازی‌یە پڕبووە .

بۆ ئاشکراکردنی ئەو ناسیۆنالیزمەی کە لەم سالانەی دواییدا لەولاتی هیندستان و پاکستان و ئێران‌دا بەشێوەی جیاوازجیاواز ڕەونەقی پەیداکردووە و نووسەرێکی وەک ( ئیعجاز ئەحمەد ) بە: ( ناسیۆنالیزم لەماتەم‌دا ) ناوی دەبات ، ڕوشدی چاکی کردووە بەلادا و گەرەکیەتی پەردەی لەڕوو هەلمالێ .

لە یەکێک لە خەونەکانی جوبرەئیلی فریشتەدا ، ( پێشەوای عەمامە بەسەری کینسینگتۆن ) لەحالێ لاقەکردنی ( شازادە ئایشی‌ی شەراب خۆر )دایە! ئەم پێشەوا ئایینی‌یە بۆ بەربەرەکانێی ( بەرەللایی ) دەیەوێت سوود لە دروشمی ( داوێن پاکی ) وەربگرێت و سەرنجی یارانی بێ‌ڕاکێشێ . ئەویش هەروەکو ماهوندی پێغەمبەر و ئەسحابەکانی ، کە بەهێنانی ئاو لەسەرچاوەکەیەوە، دژ بەشاری (جاهیلیە) وەستان و کەوتنە شەڕەوە ، لەگەل شازادە ئایشی‌ی شەراب خۆردا دەکەوێتە جەنگەوە و، ئاو دەکاتە چەکێکی دژ بە ئەو . ئەم پێشەوایە خورد و خۆراکی هەر ئاوە ، بڕوایشی وایە بێگەردی ئاو هەروەکو سادەیی و بێ گوناهی ئەو کەسەی دەیخواتەوە ، کاریگەری و (نفوذ )ی‌خۆی هەیە . لە هەمان کاتیشدا ، هەوالنێرە ڕادیویی‌یەکەی بەردەوام دروشمی ( ئاو ) دەلێتەوە و جەماوەر دژی تەکنولۆژیا و مێژوو هان دەدات . ( بیلال ئێکس × ) کە گۆرانی‌بێژێکی ئەمەریکی‌یە و لەسەر دەستی پێشەوا بڕوای بەئیسلام هێناوە ، بەم جۆرەی خوارەوە قسەکانی پێشەوا بەگۆرانی دەلێت :" گەورەترین درۆی جیهان ، پێشکەوتن و زانست و مافەکانن . . . مێژوو گومرابوونە لەڕێگای ڕاست ، زانستیش تاوانە و هیچی‌دی، چونکە ئەو دەمەی خودێ فەرمانی بۆ پێغەمبەر ناردە خوارێ ، زانست کۆتایی‌پێهات. . ."

ڕوشدی بۆ سەرنج ڕاکێشانی جەماوەر بەرەو ئایین ، سوودی لەئیستیعارەی " ئاو " وەرگرتووە . ماهوند ئاو بۆ شاری جاهیلیە دەبا ، پێشەوا بەئاو زیندووە . خالیدی

کوڕی پێشەوا :( ئیمام) لە ئینگلستان دەژی و چاویلکەی ئاویی لەچاودەکات . بیلالی دەمڕاستی پێشەوا و بانگبێژی پێغەمبەریش بەردەوام ئاوی پێیە .

بە مەبەستی ئەوەی شەڕی ئیمام و شازادە ئایشێی شەراب خۆر بگاتە ئەنجام ، چریکەی بیلال و شێوازە گاڵتەجاڕییەکەی ڕوشدی تێکەڵ یەك دەبن . بیلال بەردەوام لەڕادیۆوە ئەم دروشمانە دەخوێنێتەوە : " بمرێ دیکتاتۆر ، بمرێ شازادە ئایشێ ، بمرێ ڕۆژژمێر ، بمرێ مێژوو ، بمرێ ئەمریکا ، بمرێ زەمان ... ئێمە لایەنگری ئەبەدیەت و بێزەمانی و خوداین .. ئێمە لایەنگری پەنگ؛خواردنەوەی ئاو و دوژمنی شەرابی ڕەوانین .. کتێبەکان ئاگردەن و بڕوا بە " کتاب " بهێنن .. کاغەزەکان لەت و پەت کەن و گوێ بۆ گوفتار ڕادێرن ، ئەو گوفتارەی بەهۆی جوبرەئیلەوە بۆ پێغەمبەر هاتەخوارەوە و پاشان بەئیمام گەیشت .

ئیدی هێندە نابا ، جەنگی پێشەوا و شازادە ئایشێ ، بەسەرکەوتنی پێشەوا دوایی دێت . ئەویش لایەنگرانی خۆی تێژدەکات و لەبەردەم کۆشکی ئایشێی شەراب خۆردا ، خۆپیشاندان سازدەدەن . خۆپیشاندەرەکان بەرەو ناوەوەی کۆشك هێرش دەبەن و بتی " ئال لیت " ، ( کە پێشتریش ماهوند لەجاهیلیەدا دژی جەنگاوە ) ، دەشکێنن و ئاور بەردەدەنە هەموو شتێك .

لە ئەنجامی شکاندنی بتی " ئال لیت " دا ، فریشتەیەکی کەس نەناسی تووك دەرداوی باڵ شکاو ، لەناوەڕاستی باخچەی کۆشکدا سەوز دەبێت . جوبرەئیلی فریشتە کە لە خەونیدا زاڵبوونی ئیمام بەسەر ئایشێدا دەبینێ ، لەپڕ تەماشا دەکات وا ئیمام بۆتە دێوێکی زەبەللاح و لەبەرامبەر کۆشکدا زاری داپچڕیوە و یەك بەیەکی لایەنگرەکانی ، کە پاش سەرکەوتنەکەیان بەخۆشی و شادی لەکۆشك دەهاتنە دەرەوە ، قووت دەدات !

ڕوشدی بەیارمەتی گۆڕینی پێشەوا بە (دێو) و ئەو شەڕەی دەیکات ، جگە لەوەی هێما بۆ شۆڕشی ئێران دەکات ، ئاوهایش دەیەوێت ئەو ڕێگایانە ڕەت بکاتەوە کە بە ڕەهایی بوونی " ئیستیبداد " ئاو کۆتاییان دێت ! هەروەکو چۆن سەلمانی فارسی توانی گوفتاری جوبرەئیل لەزمان ماهوندەوە بنووسێتەوە ، ئەمیش بەهەمان شێوە و لە ئەنجامی خوێندنەوە و ڕەخنەگرتن ەمێژووی ئیسلام و حەدیسی پێغەمبەرەوە ، ویستوویەتی گوفتارێکی دی بخولقێنێت . [illegible] ئەم گێڕانەوەیش پێغەمبەرانەیە ، بەڵام بەپێچەوانەوە دژی ڕەهایی بوون ( موتڵەقی ) [illegible] ... ڕەنگە هەر لەبەر ئەو هۆیەش بێت کە کتێبی " ئایەتی ئەهریمەنیەکان " وەك ڕۆمانێکی بەهێز و خولقێنەر ئەو هەموو دوژمنەی لەخۆی کۆکردبنەوە .

لە ڕۆمانی " ئایەتە ئەهریمەنیەکان " دا ، ڕوشدی نەخۆرهەڵاتی بە خۆرئاوا

هەواڵنامەی کتێب

مرۆسنووە و ، نەهاتویشە نوسنەی پارێز و کۆنەپەرستی بۆ رادیکالیزمی ئیسلام بنووسێ . بەڵکو ویستویەتی وەك رۆشنبیرێکی رادیکاڵ و ئاگا ، بەهۆی ئەدەبەوە لایەنە جۆرا و جۆرەکانی ژیانی هاوچەرخ پیشان بدات ، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لەو داریمانە بکات کە لەئەنجامی جەنگی نەتەوایەتی و ، شارستانیەت و کۆمەڵگای نامۆیی و فەرهەنگی سەپاوەوە ، چاوەڕێی نەوەکانی داهاتووی مرۆڤایەتی دەکات . ئەو لەوتارێکدا دەنووسێ :

" ئەز بەهۆی ئاوێتەکردنی رۆمان و سیاسەتی تازەوە ، گەرەکمە ئەوە پیشان بدەم کە ، جیهانی مودێرن نەك هەر قونجرێکی بۆ خۆشاردنەوە تێدا نەماوە ، بەڵکو لە بریاردانیش خاڵی بۆتەوە . هیچ رێکەوتنێك بەدی ناکرێت : ئایا واقیع چییە؟ . ئالەم جیهانەشدا پێویستییەکی زۆرمان بەرۆمانی سیاسی هەیە ، پێویستیمان بەو بەرتووکانە هەیە کە بتوانن نەخشەی باشتر لەسەر واقیع رەسم بکەن و زمانێکی نوێ دابهێنن کە بەهۆیەوە بتوانرێت باشتر لەدونیا حاڵی بین . هەر نووسەرێکی رادیکاڵ ، دەبێت رۆوباسی ئەو حەقیقەتەی لەبەرچاو بێت کە ( عەینییەت ) لەم جیهانەدا ، لەنێو ئۆکیانووسی مەرسی مرۆڤایەتیدا . کە گەرد و لوولەکانی تراژیدیا و کۆمیدیا ئاوێتەی یەکدی دەکەن ، هیچ مانایەکی نیە و زیاتر لە خەونێك دەچێت . ئەمەیش ئەو ئامانجیە کە ئیمکانی بەدیهێنانی زۆر زەحمەتە و خەیاڵێکە ، بەڵام بۆ ڕیالیکردنی ئەم خەیاڵە نابێت دەستەوەستاو بین . چونکە لەم جیهانەدا ، گوتەکەی ( ساموێل بیکێت ) فەرمانڕەوایی دەکات کە دەیگوت : توانای پێشڕەویم نیە ، بەڵام بەرەو پێشەوە دەڕۆم , I can't go on I'll go on ".

(١) دەقی رۆمانەکە بەم جۆرە دەست پێدەکات : ( " بۆ ئەوەی تازە لەدایك ببەوە ... " جوبرەئیل فریشتە لەکاتی بەربوونەوەی لەئاسمانەوە گۆرانی دەڵێ " ... دەبێ یەکەمجار بمری . های ، هۆی هەی وای ! بۆ ئەوەی لەسەر زەوی ڕوق هەڵاتووی خۆێن لەنگەر بگری ، دەبێ یەکەمجار بفڕێ .. ئەی عەرشی گەردوونێ ، چۆن بزە لەلێوانت دەنیشێ ، تا نەگرێیی ؟ برادەرینە ! بەبێ ئاه و ئاڵان دڵی یار چۆن دەبری؟ .. بابەکەم ، گەر دەتەوێ تازە لەدایك ببی .... "
کازێوەی رۆژێکی زستان ، یەکێك لەرۆژەکانی سەری ساڵی نوێ ، دوو فرۆکە سواری جاحیل لەهەوایی بیست و نۆهەزار و دوو پێ‌دا ، بەزیندوویی و بێ چەتر و باڵ ، لە ئاسمانێڕا بەسەر کانالی ئینگلیزدا بەردەبنەوە ) - وەرگێڕ -

کۆتایی هاوینی ١٩٩٠
Liseleje - دانمارك

## تێبینی یەك :

لەکاتی وەرگێڕانی ئەم وتارەدا سوودم لەم دەقەی رۆمانی " ئایەتی ئەهریمەنیەکان " وەرگرتووە : Salman Rushdie : De satanisk vers, Pa dansk ved. Samleren Danmark 1989 . ISBN 87-568-0968-9.



# گفتوگۆیەك لەگەڵ

## *Ebbe Kløverdal Reich*

* تۆ وەك نووسەرێك ، لەدانمارك بەناوبانگی ، بەڵام لەنێو کوردان‌دا نەناسراوی . دەشێ بەر لەهەموو شتێك خۆت بەخوێنەران بناسێنیێ ؟

** بەڵێ ، ناسراویم لەدانمارك بەهۆی چیرۆکە مێژوویيەكانمەوە ( ڕۆمانەكانم )بووە ، كە بابەتی مێژووی دانماركيان لەخۆ گرتووە . ئەگەرچی لەدانمارك بەرهەمەكانم زۆر دەخوێنرێنەوە ، بەڵام جارێكيش بەرهەمم وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی هۆڵەندی و ئەمريكايی . بێگومان ئەمە زۆر نيە ، هۆی ئەوەيش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی من زياتر سەرقاڵم بەمێژووی دانماركەوە : كۆنترين وولاتی پاشايەتی دنيا - ئێمە زۆر خۆمان بەمەوە هەڵدەكێشين !- ئێمە مێژوويەكی دوور و درێژمان هەيە ، من هاتووم بەشێوەيەكی ئەدەبی مامەڵەم لەگەڵ ئەم بابەتەدا كردووە . جگە لەوە ، لەبەر ئەوەی كەوتوومەتە نێو ململانێی سياسی‌يەوە ، بۆيە شان بەشانی ڕۆمان نووسين ، ڕۆڵی نووسەرێكی سياسيشم بينيووە . لەڕاستی‌دا ئەم دوو شتە وايان‌كردووە دانماركيەكان بزانن من كێم .

قسەكردن لەسەر ژيانی خۆم تۆزێك سەختە ، بەڵام ديسانەوە هەوڵدەدەم ڕۆشناييەك بخەمە سەری . من ساڵی ۱۹٤۰ لەدايكبووم و لەخێزانێكی دارا و دەنكی‌دا- ئەو خێزانەی لەدايك و باوك و دوو منداڵ پێك دێت (و) - گەورەبووم كە دەشێ بڵێين سەر بەچينی ناوەڕاست بوو ، بۆيە بۆم لوا بخوێنم . بەڵام لەماوەيەكدا من و هاوتەمەنەكانم تووشی نارەحەتيەكی گەورە بووين : پەرەسەندنی مەترياليستانەی ساڵی شەستەكان بەشێوەيەكی ڕاست و واقيعيانە بەكارنەهێنرا ، بۆيە ماشێن ( ماشێنی‌تايبەتی ) و سەلاجەی زۆر كڕدران ، بێجگە لەو جۆرە شتانە ، بۆ شتێكی چاك لەنێو كۆمەڵدا

بەکارنەهێنرا . لەپڕێکا پارەمان ئەوەندە زۆر بوو کە دەکرا کۆمەڵێکی عادیلانە و چاکتری بێ دابمەزرێنین ، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا و تەنیا هەستی خاوەندرێتی دامرکایەوەو بەس. لەبەر ئەوە هەندێك لەئێمە لەکۆتایی شەستەکاندا دژی ئەوە ڕاوەستاین و ڕاپەڕین ، ئەو ڕاپەڕینەی بەنێوی " ڕاپەڕینی لاوان " ناسرا . هەموو بێکارەکان ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپێشاندانیان سازکرد . ئەمانەش زۆر ئاشکرا و دیار هاوشانی ڕووداوەکانی پاریس و ئەمریکا و جوولانەوە خوێندکارییەکان دەچوونە ڕێوە و ئێمە خوێندکارانی ئەو وولاتانەمان بە هاوخەباتی خۆمان دەزانی . ئا لەو ڕۆژەوە من وازم لەخوێندنی زانکۆ هێنا - من لە کۆلیجی مێژوو دەمخوێند - ، بێگومان ئەگەر ئەو کاتە سەرکەش نەبوومایە و ئەوەم جێبەجێ بکردایە کەلێم چاوەڕوان دەکرا ، ئەوا ئێستا منیش مامۆستای زانکۆ دەبووم. بەهەرحاڵ من دانیشتم و دەستم دایە ڕۆمان نووسین . ئەوەی شایانی باسە ، ڕاپەڕینەکەی ئێمە تەنیا بۆ ئەو شتانە نەبوو کەباسمکردن ، بەڵکو لەدژی بنەمای خێزانی دەنکیش بوو . ئێمە لەو بڕوایەدا بووین کە دەشێ بەزۆر شێوەی تریش بژین ، لەبەر ئەوە بارمکردە نێو کۆلێکتیفێکەوە ( ژیانی بەکۆمەڵ و پێکەوەیی ) ، مەبەستم کۆلێکتیفەکەی خۆمە. خراپییەکەش ئەو کاتە لەوەدا بوو ، کە لەنێو کۆمەڵی دانمارکدا یەکگرتنی کۆمەلایەتی لەنێو ئەو خێزانە دەنکیە بچووکانەشدا نەمابوو .

من چوار منداڵم هەیە کە هەموویان لەنێو خێزانی دەنکیدا چاویان بە دنیا هەڵهێناوە ، بەڵام لەنێو ژیانی خێزانی کۆلێکتیڤیدا پەروەردە کراون .

*** تۆ تەنیا وەك ڕۆمان نووس و نووسەرێکی سیاسی ناسراوی ، یاخود لەبواری تریشدا بەرهەمت هەیە ؟**

** من شانۆش دەنووسم ، جاروباریش هەڵبەستی گۆرانی و شیعر و شتی تر ، بەڵام دەتوانم بڵێم ، پرۆسەی ڕۆمان نووسین مەسەلەی بنەڕەتی منە و شتەکانی دی لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو دادەنێم .

*** شان بە شانی نووسین لەسەر مێژووی دانمارك ، هەوڵت داوە لەسەر گەلانی دیش بنووسی ؟**

** بەڵێ . لەو کۆلێکتیفەی تیایدا دەژیام ، کوڕێك هەبوو بەناوی ( Troels )کە شەریکەبەش بوو لە کەشتییەکی گەورە و ڕازاوەدا بەنێوی ( Nord Kaperen ) کە دە کەس دەیانتوانی تیایدا بخەوین . هەر بەو کەشتییە گەشتی زۆر شوێنی دنیام کردووەو گەلێك بابەتم لەسەر تێکەلاوی لەگەڵ ڕەش پێستەکانی ناوچەی دەریای ئارام(پاسفیك)

نووسیوە . دوای ئەوانەش گەشتێکی گەورەم لەگەڵ کەنیسەی Folke Kirkens nød hjaelp کرد بۆ نیپاڵ و هیندوستان و هەندێ شتم دەربارەی دیتنەکانی ئەوێم نووسیووە . بە کورتی دەمەوێ ئەوە بڵێم ، من هیچ ناکۆکییەک لەوەدا نابینم ببمە نووسەرێکی نیشتمانی و نێونەتەوەیی ، وە لەو بڕوایەدام هەردووکیان دوورووی یەک شتن و پیاو ناتوانێ بەر لەوەی ببێتە نیشتمانی ببێتە نێونەتەوەیی .

*** بێگومان ئەوانە سوودیان هەبوو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جیاواز بڕوانیتە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەلتووری دانمارک ؟**

** بەڵێ ! ئەوەش یەکێک لە ئامرازەکانە کە بەهۆیانەوە مرۆڤ لەتاقیکردنەوەکانی دەرەوەی سنوور فێر دەبێت و سوودیان لێ وەردەگرێت . لە ئەنجامی ئەوەش بەچاوێکی تر ، چاوێکی ڕەخنەگرانە دەڕوانێتە ئەزموونی مێژووی دانمارک . لێرەدا دەڵێم ، پێویستییەکی زۆر گرنگە مرۆڤ زۆر شت دەربارەی نیشتمانەکەی خۆی بزانێ و لەڕەخنەگرتن سڵ نەکاتەوە ، ئەگینا کارەکە مەیسەر نابێ . زۆر نموونەی چاکمان هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە لەمێژووی دانمارکدا ، ئێمە لەهەندێ ڕۆژگاری مێژوودا بەچکە شۆڤێنیست بووین وخۆمان لە هەموو کەس بەچاکتر دەزانی . بەبڕوای من ، ئێمە لەو کاتانەدا و بێ هیچ قەید و مەرجێک لە هەموو کاتێک کەمزەتربووین . هەروەها پێویستە پەیوەندییەک لەنێوان ئەو هەستی ڕەخنەگرتنە بۆ نیشتمان و دامەزراندنی پۆزەتیڤانەدا هەبێ و هەردوو لایەنەکە هاوشانی یەک بن . هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ، دەبێ ڕەخنە لەخۆگرتن بەشێکی زۆر گرنگی کەسایەتی پێک بهێنێ .

*** لەکاتی ڕۆمان نووسین دا زیاتر بایەخ بە چ شتێک دەدەیت ؟**

** من زیاتر مەیلی نووسینی ڕۆمانی بەرفراوانم هەیە . من پێم وایە ڕاگەیاندنی ڕۆمان هەندێ شتی لەدەست دێ ، کە بوارەکانی تر لەدەستیان نایەت ، وەک توانای وێنەکێشانی پرۆسەی بەکۆمەڵ کە مرۆڤ دەتوانێ بەیەکجار وێنەی کەسێک لەنێو پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا بکێشێ . بۆ نموونە ڕاگەیاندنی فیلم ، زیاتر مەیلی خوردبوونەوە لە تاکە کەسی تێدایە ، بەڵام ڕاگەیاندنی ڕۆمان تاقە ڕاگەیاندنە کە هەردوو لای تاکەکەس - کۆمەڵ پێکەوە گرێدەداتەوە . واتە پێکەوە گرێدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی تاکەکەس و پەیوەندی فەیلەسوفانە لە نێو ڕۆماندا . من هەمیشە خوازیاری ئەوەم ئەم سێ لایەنە پێکەوە لەڕۆماندا جێی خۆیان بگرن . لێرەشدا ئەگەر بمەوێ دەست نیشانی هەندێ نووسەر بکەم کە لەسەر ئەم خاڵە هاوبیرن ، ئەوا ناوی ڕۆمان نووسی ئیتاڵی

ئومبێرتۆ ئێکۆ (Umberto Ecco) دەبەم کە ڕۆمانی " ناوی گوڵ "ی نووسیووە و لە ئەورووپادا زۆر ناوبانگی دەرکردووە . ئەم نووسەرە بابەتێکی مێژوویی لەکارەکەی خۆیدا دەربڕیووە و بەو شێوەیەی سەرەوە هۆنیویەتیەوە .

* نووسین لای تۆ کارێکی خۆڕسکییانەیە یاخود ئەنجامی پلانێکی دیاریکراوە ؟

** هەمیشە پلانی ڕێك و پێکم هەیە ، بەڵام بەردەوام تێکدەچێ . بەڵام حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە کارکردنی من بەدوو قۆناغی جیاوازدا تێدەپەڕێ : قۆناغی لێکۆڵینەوە و قۆناغی بیر لێکردنەوە . سەرەتا تێبینییەکان دەنووسمەوە و سەروبن و پۆل پۆلیان دەکەم ، پاش ئەوە پشوویەك دەدەم ، ئینجا دەست بەنووسین دەکەم . زۆر جار بەفۆرمێکی دیاریکراو دەست پێدەکەم ، بەڵام نووسینەکە بەرەو شوێنێکی جیاواز دەچێ ، بۆیە ناچار دەبم فۆرمێکی دی هەڵبژێرم . دەبێ ئەوەش ئاشکرابێ کە ڕۆمان نووسین پێویستی بەجۆرێك شاعیریەت و سیستەماتیزەکردن هەیە و هەر لەو ڕێگەیەشەوە نووسەر دەتوانێ گۆڕان لەناو سیستەمەکەی خۆیدا بکات .

* بەڕای تۆ ، نووسەرە گەورەکانی دانمارك کامانەن و چەندیان سنووری نیشتمانیان بڕیوە و لەسەر ئاستی جیهان ناوبانگیان دەرکردووە ؟

** ئێمە نووسەری گەورەمان زۆرە ، بەڵام زانیاری زۆربەی ئەوانە زیاتر دەربارەی خۆمانە . یەکەمین کەسێك کەدەشێ هێمای بۆ بکەم ، هۆنس ئەندەرسن ( H.C. Andarcen )ی چیرۆکنووسە کە بێهاوتا بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی تر و لە هەموو نووسەرەکانی ئێرە زیاتر ناوبانگی دەرکردووە . ساویلکەیی منداڵ و ڕەوتی فێڵبازانە بەردی بناغەی هەموو چیرۆکە سادەکانی ئەم نووسەرەن کەمنداڵ و گەورە دەتوانن شتیان لێ وەرگرن . نووسەرێکی دی گرۆندفی (NFS Grundtvig) یە کە پایەیەکی بەرزی لەنێو ژیانی ڕۆحی دانمارکیەکاندا هەیە و خۆم زۆر بەنزیکی دەزانم . یەکێکی تر ویلی سۆرنسن ( Willy Sørensen )ە کە ئێستا زۆر نانووسێ ، بەڵام کاریگەریی زۆری لەسەر نەوەی من کردووە . ئەم نووسەرە شوێنێکی زۆر تایبەتی لە جیهانی خوێنەری دانمارکیدا هەیە و کەس ناتوانی هاوتای بێ . دوای ئەو دەمەوی ناوی پیتەر سێبیرگ ( Peter Saeberg ) بهێنم کە بەرهەمەکانی زۆر لەدانمارکدا دەخوێنرێنەوە . یەك دوو نووسەری تریشمان هەن کە زیاتر لەدەرەوە ناوبانگیان دەرکردوە و لای خۆمان زۆر ناسراو نین ، بۆ نموونە هێنریك ستانیغوپ (Henrik Stangerup) کە لە فەرەنسا ناسراوە و ئەگەر لەپاریس لەیەکێك ، کەسەروکاری لەگەڵ خوێندنەوەدا هەبێ

بپرسیّ کیّ لە نووسەرانی دانمارك دەناسیّ ، بیّ یەك و دوو ناوی ئەو دیّنیّ. ئەمەش بێگومان مانای ئەوە نیە ئەو گەورەترین نووسەری دانمارکی‌یە .

**• کام لە نووسەرەکانی دنیا گرنگی تایبەتیان لەلات هەیە و کاریان تیّکردویت ؟**

•• ئەگەر من دەست نیشانی دوو نووسەر بکەم کە بیّ‌وینە بن ، ئەوا یەکسەر پەنجە بۆ شکسپیر و دیستۆفیسکی رادەکێشم . ئەوانە لەئاستێکی وادان کە ناتوانم کەس بە نزیکیان دابنێم . ئەمەش بەو مانایە نیە من زۆر لەوان تیّدەگەم . نەخێر هیچ کەس نیە بە تەواوی لەوان تیّ بگات ، ئەوانە زۆر گەورە و بەرفراوانن بۆ تێگەیشتن و دوو ئەستێرەی درەوشاوەن کە هەرگیز پیّیان ناگەین .

**• ئەی گابریل مارکیز ؟**

•• ئەویش نووسەرێکی مەزنە ، یەکێکە لەو نووسەرانەی لەکاتی دەربرینی‌پاڵەوانەکانی‌دا تاکەکەس و کۆمەڵ تیّك هەڵکێش دەکات . پێویستە هەموومان شوێن پیّی رێبازەکەی ئەو هەڵگرین .

**• چۆن دەروانیتە ریالیزمی سۆسیالیستی کە بۆ ماوەیەك لە هەندیّ لایەنی ئەدەبی جیهانی‌دا بالادەست بوو ؟**

•• من لەم بارەیەوە قسە دەربارەی خۆم دەکەم . من پیّم وایە رێکەوت نیە من دوو شێوە رێگەم بۆ دەربرینی تێروانینەکانم هەڵبژاردووە ، واتە نووسینی ئەدەبی و هاندانی سیاسی . بێگومان دەبیّ ئەمانە هاوشانی یەك بن و دژی یەکتر نەوەستنەوە ، ئەگەرچی دوو رێگەی جیاوازیش بن بۆ دەربرین . بەشێکی زۆری ریالیزمی سۆسیالیستی تێکەڵبوونی ئەم دوو شتە لەخۆدەگریّ . چاکتر وا بوو مرۆڤ بتوانیّ رۆمانێکی‌چاك بنووسیّ ، بیّ ئەوەی ئەو دووانە تێکەڵ بەیەك بکات . ئەمە دەشیّ قسەیەکی زۆر رەق بێت ، بەلاّم بەو مانایە نیە کە شتی چاك لەو بوارەدا نەبووە . مەکسیم گۆرکی نووسەرێکی مەزن بوو . بەهەرحاڵ ئەو بەرجەستەکردنە کارێکی وا ئاسان نیە ، وەك هەندیّ نووسەر بۆی‌دەچن ، و زۆر سەختە ریالیزم و شێوەی دراما پێکەوە گریّ بدرێن و ببرێنە پێشەوە .

**• چۆن دەروانیتە ژیانی مرۆڤ و بیرکردنەوەی ئازادانە ؟**

•• من خۆم مرۆڤێکی دیندارم و ئەندامی کەنیسەی پرۆتستانتی دانیمارکیم ، تێروانینیشم بۆ ژیان هەر لەو باوەڕەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە . ئەمە بەو مانایە نیە من

هەواڵنامەی کتێب

لەهەموو شتێکدا لەگەڵ کەنیسەدا نەبام ، بە پێچەوانەوە ، زۆرجار خۆم لەدەرەوەی ئەو کەنیسەیە دەبینمەوە . من لەو بڕوایەدام ، زۆر گرنگە مرۆڤ کراوە بێ بۆ توانای بڕوا و دەرفەت بە خۆی بدات بکەوێتە پەیوەندی‌یەوە لەگەڵ خودی خۆی و خەڵکی تردا . چونکە بڕوا و گومان دوو ڕووی یەك شتن ، ئەگەر مرۆڤ بڕوای هەبێ ئەوا گومانیشی دەبێ . زۆرجار گومانم بەرامبەر چۆنیەتی پەیوەندی خۆم لەگەڵ خوای مەسیحی‌یەکان و مەسیحدا هەبووە . . من لەو بڕوایەدا نیم ژیان هەستێکی کاتی بێ و ئەم ژیانە مەتریالیستی‌یە هەموو شتێك بێ . واتە باوەڕی ژیانی لادینی (الحاد ) بۆ من شتێکی بێ‌ئەندێشەیە ، یاخود ئەندێشەی کەمی تێدایە .

مەبەستم لەجیاوازی لەگەڵ کەنیسەدا ئەوەیە ، لێرە لە کەنیسەی دانمارك و هەموو کەنیسە مەسیحی‌یەکان ، تەنانەت لە مزگەوتی ئیسلامیشدا ، دیاریکردنی سنووری دەست پێکردنی ئایین و تەواوبوونی سیاسەت زۆر گرانە . زۆرجار کەنیسە ڕەوابوونی کۆنخوازی دەسەلمێنێ و مۆرێکی شینی لەسەر دادەنێ ، لێرەدا سروشتی‌یانە ئەمە دەبێتە کۆسپی بەردەمی پێشکەوتن و ڕزگاربی ڕاشاری و بەزۆرەملێ ڕانست لەقاڵبی میکانیزمی دەستکرد دەدرێت . بەلای منەوە ئەمە ڕووی دووەمی ئایینە ، بۆیە دەبێ لەبەرامبەری هوشیار بین ، ئەگینا لەنێو دەریای تێڕوانینی کۆنخوازیدا نقوم دەبێ .

دەربارەی بیرکردنەوەی ئازادانەش ، کەوەك زۆر شتی تر لەئافیکردنەوەدایە ، دەڵێم: ئێمە زۆرجار سوور دەبین لەسەر مافی بیرکردنەوەی ئازادانە ، بەڵام لەلایەکی ترەوە، پاش بەکارهێنانی ئەو ئازادییە ، ئەوە بەدی دەکەین پێویستیمان بە زەبتکردنی بیرکردنەوە دەربارەی هەندێ شت هەیە . واتە ئێمە دەکەینە ئەو باوەڕەی هەندێ لەو ئازادی‌یانە نووردەبن . بەهەرحاڵ ئەو ئازادی‌یەی‌هەمیشە لەجرت و فرتدایە سوودێکی چاکی بۆ مرۆڤ نابێ .

*** ئێستا دەچینە سەر هەندێ لایەنی دی کە بەبڕوای ئێمە، ئەگەرچی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بواری تایبەتی شارەزاییتانەوە نیە ، بەڵام سوودبەخشن بۆ خوێنەری کورد ڕۆشناییان بخرێتە سەر . یەکێك لەوانە مەسەلەی شانۆیە لەدانمارك. بەبڕوای ئێوە شانۆی دانمارك ئەمڕۆ لە چ بارودۆخێکدایە و شێوازە زاڵەکانی کامانەن و خۆت زیاتر باوەڕت بەکام شێوازە ؟**

** مەسەلەی شانۆ لەدانمارك نۆزێ سەختە . لێرەدا ئەگەرچی بیروڕای جۆربەجۆر دەربارەی ئەو مەسەلەیە لەئارادایە ، بەڵام پێم وایە بەرزترین ئاستی ئەو شانۆیە سوودی‌لە سانۆی ئەم دواییەی ئیتالیا وەرگرتووە ، واتە شێوەی تایبەتی ئازادانەی گویل ( شعوذة

- Gøgl ) که لەساڵانی پەنجا و شەستەکاندا کاریگەری بەسەر شانۆی ئیتالیاوە هەبوو. شان بەشانی ئەوە " شانۆی پاشایەتی " مان هەیە کە بێبایەخە و هیچ شتێك ناداتە دەستەوە . بێجگە لەوە زۆر گروپی شانۆیی بچووك بچووك لێرە و لەوێ هەن . لەمانەدا جارجار شتی چاك و داهێنەرانە دەردەکەون و لەو بڕوایەدام ئەگەر شتێك ڕووبدات ئەوا هەر لەوانەدا ڕوودەدات ، نەك لەشانۆی پاشایەتی یاخود شانۆی گەورەی کۆن . ئێستا ئەزموونی شانۆی کۆن لەبارودۆخێکی زۆر نالەباردایە ، چونکە ئەو شانۆیانە زیاتر پشت بەو پارەتیانە دەبەستن کە لە خەزینە جۆربەجۆرەکانەوە دەیان درێتێ ، وەك : دەوڵەت ، کۆمۆنەکان . خۆ ئەگەر ئەو پارەتیانە نەبووایە ، ئەوا لەمێژبوو تەلەفزیۆن و سینەما شانۆیان قووت دابوو . لەگەڵ ئەوانەش دا ، جۆرە شانۆیەکی بەکۆمەڵ لەهەندێ کون و قوژبندا پەیدی دەکرێن کە ڕەگیان لە( Comica del arte ) وەرگرتووە و لەلایەن ( Harlekin & Pjerrot ) و ئەوانی ترەوە گەشەیان پێدراوە . ئەمانە جۆرێکی کوبل-ی گەلین و شتە زیندووەکانی دانمارك لەوێ سەرهەڵدەدەن . . ئێمە ئەمڕۆ هەوڵ دەدەین ئەو جۆرە شانۆ ئیتالیە ڕاکێشینە نێو سیستەمی دانمارکەوە کە شانۆی فەرەنسی ( Teatre du solei ) جوانترین بەشی بوو و لەلەندەن نموونەی چاکی پەیدیکرا . هیوادارم ئەوە چاك بڕواتە ڕێوە . بێگومان ئەمەش بەستراوەتەوە بە توانای داراییەوە ، ئەو توانایەی لەپاریس و لەندەن زیاترە تاوەکو لە کۆپنهاگن .

* لەم بوارەدا شانۆنووسی گەورەتان هەیە ؟

** لەم ڕۆژگارەدا یەکێکی وا شك نابەم ، واتە ڕۆماننووسی گەورەمان نیە لەدانمارك. خۆم یەکێکم لەو درامانووسانەی ئێرە ، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناتوانم بڵێم شانۆنووسێکی گەورەم .

* پێتان وایە ئۆپێرا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەڕابوردوودا ، ئێستا ڕۆڵی ئۆپێرا لەچ ئاستێکدایە ؟

** لەوەو پێش باسی شانۆی پاشایەتیم کرد ، ئۆپێرا و بالیە ، بەتایبەتی بالیە، هەر لەو شانۆیەدا نیشان دراوە . ئێمە لەبواری بالێدا بەنەریتی ( Bononville ) خۆمان زۆر بەناوبانگ بووین ، لەشانۆی هەڵپەرکێدا نەریتی کلاسیکی بەهێزمان هەبوو. ئەمڕۆ ئەو دوانە بەرەو لەناوچوون دەچن و خەریکن وەك مۆزەخانەیان لێدێت . ئەم شتانە لەژیاندا ماون ، چونکە هەبوون و دەبێ بشمێنن !! هەروەك چۆن ڕوسەکان قوزاقی دۆن دەنێرن ، ئاوەها دانمارکیش بالیە دەنێرێ .

* مۆسیقای دانمارکی لەچیدایە ؟ بۆچی زۆربەی گۆرانیبێژەکانی ئێرە زیاتر بە زمانی ئینگلیزی گۆرانی دەڵێن ؟

** مۆسیقا هونەرێکی نیونەتەوەیییە . ئەوەی لێرەدا گرنگە لێی بدوێین ئەوەیە کە لەم بەشەی دنیادا پیشەسازی بەرز وای لێکردوین ئامرازی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی یارمەتی ئەوە بدات کەلتووری مۆسیقا لەنێو وڵاتەکاندا لەهاتووچۆدا بێ . یەکێک لەوانەی کاریگەریی لەسەر من هەبوو ، بۆب دیلان ( Bob Dylan ) بوو. چونکە کاتێ ئیمە ئەم زاتەمان دۆزییەوە ، هێشتا ئەمەریکییەکان نەیان دەناسی ! زۆر بەپەلە هەنگاو دەنێین ، وانیە ؟! . . . شتێکی تر ئەوەیە کە زمانی دانمارکی وردە وردە بەرەو لەناوچوون دەچێ ، ئەمەش بەر لەهەموو شتێک لەمۆسیقادا بەدی دەکرێ . چێژی مۆسیقا نیونەتەوەییترین بەشە لەنێو ئەمەدا کەرۆڵی ووشە تیایدا گرنگ نابێ . هەر لەبەر ئەوەیش لەپێشەوە لەمۆسیقاوە دەست پێدەکات . لێرەدا دەبێ سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە هەندێک هەن خۆیان بەرامبەر ئەوە ڕاگرتووە .ئێمە نەریتێکی دانمارکی تایبەتیمان هەیە بەناوی ڤیسا ( Visa )وە - جۆرێکە لەگۆرانیووتنی بەکۆمەڵ ، کە لە بۆنەکاندا لەگەڵ گیتاردا دەوترێ و هیچ پەیوەندییەکی بەڕۆکەوە نیە ، بەڵام دەشێ تۆزێک لێیبچێ . ئەمە پێش هەموو شتێک هەڵبەستی گۆرانییە و لەگەڵ گیتار دەبێژرێ . لەم بوارەدا گۆرانیبێژی چاکمان هەن کە سووربوون لەسەر ووتنی ئەم گۆرانیانە بەزمانی دانمارکی و لەدژی ووتنی گۆرانی بەزمانی ئینگلیزی ڕاوەستاون . بەو جۆرە ململانێی کەلتووری لەنێوان نەریتی مۆسیقای دانمارکی میللی و مۆسیقای پیشەسازکراودا بەرپابوو . من نامەوێ بڵێم پیاو ناتوانێ ستی چاك لەناو مۆسیقای پیشەسازکراودا بەدی بکات ، چونکە جاروبار شتی چاکیش لەوێ دەردەکەوێ .

من پێم وایە ، نەریتی گۆرانی دانمارکی بۆ ئەوەی پێش بکەوێ ، شتێکی چاکە بکەوێتە ململانێی وەکو ئەوەی سەرەوە . چونکە هێزی زیاتر لەخۆ دەگرێ . من زۆر ڕەش بین نیم لەم بوارەدا ، چونکە ئەوە خراپترین شتێك نیە کە دێتە ناو کۆمەڵگەی دانمارکەوە . ئەوەتا بە بەر چاومانەوە پرۆگرامی تەلەفزیۆنی دانمارك بەپرۆگرامی وڵاتانی تر بۆمباباران دەکرێ ، لۆژیکی سەرمایە و پرنسیپی بازرگانی سەرمایە وەك پەتایەك لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا تەشەنەدەکات و زۆر شتی لەوەوبەر بەخۆڕایی بوون ، وەك هاوکاریکردن ، لەگەڵ پارەدا تێکەڵ دەبن . بەم شێوەیەش پارە زۆرتر ژیانمان داگیردەکات و مەترسی بۆ کەلتوورەکەمان دروست دەکات و بۆ سەر پیلانێك کێشی دەکات کە بەرهەمە زیندووەکانی ناخی قوتار نەکرێن .

* ئەی سینەمای دانمارکی ؟

** ئەمڕۆ بارودۆخی پیشەسازیی‌سینەما لەدانمارك چاکە و هەوڵێ ئەوە دەدرێ بەرەو ئاستی جیهانی ببرێ . ئێمە دوو ساڵ لەسەر یەك بە ئۆسکار ( وەك جوانترین فیلمی بێگانە ) خەلات کراوین . ئەوەش شتێکی چاکە ، هۆکەشی ئەوەیە دەوڵەت رێگای دۆزیوەتەوە بۆ پشتگیری‌کردنی فیلم . دانمارك وڵاتێکی بچووکە ، ئەو فیلمەی بە زمانی دانمارکی دەکرێ ، دەرفەتی گەورەی لەبەردەمدا نیە بۆ فرۆشتن لەدەرەوە ، بۆیە دەبێ دەوڵەت بەشێوەیەك پشتگیری دەرهێنانی فیلم بکات بۆ ئەوەی شتێکی لێ‌بەرهەم بێت .
دەوڵەت لەم بوارەدا یارمەتی زۆر چاکی داوە ، قوتابخانەی سینەمای کردۆتەوە و بوارێکی وای رەخساندووە هونەرمەندەکان مافی هەڵبژاردنی ئازادانەیان هەبێ . هەروەها نەخشەیەکی وای داناوە ، کە لەکاتی قازانج‌کردنی زۆردا پارەی فیلمەکە بدرێتەوە دەوڵەت ئەمەش زەمینەی بۆ بەهێزبوونی پیشەسازی فیلم خۆشترکردووە . لەدانمارك دا ساڵی نزیکەی ۲۰-۳۰ فیلم دەردەهێنرێ ، لەمانە ۷-۸ دانەیان چاك دەردەچن ، ئەمەیش بەرهەمێکی چاکە بۆ وڵاتێکی بچکۆلانەی وەك دانمارك .

* هونەری وێنەکێشانی دانمارکی چۆن دەبینی ؟

** دانمارك لەماوەیەکی دیاریکراودا و لەرێگەی گرووپی ( Cobra )وە ، کە گرووپێکی دانمارکی- هۆڵەندی بوو ، لەبواری هونەری وێنەکێشاندا خۆی لەئاستی‌جیهاندا نیشاندا . بەناوبانگترین هونەرمەندی ئەم گرووپە ( Asger Jorn )ی دانمارکی‌بوو.
ئەمرۆ ئەو هونەرمەندە مردووە ، بەڵام چەند دانەیەك لە هونەرمەندە ناسراوەکانی ئەو گرووپە ئێستا ماون ، وەك کارل پیدەرسن ( Karl Hennig Pedersen ). شێوەی وێنەکێشانی ئەمانە ، گەڕاندنەوەیە بۆ شێوە دەربڕینی سەرەتایی ، وێنەکانیان ئەبستراکت نەبوون و زۆر فیگەریان تێدا بەدی‌دەکرا ، بەڵام دەتوانین لەگەڵ هونەری ئەفەریقایی دا بەراوردیان بکەین . بیکاسۆش ماوەیەك ئەو گەڕانەوە بۆ سەرەتایەی هەبوو ، بەڵام لەپاشدا رێگەیەکی تری گرتە بەر . ئەو شێوە وێنەکێشانە شێوەیەك بوو کە زۆر دانمارکی لە سی و چلەکاندا تیایدا چاك بوون ، بەڵام ئەوەش دواجار بوو کە هونەری وێنەکێشان لەدانمارك بەو شێوە بەهێزە خۆی نیشان بدات . ئەمرۆش ئەوە دەردەبردرێ کە ئێمە لەسەردەمی ئەودیوی مۆدێرنیزم داین ( PostModerinism ) ، ئەمە مانای ئەوەیە هونەرمەند بۆی هەیە هەموو ئەو شتانە بکات کەخوازیاریانە . بۆ من سەختە ئەو شتانە بخەمە نێو پەیوەندییەکەوە . شان بەشانی ئەمانە هونەرمەندی تریشمان هەن کە

دەیانەوێ شوێن پێی کۆبرا هەڵگرن و بڕەو بەو شێوە سەرەتاییی و ئەنارشیستی‌یە بدەن . پێم وایە . چاکترین شت لێرە دەردەکەوێ .بە هەر حال ، لەبەر ئەوەی ژیانی هونەری وێنەکێشان زۆر بەربلاوە ، بۆیە گرانە بتوانم هەموویان کۆبکەمەوە .

*** وەك ئاشکرایە ئەمڕۆ گیروگرفت و کێشەی زۆر یەخەی دانمارکیان گرتووە ، وەك نووسەرێکی ئەم وڵاتە،کە هەمیشە لە نێو ئەو ململانێ‌یانەدا ژیاویت کە پەیوەندییان بەو گیروگرفت و کێشانەوە هەبووە ، چۆن دەڕوانیتە ئەو گیروگرفت و کێشانە ؟**

** ئەوەی ڕاستی بێ ، ئەمڕۆ گیروگرفتی زۆر گەورەمان هەیە لەدانمارك ، گەورەترین گیروگرفتمان ئەوەیە ، ئێمە وەك میللەتێك لە گیانەلادا ین ، ئەوەی ئەمڕۆ لەنێوان بازاڕی سێوخۆی دانمارك و بازاڕی هاوبەشی ئەوروپادا ڕوودەدات ، لەساڵانی (٩٩٢-٩٩٣)دا دەبێتە واقیع و ئیتر ئەوان هەموو شتێك دیاری دەکەن کە لێرە ڕوودەدەن . ئەمەیش لە پراکتیکدا بەشێکی چاکی ئەو دیموکراتیەتەی دانمارك پێی بەڕێوە دەچێ لەناو دەبات و دەیخانە ژێر دەسەڵاتی ( برۆکسل )ەوە ، کەچی ئێمەی دانمارکی ناتوانین بەهیچ سێوەیەك ئەوان بە بەرپرسیاری سیاسی بەرامبەر ئەو شتانە دابنێین . من پێم وایە هەندێ کەسی وا لەدانمارکدا هەن بەو جۆرە هەست دەکەن کە دانمارکیەکانیش لەو دیاریکردنەدا بەشدارن ! بە هەر حاڵ ئەگەر ئەم هەستی دانمارکی‌بوونەیش بە تەواوی لەناوبچێ ، ئەوا زۆر شتی تریشمان بەسەردێ . . . زۆر شێوەی ڕاکردن لە دانمارکەوە دەست پێ‌دەکات ، ئەوانەی خوێندنێکی چاك یان ئامرازێکی تریان بە دەستەوەیە و دەتوانن جێگای چاك بۆ خۆیان بدۆزنەوە ، ڕادەکەن بۆ ئەڵمانیا ، فەرەنسا ، ئینگلستان یاخود ئەمەریکا و یابان ، دانمارکیش وردە وردە و بە خێرایی دەبێتە پاشکۆیەکی بچووکی پشت کۆماوە لەژێر باری قەرزدا . ئەمە گەورەترین گیروگرفتی ئەمڕۆی ئێمەیە ، بەجۆرێك ئەگەر قەرزەکان بەسەر ژمارەی دانیشتوان‌دا دابەش بکرێ ، ئەوا دانمارکی قەرزارترین مرۆڤی سەر گۆی زەوی دەبێ . ئێمە زۆر زیاتر لەوەی هەمانە خەرج دەکەین ، بەهەمان جۆریش لەم نەوانەی دواییدا ڕەفتارمان کردووە ، ئێستایش هاتوینەتەوە بۆ بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا و بەرپرسیاری خۆمان لەئەستۆی خۆمان نیە . لەبەر ئەوە ، ئەوانەی دەرفەتی ڕاکردن لە قەرزیان بۆ هەڵدەکەوێ ، هەڵدێن و ئێمەی بەجێ‌ماویش ، کە یان گەمژەین یا بێ‌کارین و لەماڵەوە دانیشتووین ، دەبێ چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین . ئەمە بارێکی زۆر سەختە ، من بەئاسانی پێشبینی ئەوە دەکەم، کە پاش سی ساڵ زمانی دانیمارکیش وەك زمانی ( کالی ) و ( ئۆڕالی ) ئینگلستانی لێ دێت ، ئەو کاتەیش پیاو دەبێ لەبارەکان‌دا بە دانمارکی بچرپێنن بە گوێی یەکتردا .

هەواڵنامەی کتێب

دەمەوێ بەکورتی ئەوە بڵێم ، کەسایەتی دانمارکی لەم ڕۆژگارەدا لەمەترسی‌یەکی گەورەدایە ، سەیرترین شتیش ئەوەیە کە زۆربەی دانیمارکیەکان هیچ گوێ بەوە نادەن .

*** بوونە ئەندام لەبازاڕی هاوبەشی ئەورووپادا ، چارەسەرێکی سیاسی‌یانەی سیاسەتمەدارانی دانمارك بوو بۆ گیروگرفتەکانی ئێرە ، پێت وایە ئەمە ڕێگایەکی ڕاست بوو ؟ بەواتایەکی‌تر، ئایا هەر ئەوە خۆی هۆی بەشێکی زۆری کێشە و گیروگرفتەکان و بارە سیاسی‌یەکەی ئێرە نی‌یە ؟**

** بەڵێ ! لەبەر ئەوەی سیاسەتمەدارە بە دیموکراتیانە هەڵبژێردراوەکانمان سیاسەتێکی ئابووری بێ‌بەرپرسیارانەیان پێڕەوی‌کرد و لەئەنجامی ئەوەیش زیانێکی زۆریان‌کرد ، بۆیە پەنایان بردە بەر بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا ، تا بەهۆیەوە خۆیان لەگیروگرفتەکان قووتار بکەن . لەساڵی ۱۹۹۲ بەدواوە سەنگی بازاڕی دانمارکی لەئاست ئەواندا نابێ و سنوورەکان هەڵدەگیردرێن ، ئەمەیش بەو مانایە نیە کە قەرزەکانمان کەم دەبنەوە، بەڵکو ئێمەی بەرێکەوت بەجێ‌ماو بێ حساب بۆکردن ( کە لەوەو بەر بەلای کەمەوە دەمانتوانی حسابمان هەبێ ) دەکرێن . سیاسەتمەدارە دانمارکیەکانیشمان بەمە خۆشحاڵن ، چونکە ئیتر چەوتیەکانیان دەشاردرێنەوە و نابینرێن . لێرەیشدا مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە بەرپەرچیان بداتەوە . ئێمەش ئەوەمان کرد ، مەبەستم ئەوەیە من خۆم لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە کاردەکەم کە پێی دەڵێن : " بزووتنەوەی گەل لەدژی بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا " و ڕێگەیەکە بۆ خەباتکردن لەدژی ئەو کێشەیە . من لەو باوەڕەدا نیم ئەم بزووتنەوەیە چاك بچێتە پێشەوە ، بەڵام دیسانەوە هەر ڕۆڵی خۆی دەبینێ . بەهەر حال مەبەست لەوە ژیاندنەوەی گیانی دیموکراسی بوو لە نێو خەڵکدا و بەشێوەیەك کە هەستی بەرپرسیاری لەخۆ بگرن . ئێمە بەو هیوایە بووین خەڵك بەسروشتی ئەو سیاسەتمەدارانە بگۆڕن و هەندێکی تر لەجێگایان هەڵبژێرنەوە کە هەستی بەرپرسیاریان تیدابێ ، بەڵام بەداخەوە هەتاکو ئێستا ئەوە نەهاتۆتەدی .

*** ئێمە بەردەوام مشتومڕی نێوان حیزبەکانی دانمارك دەربارەی گیروگرفتەکان لە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن‌دا بەدی دەکەین ، ئایا بەڕای ئێوە کام شێوە سیاسەت دەتوانێ بارودۆخی دانمارك چاکتر بکات ؟**

** ئەگەر ڕەچێتەی ئەوەم لەدەستدا بووایە ، ئێستا سەرۆکی حیزبێك دەبووم، بەڵام بەهەرحال هەندێك بیروڕا لەو بوارەدا دەردەبڕم . وەك دەزانن دانمارك سەرەڕای کەم دەرامەتی و کەم توانایی ، خۆیشی وڵاتێکی بچووکە و دانیشتوانەکەی پێنج ملیۆن کەس

ڕەت ناكات . ئەمە مانای ئەوەیە ، دەشێ لە پراكتیكدا بتوانین دەسەڵاتی جەماوەری بەو جۆرە دابنێین كە بەشێوەیەكی دیموكراسی‌یانە ڕەفتار بكات . ئەمە نە لە ئینگلستان و نە لە فەرەنسا و ئەڵمان ناشێ وابێ ، چونكە دانیشتوانیان زۆرن ، خۆ ئەگەر سەیری ئەمەریكا و سۆڤیەت بكەین ، ئەوا مەپرسن . لەم بوارەدا تێڕوانینی زانای بەناوبانگ و شاعیری گەورەی دانمارك گرۆندڤی كە لەوەبەر ناوم هێنا لەئارادایە ، ئەو تێڕوانینەی هەوڵی دەدا یەكسانی نێو خەڵك و بیری یەكسانی بژێنێتەوە . ئەو زانایە دەیگوت : " ئێمە دەتوانین لەنێو كۆمەڵی بچووك بچووكدا یەكگرتنێك دروست بكەین و بە یەكسانی لە یەكتر بڕوانین و یارمەتی یەكتر بدەین لەكاتی پێویست دا " . پێم وایە دەرمانەكەی دەردەكەی ئەمڕۆش هەر ئەوەیە . ئەوە یەكەمین شێوەیە كە ئێمە بتوانین بەهۆیەوە كۆمەڵگەی زیندوو دابمەزرێنین ، ئەمەش لە چوارچێوەی كۆلێكتیڤی ناوچەییەوە دەست پێدەكات. ئەوەی شایانی باسە ، ئێمە ناتوانین كەسێكی دی بدۆزینەوە توانیبێتی لە گرۆندڤی چاكتر دەست نیشانی ئەو مەسەلەیەی كردبێ . بێگومان ئێمە چەند كەسێكین كە هەتا ئێستاش هەمان شتی ئەو دووبارە دەكەینەوە ، بەڵام ناتوانین وا بەهێز و بەو شێوە چاكەی ئەو دەری‌بڕینەوە ، بۆیە هەمیشە پەنای پێ دەبەینەوە . هەروەها هەندێكی تر هەن كە پەنا بە ماركس دەبەن ، بێگومان ماركسیش بیروڕاكەی ڕاست و جەماوەری بوو، ئەویش پێوانەیەكی زیندووی بۆ ئاواكردنی كۆلێكتیڤی گەورە لەناو كۆمەڵگەدا ، كە بێ هەرەمی‌بوونی هێز یاخود میراشی بێ ، دابەدەستەوە ، بەڵام ئەوانە لەم ڕۆژگارەدا چۆن جێ‌بەجێ دەكرێن ؟ نازانم . چونكە وەك گوتم ، ئەگەر ڕەچێتەم پێ‌بوایە ئەوا لەهەڵمەت بردن‌دا دەبووم ، بەڵام سەرەڕای ئەوە ، سوورم لەسەر ئەوەی ئەوە تاقە ڕێگەیە .

* سێ تێڕوانینی سەرەكی دەربارەی گیروگرفتەكانی دانمارك لەئارادان : یەكەم ئەوەیە كەسەرچاوەی گیروگرفتەكان بۆ پەرلەمان و هێزە سیاسی‌یەكان دەگەڕێتەوە ، دووەم ئەوەیە كە گرێی‌دەداتەوە بە ئەندامبوونی دانماركەوە لە ناتۆ و بازاڕی‌هاوبەشی ئەورووپادا ، سێیەم ئەوەیە كە دەی‌بەستێتەوە بەزۆربوونی ژمارەی بێگانەوە لەدانمارك، بیروڕات دەربارەی ئەم تێڕوانینانە چی‌یە ؟

** ئەوەی دوایی ( سێیەمین تێڕوانین )،لەئەنجامی گەمژەیی دانماركیەكان ، لەم ڕۆژگارەدا زیاتر لەدووانەكەی دی دەوروژێنرێ . من پێم وایە ، ئێمەی دانماركی لە نێو بارودۆخی خۆپارێزی‌داین ، ئەمەش نەك لەبەر هاوپەیمانی سەربازی ، بەڵكو بەر لەهەموو شتێك لەبەر پێداویستی ئابووری . ئەگەر ئێمە هەموو كارگەكانی دانمارك لێكدەین و

بیان‌کەینە کارگەیەکی پیشەسازی گەورە ، هێشتا هەر ئەوەندەی شیلاند گەورە نابێ . واتە ئێمە کارگەی گەورەمان نیە و ناشمان بێ . ئێمە ئەوانەین کە سەرمایەدارە مۆنۆپۆلـــە گەورەکان بە ئاسانی دەمان چننەوە ، مەترسی گەورەی دانمارکی‌بوونیش هەر لەوەدایـە کە ئابووری دانمارك ورده ورده بەرەو قەیرانێکی قووڵ دەچێت ، کە هەردەم دەبێتـە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی رەهای بێکاری . ئینجا لێرەدا ئەوە روونە کە جەماوەر ناتوانـێ ئەم پەیوەندییانە بدۆزێتەوە ، بۆیە پێویستی بە دۆزینەوەی بەهانە هەیە ، بەو جـۆرە کێشەی پەنابەرەکان دەکرێتە کێشەیەکی زیندووی رۆژانە . ئەگەر ئەو کەسانەی بەرچەپـەك دانمارکین و بەهای سیاسەتی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی شلۆتەر( Schluter )دەدەن، نەتوانن دوو لەگەڵ دوودا کۆبکەنەوە کە هەمیشە دەکاتە چوار ، دیارە مەیلی وایـان دەبێ رق و بێ‌هیوایی ئاراستەی بێگانە بکەن کە هەمیشە ژمارەی لەزۆربووندایە .

پێم وا نیە ئەمە شتێکی سەیر بێ ، چارەسەرکردنیشی ئەرکێکی پەروەردەیی‌یە ، واتە هەوڵدان بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵك ، بەڵام ئەمەش کارێکی ئاسان نیە ، هەتا بەشێـك لەرێکخەرانی بیروبۆچوونی دانمارکی پشتگیری ئەو مەیلە بکات . من ئاگاداری ئەوەم کە تەنگوچەڵەمەی رەگەزپەرستی لەئارادایە و لەمێژە پێشبینیم کردووە ، مەترسیش لێرەدا ئەوەیە خەڵکانێکـــی وەك ( Søren Krarup) ئاگری ئەو مەیلە خۆش دەکەن . دەبوایـە ئەم پیاوە و گەلێکی دی لەسیاسەتمەدارانی کرستیان بۆرگ‌ـ پەرلەمان ـ وەك Glistrup و رۆژنامەی وەك ( Ekstra Bladet ) تۆزێك ژیرانەتر بوونایە . ئێمە دەبێ بـــە توندوتیژی ئەوانە بەرامبەر ئەو ئاڵۆزییەی هێناویانەتە ئاراوە و سەرچاوەی گیروگرفتەکـــان وون دەکەن و بەشتێکی لاوەکیەوە گرێ‌دەدەنەوە ، بەرپرسیار بکەین .

ئەگەر بەووردی بڕوانینە واقیع ، جێی دڵتەنگی‌یە ئەو دژایەتیکردنەی دانمارکیەکـان بۆ توانەوە لەبازاڕی هاوبەشی ئەوروپادا دەینوێنن . دەبێ ئەوەش بڵێم ، هیـــچ رقابەتیەك لەدژی بێگانە لەناو ئەو ئۆپۆزسیۆنەی دژی بازاڕی هاوبەشدا نیە ، بــــە پێچەوانەوە ئەتوانین هەموو ئەو کەسانە ببینین کە کاری یەکجار ژیرانە دەکەن بۆ ناسینـی ئەو کەسانەی دێنە دانمارکەوە ، ئەمەیش لەرێگەی مشتومڕکردن لەسەر بیروبۆچوونەکـان و پێشوازی‌لێکردنی مرۆڤانەوە . کەسانی ئەم ئۆپۆزسیۆنە هەمان ئەو کەسانەن کە ئاگـــاداری مەترسی لەناوچوونی دانمارکن لە نێو ئەوروپایەکی پێکەوە گونجاودا .

بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێ دژایەتیکردنی بێگانە لەبەشێکی‌تری کۆمەڵدا دەبینرێ . خۆ ئەگەر ئەو دوو بەشە باری خۆیان لەیەك شوێن بخەن ، ئەوا مەترسی‌یەکی گـــەورە دێتە ئاراوە . خۆش بەختانە مەسەلەکە بەو شێوەیە نیە .

* لەماوەی ئەم دە ساڵەی دواییدا ژمارەی پەنابەران لەزۆربووندا بووە ، بـــە

**تایبەتی ئەوانەی لە " جیهانی سێیەم " ەوە دێن . هۆی ئەوە چیە و خۆت چۆن دەڕوانیتە پەنابەری ؟**

** زۆر ئاشکرایە دنیا بەهۆی تەکنۆلۆژیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو بچووکی دەچێ ، واتە ئەو خاکەی هەمووومان لەسەری هاوبەشین هەتادێ بچووک دەبێتەوە . ئەمە بەو مانایەیە کە لەپڕێکدا توانای هاتووچۆ لەنێوان شوێنەکاندا بەدەست هات ، بەتایبەتی ئەگەر لەشوێنێك وەدەرنان هەبێت . ئەمە ئالۆزییەکی تریشی لەگەڵ خۆی هێنا کە ئێمەی دانمارکی بەشێوەیەکی نالەبار ووشەی پەنابەریئاسوودەخواز ( Bekvemmeligheds Flygtining )ی بۆ بەکار بێنین . بەڕای من دەبێ مرۆڤ مێشکێکی زۆر بۆگەنی هەبێ ، ئینجا دەتوانێ بەو جۆرە بیربکاتەوە . چونکە لەو بڕوایەدا نیم مرۆڤ لەبەر هۆی ئاسوودەیی ولاتی خۆی : شوێنی ژیان و مەڵبەندی کەس و کار ، جێبهێڵێ . ئەگەرچی ئەو قسانە پووچن ، بەڵام لایەنێکی گرنگی مشتومڕەکانی تەنگەزەرەکانی دانمارك ، کە گومان بەبێگانە دەکەن ، پێك دێنن . بەڕای من ، ئەو کەسانە خاوەنی ئەندێشەی بیرکردنەوە نین ، بۆیە ناتوانن لەوە بگەن کەبڕینی پەیوەندی بە ڕەگ و بنەڕەتەوە چەند کارێکی دژوارە . مرۆڤ دەبێ بەشێوەیەکی ژیر و شارستانیانە و هەستێکی میوانپەروەرانە هەوڵ بدات یارمەتی ئەو کەسانە بدات کە ناچاربوون جێی باوباپیران جێ‌هێڵن ، بەڵام بەداخەوە ئێمە بەوجۆرە نین .

**• بۆ دانمارك سەرەڕای ئەوەی گیروگرفتەکانی بەرەو قوڵبوونەوە دەچن ، کەچی‌هێشتا هەر پەنابەر وەردەگرێ ؟**

** دەبێ بەشێوەیەکی ڕاست بڕوانینە ئەو مەسەلەیە . ڕاستە ئێستا ژمارەی کۆچەر و پەنابەران لە هی سالانی پێشوو زۆرترە ، بەڵام هێشتا هەر ژمارەیەکی کەمە و بەو شێوەیە نیە کە ئەو هەموو هەرا و وربایەی لەسەر بکرێ . هەتا ئەمڕۆ ڕێژەی ئەوانە لەوزەی ئێمە دەرنەچووە .من پێم وایە ، ئێمە یاسای پەنابەرانمان بەشێوەیەکی چەوت تەسك کردۆتەوە و دەمانتوانی ژمارەیەکی زیاتر لەوەی ئێستا پەنابەر وەربگرین . خۆ بەشێك لەپەنابەران هەتا ئەو کاتە لێرەن کە بارودۆخی لای خۆیان چاك دەبێت ، هەروەها دەشێت هەندێ پاش خۆگونجاندنی تەواو لەگەڵ ئەم کۆمەڵگەیەدا لێرە بمێننەوە . واتە هەردوو دەرفەت لەئارادا هەن . دەتوانم بلێم ، خۆش بەختانە ژمارەیەکی زۆر لەدانمارکیەکان خەریکە چاو دەکەنەوە و ئەگەنە ئەو باوەڕەی ئەوە دەرفەتێکە بۆ فێربوونی فۆڕمی ژیانی جیاواز . زۆر گفتوگۆی تر لەسەر خۆگونجاندن لەئارادان و بەهەڵە تێگەیشتن دەربارەی ئەو واژەیە:

( خۆگونجاندن ) هەن ، بۆنموونە : پێویستی زمان بۆ کارکردنی بێگانە لەکارگەیەکدا. هەروەها بیرێك دەربارەی ئەو واژەیە هەیە کە دەڵێ خۆگونجاندن مانای ئەوەیە گشت بێگانەکان مویان زەردبێ و چاویان شین بێ . ئەمە بۆچوونێکی یەکجار پووچە ، چونکە لێرەدا شتە گرنگەکان لەبەین چوون ، واتە دیالەکتیکی پێکەوە ژیانی شتە جیاوازەکان کە هەوڵ دەدرێت رووی رادار لێ وەربگێڕدرێت و نەبینرێ .

* لەماوەی ئەم یەك دوو ساڵەی ڕابوردوودا ڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆن زۆرجار لە دژی پەنابەران بابەتیان بڵاوکردۆتەوە ، هەست دەکەیت تۆ دژی ئەو هەنگاوە بیت؟

** بەڵێ ! مەسەلەکە لە هەڵبەز و دابەزدایە . وەك لەوەوبەر ووتم ، ئێمە لە نێو هەندێ گیروگرفت دا نقوم بووین کە هیچ پەیوەندی‌یەکیان بەبێگانە و پەنابەرانەوە نیە ، بەلاّم هەتا ئێستا نەمانتوانیوە لەناو دیموکراسی‌یەتی دانمارکی‌دا هەڵمەت بۆ چاککردنیان بەرین . ناتوانین ڕێژەی زۆربوونی بێکاری ڕابگرین ، قەرزەکانی دەرەوەی دەوڵەت کەم بکەینەوە . . . هتد . گیروگرفتەکە لێرەدا ئەوەیە ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە و نارەزاییەی نێو کۆمەڵگەی دانمارك جاربەجار بەشێوەی ڕق‌بوونەوە لەبێگانە و پەنابەر خۆی دەنوێنێ . من لەم بوارەدا زۆر گەش بین نیم ، بەلاّم هەتاکو ئێستا ئەوەم بۆ دەرکەوتووە مەسەلەکە لە هەڵبەز و دابەزدایە ، جاروبار شێوەی هستیری ئاشکرا لەخۆ دەگرێ کەدانمارکیەکان خۆشیان لەدژی ڕادەوەستنەوە و دای دەمرکێننەوە ، جاروباریش شێوەی لاواز لەخۆ دەگرێ و کز خۆی دەنوێنێ .

* چ دەربارەی کوردستان دەزانی و بیرووڕات دەربارەی کێشەی کورد چیە ؟

** کێشەی کورد ، کێشەیەکی تراژیدیانەیە ، جاروبار لەدانمارك سەرهەڵدەدات . من یەکەمین جار بەر لە ( ۱۰-۱٥ ) ساڵ لووتم بوو بەلووتی ئەم کێشەیەوە . ئەو کاتە من سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی هەفتانەبووم کە لەو کێشەیە قوول بوومەوە و زۆر شتم دەربارە نووسی .

دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەر بۆ ئەو کێشەیە زۆر سەختە ، مەبەستم چارەسەرکردنی سیاسی‌یە . چونکە کێشەکە لەو ولاّتانەی کوردیان تێدایە شێوەی جۆراوجۆری گیروگرفت و چەوساندنەوەی لەخۆ گرتووە . بۆیە هەمیشە بینیومانە جاربەجار خەباتی شوێنێك پێشکەوتووە و گەورەبووە ، ئینجا لەناوچووە و لەشوێنێکی‌دی سەری هەڵداوەتەوە . ئەگەر یەکێك لەدەرەوە بڕوانێتە کێشەکە ، بۆی دەردەکەوێ دەتوانێ پیشتگیری لێبکات . پیشتگیری من لەم بوارەدا ئەوەبوو حەزم دەکرد هەوڵ بدرێت یەکگرتنێکی کوردی بەهێز

ئاوابێ ، هەرچەندە جیاوازی زۆریش لەئارادابێ و سنووری جیاجیاش هەبێ. پیاو ناتوانێ پشتگیری کورد نەکات ، بەڵام گیروگرفتی کوردەکان خۆیان ئەوەندە زۆر و ئاڵۆزە کە بۆ مرۆڤ دژوارە رێگای کەناڵیزەکردن بۆ هەستی خۆی بدۆزێتەوە .

* چارەسەری تۆ بۆ ئەو گیروگرفتانە چی‌یە ؟

** زۆر سەختە بۆ من ئامۆژگاری چاکتان بکەم ، چونکە لەو بارودۆخەدا ناژیم. بۆ یەکێکی وەکو من کە لەدەرەوە دەڕوانمە مەسەلەکە ، وا دەردەکەوێ کە گیروگرفتەکان لە نێو ئەمای کەلتووری یەکگرتووی بەهێزدایە ، خۆ هەر ئەمەیە کە کەلتووری کورد لەکەلتووره جۆراوجۆرەکانی دەوروبەری جیادەکاتەوە . پێم وایە چەند بەها تایبەتیەکانی کورد بەهێزتر بکرێن و زانیاری لەسەریان زۆرتر بێ ، ئەوەندە زیاتر توانا لەدەست دا دەبێ بۆ بەکارهێنانیان لەبواری سیاسیشدا . کێشەی کورد لەبواری شەڕی پارتیزانی‌دا چارەسەر ناکرێت و زیاتر لەئاستی‌کەلتووری‌دا و لەمەودایەکی درێژخایاندا دیاری دەکرێ . ئەو هاوەمانەی خەباتی کورد ، کە زۆرجار سەری هەڵداوە ، هەندێ جار دەوڵەتەکانی ناچارکردووە بەشێوەیەکی زۆر کەم مافی کوردەکان بسەلمێنن ، بەڵام لەبچووکترین دەرفەتدا هەموویان لێ‌سەندراوەتەوە . بێگومان هێزی زیاندنەوەی کەلتووری و سووربوونی کەلتووری‌یە کەبواری بە کوردەکان داوە بەردەوام بن و ئەوە لەدوای ئەوە چاوەڕوان بن . ئەوەی شایانی باسە بەلای منەوە یەکگرتنی کورد تەنیا بەمانای یەکگرتنی سیاسی نیە، بەڵکو بەر لەهەموو شتێك یەکگرتنی کەلتووری‌یە .

* کارەساتی هەڵەبجە چ شتێکی لای تۆ دروستکرد ؟

** ئەمە کارەساتێکی لەو جۆرەیە کە دەبێ دەم و دەست لەئاستی‌دا هەڵوەستەبکرێ. ئەمە شتێکە کە دەبێ لە تاوانباری گەردوونیەوە بەرەو تاوانباری تایبەتی بچێ. ئەمڕۆ جیهان لەلایەن هێزە مۆنۆپۆڵیە سەرمایەدارییە ئیمپریالیستی‌یەکانەوە ئاراستەدەکرێ. ئەمە ڕاستی‌یەکە کە چەندین کەسی وەك من باوەڕیان پێ‌یەتی و لەدژی خەبات دەکەن. ئەو تراژیدیایەی خەباتی پڕ شەهیدی کوردیش یەکێکە لەدێرترین نموونەکانی ئێستای ئەو مەسەلەیە . یەکێك لەخراپترین مەهزەلەکانی بارودۆخەکەش ئەوەیە ، هیچ هێزێکی ئیمپریالیستی یا ئەورووپی پشتگیری کورد ناکات . ئەگەرچی سۆڤیەت لەم بارەیەوە لە هەموویان باشتر بێ ، بەڵام نە ئەو و نە ئەمریکا و نەفەرەنسا و ئینگلستانیش ڕاستەخۆ لەدژی کورد شەڕناکەن ، بۆیە سەختە بتوانرێ دەنگدانەوەیەکی ئەنتی ئیمپریالیستی ڕێك بخرێت . ئەمە نامرۆڤانەیە ، بەڵام وایە .

من ئەتاتورکیش دەناسم ، کە سوپەر ئیمپریالیستی بوو ، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر لە دنیای ئێمە دوور بوو ، بۆیە تەنیا تێڕوانینێکی بەرز دەیتوانی ئەو لایەنە ببینێ. ئەمە بەو مانایە نیە کەس وەڵامی بەهێزی بۆ شێواندنی مافی مرۆڤی‌کورد و لەناوبردنی بەگازی کیمیاوی نەبێ ، بێگومان دەبێ بەرپەرچی ئەوانە بدرێتەوە . هەروەها دەمەوێ بڵێم ، ئەو کارەساتە ناوەندی ئەخلاقی زامدارکردوم ، ئەگەر من پەیوەندییەکی کەسایەتیم لەگەڵ مەسەلەکەدا هەبوایە ، دەبوایە بچومایەتە ئەوی . من ئێستا هەر ئێوە و چەند کوردێکی دی دەناسم ، بەڵام کێشەکە هەمیشە لەمێشکمدا ئەبستراکت بووە ، نەک لەبەر ئەوەی کارەساتەکە بەترسناک نابینم ، بەڵکو لەبەر ئەوەی پەیوەندی‌یەکی‌ڕاستەوخۆم پێوەی نیە .

ئەمە ناوی هەندێ بەرهەمی گرنگی نووسەرە :

Frederik. En folkebog om N.F.S. Grundtvigs tid og liv, 1972
– også som *paperback*
Svampen og korset, 1973
Fæ og frænde, 1977 – også som *paperback*
Svaneoglen, 1978
Nissen fra Nürnberg, 1978
Festen for Cæcilie, 1978 – også som *paperback*
Mediesvampen, 1980
Viljen til Hanstholm, 1981
De første, 1981 – også som *paperback*
David, de fredløses konge, 1982
Ploven og de to sværd, 1982 – også som *paperback*
David, Guds udvalgte konge, 1983
Den bærende magt, 1983 – også som *paperback*
Kong Skildpadde, 1985 – også som *paperback*
David, slægtens konge, 1985
Billeder og fortællinger fra Biblen, 1986
Bygningen af en bro, 1988
En engels vinger, 1990

* ئەم گفتوگۆیە لەلایەن ( هەڵکەوت عەبدوڵا و کەریم نەبلی )یەوە ڕێکخراوە و لەلایەن خوشکە ( توفە )ی دانمارکی‌یەوە لەکاسێتەوە نووسراوەتەوە و کاک هۆزان بش وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی .

# ئەدەب و هونەر

## بانگەواز

هەواڵنامەی کتێب

بە نووسەران و ڕووناکبیرانی کوردی ڕادەگەیەنین ، کە بەم زووانە ، یەکێك لە ژمارەکانی داهاتووی گۆڤارەکەمان تەرخان دەکەین بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی ژیانی ئەدەبی و کولتووریی گشتیی کورد لەیەکێتی سۆڤیەتدا .

هەڵبەتە لەڕۆژگارێکی وەکوئەمڕۆدا ، وە لەکاتێکدا کە دیوارە ئەستوورەکانی داگیرکەران لەنێوان هەر چوار پارچەکەی کوردستان‌دا ، ڕێگای یەکترناسین و پەیوەندی بەیەکترکردنی لێ ئەستەم کردووین ، ئاشکرایە کە کارێکی ئاوەها : چەنێك پێویستە ! بۆیە تکا لە هەموو خاوەن قەڵەم و نووسەرێکی سەرازا و دڵسۆزی کورد دەکەین ، کە لەپێناو دەوڵەمەندترکردنی دۆسیەکەمان دا ، بەهەرچی شێوەیەکی حەز دەکەن و پێیان دەکرێ، هاوکاریمان بکەن .

نووسینەکانتان بەهەرجۆرە ئەلفابێ‌یەك بێت و ، لەبارەی هەرچی بابەت و لایەنێکی جۆراوجۆری ژیانی کورد لە یەکێتی سۆڤیەت بێ ـ بەمەرجێك لەچوارچێوەیەکی زانستی‌دا بێت ، بلاودەکرێنەوە : لێکۆڵینەوەی مێژوویی ، سیا... ئەدەبی ، ئەتنوگرافی ، جوگرافی ، وەرگێڕان ، بیروڕای ئازاد ، بیرەوەری ، تێکستی نووسراو...هتد .

بابەتەکانتان پێویستە پێش بەرواری ١/٣/٩٩١ مستمان بگات .

چاوەڕوانی بەرهەمتانین .



### ڕێبوار سیوەیلی

# «نارمایی و چنگاڵ»(1)

## (چەند پرسیارێکی سەرەتایی بۆ لێدوان لەبەرهەمی چیرۆکی نوێی کوردیمان)

هەواڵەی کتێب

( ١ )

ئەمڕۆ چیرۆکی‌نوێی‌کوردی مێژوویەکی سەربەخۆی‌هەیە . دەکرێ لەزۆر دەلاقەوە تەماشای بکرێ . دەکرێ مێژوویەکی سەر لەبەر پڕشانازی و ڕەنگدەرەوەی بارودۆخی ژیانی‌کوردەواری بێت ، هەروەها دەکرێ پیشاندەری جیهانی تازە و پەیوەندی نوێ بێت و . . .هتد . بەلاّم کاتێك ئەم مێژووە بە تەرازووی داهێنان کێش دەکرێ ، مەسەلەکە جۆرێکـــــی دی دەکەوێتـەوە .

ئایا داهێنان و بینینی نوێ بۆ ژیان و پڕۆسەکان ، لەچیرۆکی کوردیدا چـــۆن کەوتۆتەوە ؟ ئایا چیرۆکنووسی کورد توانیویەتی ڕەوتی کارەساتەکان و شەپۆلی ڕووداوەکان بخاتە ژێر کاریگەری بەرهەمەکەیەوە و بەرەو جێگەیەکی دی‌یان ببات ؟ مەبەستم ئـــــەو جێگەیەیە کە چیرۆکنووس دەستنیشانی دەکات . ئایا توانیویەتی کەسایەتی و بیری مرۆڤـــی کورد بەشێوەیەکی نوێ و لەبەر بایەخی بەها جوانکاریەکاندا بینابکاتەوە و ئەم کەسایەتیـــە لەئاستێکی جیهانیدا بخاتەڕوو ، واتە ناسنامەی ( جیهانی‌بوون ) بۆ کەسێتی مرۆڤـــی کورد دروست بکات ؟ ئەگەر کاری وا کراوە ، بۆچی ئێمە لە خەباتکردنماندا تەنیا یەك جۆر دەربڕینمان هەبووە و ئەوەیشمان لە (هێز)دا کۆکردۆتەوە ؟ یاخود بۆچی هەمـــوو جۆرە دەربڕینێکمان لەخزمەتی هێزدا بەکارهێناوە ؟ بۆچی چیرۆکنووسە باشەکانمان هەمان شتیان گوتووە کە سیاسیە ( شۆڕشگێڕەکانمان ) ویستویانە کاری پێ‌بکەن و پێ‌یان‌کردووە؟ ( دیارە کارپێکردنێکی حیزبیانەی ڕووت ) .

ڕەنگە حیزبیەت ڕوانینە ڕووداوەکانی ئەم چەند دەمیەی مێژووی ڕابوردوومان ، خـۆی دەلالەت لە خافڵ‌بوونی تێڕوانینەکانی دیکەمان بێت . لەئەنجامیشدا هەڵوێستی‌ئەدەبـی

شوێنی خۆی بۆ هەڵوێستی سیاسی ـ حیزبی چۆڵکردووە . . . لەلایەکی دیەوە ، ماوەی جیهانبینی و ئاستی بینینی چیرۆکنووسی کورد بۆ کێشەکان ، چەندە لە بینینی خوێنەری کوردەوە بۆ هەمان ئەو کێشانە دوورکەوتۆتەوە و لەبری ئەوەی ڕۆڵی شیکردنەوەی دیتبێت ، ڕۆڵی ئاراستەکردنی دیتووە ؟ . بۆچی خوێنەرە باشەکانی ئێمە سەرئەنجام ، چیرۆکنووسە باشەکانیشمان بوون ؟ .

دیارە وەڵامی ئەم پرسیارانە ، تەنیا بەلێکۆڵینەوەی مێژووی چیرۆکی تازەی کوردیمان مەیسەر نابێت . چونکە مێژووی ئەم بابەتە ئەدەبیە لەباوەشی مێژووی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگی کورددا گەشەی کردووە : چیرۆکنووسەکانیشمان لەژێر کاریگەری ئەو بارودۆخانەدا بوون کە لەڕەوتی ئەو مێژووەدا بەدی دەکرێن . واتە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەمان دەستکەوێت ، پێویستە لە سایکۆلۆژیەتی مرۆڤی کورد ( یاخود ڕۆشنبیری کورد ) و بنەماکانی کەسایەتی بکۆڵرێتەوە ، یاخود ئەو دەوروبەرە فەرهەنگی و بینا شارستانیە بیەیە زێر پرسیارەوە کە ئەو سایکۆلۆژیەتەی تێدا ڕسکاوە . ئەم کارەیش لەتوانای ئەم چەند دێڕە و خاوەنی ئەم قەڵەمە دوورە ، بەڵام هێشتا دەکرێ چەند سەرنجێکی خێرا لەسەر ئەو مێژووە دەربیڕین کە چیرۆکمان تیایدا گەشەدەکات .

( ٢ )

چیرۆکی نوێی کوردی ، لەناوەڕۆکدا ڕەنگدانەوەی ژیانی کوردەواری بووە . داهێنان بەلای چیرۆکنووسی کوردەوە ، لەسەلیقەی دڕاشتنەوەی ئەو ڕووداوانەدا تەماشای‌کراوە کە یەخەی کۆمەڵی کوردەواریان گرتووە . گەر بێت و ئەم مێژووە لەشێوەی پارچەیەك زێـــڕدا بهێنینە پێش چاومان ، بۆمان دەردەکەوێ ، هەر زێڕینگەرەی بەپێی ئاستی زەوق و هەستی جوانکاری تایبەتی خۆی لەچوارچێوەیەکدا دایڕشتوتەوە و بەپێی بارودۆخی سەردەم لەزاخاوی داوەتەوە . ئەوجا هۆی ئەوەی کە زێڕینگەر لەپرۆسەی بەکارهێنانی زێڕدا ، تەنیا خەیاڵی بۆ دروستکردنی خشڵ دەچێت و بەدەگمەن ڕێدەکەوێت زێڕینگەرێك شمشێـری ئاڵتونی دروست بکات تا لەجەنگدا بەکاربهێنرێت ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێگەیشتنەی زێڕینگەر هەیەتی لەبواری کارەکەیی و بەهای زێڕدا وەك " خشڵ " نەك وەکو هۆکارێکی جەنگی . بەم پێیە تەماشادەکەین بەرهەمی ئەو وەستا زێڕینگەرە هەر خشڵ دەبێت و بەپێی وەستایی بوونەکەیشی شێوەی ئەو " خشڵ " ە و چۆنایەتی و نرخەکەیشی‌دەگۆڕێ.

چیرۆکنووسیش ، کارێکە وەك زێڕینگەری . واتە جیهانبینی چیرۆکنووس و ئەو شێوازە ـ اسلوب ـ ی بۆ دەربڕینی ئەو جیهانبینی‌یە بەکاری دەبات ، دەستنیشانی ( خشڵ ) بوونی چیرۆکەکەی دەکات . بەڵام بە پێچەوانەوە چیرۆکنووس پێویستە خۆی لـــــە

زاخاودانەوەی کێشەکان بەدوور بگرێت و بەهۆی خەیاڵەوە بتوانێت نموونەی تری ژیان بخوڵقێنێ .

دەمەوێ بپرسم ، ئایا دەکرێ ئامرازی شیکردنەوەی جیاواز بۆ چیرۆکی کوردیمان بەکاربهێنرێت و لە بەر نەوزمی ئەو ( شەرە زاراوە )یەدا ، کەئەمڕۆ بەنێو ئەدەبدا شەپۆل دەدات لێی بکۆڵرێتەوە ؟

بە مەبەستەوە دەپرسم : ئایا لەلای ئێمە شتێك بەنێوی " شیعر "یەتیچیرۆکی کوردی‌یەوە هەیە ؟ کە ئەم شیعریەتە * لەدایك بووی حاڵەتێکی شپرزەبوونی زمانە لە ئاست وەزیفە تەقلیدیەکەیدا و فەزایەکی سۆفیزمی دەخەملێنێ ؟ دیارە بوونی شیعرییەت نیشانەی هەبوونی یەکێك لە سترۆکتۆرەکانی تێکستی هاوچەرخی کوردییە . . .

بەکورتیەکەی ، ئەگەر ئەم توخمانە لەبینای چیرۆکی نوێی کوردیدا بەدی ناکرێت، خوێندنەوەی هەمە جۆریش مەیسەر نابێت و ئەو تێکستەش کە نەتوانرێ ئامرازی شیکردنەوەی نوێی بۆ بەکاربهێنرێت ، هەر لە قۆناغی گەنە و بفەدا دەمێنێتەوە و هەرگیز زمانی ناپژێت .

( ٢ )

چیرۆکی نوێی کوردی ، لەگەڵ تەمەنی درێژی خۆیدا بەردەوام پابەندی ئەو قوتابخانە و ڕەوتە ئەدەبیانە بووە کە (باو) بوون . لێرەدا دەمەوێت هێما بۆ قوتابخانەی ڕیالیزم و دەستەخوشکەکانی بکەم . بەتایبەتیش ئەو ڕیالیزمەی کە پاشبەندی (شۆڕشگێڕی) پێوە لکێنراوە . چیرۆکنووسی کورد بۆ ئەوەی مۆرکی (کۆنەپەرستی) و (پیاوی ئیمپریالیزم) و ( دژی یەکێتی سۆڤیەت ) و ( دوژمنی پرۆلیتاریا ) و دەیان ناوی تری پێوە نەچەسپێ ، زۆر پابەندی ئەوە بووە پاڵەوانەکانی بە شێوەیەك ڕەسم بکات کە لەحەقیقەتدا وا نین ! یاخود وێنەیەکی فۆتۆگرافی گرتوون و جارێکی دی بەرەو واقیع خۆی‌ناردونیەتەوە. واتە دووچاری جۆرێك دۆگماتیزمی عەقڵی‌بوون . هەرگیز لەبیری ڕابەری‌کردندا نەبوون ، ( مەبەستم چیرۆکنووسەکانە ) ، بەڵکو زۆرجار پەیرەوکار بوون ، پەیرەوکاری ئەو کەسانەی تەنیا لەڕووی (دەسەلاتەوە) لەخۆیان پایەدارتربوون ! . واتە ( ڕۆشنبیری ) لەبەر دەم (سیاسەت)دا چۆك دادەدات و ( ڕۆشنبیر ) وەك (پۆستەبەر)ی حیزب سەرهەڵ دەدات . ئەو دۆگماتیزمەش کە پێشتر هێمای بۆ کرا ، هێزی ڕەخنەگرتنی لەچیرۆکنووس سەندۆتەوە و کارەکەیشی زۆرجار لەڕاگوێزانێکی شێوە ئەدەبی دەچێت . بۆیە تەماشەدەکەین

---

* بڕوانە : ژان کوهین ، بنیة اللغة الشعریة ، ص ٨ . المدخل . (سوپاسی خ . ئە . شەریف دەکەم کە ئەم سەرچاوەیەی خستە بەردەست ) .

( گەشبینی ) بەمانا کوێرانەکەی و بەرێژەیەکی زۆر و تەقلیدی لەبابەتە ریالیستی یەکانماندا خۆی دەنوێنێ .

لەسەریشەوە ، خوێنەر بەدەگمەن توانیویەتی لەودیو ئەو وشانەی وەسفی رووداوەکانیان پێکراون ، شتێکی دی بەدی بکات . چونکە مەبەستە ( عاتفی ـ شۆڕشگێری !! )یەکان بوارێکی ئەوتۆیان نەهێشتۆتەوە .. هەر بۆیەشە پاش خوێندنەوەی چیرۆکێک ، هـــــەر ئەوەندەمان زانیوە : کاتێکی زۆرمان ( خۆش یان خەماوی ) بەخوێندنەوەی ئـــــەو بەرهەمەوە بردۆتە سەر .

" هەنری ماتیس " تابلۆی ئافرەتێکی رووتی کێشابوو . کاتێک هەمان تابلۆی پیشانی ژنێک دا ، ژنە هاواری کرد ، ئاخر ئافرەت لەوە ناچێت کە تۆ رەسمت کــــردووە .. " ماتیس " لەوەلاّمدا گوتی ، راست دەکەی . چونکە ئافرەت ئافرەتە و ئەوەش مــــن کێشاومە رەسمە .

دەکرێ سنووری نێوان چیرۆک و واقیعێکی دیاریکراویش بەهەمان شێوە جیابکرێتەوە . بەلاّم لای ئێمە کەمتر بایەخ بەم لایەنە دراوە و، زیاتر لەبیری زاخاودانەوەی واقیعــدا بووین . لەکاتێکدا پێویست بوو چیرۆک ( ئیکسیری ) شیکردنەوەی واقیع بێت، یاخود هەلگێڕانەوەی واقیع بێت بۆ واقیعێکی ئەدەبی .

( ٤ )

بەلاّم لە مەنفا کارەکە یەکسەر پێچەوانەیە . نەرووداوەکان بەو جۆرەی کە روودەدەن لە چوارچێوەی قوتابخانە ئەدەبیەکاندا ( ئەوانەی ئێمە پێیان راهاتووین )ـ جێگەیـــان دەبێتەوە و نەکۆپیکردنەوەیشیان لەبوارێکی عاتیفیدا دادمان دەدات .

پێویستیمان بەوە هەیە چیرۆکنووسەکانمان سنووری جیهانبینی خۆیان هەبێت و ئــــەم جیهانبینی یەش بتوانێت لەگەڵ جیهانبینی خوێنەردا مەسافەیەکی مەعریفی دروست بکات. پێویستیمان بەوەیە قوتابخانەکان برووخێنین و هی نوێیان لەجێ دروست بکەینەوە . چونکە رووداوە واقیعی یەکانی سەردەم لەناو چوارچێوەی قوتابخانەکاندا ( تەنانەت شۆڕشگێڕتریـــن یشیان ) بەند نابن و ئۆقرە ناگرن . بفەرموون تا نموونەتان پێشکەش بکەم :

داگرتنی " یەیکەری کاوەی ئاسنگەر " کەی پێویستی بەو هێز و توندوتیژی یە بوو ؟ پرسیارەکە لەو رووەوە نیە کە سرووشتی دەوڵەتم لەبەرچاو نەگرتبێ . بەلاّم دەکرا لەبـــری ئەو " شێوە " یە ، بەجۆرێکی دی بوایە و هەمان پەیکەر بەرەو ( مۆزە ـ بەندیخانە )یەک بگوێزرایەوە .. کاتێک بەچەکی گەرم و " R.B.G " لێیدرا و شۆڤڵ کەوتـــــە پەلاماردانی ، ئیدی رووداوەکە قاڵبێکی دی وەرگرت ، واقیعی یەتی بەجێهێشـــت ئەگەرچی لە زەمینەیەکی واقیعیدا روویدا ... بەهەمان شیوە سەردەمە یەم لـــەدوای

یەکەکانی ( پووتیەت و فاتمەیەت ! ! ) * سەردەمی ( مانگا سەربڕین ) لەسەر شەقامەکان بەناوی پارێزگاریکردن لەپاك و خاوێنی شار ! .. ئەو سەردەمەی ڕەشانەی داڵداران بەتاوانی " لادان لەداب و نەریتی کوردی " بەدەستی هاوزمان و هاوخوێنیان گوللەباران و ڕیسوا دەکران **... و گەلێك ڕووداوی لەم بابەتە هەموو زەمینەی واقیعیی‌یان هەیە ، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ بیریان لێبکەینەوە هەروا بە سادەیی خۆیان نادەن بە دەستەوە .

گابریل گارسیا مارکیز دەڵێت : " لە ئەمریکای لاتین و ناوچەی کاریبیب ، هونەرمەندەکان نیازی ئەوتۆیان بەداهێنان و گۆڕینی ڕووداوەکان نیە تا لەشێوەی‌چیرۆکدا دایان بڕێژنەوە . بەڵکو لەڕاستی‌دا کێشەی وان هەردەم ئەوە بووە کە چۆن ڕووداوەکانی واقیع بەشێوەیەکی بڕواپێکراو پیشان بدەنەوە "(٢) .

ئەم قسەیە دەقاودەق دەربارەی چیرۆکنووسی کوردیش ڕاستە . چونکە ئەوەی‌دەمینێ سنووری واقیعی جێ‌هێشتووە و بڕواکردنی هەروا ئاسان نیە . لەڕاستیدا واقیعێکە باوەڕپێ نەکراو . بۆیە کۆنراد کوتەنی ، چیرۆکنووسی کورد : " پێویستە کارێك بکات ئێمە گوێمان لێ‌ی بێت ، کارێك بکات هەستی پێ بکەین و کارێکیش بکات ببینین " ./ هەڵبجە ( ئەفسانەیەکی واقیعی )بوو ، داوای ئەوە لە چیرۆکی خۆماڵیمان دەکرێ ئەو ئەفسانە واقیعی یانە لە چوارچێوەیەکی بڕواپێکراودا ، دابڕێژێتەوە .

• • • •

## گەڕانەوە لە چیرۆکی تارمایی‌دا :

تارمایی تابلۆیەکی ناسکمان بۆ دەکێشی . لێرەشدا گرنگ تێڕامان لەو تابلۆیە نیە ، بەڵکو گرنگ ئەوەیە لەیەکێك لەشوێنە بەتاڵەکانی ئەو تابلۆیەدا جێگەی خۆمان‌بکەینەوە.

---

* مەدی ئەحەپووت و هەموو فانی‌زادەکان . بۆ دۆزینەوەی ڕەگی کۆمەڵایەتی ئەم دیاردانە کتێبی " سلێمانی " ـ هەردوو بەرگەکەی سوودی زۆرە : ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی ڕەشە ، سلێمانی . بەبۆنەی ٢٠٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا ، بەرگی یەکەم - ١٩٨٧ ، بەرگی دووەم - ١٩٨٩ .

** فازیل کەریم ئەحمەد ئاگایانە لایەنێکی ئەم کێشەیەی لەچیرۆکی (هەڵاتن)دا ، دارشتووە ، حەمە سەعید حەسەنیش ئازایانە باسی زەمینە و کەسایەتی‌یەکانی ئەو چیرۆکەی کردووە ، بڕوانە : لەگێژاودا ، کورتە چیرۆك . فازیل کەریم ئەحمەد ل ٤-٩ هەروەها ل ٥٧-٦٨ .

تارمایی خۆی مێژووە . بەڵام ئەو مێژووە نا کە ڕۆژگارێک شۆڕشگێڕەکان پێشبینی‌یان دەکرد و مرۆڤ تیایدا وەک فریشتە دەبینرا . لێرەدا مەسەلەکە وەڕووخستنی جەوهەری مرۆڤە ، شیکردنەوەی ئەو پرۆسێسەیە کە مرۆڤ بەجەوهەری خۆیەوە دەبەستێتەوە .یاخی بوونە لەبازنەی مرۆڤایەتی ، گەرانە بەدوای سەرچاوەی وجودی مرۆڤ دا . مامەڵەکردنێکی هاوچەرخانەیە لەگەڵ کێشەکاندا . بەکورتیەکەی ، تارمایی هەمان " ئەفسانەی واقیع "ـە کە ئەمرۆ تییدا دەژین .

پێش دەساڵ " هاوڕێ " شار و خێزان و زادی خۆی جێدەهێڵێت ( پێدەچێت جێهێشتنێکی هەمیشەیش بێت : مەرگ ) . بەڵام لەئێوارەی شارێکی جەنجاڵیغوربەتیدا ، خەیاڵ لەجیهانی مەرگەوە دەمانباتەوە بۆ ئەو شوێنەی " هاوڕێ " ماوەی دەساڵە لێوەی دوورە . لەوێ ، ئەم بۆتە بیرەوەری و وێنەکەی وەک یادگارێک بەگۆشەی ماڵدا هەڵواسراوە. جارجاریش گوێیان لە کرووزانەوەیەکی دایکانە دەبێت بۆی . " هاوڕێ " دەیەوێت لە گەڕانەوەکەیدا ئامادەبوونێکی جیدی پیشان بدات و بەشداری کێشە و گفتوگۆکان بکات . بەڵام لەپاشاندا بۆی دەردەکەوێت ، ئەو جگە لە تارمایی‌یەک چیدی نیە و کەس هەستی پێناکات . هاوارەکانی بستێک دوور لە گوێچکەیانەوە دەکەونە زەوی . .

لێرەوە، "هاوڕێ" کەماوەی دەساڵە بەدووی ماڵی خۆیدا دەگەڕێ ، لە سەرگەردانی‌یەکی هەمیشەییدا دەمێنێتەوە . کاتێکیش بەئاگادێتەوە ، دەنگی لێدانی دەرگای بەرگوێ دەکەوێ ، ئەویش دلێری هاوڕێیەتی کە هاتۆتە سەردانی . پاش گفتوگۆیەکی کورت ، " هاوڕێ " بیری دێتەوە کە لەڕۆژی سێشەممەی ڕابوردووەوە نەچۆتە دەری و ئێستاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەیە .

ئەڵبەتە چەند ڕووداوێکی دیکەش لەداوێنی چیرۆکەکەدا ڕوودەدەن کە پێویستە خوێنەر خۆی بۆیان بگەڕێتەوە .

• • • •

( ٥ )

هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ئامانجێکی دیاریکراوی خۆی هەیە . ئەم ئامانجەش پەیامی نووسەرە لەسەر ئەو کێشەیەی بەرهەمەکە لێی دەدوێ ، دەردەخات . زۆرجار ئەم پەیامی نووسەرە لە پەرەگرافێکی کورت دا ، یاخود لەتاقە ڕستەیەکدا ڕەنگ دەداتەوە...

" تارمایی " تەوەرەی بیری چیرۆکەکەی کاک موحسینە . نووسەر ئاگایانە ناونیشانی تارمایی بۆ بەرهەمەکەی هەڵبژاردووە و دووربیەکی فەلسەفیانەی داوەتێ . تارمایی‌چییە؟. کوێ تارمایی دایپۆشیوە ؟ کێ لەتارمایی‌دا دەژی و کەی ؟. وەڵامی ئەم پرسیارانە

لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕووداوەکاندا خۆیان دەنوێنن و لەئەنجامی خوێندنەوەی بەردەوامیش بۆمان دەردەکەوێت ، ئەم بەرهەمە دەقاودەق تێڕوانینی فیکری نووسەریشە بۆ کێشەکان و داهاتوو .

لەلای نووسەر ، مرۆڤی بێ شوێن ( ماڵ ) ، لە (کات)یشدا ناژی . بۆیە بوون شێوەی تارمایی بەخۆیەوە دەگرێت و مرۆڤ لەسنووری ( کات ـ شوێن )دەچێتە دەرەوە و دەبێتە تارمایی . ئالێرەشدا مانای دوولایەنی ووشەکە هەستی پێدەکرێ : جارێك بەمانای تاریك و لێڵ و جاری دووەمیش بەمانای شەبەح (شبح) .

گەڕانەوەکە ، بە مەبەستی دۆزینەوەی ماڵی ڕاستەقینەیە . ناسنامەی ڕاستەقینە . واتە ئەو ناسنامەیەی بوونی ( ئەو ـ ئێمە )ی بە ژیانە گەورەکەوە بەستۆتەوە . "هاوڕێ" ، دەیەوێت ڕۆڵێکی چالاك و ئامادەبوونێکی هەستپێکراو نیشان بدات و جۆرێك تەبایی دروست بکات . هەوڵدانێکی هایدگەریە بۆ بەدەست هێنانەوە و خەملاندنی خود ، بەڵام لەدەرەوەی شوێن و کات دا *(٢) .

مرۆڤێك ماوەی دە ساڵ جیاوازی لەنێوان خۆیی و سەرچاوە وجودیەکانیدا هەست پێدەکات ، دە ساڵی دوودڵی و بێ پارسەنگی ، وڕێنە و خۆ دووبارەکردنەوە . پاشانیش هەمیشە خۆی وەك " شتێك " هاتۆتە بەرچاو . ژیانیش بەلای ئەم نامۆیەوە لەشێوەی " مردن یان وەك سەفەرێکی دوور و خەیالاوی و وڕێنە ئامێز " * خۆی نواندووە . لێرە جیهان بچووك و بچووکتر دەبێتەوە . . ڕۆژبەڕۆژ دوورکەوتنەوەکان ماوەیان زیاتر دەبێت " مەزەندە و تەخمین ، ڕوانین و تێڕامانەکان " دادەهێزرێن و شیدەبنەوە و پاشانیش لەناودەچن . ڕابوردوو دەبێتە تارمایی و تارماییش ، سرووشت و بەرگی ژیان . شتەکان ، گۆڕانەکان ، پێش گەڕانەوە ڕوویان داوە . تەنانەت بەر لەگەڕانەوە ئێمەش بوینەتە یادگار کاتێکیش دەگەڕێینەوە ، تارماییەکانمان ناتوانن گەرد و تۆزی سەر ڕووخساری ئەو یادانە بسڕنەوە . بۆیە بەناچاری هیوا و خەونەکان ، بەرەو گەرووی دێوی تارمایی ڕاپێچ دەبن و ئێمەش تەنیا وەك " تارمایی " دەتوانین تێکەڵی تارماییە گەورەکە ببین . . . ئەنجامیش بە ونبوون و توانەوەمان ، بە " هیچ " بوونمان دێتەوە !

بینینی فەلسەفیانەی نووسەر بۆ دوارۆژ ، ئەو دوارۆژەی گەڕانەوەمانی بەو جورە تیدا ڕوودەدات کە باسمانکرد ، جیگەی تیرامانە . بەتایبەتیش کاتیك تابلوکەی لەگوشەنیگای جیاوازەوە ڕەنگە دەکات : " من قسەکانم ، وتەکانم ، پەپوولەی ڕەنگاورەنگ بوون لە

* ئەوەی لەنێوان دوو " " نووسراون ، بەبێ دەستکاری لە دەقەکانەوە وەرمگرتوون

بڕوانە بەگژن ژ ١١ - بەهاری ١٩٩٠ ل ١٨٦-٢٠٥ .

باخچەی ، شاباخچەی ـ قیرسای ـ بە تۆزێکی بچووك بەدوایان کەوتبووم ، دەمویست بیانگرمەوە ، کەچی . . ." ؟

گەڕانەوە خۆی لەخۆیدا جۆرێك یاخیبوونە . چونکە ئێمە بەوە مەحکوم کراوین لە دەرەوەی ( ماڵ )ی خۆمان بژین . واتە ناسنامەی پەیوەندیمان بە نیشتیمانەوە لێ سەنراوەتەوە . نەبوونی ناسنامەیش ناچاریکردوین پەیوەندییەکی (وەهمی) لەگەڵ شتەکاندا ، لەگەڵ ڕووداو و گۆڕانکارییەکاندا ببەستین . . . دیارە ئەم پەیوەندییە ( وەهمی )یەش بە بچووکترین و کەمترین هێز دەپچڕێت : " من لەو خەیاڵ و بگرە و بەردەمیەدا بووم ، بە ئاستەم گوێم لە تەقە تەقێك دەبوو ، دیاربوو یەکێك ماوەیەکی زۆرە لەدەرگا دەدات . . . " .هەر پچڕان و دابڕانێکیش جۆرێك ئاگاداربوونەوە بەدوای خۆیدا دەهێنێت . واتە ئاگایی لەئاست بێناسنامەیی‌دا :

" دەرگاکەم کردەوە بینیم دلێرە و وتی :

ـ هاوڕێ گیان ، تۆ بۆ دەرگا ناکەیتەوە ، تزیکەی چارەکێکە لەدەرگا دەدەم، چیتە نەخۆشی "؟" دەزانی چوار ڕۆژە نەمبینیوی ، دواییش نەدەکرا بەو ئاسانییە بگەڕێمەوە . خۆ مرۆڤ لێرە لەناو جێگاش بمـ . . .

ـ باشە ، دەباشە فەرموو دانیشە . .

ـ ئێ . . . چۆنی و گوزەرانت چۆنە . . . ؟

لەگەڵ ئەم قسەیەی دلێر کەمێك هاتمەوە سەرخۆم . ئینجا بیرم کەوتەوە کە من لە سێ شەمەی ڕابوردوو نەچوومەتە دەرەوە ، ئێستاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەیە ـ ا !" و لە هەمان شاری جەنجاڵ‌دا کە " ئەو "ی تێدا سەرگەردانە .

( ٦ )

لێرەدا دەگەینە دووریەکی دی کەسایەتی هاوڕێ . ئەم دوورییە ، بازنەی کەسایەتییەکەیشی تەواو دەکات . هاوڕێ ، لەلایەکەوە بەدەست " ژیانی سەگ ئاسای سەرشۆستە و کوچەکانی " ئەو " شارە پان و بۆڕ و جەنجاڵەدا " هەڵەوگیربووە و هەمیشە هەوڵی خۆ دەربازکردنیەتی . . لەلایەکی دیکەیشەوە ، مەیلی گەیشتن بەو هیوایانەی دە ساڵە بەردەوامیان پێبەخشیوە و ، لە ئامێزگرتنەوەی جاران بەهەموو لایەنێکییەوە ، بەدار و درەخت و عەرەبانە و . . هتد کانیەوە ، داگیریان‌کردووە . چیرۆکنووس بەهۆی خۆدواندنەکانی هاوڕێ وە خاڵێکی دیار لەبیری پاڵەوانەکەیدا بەرجەستە دەکات :

ناسیۆنالیزم :

دوورکەوتنەوەی هاوڕێ لەڕیشەی مێژوویی خۆی ، لەداب و نەریت و ماڵی خۆی، ئەو

ماڵەی زمان و فەرهەنگی هاوبەشی هەر ڕۆژە تیادا پتەوتر دەبێت ، هەستکردن بەدووری لەژیانی هاوبەش لەگەڵ ئەوانی تردا و لە ماڵێکی هاوبەشدا ، هاوڕێیان بەرەو تەنیایی یەکی خەست بردووە . بەڵام ئەو تابلۆیانەی چیرۆکنووس بۆ ئەم مەبەستە دەیان نەخشێنێ ، زۆر جار لە کەشێکی بێ مەبەستدا وەرووە دەخرێن . هەندێ جاریش جگە لە درێژکردنەوەی چیرۆکەکە سوودێکی دی ناگەیەنن و دەچنە ئاستی دروشم و دەربڕینی ئاسایی یەوە . هەر ئەمەش وا دەکا خوێنەر لەنێو شەپۆلە عاتیفیەکاندا ونبێ و ڕیشەی عەقلانی چیرۆکەکەی لێ بەرەڵڵا ببێت :

" ئەی منداڵە هەژارە بەستەزمانە ڕووت و قووتەکانی مەڵبەندەکەی لەمەر خۆمان غەریبیتان دەکەم . لەبەر هیچ شتێک نا ، تەنیا هەر غەریبیتان دەکەم ...".

( ٧ )

## گۆشەنیگا :

ئارمایی لەزمان کەسی یەکەمی قسەکەرەوە ( کە لەرابوردوودا دەدوی ) پەروەردە دەبێت و گەشە دەکات . بۆ ئەوەی نووسەر ماوەی خۆی لەگەڵ پاڵەوانەکەیدا دەست نیشان بکات و کارێک بکات تا ڕووداوەکان بەلای خوێنەرەوە شوێنی باوەڕپێکردن بن ، هاتووە دوو گۆشەنیگای بەکارهێناوە . هەروەکو چۆن دەرهێنەرە سینەمایی یەکانیش ئەو جۆرە تەکنیکە بەکاردەهێنن .

نووسەر کاتێک دەیەوێت چوارچێوەیەکی گشتی تەزای چیرۆکەکەی ڕەسم بکات ، سوودی لە ( دیمەنی گشتی ) وەرگرتووە . بەڵام کاتێک دەیەوێت سەرنجی ( خوێنەر - بینەر ) بۆ خاڵێکی تایبەت ڕابکێشێت ( ئەو خاڵانەی مەبەستە گرنگەکانیان تێیدا بەرجەستەبوون ) هاتووە پەنای بۆ دیمەنێکی ( گەورە ) بردووە .

ئەم شێوە بەکارهێنانە نووسەری لەوەسفی بێ سەر و بێ و زیادە دوورخستۆتەوە و زیاتر بە تەنگی لایەنە جوانکاریەکانەوە بووە . با دوو نموونە لەسەر هەردوو گۆشەنیگاکان بهێنینەوە :

دیمەنی گشتی : " ماڵەکان کەسێک گۆڕابوون ، وەک پێشو نەدەماتنە بەرچاو ، کەچی پێشیان ئاشنابووم ... " لە شێست مەتری " پەریمەوە " دەیان ماڵە ناسیاو و برادەر و خزمم بینی . ئاشەکەی حاجی عەولام بینی ، دەنگرا ، کوێر ببووە ، هیچ کەر و مەریش لەو ناوە نەبوو ".

دیمەنی گەورە : " ئافرەتێکم بینی لەداڵانەکە دانیشتبوو ، ڕەش پۆش زۆر بەدایکم



هەواڵنامەی کتێب

دەچوو . بە دەنگێکی نزم لەبەر خۆیەوە دەنووزایەوە . تێ ی نەدەگەیشتم. باوکم " م " بە زەحمەت ناسیەوە ، ریش و سمێڵی سپی ببوو و ڕووخساری تەواو لۆچاوی بوو... "
" تێنەگەیشتنی باسەکە وای لێکردم سەیری تەلەفزیۆن بکەم . کابرایەکی زەبەلاح تێیـدا هاواری دەکرد و دەیگرماند ، هەڕەشە و گێڤەی لێ‌هەڵدەستا . هەندێ‌جاریـش دادەنیشتەوە ، دەتگوت فریشتەیە بەهێمنی دەدوا ..." .

هەندێ جار دیمەنی گەورە بەرەو ناوەوە ، بەرەو ناخی پاڵەوانەکان دەڕۆن وپێکهاتووە دەروونیەکانمان پیشان دەدەن . نووسەر بەسەر دیمەنەکاندا تێپەرنابێت و وەسفیشیـان ناکات . بەڵکو فەزایەکمان بۆ دەخولقێنێ و پاشان بەهێمنی جێمان دەهێڵێ. ئەمـەش وا دەکات خوێنەر لەیەك کاتدا شایەتی ڕووداوەکانیش بێت و بیریشیان لێ‌بکاتەوە. واتـە ئاکامێکی عەقڵی بەدەست بهێنێت .

( ٨ )

چەند لایەنێکی دی " ئارمایی " سەرنج ڕاکێشن . بەتایبەتی ئەو هێماکردنـەوە مەجازیانە بۆ ڕووخاندنی میدیایی‌یەکان و چەمی (ڕێزان) و تەلەفزیۆنەکە . بەکارهێنانـی حەیران و بابەتی فولکلۆریش ، ئەگەرچی لەچیرۆکی نوێی کوردیدا شتێکی تازە نیە ، بەڵام بەهای جوانکاری و تایبەتمەندی خۆی هەیە .
زمان لە " ئارمایی " دا بەرگێکی ناوچەیی بەخۆیەوە گرتووە . بەئاسانی دەکـرا خۆ لەو چوارچێوەیە ڕزگار بکرێت . لەو بڕوایەدام کارێکی داهێنەرانە بەهۆی زمانێکـی دەوڵەمەندەوە نرخی ئەو بەرهەمە گەلێك زیاتر دەکات .. بەکارهێنانی هەندێ وشـەی وەك " قەڕمان ، مۆلەقمان ، لۆچاوی " کە لەهەندێ بەرهەمدا خۆیان قوت دەکەنەوە ، پێویست ناکات . چونکە بەرامبەر ئەم وشانە لەرووبەرێکی فراوانتری زمانی کوردیـدا بەکار دەهێنرێن . ئەگەر مەبەستیش لە بەکارهێنانیان ڕزگارکردنیان لەمردن بێت ، ئەوا پێویستە بەشێوەی دی بێت .
لە تێکستەکەدا ، زۆر وشە بە دوو " وو " نووسراون کەخۆیان تەنێ بە یەك (و) دەنووسرێن ، وەك ( کوچە ) نەك ( کووچە ) . هەروەها مەسەلەی ڕێنووسیش ، لـە حاڵەتی پێکەوە نووسین - یان - بەجیا نووسینی وشەیەکدا ، دەبوو زێتر دیققەت بدرێ.
لەگەڵ ئەوانەش دا ، " ئارمایی " هەنگاوێکی دیارە لەبواری چیرۆکماندا. بـە لای منەوە ئەم بەرهەمە شایانی شوێن پێ‌هەڵگرتنە .

دوو چنگـاڵ :

" سـامی " لەپەراوێزی سەرنج دا



هەواڵنامەی کتێب

دوو چنگاڵ کورتە چیرۆکێکی کاك ئەنوەر محمەد ئەحمەدە و لەهەمان ژمارەی گۆڤاری (یەکگرتن)دا ، بڵاوکراوەتەوە . کاتێك خوێنەر بۆ جاری یەکەم چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە ، جگە لە وەسفێکی فۆتۆگرافیانەی دوو خێزان : ( کورد و ئەوروپایی ) کە لەدیدەنیەکەدا ، یەکتر بەسەر دەکەنەوە ، شتێکی ئەوتۆی دەستگیر نابێت !

بەڵام نووسەر مەبەستی بووە ، ( بەلای کەمەوە من وای دەبینم ) کە لەودیو ئەم وێنە ئاساییەوە چەند لایەنێکی گرنگ بهەژێنێ ، لەڕاستیدا چەند لایەنێکی زۆر گرنگی وا کە شێوە ژیانی کوردی ئەوروپانشینمان بۆ بەرجەستە دەکات و هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو کەسانە بەلای بیرلێکردنەوەیدا ناچن ، مەگەر تەنیا چیرۆکنووسێکی بەتوانای خەیاڵ ناسك کاری وای لەدەست بێت .

( ٩ )

سامی کوردێکی " تەمبەڵ و خاووخلیچکی " دانیشتوی ئەوروپایە . لەکارگەیەکدا کاردەکات و ژیانێکی باش دەژی . وەك زۆربەی هاوڕێکانی دیکەی ، تەنیا ئەو کاتە کوردستانی بەبیردێتەوە کە (شەوی کوردی) سازدەدری و لەو شەوانەشدا ( مانفرید )ی هاوڕێی ( ئەڵمانیەکی دۆستی کوردە ) ، کۆپی ئەو نووسراوانە بڵاودەکاتەوە کە ڕۆژنامەکان لەسەر کوردیان نووسیوە . (هێرۆ) هاوسەری سامی یە . ئافرەتێکی ڕواڵەتی یەو لەژێر کاریگەری عەقلیەت و بیرکردنەوەی باوك سالاری کۆمەڵگای کوردەواریدایە . ئەو عەقلیەتەی سامی و ئەوانی وەك ئەو شانازی پێوەدەکەن .

سامی و هێرۆ سواری ئۆتۆمبیلەکەیان دەبن و بەپێی ژوانێك لەگەڵ مانفرید و کریستینای هاوسەری ، بەرەو ئەوێ دەیهاژوون . پێشتر پەیمان وا بوو ئەمان "ماسی" بخۆن ، بۆیە لەسەرەتای چیرۆکەکەوە دوودڵی و ترسی سامی لەبەکارهێنانی " چنگاڵ " ، ( نەك خواردنی ماسی ) دەردەکەوێت . هەر لەسەرەتاوە وا دیارە سامی لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەکدایە تا لەبەکارهێنانی چنگاڵ ڕزگاری بکات .

بەڵام هێرۆ بەحوکمی ئەوەی پاشکۆیەکی تەسکی مەرهەنگی هەیە ، ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت تا " درۆ " یەك لەلای مانفرید و کریستینا بۆ سامی بکات :" تۆ دەتوانی خۆت بە زەڵاتە و شتی ترەوە خەریك بکەیت . ئەگەر پرسیان تۆ بۆ ناخۆیت .. بڵێ ، یان من دەڵێم تازە بەم جۆرە خواردنە حەساسیەتت پەیداکردووە " .

کاتێك دەگەنە ئەوێ بۆیان ئاشکرا دەبێت کە خواردنەکە پێویستی بە بەکارهێنانی چنگاڵ نیە . چونکە خاوەن ماڵ وای بەباش دەزانن " بیکەنە سەر سوورمـ[1]ـان " . سەرسوڕمانەکەیش بە گومانی من لەوەدا خۆی دەبینێت ، کە مانفرید و هاوسەرەکەی



هەولێری کتێب

لەمانەوە فێری دروستکردنی خواردنی کوردی بوون ، بۆ ئەم بانگهێشتەش ئەوەتا "ساوەر و جگەری سوورەوەکراو و خەیار و ماست ـ دۆغرمە ـ " سفرەکەیان ڕازاندۆتەوە .

بەهەرحاڵ ، ئاشکرا دەبێت کە سامی توانای بەکارهێنانی چنگاڵی‌نیە، بەتایبەتیش دوو چنگاڵ بۆ خواردنی ماسی . ( لەوە دەچێت تەنگ‌و چەڵەمەی بەشێکی زۆری سامی‌یە ئەوروپانشینەکان شتی لەم بابەتە بێت ) . چیرۆکەکە بە دیالۆژێکی سامی ، کە هەڵبەرستانە دیمەنەکەی پێدەفۆزێتەوە ، کۆتایی پێدێت . سامی دەبێژێ: " **ئەوەش کە فێری خواردنی نابم " ماسی "یە !** ". وشەی ماسی خراوەتە نێوانی دوو چوکلەوە، لەوە دەچێت نووسەر مەبەستی بوبێت لەدیدەی سامی‌یەوە ، ماسی لە خەسڵەتە فیزیاوی‌یەکانی وەك گیاندارێکی ئاوی ڕووت بکاتەوە و بەرگی سومبوولی بکات بە بەردا . چونکە لەبیری سامی‌دا ، ماسی گیاندارێکی بێ‌زبانە و سامیش لەو نەهەنگانە نیە پەلاماری بدات ! ئەم وردبینی‌یەی نووسەر ئاستی چیرۆکەکەی بەرزتر کردۆتەوە و مەبەستەکەیشی جوان‌نەخشاندووە.

( ١٠ )

لاکردنەوەی چیرۆکنووس لە ( شەوی کوردی ) و ئەو پەیوەندییە سەرەتایی‌یانەی لە نێوان کوردی وەك سامی و ئەوروپیدا دروست دەبن . هەروەها خۆئامادەکردنی کورد بەشێوەیەکی ناشیانە و بەمەبەستی دروستکردنی پارسەنگێك ( دیسانەوە ڕەنگدانەوەی عەقلیەتی بەتریارکی ) لەبەرامبەر بێگانەدا بۆ هەندێ دیدەنی و پەیوەندی ، دیققەتی جوانی تێدا بەدی‌دەکرێ .

سامی و هاوبیرەکانی مرۆڤی ساویلکەن . هێشتا ئاگایی‌یان بەرامبەر بەمێژوو و سەردەم لەلا دروست نەبووە و زیاتر پەیوەندی لەئاستی ڕواڵەتبازی و تەشریفاتی ڕۆتیندا دەبینن . بیر و گوفتاریشیان وەك خۆیان " بۆبنباخ لەمل " ن ، بۆیە تەنیا دەبێت لەڕێگەی مرۆڤێکی چالاکی وەکو مانفریدەوە بزانن چی لەو دنیایەدا ڕوو دەدات! ئەویش لە ( شەوی کوردی )دا . . !؟

لەلایەکی دیکەوە ، سامی و ئەوانی وەك سامین ، بێ هەڵسەڵمینەوە لە لای ( کوردەکانی تر ) بازرگانی بەناوی کەسێکی وەك مانفریدەوە دەکەن . پەیکەرێکی لێ دروست دەکەن . شانازی دەکەن کە فلان بێگانە دەناسن و ئەمە و ئەوە بۆ کورد دەکات . لەکاتێکدا دەبوو دڵسۆزی و چالاکیەکانی ئەو بێگانەیە " ئاگایی " لە لا دروست کردبان ، چونکە ئەو کاتەی بێگانەیەك دڵسۆزی خۆی بۆ کورد بەم یان ئەو شێوە دەنوێنێ ، چاوەڕێی ئەوە ناکات لەملا و ئەولا باسی بکرێ . بەهیچ جۆرێکیش لەژێر کاریگەری کەسایەتی و بیری سامی و هاوڕێکانیدا ئەو کارە ناکات !

کوردەکانی وەك سامی لە پەیوەندی نەگەیشتوون : ئەوان وا دەزانن پەیوەندی بەستن لەگەڵ بێگانەدا بەهێرشکردنە سەر فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردەواری وئایینی خۆرهەلاتی دروست دەبێ . بۆیە ئامادەیی‌یان تێدایە لەهەر دانیشتنێکدا لەگەڵ بێگانە ( ئاستی فیکری ئەو بێگانەیە لەهەر پلەیەکیشدا بێت ) ، بە ناشیرینترین شێوە پەلاماری داب و نەریتە خۆماڵیەکان بدەن و دمیان ناو و ناتۆرەیان بۆ بدۆزنەوە .

بەلای ئەو جۆرە کەسە ئەوروپانیشیناەوە مەسەلەی " Integration - تێکەڵبوون " لە بوارێکی رووکەشی رۆژانەدا تەماشای دەکرێ ، نەك وەك پرۆسەیەکی فەرهەنگی ، چونکە ئەوان تەنانەت ئاگاداری فەرهەنگی خۆماڵیش نین .

. . . .

لێدوان لەم بارەیەوە کاتی زۆری دەوێت ، بەلاّم هەڵبژاردنی ئەم جۆرە بابەتانە و رەنگدانەوەیان لە بەرهەمە ئەدەبی و کارە فیکری‌یەکانماندا ، خۆی نیشانەی ئاگاداری‌یە لە شێوە پێکهاتووی کەسێتی کورد لەدەرەوەی ولاّت . ئەم هەنگاوەی کاك ئەنوەر بابەتێکی کۆمەڵناسانەیە لە بواری ئەدەبدا ، رەنگە هەر لەبەر ئەم خاڵەش بێ کە نەمتوانی قەرەی لایەنی هونەری بەرهەمەکە بکەوم . هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم .

مەی(ئایار)ی ١٩٩٠ کۆپنهاگن

## پەراوێزەکان

١- ئەحمەد عومەر ، موحسین : ئارمانی . گۆڤاری " یەکگرتن " - ژمارە ١١ ، بەهاری ١٩٩٠ ، ل‌ل ١٨٦ - ١٩٩ .

- محەممەد ئەحمەد ، ئەنوەر : دووچنگاڵ . گۆڤاری " یەکگرتن " - ژمارە١١ ، بەهاری ١٩٩٠ ، ل‌ل ٢٢٠ - ٢٠٥ .

٢- مارکیز ، گابریل گارسیا : فانتازیا و داهێنانی هونەری لە ئەمریکای لاتیندا . رۆژنامەی " ئونوماسونو " ، ژمارە ٤ ، ئاگۆستی ١٩٨٤ ، کە ئێمە لە " سخن "ەوە وەرمان‌گرتووە . بڕوانە ل ٢ی ئەو سەرچاوەیە .

٣- بەلای هایدگەرەوە بوونی مرۆڤ بەندە بە ئازادی‌یەکەیەوە . ئازادیش حەقیقەتی واقیعی مرۆڤایەتی‌یە . مرۆڤ " لێرەیە " واتە مرۆڤ ئازادە ، چونکە " لێرەیی‌بوون " پیرۆزی شوێن - تقدس المکان - ئاشکرادەکات . شوێنیش ئەو شتەیە کە مرۆڤایەتی مرۆڤ بەرجەستە دەکات و دەیسەلمێنێ . . . بێ شوێنی بەلای هایدگەرەوە ، واتە مەرگ . چونکە تەنیا لە (شوێن)دایە کە مرۆڤ دەتوانێت هوشیاری لەسەر کەبوتە پەیدا بکا . . . بڕوانە پێشەکی وەرگێرانی ئینگلیزی‌یەکەی فەلسەفە چی‌یە؟ ( What is Philosphy ? ) . هەروەها بڕوانە گۆڤاری " العرب و الفکر العالمي " - العدد الرابع ، خریف ١٩٨٨ . هەروەها وەرگێرانە فارسی‌یەکەی هەمان سەرچاوە .

فەرهاد پیربال زنجیرەی ژیاندنەوەی نووسراوە عوسمانیەکان :

# لێکۆڵینەوە

# مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکان

# لەبارەی گەلی کورد

هەڵبەتە دیارە ئاوەدان و بووژاندنەوەی ڕۆشنبیریی نەتەوەییمان ، تەنیا بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی تازە و بایەخدان بە " ئەمڕۆ " ناکرێ ، بەڵکو لەهەمان کاتدا ساغکردنەوەی ڕابردوومان و لێکۆڵینەوەی کەلەپووری شارستانیشمان ـ لە هەموو بوارێکی جیاجیادا ـ ئەرکێکی ئەمەکدار و گرنگی سەرشانمانە .

وەك ئاشکرایە ، ئێمە ، هەر پارچەیەکمان لەشوێنێك ، هەر گەنجینەیەکمان لەولاتێك ، هەر گەوێکی مێژوومان لە کەلەبەرێك کەوتووە . بەشێکی یەکجار فراوانی کەلەپوور وفەرهەنگی ڕابردوومان ، هێشتاش هەر کەرەستەی خاون . بۆیە وا تێدەگەین ، کەئێمە ـ ئێمەی نەوەی پەراگەندەی ئەمڕۆ لەدوورەولاتدا ، پێویستە پێیەکمان لەسەر زەمینەی ئەمڕۆمان و پێیەکەی تریشمان لەسەر زەمینەی ڕابردوومان بێت ! چاویشمان لەئاسۆ ، لەداهاتوو . . .

یەکێك لەو کەلەپوورە فەرهەنگییە دانسقە و مێژووییانەمان : نووسراوە عوسمانیەکانن ، واتە ئەو بابەت و وتار و کتێب و لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرانەی کە بە زمانی عوسمانی ـ بە تایبەتی لەماوەی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای ئەم سەدەیەدا ـ لەبارەی فەرهەنگی گەلی کورد و نیشتیمانەکەمان نووسراون .

ئەم گەنجینە فەرهەنگی و مێژوویییە دیارکراوەی نەتەوەکەمان ، هەتابڵێی دەوڵەمەند و بە لق و پۆپ و گرنگە و بایەخدارن . لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامە عوسمانیەکانی ( شهبال ) ، ( اقدام ) ، ( اجتهاد ) ، ( حقائق تاریخیە و سیاسیە ) . . . هتددا ، چاوت بەچەندین وتار و بابەت و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر دەکەوێ ، کەهەموویان بەزمانی عوسمانی ، بە قەڵەمی ڕووناکبیرە کوردە گەورەکانی ئەو سەردەمی وەکو (عەبدولڵا جەودەت) ، (پیرەمێردی شاعیر) ، ( عەبدولڕەحمان بەدرخان ) ، ( زینت اللە

نۆشیروان)، (ملا سعیدی کوردی)، (اسماعیل حقی بابان)، (احمد رامزی کوردی زاده)... لەبارەی ژیانی سیاسی و مێژوویی و نەرهەنگیی گەلی کورد نووسراون. کەسیش تا ئێستا ئاوڕی لێیان نەداوەتەوە.

گۆڤاری " یەکگرتن " لەم ژمارەیەی ئێستای بەولاوە، نیازی وایە لەهەر ژمارەیەکدا، هەرجارەی یەکێك لەو وتارە بایەخدارانە، لەقوژبنی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە عوسمانیانە ڕزگار بکات و، سەر لەنوێ بڵاویان بکاتەوە؛ بیانخاتەوە پێشچاو توێژەرانی کورد و ئەوانەی کە زمانی تورکی/عوسمانی دەزانن؛ بەڵکو ڕۆژێك دادێ ئەو وتارە مێژووییە گرنگانە، تەرجەمەی سەر زمانی کوردی بکرێن و سوودی لەبن تەهاتووی خۆیان بگەیەنن.

ئێمە لەم پرۆژەیەدا تەنیا " وتارەکان " بڵاودەکەینەوە، چونکە کتێبەکان پێویستیان بە شێوە ساغکردنەوەیەکی جیاواز هەیە.

ئەوەتا، ئەم وتارەی لەم ژمارەیەدا دەیخەینە پێشچاو، وتارێکە بەناونیشانی (کوردلر، تاریخی و اجتماعی تدقیقات = کوردەکان، لێکۆڵینەوە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکان) کە بەقەڵەمی یەکێك لەنووسەرە کوردە پێشەواکانی ئەو سەردەم" کامەران بەدرخان " نووسراوە.

ئەم وتارە، لە ژمارە (١٣٠)ی گۆڤاری (اجتهاد)، لە ١٤ی تشرینیدووەمی ١٩١٨ دا، لەلاپەڕە (٢٧٩٥-٢٧٩٧) دا بڵاوکراوەتەوە*.

گۆڤاری اجتهادیش، لەو ساڵەدا، لەچاپخانەی (اورخانیە) لەشاری ئەستەمبوڵ چاپ و بڵاودەکرایەوە. مدیری مەسئوولەکەی " سلیمان توفیق ؟" بووە، سەرنووسەرەکەشی ڕووناکبیری گەورەی کورد (عەبدوڵلا جەودەت) بووە؛ سەروتارەکانی ئەم گۆڤارە،هەمیشە ئەو نووسیونی.

لەم زنجیرە ژیانەوەیەدا، هیچ شیکردنەوەیەکی ناوەڕۆکی ووتارەکان ناکەین؛ لێیان دەگەڕێین بۆ توێژەر و پسپۆڕانی ئەم بوارە.

کوردلر

## تاریخی واجتماعی تدقیقات

عشائر و مهاجرین مدیریت عمومیەسی صوك حقەلر ظرفندە؛ دوقتور «فریج» طرفندن تألیف ایدیلوب؛ برلین شرق آقادمیسنجه طبع ایدیلان «کردلر»

---

* گۆڤاری (اجتهاد)، لەکتێبخانەی " لانگرۆ " لەپاریس پارێزراوە. کۆد و ژمارەکەی، ئەمەیە: ( Per . 1156 ).

عنوانلى وتاريخى، اجتماعى تدقيقات محصولى اولان مهم
بر اثرك ـ ٣٨٤ ـ صحيفه‌يه بالغ اولان برنجى جلدينى
ترجمه و نشر ايتدردى .
واقعا اوروپاده ـ كردلر وكردستان ـ حقنده
انتشار ايدن اثرلر متعدددر .
استطراداً شونى عرض ايده‌لمكه : روسلر كردملتنه
وكردستانه عائد كتابلرك مهم برقسمنى تأليف ايتمشلردر .
پترسبورغ اقاده‌ميسى طرفندن نشر ايديلان و (٨٣٠٧)
كلمه‌يى احتوا ايدن « كردجه ـ روسجه ـ آلمانجه لغت
بتون نواقصيله برابر بو مختلف اثارك مهملرندن بريدر .
« كمبريج » دارالفنونى معلملرندن آثور بازيسى
متخصصى دوقتور « سه يچ ـ Sayce » ك مقايسه‌لى تدقيقات
علميه‌سى؛ انكليزجه ايران تاريخى محررى « سير جون
مالقولم Sir j. Malcolm » ك مدعياتى آوستريا مورخ
مشهورى « هامه‌ر ـ Hämmer » ك بوخصوصده‌كى
نشرياتى شايان مطالعه‌در .
حتى يونان مورخلرندن « استرابون » و « اكسه
نه‌فون » ده كردلر وكردستانله اشتغال ايتمشلردر .
آلمانياده بوكون اك مشهور كوردولوغ پروفسور
« اوسقارمان » در .
« اوسقارمان » فارس وسائر ايران كردلرى حقنده؛
اخيراً موكرى كوردلرينه دائر جسيم لسان وادبيات
مجموعه‌لرينى نشره باشلامشدر .
شمدى‌يه قدر موقع انتشاره چيقمش اولان درت
قسم (١١٥٠) بيك يوز اللى بويوك صحيفه‌يه بالغ اولويور .

کرد ادبیاتی تدقیقاتنه « کمبریج » دارالفنونی تاریخ قدیم معلملرندن ـ سویج ـ ده اشتراك ایتمشدر.

مطالعه‌سی شومر گزده‌در. « بو ادبیات یك ابتدائی بر حالده اولمایوب بر طاقم شعرلر، شرقیلر ومصالاردن مرکبدر » [۱] « ماقاس ـ Makas » ك دیاربکر، غاوار، نیریدی شیوه‌لرندن منتخبات وبرن اثری ؛ طورعابدین و بوهتان [۲] جهتلرینك حکایات و اشعارینی جامع اولمق اوزره « بریم » Prym « و » لوسین ـ .Losin « طرفلرندن وجوده کتیریلان مجموعه ؛ « نولده‌ککه ـ Nöldecke» نك قبل‌المیلاد اشتهار ایدن کردلرله شمدیکی کردلرك مناسبات عرقیه‌سنی مطالعه ایدن کتاب معروف؛ « یوستی ـ Justi » نك « کردجه صرف » ی « لیخ ـ Lih» طرفندن تألیف ایدیلن کردلر وشمالی خلدانیلر حقنده تتبعات عنوانلی اثر ؛ « بلاو ـ Blav » ك قبائل اکراده دائر معلومات اسلی تألیفی ؛ فرانسز مورخی « آلبه‌رماله » نك « کردلری قرون اولی‌ده مطالعه ایدن تاریخی... الخ... اثرلر کردلر حقنده‌کی کلیاتك بر قسمیدر.

کوکل ایستردی که ملی کتبخانه‌مز کردلر و کردستان حقنده یاپیلان علمی تدقیقاته بر منبع حالنده بولنسون، مع مافیه عثمانلی حکومتی شمدی‌یه قدر مقدراتیله علاقه‌دار بولندیغی ملتلرك علمی اصوللر دلالتیله مادی معنوی محیطلرینی، تاریخی، جنسی، عرقی، اعتقادی تمایللرینی، عنعنوی قوتلرینی تدقیقه حصر مساعی ایتمدیکی جهتله بو کتاب بزی درین بر امید وممنونیتله متحسس ایتدی.

فردی مناسباتك ابتدائی شکلنده طانیمق؛ اکلامق وآکلاشمق همان ، همان یکانه موفقیت عاملی ایکن اجتماعی زمره‌لرك ؛ حاله مللرك ، عرقلرك اداره‌سی وادارہ‌نك

[١] کرد لساننده یازلش عاوره‌لی منظوم اثرلرده تصادف ایدلمکده‌در . کرد شاعر معروف احمد خانی‌نك « مه‌م و زن » عنوانلی اثری اك مشهورلرندندر .

[٢] دوقتور فریج اثرنده معروف بدرخان بك عائله‌سی آزیزی زمره‌سنه منسوبدره دیه‌رك آزیزیلری حیدرانی عشیرتی میاننه ادخال ایدیور . خطادر . هرنه قدر امیر بدرخان عائله‌سی آزیزیلره منسوب ایسه‌ده آزیزیلر بوهتان ایالتنده بولونان عائله‌در .

هەواڵنامەی کتێب

غایه‌سی ؛ یکانه غایه‌سی اولان متنفع اولمق ومسعود ایتمك خصوصنده بو مهم عاملدن فراغت ایتمك نصل ممکن اولوردی .

بر ملت ایکی محیط داخلنده یاشار وبونلرك هیچ برندن اصلا تجرد ایده‌من .

« برنجیسی محیط مادیدرکه یاشادیغمز یرلك اقلیم، وضعیت واحوال جغرافیه وطبیعیه‌سنك هیئت مجموعه‌سیدر .

ایکنجیسی محیط معنوی اولوب اعضاسی اولدیغمز هیئت اجتماعیه‌در .

منسوب اولدیغمز ملتك ، قومك ، عائله‌نك هرکون کوروشدیکمز قونوشدیغمز آرقاداشلرك هیئتیدر . بو ایکی محیط ایله تماس ایتمه‌دیکمز برآن وساعت یوقدر . هر ایکی محیط لاینقطع اوزرمزده اجرای تأثیر ونفوذ ایتدیکی کبی بز دخی بو ایکی محیط اوزرینه اقتدارمز نسبتنده تأثیر ونفوذ اجرا ایتمکدن خالی قالمایز .

اساساً تماس واختلاطده بو دیمکدر .

محیط مادی ساحل دریاده و یا قره‌نك اورته‌سنده اقلیم بحری ویا بری اولدیغی ؛ اقلیمجه صیجاق ویا صغوق ، اووا ویا طاغلق ؛ اهالیسی چوق یاخود آز زراعتجه فیض وبرکتی جائز ویاخود بوخصوصده فقیر اولوب معدنیاتی محتوی اولمسنه کوره اوراده ساکن اولانلر اوزرنده مختلف تأثیرلر اجرا ایدر .

محیط معنوینك ؛ زنکین ویا فقیر ؛ تربیه ومعارفجه مترقی ویا متدنی ؛ بدایع ومعالی ایله الفتلی ویا الفتسز ؛ سفاهات واسرافله میال یاخود بونلردن مجتنب ، متشبث وفعال یاخود عطالته معروض اولماسنه کوره‌ده ، اوراده امرار حیات ایدن انسانلر اوزرینه تأثیراتی مختلف ایدر .

مادی معنوی محیطلرك طانینماسی خصوصنده‌ده علوم طبیعیه وریاضیه ، تاریخ ، حقوق ، اقتصاد ، اخلاق ، علم اجتماع کبی علوم بزه معاونت ایدر .

بو سطرلردن صوکره فتح ایدلدکلری زمانلردن اعتباراً نه فاتحی نه مفتوحی مسعود ایدمه‌ین سیستم [illegible] ادارهٔ منزلك عزیز وطنی و وطنداشلری دائما مکدر [illegible]

ایدن امور اداره‌نك هرشیندن اول ذکر ایتدیکمز واداره خصوصنده رهبرلکلرندن اصلا فراغت ایلمیه‌جکمز علمی تدقیق اصوللرینه قارشی اولان بیکانه‌لکمزدن ، جهل کثیفمزدن منبعث اولدیغی قطعیتله تظاهر ایدر .

اوت شونی اعتراف ایتمك ایجاب ایدرکه بوکون بیله اداره آدمی اوله‌رق طانیدیغمز ذواتك مهم بر اکثریتی حوضه مأمورلرینه هیچ بر زمان بو علمی

اصوللر كوزلكيله باقامامشلردر .

ايشته مهاجرين مديريت عموميه سنك كردلر حقنده تاريخى اجتماعى تدقيقات عنوانلى ترجمه سنى بو اعتبار ايله بيوك بر حس حزونيتله قارشيلايورز .

هيچ اونوتمايز؛ برهست ـ ليتووسيق مذاكراتى اثناسنده معروف بر كورد ؛ سياسة اك نازك بر قطعه منزك مهام امورينى اوموزلرينه يوكلنمش سابق ناظرلرمزدن برينه مراجعتله؛ برهست ليتووسقده جريان ايده جك مذاكرات اثناسنده كوردستانك حقوقنى محافظه ايتمك مقام خلافته وحكومت عثمانيه يه اولان مربوطيتنى اظهار ايلك اوزره كوردلردن مركب بر هيئتك مذكور شهره اعزامنه دلالت ايتمسنى تمنى وتوصيه ايتمش وبو طلبه قارشى ناظر بر وضع غريب ايله «بن كوردلره دارلدم» جوابى ابلهانه سنى ويرمش ايدى .

اعمايه كور اولديغى ايچون قزمق جائز اولسه يدى بو سوزه قارشى شدتلى بر انفعال حس ايتمك ضرورى اولوردى .

فقط جهل؛ جهالت سياسيه واداريه بو عزيز مملكتك اك بيوك دشمنى بو وسيله ايله تكرار اجراى تخريبات ايديوردى .

بو سطرلرى بزه يازديران اثرك لزوم واهميتى حقنده اساساً فضله ايضاحاته احتياج يوق .

مملكتك شو بدبخت ومحزون حالى ؛ عامه ، علمى تدقيقات اوزرينه مؤسس اداره اصوللرينه نه قدر محتاج بولنديغنى تقرير ايديور .

١ تشرين ثانى ١٩١٨

قادريه عالى

ئامادەکردن و وەرگێڕانی

**ڕەزا حەمە فەرەج**

# کتێب سووتاندن

لەهەر شوێنێك کتێب بسووتێنرێ
لەئەنجامدا مرۆڤیشی لێ دەسووتێنرێ

هاینریش هاینە

سەرەتای مێژووی ڕەش و خوێناوی هیتلەریزم بوو ، ژیانی ڕۆژانە بریتی بوو لە بەجێهێنانی فرمانە دڕندەیی‌یەکانی خاچی قولاپی ( 卐 Hakenkreuz ) هەر لە قەلاچۆکردنی جولەکە و مرۆڤی ئاشتیخوازەوە بگرە ، هەتا دەگاتە خنکاندنی دەنگی هونەر و ئاساندنی چریکەی شیعر و لەسێدارەدانی ماف و ڕاستی و سووتاندنی هەموو ووشەیەکی ئازاد .

ئاشکرایە هەموو ڕژێمێکی کۆنەپەرست و دیکتاتۆر ، هێندەی سڵ لە هاواری قەڵەمی شۆڕشگێڕ و توڕەبوونی ووشەی سەربەستی ناوخۆ دەکاتەوە ، هەر هێندە و بگرە کەمتریش ، سڵ لە هەڕەشە و گوڕەشەی سەربازیی بێگانە دەکاتەوە ، هەر بۆیەش ( وەك شاعیری ئەڵمانی ئیریش کێستنەر ـ Erich Kastner ١٨٩٩ - ١٩٧٤ ) دەڵێ : " لەو ڕۆژەوەی کتێب دەنووسرێ ، لەو ڕۆژەوەش کتێب دەسووتێنرێ ، لەبەر ئەوەی هونەر و بیروباوەڕ بەهیچ نرخێك نافرۆشرێ ، ئەوا چەوسێنەر و زۆرداران هەوڵ دەدەن ڕێگایەکی دی بۆ دەست بەسەراگرتنیان بدۆزنەوە ، ئەو ڕێگایەش بریتی‌یە لە لەناوبردنیان" . وەك چۆن مێژووی ئازادی لەهەمان کاتدا مێژووی چەوساندنەوەکەیەتی ، مێژووی هونەر وئەدەب و بیروباوەڕیش لەهەمان کاتدا مێژووی سەرهەڵدانی ڕق و زەبر و زەنگ و دژایەتی کردنیانە.

هەوڵدان بۆ کەلەپچەکردنی زوانی ووشە و کۆت کردنی هەنگاوی هونەر، کۆنە و وەك وتمان ، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانیان . مێژوونووسی ڕۆمی ـ تاکیتۆس ( Tacitus ٥٥-١٢٠ زاینی ) لەسەردەمی قەیسەری ڕۆمی خوێنمژدا ( دومیتانۆس Domitanus ٨١-٩٦ زاینی ) دەنووسێ : " کاتێ سەربازان فەرمانیان پێ دەدرێ بۆ ئەوەی بەئاشکرا بەرهەمە فکری‌یەکان لە گۆڕەپانی شاردا بسووتێنن ، نەواتە تەنیا

دژایەتیکردنی نووسەرەکانیان ، بەڵکو زیاتر ڕق و دژایەتیکردنە بەرامبەر کتێبەکانیان ، چونکە مەبەستی سەرەکی ئاگرەکە بریتییە لەسووتاندنی دەنگی گەل و ئازادی و ویژدان ، مەبەستیان لەڕاوکردن و ڕاونانی فەیلەسوف و زانا و هونەرمەندان ئەوەیە کە کەسینەمێنێ " بانگی حەق " بدات و دەنگی نارەزایی بڵند بکاتەوە " . بێگومان ووشە لە مێژووودا هەمیشە ڕۆڵی سەرەکی خۆی بینیوە و هەمیشەش بەردەوام دەبێ لە بەئاگاهێنانەوەی مرۆڤ و کردنەوەی چاوە داخراوەکان و خستنەڕووی شتەکانی ئەودیوی کەوالیسەوە . پیاوانی تاج و هێز و کورسیش هەمیشە هەوڵی لغاوکردنی ئەسپی ووشەکانیان داوە ، چونکە ووشە ، ووشەی سپی ، کامێرەیە و وێنەی ناوەوەیان دەگرێ . وە لە پێناوی مانەوە و پاراستنی بەرژەوەندی خۆیاندا ، وەك چۆن ملی مرۆڤ ، ئاواش ملی چۆلەکەی ووشەکان هەڵدەکێشن . ئەی مەگەر جەنابی " خەلیفە " فەرمانی دەرنەکرد ، کە کتێبخانە - با بڵێین گەوهەرخانە - کەی " الاسکندریة " بسووتێنن . خۆ ئەگەرچی چەندان خێرخوا لێی پاڕانەوە و قاچیان ماچکرد ، کە لەبڕیارەکەی پەشیمان بێتەوە و کاری وا نەکات ، بەڵام بەداخەوە ، پاڕانەوە و لالانەوە هیچ سوودی نەبوو ، چونکە جەنابی " خەلیفە" - بەبۆچوونی خۆی - بەڵگەی پێبوو ، بەڵگەکەیشی بریتی بوو لە : " بۆچی نەیسووتێنم! ئەگەر کتێبەکان دەربارەی ئەو شتانە دەدوێن کە لە قورئاندا هاتوون و باسیان لێکراوە ئەوا زیادەن و پێویستیمان پێیان نییە ، خۆ ئەگەر کتێبەکان دەربارەی شتێك دەدوێن کە لە قورئاندا نەهاتووە و باسی لێنەکراوە ، ئەوا زیانبەخشن و سووتاندنیان - فەرز ، فرض - ە " .

بەڵێ ، هەر ووشەیەك لە کەشکۆڵی زۆردار و داگیرکەر و ڕژێمە دیکتاتۆرەکاندا جێگەی نەبێتەوە و لەگەڵ بەرژەوەندییاندا نەگونجێ ، ئەوا بەزیادە و زیانبەخشی دەزانن. بۆیە نازییەکانیش ، هەر لەو کاتەوەی کە پۆستاڵی فاشیانەیان لەپێکرد ، دەستیانکرد بە ڕاوکردنی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی پێشکەوتنخوازانە . ئەوەتا هەر لەسەرەتاوە لەسەر دیوارەکان و لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیاندا بەپیتی گەورە دەیان نووسی : " ئێمە نامانەوی ، نا هەرگیز نامانەوێ ، ولاتەکەی گۆتیە و ئاین شتاین بین" - بلاوکراوەی ( Berliner Lokal - Anzeiger ١٩٣٣/٥/٧) . ئەمانیش وەکو هەموو ڕژێمێکی دیکتاتۆر و فاشی ، بەهەندێ سروودی سەربازی و کۆمەڵێ دروشمی ساختە و چەند کتێبێکی ناوەڕۆك پووچەڵ ، ئیش و کاری خۆیان بەڕێوەدەبەن .

یەکەم هەنگاوی نازییەکان ، شان بە شانی قەلاچۆکردنی جولەکە ، بریتی بوو لە ڕاوکردنی زانست و کولتوور و ئەدەب و هونەر . لەسەرەتاوە لیستەی ناوی کتێبەکان و نووسەرەکانیان بەسەر چاپخانە و کتێبخانەکاندا دابەش ئەکرد . لیستەکانیان ناو نابوو

هەواڵنامەی کتێب

" لیستەی ڕەش و لیستەی سپی " . بێگومان ژمارەی لیستە سپی‌یەکان لەژمارەی‌پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەدەکرد و ژمارەی لیستە ڕەشەکانیش لەژمارە نەدەهات . بەڵام هەروەك ڕۆمانووس و ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی ئۆسکار ماریا گراف ( Oskar Maria Graf ١٨٩٤ - ١٩٦٧ ) دەڵێ : " ئەگەر لیستەیەکی ڕەش هەبێت ، ئەوا هەر ئەوەیە کە ئێوەی نازی بەسپی ناوی دەبەن " . ئەوەی شایانی باسە ، یەکێتی قوتابیانی "ناسیۆنالیزم" بە سەرپەرشتی گۆبێلس ( Goebbels ) ی وەزیری پڕوپاگەندە ، جێ‌بەجێ‌کردنی ئەم کارە چەپەڵەی لەئەستۆ گرتبوو .

بەماوەیەکی کەم دوای بڵاوکردنەوەی لیستەکان بەهەموو کون و قوژبنێکی ئەڵمانیادا ، قوتابیانی هیتلەر بە بەرگی سەربازی‌یەوە وەکو جەردە کەوتنە پشکنینی چاپخانە وکتێبخانە دەوڵەتی و خۆیی‌یەکان ، هەروەها لەژێرخان و سەربان و باخچە و کتێبخانەی " ماڵە گومان‌لێکراوەکان "دا کەوتنە دۆزینەوەی کتێبە شاراوەکان و بەرەو قوڵگاکانیان کێشیان‌کردن. دوای ڕاو و ڕوونکردنی هەموو زانکۆکانی ئەڵمانیا و هەموو ئەو شوێنانەی کە کتێب و گۆڤار و هەموو شتێکی چاپکراوی تێدا دەست دەکەوت ، کۆن یان نوێ ، سیاسی یا ئەدەبی ، کۆمەڵایەتی یا زانستی ، دوای ئەوەی کە هەر بە تەنیا لەزانکۆی بەرلین ( ١٠٠٠٠ )کتێب و گۆڤاریان هێنایە دەرەوە ، دوای ئەوەی کە زانکۆکانی فرانکفۆرت و لایپسیگ' و میونخ و دۆسل دۆرف و ...هتد یان ئاووروتکرد ، بەکورتی پاش کۆبڕکردنەوەی کتێبخانەی ئەڵمانی ، ڕۆژێکی ڕەش لەمێژووی ئەدەب و زانست و کولتووردا لەدایك بوو ، ئەویش ١٠/٥/١٩٣٣ بوو ، ڕۆژی سووتاندنی شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و فەلسەفە و زانست ، ڕۆژی سووتاندنی هەموو وشەیەکی ( نائەڵمانی ) ، مەبەست لە (نائەڵمانی) کتێب و نووسەرانی وڵاتانی دیکە نەبوو ، بەڵکو مەبەست هەموو ئەو وشانە بوو کە بۆنی ( پارتی کرێکارانی ناسیۆنالیزم NSDAP )یان لێ‌نەدەهات . ڕۆژی ١٠/٥/١٩٣٣ ، ڕۆژی سووتاندنی ئازادی ، کۆمۆنیستی ، دیموکراتی ، ڕۆژی سووتاندنی هەموو شتێکی ( نانازی ) . لەم ڕۆژەدا یەکێتی قوتابیان و لاوانی هیتلەر بەهاوکاری پیاوانی ( SA ) - بەشی شاڵاوبردن و ( SS ) - بەشی پاراستن هەستان بەکێشکردنی کتێبە ڕاوکراوەکان بەرەو گۆڕەپانی شارە زانکۆیی‌یەکان . هەر - نازی - بوو کتێبی بەزیل ، بە گالیسکە بەرەو کەڵەکە ئاگرەکان دەبرد .

گەورەترین " کەڵەکە ئاگر " ئەوەی شاری بەرلین بوو لە مەیدانی( Scwoss platz ) بەرامبەر بە زانکۆ ، لەبەردەم پەیکەری ( ڤیلهێلم فۆن هومبۆلد WilhelmvonHumboldt ١٧٦٧ - ١٨٣٥ )دا، یەکێ لەهەرە ڕۆشنبیرەکانی سەردەمی وریابوونەوە و دامەزرێنەری زانکۆی بەرلین ) . لەوێ خەڵکێکی زۆر کۆبۆتەوە و ئەم دیمەنە - تراژیدی - یە بەچاوی

خۆیان دەبینن ، کەچی هێشتا کەسانگەلێك هەن کە بڕوا ناکەن یان نایانەوێبڕوابکەن :
- چۆن شتی وا دەبێ !!
- تۆ بڵێی بەڕاستیان بێ !!
- چ یاسایەك ، چ مافێك ، چ ویژدانێك ڕێگە دەدات کە ئەدەب و کولتوور و زانستی ١٥٠ ساڵەی ڕابردووی ئەوروپی بسووتێنرێ !!!
یەکێکی تر بەترسەوە بەگوێی هاوڕێکەیدا دەچرپێنێ و دەپرسێ :
- تەنیا کتێبی نووسەرە ئەڵمانیەکان دەسووتێنن ؟
-" نەء! تێکەڵاوە ، هەموو لایەکی تێدایە ، من لیستە ڕەشەکانم خوێندۆتەوە ، ئەوەی لەبیرم مابێ ، لەنووسەرانی ئەمەریکی ، بەرهەمەکانی جاك لندن( Jack Londen) فەرەنسی مالرۆ ( Malraux ) و ڕۆمان ڕۆلان ( Romain Rolland ) ، چیکوسلۆفاکی ماسارکی ( Masarky ) و بینیش ( Benes ) ، نەمساوی زیگمۆند فرۆید ( Siegmund Frued ) و شتێفان تسفایگ ( Stefan Zweig ) ی نووسەرانی سۆفیەتیش ئەوە هەر لەژمارە نایەن ، هەر لەگۆرگیەوە بیگرە هەتا دەگاتە ئیلیا ئێرنبورگ ( Ilia Ehrenburg ) ، ئەڵمانیەکانیش بێجگە لەیەك دوو کوڵکە نووسەر و شاعیری وەکو ڤالتەر بلۆم ( Walter Bloem ) و هاینز ئێڤەرس ( Heinz Ewers ) و شاعیری نازی ڤیل ڤێسپەر ( Will Wesper ) ئیتر مرۆڤ دەتوانێ بڵێ هەموو ئەوانی تر لەناو لیستە ڕەشەکاندان ، خۆ ئەگەر یەك دووانێکیان بەدەستی ئەنقەست پشتگوێ خستبێ ، یان کتێبێکیان لە سەرجەمی بەرهەمەکانی نووسەر هێشتبێتەوە ، ئەوا ئەمڕۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە و سبەینێ گڕ لەباڵای ئەوانیش بەردەدرێ ".
بێگومان کەسانگەلێکیش هەبوون ، بەتایبەتی نووسەران و هونەرمەندان و ئاشتیخوازان ، کە هەر لەسەرەتاوە بۆنی مەسەلەکەیان کردبوو ، وە دەیانزانی چ ڕۆژێك چاوەڕوانی خۆیان و بەرهەمەکانیان دەکات . تۆماس مان ( Thomas Mann ) لە پاییزی ١٩٣٢دا کە سێ ساڵ لەوەوبەر خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتبوو ، پاکەتێکی لەڕێگەی پۆستەوە بەدەست دەگات ، کاتێ دەیکاتەوە دەبینێ مشتێ سۆتوی کاغەزی سووتاوە ... و یەك دوو پەڕەکاغەزی نیوەچڵ سووتاوی تێدایە بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە بتوانێ چەند وشەیەك بناسێتەوە و لای ئاشکرابێت کە ڕۆمانەکەی " Buddenbrooks " خۆیەتی .
بەو جۆرە هەر لەڕۆژی ١٩٣٣/١/٢٠ وە ، واتە ڕۆژی دانیشتن لەسەر کورسی ڕەگەزپەرستی ، ڕۆژی بەکارهێنانی تێلا ، ڕۆژی گۆڕینی دەستور و ڕۆژی ڕێگە بەخۆدان بۆ سەپاندنی یاسای نازییانە و قەدەغەکردنی هەموو پارت و ڕێکخراوەکان ، چۆنیەتی ژیانی

کۆمەڵایەتی و هونەری و کولتووری و سیاسی ، چۆنیەتی پەروەردەکردن بەپلەی ١٨٠ گۆڕرا و گۆڤار و ڕۆژنامەکان کەلەپچەکران و یەکێتی نووسەرانیش قەدەغەکرا ( وەك یەکێتیی نووسەرانی کورد ) . جێبەجێکردنی ئەم کارانە بریتیبوون لەخاڵانی سەرەکی و یەکەمی ناو " لیستەی کار " ەکانیان ، ئەوەتا هیتلەر لەنامەیەکدا کە لە ڕۆژی ١٩٣٣/١١/٣١ دا بۆ ڕۆزنبێرگ ( Rosenberg )ی نووسیوە ، دەڵێ : " یەکێ لە هەرە مەرجە سەرەکییەکان بۆ سەرکەوتنی جوڵانەوەی ـ ناسیۆنالیزم ـ بریتی بوو لەقەلاچۆکردنی فیکری ئەو بیروباوەڕە جیهانی و دژەی کە بەرامبەر ئێمە وەستا بوو " . ئەوەبوو هەر لەو ڕۆژەوەی کە پۆستاڵی فاناتیزم کەوتە شەق وەشاندن و تێلای فاشیزم کەوتە سەر و گوێلاك شکاندن ، نەك بە تەنیا ـ کۆمۆنیستەکان ـ بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری نووسەر و شاعیر و هونەرمەندان و هەزاران مرۆڤی ئاشتیخواز بۆیان دەرکەوت کە ئەمان چیتر لەم وڵاتەدا کە بە نەتەوەیەکی نوێ ( Moderne Nation ) ناو دەبرێ ، جێگەیان نابێتەوە و خۆدەربازکردن تەنیا ڕێگەیەکە بۆ مانەوەیان لەژیاندا . چونکە دەیانزانی کە یان دەبێ وەکوو نووسەری ڕەگەز پەرست ڤاڵتەر بلۆم و شاعیری نازی ڤیل ڤێسپەر سیاسەتە کولتوورییەکەی ( Kultur Politik ) هیتلەر پەسەندبکەن و کاری بۆ بکەن ، یان دەبێ ئەمانیش قسەکەی شاعیر و نووسەری شانۆیی بەناوبانگ گێرهارت هەوپتمان (Gerhart Hauptman) کە ساڵی ١٩١٢ خەڵاتی نۆبلی وەرگرت ، بکەن و بڵێن : " من ترسنۆکم . . . ترسنۆك . . . ئێدەگەن " ـ کاتێ لێیان پرسی بۆ ئەڵمانیا بەجێناهێڵێ . وە یاخود دەبێ وەك شاعیر ئێریش موبهەزام ( Erich Muhesam ) ملیان بکرێ بەپەتی نازییەکاندا ، یان وەکو پرۆفیسۆر تیودۆر لێسینگ ( Theodor Lessig ) گوللەباران بکرێت ، وە یان وەکو ڕۆژنامەنووس و ئاشتیخواز کارل فۆن ئوسیتسکی ( Karl Von Ossietzky ) ـ ئەو مرۆڤەی کە لە قەسابخانەکەی هیتلەردا بوو کاتێ خەڵاتی نۆبلێ بۆ ئاشتی پێدرا ـ گیانیان ببێتە خۆراکی تێلا .

ئێوارەیەکی بەهارە و شاری بەرلین ماتەمینی دایگرتووە . لەناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا کەڵەکەدارێکی گەورە چین چین بەرزبۆتەوە و لەتەنیشتییەوە کێوێك کتێب هەڵچنراوە . سەدان منداڵ ئاڵای ئەڵمانییان داوەتە دەست و ڕیز . ڕیز وەستاون . قوتابیان و لاوانی هیتلەر سەرو تێلایەیەکی سەر گڕاوییان بەدەستەوەیە و بەدەوری کەڵەکە ئاگرەکەدا بازنەیەکیان دروست کردووە . سەربازانی موزیك ژەنیش شوێنێکی بەرزیان گرتووە و زەردەخەنەی ژەهراوی دەگرنە کامێرا سینەماییەکان . تەواوی ڕووداوەکەش ڕاستەوخۆ لە ڕادیۆوە بڵاودەکرێتەوە . هەزاران مرۆڤ سەریان کردووە بەناو یەکدا و لەبەینی هەر دووان سیانێکدا تێلابەدەستی وەستاوە . ئێریش کێستنەری شاعیر پاڵی داوە بەهەیکەلەکەی

هومبۆلدەوە و وەکو هەزارانی تر خەمی لێدەبارێ . جەنابی وەزیری پروپاگەندە دەگات و لەگەڵ گەیشتنیدا دەنگی موزیک بەرز دەبێتەوە و قوتابیانی ئێلاّ ئاگراوی بەدەوری کەڵەکە دارەکەدا دەخولێنەوە و بەدەم ووتنی سروودی نیشتمانی‌یەوە لەهەموو لایەکەوە کڕی تـــێ بەردەدەن :

**ئەڵمانیا . . . ئەڵمانیا**

**لەسەروو هەموو شتێکەوە . . . . ئەڵمانیا**

جەنابی وەزیر دەچێتە بەردەمی میکرۆفۆنەکان و بەدەنگێکی هەڕەشاوی و بەجۆرێکـــی ئەوتۆ کە تەنانەت خودی بڵندگۆکانیش دەکەونە لەرە لەر و زیکە زیک ،" هاو قوتابیـــان ، ئەمڕۆ ڕۆژی کۆتایی‌هێنانە بەبیروباوەڕی جولەکەیی‌یانە ، چل‌دانە ساڵی ڕەبەق بیروبـــاوەڕی پۆخل و ـ نا ئەڵمانی ـ بەسەرتاندا سەپێنرابوو ، چل دانە ساڵی ڕەبەق لە قـــوڕی کۆیلەیەتی و برسێتی‌دا حەقیبوون . ئەمڕۆ ئێمە گەورەترین هەڵوێستی ڕەمزی خۆمـــــان نیشان دەدەین و گڕ لە بیروباوەڕی جولەکەیی بەردەدەین و لەگەڵ بڵێسەکردنیــــــدا بیروباوەڕی نوێی ئەڵمانی بەرز دەبێتەوە ، ئەوا من لێرەدا کتێبەکانی نووسەری جولەکـــە ماگنۆس هێرشفێلد Magnus Hirschfeld فڕێ دەدەمە ناو ئاگرەکەوە، لەبەر ئـــەوەی باسی بەدڕەوشتی و خەساوی‌ی نەتەوەی ئەڵمان دەکات . ئەوا من لێرەدا کتێبەکانـــی زیگمۆند فرۆیدی جولەکە دەسووتێنم ، چونکە لەبەدڕەوشتی ئەڵمان دەدوێ و بوختانـــی بۆ دەکات . ئەوا من لێرەدا بەرهەمەکانی هاینریش مان Heinrich Mann دەسووتێنم، لەبەر ئەوەی خیانەتی گەورە لە نەتەوەی ئەڵمان دەکات ".

دوای چەپڵەلیدانێکی درێژدادر . . . . دووبارە :

**ئەڵمانیا . . . ئەڵمانیا**

**لەسەروو هەموو شتێکەوە . . . . ئەڵمانیا .**

قوتابیەک دەچێتە شوێنەکەی جەنابی وەزیر و . . . . ئەوا من لێرەدا وە لەپێنـــاوی ئەڵمانیایەکی نوێ‌دا کتێبەکانی مارکس و ئەنگلس و لینین و ڕۆزا و ستالین ووو دەخەمـــە ناو ئاگرەکەوە . یەکێکی تر و دووانی تر و سیانی‌تر . . . . ئەوا من لێرەدا ولەپێنـــاوی ئەڵمانیایەکی بێ‌گەرد و خاوێن‌دا کتێبەکانی برێشت و تۆماس مان و ئەوگۆست بیبـــل و کارل لیبکنێشت و ئێرنست تۆلەر و کلاوس مان و ئەلفرید دۆبلین ماکس برۆد و گۆرگـــی ووو دەسوتێنم . ئیتر بەو جۆرە هەر کۆتری ڕۆحی ووشەیە و بەرەو لای خوا ، ئەڵمانیـــای نازی بەجێ دەهێڵێ .

بێ‌گومان ئەم کارەساتە بەتەنیا لە ئەڵمانیا ڕووی نەداوە ، بەڵکو بە درێژایی‌مێژووی کتێب لە چەندان وڵاتی جیهان‌دا ئەم کارە چەپەڵە دژ بە ئەدەب و فەلسەفە و هونـــەر

کراوە و هەتاکو ئێستاش هەموو رژێمە دیکتاتۆر و ڕەفتار فاشی‌یەکانی ئەم دنیایە دووبارە و سێ‌بارەی دەکەنەوە . ئەوەتا دەبینین کە هیتلەرەکەی ئەمڕۆی بەغدا شیعر و شاعیر و خوێنەر پێکەوە دەسووتێنێ . ئەوەتا دەبینین لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا هەموو زوانێک و هەموو ووشەیەک و هەموو کتێبێکی ئازاد قەدەغەیە . ئەوەتا دەبینین کە لە زۆربەی زۆری وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و ئێران و... هتد چاپەمەنی لغاوکراوە و جڵەوەکەی بەدەستی سوڵتانەکانەوەیە .

کلاوس شۆیفلینگ Klaus Schoffling لەرووونکردنەوەیەکدا دەربارەی کتێبەکەی ( لەو شوێنەی کتێبی لێ دەسووتێنرێ ) دەڵێ : " ئامانجی ئەم کتێبە ، بەتەنیا بریتی نی‌یە لەخستنەروو و گێڕانەوەی کارەساتەکەی ١٩٣٣/٥/١٠ لەرێگەی نووسراوەکانی خاوەنانی مەسەلەکەوە ، بەڵکو بەئاگاهێنانەوەیەکە بۆ ڕووداوەکانی لەوەوپێش و لەوەوپاشیش " .

کتێب سووتاندن لە ئەڵمانیادا دیاردەیەکی فاشیزم نەبوو ، ئەوەتا ٢٥ ساڵ دوای ١٩٣٣/٥/١٠ دیسانەوە دەستکرایەوە بە پروپاگەندەکردن دژی ، وەک خۆیان دەڵێن ، " ئەدەبی بێ نرخ و بێ مانا " . لەساڵی ١٩٥٨ دا جارێکی دی مەسەلەی سووتاندنی کتێب هاتەوە گۆڕێ ، ئەویش بە بەهانەی ئەوەی ، گوایە ئەم جۆرە ئەدەباتە ئەدەبێکی سێکسی ( Pornographie )ین . ئەمەش بەهانەیەکە کە لەتوتووی هیچ عەنارێکدا نی‌یە .

لەساڵی ١٩٧٧دا بێرند نۆیمان ( Bernd Neumann) ئەندامێکی باڵای یەکێتی دیموکراتی مەسیحی ( CDU ) سێ و دووی لێ‌ناکا و داوادەکات و دەڵێ: " ئەم جۆرە کتێبانە دەبێ بسووتێنرێن " . دیسانەوە بەزمەکەیە و مەسەلەکەش ئەدەبە !

کتێبەکانی ئێرش فرید ( Erich Fried ) بۆ کەڵەکە ئاگرەکان پێشبینی‌کراون . ئێرش فرید ، ئەو شاعیرەی کە ساڵی ١٩٣٨ بەرەو بەریتانیا کۆچی‌کرد و بۆ هەمیشە لەوێ مایەوە ، بێگومان خۆی باش دەزانێ کە بۆچی نەگەڕایەوە !!

لەساڵی ١٩٨٣ دا ، حاکمێکی شاری هیلدزهایم ( Hildesheim )کتێبەکانی هاینریش هاینە ( Heinrich Heine ) و هاینریش مان ( Heinrich Mann )و ئەلفرێد دۆبیلین ( Alfred Dobling )ی بە ئەدەبی " تیرۆریستی " ناوبرد و خوێندنەوەیانی لەزیندانی‌یەکان قەدەغەکرد .

بەکورتی‌یەکەی هێشتا ئاگری کتێب سووتاندن بەتەواوی خامۆش نەبۆتەوە .

لەبارەی سووتاندنی کتێبەوە لە ئەڵمانیا خەرمانێک شیعر و چیرۆک و پەخشان و نامە و... هتد نووسراون ، ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن :

هەوڵنامەی کتێب

## کتێب سووتاندن

بێرتۆلد برێشت - ١٩٣٨

کاتێ ڕژێم فەرمانیدا گڕ لە بالآی گشت ئەو کتێبانە بەر بدات کە " زانستێکی زیانبەخش " یان لەخۆ گرتووە ، کاتێ گاگان بۆ ڕاکێشانی گالیسکە لە کتێب بارکراوەکان بەرەو کەڵە ئاگرەکان نەقیزەزەن دەکران ، شاعیرێکی ڕاوکراو ، یەکێ لەشاعیرە مەزندەکان ، دوای ئەوەی لیستەی کتێبە سووتاوەکانی بەووردی خوێندەوە ، بۆی دەرکەوت کە کتێبەکانی ئەم لە بیرکراون . ئەم خورپەیە کەللەیکرد و ئارامیی لێبڕی و بەپەلە خۆی گەیاندە مێزی نووسینەکەی و بەقەڵەمێکی باڵدار نامەیەکی بۆ خاوەن دەسەلاتەکان نووسی :

بم سووتێنن ! بم سووتێنن !
کاری وام لەگەڵ مەکەن !
پشتگوێم مەخەن و مەمهێڵنەوە !
بۆ مەگەر من لەناو کتێبەکانمدا هەمیشە دەربارەی ڕاستی نەئەدوام؟؟
ئەی بۆ ! بۆ ئێستا لەلایەن ئێوەوە وەك درۆزنێك مامەڵەم لەگەڵدادەکرێ!
فەرمانتان بەسەردا دەدەم
بم سووتێنن !
بم سووتێنن !

" بۆ پۆلی قوتابخانەیەك "

شیعری هانس سال / ١٩٧٠
بە قوتابیانی قوتابخانەی بۆتس باغ پێشکەشە

ئەی ئەوانەی لەدایك بوون
تا لەبیرتان بچێتەوە ،
ئێوە دەربارەی شێتێتی مرۆڤ چی دەزانن ؟؟
ئەو چیمەنەی ئێستا ئێوە
لەناویدا پاڵکەوتوون
پێتان نالێ ، چەند لە ئێمە
تا لەوێدا گیانی سپارد .

ئەو دەستەی ئێوە دەیگوشن
ئەشێ دەستی پیاوکوژێ بێ و
قەت شایەنی ئەوە نەبێ
ئێوە سلاوی لێبکەن .

بوونی ئێمە بۆ ئێوە
بوو بە ئەفسانە و بەسەرهات
ئازار و خەمەکانیشمان
بوونە پڕوپاگەندەی گۆن .

بەڵام ئێمە ، لەناو گۆڕانی
مرۆڤە ڕاونراوەکاندا و
لە وڕەی ئەو بایەدا
کە لاپەڕەکانی کتێبێکی سووتاو هەڵدەداتەوە
بۆتان دەگێڕینەوە کە چی ڕوویدا ،
کاتێ کەڵەشێرەکە
بۆ جاری سێهەم قووقانی .

## نامەیەکی کراوە بۆ جەنابی گۆبڵز ( Gobbels )

نووسینی : شاعیری ئەڵمانـــی
ئێرنست تۆلـــەر ١٩٢٢

لەڕۆژی ١٠/٥ دا ، کاتێ کە بەرهەمی نووسەران و فەیلەسوف و زانـــــا و ڕۆشنبیرەکان فڕێدرانە ناو کەڵەکە ئاگرەکانەوە ، ئێوە جەنابی گۆبلیس پشتگیری ئەم ڕەفتارە بەربەریەتان کرد و بەشادمانی‌یەوە پێشوازیتان لێکرد . ئەوەبوو لە وتارەکەتاندا بەرهەمە سووتاوەکانی هەموو ئەو مرۆڤانەی کە " بە پێچەوانەی ئێوەوە " نوێنەرایەتی ئەڵمانیایەکـــی بێگەردتر و بەنرختر دەکەن ، بە " بیری چەپەڵ " لەقەڵەمدا . هەرچی چاپکراوێکمان لە ناو چاپخانە و شانۆ و قوتابخانە و کتێبخانە دەوڵەتی و خۆیی‌یەکاندا هەبوو ئاگرتـــان تێبەردا و کەوتوونەتە گیانی نووسەرەکانیان ، بۆ بەگرتن بۆ بەدەرپەڕاندنیان لە وڵات . ئەمە جگە لەوەی کە قوڵتان لێ‌هەڵماڵیوە و دەستان‌کردووە بەدەرکردنی :



هەواڵنامەی کتێب

* مامۆستا لێهاتووەکان لەناو زانکۆکاندا .
* موزیک زان و کۆمپۆنیستەکان لەناو کۆنسێرتگاکاندا .
* ئەکتەرە بەتواناکان لەناو شانۆکاندا .
* وێنەکێش و پەیکەرتاش و ئەندازیار.. .لەناو فێرگاکان و شوێنی کارکردنیاندا .

ئێوە بە ئازاردان و تێ‌هەڵدانی ئەوانەی ناو گرتووخانەکانتان تێرناخۆن و دەستتان کردووە بە ڕاوکردنی پەنابەرەکانیش ، وە هەموو جۆرە زەبرو زەنگێ لەدژیان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی ( وەك خۆتان دەڵێن ) هەم خۆیان و هەم بیروباوەڕیان ڕەگبڕ بکەن .

ئەرێ هۆی ئەم " ڕقە بێ‌بنە " چی‌یە ؟

ئەم مرۆڤانە بڕوایان بەدنیای سەربەستی ، بە مرۆڤایەتی ، بەدادگیری‌کۆمەلایەتی هەیە ، ئەم مرۆڤانە بە ڕاستی سۆسیالیست و کۆمۆنیستن یان پیاوانی ئایینی بەباوەڕن . ئەم مرۆڤانە هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە سەرپێچی لەدەنگی ڕاستی بکەن و هەرگیز نایانەوێ سوژدە بۆ " هێز " ببەن . ئەم ڕاوکردن و شوێن‌کەوتنە بۆ ئێمەی ڕاونراو جێی سەربەرزی و شانازی‌یە . هەندێکیش لەئێمە پێویستە لەسەریان ، کە شایەنی ئەو شانازی‌و سەربەرزی‌یەن .

ئێوە لاف و گەزافی ئەوە لێدەدەن کە گوایە دەتانەوێ کولتووری ئەڵمانی ڕزگاربکەن ، کەچی شاکارەکانی کولتووری ئەڵمان وێران دەکەن . ئێوە لاف و گەزافی ئەوە لێدەدەن کە گوایە چاوی لاوانی ئەڵمان دەکەنەوە ، کەچی بیر و هۆش و چاویان بەشەوارە دەخەن . ئێوە لاف و گەزافی ئەوە لێدەدەن ، گوایە دەتانەوێ منداڵانی ئەڵمان ڕزگار بکەن ،بەڵام لەڕاستی‌دا بە درۆ و دەلەسەی بێ‌ئابڕویانە لەخشتەیان دەبەن و دڵ و دەرونیان بە ژەهری ناسیۆنالیستی و ڕەگەزپەرستی سواخ دەدەن . ئێوە لاف و گەزاف لێدەدەن و دەڵێن - ئێمە نەتەوەی کارگەری ئەڵمان ڕزگار دەکەین - کەچی ئازادی کۆمەلایەتی و بیروباوەڕی پەرژین دەکەن . ئێوە لاف و گەزاف لێدەدەن و دەڵێن ، ئێمە دەمانەوێ ئەڵمان لە " ئاوانبارەکان " ی پاك بکەینەوە ، کەچی کەوتوونەتە ڕاوکردنی بێ‌دەسەلاتترین و لاوازترینیان " کە جولەکەیە " . ئێوە لاف و گەزاف لێدەدەن و دەڵێن ، گوایە ئێوەو بیروباوەڕی ئەڵمان یەکن ، بەڵام تەواوی کردەوەکانتان بریتی‌یە لە نەفرەتکردن لەبیروباوەڕی گۆتیە ، شیلەر ، لیسینگ ، هێردێر ، ڤیلاند ، ڕانکە و هەموو ئەو مرۆڤانەی کە بۆ پەیداکردنی گەورەترین و خاوێن‌ترین نرخی ئەڵمانیا و ناساندنی بەجیهان خەباتیان‌کرد.

لەم ڕۆژانەدا نووسراوە هونەری‌یەکانی ئێوە و هاوبیرانتانم خوێندەوە، بەڵام سەبارەت بەوەی کە بەئەڵمانیەکی خراپ دەنووسن ، هیچ گلەیتان لێ‌ناکەم ، چونکە ( هەتا ئێستا زەبرو زەنگ بەهرەی بەکەس نەبەخشیوە ) ،بەڵام دەربارەی ئەوەی کەئێوە بەزۆری زۆرداری

دەتانەوێ ئەو نووسراوە هیچ و پووچانە بخرێنە سەر شانۆکانی ئەڵمانیا ، ئەوا کارێکی ناپەسەندە و شایەنی تاڕەزایی دەربڕینە .
ئێوە هەمیشە دەربارەی قارەمانێتی دەدوێن ، کوا ئەم قارەمانێتییەتان لە کوێ سەلماندووە ؟ ئێمەش قارەمانێتی دەناسین ، وەك قارەمانێتی پرۆلیتاریا و قارەمانێتی ڕەوشت و قارەمانێتی ئەو مرۆڤەی کە لەسەر بیر و باوەڕەکەی خۆی سوورە و پشتی پێ دەبەستێ . ئێوە هەمیشە باسی ترسنۆکی دوژمنەکانتان دەکەن ، ئێمەش بەڵێنتان پێ دەدەین کە زولم و زۆرداریتان باوەڕی ئێمە پتەوتردەکات ، ڕق و توندوتیژیتان ئێمە زیاتر بێ‌دەگەیێنێ و جەنگیشتان ئێمە جەنگاوەرتر دەکات .
ئێمە سەبارەت بە چارەنووسی خۆمان بێ تاوان نین و هەڵەیەکی زۆرمان کرد ، گەورەترین هەڵەشمان بریتی بوو لە ئارام گرتنمان . ئێمە " لە ئەنجامی کردەوەکانی ئێوە بەرامبەر بە ئێمە " هەڵەکانمان سەرنگوون دەکەین ، سەرنگوونکردنی هەڵەکانیشمان پاداشتی ئێوە دەبێ .

هەوالنامەی کتێب

ئەحمەدی مەلا

# هەنگاو بەرەو جوولە ،
# هەنگاو بەرەو مەرگ

تاریکیی شەو ، لەسەر چ بنیشێتەوە لە لوغزی خۆی تێ دەگات ؟
مەگەر شیعر ئەم ڕێگایە یەکالا بکاتەوە .
دەچمە نێو سروشت سەوزی چێو و چەم و ئاسمان کۆدەکەمەوە .
گوێ بۆ ڕەهێڵەی سەوزایی هەڵدەدێرم
باسی باران و پایزەکانی خۆیم بۆ دەکات .

ئەدی ئەمن باسی چ بۆ سەوزایی بکەم ؟

• • •

کە زانست ئەستێرەی بەشیعر ناساند
تیشکێ هەڵوەری و کەوتە خوارەوە

• • •

ئا لەم ڕووبارەوە سەرەتای ئاو دیاری دەکەین
پەنجە بۆ لەشی وی درێژ دەکەین
پەنجە دەساوینە هەموو شوێنێکی
بەجێ پەنجە باسی شەو و ڕەشایی و لەززەتی مەرگ دەکەین

• • •

پێش ئەوەی شیعر بزێ
شەو بسکە کەسکەکانی بۆ قوولایی مەرگ شۆڕ دەکردنەوە

لەوێندەرێ ووشە دەزێ
لەوێندەرێ ئەو لەدایك بوو

* * *

نارنجیی ، بەدزە بەرەو کۆشکی ڕەنگ شەوێ کەوتە ڕێ
سکی خۆی دەساوییە هەموو شوێنێ
بە پەنجە ... دیسانەوە هەر بە پەنجە
هەندێ مانای دا بە خۆ

* * *

شوێن پێی ئاژەڵێ ... ئاژەڵێکی کێوی
بوو بە سەرچاوەی دەرەوشانەوە

* * *

پێش ئەوەی مرۆڤ لەسەر زەمین بڕوێ
ئاسمان شینیی کۆ دەکردەوە
بۆ ڕشتنی لێوی گوڵێ

* * *

ئەشکەوت بۆنی شێی و تەڕایی و سێبەری لەخۆ مارەکرد
سێبەر بۆ قژە گفەکەی
تەڕایی بۆ دەم و لێوی
شێ بۆ خەونی شەوانی

* * *

لاسکێ بەقەد نیشانەی پرسیارێ .
لەدەم جۆگەی سەوز بوو
جۆگە ناوی لەخۆی نا لاسك
بۆ دەمە جوانەکەشی پرسیاری

* * *

هەواڵنامەی کتێب

هەندێ تاریکی ڕژایە سەراوە
هەور لەمی بژار دەکرد
هەتاو گۆنای خۆی

• • •

پێش ئەوەی لەسەر زەمین مرۆڤ بڕوێ
کتێبێ بەدەستی با دەکرایەوە
کتێبێ سپی وەك دەشتی بەهەشت
باو و تۆز هەڵیکرد ، چاوی ڕشت

• • •

با بەدوودڵی‌یەوە لەو دیو کێو و هەردەکانەوە گفەی دەهات
نەیدەزانی بە چ لایێ خۆی وەرچەرخێنێ
نەیدەزانی چۆن گفە لەخۆ هەڵسێنێ

• • •

بەردی یەکەم غللەی هات و بۆ گوێی ڕووبار کەوتە خوارێ
ڕووبار دایە قوڵپەی گریان
بەردیش ڕاچەڵەکی بەداماوی خۆی دایە دەست بوونەوە

• • •

لە ئەشکەوتێکی بەچاو نەبینراو
هەرە کۆنترین تەپ و تۆز تەکێندرا
بۆ ناو ڕۆشنایی ژیان تۆقێندرا

• • •

دەریاچەیەکی ژێر زەمین
لەنێو خەونێکی ملێون ساڵەدا ، هیچی نەدەبینی
درزێ ، ملی بەرەو هەتاو بەرزکردەوە
تەنها درزێ

ئەوی خستە جوولەی مەرکەوە

• • •

دانە گەنمێ ، نە بای بینیبوو نە باران
تالە دەزولەیەکی سپی لە ناوکی‌یەوە بزوا
دانە گەنم کەسك هەڵگەڕا
بڕوای بەخۆی ‌ڕا

• • •

کپیی ، ئاسنامەی شەوگار و ڕۆژگار بوو
شەوگاری سپی وەکو بەهەشت
ڕۆژگاری سیا وەکو ئاسمان
خشپەی حلەداری ، زریکەی لەژیان هەڵسان

• • •

مانگ ، سەربەخۆ ، باوەشی بۆ خۆ کرد بووەوە
نەیدەزانی بەرامبەر هەتاو دەبێتە چرا
نەیدەزانی شەوان دەکوژێتەوە

• • •

جۆگەلە ئاوێکی ڕوون
ڕۆژگار سەری لێ‌نەدابوو
زەمەن پەرەی خۆی لەسەر هەڵنەوەراندبوو
ڕوون وەکو نەبوون .

• • •

باوەشێ هەوری خۆڵەمێشین
باوەشێنی زەمینی دەکرد
خۆی ڕادەژەند
بۆ سەر دەریاچەیەکی بێ‌لووس خۆی دادەکەند

. . .

ئۆقیانووسی کەسك و سووك وەکو هەور
بایەکی سپی بەرەو لێژیی ژیان دەیبرد
لە قەراغ ڕۆژگاردا بەجێی هێشت
تاکو شەوی یەلدای بەسەردا هات

. . .

هەتاو پەپوولەیەکی سوور ئاسا
قۆزاغەی خۆی بەجێهێشت و فڕی
مێژووی دا بە مرۆڤ
مەرگی خستە نێو هەگبەیەوە

. . .

حەوز و کانی بە فرەفڕ شەویان جێهێشت
گەندەموویان لێ هەڵوەری
چ گەندەموویەك ! هەبوو بوونە پاساری

. . .

درەخت ، بە نەرمە گۆرانی لق و چڵ و گەڵای لەخۆ جوودا دەکردەوە
لەنێو کۆڵانە سەوزەکانی‌یەوە
سێو بێ‌گەیشت
هەنار بێ‌کەنی
هەموو بوونە قۆچی قوربانی

. . .

ڕۆژ بوو بە پیاو
شەو بوو بە ژن

. . .



هەواڵنامەی کتێب

کۆتر و باڵندە سپی‌یەکانیش دایانە ترپقە ترپق
باڵەخانەکانی ئاسمان ، هەمووی لێ وەرگرتن
لەو ڕۆژەوە ئەستێرە جریوانی

١٩٩٠/٨/١٢
پلانواز

هەواڵنامەی کتێب

## گۆران بابه عه لی

# تاوانێك

هێشتا تەواو نەبووبوو ، کەچ کاری و بەردڕێژی نێو ژوورەکانی کرابوو .. خۆ چواردەوریش بە دیوارە بلۆکەکان گیرابوو ، بەلاّم لەوە دەچوو بەهۆی ئەوەوە بێت کەهێشتا دەرگای دەرەوە و سەر حەوشەیان دانەنابوو ..بۆیە ئەمان تا ئێستاش هەر لەسەر ئەو پێشەیەی خۆیان بەردەوامن ، لەو باوەڕەدام! تا دەرگای بۆ دانەنێن و بەکلیل دای نەخەن ، ئەمان واز ناهێنن ، چونکە تەنیا ئەو کاتە ڕێگەی ئەومیان نابێت گوێدرێژەکان بەرنە ژوورەوە ...

لەوەتەی ئەو خانووە دیوارەکانی بەرزکراوەتەوە و گەیشتۆتە دەرگا و پەنجەرە ، ئەم کۆمەڵە هەرزەکارە بەرەلاّیانە گشت ڕۆژێك بەخۆیان و سەگەکانیانەوە لە گەڕەکەکەی خۆیانەوە دێن و چەند گوێدرێژێك ، لە نێر و مێ ، دەگەنە نێو ئەو خانووە و بەزۆر سواری یەکدیان دەکەن .. جارجار خۆشیان بە نۆبە لەگەڵ مێیەکانیاندا دەسێکسێن ...

دانیشتوانی گەڕەکەکە زۆر لەو پێشەیەیان بێزاربوون ، بەتایبەتی کە منداڵەکانی خۆیان بە ئەدەب و پاك و ژیرن ، هەم لەگەڵ ئەو خوویشەیەدا ڕانەهاتبوون ،وەك پیاوان و ژنانی هەندێك لەگەڕەکەکانی دی ، بەتایبەتی گەڕەکی ئەو سەگباز و هەتیوەتیوانە ، وە لەلایەکی دیشەوە لە خو و ڕەوشتی منداڵەکانیان دەترسان ؛ گەر شتێك لەوانەوە فێر بین !! بۆیە چەندان هەوڵیان دەدا ، بەلاّم هیچی سوودی نەبوو :نەدەرکردنی کەرە بەرەڵلاکان لەو ناوچەیە ، نەتێگەیاندنی خێزانی بەرەڵلاکان " چونکە هیچ باکیان نەبوو لە خو و ڕەوشتی منداڵەکانیان " ، وە نە تکاکردن لەخاوەنی خانووەکە بۆ زوو تەواوکردنی ، یان بەلایەنی کەمەوە دەرگایەك بۆ چوارچێوەی دەرەوەی خانووەکەی دابنێت " چونکە قەرزارە و پارەی نیە تەنیا بەردێکیش بکڕێت ، هەر هۆی ئەوەشە کە گشت

دیوارەکانی ناوەوە و دەرەوەی بەبلۆك هەڵچنیوە " ، هەروەها هەرەشەکردنیش لەمنداڵەکان خۆیان دیسان هیچ سوودێکی نەبوو ، بەڵکو زیانی هەبوو " ئەوەبوو کە بە شەوان دەهاتن و دەرگا و پەنجەرەکانیان دەدانە بەر بەرد ... " . بۆیە بەناچاری بریاریان دابوو ، داوای سزادانیان لەمیری بکەن ، تەنیا یەکێك لە دانیشتوان نەبێت " کەکورێکی گەنج بوو ، تازە خوێندنی تەواوکردبوو ، خاوەنی ژن و منداڵ نەبوو ، تەنیا خۆی لە یەکێك لە ژوورەکانی قاتی دووەمی یەکێك لەماڵەکاندا بەکرێ نیشتەجێبووبوو . . هەمیشە خشەخشی لاپەڕە هەڵدانەوە لە ژوورەکەیەوە دەهات ، ئەوەبوو کە ئەویش لەلایەکی دیەوە بەو خشەخشی لاپەڕانە و نووکی پێنووسەکەی کە هەمیشە لەدەستی نەدەکەوتە خوارەوە ، گەڕەکەکەی هەراسان کردبوو ... " ڕای لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە داوا لەمیری بکەن بۆ سزادانیان ، بەڵکو خویان چارەسەری گیروگرفتەکە بکەن باشترە ، پاشان بەڕای ئەم کردارێکی بێئەدەبانە و هەڵە نیە ، بەڵکو یەکێکە لەمافەکانی ئەو هەرزەکارە بێبەشانە لە خۆشەویستی و سێکس و تەنانەت لەپەیوەندییەکی گەر لاوازیش بێت لەگەڵ ئافرەت ...

ڕۆژێك گەڕەکەکە هێمن بوو ، نەدەنگی سەگەکان دەهات ، نەهی منداڵەکان .. دانیشتوان زۆر سەریان سووڕما ! وایان بەخەیاڵدا هات کە لەوانەیە منداڵەکان ئەمڕۆ بەکارێکی دیەوە خەریك بن .. بۆ ڕۆژی دووەمیش دیسان نەهاتنەوە ! بەڵام کە سەرنجیان دا مێشێکی یەکجار زۆر لەدەوری خانووەکە گیزەیان دەهات و دەچوونەژوورەوە و دەهاتنەوەدەر ، دەهاتنەدەر و دەچوونەوە ژوور .. کاتێك نێو خانوەکەیان پشکنی ، بینیان وا دارێکی گەورەیان بڕیوەتە ئەندامی مێینە و یەکێکی دیش کۆمی یەکێك لە کەرە مێیەکان و خوێن بە بەیی هەردوو سمتی و بەسەر قاچ و قولیدا هاتۆتە خوار و مێش نێی داوە و وورکی ئاوساوە ...

چەند هەوڵیان بۆ دەرهێنانەوەی دارەکان دا ؛ نەیانتوانی .. بە بەردەوامیش خوێنی لێ دەڕۆیشت .. ئەمجار کۆششێکیان‌کرد بیکەنە دەرەوە ، بەڵام هەرچەندیان‌کرد نەیانتوانی تەنیا لەشوێنی خۆی بیشیجوولێنن ، پاشان بەهۆی بۆنی خوێن و بۆگەنی برینەکەی و ئەو هەموو مێشەوە ، نەیاندەتوانی زۆر لێی نزیك ببنەوە و پاڵی پێوەبنێن ، هێندە نەبێت کە " هەتە " یان لێدەکرد و جاروباریش بەردیان تێدەگرت .. پاشان ئاگرێکیان لەژوورەکەدا کردەوە ؛ بەڵکو بەهۆی گەرمایی و دووکەڵەکەیەوە بچێتە دەر، بەڵام چاری نەبوو ؛ بۆیە کۆڵیان دا و بەجێیان‌هێشت ؛ بەڵکە خۆی بچێتە دەرەوە ...

ئەو شەوەش خەوتن .. سبەینێ کە بە ئاگا هاتن ، بۆگەن گەڕەکەکەی پڕکردبوو و کەسێك خۆی پی ڕانەدەگیرا .. گشت خەریك بوون لە بۆگەندا کوێردەبوون .. یان با بلێین کاس .. بۆیە دەوری چێشت هەنگاو یەکجار وەڕس بوون و هەموو ڕوویان‌کردە

خانووەکە و هەریەك " جل‌گیر " ێکی لەلووتی خۆی‌دابوو و پارچە قووماشێکیان ، کەووردە خەڵوزیان تێ‌هاویشتبوو ، لەدەمیان بەستبوو بۆ ئەوەی هەواکەیان بۆ پاکتر بکاتەوە و کار لە تەندرووستیان نەکات ؛ " چونکە بەدەم هەناسەیان وەردەگرت !" ئەم جار سووچ و پەنا نەما بەشوێنیدا نەگەڕێن ، تا لە ئاودەستە بچووکەکەی ژێر پێ‌پلکەکاندا کە دەرگای تێدانەبوو ؛ تەنیا چوارچێوەی دەرگاکە نەبێت " کە لەدیوارەکە توندکرابوو " دۆزیانەوە . . هێندە مێش دەوری دابوو کە نەك گوێ‌دریژە ئاوساوە ڕەنگ‌سوورەکەیان " کە لەخوێندا سوور بووبوو " داپۆشیبێت یان ناو ئاودەستەکەیان پڕکردبێت ، بەڵکو لە مەتریکەوە پێش ئەوەی بگەیتە ئاودەستەکە ، هەر لەزەویەوە تاکو ژێر سەربانی قاوشەکە " بەمانای نێوهەواکە" بەمێش داگیرکرابوو ؛ بەربەستێکی ڕەشیان درووست کردبوو . . لە بۆگەندا چاوچاوی نەدەبینی ! خۆ لووتیشیان توونڎ بەجل‌گیر گرتبوو ، کەچی هێشتا بۆگەنەکە کاری تێ دەکردن و وورێ کردبوون . . بۆنی وا پیس و هێڵنج هێنەریان هەرگیز بەلووتدا نەچووبوو . . .

بە پەلە ڕایان‌کرد چی دەرمانی مێش لەماڵەکانیاندا هەبوو ؛ هێنایان و گشتیان بە مێشەکاندا پرژاند ، بەڵام کەمی لێ‌کوشتن !! لەوە دەچێت ئەوانیش هێندە ژەهراوی بووبن و لەگەڵ ژەهرەکەدا ڕاهاتبن، کە ئیدی دەرمانەکە کاریان تێ‌نەکات ! ئەوە بوو قووتووە خاڵیەکانی دەرمانە مێشەکانیان پڕکرد لە نەوت و پێیاندا پرژاندن ؛ بەڵام دیسان زۆر کاریگەر نەبوو و کەمی لێ‌کوشتن ؛ بۆیە ئەمجار بەدار و مێشکوژ و تاکە پێڵاو تێ‌یان کەووتن و ئەمجار بە سەتڵ ئاویان پێدادەکردن ، بۆ ئەوەی تەڕببن و بکەونە زەوی . . بەم شێوەیە لە مێشەکان ڕزگاریان بوو . . .

پاشان هەوڵیان دا دەریبهێنن و فڕێی بدەن ؛ بەڵام چونکە ئاوسابوو و لە دیوارەکان توونڎ بووبوو ، بۆیە دەرنەهات ؛ بۆیە چوارچێوەی دەرگاکەیان دەرکێشا و لاشانی دیوارەکانیان رووخاند ؛ دیسان هەر چاری نەبوو ، لەبەر ئەوە یەکێك لە دیوارەکانیشیان بۆ تێکدا و گوریسێکیان پێوە بەست و بەنێو گەرەکەکەدا ڕایان‌کێشا بەرەو شیوەکەی خوارەوە . . ئەوەبوو هێڵێکی سوور لەخوێن لەخانووەکەوە بۆ شێوەکە لەسەر زەویەکە درووست بوو . . کاتێك فڕێیان‌دایە نێو شیوەکە ، وورگە ئاوسەکەی تەقی و گشت خۆراکە بۆگەن بوو و ترشاوەکەی نێو گەدەی دەریەڕپە دەرەوە و هێندەی دی بۆگەنەکە زیادی کرد . . . تا هەشت مانگیش ئەو بۆنە خەڵکەکەی هەراسان‌کردبوو ؛ تەنانەت کە شەویش دەخەوتن ، جلگیرەکانیان لە لووتیان نەدەکردەوە و دەستەسرە پڕ خەڵوزەکانیان لە دەمیان دانەدەگرت . . .

١٩٨٦/٥/٣

هەواڵنامەی کتێب

**غسان کنفانی**

وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە

**گاوە**

# وانەیەك لە غەززەوە

ئێستە نامەکەتم پێگەیی کە تیایدا ڕاتگەیاندووە هەموو پێداویستەکانت بۆ بەجێهێناوم، بۆ ئەوەی بتوانم لە ( سەکرمۆنتۆ ) بژیم ، هەروەها پێمگەیندراوە کە لەدانشگای کالیفۆرنیا ، بەشی ئەندازیاریی مەدەنی وەرگیراوم . بەڕاستی هاوڕێ دەبێ سوپاست بکەم بۆ هەموو هەوڵ و تەقەلایەکت ، بەلام لەوانەشە بەلاتەوە جێگەی سەرسوورمان بێت کە ئەم هەواڵەت پێدەگەیێنم . بڕواشم پێیکە بەبێ هیچ دوودڵیەك ، بەڵکو بە بڕواشەوە دەڵێم کە هیچ کاتێ وەکو ئێستەم لەسەر خۆ و ووردبین نەبووم ، نە' هاوڕێ . .

من ڕام گۆڕی و شوێنت ناکەوم بەرەو " هەرێمی سەوزایی و ئاو و ڕوخساری جوان" وەکو بۆتنووسیبووم ، بەڵکو لێرە دەمێنمەوە و قەت ئێرە بەجێناهێڵم .

بەڕاستی مستەفا گیان خۆی شتێکی ناخۆشە ئەو ڕێرەوەی ژیانمان پێکەوە تاسەر نەبەین ، هەستیشت پێدەکەم دەتەوێ پەیمانی کۆڵنەدانم بێنیتەوە یاد کە دابوومان، چۆن هاوارمان دەکرد " جا پارەدار دەبین " . بەلام هاوڕێ گیان ، تازە چارم ناچارە ، ئێستەش ئەو ڕۆژەم لەیادە کە لە فڕۆکەخانەکەی قاهیرە وەستابووم ، توند دەستم دەگوشیت و دیقەتی تۆربینە هارەکەم دەدا . ئەو کات هەموو شتێ لەگەڵ تۆربینەکەدا دەخولایەوە ، لەگەڵ ئەو خولانەوە پڕ هاژەهاژەیەدا . تۆیش بەرامبەرم بە سەر و چاوە گۆشتنە بێدەنگەکەتەوە وەستابویت ، تەنیا چەند هەڵتۆقاویەکی پانکۆلە نەبێت، ڕوخسارت هیچ نەگۆڕابوو لەچاو ئەوەی لە گەڕەکی " الشجعية " پێوەی گەورەبووی . پێکەوە گەورەبووین و هەردووکمان تەواو لەیەك دەگەیشتین . بڕیارمان دا تاسەر پێکەوە بەردەوام بین ، بەلام :

" ـ چارەکە سەعاتێکی ماوە و فڕۆکەکە هەڵدەستێ . تۆش ئاوا واقت وورنەمێنێ. گوێ

بگره ، سالّی داهاتوو دەچی بۆ کوێت ، له مانگانەکەشت ئەوەندە پاشەکەوت دەکەیت کە لە غەززەوە بەرەو کالیفۆرنیا هەڵتکەنێ . پێکەوە دەستمان پێکرد و دەبێ تاسەری بەرین".

لەو کاتەدا دیقەتی لێوەکانتم دەدا کە بە پەلە دەجولانەوە ، شێوەی قسەکردنت هەر وابوو ، بێ نوقتە و بێ‌سەری دێر . بەلام من هەستێکی ئالۆزم بەوە دەکرد کەتەواو لە ڕاکردنەکەت رازی نیت . تۆ نەتدەتوانی سێ هۆی بەجێ بۆ ئەم هەلاتنەت بژمێری . منیش هەر وەکو تۆ ناخم تزەکیبوو . . بەلام ئەو هەستەی زالتر و کاریگەرتر بوو ، ئەوە بوو کە : " بۆچی ئەم غەززەیە جێناهێلین و هەلنایەین . . بۆ ؟ ".

بەلام حالّ و گوزەرانی تۆ رووی لەچاکی کرد ، ناسیارەکانی کوێت پەیوەندیان پێوەکردی کەچی بەمنەوە نا . لە گەرمەی ئەو نەبوونی و بێ وەزعیەدا کە تێیدا دەژیام جارجارە شتێ پارەت بۆ دەناردم ، داواشت دەکرد بە قەرزاری دابنێم ، بۆ ئەوەی شەرم نەکەم و هەست بە منەتباری نەکەم . تۆ بە تەواوی ئاگات لە دۆخی خێزانەکەمان بوو و دەتزانی ئەو مانگانەیەی لە قوتابخانەکانی وەکالەتی فریاکەوتنی نێو وولاتان بە دەستم دەهێنا ، بەشی گوزەرانی دایکم و براژنە بێوەژنەکەمی نەدەکرد بە چوار مندالّەوە .

" ـ باش گوێم لێبگرە ، هەموو رۆژێ نامەم بۆ بنووسە ، هەموو سەعاتێ . . هەموو دەقیقەیەك ، وا فرۆکەکە دەفڕێ ، ئیدی بە خودات دەسپێرم ، یان بلێ جارێ بەدووعا . . تا یەکبینینەوە ".

لێوە ساردەکانت بە ئەسپایی لەسەر رومەتم خشان . رووت لێوەرگێڕام و بەرەو فرۆکەکە چویت ، کاتێ ئاورت لێدامەوە ، فرمێسکەکانتم دەبینی .

پاشان ناسیاوەکانی کوێت پەیوەندیان پێوەکردم ، پێویستیش ناکات جارێکی دی باسی گوزەرانت بۆ بکەمەوە لە کوێت . چونکە بەردەوام نامەم بۆ دەناردیت ، هەموو شتێکم بۆ باسکردویت . ژیان و گوزەرانم لەوێ لینج بو ، بەتالّ وەکو هێلکە شەیتانۆکەیەکی بچکۆلە . وبوون لە تەنیاییەکی قورسدا ، ململانێیەکی سست لەگەلّ چارەنووسێکی بێ ئاکام وەکو سەرەتای شەو ، رۆتینێکی بۆگەن ، خەباتێکی لەوتێنراو لەگەلّ کات دا . هەموو شتێك لینج و گەرم بوو . گشتی چاوەڕێکردنێکی بەتاسەوەی سەری مانگ بوو .

هەر لە ناوەڕاستی هەمان سالّدا جولەکەکان لە مەرکەزی " الصبحة " یان دا ، لە غەززەیان دا ، غەززەکەیان ئاگر و تۆپباران‌کردین . دەکرا ئەم رووداوە تۆزێ لەو رۆتینە بگۆڕێ کە تیایدا دەژیام ، بەلام من هیچی وام نەبوو هێند لەفکریدا بم. چونکە من ئەو غەززەیەم بەجێ‌دەهێشت و دەچووم بۆ کالیفۆرنیا بۆ ئەوەی دوای ئەو هەموو عەزیەت و دەردەسەریە ، تۆزێکیش بۆ خۆم بژیم . " من قینم لە غەززە و قینم لەهەموو

هەواڵنامەی کتێب

خەڵكی غەززەیە ، هەموو شتێكی ئەم وڵاتە ئەرێكە چەند تابلۆیەكی سەقەتم دێننەوە پێشچاو كە مرۆڤێكی ناساغ بە ڕەنگێكی خۆڵەمێشی كێشابێتی . بەڵێ ، كەمە كەمە پارەم بۆ دایكم و بێوەژنی براكەم و منداڵەكانی دەنارد ، بەڵام منیش ـ هەروەها ـ خۆم لەم دوا تاڵە داوە ئازاد دەكەم ، لەوێ لەكالیفۆرنیای سەوز و دوور لەبۆنی ئاشبەتاڵ كە دەوری حەوت ساڵە لووتم دەچوزێنێتەوە . ئەو هەستی بەزەییەی بە برازاكانم و دایكیان و دایكمەوە دەمبەستێتەوە ، نابێتە بیانوویەكی بەجێ بۆ مانەوەم و بێئاكام مانەوەی نەهامەتیەكەم .. لەمە زیاتر ناتوانێ ڕاگیرم بكات و بمبەستێتەوە . من دەبێ هەڵێم ".

مستەفا گیان تۆ بەم هەست و نەستانە دەزانی ، چونكە بەسەر تۆشدا هاتوون ، " ئەو شتە ئاڵۆزە چیبوو كە بە غەززەوەی دەبەستینەوە و لە جۆش و كوڵی كەم دەكردینەوە بۆ ڕاكردن . بۆچی لەم مەسەلەیە نەكۆڵینەوە و شینەكەینەوە تا واتایەكی ڕوونتریبدرێتێ ؟ بۆچی ئەم ئاشبەتاڵە بەجێ ناهێڵین بەخوێ و زامەكانیەوە و بەرەو ژیانێكی ڕەنگینتر و سازگارتر نەچین ؟ بۆچی ؟ بەڕاستی نەماندەزانی بۆچی ".

لە حوزەیران‌دا كە مۆڵەتم وەرگرت ، هەموو داراییەكەم كۆكردەوە و بەتاسەی دەرچوونی چاوەڕێكراوەوە ، بەتاسەی ئەو شتە وورد و ساكارانەوە كە واتایەكی ڕەنگین و سازگار بەژیان دەبەخشن ، گەڕامەوە . غەززەم بینی هەر وەكو چۆن جێمهێشتبوو ، هەر وەكو جاران : داخراو ، هەروەكو توێی لەخۆئالاوەی ناوەوەی هێلكە شەیتانۆكەیەكی ژەنگاوی كە شەپۆلێك هەڵیدابێتە سەر كەنارە لمیە لیخنەكەی نزیك قەسابخانە ، غەززە تەنگتر لەهەناسەی نوستوویەك مۆتەكەیەكی تۆقێنەر سواری سنگی بۆ بێت ، بەكۆلانە تەنگەبەرەكانیەوە كەبۆنێكی تایبەتیان هەبوو ، بۆنی ئاشبەتاڵ و هەژاری . خانووەكانی بەسەكۆ و ورگداوەكانیەوە .. ئەمە غەززەیە ، بەڵام ئەو شتە ئەفسوناویە بێ سنوورانە چین كە مرۆڤ بە كەس وكاریەوە و بە ماڵەكەیەوە و بەیادگاریەكانیەوە دەبەستێتەوە ؟ هەر وەكو چۆن كانیاوی ڕەوەیەك كەڵە كێوی ڕێهەڵەكردوو بەرەو خۆی ڕادەكێشێ ! نازانم . ئەوەی دەزانم ئەوەبوو كە بەیانی بەنیازی بینینی دایكمەوە گەیشتمە ماڵەوە ، خێزانی برا خوالێخۆشبووەكەمهات بەپیرمەوە و بەگریانەوە داوای لێكردم داخوازیەكەی نادیەی كچی بێنمەدی كە بریندارە و ئێوارە لە خەستەخانە سەریلێبدەم . تۆ نادیەی برازام دەناسی ، ئەو كچۆڵە خوێن شیرینە سێزدەساڵەكە .

ئەو ئێوارەیە دوو كیلۆ سێوم كڕی و ڕووەكردە بیمارستان بۆ ئەوەی سەر لەنادیە بدەم .. من دەمزانی كە شتێك لەئارادا هەیە و دایكم و برازنەكەم لێیان شاردووەمەتەوە ، شتێك كە زمانیان گوێ نەدەكرد بیدركێنن .. شتێكی سەرسوڕهێنەر كە من هیچ

پەیم پێ نەدەبرد . من خووم بە خۆشەویستی نادیەوە گرتبوو ، خووم بە خۆشەویستی هەموو ئەو نەوەیەوە گرتبوو کە زاراوی ئاشبەتاڵ و دەربەدەریان بەشیرەوە خواردبۆوە ، بە رادەیەك کە ژیانی ئاسوودە و ئارامیان بە بابەتێکی نەشاز و نامۆ دەرەچاند .

لەو ساتەدا چی ڕوویدا ! نازانم . زۆر لەسەرخۆ چوومە ژوورە سپیەکەوە . خۆی منداڵی ناساغ شێوازێك لە پیرۆزی دەگرێتە خۆ ، ئیجا ئەگەر ئازاری برینێکی کاریگەر بکێشێت .. نادیە لەناو جێگەکەیدا ڕاکشابوو ، پشتیشی نابوو بە باڵیشتێکی سپیەوە و پرچیشی وەکو فەروەیەکی بەنرخ بەسەریدا پەرش ببووەوە . بێدەنگیەکی قووڵ لە چاوە گەورەکانیدا بوو .. فرمێسکێکی هەتاهەتایی لەقوڵایی گلێنە ڕەشە دوورەکانی چاویدا ئۆقرەی گرتبوو . ڕوخساری هێمن و ئارام بوو ، بەڵام پڕ ڕاز هەروەکو ڕوخساری پێغەمبەرێکی ئەشکەنجەدراو . نادیە هێشتا منداڵە ، بەڵام لە منداڵێك زیاتر دەهاتە پێشچاو . زۆر زیاتر ، لە منداڵێکیش گەورەتر ، زۆر گەورەتر .

ـ نادیە ..

نازانم من بووم ووتم یان مرۆڤێکی دیبوو لە پشتمەوە . بەڵام چاوەکانی بەرەو من هەڵبڕی ، هەستم پێیان‌کرد هەروەکو کلۆێك شەکر کە دەکەوێتە پیاڵەیەك چایی گەرمەوە ، دەیانتواندەوە . لەگەڵ خەندە لاوازەکەیدا گوێم لەدەنگی بوو :

ـ مامە هاتیتەوە لە کوێت ؟

دەنگی لەبینی گیرا . هەردوو لەپەدەستی لە جێگەکە گیرکرد و خۆی بەرزکردەوە و ملی بۆ لای منەوە ڕاکێشا . بە تەنیشتیەوە دانیشتم و دەستمکرد بەلاواندنەوەی ..

ـ " نادیە . دیاریم بۆ هێناوی لە کوێتەوە . دیاری زۆر ! چاوەڕێت دەکەم هەر کە چاکبویتەوە و بەسەلامەتی لە خەستەخانە دەرچووی ، ئەوجا کە هاتیتە ماڵەوە دەتدەمێ ، جا پانتۆڵە سورەکەشم بۆ کڕیویت کەداوات کردبوو بۆتی بێنم .. ئا بەڵێ .. بۆم کڕیت .

خۆی درۆیەك بوو بارە ناجۆر و شێرزەکە دروستی‌کرد . لەکاتێکیشدا بەسەر زمانمدا هات ، وام هەست کرد کە ئەمە یەکەمین جارمە ڕاستی دەڵێم ، بەڵام نادیە هەر وەکو بروسکە لێی دابێت موچڕکەیەکی پێداهات . بەئارامیەکی سامناکەوە سەرێکی لەقاند . هەستم بە فرمێسکەکانی کرد پشت لەپێیان تەرکردم .

ـ دە بڵێ نادیە گیان .. حەزت لە پانتۆڵی سور نیە .

ڕووی تێکردم و وویستی بدوێ . پاشگەزبووەوە ، ددانەکانی جیرکردەوە ، دیسانەوە دەنگە دوورەکەیم بیستەوە .

ـ مامە گیان ...

دەستێکی ڕاکێشا و بەنووکی پەنجەکانی چەرچەفە سپیەکەی لادا و دەستی بۆ ماچێکی ڕاکێشا کە لەسەرووی ڕانیەوە بڕابووەوە .

هاوڕێم .

هەرگیز ئەو قاچەی نادیەم لەبیرناچێتەوە کە لەبنی ڕانیەوە بڕابۆوە ، نەخێر، قەت ئەو مانەمەم لەیاد ناچێ کە دەقی بەڕوویەوە گرتبوو و بۆ هەتابی لەسەر ڕوخسارە سیریبەکەی نیشتبوو . . ئەو ڕۆژە کە لە خەستەخانە چوومە دەرەوە ، کەوتمە تەیکردنی کۆڵانەکانی عەززە ، بەدەم ڕێوە ئەو دوو جنیەم لەگیرفانمدا بە ڕق وقێزەوە دەگووشی کە هێنابووم بیاندەمە نادیە . تیشکی خۆر کۆڵانەکانی بەرەنگێکی ئاڵی خوێناویتەنیبوو ، ئەو کات عەززە ، مستەفا گیان ، زۆر تازە و نوێ دەهاتە پێشچاو . هەرگیز من و تۆ بەو شێوەیە نەمانبینیبوو . ئەو کۆمەڵە بەردەکەم بەردەم گەڕەکی " الشجعية " ، کە گەڕەکی خۆمان بوو ، واتایەکی تایبەتی دەبەخشی . هەر دەتگوت بۆ ئەوە دانراوە لێیبکۆڵێتەوە . ئەو غەززەیەی تێیدا ژیابین و لەگەڵ پیاوچاکەکانیدا حەوت ساڵی لێقەومانمان پێکەوە بەسەر بردبوو شتێکی تازە . وا دەهاتە پێشچاو کە . . کە تەنیا سەرەتایەك بێت .نازانم بۆچی وام هەست دەکرد کە تەنیا سەرەتایەکە . ئەو جادە سەرەکیەی پیایدا ڕووەو ماڵەوە دەچوومەوە ، وەکو سەرەتایەکی کورتی جادەیەکی دوور و درێژ دەهاتە پێشچاو کە هەتا صەفەد بڕی دەکرد . هەموو شتێك لە غەززەدا لە مەراقی ئەو لاقە لەبن بڕاوەیەی نادیەدا دەپرنگایەوە ، مەراقێك کە تەنیا لەسنووری گریان‌دا نەوەستێتەوە . تەحەدا و بەگژدا چوونەوە . بەڵکو زیاتریش ، شتێکە وەکو بەدەست هێنانەوەی قاچە بڕاوەکە . .

بۆ سەر جادەکانی عەززە وەدەرکەوتم . تیشکی خۆرەتاوێکی بەتین دایپۆشیبوو پێیان گونم ، نادیە لەکاتێکدا ئەو لاقەی بەرکەوت کە خۆی دابوو بەسەر برا بچکۆلەکانیدا ، بۆ ئەوەی لەو ئاگر و تۆپبارانە بیانپارێزێ کە شالاویان بۆ ماڵەکەیان هێنابوو ، نادیە دەیتوانی هەڵێت و خۆی ڕزگار بکات . . دەیتوانی لاقی ڕزگار بکات، بەلام نەیکرد . بۆچی ؟

نەخێر هاوڕێ گیان ، من نایەم بۆ سەکرەمێنتۆ ، هیچ پەشیمانیش نیم ، نە، قەت ئەو بەڵێنەش نابەمەسەر کە لەسەردەمی منداڵیماندا دابومان ئەو هەستە ئاڵۆزەی کاتێك عەزرەت بەجێدەهێشت لەماختدا لەرمەکی کرد . . ئەو هەستە لاوازە دەبێ هێزا لە ناخت دا ڕاپەڕێ . دەبێ لە دووی گەڕێی بۆ ئەوەی خۆت بدۆزیتەوە . . ئالێرەدا لە ناو وێرانەی ئاشبەتاڵە ناهەموارەکەدا .

کوەیت - ١٩٥٦

**لیۆ لیۆنی**
وەرگێڕانی لەئەڵمانییەوە
**دە رسیم**



# هۆشیار

دیوارێکی کۆنی لەبەرد هەڵچنراو چواردەوری ئەو مێرگەی دابوو، کە ئاژەڵی تیادا دەلەوەڕی. لەناو ئەم دیوارەدا، لەنزیک دانەوێڵە و خۆراک و گژ و گیاوە، خێزانێک لە مشکی کێڵگە دەژیا. ئەم مشکانە هەتا بڵێی قۆشمەچی و قسەخۆش بوون.

وەرزی زستان تەواو نزیک بووبووەوە و جوتیارەکان کێڵگەکانیان چۆلکردبوو، دانەوێڵەو خواردەمەنی بەرەو کەمبوون دەچوون، لەبەرئەوە مشکەکان دەستیان‌کردبوو بە کۆکردنەوەو پاشەکەوت کردنی خواردەمەنی.

تەنیا مشکێکیان نەبێ کە ناوی (هۆشیار) بوو، ئیتر هەموو مشکەکانی تر چالاکانە قۆڵیان لێهەڵماڵیبوو... و شەو و ڕۆژ خەریکی زەخیرەخستن بوون. کاتێ مشکەکان هەستیان کرد، کە هۆشیار کارناکات، لێیان پرسی:

- ئەرێ هۆشیار ئەوە تۆ بۆ کار ناکەیت؟

هۆشیاریش وەڵامی دانەوە و ووتی:

- ئەوە نی‌یە کاردەکەم، ئەوەنی‌یە منیش بۆ کاتی سەرما و بۆ ڕۆژانی تاریک و تونی زستان تیشکی خۆر کۆدەکەمەوە.

جارێکیان مشکەکان تەماشایان کرد، کە وا هوشیار لەسەر بەردێکی گەورە چوار مشقی لێی دانیشتووە و چاوەکانی بڕیوەتە دیمەنی جوانی مێرگەکە. دووبارە مشکەکان لێیان پرسی:

- هۆشیار! ئەی ئێستا چی دەکەیت؟

هۆشیاریش ووتی:

- ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی ڕەنگە جوانەکانم بۆ زستان، چونکە ڕەنگی زستان بۆرە... بۆر.

جارێکی تریان وا دەرکەوت ، کە هۆشیار خەو دەبیردەوە ، لەبەر ئەوە مشکەکان بەدەنگێکی پڕ لە گلەییەوە پێیان ووت :

- ئەرێ هۆشیار ئەوە خەو دەبینی ؟

هۆشیاریش ووتی :

- نەخێر ... نەخێر خەونابینم ، بەڵکو خۆم بەکۆکردنەوەی ووشەوە ماندوو دەکەم ، بەڵێ ووشە ، ووشە بۆ ڕۆژانی زستان ، چونکە گەر بێ و بۆ ڕۆژانی زستان ووشە کۆنەکەینەوە ، ئیتر مرۆڤ نازانێ دەربارەی چیبدوێ و چی بۆ یەکتری بگێڕێتەوە .

کاتێ زستان هات و یەکەمین بەفر باری ، هەر پێنج مشکەکە چوونە ناو کونەکەیانەوە ، کە لەنێو بەردەکانی دیوارەکەدا بوو . لەسەرەتادا خواردەمەنییان زۆر زۆر بوو ، بە ئارەزووی خۆیان تێر و بڕیان دەخوارد . هەروەها چیرۆکی خۆش خۆشیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە ، بۆ نموونە چیرۆکی مام ڕێوی گۆرانیبێژ و چیرۆکی پشیلەی سەماکەر .

بەم جۆرە ، ئەم خێزانە مشکە کاتێکی خۆش و بەختیاریان بەسەر دەبرد . بەڵام هێدی ... هێدی هەموو ئەو خواردەمەنیانەی ، کە پاشەکەوتیان خستبوو ، بەرەو تەواوبوون دەچوون ، تا وای لیهات بەدەگمەن دەنکە جۆیەکیان دەست دەکەوت . زستانەکەشی هێندە سەخت بوو ، کە سەرما بە یەکجاری لەناو کونەکەیاندا زۆری بۆ هێنابوون و کەسیشیان ئارەزووی گفتوگۆکردنی نەمابوو .

لەبڕێکدا هاتەوە بیریان ، کە هۆشیار کاتی خۆی دەربارەی تیشکی خۆر و ڕەنگ و ووشە ، قسەی بۆ دەکردن ، بۆیە هاواریانکرد و ووتیان :

- هۆشیار ! ئەرێ ئەی ئەوە زەخیرەکانی تۆ چییان بەسەر هات ؟

هۆشیاریش هەڵزنایە سەر بەردێکی گەورە و پێی ووتن :

- چاوتان بنووقێنن ! ئێستا تیشکی خۆرتان تێدەگرم .
هەستی پێدەکەن ؟ هەست بەگەرمایی تیشکەکان دەکەن ؟
هەستی پێدەکەن ، چەند گەرم و جوان و پرشنگدارن ؟

کاتێ هۆشیار ئا بەم جۆرە باسی خۆری بۆ دەکردن ، هەر چوار مشکەکەی تر زیاتر گەرم دەبوونەوە . بەڵام ئایا ئەمە کردەی دەنگی هۆشیار بوو ، یان جۆرێک بوو لە جادووگەری ؟

جارێکی تریش بەتاسەوە پرسیاریان لەهۆشیار کردەوە :

- ئەی ڕەنگەکان ، ئەی ڕەنگەکان چییان بەسەر هات ؟

ئەویش ووتی :

- دووبارە چاوتان بنووقێنن !

هۆشیار بەجۆرێکی ئەوتۆ سەرنج ڕاکێش لەرەنگی وەنەوشەیی گوڵ ئەرخەوان و سەوزیی گەڵای مێو و سووریی گوڵاڵە سوورە و زەردیی گەڵاجۆ دەدوا ، کە مشکەکانی تر هەموو ڕەنگەکانیان بە تەواوی دەهاتە پێش چاو ، هەروەك بڵێی وێنەی ڕەنگەکان لە ناخیاندا کێشرابن .

هەمدیسان مشکەکان پرسیاریان لێکرد :

- ئەی ووشەکان ! هۆشیار ، ئەی کوا ووشەکان ؟

هۆشیاریش نەرمە کۆکەیەکی بۆ کرد و قورگی بۆ پاککردەوە . بەجۆرێکی ئەوتۆ دەستی کرد بەدووان ، هەر دەت گوت لەسەر شانۆوە قسەدەکات .

کێیە بەفر کلۆ . . . کلۆ دەبارێنێ ؟
کێ سەهۆڵبەندان دەتوێنێتەوە ؟
کێیە هەورەکان دێنێتە گرمە و
کێ ئارامیان دەکاتەوە ؟
کێ گوڵاڵەی بەختیاریمان بۆ دەهێنێ ؟
کێ تاریکی بەسەر چاوی ڕۆژا دێنێ ؟
ئەی کێ چرای مانگە شەو دادەگیرسێنێ ؟

چوار مشکی وەك تۆ ، وەك من
خنجیلە و جوان و ژیر
لەئاسمانا دەژین و
هەرگیز تۆیان ناچێ لەبیر .

مشکی یەکەم بەهارە
وەرزی گوڵ و گوڵزارە
پڕ باران و پڕ کانییە
وەرزی سەوزی و جوانییە .

مشکی دووەم هاوینە
وەرزی ئاسمانی شینە
تیشکی هەتاو زێڕینە
هەتاو سەرچاوەی ژینە .

هەولێرنامەی کتێب

مشکی سێهەم پایزە
وەرزی هەنار و گوێزە
دەغڵ و دانمان بێ دەگات
جوتیار رەنجی خۆی دەبات

مشکی چوارەم زستانە
وەرزی بەفر و بۆرانە
کێ خۆی گەرم نەپۆشێ
دەبێ سەرما بنۆشێ .

بەهار و هاوین و پایز و زستان
هەر یەك بەجۆرێ خۆی دەدا نیشان
ئەم چوارە وەرزی ئازیزی ساڵن
جیاوازە سوود و تام و بۆن ورەنگیان .

کاتێ هۆشیار لە ووتەکانی بووەوە ، هەموویان دەستیان‌کرد بەچەپڵە لێدان و هاواریان‌کرد :

ـ هۆشیار ! بەراستی تۆ شاعیریت .

هۆشیاریش لەشەرماندا سوور هەڵگەرا و بێ ئەوەی شانازی بەخۆیەوە بکات ، بە گیانێکی پڕ لەخۆبوردنەوە ووتی :

ـ دەزانم ، مشکانی ئازیز و خۆشەویستم ، دەزانم .

## تێبینی یە کان

۱) فریدریك ـ Frederick ـ ناوی سەرەکی ئەم چیرۆکەیە .
۲) لەوەرگێڕانی هۆنراوەکاندا ، کەمێ سەربەستیم وەرگرتووە .
۳) هیوادارین خوێنەرانی ئەم چیرۆکە بۆ ئەو منداڵە ئازیزانەی بخوێننەوە کە دەیان بینن .

هەزارنامەی کتێب

منداڵی کورد و فەرهەنگی کورد
لە هەندەران

# ئاسۆس قادر

## منداڵی کورد و فەرهەنگی کورد لە هەندەران

لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لەمەڕ
منداڵی کورد و زمان و فەرهەنگی کوردی
لە نێوان خێزان و خوێندنگە و کۆمەڵگەدا لە سوێد

ئەمجەد شاکەلی

سوێد - ١٩٨٦

لە بڵاوکراوە کوردی‌یە نوێیەکانی تایبەت بە فەرهەنگی منداڵان ، کتێبێکی کوردی نوێ لەسوێد دەرچووە بەناوی " منداڵی کورد و فەرهەنگی کورد لە هەندەران " لە نووسینی کاک ئەمجەد شاکەلی . ئەم نووسراوە بریتی‌یە لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیانەی واقیعی خوێندن بەزمانی کوردی بۆ منداڵانی کورد لە هەندەران .

نووسەر کە خۆی چەند ساڵێکە مامۆستای زمانی کوردی‌یە لەسوێد و تاقیکردنەوەیەکی دەوڵەمەندی بەدەستهێناوە لەم بوارەدا ، سەرکەوتووانە توانیویەتی گەلێك لەو گیروگرفتانە دەستنیشان بکات کە دێنە بەردەم خوێندن بەزمانی کوردی ، پاشان چەند پێشنیازێك دەخاتە ڕوو بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە .

نووسەر لە پێشەکی نووسراوەکەیدا دەڵێت : " ئەمن بۆ خۆم نە پەروەردەکارم و نەش پسپۆڕم لەبواری پەروەردە و بارهێنان و فێرکردن‌دا ، تەنێ ئەوە هەیە کە ماوەی چوار ساڵێکە لەگەڵ منداڵ و لاوانی کورددا لەسوێد کار دەکەم و دەرسی کوردی دەڵێمەوە . ئەوەش کە لەم گوتارەدا هاتووە زادەی ئەزموونی ڕۆژانە و تێکەڵاوی و پەیوەندی‌یە لەگەڵ منداڵ و شاگرد و خێزانی کورددا و پێشم وایە باسەکە هەرچەندە تایبەتە بە کوردەوە لە سوێد ، بەڵام تارادەیەك تەواوی کوردی ئاوارە و دوورە کوردستان دەگرێتەوە ، مەسەلەکەیش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەهەموو خێزانێکی کورد و ئایندەی دیتن و ڕاوبۆچوون و شێوەی بیرکردنەوەی لاوانی سبەینێ و منداڵانی ئەمڕۆی کوردەوە هەیە " .

ناوەڕۆکی کتێبەکە بریتی‌یە لە هەڵسەنگاندنی واقیعی خوێندنی کوردی لەسوێد و لە یەکێتی سۆڤیەت کە تەنیا دوو جێگەن ( جگە لەکوردستانی خواروو ) خوێندنی کوردییان لێیە . دەربارەی خوێندنی کوردی لەسوێد ، نووسەر بەدرێژی و بەووردی بۆ مەسەلەکەو

بۆ چۆنیەتی گیروگرفتەکانی‌چووە ، لەبەر ڕۆشنایی تاقیکردنەوەی ڕۆژانەی لەم بوارەدا . هەروەها بە خێرایی باسێکی کورتی واقیعی خوێندنی کوردی لەیەکێتی سۆڤیەت دەکات، لەبەر ڕۆشنایی دیدەنێکی بۆ ناو کوردەکانی سۆڤیەت . وا بزانم ئەمەش یەکەم جارە تیشک بخرێتە سەر ئەم مەسەلەیە .

ئەو گیروگرفتانەی دێنە ڕێگەی خوێندنی کوردی ، وەکو نووسەر دەستیان بۆ درێژ دەکات ، یان پەیوەندی بە هەڵوێست و شێوەی بیرکردنەوەی دایك و باوکەوە هەیە و منداڵەکانیان دەبنە قوچی قوربانی ، یان گیروگرفتی زمانەوانی‌یە لەئەنجامی کارتێکردنی زمانی عەرەبی یان فارسی یان تورکی ، یان بەهۆی بوونی سوێدی بەزمانی یەکەم لە خوێندن‌دا ، یاخود ئەو گیروگرفتانەی پەیوەندییان بە توانا و کەموکوڕی‌یە ماددی و مەعنەوی و هونەری‌یەکانەوە هەیە .

هەروەها نووسەر ، لەبەر ڕۆشنایی تاقیکردنەوەی لەفێرگەی منداڵانی کورد ، هەندێك پێشنیار دەخاتە ڕوو ، بەتایبەتی بۆ باوك و دایکان ، بەمەبەستی کەمکردنەوەی گیروگرفتەکان و ئاسانکردنی کاری خوێندنی کوردی بۆ منداڵەکانیان . دوای ئەوە نووسەر ١٠ نموونەی ڕووداوێکی مەیدانی دەخاتە ڕوو کە لەڕاستی‌دا بریتین لە چەند وێنەیەکی ئەو کۆسپ و ئاستەنگ و نارەحەتیانەی دێنە ڕێگای خوێندنی کوردی لەدەرەوەی‌کوردستان.

لەنووسراوەکەدا ، چەند خشتەیەکیش کراوە ، وەك ستاتستیکێك بۆ ژمارەی قوتابیانی کورد لە سوێد و دابەشکردنیان بەسەر پۆل و قوناغ و ساڵەکان‌دا .

ئەوەی ماوە بیڵێین ، هەرچەندە نووسەر لە پێشەکی نووسراوەکەی‌دا دەڵێت ، ئەو بسپۆر و ئەکادیمی نیە لەبواری پەروەردە و خوێندن و فێرکردنی منداڵ‌دا ، هەرچەندە جاروبار لە ئەنجامی تاقیکردنەوە سەخت و تاڵەکەی لەگەڵ باوك و دایکی منداڵە کوردەکان، لە بابەتێتی دووردەکەوێتەوە و ڕاستەوخۆ تووڕەیی خۆی دەردەبڕێت ، بەڵام دەتوانین بڵێین ، کاك ئەمجەد شاکەلی دەستپێشکەری کردووە لەخستنەڕووی مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و چارەنووسی‌دا ، ئەویش مەسەلەی پاراستنی گرنگترین ئامرازی پەیوەندی نێوان منداڵمان و وڵات و نەتەوە و مێژوومانە : زمانی ڕەسەنی کوردی .

لەکۆتایی‌دا ، ئەم نووسینەی کاك ئەمجەد شاکەلی ، دەکرێت ببێتە دەروازەیەك بۆ کوڕێکی بەردەوام لەسەر لێکۆڵینەوە و وتووێژ لەسەر توانا و ئاسۆی پەروەردە و خوێندنی کوردی لە دەرەوەی کوردستان ، بە ئومێدی گەیشتن بە پڕۆگرامێکی ئەکادیمی یەکگرتوو بۆ پەروەردە و خوێندنی کوردی بۆ سەرانسەری منداڵانی کورد لەهەندەران .

ـ دانمارك ـ

زەینەبی شەمزینی

# گۆڤاری
# " *Orient Moderno* "

گۆڤاری ( Orient Moderno ) ، یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە بەزمانی ئیتالّی ، لە ماوەی سالآنی ۱۹۲۱ - ۱۹٥۰ لەشاری رۆما ، لە ئیتالّیا بلآوکراونەتەوە . ئەم گۆڤارە ، لەتوێی لاپەڕەکانی خۆیدا ، چ بە شێوەی بلآوکردنەوەی دەنگوباسی کوردستان و چ بە شێوەی بلآوکردنەوەی ووتار و لێکۆڵینەوە ، بایەخێکی گرنگ و فراوانی بەکێشەی کورد و ولآتی کوردستان داوە .

ئەو بابەت و لێکۆڵینەوە و دەنگوباسانەی کە لەبارەی کێشەی کورد و ولآتی کورد لەو گۆڤارەدا بلآوکراونەتەوە ( بەتایبەت ئەوانەی باسی سالآنی بیست و چلەکان دەکەن ) ئاشکرایە بایەخێکی مێژوویی گرنگیان هەن : ئێخوێندنەوەی ئەو بابەت و وتارانـــە ، هەروەها تەرجەمەکردنیان بۆ سەر زمانی کوردی . هەلّبەتە ئەرِۆ ئەرکێکی سەرشانی ئـەو نووسەر و رووناکبیرانەیە کە زمانی ئیتالّی دەزانن .

وا لێرەدا ئێمە ، کورتە بیبلیۆگرافیایەکی بەشێکی کەمی ئەو بابەتە دیاریکراوانـــــە پێشچاو دەخەین ؛ بەهیوای ئەوەی ئەو کەسانەی زمانی ئیتالّی دەزانن ، بگەڕێنـــەوە سەریان و بەهەرچی شێوەیەکی بێت ، بەهرە و سوودی لێ بدینن .

بۆ ڕێکخستنی ئەم کورتە بیبلیۆگرافیایە ، ئێمە جارێ تەنیا سالّی یەکەم و سالّـــی نۆیەمی ئەو گۆڤارەمان هەلّبژاردووە . ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی کە ئەمان گرنگتـــر و دەولّەمەندترن ، بەلّکو لەبەر ئەوەی کەجارێ تەنیا ئەو دوو بەرگەمان بەر چنگ کەوتوون . بابەتەکان بەپێی ئەلفابی ڕێکخراون ، تەنیا ناونیشانی وتار ، یا بابەتەکمان نووسیوە و لە تەنیشتیشیەوە ژمارەی لاپەڕەکمان دیاری کردووە :

" Orient Moderno "

Pivista Mensiel , Anno 1 ,

Giugno 1921 - Maggio 1922 ,

Roma , 1922 :

1- Kurdistan - Riassunt mensile della situazione , 153 ( luglio 1921 ), cfr . 281 .

2- La questione Curda alla conferenza per La pace, 72-75 " Continua " ,197 , cfr . 10 , 14, 15, 65-72,145,279.

3- II Comito per L'indipendenza Curda , 72 , Suo memoriale alla Conferenza per La pace , 72 .

4- II Memoriale degli Assiro ? Caldei ,73,281 Col. II .

5- Trattato del 16 maggio 1916 , e assegnazione di una parte del Kurdistan alla Russia , 66 , 130 .

6- La politica britannica nel Medio Oriente , e nel Kurdistan , 419 .

7- Discorso di Churchill circa il Medio Oriente e il Kurdistan , 84 .

8- 11 Kurdistan e Sir Percy Cox , 84 .

9- 11 trattato di Sévres e i territoi Curdoturchi ,70,73-75.

10-L'autonomia Curda ule mandato per la Mesopotamia , 366 ( cfr . 74 - 75 ) .

11-Rapporto fra la popolazione Curdo - turca e armeno - turca , 68 , 69 .

12-Osservazioni della Delegazione Ottomana sulle clausole del trattato di Sévres circa il Kurdistan , 73 .

13-I CURDI dipendenti della Turchia : disposizioni del trattato di Sévres , 70 , 73 - 75 , proclamazione della repubblica Curda ? 153 ; rivolta di Curdi , 155-156 ; Ordinamento di truppe curde , 284 .

14-I Curdi della Mesopotamia Settentrionale : loro autonomia secondo il Mandato , 336 ( e nota 1 ) ; loro ribellioni , 220, 286 col .
II ( ove " turchi " Va corretto in " Surch .i " =Surči) , 473 , 537 , 611 ; influsso turco su di loro, 286, 611 .

15-I Curdi della persia chiedono L'indipendenza , 487 ( cfr. 72 sul Kurdistan persiano ) ;attivita e rivolta di lsmail Shakak (detto Semiko ) a tale scopo , 482 , 487, 548 , 615 , 754 ; trattative con il Governo persiano, 548, 615 ; contro i Gristiani nell Azerbaigian , 298 .

16-Occupation di Sciuscia da parte di truppe Curdo - tatare-armene , 95 .

17-Curdi in Mesopotamia , 745 ; 748 in persia 298 , 615 , 754 , provvedimenti per L'instruzione 562 .

" Orient Moderno "

Pivist Mensiele , Anno 1X


Gennaio - Dicembre 1929

Roma : 1932

1- Curdi , della Turchia , 172 ; della Siria , 456 , loro scuola a Damasco 506 , della Mesopotamia , 127 ; loro movimento autonomista , 182 , 218 , - persiani ribelli, 185 .

2- Cuvacān , tribu della Bashkiria , 89-90 .

3- Giudiziaria anglo - lrāqena , proposta di abolirla, 126.



ئامادەکردن و وەرگێڕانی
**هەڵکەوت عەبدوڵا**

# مالفە:
# هونەرمەندێکی کورد و ناوێکی هونەریی جیهان

هاوینی ئەمساڵ ، کاتێ سەردانی ( ڤیین )ی پایتەختی ئۆتریش (نەمسا)م کرد ، زۆر بەهیوای ئەوەوە بووم خەونی چەند ساڵەم بهێنمەدی و هەندێ گفتوگۆ لەگەڵ نووسەرو هونەرمەندە ئاوارەکانی ئەو وڵاتەش دابکەم و چەند دیدارێکی مشتومڕیش لەتـــــەك ڕۆشنبیرەکانی کوردی ئەوێ ڕێك بخەم . ڕۆژێکیان ، کاتێ قسەوباسم لەسەر ئەو خەونـــە دەکرد ، هاوڕێیەکم پێی وتم : " هونەرمەندێکی کوردی کوردستانی خۆرئاوا- سوریا - بەنێوی (مالفە) چەند ساڵێکە لێرە دەژی ، ئەگەرچی لەناو کوردان‌دا زۆر ناسراو نیە ، بەڵام لەسەر ئاستی ئەوروپا و جیهان بەناوبانگە و هەتا ئێستا چەندین پێشانگەی لـــە وڵاتە ئەوروپیەکان و ئەمریکا ڕێك خستووە ، بۆ نەچینە دیدەنیی و ئەگەر دەرفەت هەبوو گفتوگۆیەکی لەگەڵ ساز نەکەین ؟". ئەم هەواڵە خستمیە نێو دەریای بیرکردنەوەوە ودڵتەنگ و دڵخۆشیشی کردم : دڵتەنگی کردم ، چونکە ئێمەی کورد خاوەنی چەندین داهێنەرین لەبوارە جۆراوجۆرەکان‌دا ، کە لای بێگانە بەناوبانگن ، کەچی بەخۆمان نامۆن و ئەوەندەی داهێنەرەکانی تری جیهان لامان ئاشنانین . دڵخۆشیشی کردم ، لەبەر ئەوەی بینیـــم هونەرمەندێکی کورد ، سەرەڕای گیروگرفتی جۆربەجۆر و چەوساندنەوەی بێوێنەی لای خۆمان و لەئاوارەیی و دوورەوڵاتی‌دا ، لەنێو بارودۆخی بالادەستی هونەری بازرگانیی خۆرئاوادا ، توانیویەتی لەڕێگەی بەرهەمەکانی‌یەوە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و خودی ڕاستەقینەی خۆی و ڕەسەنی وڵاتەکەی بپارێزێ و دووپات بکاتەوە . جگە لەوەش توانیویەتی وەك ئەستێرەیـــەك لەئاسمانی هونەری جیهان‌دا بدرەوشێتەوە .

زۆر بە شەوقەوە چاوەڕوانی کاتی دیدەنیەکەی ( مالفە )م دەکرد . کاتی دیاریکراو لەگەڵ هاوڕێکەمدا بەرەوماڵەکەی کەوتینە ڕێ ، کە لەناوچەیەکی دیمەن‌جوانی دەروبـــەری

شاری (ڤیین)ە . بەدرێژایی ڕێگە بیرم لەوە دەکردەوە بەچ شێوەیەك لەتەك ئەو هونەرمەندەدا گفتوگۆ بکەم و ئاخۆ ئەو چ جۆرە مرۆڤێك بێ . کاتێ گەیشتینە جێی مەبەست ، ئەو گرفتەم خاو و ئاوەڵەبووەوە . چونکە لەیەکەمین چرکەکانەوە زنجیرەی قسەکردنمان شوێنی خۆی گرت و لەئەنجامی ئەو و دیتنی تابلۆ ڕەنگینەکانە جۆراوجۆرەکان ئەوەم بۆ دەرکەوت ( مالڤە ) هونەرمەندێکی ئاسایی نیە ، بەڵکو هونەرمەندێکە توانیویەتی داهێنانی سەرکەوتووانە لەگەڵ هوشیاریی زانستیانەی هەمەلایەن‌دا گرێبدات.

دوای گفتوگۆ و قسەوباس و دیتنی سەرجەمی کارە هونەرییەکانی لەژووری کارکردنی، کە لەڤاتی دووەمی ماڵەکەی بوو و دەیڕوانیە تابلۆیەکی جوان و ڕەنگینی شاری ( ڤیین ) ، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی تۆماری چاوپێکەوتن هەڵگرین بۆ دیدەنیەکی تر و ئەمجارە تەنیا و بەیارمەتی ئەو قسەوباسانەی کران و ئەو سەرچاوە و کەتەلۆگانەی پێمان بەخشرا ، بابەتێك دەربارەی (مالڤە) پێشکەش بە خوێنەران بکەین ، وەك یەکەمین هەنگاو بۆ ڕەواندنەوەی ئەو هەورە تەڵخەی چواردەوری ئەو هونەرمەندەیان لەنێو کوردان‌دا تەنیوەتەوە .

باش ئاوتوێکردنی سەرچاوەکان و دیتنی کەتەلۆگەکان ، بەچاکم زانی ئەو هەنگاوە لەڕێگەی چەند خاڵێکەوە بە ئەنجام بگەیەنم : یەکەم/ دەربڕینی کورتەباسێك دەربارەی ژیانی هونەریی ( مالڤە ) . دووەم/ کردنە کوردی ئەو چاوپێکەوتنەی کاك سەلاحەدین محەممەد لە ڕۆژنامەی " تشرین " ی سوریی ڕۆژی ١٩٨٩/١١/٢٧ لەگەڵ ( مالڤە ) سازیکردووە ، بۆ دەرخستنی لایەنی هونەریی و تێڕوانینەکانی ئەو هونەرمەندە. سێیەم / هەڵبژاردنی چەند تابلۆیەك لە کەتەلۆگەکانی بەپێی بەرواری نیگارکێشانیان. هیوادارم خوێنەری ئازیز سوودیان لێوەربگرێ هەتا کاتی ڕێکخستنی چاوپێکەوتنی تایبەتی لەگەڵ ( مالڤە )دا و دەرخستنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی هونەرەکەی کە لەم بابەتەدا دەرنەکەوتوون .

## کورتەباسێك دەربارەی ژیانی هونەریی ( مالڤە )

- (مالڤە) ، ناوی هونەریی ( عومەر حەمدی )یە ، کە هونەرمەندێکی کوردی کوردستانی خۆرئاوا (سوریا)یە و ساڵی ١٩٥١ لەناوچەی " گردی نایف "ی ناوچەی حەسەکە چاوی بەدنیا هەڵهێناوە .
- ساڵی ١٩٦٨ ماتۆڕەکەی خۆی لەبەر بێپارەیی فرۆشتووە ، بۆ ئەوەی بتوانێ تابلۆکانی بگوێزێتەوە بۆ شاری ( دیمەشق )ی پایتەختی سوریا و یەکەمین پێشانگەی خۆی ڕێك بخات . ئەوەی شایانی باسە، توانای هونەری(مالڤە) و پێشکەشکردنی

هونەرێکی ڕەنگەری هونەری باو ، هانی چەندین نووسەریان دا لەسەری بنووسن و بکەونە ژێر کاریگەریی هونەرەکەیەوە .

- لەو ساڵانەی لە ( دیمەشق ) بوو ، جگە لەنیگارکێشان ، شوێن پەنجەی بە چەند بوارێکی ترەوە بەجێهێشتووە ، لەوانە : نووسینی چەندین ڕەخنەی هونەریی لە ڕۆژنامەکانی سوریا و لوبنان‌دا و لەڕوانگەیەکی نوێوە ، هێنانەئاراوەی ئاقارێکی ڕەنگەری باو لە بواری دەرهێنانی ڕۆژنامەگەری‌دا ، نووسینی هەندێ ووتار و شیعری جۆربەجۆر .
- ساڵی ١٩٧٧ دوا پێشانگەی لەسوریا ڕێکخستووە ، کە تیایدا سەرکەوتنێکی بێ‌وێنەی بەدەست هێناوە ، چ لەڕووی ئەوەوە کە ژمارەیەکی زۆر هاتبوونە دیدەنی پێشانگەکەی ، یا ئەو سیمنارەی لەدوا ڕۆژی پێشانگەکە ڕێکخراوە و هەموو ڕۆژنامەنووسەکان لەسەریان نووسیوە ، یاخود فرۆشتنی گشت تابلۆکانی سەرەڕای گرانی نرخەکانیان .
- لەساڵی ١٩٧٨ ەوە چۆتە شاری ( ڤیێن )ی پایتەختی ئۆتریش ( نەمسا ) و لەوێ نیشتەجێ بووە و هەر لەوێش ژنی هێناوە .
- لەساڵی ١٩٧٨ ەوە تاکو ئێستا چەندین پێشانگەی لەوڵاتە جۆراوجۆرەکانی دنیادا ڕێکخستووە ، کە دەشێ بەمجۆرە هێمایان بۆ بکرێ :

• پیشانگەیەك لەشاری شیکاغۆ ـ ئەمەریکا ـ ساڵی ١٩٨٠ .
• پێشانگەی Palais Palffy لەشاری ڤیێن ـ ١٩٨٧/١٠/٥ .
• پێشانگەیەکی تر لەشاری شیکاغۆ ـ ئەمەریکا ـ ساڵی ١٩٨٧ .
• بەشداری لە فیستیڤاڵی یەکەمی هونەری هاوچەرخی وڵاتە عەرەبییەکاندا لەکۆشکی پێشانگەکانی ڤیێن ـ ساڵی ١٩٨٨ .
• بەشداری پێشانگەی یونیسکوی کردووە لەپاریس ـ ساڵی ١٩٨٩ .
• بەشداری پێشانگەی بینالی مۆنت کارلۆی فەرەنسای کردووە ـ ساڵی ١٩٨٩ .
• پێشانگەیەکی هاوبەش لەگەڵ هونەرمەند کەریم عواد لەشاری ڤیێن ـ ٨٩/١٠/٢٢ .
• پێشانگەیەکی تایبەتی لەشاری ڤیێن ـ ١٩٨٩/١٢/١ .
• پێشانگەیەکی تایبەتی لە Klosterneuburg ـ ١٩٩٠/٧/٨ .

- هەتا ئێستا چەندین ڕەخنەگری عەرەبی و بولگاری و سۆڤیێتی و ئەڵمانی و نەمساوی و ئەمەریکی . . . هتد لەسەریان نووسیوە . هەروەها لە فەرهەنگی هونەری جیهانی‌دا ( The worlds Art Directory ) کەساڵی ١٩٩٠ لەچاپدراوە و ناوی ( ١٢٤ ) هونەرمەندی جیهانی تێداهاتووە ، باسی‌کراوە . هەروەها چەندین

نووسراو بەزمانی بێگانە لەسەر ژیانی هونەری نووسراون ، دوا نووسراو کەتەلۆگێکە کە هەموو بەرهەمەکانی سالانی (١٩٦٨-١٩٩٠)ی مالڤەی تێدایە لەگەلّ رەخنەیەکی هونەریی بەپێنووسی " نیقولای مایکۆفسکی " لەژێر ناونیشانی :
"The inner Landscape "دا.

- (مالڤە) ئەندامی چەندین دامەزراوی هونەریی جۆربەجۆربووە،لەوانە :
  * یەکێتی هونەرەجوانەکانی دیمەشق .
  * یەکێتی گشتی هونەرمەندە شێوەکارەکانی ولاتەعەرەبیەکان .
  * یەکێتی گشتی هونەرمەندانی یۆنیسکۆ .
  * یەکێتی هونەرمەندە شێوەکارەکانی ئوتریش (نەمسا) .

## چاوپێکەوتنێک لەگەلّ ( مالڤە )دا

پرسیار : دەتوانی باسی بیرەوەرییەکانی خۆتمان بۆ بکەیت ، لەو کاتەوە کە بەر لە دوانزە سالّ ولاتت بەجێهێشتووە هەتاکو ئەمڕۆ ؟

وەلاّم : لەکاتێکدا کە مرۆڤی سەدەی بیستەم گۆڕاوە بۆ چەند توانستێک ، بۆ چەند کەسایەتیەک ، چەند کۆمپلێکسێک ( عقدة )، هونەرمەندیش لەمە بەدەر نیە و ناشێ لە دەرەوەی ئەو پارچەپارچەبی‌یە دابنرێ ، وە کاتێ دان بە لەقالّب نەدانی هونەرمەند و سەربەستی‌ی داهێنەرانەی‌دا دەنێین ، ئەو ساکە دەرک بە ماهیەتی هەلومەرج و هۆکان و حەتمیەتی ئەم چرکەساتە داهێنەرانەیە دەکەین . چونکە ئەو دەنگدانەوەیەی لە یەکەمین ڕۆژگارەکانی هاتنە ( ڤیین )ەوە لەگەلّ خۆم هەلگرتووە ، ترس بووە . ئەو ترسەی لەگەلّ کاتدا ڕووخساری ڕەنگاورەنگ و ڕووبەری ئالۆزی وەرگرت .. لەڤیین دەستم کرد بە مامەلّەکردن لەگەلّ ئەو ترسە بێ‌بەخشراوەدا ، ئەمەش نەک بۆ ئەوەی لەدەستی ڕزگارم‌بێ ، بەلّکو بۆ ئەوەی تێ‌ی بگەم و بیگۆڕم بە وزەیەک کە بتوانم بەهۆیەوە داکۆکی لەخۆم بکەم و کاری هونەری بەرهەم بهێنم . کەسایەتیەکانم خاوەن ئەتمۆسفیر و بیلبیلەی چاوی‌ترسناک‌و دەروبەری تاریک و هاواری ئازاردەری بێ‌دەنگ‌بوون کە لەشوێنێکدا دابەش کرابوون ، ڕەنگیش بورکان بوو . تابلۆکانم ئەم ڕووخسارانەیان لەکۆلّ نا و بەرەو هۆلّی پێشانگەکانی ئوتریش کەوتنەڕێ و لەرێگەی هێماکردنەوە بەدەست ویستی خۆم بۆ نیشاندانیان خستەڕوو، بەلاّم خەونەکانی لەولاّت دروست ببوون لەگەلّ ئەوەی واقیعی ئێرە جیاواز بوون . ئەم تێرامانە هەتا ئەمڕۆش لێم‌نەبۆتەوە ، چونکە من بەو جۆرە بۆ ڕووداوەکان دەچم کە نزیک بێتەوە لە خەونەکانم ، لێرەیشەوە هەمیشە زەبری جیاوازی نێوان ئەو ڕاستی‌یەی لەسەر تابلۆ لەگەلّیدا دەژیم لەتەک ئەوەی دەرەوەم پێ‌دەکەوێ . لەوانەیە یەکێک بم لەوانەی

نانوانن باوەڕ بەڕاستی مەتریالیستانە بهێنن ، چونکە ئەو ئێرامانەی کاری پێ دەکەم و بەو جۆرە دەیهۆنمەوە کە هەستی پێبکەم ، ئاقە ڕاستی‌یە ، ئەو ڕاستی‌یەش خۆمم.

لەبەرامبەر ئەم پێکدادان و پەرچەکرداره کەڵەکەبووەکانی نێوان خۆم و ئەوروپاییەت ، ململانێکە بەپلەی یەکەم دەگۆڕێ بۆ هەڵبژاردنێکی مەتریالیستانە و ژیاریی ، ئەمیش پێداویستی‌یەکی بنچینەیی و مەترسیدارە لەهەمان کاتدا ، پێداویستی ئەوەی پێستی یەکەم لەڕوم داماڵم و زەردەخەنە بۆ هەموو تابلۆیەك بێتە سەر لێوانم . بۆ ئەوەی فێری ئەم زەردەخەنە نوێیەش بم ، پێویستم بەوەیە بچمە قوتابخانەیەکی تایبەت بەفێرکردنی خۆشی . جا لەبەر ئەوەی هەموو شتەکان ـ جگە لەهونەر ـ بەخاوی فێر دەبم ، بۆیە چەندین سالم پێویست بوو بۆ ئەوەی لەدەرەوەی ئەم شانۆ بزۆکە بجوولێم . چونکە هونەرمەندبوون بەتەنیا بەس نەبوو بۆ ئەوەی ببمە ناوێکی بەناوبانگ و بتوانم ڕەنگ بە نان ئالوگۆڕبکەم . هەموو هونەرمەندەکانی لە ئەوروپا خوێندویانە و خەونە قورسەکانیان لەکۆڵدا بووە ، دەرکیان بەو ڕاستی‌یەکردووە و دووبارە دڵخۆشانە و بێ‌خەون گەڕاونەتەوە نیشتیمانەکانیان . لێرەشدا دەبێ بگوترێ ، قوناغێك نیە لەژیانی هونەرمەندا بەهۆی گرنگی و کاریگەری‌یەکانیەوە بێ پیت بێ . . سالە خوڵەمێشی‌یە سەرەتاییەکانی لە ئاوارەیی‌دا پێیان ئاشنابووم ، لەکاتێکدا ڕووخسارەکانی خۆم لە سندوقێکی ئاسنین‌دا دەشاردەوە ، شتێکی گرنگیان پێ‌نەدام . چونکە هەتا ئەمڕۆش ئەو خووەم وەلاوە نەناوە کە ناوە نە ناوێك دەست بەدەم و چاوی خۆمدا بهێنم و هەستی پێبکەم ، جگە لەوەش ، هەمیشە لەکاتی نەخشاندنی تابلۆیەکدا ، لەگەڵ هەست پێکردنی هەموو ڕەنگێکدا ، کە بۆڵەسەندنەوە و سووربوون و ویستی سەرکەوتن لەخۆ دەگرێ ، دێتەبەرچاوم. نامە سێك کە هاودەمی ئەم ڕووخسارەم بوو ، ئەو خۆکوشتنە کاتی‌یە (زەمنی) بوو کە بەرهەمی لەگەڵ خۆی دەهێنایە ئاراوە . هەر ئەم بەرهەم‌هێنانەیش بوو ڕۆشنایی‌خستە سەرم . سەرەتای ئەم ڕۆشنایی‌خستنەسەرەم دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی سالی ١٩٨٠ کاتێك لەپێشانگەی فرانکفۆرتی نێونەتەوەیی‌دا سێ تابلۆم لەکونجێکی فەرامۆشکراودا و لە ژێر دەسەلاتی خاوەندارێتی یەکێك لەهۆلە بازرگانیەکاندا نیشاندرا . لەو کاتەدا گەورەیی ئازارەکانم ، ئەمریکی‌یەکی حەفتا سالی ، یەکێك لەناوەکانی لیستەی بازرگانی هونەر لەجیهان‌دا و کڕیاری بەناوبانگترین کارە هونەرییەکانی لەسەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئەمڕۆ ، وانە ( هربرت ئەرنوت ) کە لەنیویۆرکەوە هاتبوو ، هەژاند و تابلۆکانم هانیان دا بێنە (ڤیین) و بەدوای ( مالفە ) یاخود ( عومەر حەمەدی )دا بگەڕێت . بەو جۆرە ئێوارەیەك لە ژوورە شێدارەکەمدا کەجێی نووستنەکەم لەسەر زەوی بوو و تابلۆکانمی تێدا بوو کە بەڕەنگی هەرزان نەخشێنرابوون ، بە یەك



هەواڵنامەی کتێب

گەیشتین . لەیادمە چۆن چەندین جار ئەو پرسیارەی دووبارە دەکردەوە : بەڕاستی تۆ (مالقه)یت و بەڕاستی لەم ژوورەدا دەژیت ؟ . بەڵێ ناوبراو وەك باوکم بەژوورەکەدا دەهات و دەچوو و سەیری شتەکانمی دەکرد کە وەك پاشماوەی جەنگ بەژوورەکەدا بلاوبیبوونەوە . لەدواییدا هەموو تابلۆکانمی کڕی و لەهەمان سالیش دا پێشانگەیەکی بۆ (٢٧) تابلۆم ڕێکخست . لەو ڕۆژەوە ، هەر کاتێ بەبەردەمی ئەو ژوورەدا تێپەڕم ، یادگاری ئەو سالانەی یەکەم دێتەوەیادم ، کە سەرەڕای ئازار و بێدەرەتانیەکانیان ، بەلامەوە شیرینە . پاش ئەوە دەستمکردە بیناکردنی خانوویەکی تایبەتی لەسەر چیای زەیتون کە دەڕوانێ بەسەر پایتەخت دا و ئەمڕۆ لەگەل خێزان و منداڵەکاماندا ( نورا ) تیایدا دەژین .

هەتا ئەمڕۆ بەرهەمەکانم لەڕێگەی هۆڵێکی ( ڤیین ) و سێ هۆڵی ترەوە لەهەریەکێك لە ( نیویۆرك ) و ( ئۆکلاند وینتسی ناشفیل ) نیشاندراون و هەموو ئەو پیشانگەیانەی لەساڵی ١٩٨٢ەوە سازکراون ، لەڕێگەی ئەو هۆڵانەوە بووە ، تا ئەم دەروەستییەم (التزام) گۆڕی بەپەیمانی بگۆڕ کە لەژێر دەسەلاتی خۆمدایە و بەبڕیاریخۆم. بەو جۆرە توانیم چەندین پێشانگەی تایبەتی بۆ خۆم ڕێکخەم و بەشداریم لەزۆربەی پێشانگە جیهانیەکاندا کرد ، دوا پێشانگە لە ( بینال مۆنتی کارلۆ)بوو لە مۆناکۆ و ( بالیە بالڤی ) بوو لەڤیین - ١٩٨٨ . ئەمە جگە لەپێشانگەی هاوبەشم لەگەل هاوڕێم (کەریم عەواد ) لە هۆڵی Celeste لەڤیین - ئۆکتۆبەری ڕابوردوو ، وە پێشانگەی تایبەتیم بەبۆنەی ڕۆژی پاشەکەوت کردنی جیهانیەوە لە هۆڵی OCL ڕێکخست کە بە سەرکەوتووترینی ئەو پێشانگەیانەی دەزانم تاکو ئێستا لە ئۆتریش ڕێکمخستوون .

**پرسیار : تێڕوانین و فەلسەفەی خۆت دەربارەی هونەر تا چ ڕادەیەك کاریگەرییان لەسەر پێشکەش کردنی هونەری جیاکارەت (ممیز) هەبووە ؟**

وەلام : ئەو هونەرمەندەی بەڕووتی ڕاکردن و هەناسەبڕکێی نێو تەنگەبەرێکی بەسەرا سەپێنرابێ ، لە هەلهاتنی هەمیشەییدا بێ ، خوێنی لێ بتکێ ، سوال لەبازرگانەکانی هونەر و هۆلی پێشانگەکان و خاوەندارەکانی دەسەلاتی دارایی بکات کە دەیکەنە کالایەك مافیای نوێ لەبواری هونەردا بەدوویدا دەگەڕێ ، دەرك بەوە دەکات کە مەسەلەی تێڕوانین بۆ هونەر و فەلسەفەکەی ، لەدواییشدا پێشکەشکردنی هونەرێکی جیاکارە چەند ئالۆزە . هونەرمەندی ئەمڕۆ ، لەڕۆژگارێکی بێ ئەفسانەدا ژیان بەسەر دەبا ، ئەگەر ئەفسانەش هەبێ ، ئەوا بێ پالەوان و مێژوو و کارلێکردن و کاریگەرییە . پرۆسەی داهێنان ئەفسانەیەکی نوێی هاوچەرخە ، کە هەمووشتێك تیایدا : ڕەنگ لەگەل مادە،

ڕاگەیاندن لەگەڵ دەروونناسی ، سیاسەت لەگەڵ ماسکەکان (اقنعة)، تێکهەڵکێشن ،هەموو ئەمانەیش لەسەر ڕووبەرێك دەجووڵێنەوە . هەروەها پرۆسەیەکی ئاڵۆز و بزۆکە بۆ گەیشتن بە تێڕوانینێکی دیاریکراو و فەلسەفەیەکی هاوچەرخ دەربارەی هونەر . چونکە لە نێو ملیۆنەها کاری هونەری جۆربەجۆری ئەمڕۆی ئەو هونەرمەندەدا و لەنێو ئەو دڵەڕاوکەیەی هونەری هاوچەرخی تیادەژی ، هونەرمەند ئەوە دەدۆزێتەوە ( یاخود پێویستە بیدۆزێتەوە ) کە هیچ شتێك لەبەردەوامی‌دا نیە تەنیا ڕاستی‌یەك نەبێ ، ئەویش توانای خۆراگرتنە . خۆ ئەگەر نەمریش نەبێ ، ئەوا لەبەر ئەوەیە نەمری لەم ڕۆژگارەدا نی‌یە ، بەلاّم نەمریی بناغەیەکە کە هونەرمەند دەتوانێ لەسەر بنچینەی ،ناوی خۆی و هونەرەکەی وەك بەرپرسیارییەکی شارستانی دوور لەدەنگدانەوەی کاتی‌ی گەمەی ساکارانە و ئەو ساختەییەی بروپاگەندە دەستاوردە سیاسی‌یەکان و دەروەستی‌یە جۆراوجۆرەکان دەیان گۆڕن بۆ هونەر و ناوبانگی ، بینای بکات . من نزیکەی سی ساڵە خەریکی نیگار کێشیم ، بەلاّم هێشتا نموونەییانە لەهونەر ـ بەتایبەتی تابلۆ ـ دەدوێم ، ئەگەرچی دەزانم نموونەیی‌بوون و تابلۆیەك بەلای تێوری ئەو هونەرەوە لەئارادا نەماوە کە هەموو شتێکە هونەر نەبێ ، وە ئەمڕۆ خۆم وەك ( مهرج )ێك دەبینم کە خەڵکی دەهێنێتە پێکەنین ، کەچی ئەو لەودیوی پەردەوە دەگری ، هەروەها بەدەم خۆمەوە وورتە وورتمە دێ: چ نەریتێکی مرۆڤانەیە پاش . . . چ هونەرێکە لەبەردەم منداڵێکدا کە بەچەکی کیمیاوی دەکوژرێ یان گاڵتەجاڕی‌یەکە لەمۆزەخانەی هونەری نوێ‌دا هەڵدەواسرێ ، یاخود لە بەردەم خەلاّتی ئاشتی‌دا کە دەدرێتە پیاوکوژێك ؟! لێرەوە بڕوام بەوە پتەوتر دەبێ کە هەر شتێك بەناو ئاشتی بێ ، جەنگە و فەلسەفەکەی منیش لەپێناو هەموو ئەوانەدا ئەوەیە کە هونەر جەنگە . جا لەبەر ئەوەی ماوەیەکی درێژ لەگەڵ ئەم جەنگە ڕۆژانەیەدا ژیان بەسەر دەبەین ، هەندێ نیشانەی جیاکارە بۆ ئەو بابەتە دەمێنێتەوە کە بەهۆیانەوە چارەسەری ویست و تواناکان دەکەین ، نیشانەی ناوچەیی ڕووتە لەڕووی پەیوەندییەوە، بەلاّم لە هەمان کاتدا نەریتە مرۆڤایەتی‌یە ڕۆحیەکانی ئەو چرکەساتەش دووپات دەکاتەوە کە تابلۆکەی تیادا دەخولقێ و لەڕێگەیەوە لەڕاستی خۆمان و لەدواییشدا لەجیهان دەگەین .

**پرسیار: ئەو کاریگەرییانە کامانەن کەشوێن‌پەنجەیان لەسەر هونەرەکەت جێ‌هێشتووە؟**

وەلاّم : هونەرمەندێك ناناسم کاریگەریی ڕووت ، کاریگەریی سادە و کاتی :تەکنیکی ڕەنگ و دەربڕین ، کاریگەریی بوون و ژیاری تایبەتی لەکارەکانی‌دا هەڵنەگرتبێ .لەوانەیە ئەو کاریگەرییانە پەیوەندییان بە کەسەوە نەبێ ، بەلاّم لەدوا ئەنجامدا هونەرمەند پوختەی

ئەو کاریگەرییانەیە . لێرەدا حوکمدان ئەوەیە ، فڵان کەس هونەرمەندە یاخود نە، ، تابلۆکە هونەرە یاخود نە، ، بێ بەراوردکردن یان تاودانەوە تیۆریی و مێژووییەکان. جا ئەگەر بەراوردکارییەك هەبێ ، ئەوا جۆرێکە لە خۆهەڵسەنگاندن لەچوارچێوەی تابلۆکە خۆیدا بەتەنیا . لێرەدا گرنگە بەشێوەیەکی ڕێژەیی خۆمان لەبەراودکاری ڕزگار بکەین ، هەروەها تابلۆکە لە ڕۆشنبیرییەکانمان و خۆبەستنەوەمان بەو نەریتانە ڕزگاربکەین ، کە پێوانەی نەگۆڕ بەسەر حوکمدان و تاقیکردنەوەکانماندا دەسەپێنن .

تابلۆ ئەو ڕووبەرەیە کە هونەرمەند تیایدا خۆی دەناسێ ، منیش هەموو ئەو شتانەی دەیان بینم کارم تێدەکەن ، لە چاوەکانمدا گرتنیان دەکەمەوە ، مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم ، مشتومڕیان لەتەکا دەکەم ، لەگەڵیان دەکەومە کارلێکردنەوە . . کەڵەکەیان دەکەم تا هەموو شتێك دەم دەکێشن ، ئینجا ڕێگەی هاتنەدەرەوەیان پێدەدەم ، لەگەڵ ئەم هاتنەدەرەوەیەدا کاریگەرییان شێوەیەکی تایبەتی وەردەگرن ، کە شتێکی تەواو نوێن و زیاتر لەهەموو شتێکی تر منن . منیش گشتم یاخود پێچەوانە . جا لەبەر ئەوەی بەکردەوە ئینتمام بۆ گشت قۆناغە مێژووییەکان هەیە و بەرهەمی ئەم سەردەمە هەڵچووەم ، ئینتمام بۆ ئەو ڕەهەندانە (بُعد) هەیە کە لەڕووی ئەکادیمیەوە لەلایەن جوانناس و ڕەخنەگرەکانەوە ڕێکخراون و چوارچێوەیان بۆ دانراوە ، ئینتمام بۆ هەموو جووڵانەوەیەکی ڕەنگ، هەیە کە لەسەر گۆی ئەم زەوییە بۆ ڕووداوە ترازیدییەکان و کارەساتە سروشتی‌یەکان و کارە درندانەکان هێمن نابێتەوە . . بۆیە خۆم بەشایەت لەسەر هەموو شتێك دەزانم و خۆم لەبەرامبەریان بەبەرپرسیار دەزانم و هەموو ئەو شتانەی هەستیان پێدەکەم و لەگەڵیاندا دەکەومە کارلێکردنەوە ، تیامدا بەرجەستە دەبن . بۆیە شتێکی سروشتی‌یە ئەوانە هەموو شوێن پەنجەی خۆیان لەهەر تابلۆیەکدا جێبهێڵن کە دەی‌نەخشێنم ، یان لەکاتێکدا هەڵدەستم بەڕێکخستنی هەستیاریی ئەو چوارچێوەیەی بڕی دەکەمەوە . چونکە ناکرێ هیچ شتێك لەوی دی جیابکرێتەوە و هەموو شتەکان تێکهەڵکێشن ، واتە : خاك، ژینگە، جوگرافیا ، کەش ، یادگارەکانی منداڵی ، پێگەیشتن ، ئەزموون ، مەینەتی ، هەموو گۆڕانکارییەکانی سیاسەت و ئابووری دەیان سەبینن - وەك ئاشتی و جەنگ، و دەست نیشانکردنیان بۆ چارەنووس و داهاتووی مرۆڤ - . بێ زیادەڕۆیی ، هەندێ کات زۆر بە توندی دڵتەنگ، دەبم کەسەیری کارە تاریکەکانی مۆزەخانەکانی هونەر دەکەم ، لەکلاسیکەوە بیگرە تا دەگاتە ڕۆمانسیەت و ئینجا کۆتاییەکانی ڕیالیزم ، وە هەمیشە خۆم وەك ئەو مۆسیقایە دێتەپێشچاو کە بێ وەرگێڕان خۆشم دەوێ ، هەروەها تابلۆکانم بە هەمان جۆر ، هەموو جووڵانەوەی ڕەنگێکی دیاریکراو و بەپێی‌ی،هەڵوێستێکی مرۆڤانەی کامڵە بەرامبەر ڕووداوێکی مرۆڤانەی کامڵ ، چونکە من ئەوەندەی بەزمانێکی هەستیار و

ڕەها نیگاردەکێشم ، ئەوەندە بە زمانی بینراو نای کێشم . لێرەوە هەوڵدانم بۆ خۆ دەربڕین بە وشە مایەپووچە ، بۆیە هەموو ئەو شتانەی دەمەوێ بیان‌نووسم ، لە تابلۆکانمدا دەریان دەبڕم .

**پرسیار : کاتی سەردانەکەم لە ئەڵمانیای دیموکراتی ، لەگەڵ هونەرمەندی هاوڕێم ( عەبدولقادر عەززوزی ) چوینە دیدەنی زۆربەی کەڵە هونەرمەندەکانی ئەڵمانیا و مۆزەخانەکان ، چۆن دەڕواننە هونەری ئەوێ ، بە بەراوردکردنی لەگەڵ هونەری ئێوەشدا ، ئەگەر دەکرێ پێمان ڕابگەیەنن ، خۆتان لەکوێی ئەم دوو میتۆدە جیاوازەدا دەبیننەوە ؟!**

وەڵام : دوور لە تیۆرە مارکسیستەکان دەربارەی هونەر ، دوور لە چەسپاندنی چەمکی دیاریکراو لەوانە عەرەبییەکان و تێڕوانینیان بۆ هونەری سۆسیالیستی‌وهەڵسەنگاندنی وەك هونەرێکی ڕەسمی یان کۆنپارێز یاخود دەروەست ، چونکە ئەم قسەیە تەقلیدییانەیە و ڕاستی‌ی لە هونەری ئەڵمانیای دیموکراتی‌دا بەدی ناکرێ . جا بۆ ئەوەی دووچاری مەترسی بەراوردکردن ، بەپێی دەربڕینی پروپاگەندەیی کە هونەر دەکاتە هونەری‌خۆرئاوا و هونەری خۆرهەڵات ، نەبم ، خۆم بە یەکێك لەو هونەرمەندانە دەزانم کە هێشتا لە سنووری چەند پرنسیپێکی نەگۆڕدا بۆ دیاریکردنی ڕەسەنی بەپێی دەستکەوتەکانی سەدەی بیستەم دەبینمەوە . مەبەستم لەو پرنسیپانە ، پرنسیپی کۆنپارێز یان تەقلیدی نیە ، بەڵکو دەرفەتم بدەرێ بڵێم ، وەك هونەرمەندێك بەشێوازێکی جیاواز لە ڕەخنەگر دەڕوانمە کاری هونەری . . دوور لەو ناوبانگە بێ سنوورەی هونەرمەندەکانی خۆرئاوا بەدەستیان‌هێناوە ، ئەو ئازادی‌یەی وەك جۆرێك لەپراکتیکی ڕاگەیاندنی سیاسی لە بەرامبەر هونەرمەندەکانی خۆرهەڵات قسەی لەسەر دەکەن ، وە دوور لە کتێبە ئەستوورە ڕەنگاورەنگەکان و خەڵاتە جیهانی‌یەکان و مۆزەخانە هونەرییەکان ـ چونکە من ئاشنای گەمەکەم بەگشتی ـ ، دوور لەهەموو ئەوانە ، هیچ شتێك بەلای منەوە گرنگ نیە تابلۆکە خۆی نەبێ ، دروستکردنی بەپلەی یەکەم و چێژی ڕەنگ و ژیان تیایدا و ئەو توانایەی بەهۆیەوە شێوە و ڕەنگەکان بەزمانێکی شێوەکاری ڕووت پێشکەش دەکات . ئەم زمانە زۆر ئاڵۆزە بەلای منەوە ، یەکەمین کەرەسەیە کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم ، نەك ڕووناکی و هەڵهەڵەکێشان و ناونیشان یان ناواخنی گەورەی دەوروبەری تابلۆکە . ئەگەرچی زانیاریم دەربارەی هونەرمەندەکانی ئەڵمانیای دیموکراتی زۆر نیە ، ئەگەر بە پێکەوە ژیانی چەندین ساڵەم لەگەڵ هونەری هاوچەرخی عەرەب و گۆڕانکارییە بنەڕەتیەکانی ئاقار و ناواخنەکانی پاش دووەمین جەنگی جیهانی بەراورد بکرێ .

بەکورتیەکەی ، جەنگ' هونەرێکی تایبەتی لەئەڵمانیا دروستکرد ، کەدەشێ ناوبنرێ هونەری جەنگ' یان هونەری پاش جەنگ'. ئەگەرچی دەربڕینخوازی (تعبیریة) بیش ئەم جەنگە کەوت ، بەڵام دەربڕینخوازی خۆی بنچینەکەی جەنگ' بوو. جەنگ' بە هەموو تایبەتمەندی و دەستکەوت و شوێنەوارەکانیەوە ، چوارچێوەی گشتیی هونەری ئەڵمانیای دیموکراتی پێك دەهینا ، بەڵام هاوارەکەی ئەمڕۆ لەوەی پێشوو بەهێزترە ، ئەم هاوارە سیاسی و ژیاریی و داخراوە ، جیاوازی سیاسی و ماددی یان چینایەتی نێوان هەردو ئەڵمانیاکە ، کاریگەری لەسەر جیاوازی بابەتی هونەری و ڕەهەندە جیهانیەکانیان هەبوو. چونکە هەتا ئێستا هونەرمەندەکانی ئەڵمانیای دیموکراتی ئەوە دووپات دەکەنەوە کە تابلۆ جۆرێکە لە بەرپرسیاریی شارستانی ، بۆیە ڕەسەنایەتی و جیدییەتێك لەخۆ دەگرێ ، گرنگیشی لێرەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ ، ئەم گرنگیە لەنێو هونەری خۆرئاواییدا نەماوە، بەڵام گرنگێکی بێ وێنە لەشێوە و ناوەڕۆك و تایبەتمەندیەکانی کاری هونەرمەندەکانی ئەڵمانیای خۆرهەڵاتیدا هەیە . ئەگەرچی مەترسی لەم پێنج ساڵەی دواییدا و لەئەنجامی ئەو گووتانەی ڕاگەیاندنی مەتریالیستانە بەناوی ئازادی و مافی مرۆڤەوە هەڵیان دەگرێ و لە ڕێگەی جەنگی پروپاگەندەیی خۆیەوە ، هەڕەشە لە چارەنووس و بەرهەمی هونەرمەندی ڕەسەن دەکات . مەترسییەکە لەوەدایە ، ئەو ڕاگەیاندنە هونەرمەند بەهۆی خاڵە لاوازەکانیەوە و لەڕێگەی بەکاربردنی هەستی مرۆڤایەتییەوە بەخۆیەوە گرێدەدات و لەگەڵ بەرهەمهێنانی خۆیدا دەیخاتە مەزادەوە ، لەئەنجامی ئەوەش خستنەگەڕی ئەم بەرهەمهێنانە لە ڕووی سیاسی و مرۆڤایەتیەوە . چونکە هونەرمەندی ئەڵمانیای دیموکراتی هێشتا هونەرمەندێکی بەپێنە ، بەپێیی ئەتمۆسفێری سیاسی و کۆمەڵایەتی ، زیاتر لەناوەوە ـ یاخیبە تارووی تابلۆکە . ئەم یاخیبوونەیش بەرەنگاربوونەوەیەکی هەستیارە بەرامبەر ڕاگەیاندنی خۆرئاوا ، بەرەنگاربوونەوەیەکی ڕاستەقینە لەگەڵ هونەر و مەترسیدار لەگەڵ کرانەوەدا (انفتاح) .

ئەمەریکا ( سەرکردەی سەرمایەداریی پروپاگەندەیی ) و ئەورووپاش هەمان گەمە بە جۆرێکی تێکەڵی لاساییکردنەوە و نواندن پێڕەوی دەکەن ، لەهەردووکیاندا وەك شانۆی ئەبستراکت (تجرید) ، بۆشایی و ئەکتەر خۆیان پێشکەش دەکەن ، هەر یەکێکیش لەوانە خرۆشاندنی تایبەتی هەیە ، وەك Kunst Object کە جۆرێکە لەدەرچوون لە تابلۆکەوە بەرەو بابەتی جۆراوجۆر، بە ڕەنگ' ، ڕووناکی ، جووڵانەوە یاخود ئەو جۆرە بۆشاییەی بۆشاییەکیدی دەجووڵێنێ ، چارەسەر دەکات و وەك کەرەسەیەك دەیخاتەڕوو کە ڕووبەرێك یاخود نەوەرێك داگیردەکات . .

سەرەڕای ئەوەی ئەم چەمکە بەئاگایانە چوونەتە نێو هونەری ئەڵمانیای دیموکراتیەوە ، بەڵام گەمەیەکی کورت خایان یا ماسکێکی تەنگ'یاخود جۆرێك لەکاربێکردنی یەکێك لە

دیارده نەخۆشەکانی ئازادی ئەورووپی پێك ناهێنێ ، بۆ نموونە : بۆ مانگێك دەچێ وێنەی هونەرمەندی ئۆتریشی بەناوبانگ ( ئەرنۆلف راینەر ) ڕووبەڕ-ی گەورەترین مۆزەخانەی هونەری نوێی نیویۆرك (ئەمەریکا )ی داگیرکردووە . ئەم هونەرمەندە بۆ بیست سال دەچێت بە قامکەکانی وێنە فۆتۆگرافیەکانی خۆی ڕەنگاو ڕەنگ دەکات . نالێم وێنەکان دەشێوێنێ ، چونکە لەوانەیە شێواندن بەهای جوانکاری خۆی هەبێت . ئەم هونەرمەندە بە ساکارانە یاری بەوێنەی دەموچاوی دەکات ، بۆ ئەوەی بیگۆڕێ بۆ جۆرێك گالتەجاڕ و شتی جێی‌پێکەنین . لەکاتێکدا ئەوە ڕوودەدات کە دەبینین هێشتا بەرهەمەکانی هونەرمەندەکانی ئەلمانیای دیموکراتی ، وەك هایتسك و رودیجایت و کلۆتس و فیلی سیتی و ئەوانی تر ، خەون بەو شوێنەوارە و ئەو ناوبانگی و بایەخ پێدانەوە دەبینن . ئای کەجێی داخە ئەم دەرئەنجامە ببینین کە مرۆڤی هاوچەرخ خولقاندویەتی ، ئەو مرۆڤەی ماددەی گۆڕیوە بۆ دەسەلات و توانیویەتی بەهۆیەوە شێوەیەکی لاواز و ساختەکراوی هونەری نوێ دیاری بکات .

پرسیار : بەهەرحال ، هونەری ئۆتریش بەڕاینە دەست پێ‌ناکات تا بەویش کۆتایی بێت . کۆکۆشکا نموونەیەکی زیندووە و بەزیندوێتیش دەمێنێتەوە ، زۆر بە کۆچی‌دوایی خەفەت باربووم و لەو بوارەیش دا بەر لە ۱۰سال ، وەك نموونەیەکی هونەری مرۆڤایەتی جیاکارە لەڕووی توندوتۆڵی بیروێنەوە لەسەردەمێکدا کە ئەوەی دەردەبڕدرێ وەك ئەوەی ناوەڕۆك نیە ، لەسەرم نووسی . بێگومان هەستتان بە کاریگەری ئەم هونەرمەندە لەسەر نموونە بەدەگمەنەکانی هونەری ئەلمانیای‌دیموکراتی کردووە . ئایا مێژوویەك بۆ هونەری ئۆتریش لەئارادا نیە؟ مێژووی ئەوەی فێرکردووم لەهەموو سەردەمێکدا هونەرمەند هەن کەنەقووم بوون کەچی سەرکەوتوون . بێگومان مێژوو کارامەکان دەدۆزێتەوە و ژمارەیەکی زۆر لەتابلۆکان دەخاتە عەمباری مۆزەخانەکانەوە .

وەلام : هەموو گەلێك خاوەنی مێژووی خۆیەتی ، شتێکی بەڵگەنەویستیشە بەبێ‌هونەر مێژوو لەئارادا نەدەبوو . بەلام وەك ئاشکرایە ، ئەوەی هونەرمەند دەیبینێ جیاوازە لەوەی ڕەخنەگر بەدی‌دەکات . چونکە قۆناغەکانی گەشەکردنی هونەری ئۆتریش ، هەر لە کلێسەوە بیگرە تا کۆتایی تزاریزم(قیصرية) ، لە بنەڕەتدا جیاوازی لەگەل ئەوەی ولاتە ئەوروپاییەکانی دی‌دا نەبووە . بەلام لەکاتێکدا کە هونەری ئەورووپی لە باو باخی دەبوو و ئافاری نوێی وەك دەربڕینخوازی دەرکەوت ، هێشتا باڕۆکیەت لە ئۆتریشدا بالادەست بوو و چەند ناوێکی کەم لەهەندێ قۆناغدا لاسایی‌کردنەوە و ڕیالیزمیان ڕەتکرد ، وەك

کلیمت و شیلە و کیرستل کە کارەکانیان بەشێوەی تێکەڵاوییەکی پێکهێنانخوازی (ترکیبیة) و دەربڕینخوازی موتوربەکراو بە خەون و سوبل یان داستان گەشەیان دەکرد. هەروەها لەو کاتەدا گروپی یۆگند ستیل، کە ئاقارێکە لەنێوان فۆرم و زەخرەفە، ڕووبەر و هێڵ، ڕەنگ و ڕووناکی دا دەخولایەوە، پێکهات. بەڵام ئەم ئاقارە زیاتر بەرەو عیمارە (العمارة) چوو. بەوجۆرە وردە وردە تابلۆ ئازادبوو و بەپێی جیاوازی هونەرمەندە جۆربەجۆرەکان و هەلومەرجیان تا سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی، ئاقاری جیاجیای وەرگرت. بێگومان ئەم گۆڕانە بێزیان نەبوو، بۆ نموونە: خەباتی هونەرمەندەکانی فەرەنسا ئەوەبوو، شیلە بەهۆی وێنە ڕووتەکانیەوە کە ئەمڕۆ بەچاکترین بەرهەمی هونەری دەژمێردرێن، ئەوانەی ئۆتریش بەمێژووی هونەری نوێی بەخشیون، زیاتر لەجارێک زیندانی کرا. کلیمت نموونەیەکی ترە، تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە تارادەیەک بۆرژوابیانە بوون و پاش ئەوە بەرەو دراما ڕۆیشتوون، ئینجا بەرەو هەوڵدانێک کە خۆرهەڵاتیەت و یابانیەت و ئەوروپیەت پێکەوە کۆدەکاتەوە. ئەوەی شایانی باسە، هەتا ئەمڕۆیش کارەکانی ئەو قوتابخانەیەکی تەواو پێک دەهێنن و خۆیشی بەمامۆستای نەوەیەکی گەورە دەژمێردرێ. لەهەمان ئەم کاتەدا شیلە بیروڕای مامۆستاکانی لەکۆلیجی هونەر ڕەت دەکردەوە، لەئەنجامی ئەوەیش لە کۆلیج دەرکرا، بەڵام هەر بەردەوام بوو لەسەر وێنەکیشانی ڕووتەکانی و شڵەژانە دەروونیەکانی لەپەنجە شەکەتکراوەکانی دا، کەجوامیرانە و جەسوورانە و تایبەتمەندکاریانە وێنەیان دەنەخشاند، دوویات دەکردەوە. بەڵێ، شیلە لە تەمەنی ٢٧ساڵیدا و بەهەژاری کۆچی دوایی‌کرد، بەڵام لەزۆر هونەرمەندی‌تر نەمرتربوو.

سەرەڕای ئەوەی ئۆتریش چووە جەنگەوە و ڕووبەڕووی کاولکردن و هەرەسهێنان بووەوە، بەڵام جەنگ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هونەرەکەی نەبوو. لەوانەیە ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەی ئەنجامی جەنگ لەئۆتریشدا هەبوو، بەس نەبووبێ بۆ خەملاندنی ئەتمۆسفیرێکی ڕاستەقینە بۆ هونەر. ئەوەی دەشێ لێرەدا باسی لێوە بکەین، (ئۆسکار کۆکوشکا)یە کە لەوەوبەر هێمات بۆ کرد. ئەمیش دەربڕینخوازیی ئەڵمانیو ئیمپرسیۆنیزمی ماتیس ی وەردەگرت و لەیەک تابلۆدا کۆی دەکردنەوە. لەساڵی دووەمی ژیانم لەڤیین و لە پێشانگەیەکی هاوبەشدا ئەوم ناسی، بەڵام بەداخەوە دوای ئەو پێشانگەیە بەدوو مانگ (ساڵی ١٩٧٩) کۆچی دوایی‌کرد. دوای کۆکوشکا، گروپی ڕیالیزمی ئەندێشەیی ڤیین دروست بوو، کە لەپێنج هونەرمەند پێکهاتبوو: (هاوزنر، فۆکس، هۆتر، براور، هندرد فاسەر). وەک دیاردەیەکی سروشتی‌ی سەرمایەداریی نوێ و ئەنجامی دیموکراتیەت و بێلایەنی، ئۆتریش لەم دە ساڵەی دواییدا کەوتەوە هەمان گێژاوی‌ئەوروپیی و

ئەمریکی‌یەکانەوە . بەوجۆرە هەزارەها هونەرمەند شوێن پێی ئەوانی تریان هەڵگرت و هونەرمەندە ڕاستەقینەکانیش کەنارگیربوون و هەموو مانگێك چاوەڕوانی یارمەتی زۆر کەمی دەوڵەت دەکەن .

**پرسیار : ئەی دەربارەی شوێنەواری کارەکانی خۆت ، کە حەزدەکەم هەڵسەنگاندنی لە خۆتانەوە ببیستم ؟**

وەلاّم :گرانە شوێنەواری کارەکانم لەسەر شانۆی هونەریی ئۆتریش دیاری بکەم.چونکە یەکەم/یاریکەری تۆپانێ نیم ، دووەم/حەز ناکەم دەست بخەمە نێو بوارێکی دەوەرەی هونەرەوە بۆ خرۆشاندنی خەڵکی و بەدەستهێنانی ناوبانگ وەك بابەتێکی پروپاگەندەیی پسووکورت . بەڕاشکاوی دەمەوێ ئەوە بڵێم ، خۆم وا نابینم ئینتیمام بۆ گێژاوی هونەری هاوچەرخی ئۆتریش هەبێ . چونکە من یەکێکم لەو هەزارەها هونەرمەندانەی هێشتا بەپێی پرنسیبە ڕاستەقینەکانی کاری هونەری مامەڵە لەگەڵ تابلۆدا دەکەن ، وە هێشتا من ناوێکی دەرکەوتوو نیم لە ئۆتریش و ئەوروپا ، لەبەر ئەوەی ئەو ڕووبەرەی زیاتر بەرهەمەکانمی تیادا بلاّودەبێتەوە ، ئەمەریکایە . بێگومان بەرهەمەکانم لەوێ جێی بایەخ پێدانی ئاشکران . بەلاّم لەسەر ئاستی کەسێتی ، هەموو هونەرمەندێك جەماوەری خۆی و لایەنگری کارەکانی خۆی هەیە ، ئەمانەش بەلای منەوە بە هەموو جێگەیەکدا بلاّوبوونەتەوە . ئەوەی بایەخداریی ڕاستەقینەی تابلۆکانم دروست دەکەن ، تابلۆکان خۆیانن ، چونکە هونەرمەند سنووری بینینی بەپێی بوونە و هەڵوێستەکانی بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی وردتری خودی مرۆڤ پێك دێنێ ، ئەم مەسەلانەش بەلای منەوە مەسەلەی پرنسیب و جۆرێك لە پراکتیکی پیرۆزە .

ئێستاش ئێوە و چەند تابلۆیەکی ( مالقە ) :









ئاوات هەورامی

# گفتوگۆیەك لەگەڵ هونەرمەند قازی زادە

پرسیار : ئەگەر بتوانی بەکورتی باسی ژیانی هونەری خۆتمان بۆ بکەی ؟

وەڵام : من لە سەردەشت ـ کوردستانی ئێران لەساڵی ١٩٤٦ دا لەدیك بووم و قوتابخانەشم هەر لەوێ تەواوکردووە . هەر لەمنداڵیەوە پەیوەندی زۆرم بە نیگارکێشانەوە هەبووە ، بەڵام بارودۆخی سیاسی و فەرهەنگی لە کوردستانی ئێران نەی هێشت درێژە بەوە بدەم .

لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا ( ١٩٧٠ ) چوومە دانیشگای هونەرە جوانەکانی تاران. ساڵی چوارەمی خوێندنم لەلایەن ڕژێمی شاوە گیرام ، چونکە تابلۆی کوردمواریم دەکرد . دوای نزیکەی ساڵێك لەزیندان بەربووم و گەڕامەوە دانیشگای هونەرە جوانەکان و خوێندنم تەواوکرد .

پاش تەواوکردنی خوێندن کارم نەکرد ، لەبەر ئەوەی کارەکەی من هەر کوردی تێدا بوو و شەڕی کوردی پیشان دەدا ، ڕژێمەکەیش نەی دەهێشت و (ساواك) فشاری بۆ دەهێنام . بەڵام ساڵێك پێش ( شۆڕش ) دەستم بەکارکردەوە و دوو مانگیش پاش ( شۆڕش ) لە (٢٠ی فەروەردین ) ئەپریلی ١٩٧٩ دا : ڕۆژی ئۆتۆنۆمی کۆماری مەهاباد ، یەکەم پێشانگەم لەژیانی خۆمدا کردەوە و نزیکەی (٢٠)هەزار کەس هاتنە سەیری ئەو (٤٠) تابلۆیەی تیایدا پیشاندرابوون. دوای ئەوە لەساڵی ١٩٨٠دا لە مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ لەتاران ، جارێکی دی پێشانگەی تایبەتیم ڕێکخست .

جگە لەوانە دەتوانم بەکورتی بڵێم ئەم چالاکیە هونەرییانەی تریشم هەبوون :

- ساڵی ١٩٨١ لەمۆزەخانەی ( Nieaveran ) لەپێشانگەی هاوبەشی هونەرمەندان دا بەشداریم کردووە .

- ساڵی ١٩٨٢ لە مۆزەخانەی ( Nieaveran ) لەپێشانگەیەکی هاوبەشیتردا بەشداریم کردووە .
- ساڵی ١٩٨٣ لە ( ئەنستیتوتی کورد لەپاریس ) بەشداری پێشانگەی هاوبەشی هونەرمەندانی کوردم کردووە .
- ساڵی ١٩٨٥ لە زانکۆی ( Dortmond )ی ئەڵمانیا ، جارێکی دیبەشدار بووم لە پێشانگەی هاوبەشی هونەرمەندانی کورددا .
- ساڵی ١٩٨٦ لە ( FIAP )ی پاریس ، لەگەڵ هونەرمەندانی بیانی فەرەنسی و ئەڵمانی و. . .هتددا ، بەشداریی پێشانگەیەکم کرد .
- ساڵی ١٩٨٦ لە ( Foyer protestant ) پێشانگەی تایبەتی خۆم سازکرد و (٢٠) تابلۆم تێدا پێشاندا .
- ساڵی ١٩٨٧ لەشاری ( Saint . Germain-en.laye ) لەپاریس و لە ( Centre de recherche d aet plastique ) لەگەڵ هونەرمەندانی فەرەنسیدا بەشداریم لە پێشانگەیەکدا کردووە .
- ساڵی ١٩٨٧ لە پێشانگە مەزنەکەی هەموو پەنابەرانی جیهاندا_ پەنابەریسیاسی ، تابلۆیەکی (١٥ مێتری )م پیشانداوە . ئەم تابلۆیە باسی خەبات لەکوردستان و پێشمەرگە و ژیانی کورد دەکات ، ئەم کارە من بۆ زانکۆی ( Sorbonne )م کردبوو لەپاریس .

ئەوەی شایانی باسە من ساڵی ١٩٨٦ مەتریسم ( Matrise' ) تەواوکردووە و ساڵی ١٩٨٧ یش ( DEA )م لە ( Sorbonne) تەواوکردووە . ئێستایش خەریکی دکتۆراکەمم و (١٥) مێترییەکەم ( تابلۆ ) کە ئێستا بۆ دکتۆراکەم ئامادەکردووە ناوی ( هاوار - شین - گریانی ) کوردییە( DE CRI KURDE ) . شتێك کە خەڵکی زۆر پێیان خۆشە ، ئەوەیە کە من فەرهەنگی کوردی (فەرش و بەرە و قاڵی و جاجم ) وەرگرتووە و تێکەڵ کردووە لەگەڵ هونەری جیهانیدا . مەبەستم ئەوەیە کە چۆن دەتوانین فەرهەنگی کوردی ببەینە ناو فەرهەنگەکانی کەوە . کارەکەم " تراژیدیای خەڵکی کوردە - خەباتی خەڵکی کوردە " . من ئەو تابلۆ ( ١٥ ) مێترییەم لە هۆدەیەکی (٢٠) مێتریدا و بەش بەش نەخشاندووە و دووایی پێکەوەم نووساندوون .

کاتێ کە هاتمە ( پاریس ) ، لە خۆمم پرسی : تۆ کێی ؟ تۆ چی دەکەی؟ ئەم پرسیارانە کاتێکی زۆری مێشکی منیان داگیرکرت و هەمیشە بیرم لێدەکردنەوە. پاش قسەلەگەڵ خۆکردنێکی زۆر ، ووتم ئەبێ کارێك بکەم خەڵك لێرە بە خەباتی ئێمە ئاشنا بێت و ئەگەر پێشمەرگە لە سەنگەردا شەڕ بکات ، ئەوا منیش دەتوانم فلچەکەم

بۆ جەنگ بەکاربهێنم . بەو جۆرە دەستم دایە ئەوکارە ، پاش نزیکەی ساڵێك تەواو بوو. هەرچی شەو تاریکتر دەبوو ، ڕەنگەکانی من ڕووناکی زیاتریان لەخۆ نیشان دەدا. زۆر شەو تا کاتژمێری چوار و پێنجی بەیانی کارم دەکرد ، خەڵك خەوتبوون و منیش دەچوومە پێشەوە . لەو کاتانەشدا مەیتی شەهید و ژنی کورد بەجلی سوورەوە و ئەسپی‌کوردستان‌و دەشت و شاخەکانم وەبیر دەهاتنەوە .

ئیتر بۆ یەکەمین جار لە ( Maison de la Radio ) ی پاریس دا پێشوازی گەرمیان لێ‌کردم ، چ لە دانشتگە و چ لە پێشانگەکەدا ، وە وەکو کارێکی هونەریی مودێرن لە کارەکانم ڕوانیان . هەروەها لە تەلەفزیۆنی فەرەنسی بڵاویان‌کردەوە و منیش قسەم دەربارەی کورد و چوارپارچەبوونی کوردستان کرد .
دوای ئەوە بانگ‌کرام بۆ ئەوەی لەمانگی ( ژوئیەدا ) کە سۆزم ( کۆنترام)بەستووە، بۆ ئەوەی لە پێشانگەی حەوت مامۆستای فەرەنسی‌دا لە شاری ( Tornoes ) بەشدار بم . لە فەرەنسا ئەمە لە ( Bienale ) سالانەیە و هەموو ساڵێك حەوت کەس بوون ، بەڵام ئەمساڵ دەبینە هەشت کەس .

ئەوەی شایانی باسە ، ئەم تابلۆ (١٥) مێتریەم بەناوی (شینی کورد) ، بڕیارە لە ( Lyon ) بۆ ماوەی مانگێك دابنرێ ، پاش ئەوە ببرێ بۆ کەنەدا . هەروەهـا بەمنیان ڕاگەیاندووە کە لە ئینگلستان و ئەڵمانیاش دەیگێڕن .
لەڕۆژی یەکەمی پێشانگەکەدا وەزیری مافی مرۆڤ ، سەرۆکی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی فەرەنسی ، مامۆستایانی هونەر لە دانیشگاکانی زانکۆکان ، سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە فەرەنسا ، هاتنە سەردانی پێشانگەکە و گفتوگۆیان لەگەڵ دا کـردم . ئەو پێشانگەیە لە (٢-٢٥)ی مانگی نۆڤەمبەری ١٩٨٧ بەردەوام بوو و دەنگوباسەکەی لە ڕادیۆی لەندەن و دەنگی ئەمریکا ـ لەکالیفۆرنیا وە بڵاوکرایەوە ، بەڵام ئەوەی جـێی داخە ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا تەنیا باسی ئێرانی بوونی منی -نەك کوردبوونم- کردووە، بێگومان ئەمەش لەبەر بەرژەوەندی خۆیەتی .

قسەی من ئەوەیە ، ئێمە دەتوانین بەکاری هونەری شۆڕشی فەرهەنگی بکەیـن و جێگەی خۆمان لە نێو مێژووی هونەردا و لەنێو هونەری جیهانیدا بکەینەوە . بەڕاستیش ئامانجی من هەر ئەوە بووە . من تازە یەکەمین هەنگاوم هەڵگرتووە و هێشتا جێگـەم بچووکە و توانای زۆرم بەدەستەوە نیە ، بەڵام هەتا کۆتایی و لەخزمەتی میللەت وخەباتـی گەلی کورددا دەڕۆم .

**پرسیار : بەرای ئێوە هونەری پلاستیکیی کوردی خاوەنی بناغە و دەنگ و ڕەنگی تایبەتی خۆیەتی یاخود نە ؟**

وەلام : هەروەك دەزانن ، لەکوردستانی ئێران ،بەهۆی بارودۆخی سیاسیی و فەرهەنگیەوە ، هونەری پلاستیکیی کوردی ( Art Plastique ) نیە ، بەلام نەقش و نیگاری زۆر بەپێز بەدەستی زەحمەتکیشانی کورد هاتۆتە دەرێ ( لەقالی و فەرش و جاجم و بەرماڵ و گۆرەوی و کلاوی کوردیدا هەیە ) کە لەژیانی ڕۆژانەی کوردەکان وەرگیراوە . من ئەم نەقش و نیگارانەم وەکو ڕەسەنیی هونەری کورد وەرگرتووە و لەگەڵ ( هونەری پلاستیك )دا ـ بەمانا جیهانییەکەی ـ تێکەڵکردووە .

جارێکی دی سەبارەت بە پێشانگەکەی ( Maison de la Radio )ی پاریس ، مامۆستایەکی دانیشگای سۆربون شتێکی زۆر جوانی پێگووتم : " قاڵی کوردەکە دڕاوە، وە لەو قالیەدا ژن و پیاو و منداڵ و ئەسپ و گوڵ هاتوونەتە دەرێ " .مامۆستایەکی دیکە شتێکی جوانی بە من گووت : " ئەم ڕەنگانە ڕەنگی کوردستانیان پێوەیە، وەکو شاعیری ڕەنگی ، شاعیری هونەری پلاستیکیشیت " ، ئەم مامۆستایە ناوی ژان روودیل ( Jean Rudel ) بوو .

دەمەوێ لەم بوارەدا بڵێم وێنە و نیگارکێشان بۆ من ژیانە ، بۆیە هەر بەردەوام دەبم ، ئەگەر لەهیچ جێگەیەکیش تابلۆکانم بۆ دانەنێن ، ئەوا لە ( Metro )دایان دەنێم . هەروەها شتێکم هاتەوە یاد دەمەوێ بیڵێم : " باوکم مامۆستای قوتابخانە بوو لە سەردەشت و دەست و خەتێکی زۆر خۆشی پێوەبوو ، زۆر یارمەتیدام ، هەر خەتەکەی بەس بوو بۆ یارمەتیدانم ، چونکە وەکو باوکێکی تری کوردستان نەبوو ڕێگە لە نیگارکێشانم بگرێ " .

**پرسیار : ئەورووپات پێباشترە بۆ داهێنان و پێشکەوتن لەکاری هونەریت دا یان کوردستان ؟**

وەلام : بەراستی بوون لەکوردستان جیاوازە لەگەڵ بوون لێرە و جاری وا هەیە دڵم زۆر بۆ کوردستان و دایکم تەنگ دەبێ کە لەوێیە ، بەلام کاتێ دەبینم لێرە دەتوانم کار بکەم ئارام دەبمەوە . ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە لەبەر دووریم لە کوردستان لە بابەتی کارم : کورد ، دوورم . بۆیە زیاتر پشت بە ئەندێشە دەبەستم. شتێکی گرنگی دیکەش ئەوەیە ، ئەگەر من لەپاریس نەبوومایە و هونەری پێشکەوتووی ئێرەم نەدیبایە ، یان نەچووبامایە دانیشگە ، ئەوا نەم دەزانی هونەری جیهانی لە چ ئاستێکدایە ، بێگومان زۆر پێویستە هونەرمەند سوود لەهونەری پێشکەوتووی ئەورووپا

وەربگرێت ، بۆ ئەوەی بتوانێ قسەکانی خۆی بکات . واتە ، دەبێ شتێ پیشان بدات کە بۆ خەڵکی ئێرەش تازە بێ و شتێك بخاتە سەر میراتی هونەری جیهان .

**پرسیار : ئەی ئەدەب و موزیك و گۆرانیی کوردی چ جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئێوەدا هەیە ؟**

وەڵام : ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە . ئەدەب و فەرهەنگی کورد زۆر دەوڵەمەنــد و دارایە ، بەڵام بێگومان ئەدەب بەرێگەی خۆیدا دەڕوات و نیگارکێشیش بە ڕێگەی خۆیدا ، چونکە ئەگەر نیگارکێشی تێکەڵ بە ئەدەب بکرێ ، نرخی هونەری خۆی لەدەست دەدات ، هەروەها کارێکی چاك نیە ئەدەب ببێتە نیگارکێشی . واتە دەبێ هەردوو سەربەخۆ بن و بەرێگەی تایبەتی خۆیاندا ڕێ بکەن . بۆ من تابلۆ ئەوە نیە حەقایەت بگوێزێتەوە ، بـەڵام فەرهەنگ یان ئەدەب دەتوانێ لەڕووی فیکرییەوە یارمەتیم بدەن .

کاتێ من نیگاردەکێشم گوێ لە موزیك ڕادەگرم ، بۆ ؟ (لەبەر ئەوەی موزیك لەکاتــی کارکردندا پەیوەندیم لەگەڵ دونیای دەرەوەدا دەبڕێ و لەناو خۆمدا گرت دەبمەوە ) . ئینجا لەناو مندا ئارامی دروست دەبێ و پەیوەندی فیزیکی من لەگەڵ دەنگی ماشێن و هەراوهوریادا بەگشتی دەپچڕێ ، ئەو کاتە من بەتەنیا لەگەڵ جیهانی خۆمدا دەبم .

لەم بوارەدا حەزدەکەم بڵێم ، شیعرەکانی هێمنی موکریانم بەلاوە زۆر خۆشە و هەموو گۆرانییەکی کوردیم پێ خۆشە کە دەگەڕێنەوە سەر فۆلکلۆر ، بەتایبەتی گۆرانییەکانـــــی ( حەسەن زیرەك )- ( کارم بەوە نیە بیروباوەڕی چی بووە ) .


**پرسیار : بوونی کۆمەڵەیەکی هونەرمەندانی پلاستیکی کوردی لەدەرەوەی کوردســتان چۆن دەبینن ؟**

وەڵام : زۆر گرنگە کەسانێ کە کاری هونەری دەکەن پێکەوە پەیوەندی و کۆمەڵەیــان هەبێ و لەپەیوەندییەکی چاکدا بن لەگەڵ هونەری دونیادا و هاوشانی ڕێ بکەن . چونکە ئەمڕۆ کاتی کاری تازەیە : لێکۆڵینەوە و پشکنینی هونەری ، بۆ ئەمەش هەتا هونەرمەنـــد زیاتر سەردانی گالێری ( معرض ) بکات و کتێب بخوێنێتەوە و بزانێ چ لەدونیـــادا دەگوزەرێ ، سەرکەوتووتر دەبێ .


**پرسیار : لەکۆتاییدا چ شتێك هەیە بیڵێن ؟**

وەڵام : لەپێش هەموو شتێکدا سڵاوی گەرم و دڵسۆزانەم هەیە بۆ گەلی کورد ، تکام وایە باوکە هونەرمەندەکان ، واتە لەبواری ئەدەب و موزیك و گۆرانی دا ، یارمەتــی منداڵەکانیان بدەن فێربن و سەرکەون ، چونکە هونەر دەتوانێ فەرهەنگ و داب ونەریتــی ڕەسمیی میللەتی زیندوو بکاتەوە و جێی شانازی بێ .


LE CRI







# لێرە و لەوێ

### ( کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت )
### کۆنفرانسێکی فراوان لەشاری مۆسکۆ

لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزی ئەمساڵدا ، کۆنفرانسێکی فراوان لەشاری مۆسکۆ : لەپێناو وەدەستهێنانی مافی نۆتۆنۆمی و بووژاندنەوەی ژیانی کولتووریی کوردەکان ـ لە یەکێتی سۆڤیەت ، پێك هات .

ئەم کۆنفرانسە ، لەلایەن بەرپرس و ڕووناکبیرانی کوردی سۆڤیەت ـ خۆیان سازکرابوو ، بەڵام چەندین پسپۆڕ و ڕووناکبیر و پیاوانی سیاسیی دیکەش ـ لەهەر چوار پارچەکەی کوردستانەوە بانگهێشت کرابوون و بەشدارییان تێدا کرد .

لەم کونفرانسەدا ، کۆمەڵێك داخوازینامەی " تازە " و گرنگ خرانە بەردەم حکوومەتی سۆڤیەتیەوە ، هەروەها گفتوگۆیەکی فراوان لەبارەی گیروگرفتە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کوردەکان لە یەکیەتی سۆڤیەت دا پێك هات . ئەم کۆنفرانسە تەنیا دوو ڕۆژی خایاند .

### عیراق و مەسەلەی کورد
### ١٩٧٠ - ١٩٥٨

ناونیشانی کتێبێکە ، بەزمانی عەرەبی ، لەنووسینی ( د . سعد ناجي جواد ) ، کە بەم دووایییە لەشاری لەندەن ، لەدەزگای ( دار اللام ) ، چاپ وبڵاوکراوەتەوە .

ئەم کتێبە لە (نۆ) بەش پێك هاتووە ، لە ( ٢١٠ ) لاپەڕەی قەوارە گەورەدا . نووسەر بۆ دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوەکەی ، پشتی بە کۆمەڵێك سەرچاوەی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەورووپیی جۆراوجۆر بەستووە ، جگە لە چەندین چاوپێکەوتن و بیروڕا وەرگرتنی پیاوانی سیاسی کورد .

ئەم کتێبە ، لەم ناونیشانەی خوارەوە دەست دەکەوێت :

LAAM LTT
P.O Box 249A
Surbiton Surrey KT6 5AX
ENGLAND

## تازەترین کتێب بەزمانی ئیتاڵی
## لەبارەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردییەوە

لەمانگی تەمووزی ئەمساڵدا ، تازەترین کتێب لەبارەی شیعر و ئەدەبیاتیکوردییەوە بەزمانی ئیتاڵی ، لەژێر ناونیشانی " چارەنووسی میللەتێك بەشیعر - Un Destino in Versi " لە (١٧٠) لاپەرەی ناوەنجیدا ، لەئیتاڵیا چاپ وبڵاوکراوەتەوە .

وەرگێڕ و سەرپەرشتکاری ئەم کتێبە ( Cianroberto Scarcia ) لەگەڵ خانم ( Biancamaria ) ، بەیەکەوە ئەم کتێبەیان ئامادە و چاپکردووە ـ لەپێشەکیی کتێبەکەدا ، پەنجەیان بۆ ئەوە ڕاکێشاوە ، کە بەشێك لەهەڵبژاردەی شیعرەکان ، خۆیان تەرجەمەی سەر زمانی ئیتاڵیان کردووە ؛ بەشێکی تریش بەهاوکاریی دوو کوردناسی ئیتاڵی ( Hanne G. Colleti ) و ( Alessandro Colleti ) ، وێڕای هاوکاریکردنی نیگارکێش و شیعردۆستێکی کورد بە ناوی ( هونەر سەلیم ) تەرجەمەی سەر زمانی ئیتاڵی کراون .

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بریتییە لە دەسکەنەیەك شیعری کوردی : هەر لە قۆناغی کلاسیکەوە تا دەگاتە قۆناغی ڕۆمانتیك و سەردەمی تازەبوونەوەی شیعری کوردی . چەند نموونەیەکیشیان لە گوڵزاری شیعری ئەمڕۆی کوردیەوە هەڵبژاردووە ، لەوانە شیعرەکانی : عەبدوڵڵا پەشێو ، کامەران بەدرخان ، لەتیف هەڵمەت ، جاسمی جەلیك ، شێرکۆبێکەس، حەمەرەش ڕەشۆ ، کەمال بورقای ...هتد .

ئەم کتێبە ، وێڕای پێشەکییەکی درێژ و پاشبەندێك ، کە لەشێوەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیدان ، چەندین وێنەی جۆراوجۆری کوردستانیشیان ،لەگەڵ نەخشەیەکیکوردستانی گەورە تێدایە .

ناونیشانی بنکەی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە ، ئەمەیە :

Editrice Vecchio Faggio


S . O . S

Redazione : Via S.Baroncini , 53 .

66100 CHIETI . ITALIA

Tel. 0871 . 42289

Feqe Reşidê Hekarî
SIRMEHŞER



داستانێکی کوردی تازە دۆزراوە
لە گەرووی سەدەی شانزەهەمەوە

هەواڵنامەی کتێب

کتێبی سرمەحشەر ( Sirmehser ) ، نووسینی ( فەقێ رەشیدی هەکاری ) ، یەکێکە لەو رۆمانە شیعریە هەرە دەگمەن و بایەخدارەکانی ئەدەبیاتی کلاسیکیی سەدەی شانزەهەمی میللەتەکەمان . ئەم کتێبە ، تاکو ئەم دواییە ، هەر بەشێوەی دەستنووس مابۆوە و فەرامۆش کرابوو ، بەلام لەمانگی شوباتی ئەمساڵدا ، مامۆستای هێژا ( زەینەلعابدین زنار ) ، سەرتاپای دەستنووسەکەی ، لە ئەلفابێی کۆنی عەرەبییەوە هەڵگێڕاوەتە سەر ئەلفابێی لاتینی و ، وێڕای ساغکردنەوە ، لەگەڵ پێشەکیەك ، لە ئەلمانیای خۆرئاوا ، چاپ و بلاوی‌کردۆتەوە .

مامۆستای هێژا ( زەینەلعابدین زنار ) ، دەلێ: "ئەم رۆمانە شیعریەی سرمەحشەر ـ کە لە بنچینەدا لەدەوروبەری ساڵی ١٧٩٢ دا نووسراوە ـ . لەساڵی ١٩٨٤دا بە دەستخەتی ( مەلا ئەحمەدی قۆخێ ) لەپاشبەندی کتێبی ( نهج الانام ) نووسراوی ( مەلا خەلیلی سیرتی )دا ، بە ئەلفابێی عەرەبی نووسراوەتەوە ".

کتێبی ( سرمەحشەر ) ، نووسراوی ( فەقێ رەشیدی هەکاری ) ، لە(٢٤) بەش پێك هاتووە ؛ هەندێکیان بە بەیت و هەندێکیشیان بەچوارین نووسراون. هەر بەشێکی ئەم رۆمانە شیعریە ، دیمەنێکی جیاواز و پەردەیەکی سەربەخۆن : پێکرا ، چیرۆکێکی درێژی پڕ لە کارەسات و بەسەرهاتی سەرنجراکێش دەگێڕنەوە ؛ بەخەیاڵێکی شاعیرانەی بەبرشت و بەزمانێکی کوردیی پاراو .

شایانی باسە ، مامۆستای هێژا ( زەینەلعابدین زنار ) ، جگە لەم تێکستـــە ، چەندین تێکستی کلاسیك و فەرامۆشکراوی دیکەشی ، لە فەوتان رزگارکردووە و هەموویانی لە ئەلفابێی عەرەبی و رێنووسی کۆنەوە هەڵگێڕاونەتە سەر ئەلفابێی تازەی/ لاتینی و ، سەرلەنوێ چاپ و بلاوی کردوونەتەوە . لێرەدا بەهەلی دەزانین ، هەندێ لەو تێکستـــە کلاسیکە دۆزراوە و ساغکراوانەی مامۆستا زەینەلعابدین ، بخەینە بەرچاوی خوێنـــەر و توێژەرانی کـورد :

1- Mewlûda Melé BATÉ , Weşanen : Roja Nû, Stockholm:1987 .
2- Nehc-ul Enam a "Mele Xelîle Sérti ", Weşanx: Kurdistan, Stockholm :1988 .
3- Mewlûda Mele Zahîdé Diyarbekrî .
4- Eqîdeya Ehmedé Xanî digel Şerha Rehberé Sanî , Weşanen: Yekitiya Dimokratên Kurdistan, Elamanyaya Fed. 1989 .
5- Mirşd-ul Etfal a Şêxê Kerbela ...

بۆ کرینی ئەم رۆمانە شیعریە ناوبراوە و وەدەستهێنانی هەموو ئەو تێکستە کلاسیکـــە ساغکراوانە ، پەیوەندی بکەن بەم ناونیشانەی خوارەوە :

هەواڵنامەی کتێب

Weşanén Dengé Yeketiyé
UNK e.v.
PF 3219
4030 Ratingen 3
Germany




سـەمفۆنیـای هەڵەبجـە

لە فێستیڤاڵێکی موزیکـی جیهانیدا

بۆ یەکەمین جار لەمێژووی مۆسیقای کوردی و خۆرئاواییدا ، لەرێکەوتی ٢ی ئەیلولی ١٩٩٠ دا ، لەهۆڵی گەورەی ( ALTE OPER )ی شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیـــا ،

سمفۆنیای هەڵەبجە ، ژمارە ٣ ئۆپوسی ٢٦ ، لەدانانی هونەرمەند ( ئیقبال حاجیبی ) و بەیارمەتی فیلهارمۆنیای دەوڵەتی لەراین لاند ـ پفالتس ـ بەڕێوەبەر : لایف زێگەرستام، و کۆرکۆنسێرتی دارمشتات ـ بەڕێوەبەر : فۆلفگانگ زێلیگەر ، پێشکەش کرا .

ئەوەی شایانی باسە ، ئەم سمفۆنیایە لە بەیەك گەیشتنێکی کولتووری هەمەچەشـن ، لەچوارچێوەی چالاکی کولتووری ساڵانەی شاری فرانکفۆرت ، کە هەموو ساڵێك لەژێـر نازناوی " ئاهەنگی فرانکفۆرت " پێشکەش دەکرێت ، خۆی دەربڕی .

ئەم سمفۆنیایە لەژێر مۆتۆری " بۆ بەزیندووهێشتنەوەی یادی بەهێرشی کیمیـاوی شەهیدکراوانی شاری هەڵەبجە و لەهەمان کاتیشدا ، بوون بە زمانی وەبیرخستنەوە و بێ کۆلکەری سیاسەتی شێواندن و تێکشکاند و چەوسانەوەی کۆی کولتووری کوردی ، لـە هەموو پارچەکانی کوردستاندا ، پێشکەش کرا " .

کەڵاڵەبوونی بیری ڕێکخستنی ئەم کۆنێسرتە ، دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیگرتنی- KIZ - وانە سێنترۆمی ئینفۆرماسیۆنی کوردستان لەشاری موینشن ( مونیخ ) بە ڕێکخـراوی یارمەتیدەر و لایەنگری گەل و کولتووره چەوساوەکان " Medico International " . پاشان پەیوەندی گرتنی ئەم دووانەیش لەگەڵ لێپرسراوانی ئەنجومەنی کاری کولتووری هەمە چەشـن لەشاری فرانکفۆرت ، لەرێگەی ئەم ڕێکخراوەشەوە توانرا پەیوەندی بە ڕێکخـەری پرۆگرامی ( ALTE OPER )ی شاری فرانکفۆرتەوە بکرێت . هەر لەبەر ئەم هۆیەش ، ئیقبالی حاجیبی لە نامیلکەی پرۆگرامەکەدا ڕووی دەمی سووپاسی ئاراستەی ڕێکـخەر و سازەر و هەڵسووڕێنەرانی دارایی ئەم کۆنسێرتە دەکات .

بێگومان ئەم کونسێرتە بێ کەم وکوڕی نەبوو ، ئەمەش جێی سەرسوڕمان نیە، چونکـە ناقەبالی کاك ئیقبال و نەبوونی ئامادەیی لەلایەن دام و دەزگای دەولەتە ئەورووپییەکانەوە بۆ یارمەتیدانی مەسەلەی کورد ، ئەگەرچی لەسەر ئاستی کولتووریش بێت ... دژواری پیادەکردنی ئەم کارەبوون .

ئەوەی شایانی باسە ، ئیقبال حاجیبی سمفۆنیای هەڵەبجەی لەسێ پارچـەدا نووسیوەتەوە ، کە بەداخەوە پارچەی سێهەمی لەبەر چەند هۆیەك گەپابەندبوون بـە ڕێکخستنی پرۆگرامەکەوە ، پێشکەش نەکرا . لەڕووی یارمەتی ئەدەبیشەوە کاك ئیقبال لـە نامیلکەی پرۆگرامەکەدا دەڵێت : " لەهەندێ جێگەی سمفۆنیەکەدا پێویستیم بە پارچـە شیعر و تێکستی ئەدەبی هەبوو ، دیارە سەرەڕای سوپاسی زۆرم بۆ ئەو شاعیرانەی کەڵـك لە شیعرەکانیان وەرگیراوە ، ڕێزی تایبەتیشم بۆ ئەو هاوڕێیانە هەیە کە یارمەتی ئەدەبیان دام لە پوختەکردن و دەوڵەمەندکردنی کارەکاندا " . ئەو شاعیرانەش کەسوود لـە

بەرهەمەکانیان وەرگیراوە ، بریتین لە : پیرەمێرد ، ڕەفیق سابیر ، ڕەزا حەمە فەرەج ، کەریم دیاریەکری .

بەم پێیە ، پاش دووساڵ لەکارەساتی هەڵەبجە ، ئەوروپییەکان سەفۆنیای مەرگ و شیوەنیان لەکوردستان لەسەر شانۆی هەڵەبجە پێشکەش کرد ، کوردیش سەفۆنیای ژیان و تووڕەییان لەسەر شانۆی ( ALTE OPER ) ی فرانکفۆرت پێشکەش کرد . ئەمەش بە ئامادەبوونی پتر لە ۲۰۰۰ کەس لە کورد و ئەوروپی . ئەوەی جێی سەرنجە، پێشوازی ئامادەبووان لە سەفۆنیاکە ئەوەندە بەجۆش بوو کە بەڕێوەبەری تیپ بەناچاری بەشێکی لە سەفۆنیاکە ، بەناوی " مارشی هەڵەبجە " دووبارە کردەوە .

کاک ئیقبال لەمەڕ بەرهەمە هونەریەکەیەوە دەڵێت : " سەفۆنیای هەڵەبجە ، هاواری ڕاستییە دژ بە درۆزنانی مافی مرۆڤ و بەنێو هەڵگرانی ئاڵای ئاشتی . سەفۆنیای هەڵەبجە ، ئاوازی ئاشتی و سەربەستییە بۆ ڕێگا هەڵگرتوانی خەباتی ڕزگاری. سەفۆنیای هەڵەبجە یاداشتێکە پێشکەش بەدادگای ویژدانی مێژووی ژیاری مرۆڤایەتی دەکەم !".




ئەدەبیاتی کورد
لە پێشانگەی جیهانی کتێب لە فرانکفۆرت

بەدەستپێشکەری کاک ( جەزا جەنگیانی ) و یارمەتی و هاوکاری چەند مرۆڤێکی ئەڵمانی کورددۆست و ژمارەیەک کوردی ئاوارەی ئەڵمانیا ، بۆ یەکەمین جار لەمێژووی کەلتووری کوردی دوورەوڵاتی ، ئەدەبیاتی کورد بەشدار بوو لە پێشانگەی جیهانیکتێب لە فرانکفۆرت ، کە لە ۳-۸/ئۆکتۆبەری ئەمساڵ لەهۆڵی گەورەی پێشانگەکانی فرانکفۆرت - مێسا - سازکرا و نزیکەی ۹۰ دەوڵەت و ۸۰۰۰ دەزگای بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی بەشداریان تێدا کرد .

ئەوەی شایانی باسە ، بەشداربوونی ئەدەبیاتی کورد لەو پێشانگەیەدا ، بەری هەوڵ و تێکۆشانێکی چەند مانگییە و شان بەشانی ئەو گیروگرفتانەی لەئاراشدابوون ، نزیکەی ۳۰۰ بەرهەمی کوردی : کتێب و گۆڤار بەکوردی و زمانی بێگانە ، خۆیان تێدا نواند . ئامانجی ئەم پێشانگەیە ، وەک خوشکە کاترین (ئەڵمانیەکە ئەرکیسەرپەرشتیکردن و ڕێکخستنی کارەکەی لەئەستۆ گرتبوو شانبەشانی برادەرانیتر) دەڵێ ، بریتی نەبوو




هەواڵنامەی کتێب

لە فرۆشتنی بەرهەمە نووسراوەکانی کورد یاخود پەیوەندی بەستن لەگەڵ دەزگاکانی کتێب فرۆشتن و چاپ کردن و نووسەرانی دنیا ، بەڵکو بریتی بوو لەدەرخستنی کـــورد و ناساندنی زیاتری کوردستانی وڵاتی و کەلتوور و مێژووەکەی و سەلماندنی ئەو ڕاستـی‌یـەی کوردیش میللەتێکە خاوەنی زمان و کەلتوور و مێژوو و تایبەتێتی خۆیەتی .

بێگومان ئەم چالاکی‌یە نوێ و ڕەچەشکێنە بێ کەم و کوڕی و گیروگرفت نەبوو ، وەك لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ هەڵسوڕێنەرانی دا بۆمان دەرکەوت ، هۆکانی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ: تازەیی چالاکی‌یەکە بەلای کوردەوە و کەم شارەزایی لەو جۆرە کارانەدا ، بەدەنگـــــەوە نەهاتنی زۆربەی هێزە کوردییەکان لەبەر ئەوەی کەسانێکی سەربەخۆ پێی‌هەڵساون و دەزگا کەلتووری‌یە کوردی‌یەکانی‌ئاوارەیی بێ دەرخستنی هۆکانی ، دواکەوتنی وەڵامی دەوڵەتـــی ئەڵمانیا بۆ بەشداریکردنی ئەدەبیاتی کورد ، تاکە دەستی و کەمی دەرامەت بـــــۆ هەڵسوڕانی کارەکان . سەرەڕای ئەوەیش ، چالاکی‌یەکە توانی ئەو ئامانجانە بەدەســـت بهێنێ کە بۆی ڕێکخرابوو و سەر لەنوێ بڕیاری بەشدارکردنی ئەدەبیاتی کورد لەهەمـــان پێشانگە و لەساڵی داهاتوودا وەدەست هات .

پێویستە ئامازە بۆ ئەوە بکەین کە چەندین نووسەر و ئەدیب و ڕۆشنبیری کــــورد هاتنە دیدەنی پێشانگەکە و لەدوا ڕۆژی پێشانگەکەدا کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخست بۆ گفتوگۆ و قسەکردن لەسەر " گیروگرفتەکانی چاپەمەنی کوردی لەدووره وڵاتی " ، لەوانە : مامۆســتا جەمال نەبەز ، کاك خەسرەوی زەبیحی ، کاك ئەنوەر محەممەد ، هەڵکەوت عەبدوڵا ... پاش مشتومڕێکی چەند سەعاتی ، ڕۆشنایی خرایە سەر ئەو مەسەلەیە و چۆنیەتـــــی چارەسەرکردنی و ڕێگەی پتەوکردنی هاوکاری نێوان نووسەران و ڕۆشنبیرە ئاوارەکانی‌کورد .




کەتەلۆگێك دەربارەی هەندێ لایەنی کۆمەڵگەی کورد

لەم ماوەیەدا کەتەلۆگێك بە نێوی " کوردستان " لەلایەن دەزگای چاپـەمـەنـــی ( Oriental Art Publishing )ـەوە لە سوێد چاپ و بڵاوکراوەتەوە . ئـــەم کەتەلۆگە (١٤٠) لاپەڕەی ( ٢٩٥×٢٤٥ ملم )ە وە و پێکهاتووە لە : پێشەکیـــەك

( ٣٦ لاپەڕە ) بەپێنووسی ( زیبای ئارشی ) و ( خەسرەوی زەبیحی ) دەربارەی هەندێ لایەنی کۆمەڵگەی کورد ، وەك : مێژوو ، سروشت ، داب و نەریت ،ئایین ، ئەدەب . . . هتد ،ئەمە سەرەڕای کرۆنۆلۆژیایەك دەربارەی مێژووی کورد . بەشێکی هونەریی وێنەی فۆتۆگرافی ڕەنگاوڕەنگ ( ١٢٧ وێنە ) کە لەلایەن هونەرمەند ( نەسروڵا کیسرایییان ) ەوە گیراون و بەشێوەیەکی جوان ڕازێنراونەتەوە .

ئەوەی شایانی باسە ، ئەو بەرهەمە ( وەك کاك خەسرەوی زەبیحی ڕای‌گەیاند ) بەری ئەرك و خۆ ماندووکردنێکی زۆر و کۆششێکی بێ‌ووچانە . هەروەها یەکەمین کەتەلۆگە بەشێوەیەکی وا هونەریی و ڕازاوە دەربارەی کورد چاپ و بلاو بووبێتەوە . بۆیە شایانی ڕێزلێنان و پشتگیری‌کردنە . شان بەشان ئەوە دەمانەوێ ئەوە دەربڕین کە یەکێك لە لاوازییەکانی ئەم بەرهەمە بەبڕشتە ئەوەیە کە لەبەر چەندین هۆی تایبەت بەبارودۆخی کوردستان و گرتنی وێنەکان ، نەتوانراوە وێنەیەکی هەمە لایەن دەربارەی کوردستان بدرێتە دەست و زیاتر لایەنی لادێی کوردستان - بەتایبەت کوردستانی خۆرهەلات ( ئێران ) - دەردەخات . هیوادارین لەداهاتوودا ئەو کەلێنەی ئەو کارە پڕکرێتەوە .

بۆ دەست کەوتنی دانەیەك لەوکەتەلۆگانە دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی لای خوارەوە بکەن :

ORIENTAL ART PUBLISHING
P.O. BOX 7058
S- 831 07 OSTERSUND
SWEDEN

نرخی : ٢٨٠ کرۆنی سوێدی +
٨٠ کرۆنی سوێدی پۆست .

## شانۆگەری مەلول

لەڕۆژانی ٢٨-٣٠ ی ئابی ئەمساڵدا ، تیپی شانۆی کۆمەڵەی کورد لەسپۆنگە - سوێد شانۆگەری ( مەلول )ی پێشکەش‌کرد . ئەم شانۆگەری‌یە لەبنچینەدا شانۆگەری ( مۆکنپۆت )ی ( پیتەر ڤا یس ) ـە و لەلایەن کاك پەیمان بەگۆکەوە ئامادەکراوە و دەرهێنراوە . ڕاپەڕێنەرانی ئەم شانۆگەری‌یە ئەمانەی لای خوارەوەن : ئەکتەرەکان / بارزان شاسوار ، پەیمان بەگۆك ، خەلیل بێکەس ، فەوزی جەلال ، فیکرەت حەسەن ، ڤاروش حەسەن ، ڕەسمی جەلال . دەنگ و مۆسیقا / هیوا زەندی . ڕووناکی / ئازاد خەلیل و هیوا زەندی . ئارایش / پەیمان بەگۆك . بەڕێوەبەری شانۆ/ خەلیل بێ‌کەس. تێکستی کرمانجی / بارزان شاسوار و پەیمان بەگۆك . کۆنترۆڵی تێکست/ مەحمەد حاجی.

ئەوەی شایانی باسە ئەوە یەکەمین جارە لەئەورووپا ، شانۆگەری‌یەك بەزاراوەی‌کرمانجی سەروو بەشێوەیەکی زانستی‌یانە پێشکەش دەکرێت و ئەکتەر لەهەموو پارچەکانی کوردستانەوە بەشداری تێدا دەکەن .



هەواڵنامەی کتێب

ئەحمەدی مەلا

# کتێبە شڕەکانی یاسا

ئیمڕۆ جیهان لە خەونێکی قووڵ هەڵساوەتەوە ! جیهانیش لەو پێنج ئەندامەی هەمیشەیەی ئەنجوومەنی ئاسایش پێك دێت . لەنێو شڕە کتێبەکانی یاسا و داد و عەدالەت دا ، چەند مادەیەکیان (بەند) وەپێش چاوکەوت ، کە عیراق بەو هێرشە سەربازییە تاوانبار دەکات کە وڵاتۆکەیەکی کوێت ئاسا داگیر دەکات . ئەو شڕە کتێبانەی یاسا و مافی نێونەتەوەییانەش ، چەندین ساڵە لە ئەرشیف و ژێر زەمینەکانی باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا ، تەنیا خەونیان بە مافی مرۆڤەوە دەبینی .

بەو جۆرە عیراقی دۆست و هاوڕێی دوێنێش لەلیستەی وڵاتە مرۆڤ پەروەرەکان دەسڕێتەوە ، بەقەڵەمێکی سووریش خەتێکی ڕاست و چەپ بەوێنەی سەرۆکەکەیدا دەکێشرێت . مەبتەرەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکانیش دەهۆڵ و زوڕناکانیان دەردەهێنن و لە تەپ و تۆزی نووستن دەیان تەکێنن و جاڕ بۆ وڵاتێکی بێ‌یاسا و بێ ماف و بێ‌داد دەدەن .

نەخێر ! نەکەس نووستبوو ، نە کەسیش هاتۆتەوە ئاگا .

لەدوێنێی ڕۆژگارێکی بەهاردا ، هەمان وڵات ، هەمان سەرۆك ، هەمان یاسا ، کوردستانێکی خەنجیلانەی بەگاز و دوکەڵ و پۆستاڵ سڕیەوە ... شڕە کتێبەکانی یاسا و مافی نێونەتەوەیی لە شەرما زاتی ئەوەیان دەکرد سەرەتاتکێ لەگەڵ ژیانا بکەن .

پێنج ئەندامە ماقووڵەکەی ئەنجومەنی ئاسایشیش ، بۆینباغەکانیان توند دەکرد و لە قاووشەکانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا .. سەیری نرخی بۆرسە و بەرمیلی نەوتیان دەکرد ...

کە هەڵەبجە نەوتی لێ نەبوو ....

یاسای مرۆڤ لە خەونێکی هەزار ساڵەدایە !

# YEKGIRTIN

هەواڵنامەی کتێب

KOVAREKÎ RÛŞENBÎRÎ TEORÎYE